# دیاردەی غەم

لە شیعری حەسیب قەرەداغیدا

د.تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح

# دیاردەی غەم

## لە شیعری حەسیب قەرەداغیدا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

د. تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح
دیاردەی غەم لە شیعری حەسیب قەرەداغیدا
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٢٧
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٣٩ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

## ناوەڕۆك

پێشەکی ..... ٧
بەشی یەکەم ..... ١٥
١
کورتەیەك لە ژیانی حەسیب قەرەداغی ..... ١٧
١– لە بواری کۆمەڵایەتیدا ..... ١٧
٢– لە بواری ڕۆشنبیریدا ..... ٢٦
٣– لە بواری سیاسیدا ..... ٣٤
٢
١– بنچینە و مانای زاراوەی (غەم) ..... ٥٠
٢– زاراوەی (غەم و خەم) لە زمانی کوردیدا ..... ٥٣
٣– وشەی و (غەم و خەم) لە شیعری کوردیدا ..... ٥٦
٤– پێناسە و چەمکی هەڵچوونی دەروونی خەم ..... ٥٩
٥– پێوەندیی نێوان شاعیر و هەڵچوونی دەروونی خەم ..... ٦١
٦– پێوەندیی نێوان ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و هەڵچوونی دەروونی خەم ..... ٦٧
٧– پێوەندیی نێوان هەڵچوونی دەروونی خەم و داهێنانی هونەری ..... ٦٩
٨– دیاردەی خەم لە شیعری نوێی کوردیدا ..... ٧٠
بەشی دووەم
دیاردەی خەم لە شیعری حەسیب قەرەداغیدا ..... ٨٥
١
خەمی تایبەتی ..... ٨٧
١– خەمی سۆز و خۆشەویستی ..... ٨٨
٢– خەمی وەك مرۆڤێ ..... ١٠٧
أ– خەمی وەك مرۆڤێکی ئاسایی ..... ١٠٧
ب– خەمی وەك مرۆڤێکی هۆشیار و ڕۆشنبیر ..... ١٢٨
٣– خەمی وەك شاعیرێ ..... ١٣٣
٤– لاواندنەوەی تایبەتی ..... ١٧٢

أ- لاواندنەوەی جگەرسووتان ..... ١٧٣
ب- لاواندنەوەی هاوڕێ و خزم و کەسوکار ..... ٢٢٤
٢
١- خەمی گشتی ..... ٢٣١
أ- خەمی سیاسی ..... ٢٣١
ب- لاواندنەوەی گشتی ..... ٢٧٩
٢- سوودبینینی شاعیر لە خەم و پەژارەکانی ..... ٢٩٧
٣- فەرهەنگی وشە و زاراوە ماناگەیێنەکانی (خەم) ..... ٣٠٣
ئەنجام ..... ٣٠٨
سەرچاوەکان ..... ٣١٢

# پێشەکی

لە ناونیشانی ئەم نامەیەدا دوو ناوی گەورە لەلای یەکەوە دەوەستن، یەکەمیان (غەم)ە و دووەمیان (حەسیب قەرەداغی)ی شاعیرە، دەربارەی (دیاردەی خەم)ەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە ناوەڕۆکێکی گەورەیە و چەندین هۆکاری جۆرەوجۆر دەبنە هۆی دروستبوونی و دیوانی هیچ شاعیرێکیش بەدی ناکرێت - کەم تا زۆر- خاڵی بێت لەم دیاردەیە، لە شیعری کۆن و نوێدا بەئاشکرا دەبینرێت، بەڵام تا ئێستا لە ئەدەبی کوردیدا لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە نەکراوە و بایەخی پێ نەدراوە... لەبارەی (حەسیب قەرەداغی)ی شاعیریشەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە شاعیرێکی ڕەسەنی کوردییە و لە کۆتاییی ساڵانی چلەکانەوە هاتووەتە نێو جیهانی شیعرەوە و نزیکەی (٤٧) ساڵ بە بەردەوامی خزمەتی ئەدەبی کوردی کردووە، دەنگێکی تایبەتە لەنێو دەنگە تایبەتییەکانی شیعری کوردیدا و شیعرەکانی هێز و تین و تام و چێژێکی تایبەتییان هەیە و گەواهیی ئەوە دەدەن کە شاعیر بەهرەمەندێکی کارامە و لێهاتووە، بەهرەی تێکەڵی شیعرسازیی کردووە، بەڵام تا ئێستا لەنێو ئەدەبی کوردیدا شوێنی شیاوی خۆی پێ نەدراوە و فەرامۆش کراوە و لێکۆڵینەوەی پێویستی پڕ بەپڕی ئەزموونی شیعر و شاعیری لەبارەوە نەکراوە.

هۆی سەرەکیی هەڵبژاردنی کرۆکی ئەم نامەیە، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك:

- خولیای خوێندنەوەی شیعری شاعیر و تام و چێژ وەرگرتن لێی لە ساڵانی سەرەتای هەشتاکانەوە، کاتێك کە قوتابی بووم لە قۆناغی خوێندنی زانکۆدا.

- پێوەندی و ئاشنایەتیی هاوسێیەتیمان لەگەڵ شاعیر و خێزانەکەیدا، لە نزیکەوە ناسین و ئاگەداری ژیان و هەڵسوکەوت و خووڕەوشت و شەقڵی کەسێتیی شاعیر.

- دیاردەی خەم و شیعری حەسیب قەرەداغی، بۆ یەکەم جارە لە چوارچێوەی نامەیەکی ئەکادیمیدا لێکۆڵینەوەیان دەربارە بکرێت، بەتایبەتی دیاردەی خەم لە

شیعری شاعیرێکدا کە دیارترین لەبارەوە لە شیعریدا خەمە، خەم و حەسیب دووانەیەکن مەحاڵە جیاکردنەوەیان.

لێکۆڵینەوەش لە هەر دیاردەیەکی ئەدەبی، پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە لە ژیانی خاوەنەکەی و گرێدانی بەدیاردەکەوە، واتە لێکۆڵینەوە لە خود و بابەت (ذات وموضوع).

بەپێی ئەم سەرەتایە، نامەکە پێکهاتووە لە پێشەکییەك و دوو بەش و ئەنجامێك، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێ وەرگیراوە، بەهەندێ پاشکۆ کۆتاییی هاتووە.

## بەشی یەکەم:

دابەش بووەتە سەر دوو تەوەرە:

تەوەرەی یەکەم: تەرخان کراوە بۆ کورتەیەك لە ژیانی شاعیر، ژیانی شاعیریش لە سێ بواردا باس کراوە (کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، سیاسی) لە هەریەکەشیاندا چۆنیەتیی کەسێتیی شاعیر باس کراوە، بێگومان پێوەندییەکی بەتین هەیە لە نێوان چۆنیەتیی ژیان و کەسێتیی شاعیر و دروستبوونی خەم لەلای و ڕەنگدانەوەی لە شیعریدا، بۆ ئەم باسانەش متمانە کراوەتە سەر:

دەستنووسی شاعیر و چاوپێکەوتنی بنەماڵەی شاعیر و دۆست و هاوڕێیانی شاعیر و ئەو سەرچاوانەی کورتەیەکیان لەبارەی ژیان و ئەزموونی شیعر و شاعیریان نووسیوە و لەگەڵ هەندێ دید و بۆچوونی لێکۆڵەر کە لە ئاکامی گرێدانی ئەو زانیارییانەدا لای گەڵاڵە بوون، خراوەتە ڕوو.

تەوەرەی دووەم: تەرخان کراوە بۆ (خەم) و ئەو باسانەی پێوەندییان هەیە بەم بابەتەوە، باسی یەکەم تەرخان کراوە بۆ مانا و بنچینەی وشەی (غەم)، لێرەدا متمانە کراوەتە سەر ئەو فەرهەنگانەی وشەی (غەم)یان تێدایە.

باسی دووەمیش تەرخان کراوە بۆ زاراوەی (غەم و خەم) لە زمانی کوردیدا، هەڵبەتە هاوواتای ئەم دوو وشەیە و بەکارهێنانیان بۆ یەك مەبەست لە زمانی کوردیدا، هۆی سەرەکیی ئاوڕدانەوە بوو لەم باسە، لێرەدا دید و بۆچوونی مامۆستایانی زمانی کوردی، لەو سەرچاوانەی لە بەردەستدان، خراونەتە ڕوو. لە کۆتاییی باسەکەشدا

خاڵی یەکگرتنەوەی بۆچوونەکانیان لەگەڵ دید و بۆچوونی لێکۆڵەریش خراوەتە ڕوو.

باسی سێیەم تەرخان کراوە بۆ وشەی (غەم و خەم) لە شیعری کوردیدا، ئەم باسە ئاوڕدانەوەیە لە چۆنیەتی گۆڕانی وشەی (غەم) بۆ (خەم) کە ئەمڕۆ لە زمانی شیعردا بەکار دێت، بەپێی سەرژمێریی هەردوو وشەکە لە دیوان و نامیلکەی شیعری (٢٢) بیست و دوو شاعیری کۆن و نوێ و هاوچەرخدا و تۆمارکردنی ژمارەکان لە خشتەیەکدا خراوەتە ڕوو، هۆی ئاوڕدانەوە لەم باسە، شیعرەکانی (حەسیب قەرەداغی)ی شاعیرە، کە تەنیا وشەی (خەم)ی تێدا بەکار هێناوە و تەنانەت هەر چوار دیوانە چاپکراوەکەی ناوی (فەرهەنگی خەم)ن.

باسی چوارەم تەرخان کراوە بۆ پێناسە و چەمکی هەڵچوونی دەروونی خەم، لێرەدا متمانە کراوەتە سەر دید و بۆچوونی شارەزایان و مامۆستایانی دەروونناسی و لە کۆتاییشدا هەندێ بیر و بۆچوونی لێکۆڵەریش ئاوێتەی باسەکە کراوە.

باسی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم تەرخان کراوە بۆ پێوەندیی نێوان هەڵچوونی دەروونی خەم بە: (شاعیر، ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری، داهێنانی هونەری)، هەریەکە لەم باسانە دەبێتە ڕوونکردنەوەی هۆی ئەو پاڵەپەستۆیەی کە هەڵچوونی خەم لەسەر شاعیرانی دروست کردووە، زۆربەی شاعیران کە سەر بە چین و توێژێکی ڕۆشنبیر و هۆشیارن و سوودیان لە خەم و پەژارەکانیان وەرگرتووە و داهێنانی هونەریی لا دروست کردوون. لێرەشدا متمانە کراوەتە سەر هەندێ سەرچاوە کە لەو بارانەوە دواون لەگەڵ دید و بۆچوونی لێکۆڵەردا ئاوێتە کراون و خراونەتە ڕوو.

باسی هەشتەم، تەرخان کراوە بۆ دیاردەی خەم لە شیعری نوێی کوردیدا، هەڵبەتە هۆی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی دیاردەی خەم لەو قۆناغە ئەدەبییەدا، دەگەڕێتەوە بۆ هەمان قۆناغی ئەدەبی، کە شاعیر تێیدا هاتووەتە نێو دنیای شیعرەوە، لە هەمان کاتدا ئەو قۆناغە مێژووییەی کە شاعیر تێیدا ژیاوە و کاری تێ کردووە، هەمان ڕووداو و کارەساتەکانی سەردەمی شاعیر و ڕۆژگارەکەی، هەرچەندە ئەم ناوەڕۆکە زۆر لەوە گەورەترە کە لێرەدا بە شێوەیەکی کورت و چڕ باسی کراوە، بەڵام واتەنی "مشتێك نموونەی خەروارێکە".

## بەشی دووەم:

کرۆکی نامەکەیە، دابەش کراوەتە سەر دوو تەوەرە:

تەوەرەی یەکەم: تەرخان کراوە بۆ خەمە تایبەتییەکان، خەمە تایبەتییەکانیش دابەش کراوەتە سەر چوار باس، باسەکانیش بەپێی سەرهەڵدانی خەمەکانە لە ژیانی شاعیردا ڕیز کراون، نەك بەپێی قەوارە و کاریگەرییان.

باسی یەکەم تەرخان کراوە بۆ (خەمی سۆز و خۆشەویستی)، ئەم خەمە زیاتر پێوەندیی هەیە بە یەکەم خەمی ژیانی تایبەتی شاعیرەوە، کە پێوەندیی هەیە بەخەمی قۆناغی لاوێتییەوە و دواتریش لە قۆناغەکانی تری تەمەنیدا ڕەنگی داوەتەوە، لەم باسەدا متمانە کراوەتە سەر شیعرەکانی شاعیر و هەندێ دید و بۆچوونی لێکۆڵەر لەژێر ڕۆشنایی شیعرەکانیدا و لەگەڵ وەرگرتنی هەندێ زانیاری لە بنەماڵەی شاعیرەوە.

باسی دووەم تەرخان کراوە بۆ ئەو خەمانەی کە وەك مرۆڤێك لە ژیانیدا هاتوونەتە ڕێی، سەرەتا وەك مرۆڤێکی ئاسایی و پاشان وەك مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و هۆشیار خەمەکانی خراونەتە ڕوو و باسیان کراوە، بۆ ئەنجامدانی ئەم دوو باسەش زیاتر متمانە کراوەتە سەر شیعرەکانی شاعیر و هەندێ زانیاریی وەرگیراو لە چاوپێکەوتنی بنەماڵەی شاعیرەوە بۆ شیکردنەوەی هەندێ لایەنی شاراوە کە شاعیر لە هەندێ شیعریدا ڕاستەوخۆ نەیدرکاندوون.

باسی سێیەم، تەرخان کراوە بۆ خەمی شاعیرێتی، ئەم خەمانە بەچەند خاڵێك خراونەتە ڕوو، هەڵهێنجانی زانیارییەکانیش لە دوو توێی شیعرەکانی شاعیر و لەگەڵ دەستنووسێکی شاعیردا – کە لە ساڵی ١٩٧٩دا لەسەر داوای (دوکتۆرە شوکریە ڕەسووڵ) نووسیویەتی و تیایدا کورتەیەك لە ئەزموونی شیعر و شاعیری خۆی تێدا نووسیوە و داویەتی بە ناوبراو – بوونە کلیلی دەرگەی هەندێ نهێنیی خەمی شاعیرانەی و لێرەدا خراونەتە ڕوو.

باسی چوارەم و کۆتایی خەمە تایبەتییەکانی، تەرخان کراوە بۆ (لاواندنەوەی تایبەتی)، ئەم بابەتەش لە ڕوانگەی شیعرەکانی شاعیرەوە دابەش کراوەتە سەر دوو بەش:

یەکەمیان: لاواندنەوەی جگەرسووتانە، ئەم خەمەی شاعیر کاریگەرترین و قووڵترین خەمی شاعیرە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕەنگی لە شیعرەکانیدا داوەتەوە، بۆیە پتر لە خەمە تایبەتییەکانی تری پانتاییەکی فراوانتری بۆ تەرخان کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم خەمەش دەچێتە خانەی (خەمی وەك مرۆڤێك)ەوە، بەڵام لەبەرئەوەی بەشێکە لە هونەری لاواندنەوەی تایبەتی و ناتوانرێت لێی جیا بکرێتەوە، بۆیە بە باش زانرا باسێکی تایبەتی بەجودا بۆ تەرخان بکرێت و تیشکی لێکۆڵینەوەی بخرێتە سەر، لێرەشدا متمانە کراوەتە سەر شیعرەکانی شاعیر و هەندێ سەرچاوە کە لەبارەی هونەری لاواندنەوەوە نووسراون.

دووەمیان: لاواندنەوەی هاوڕێ و خزم و کەسوکارە، لەژێر ڕۆشنایی شیعرەکانی ئەم بابەتەی شاعیردا، باسەکە هاتووەتە ئەنجامدان.

تەوەرەی دووەم، تەرخان کراوە بۆ سێ باس:

یەکەمیان: خەمە گشتییەکانە، ئەم خەمانە لە ڕوانگەی شیعرەکانی شاعیرەوە، دابەش کراونەتە سەر دوو باس، یەکەمیان: (خەمی سیاسی)یە، لێرەدا بەپێی ئەم خەمە لە شیعری شاعیردا، بەشێوەیەکی گشتی باسی خەمەکانی ساڵانی نێوان پەنجاکان تا هەشتاکان کراوە، پاشان بەهۆی چڕی و زۆریی کارەسات و ڕووداوەکانی بارودۆخی سیاسیی کوردستان لە ساڵانی هەشتاکاندا، بەتایبەتی خەمی سیاسیی ئەو ساڵانە لە شیعری شاعیردا چڕتر و زۆرتر و کاریگەرتر دەبینرێت، بەپێی ڕووداوەکان خەمەکان خراونەتە ڕوو، دوای شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە دیاردەی خەمەکان لە شیعری شاعیردا، هەندێ بۆچوونی لێکۆڵەریش خراوەتە ڕوو بەتایبەتی لەبەرئەوەی ساڵانی هەشتاکان هێندەی بەسەردا تێ نەپەڕیوە و زۆربەی زۆرمان لەنێو ئەو کارەسات و ڕووداوانەدا ژیاوە و لە نزیکەوە ئاگەداری بووە، کەمیی سەرچاوەش لەم بارەیەوە، زیاتر هۆکاری خستنە ڕووی دید و بۆچوونی لێکۆڵەر بوو، پاشان لەژێر تیشکی شیعرەکانی شاعیردا تیشك خراوەتە سەر خەمی ساڵانی نەوەدەکان، بەتایبەتی خەمی ئاکامی شەڕی ناوەخۆ، کە زیاتر دیاردەی خەمی لە شیعری شاعیردا چڕتر و گەورەتر کردووە.

دووەمیان: (لاواندنەوەی گشتی)یە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم باسە لە ڕوانگەی شیعرەکانی شاعیرەوە هەر دەچێتە نێو خانەی خەمی سیاسییەوە بەڵام لەبەرئەوەی

پێوەندییان هەیە بەهونەری لاواندنەوە و بۆ ئەو بۆنە و بابەتە نووسراوە، بۆیە شوێنی تایبەتی بۆ دانرا و بەجیا تیشکی خراوەتە سەر.

باسی سێیەم: تەرخان کراوە بۆ سوود بینینی شاعیر لە خەم و پەژارەکانی، ئەم باسەش لەژێر ڕۆشناییی شیعرەکانی شاعیردا هاتووەتە ئەنجامدان.

باسی چوارەم: تەرخان کراوە بۆ دروستکردنی فەرهەنگی ئەو وشە و زاراوانەی کە لە شیعرەکانی نێو فەرهەنگەکانی خەمی شاعیردا بە مانا و مەبەستی خەم و پەژارە بەکار هاتوون، بەتۆمارکردنی ژمارەی دووپاتکراوەیان، لە خشتەیەکدا خراوەتە ڕوو، گرینگیی ئەم فەرهەنگە لەوەدایە، کە خوێنەر ڕادە و ئاستی خەم و پەژارەی شاعیر دەستنیشان دەکات.

لە کۆتاییشدا بەپێویستی دەزانم هەندێ زانیاری لەبارەی نامەکەوە بخەمە ڕوو:

– کۆکردنەوەی دوو بابەتی سەر بە خۆی: ژیانی شاعیر و خەم و بابەتەکانی پێوەندار بە خەم لە بەشی یەکەمدا و لەژێر ناونیشانی دوو تەوەرەدا، دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی کۆی ژمارەی لاپەڕەکانی هەریەکە لەو دوو تەوەرەیە، کە ئەگەر بەجیا و هەریەکەیان بە بەشێك دابنرانایە، زۆر جیاواز دەبوو لە بەشی دووەم کە کرۆکی نامەکەیە، بۆیە لە یەك بەشدا کۆ کرانەوە، دوای کۆکردنەوەشیان، هێشتا زۆر کەمتر دەرچوون لە بەشی دووەم، هەڵبەتە سروشتی بەشی دووەم کە کرۆکی نامەکەیە و بەتایبەتی زۆری و چڕیی شیعر و خەمەکانی شاعیر هۆی سەرەکیی درێژی بابەتەکەیە و ناتوانرێت کەم بکرێتەوە، کورتکردنەوەی بەها و نرخی ناوەڕۆکیان کەم دەکاتەوە، بەهەمان شێوە و لە هەمان ڕوانگەوە بەشی دووەمیش دابەش کراوەتە سەر دوو تەوەرە، کە لە ڕاستیدا ئەم بەشە بەپێچەوانەی بەشی یەکەمەوە یەك بابەتە، بەڵام زۆریی ژمارەی لاپەڕەکانی لێکۆڵینەوەکە هۆی ڕاستەوخۆی ئەو دابەشکردنەیە.

خۆشبەختانە شاعیر مێژووی نووسینی زۆربەی شیعرەکانی دیاری کردووە، بۆیە لە نامەکەشدا لەگەڵ ناوبردنی ناونیشانی هەر شیعرێکیدا لە پاڵیدا مێژووی نووسینی شیعرەکانی تۆمار کراوە، تا ڕادەیەکی زۆریش هەوڵ دراوە لە هەر باسێکدا بەپێی مێژووی نووسینی شیعرەکان خەمەکە بخرێتە ڕوو و گرێ بدرێ بەو قۆناغ و سەردەم و ڕۆژگارەی کە شیعرەکەی تێدا نووسراوە.

– یەکێك لەو کێشانەی کە لە کاتی ئامادەکردنی نامەکەدا هاتە ڕێگەم،

کەموکووڕیی سەرچاوە بوو، چ لەبارەی دیاردەی خەمەوە و چ لەبارەی شیعرەکانی شاعیرەوە دیاردەی خەم یەکێکە لەو دیاردانەی کە بایەخی پێ نەدراوە و زۆر بەکەمی لە زمانی عەرەبیدا ئاوڕی لێ دراوەتەوە، چەند وتار و لێکۆڵینەوەیەکی بچووك نەبێت کە هەندێکیان سوودی لێ وەرگیراوە، لە زمانی کوردیشدا، تەنیا وتارێکی بچووکی (ئازاد عەبدولواحید) نەبێت کە لەبارەی دیاردەی خەمەوە لە شیعری شاعیرانی هاوچەرخدا، هیچ وتار و لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەوە نەکراوە، شاعیر و شیعرەکانیشی تا ئێستا بێبەش بوون لە لێکۆڵینەوەی فراوان و بایەخدان پێیان و فەرامۆش کراون و وەك پێویست و پڕ بەقەوارەی خۆیان ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، چەند وتار و ڕەخنەیەکی بچووك و کەم نەبێت کە لە نامەکەدا سوودیان لێ بینراوە، بۆیە زیاتر هەوڵ دراوە لەژێر تیشکی شیعرەکانی شاعیردا لێکۆڵینەوەکە بێتە ئەنجامدان و هەندێ بیر و بۆچوونی گەلاڵەبوو ئەنجامی خوێندنەوەی سەرچاوەکان و چاوپێکەوتن و زانیاریی تری خۆم بخەمە ڕوو، کە پێم وایە دووپاتکردنەوەی زانیاریی کۆن و وتراو و باسکراو هیچی نوێیان لێ بەدی ناکرێ، هەرچەندە ئەم نامەیەش لە کەموکووڕی بەدەر نییە، بەڵام هیوادارم توانیبێتم ڕووناکی بخەمە سەر هەندێ لایەنی شاراوەی دیاردەی خەم و شیعری خەمباری شاعیر، ئەم شاعیرەی کە ماوەیەکی زۆر خزمەتی ئەدەبی کوردی و گەلەکەی کردووە، بەم باسەشمان خەرمانی کەڵچەر و ئەدەبیاتی نەتەوەکەمان دەوڵەمەند کردبێ و بۆشاییەك لە کتێبخانەی کوردیی پێ پڕ بکرێتەوە.

# بەشی یەکەم

١

کورتەیەك لە ژیانی حەسیب قەرەداغی.

١– لە بواری کۆمەڵایەتیدا.

٢– لە بواری ڕۆشنبیریدا.

٣– لە بواری سیاسیدا.

٢

١– بنچینە و مانای وشەی (غەم).

٢– زاراوەی (غەم و خەم) لە زمانی کوردیدا.

٣– وشەی (غەم و خەم) لە شیعری کوردیدا.

٤– پێناسە و چەمکی هەڵچوونی دەروونی خەم.

٥– پێوەندیی نێوان شاعیر و هەڵچوونی دەروونی خەم.

٦– پێوەندیی نێوان ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و هەڵچوونی دەروونی خەم.

٧– پێوەندیی نێوان هەڵچوونی دەروونی خەم و داهێنانی هونەری.

٨– دیاردەی خەم لە شیعری نوێی کوردیدا.

١

## کورتەیەك لە ژیانی حەسیب قەرەداغی

### ١- لە بواری کۆمەڵایەتیدا:

حەسیب قەرەداغی کوڕی شێخ عەلی شێخ عەبدوڕەحمانی شێخ عەبدوڵلەتیفە، لە ساڵی (١٩٢٩)دا لە گوندی (سۆڵە) کە دەکەوێتە ڕۆهەڵاتی(*) قەرەداغەوە، لە ئامێزی

---

(*) سەبارەت بە ساڵی لە دایکبوونی شاعیر، لەنێو ئەو سەرچاوانەی کە لە بەردەستدایە، دوو ساڵی (١٩٢٩، ١٩٣١) نووسراون، کە ئەمانەن:

١- ئەو سەرچاوانەی کە ساڵی (١٩٢٩)یان بۆ ساڵی لە دایکبوونی شاعیر نووسیوە، ئەمانەن:

أ- بەهات حەسیب قەرەداغی، بەسەرکردنەوەیەکی خێرای وێستگەکانی ژیانی حەسیب قەرەداخیی نەمر، فەرهەنگی خەم ٤، سلێمانی ١٩٩٨.

ب- کۆواری وڵات، ژمارە: ٢٤١، کورتەیەك لە ژیاننامەی شێخی شاعیران پیری عاشقان (حەسیب قەرەداغی)، پێنچشەم، ٢٧ی ئاداری ١٩٩٧، ل ٨.

ج- کۆواری کوردستان، کۆچی دواییی مامۆستا حەسیب قەرەداغی، ژ: ٢٤١، بەفرانباری: ١٣٧٥، ل ١٩.

د- (دەفتەرنفوس و جنسیەی عێراقی و جەواز سەفەر)ی شاعیر، کە وێنەکانیان لە کۆتایی نامەکەدا وەك پاشکۆیەك نیشان دراوە.

٢- ئەو سەرچاوانەی کە ساڵی (١٩٣١)یان بەساڵی لەدایکبوونی شاعیر نووسیوە، ئەمانەن:

أ- دەستنووسی شاعیر ئەم دەستنووسەی شاعیر لەسەر داوای (د. شوکریە ڕەسوول) لێی، لە ١٩٧٩دا نووسیویەتی و داویەتیێ؛ کورتەیەك لە ژیانی خۆی و سەرەتای ئەزموونی شیعر و شاعیریی تێدا باس کردووە.

ب- کۆواری سروە، وتوویژ دەگەڵ مامۆستا حەسیب قەرەداغی، ژمارە:٩٠، بەفرانباری: ١٣٧٢، ل ٢٧.

لە چاوپێکەوتنی بنەماڵەی شاعیردا، لە مێژووی (٢٥/٥/٢٠٠٠)دا، بەڕێز بەهات حەسیب قەرەداغیی کوڕی شاعیر لەبارەی جیاوازیی ئەو دوو ساڵەی کە بەساڵی لەدایکبوونی شاعیر نووسراون، وتی: "لەم ساڵانەی دواییدا خۆم ئەم مەسەلەیەم لەگەڵ =

خێزانێکی هەژاری ئەدەبدۆست و ئاینپەروەر و خوێندەواردا چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.

شێخ عەلی باوکی مەلا و سەرزاکر و مامۆستای مزگەوتی گوندەکەیان بووە، چەندین منداڵی ئەو گوندە، لەناویاندا (حەسیب)ی کوڕی لای ئەو فێری خوێندەواری بوون.

(حەسیب قەرەداغی) هەر لە منداڵییەوە خاوەن کەسێتییەکی بەهێز و پتەو بووە و لەنێو منداڵانی هاوڕێیدا، جێگەیەکی تایبەتی بووە، خاوەنی چەند سروشتێکی تایبەتی بووە، وەکو:

«هەر لە منداڵییەوە، جورئەت و چاونەترسی، حازرجوابی و نوکتەبازی و هەقبێژی سیفەتی دیار بوون لە حەسیبدا، بۆیە منداڵێکی ئاسایی نەبوو هەردەم گوڵی مەجلیس بووە»[١] هەڵبەتە ئەم سروشتانەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کە کوڕە مەلا و مامۆستای گوندەکە بووە و کاری کردووەتە سەر کەسێتیی شاعیر و داڕشتنی بنەمایەکی پتەو و بەهێز.

---

= باوکمدا یەکلایی کردەوە، بۆمان دەرکەوت کاتی خۆی هەڵەیەك کراوە بەسەر خودی باوکیشمدا ڕەت بووە، زۆریش بایەخی پێ نەداوە تا ڕاستی بکاتەوە، بەڵام دواجار ساڵی(١٩٢٩) وەك ساڵی لەدایکبوونی و لەو ساڵەشدا ناوەڕاستی مانگی (مایس) جێگیر بوو″.

ج– پڕۆفیسۆر کامل حەسەن بەسیر، وێژەی کوردی و ڕەخنەسازی، چ. الجاحظ، بەغدا، ١٩٩٠، ل١٩٧.

د– کۆواری پەیڤ، هۆزانڤانێ مەزن حەسیب قەرەداغی وەغەرکر، ژمارە: ٤، ١٩٩٧، بەرگەکەی لە فەرهەنگی خەم ٤ دا، بەهات حەسیب قەرەداخی دەڵێت: ″... لە گوندی (سۆڵەی چرچەقەڵا) لەدایك بووە...″ بێگومان ئەم زانیارییە هەڵەیە، لە ڕاستیدا ناوی ئەم گوندە (سۆڵە)یە، کە بە(سۆڵەی شێخ قادر) بەناوبانگە، کەوتووەتە ڕۆهەڵاتی قەرەداغەوە، بەڵام (سۆڵەی چرچەقەڵا) گوندێکی ناوچەی (گەرمیان)ە، ناوبردنی گوندی شاعیر بە (سۆڵەی شێخ قادر) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جێگە و ماڵ و تەکیەی شێخ (عەبدول قادر – شێخی قەمچی ڕەش–ی تەریقەتی قادری)ی لێ بووە بۆیە گوندەکەش کە لە بنچینەدا ناوی (سۆڵە)یە، بووەتە (سۆڵەی شێخ قادر)، گەرچی لە ڕەسمیاتدا، ناوەکە هەر (سۆڵە)یە، بەڵام خەڵکی ناوچەکە هەر بە(سۆڵەی شێخ قادر) ناوی دەبەن و ناسراوە.

(١) بەهات حەسیب قەرەداخی، بەسەرکردنەوەیەکی خێرای وێستگەکانی ژیانی حەسیب قەرەداخیی شاعیر، فەرهەنگی خەم ٤، سلێمانی، ١٩٩٨.

دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی لە (قەرەداغ)، لە شاری (سلێمانی)یش قوتابخانەی ناوەندیی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان و لەوێ دەرسی بەمندالآنی گوندەکەیان وتووە، لە ساڵی (١٩٥٤)دا بۆ دواجار ماڵئاواییی لە ژینی لادێی کردووە و هاتۆتە شاری (سلێمانی) و تێیدا نیشتەجێ بووە.

لە کۆتایی هەمان ساڵدا خاتوو (عائیشە کەریم میرزا غەفوور)[*]ی هێناوە و پێکەوە ماڵێکی سادە و ساکاری هەژارانەیان بۆ خۆیان پێکهێناوە.

لە سەرەتای ژیانیدا لە شاری (سلێمانی)، بەکرێی هەفتانە بەناونیشانی چاودێری کرێکاران، لە پرۆژەی قیرتاوکردنی ڕێگەی نێوان (دەربەندیخان– عەربەت) و پاشان کردنەوەی (تونێل)ی (دەربەندیخان) کاری کردووە. بەڵام بەهۆی پشتیوانیکردنی لە چینی کرێکارانی ئەو پرۆژەیە و هاندانیان بۆ داواکردنی مافی خۆیان، چەند جارێك لەو ئیشە دەرکراوە و دواتر گەڕێنراوەتەوە سەر ئیشەکەی، هەردەم خۆی و خێزانەکەی لە مەترسی و نائارامیدا ژیاون، وەك خۆی دەڵێت: ″... کە کەوتمە ژیانی بنەماڵەیشەوە، یانی خێزانم پێك هێنا هەموو کات لە ڕۆژگارێکدا بووم کە چاوەڕێ بووم لە وەزیفە دەرم کەن و نانم ببڕن...″[1].

لە دوای شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی (١٩٥٨)یشەوە، لە کارگەی (چیمەنتۆی سەرچنار) لە شاری سلێمانی بەناونیشانی فەرمانبەر – ژمێریار– دامەزراوە، بەڵام بەهۆی چالاکیی سیاسی و پاڵپشتیکردنی لە مافی کرێکاران، چەند جارێك لە ئیشەکەی دەرکراوە و جارێکیش گوێزراوەتەوە بۆ لقی کارگەی چیمەنتۆ لە شاری (کەرکووك) و ماوەی ساڵێك خۆی و ماڵ و منداڵی لەوێ ماونەتەوە، لە ماوەی دەرکردنەکانیدا، چەندین کاری بۆ خۆی دۆزیوەتەوە، لەوانە لە ساڵانی سەرەتای شەستەکاندا بووەتە چاودێری (إعاشە) و ماوەیەك بەسەر نانەواخانەکانی شاری سلێمانی دا سووڕاوەتەوە، پاش ماوەیەکیش چۆتە شارۆکەی (هەڵەبجە) و لەوێ

(*) خاتوو (عائیشە کەریم میرزا غەفوور) لە ساڵی (١٩٣٠)دا لە شاری سلێمانی لە دایك بووە و کوڕەزای (میرزا غەفوور)ی شاعیرە، دایکی شەش جگەرگۆشەی شاعیرە، کە ئەوانیش: (خەبات ١٩٥٥، بەهات ١٩٥٨، ئازا ١٩٦٠، کەژاڵ ١٩٦٢، نیگار ١٩٦٤، بەهار ١٩٦٨)، ئێستا تەنیا سێ کوڕ و کچێکی لە ژیاندا ماون.

(١) کۆواری سروە، ژمارە: . ١٣٧٢،٩، ل ٢٩.

بووەتە بەڕێوەبەری (إعاشە) و ماڵ و منداڵی لەگەڵ خۆیدا بردووە و ماوەی ساڵێکیش لەوێ نیشتەجێ بوون، پاشان لە ساڵی (١٩٦٢)دا گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و لە ساڵی (١٩٦٣)دا بەهۆی جموجۆڵ و چالاکیی سیاسییەوە، گیراوە و ماوەی ساڵێك لە گرتیگەی سلێمانی هێشتوویانەتەوە و دواتریش حوکم دراوە و ڕەوانەی گرتیگەی (نوگرە سەلمان) کراوە و ماوەی ساڵێك و دوو مانگ لەوێ بووە، پاشان لە ساڵی (١٩٦٥)دا ئازاد کراوە، بەڵام دوای بەربوونی هیچ ئیشێکی لەناو شاری سلێمانیدا چنگ نەکەوتووە، بۆیە بەناچاری ڕووی کردووەتە شاری (بەغدا)، لەوێ لە کۆمپانیایەکی –ئەهلی–دا بەناوی (شرکە مفید) بەمووچەی مانگانە و بەناونیشانی – ژمێریار– دامەزراوە[1].

لە ساڵی (١٩٦٩)دا بەر لێبووردنی گشتی کەوتووە و گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و چووەتەوە سەر کارەکەی خۆی لە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار.

ساڵانی حەفتاکانیش تا ڕادەیەك ژیانی ئارام و ئاسایی بووە، بەڵام لە ساڵانی هەشتاکاندا کۆمەڵێك نەهامەتی و کارەسات یەخەیان گرتووە، لەوانە: لە ساڵی (١٩٨١)دا تووشی (جەڵدەی دەماخ) بووە و ماوەی چل و پێنج شەو لە نەخۆشخانەی سلێمانی کەوتووە.[*]

لە مێژووی (١٩٨٣/٦/١٥)دا، (کەژاڵ)ی کچە گەورەی شاعیر لە ڕۆژی وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆلێجی ئابووری و بەڕێوەبردنی زانکۆی سەلاحەدین لە ڕێگەی نێوان هەولێر– سلێمانی دا بەکارەساتی ئۆتۆمۆبیل بەسەختی بریندار بووە و پاش دوو ڕۆژ لە مێژووی (١٩٨٣/٦/١٧)دا لە نەخۆشخانەی سلێمانی بەشی فریاکەوتن گیانی لەدەست داوە.

---

(١) خاتوو (عائیشە کەریم)، چاوپێکەوتن، ٢٠٠١/٢/٢٥، هەولێر.

(*) لە هەمان چاوپێکەوتندا، خاتوو (عائیشە) لەبارەی چۆنیەتی و هۆکاری تووشبوونی شاعیر بە (جەڵدەی دەماخ)ەوە وتی:

«لە ساڵی ١٩٨١دا کتوپڕ، بۆ یەکەم جار جەڵدەی دەماخ لێیدا، ئەم جەڵدەیەش لە ئەنجامی گەیشتنی هەواڵی گرتنی (کەژاڵ) لە مانگرتن و خۆپێشاندانەکانی زانکۆی سەلاحەدینی ئەو ساڵەدا بوو، هەرچەندە لای من قسەی نەکردبوو، دوایی پێی وتم، زۆر خەمی خوارد و پێچایە دڵی، خەریك بوو شێت دەبوو، ڕۆژی دوایی جەڵدە لێی دا و ماوەی چل و پێنج شەو لە خەستەخانە مایەوە.

پاش ئەم کارەساتە دڵتەزێنە، لە دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ساڵێك و سێ مانگ بەسەر مەرگی (کەژاڵ)دا، لە مێژووی (٣/١٠/١٩٨٤)دا (بەهار)ی کچی شاعیر، کە قوتابی بووە لە قۆناغی دووەمی (ئامۆژگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی) کتوپڕ بەنەخۆشیی شێرپەنجەی خوێن، گیانی لەدەست داوە.

لە دوای ئەم دوو کۆستە جەرگبڕەوە، باری تەندروستیی شاعیر تێکچووە و چەند جارێك بۆ ماوەی درێژخایەن لە نەخۆشخانە کەوتووە و تووشی چەند نەخۆشییەك بووە، لەوانە لە ساڵی (١٩٩٠)دا تووشی نەخۆشیی (زراو) بووە و پاشان نەشتەرکاریی بۆ کراوە، چەند جارێکیش (جەڵدەی دڵ) لێی داوە.

لـە ساڵـی (١٩٨٣)دا، لـەسەر داوای خـۆی، بـۆ خـۆڕزگـارکـردن لـە پـاڵـەپـەستـۆ و هەڕەشەکردنی (جیش الشعبی و تطوع)ی پیاوانی ڕێژیم، خانەنشین کراوە.

لە دوای خانەنشینکردنیەوە بێ ئیش بووە، تەنیا سەرچاوەی گوزەرانیی ژیانی خۆی و خێزانی، مووچەی خانەنشینی و پاداشتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی بووە.

لە ساڵی (١٩٩٢)دا لە (بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندنی سلێمانی) بەپلەی- بەڕێوەبەر دامەزراوە و تا دوارۆژی ژیانی لەوێ ماوەتەوە.

لە ئێوارەی (٩/١/١٩٩٧)دا بە (جەڵدەی دڵ) ماڵئاوایی لە خێزان و کەسوکار و هاوڕێیان و گەلەکەی کردووە.

بەڕاگەیاندنی هەواڵی کۆچی دوایی شاعیر لەلایەن بنەماڵەکەیەوە، جەماوەرێکی زۆر لە خزم و کەسوکار و دۆست و برادەران و ئەدیب و ڕۆشنبیران و نوێنەرانی ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆ بوونەوە و بەشدارییان لە مەراسیمی ناشتنی تەرمی پیرۆزی کرد و لە گۆڕستانی (گردی سەیوان) لە پاڵ دوو جگەرگۆشە جوانەمەرگەکانیدا بەخاك سپێردرا، شایەنی باسە لەسەر وەسێتی خۆی تەرمەکەی بە ئاڵای کوردستان داپۆشراوە.

ئەم کۆچەی شاعیر دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە نێوەندی ڕۆشنبیری و ئەدەبی لە ناوەوە و لە دەرەوەی کوردستاندا دروست کرد، وەك چۆن چەندین دیدەی پڕ لە سۆز و خۆشەویستیی مرۆڤ و شاعیر فرمێسکیان ڕشت، ئاوەهاش قەڵەمی نووسەر و شاعیران و ڕۆشنبیرانی کوردیش کەوتنە هەڵپە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و

خۆشەویستییان بەرامبەر بەشاعیر، بەنووسینی ستایش و لاواندنەوە و تۆمارکردنی یادەکانیان لەگەڵ شاعیردا.

کۆڕی چلەی ماتەمینی شاعیر لە شارەکانی (سلێمانی، هەولێر، بەغدا) و لە (ڤیەننای پایەتەختی نەمسا) بۆ گیراوە... بۆ ڕێز لێنانیش لە شەقامی سەرچنار لە سلێمانی پەیکەرێکیان بۆ دروست کردووە.(*)

بۆ زیاتر ناسینی شاعیر لە ڕوانگەی ئەدیب و ڕۆشنبیران و شاعیرانی کوردەوە، چەند نموونەیەکی کەم لە کۆڕی چلەی ماتەمینی و ستایش و لاواندنەوە و هەڵسەنگاندنی هاوڕێیان و دۆستانی شاعیر کە لە کۆوار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراوەتەوە، لێرەدا دەخرێتە ڕوو، کە ئەمانەن:

١- (مومتاز حەیدەری) لە کۆڕی چلەی ماتەمینیی شاعیردا، بە وتەیەکی کورت و جوان ستایشی شاعیری ماندوونەناسی کردووە، لە کۆتاییدا دەڵێت: "شێخ حەسیب قەرەداغی، چەپکەگوڵێکی بۆنخۆش و ڕەنگینی باخچەی ڕەسەن و هاوچەرخی شیعری کوردی بوو، سەد حەیف و مخابن، ئەو ئەستێرە گەشەی ڕێگەی کاکێشانی ئاسمانی کوردستان زوو کوژایەوە".(١)

٢- (د. حەسەن جاف) دەڵێت: "مردنی لە ناوەختی شێخ حەسیب کەلەبەرێکی گەورەی خستە ناو گەلەکەمانەوە، جێگەی هەر وا بە ئاسانی پڕ نابێتەوە".(٢)

٣- (عەبدولکەریم شێخانی)یش لە یادی ساڵوەگەڕی شاعیردا، دەڵێت: "ئەو پیاوە هەموو کەسێك خۆشی دەویست، چونکە بێ ڕووتووش و فڕوفێل گەلەکەی خۆی،

---

(*) ئەم پەیکەرە، پرۆژەی پەیکەرسازی، لە ساڵی ١٩٩٩دا و هونەرمەند (مەهدی حەمە غەریب) دروستی کردووە، لەسەر ئەرکی (فارووقی مەلا مستەفا) دروست کراوە، لەژێر ئەم پەیکەرەشدا ئەم بەیتە شیعرەی شاعیر خۆی نووسراوە:

من لە ئەشکەوتی، خەما بووم وا پەیامێ هاتە خوار
کوێرەدێش بی هەستە جاڕ دە: خەڵکە وا من بووم بەشار

(١) دەستنووس، ئەم دەستنووسە بەڕێز مومتاز حەیدەری خستییە بەردەستم، کە لە ڕۆژی ١٩٩٧/٢/١٠دا لە کۆڕی ماتەمینیی شاعیردا، لە شاری هەولێر خوێندوویەتییەوە.

(٢) د. حەسەن جاف، لە یادی خوا لێخۆشبوو حەسیب قەرەداغیدا، کۆواری بەیان، ژمارە: ١٧٩، ١٩٩٧، ل ٨.

کوردستانەکەی خۆی، خۆش دەویست".[1]

٤- (شێرکۆ بێکەس)یش بەشیعرێك ستایشی شاعیر و شیعری کردووە:

ئەوەندەت بەسە

گوڵدانێکی شیعرت لەسەر بانێژەی هەتاو دانابێ

ئەوەندەت بەسە

دڵی زمانی کوردیت خۆش کردبێ

ئەوەندەت بەسە

(نالی)... یەك ماچی نێوچەوانی کردبی

ئەوەندەت بەسە

شاخی زەردەیش لەم کۆچەدا

یەك دڵۆپ فرمێسکی بۆ ڕشتبی![2]

(شێخ حەسیب)ی شاعیر، هەر لە سەرەتای قۆناغی هەرزەکاری و لاوێتییەوە، لاوێکی خوێنگەرمی شۆخ و شەنگ و پۆشتە و پاك و خاوێنی دڵ تەڕ بووە، زۆر بایەخی بەپاك و خاوێنی و جلوبەرگی داوە، ئەم سروشتانە تا دوارۆژی ژیانی وەکو خۆی ماوەتەوە و نەگۆڕاون... هەروەکو (حەمە فەریق حەسەن)ی هاوڕێی لە ساڵوەگەڕی یادی کۆچیدا دەڵێت: "تۆ قینت لە پیر بوون بوو... تۆ کە ڕانك و چۆغە خورمایییەکەت دەپۆشی و ڕدێنت دەتاشی و دەسرۆکە ئاوریشمەکەت دەکرد بە پشتوێنەکەتدا و شیعرێکت دەنایە باخەڵی چۆغەکەت، وەك چواردە ساڵ دەتنواند، تۆ هەموو کات لەسەر هەوای گەشتوگوزار بوویت...".[3]

بۆ شارەزابوون لە چۆنیەتیی کەسێتی و سروشتی شاعیر، پرسیاری: وەك مرۆڤێك چۆن (حەسیب قەرەداغی) هەڵدەسنگێنی؟ پرسیارم لە کۆمەڵێك برادەر و هاوڕێی

(١) عەبدولکەریم شێخانی، دیوانەکەی شێخ حەسیب و فەرهەنگی خەم، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارە، ٢٨٥، چوارشەم، ١٤/١/١٩٩٨، ل ٢.

(٢) شێرکۆ بێکەس، فەرهەنگی خەم ٤، سلێمانی، ١٩٩٨.

(٣) حەمەفەریق حەسەن، هێشتا زوو بوو یاشێخ، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارە: ٢٨٥، چوارشەم، ١٤/١/١٩٩٨، ل ٢.

شاعیر کرد، ئەوانیش بەمجۆرە وەڵامیان دامەوە:

١– (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیر وتی: "مرۆڤێکی گەورە و مەزن بوو، بەڵام هەستی زۆر ناسك بوو، مانای ڕق و کینەی نەدەزانی، زۆر زوو زویر دەبوو، زوویش دڵی چاك ئەبووەوە و ئاشت ئەبووەوە، خۆش مەشرەب بوو، چرای کۆڕی مەجلیسی هاوڕێیان و شاعیران بوو، یەکێك لە خاسیەتە چاکەکانی ئەوەبوو لەگەڵ مەسەلەی پێشکەوتنی ئافرەتدا بوو".(١)

٢– (عەلی عەبدوڵڵا شەونم، ناسراو بە ع.ع. شەونم)ی شاعیر وتی: "مرۆڤێکی ڕووخۆش و نوکتەباز بوو، بەتایبەتی کە مەست بووایە، بەپێکەنین و قسەی خۆشەوە دەیگرت، خۆش باوەڕیش بوو، زۆر زوو هەڵدەچوو، زووش سارد دەبووەوە".(٢)

٣– (غەریب پشدەری)ی شاعیریش وتی: "پیاوێکی بێدەنگ و لەسەرخۆ بوو، حەزی لە قسەی خۆش دەکرد، مرۆڤێکی کەمدوو بوو، جێی متمانەی هاوەڵەکانی بوو، دەتتوانی وەك منداڵێك بیگرێنیی، هێندەش خۆشباوەڕ بوو، زۆریش چڵێس و نەوسن بوو، حەزی لە خواردن دەکرد".(٣)

٤– (د. عەبدوڵڵا ئاگرین)ی هاوڕێ و ئاوەڵزاوای شاعیر وتی: "مرۆڤێکی دەست پاك و داوێنپاك و ڕاستگۆ و سادە و ساکار و دڵ ناسك بوو".(٤)

بۆ زیاتر شارەزابوون لە کەسێتیی شاعیر، پرسیاری: وەك مرۆڤێك و وەك باوکێك، چۆن (حەسیب قەرەداغی)، هەڵدەسنگێنی؟پرسیارم لە هاوسەر و کوڕی شاعیر کرد، ئەوانیش بەم شێوەیە وەڵامیان دایەوە:

١– (بەهات حەسیب)ی کوڕی شاعیر وتی: "باوکم مرۆڤێکی زۆر بە ڕەحم بوو، حەزی لە زوڵم و زۆرداری و ئازاردانی کەس نەدەکرد، مامەخەمە بوو، خەمی خۆی و خەمی کەسانی تریشی دەخوارد، بەهەموو مردنێك خەمبار دەبوو، تەنانەت مردنی گیانلەبەرانیش کاری تێ دەکرد، بۆ نموونە: بیرم دێت ساڵانی حەفتاکان

---

(١) چاوپێکەوتن، لە مێژووی ٤/٧/٢٠٠٠، سلێمانی.

(٢) چاوپێکەوتن، لە مێژووی ١٠/٨/٢٠٠٠، سلێمانی.

(٣) چاوپێکەوتن، لە مێژووی ١٥/٨/٢٠٠٠، هەولێر.

(٤) چاوپێکەوتن، لە مێژووی ٢٧/٨/٢٠٠٠، هەولێر.

بوو، شەوێك دنیا زۆر سارد بوو، بەفرێكی زۆر باریبوو، بەیانی زوو كە لە خەو هەڵسام، دیم باوكم لە باخچەكەماندا لەناو بەفرەكەدا بەدیار پشیلەیەكی ڕەق بووەوە لە سەرمادا، هەڵترووشكابوو، فرمێسكیش لە چاوەكانیدا قەتیس مابوو...! زۆرجار كە خەمبار دەبوو، دەگریا، بەگریان خەمەكەی دەردەبڕی... بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو كۆست و كارەساتانەی كە بەسەریدا هاتبوو، هێشتا خۆڕاگر بوو، هەرگیز نائومێد نەبوو، زۆرجاریش پەنای بۆ خواردنەوەی مەی دەبرد، بەڵام سەرخۆش و بێ ئاگا نەدەبوو، بەڵكو وریاتر دەبوو...».(١)

٢- خاتوو (عائیشە كەریم)ی هاوسەری شاعیریش وتی: "باوكی خەبات زۆر بە ڕەحم بوو، خزمدۆست بوو، خەمخۆری كەسوكاری بوو، سەردانی كەسوكاری دەكرد و بەشداریی لە هەموو خەم و كێشە و گرفتەكانیاندا دەكرد، مامەخەمە بوو، خەمی هەموو كەسێكی دەخوارد، بەبچووكترین شت خەمبار دەبوو، دڵی زۆر ناسك بوو، زۆر زووش تووڕە دەبوو و هەڵدەچوو، بەڵام زۆر زوو سارد دەبووەوە و هیچی لە دڵدا نەدەما، لەماڵەوە زۆرترین كات سەرقاڵی شیعر نووسین و خوێندنەوە بوو، كاتێك شتی بنووسیایە، نەدەبوو كەس قسەی لەگەڵ بكات و سەرقاڵی بكات، شیعرەكانی زۆر خۆش دەویست، هەرچی خەمی بوو بەشیعر دەری دەكرد، منداڵەكانی زۆر خۆش دەویست، گەر یەكێكیان تووشی كێشەیەكی بچووكیش بوونایە، ئەم زیاتر لە كێشەكە خەمبار و دڵتەنگ دەبوو، زۆرجاریش توندوتیژ بوو لەگەڵماندا، لە ماڵەوە بەپێچەوانەی دەرەوەی، هەردەم خەمبار و دڵتەنگ بوو، زۆر بەكەمی ڕووخۆشیمان لێ دەبینی، لەناو منداڵەكانیدا (كەژاڵ)ی زۆر خۆش دەویست، زوو زوو دەچوو بۆ هەولێر و سەردانی دەكرد- ئەو كاتەی كەژاڵ لە هەولێر قوتابی بوو - پاش نیوەڕۆی پێنجشەممان لە بەردەرگە دەوەستا چاوەڕێی دەكرد، زۆر بەپەرۆش بوو بۆ هاتنەوەی، گەر ساتێك دوا بكەوتایە، ئارامی لەبەر هەڵدەگیرا. حەزی لە سەیركردنی ئافرەتی جوان بوو، بەشیعر بە بەژن و باڵای ئافرەتی جواندا هەڵی دەدا، بەڵام زۆریش داوێنپاك بوو، ئەوەندەی من لەگەڵیدا ژیام، هیچ كارێكی ناشیرین و خراپم لێ نەدی، ئەویش كە بە بەژن و باڵای ئافرەتدا دەیوت، هەر قسە بوو، بڕوا ناكەم هەرگیز بەخراپە سەیری ئافرەتێكی كردبێ..."(٢)

(١) چاوپێكەوتن، لە مێژووی ٢٥/٥/٢٠٠٠، سلێمانی.
(٢) چاوپێكەوتن، لە مێژووی ٢٥/٢/٢٠٠١ هەولێر.

لە کۆتاییی ئەم چاوپێکەوتنانەدا، دەرکەوت شاعیر مرۆڤێکی سادە و ساکاری بێ ڕق و کینە و هەستناسك و خۆڕاگر و بە ئارام و خەمخۆری ئەوانە بووە کە ناسیونی، بەڵام ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ بوونی دوو سروشتی جیاوازە لە کەسێتیی شاعیردا؛ لە دەرەوەی خێزانەکەی مرۆڤێکی خۆش مەشرەب و گوڵی مەجلیسی هاوڕێیان و قسەخۆشی و ئارەزووی شادی و دڵخۆشی بووە، لە ناوەوەی خێزانەکەشیدا بە پێچەوانەوە بووە، هەڵبەتە سروشتی ناو ماڵەوەی ئاوێنەی دەروونە پڕ لە خەم و ژانەکەی بووە نەیتوانیوە درێژە بەو سروشتە خۆکردەی بدات کە لە دەرەوەی ماڵەکەیدا ڕاستی دەروونی پڕ لە ژانی پێ شاردووەتەوە و نەیویستووە کەسی پێ دڵتەنگ بکات، بێگومان ئەو کەسانەی لە ڕوودا وا دەنوێنن شادمان و خۆشبەخت و بێ خەمن، زۆرجار بە پێچەوانەوە، پتر لە کەسانی تر لە ناوەوەیاندا ژان و ئازار دەکێشن و زیاتر کەوتوونەتە ژێر پاڵەپەستۆی خەم و خەفەتەوە، شاعیریش یەکێك بووە لەو کەسانە.

**٢- لە بواری ڕۆشنبیریدا:**

(حەسیب قەرەداغی) هەر لە منداڵییەوە، لە مزگەوت، لەلای (شێخ عەلی)ی باوکی فێری خوێندەواری بووە، فێری خوێندنەوەی (قورئان)ی پیرۆز بووە، هەندێ لە ئایەتەکانی لەبەر کردووە، وەك خۆی دەڵێت: "باوکم قورئانی بە تەجویدەوە پێ دەخوێندمەوە و هەندێ ئایەت و حەدیسی پێ لەبەر دەکردم"[١] هەر لەم قۆناغەدا فێری

(١) دەستنووس، ئەم دەستنووسە لە دەفتەرێکی سی لاپەڕەییدا نووسراوە، لە ساڵی (١٩٧٩)دا، لەسەر داوای (د. شوکریە ڕەسوول) لە شاعیر، نووسیویەتی، بەها و نرخی ئەم دەستنووسە لەوەدایە، کە تائێستا تاکە سەرچاوەیەکە، کە هەندێ زانیاریی تێدایە، بڵاو نەکراوەتەوە، سەرەتا باسی لەدایکبوون و قۆناغی منداڵی و کەش و هەوای گوندەکەیان و ئاستی ڕۆشنبیریی باوکی و کاریگەری باوکی و کەشوهەوای گوندەکەی لەسەر خۆی دیاری کردووە، پاشان کورتەیەك لە ژیانی و ئەزموونی شیعر و شاعیریی خۆی باس کردووە، هەندێ شیعری سەرەتای شیعردانانی تێدا تۆمار کراوە، کە هەندێکیان بڵاو نەکراونەتەوە، ناوە ئەو شاعیرانەی تێدا بردووە، کە لە سەرەتادا شوێنپێیانی هەڵگرتووە و کەوتووەتە ژێر کاریگەری شیعریانەوە، کۆمەڵێك خەم و پەژارەی ژیان و باری گوزەرانی و ئاوارەیی و زیندانکردن و ژیانی کوڵ بەکوڵی و دەربەدەری و هۆی تەواونەکردنی خوێندنی و هەندێ گلەیی و سکاڵا و ناڕەزاییی تێدا تۆمار کردووە، بەتایبەتی فەرامۆشکردن وبایەخنەدانی=

زمانی فارسی بووە، کە ئەو کاتە لە حوجرەکانی کوردستاندا خوێندراوە، وەك خۆی دەڵێت: "... هەندێك لەو نامیلکانەی کە بۆ منداڵانی ئەو کاتە بە فارسی دەنووسرا، من خوێندوومە...".(١)

شایانی باسە شێخ عەلیی باوکی شاعیر ئەدەبدۆست بووە و خولیای خوێندنەوە و لەبەرکردنی شیعری (کوردی و فارسی و عەرەبی) بووە، وەك شاعیر دەڵێت: "... باوکم لە شیعری شاعیرانی وەکو سەعدی شیرازی و حافیز و کەلیمی هەمەدانی و نالی و شێخ رەزای تاڵەبانی زۆری لەبەر بوون، جگە لە شیعرە ئاینییەکانی عەرەبی..."(٢)، لە شوێنێکی تریشدا ئاماژە بەوە دەکات کە باوکی زمانی فارسیی بە باشی زانیوە، وەك دەڵێت: "باوکم فارسیزانێکی باش بوو، شیعری زۆر لە شاعیرە کلاسیکییەکانی فارسی لەبەر بوو، گوڵستان و بوستانی سەعدی پێ دەوتم، غەزەلەکانی حافزی شیرازی پێ دەوتم...".(٣)

شاعیر لە خوێندنی ناو مزگەوتیدا بەردەوام دەبێت تا دەچێتە بارودۆخی فەقێیایەتییەوە، وەك خۆی دەڵێت: "... وردە وردە پێش کەوتم چوومە بارودۆخی فەقێیایەتیەوە...".(٤)

دوای کردنەوەی قوتابخانەی ڕەسمی لە ناوچەکەیاندا، لەسەر تەکلیفی مامی لە

---

= ڕۆشنبیران و ڕەخنەگران بە شیعر و شاعیرێتی، لە دەستنووسەکەدا دەردەکەوێت ئەو کاتەی نووسیویەتی باری دەروونی ئاڵۆز و خەمبار بووبێ، پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك بەسەر بەخشینی ئەم دەستنووسە بە دوکتۆری ناوبراو زۆر بەگەرمی داوای دەستنووسەکەی لێ کردووەتەوە، بەڵام دوکتۆر نەیداوەتەوە و لەلای خۆی پارێزگاریی کردووە.

هەڵبەتە هۆی سەرەکیی داواکردنەوەی دەستنووسەکە، حەزنەکردنی بڵاوبوونەوەی ئەو نارەزایی و سکاڵایەیە کە تێیدا درکاندوویەتی، ئەم دەستنووسە مامۆستام دوکتۆر (شوکریە ڕەسووڵ) خستییە بەردەستم و سوودێکی زۆرم لێی بینی، بەتایبەتی بۆ (خەمی شاعیرێتی)، کە لەگەڵ گرێدانی هەندێ شیعریدا بوونە بەڵگەیەکی تەواوی حاشاهەڵنەگری دروست و ڕاست.

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٣) كۆواری سروە، ژمارە: ٩٠، ١٣٧٢، ل ٢٨

(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

باوکی، شاعیر نێردراوەتە قوتابخانە و قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە ساڵی ١٩٤٧دا(*) لە (قەرەداغ) تەواو کردووە، بەڵام لە ماوەی خوێندنی قوتابخانەیدا، وازی لە خوێندنی ناو مزگەوتی نەهێناوە، بەردەوام لە دەرسەکانیدا ئامادە بووە، وەك خۆی دەڵێت: «... ئەو ساتەش وازم لە خوێندنی مزگەوت نەهێنابوو، وە من ئەو ساتە کتێبی (کافیە)م دەخوێند کە برێتی بوو لە پوختەی (نەحو، صرف)ی عەرەبی وە چەند کتێبێکی شەرعیشم تەواو کرد»[1]، واتە شاعیر لە ڕێگەی خوێندنی ناو مزگەوتیەوە، فێری زانستەکانی زمانی عەرەبی و کلتووری ئیسلامی بووە.

لەناو قوتابخانەی سەرەتاییشدا، لە ڕێگەی چەند مامۆستایەکییەوە، کۆوارە کوردییەکانی ئەو سەردەمەی چنگ کەوتووە و خوێندوویەتییەوە، بەڵام زیاتر خولیای شیعر خوێندنەوەی بووە، وەك خۆی دەڵێت: «... هەمان مامۆستا ڕۆژێك کتێبێکی دامێ، کە ناوی (گەلاوێژ) بوو، یەکسەر بۆ شیعر گەڕام تێیدا، بێبەش نەبووم، لە بیرم نایەت

(*) ساڵی چوونە قوتابخانەی شاعیری دیاری نییە، تەنانەت جیاوازییەك هەیە لە نێوان دەستنووسی شاعیر و کورتەیەك لە ژیانی شاعیر کە (بەهات حەسیب) لە (فەرهەنگی خەم ٤)دا نووسیویەتی سەبارەت بە پۆلی وەرگرتنی شاعیر لە قوتابخانەدا، شاعیر خۆی لە دەستنووسەکەدا دەڵێت: "یەکسەر لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی وەرگیرام"، (بەهات حەسیب)یش دەڵێت: "لە پۆلی سێیەم وەرگیراوە..." ... منیش هەوڵێکی زۆرم دا لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانییەوە، زانیاری لەبارەی ساڵی چوونە قوتابخانەی شاعیرم چنگ بکەوێت، بەڵام لە چاوپێکەوتنی (بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی –شێخ حسێن مستەفا– و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی –ئەنوەر فەخری– و لێپرسراوی بەشی نەخشە و سۆراخ – ئازاد کامل محەمەد– لە مێژووی ٢٠٠١/٢/٧دا، بەم شێوەیە وەڵامیان دایەوە: "هیچ زانیارییەکمان لە بارەی قوتابخانەکانی قەرەداغەوە لا چنگ ناکەوێت، چونکە لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١دا بەڕێوەبەرایەتییەکەمان سووتێنرا و هەرچی بەڵگەنامە و دۆسیە و ئەرشیف هەبوو تێیدا فەوتا". بەڵام لەبارەی پۆلی وەرگرتنی شاعیر لە قوتابخانە، لەبەرئەوەی شاعیر پێش چوونە قوتابخانە خوێندەوارییەکی باشی هەبووە، پێ دەچێت لە تاقیکردنەوەی وەرگرتنی ئەو ساڵانەدا کە کراوە بۆ ئەو قوتابییانەی کە لە دەرەوەی قوتابخانە خۆیان خوێندەوار بوون، شیاوی پۆلی چوارەم بووبێ و سەرکەوتبێ لە تاقیکردنەوەکەیدا.

(١) دەستنووس.

کام شیعر بوو، ئەوەندە دەزانم شیعری فائق زێوەر بوو(**) ...، هۆشیاریی سیاسیم لە سنوورێکی تەسکدا مایەوە..."(١)

هەر لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییدا، سەرەتای شیعر هۆندنەوەی شاعیر دەست پێ دەکات، بەڵام وەك هەر سەرەتایەکی هونەریی تر، بەشوێن پێ هەڵگرتنی شاعیرانی تر دەست پێدەکات، بەتایبەتی ئەو شاعیرانەی کە شاعیر کاریگەر بووە بەشیعریان، "لە سەردەمی لاوێتیدا، ئاشنا بووە بەدنیای شیعری زێوەر و قانیع و بێکەس و لەژێر کاریگەری شێوازی شیعریی ئەواندا هەوڵی داوە شیعر بنووسێ..»(٢)(*).

شاعیر لە جیهانێکی پڕ لە مەجلیسی شێخان و دەروێشان و ئەڵقە و زیکر و تەهلیلە

---

(**) دەربارەی ئەم شیعرەوە کە شاعیر لێرەدا دەڵێت: شیعری (فایق زێوەر) بوو، لە دەستنووسێکدا کە بۆ (د. کامل بصیر)ی نووسیوە دەڵێت: "لە قوتابخانەی سەرەتاییدا بووم مامۆستایەك بۆ یەکەم جار گۆڤاری گەلاوێژی دامێ ئێستەش لە بیرمە کە ئەو هەڵبەستەی بێکەسی تێدا بوو دەڵێ:

نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە... هتد

"پرۆفیسۆر کامل حەسەن بەسیر، وێژەی کوردی و ڕەخنەسازی، بەغدا،١٩٩٠، ل ١٩٩".

(١) دەستنووس.

(٢) بەهات حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم ٤، ١٩٩٨.

(*) حەسیب قەرەداغی خۆی لە بنچینەدا– خیلقەتدا– شاعیرێکی خۆرسکە، هەر لە منداڵییەوە بەهرەی شیعری تێدا دەرکەوتووە، بوونی زەوینەیەکی خۆش و لەباری خێزانەکەی، بەتایبەتی باوکی زیاتر گەشەی بە بەهرەکەی داوە، هەروەکو خۆی دەڵێت: "هەر لە منداڵییەوە، بەشیعر گۆش کرام و بەشیعر فێری وشەی عەرەبی و دینی ئیسلام و صرف و نحو کرام، باوکم دەیوت شیعری باش وەکو ئایەتی قورئان ئەچەسپێتە دڵ، منیش کە هۆشم کردەوە، دەموت ئاخۆ قورئان شیعر نییە..." "دەستنووس". لە قوتابخانەش هەلومەرجی باش بۆ گەشەکردنی بەهرەکەی ڕەخساوە وەك دەڵێت: هەتا نێرامە قوتابخانە یەکسەر لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی قبوڵ کرام سەرلەنوێ لەگەڵ شیعردا دۆستایەتیم پەیدا کردەوە، مامۆستایەکمان هەبوو زۆر حەزی لە سروودە کوردییەکان دەکرد هەمووی بە ئاوازەوە پێ لەبەر دەکردین، وە خۆیشی گەلێ جار شیعری قانیع و زێوەر و بێکەسی بۆ دەخوێندینەوە، ئا لێرەوە شیعر وتن، یان بڵێین وشە هۆندنەوە بوو بەخولیام، ئەوەندەیان زانی هۆنراوەیەکم لە ڕیزی بەیانییەکدا خوێندەوە: =

و سۆز و خەڵوەتی مەقامبێژان و دەفژەنان چاوی بەدنیا هەڵهێناوە و قۆناغی منداڵی و هەرزەکاریی بەسەر بردووە، لە مزگەوتیشدا دەستی بەخوێندن کردووە و بنەمایەکی باشی ڕۆشنبیریی لە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و کولتووری ئەدەبی و ئیسلامیدا دارشتووە. "بەشێکی زۆری لە زانستە ئاینییەکانی خوێندووە و شارەزاییەکی باشی لە کلتووری ئیسلامیدا پەیدا کردووە، هەر لەم قۆناغەدا فێری زمانی عەرەبی و فارسی بووە و لەو ڕێگەیەشەوە توانیویەتی دەرگا لەسەر کولتووری ئەدەبی عەرەبی و فارسی و جیهانییش بکاتەوە، بۆیە حەسیب دەتوانێت خاڵڕێژی بنەمای ڕۆشنبیریی خۆی بکات و سامانی دەوڵەمەندی ڕۆشنبیری ئاینی و کولتووری و مێژوویی بوونەتە بنەمایەکی بەهێز لە بنیاتی شیعرەکانیدا و جیهانبینی شیعری حەسیبیان فراوان کردووە".[1]

دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی، لە ساڵی (١٩٤٧)دا لە (دار المعلمین الریفیە) لە شارۆکەی (محاویل) لە شاری (حللە) قبووڵ کراوە، بەڵام بەهۆی بەشداریکردنی قوتابیانی ئەم خوێندنگەیە لە خۆپیشاندانەکانی ڕاپەڕینی کانوونی (١٩٤٨)دا، سەرجەم قوتابیان دەرکراون و خوێندنگەکەش داخراوە، بۆیە بەناچاری، لە هەمان ساڵدا گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و لە (ناوەندیی سلێمانی) وەرگیراوە، لە ساڵی (١٩٥١)یشدا خوێندنی ناوەندیی تەواو کردووە و چووەتە قۆناغی دواناوەندییەوە، بەڵام نەیتوانیوە پۆلی (چوارەم)[*]ی ئامادەیی تەواو بکات و لە

---

= ئیمە قوتابیی سۆڵەی موقەدەس
ئازا و دلێرین باکمان نییە لە کەس

مامۆستاکەمان قۆستییەوە و ئاوازی یەکێك لە سروودەکانی پێ بەخشی و بوو بەسروود بۆ قوتابیانی قوتابخانەکەمان، ئا لێرەوە هەنگاو هەنگاو خۆم کوتا بەرەوژوور...". «دەستنووس»

(١) عەتا قەرەداغی، حەسیب قەرەداغی، نیو سەدە لە ئۆف و ئاخ، خەرمانێك لە هەڵوێستی نیشتمانی و داهێنان! ڕۆژنامەی برایەتی، پاشکۆی ئەدەب، ژمارە:٢٠/٩ ٢٣٠، پێنجشەم١٠/١٩٩٨/٤، ل ٤.

(*) هەرچەندە لە گۆواری سروە، ژمارە:٩٠، ١٣٧٢، ل ٢٩دا نووسراوە: "سنفی چوارەمی سانەویشم تەواو کرد"، بەڵام ئەم زانیارییە پێ دەچێت هەڵەی چاپ بێت، چونکە شاعیر لە سەرەتای خوێندنی پۆلی چوارەمیدا، وازی لە خوێندن هێناوە و بۆی تەواو نەکراوە، =

هەمان ساڵدا گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەی خۆی.

بێگومان ئەو چەند ساڵەی لە دەرەوەی گوندەکەیان بووە (١٩٤٧–١٩٥١) تێکەڵ بەجیهانی سیاسەت بووە، لەنێو کۆڕ و کۆمەڵێکی هۆشیارتر و ڕۆشنبیرتردا ژیاوە و ئاسۆی بیر و فیکر و هۆشیان ڕۆشنتر کردووەتەوە، ئاشنا بووە بەژیانێکی نوێ کە تا ڕادەیەك جیاواز بووە لە ژینی گوندەکەی، دوای گەڕاندنەوەشی بۆ گوندەکەی، سەرلەنوێ تێکەڵ بەجیهانی سادە و ساکاری لادێ و مەجلیسی شێخان و دەروێشان بووەتەوە "... بەڵام ئەمجارەیان لە تەمەنێکی تردایە. بەخوێندەواری و هۆشیارییەکی سیاسی و فیکریی هاوچەرخەوە، ئەم سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ ناو دوونیای منداڵی و هەرزەکاریی خۆی، جێ پەنجەیەکی زۆر گرینگی بەسەر نەخشەی ژیانی داهاتوو و هۆش و فیکر و بۆچوون و تێگەیشتنی لە دەوروبەر و لە دنیا، جێ هێشتووە، عەلمانییەت و ئاین، سیاسەت و دەروێشی، تێکۆشان و خەڵوەت، سروودی حەماسەت خولقێن و زیکر و فیکری زاهیدانە... مەدەنییەت و سۆز بۆ ژیانی پڕ لە سادەییی جووتیار و شوانێکی کوێرە دێیەك... ئەم دووانانە و گەلێ دووانەی تر بە بەردەوامی لەیەك ناخی هەڵچوودا لە دژایەتی و لە یەکگرتنەوەشدا بوون... ئەوانەن پێکهاتەی بنەڕەتی دنیای شیعری حەسیب قەرەداخی».[١]

لە ساڵی (١٩٥٣)دا، کە لەناو ڕیزەکانی خەباتی (حیزبی شیوعی عیراقی)دا کار دەکات، شارەزای کولتووری (کۆمۆنیزم) دەبێت، بەڵام دیسانەوە بوونی دوو کلتووری جیاواز و دژ یەك (کولتووری ئیسلامی و کولتووری کۆمۆنیزم) جارێکی تریش دژیەکە ناکۆکەکان لە ناخی شاعیردا دەورووژێن و ژیانی فیکریی شلۆق و نائارام دەکەن، ئەم حاڵەتەش لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی شاعیردا جێ پەنچەیان دیاری کردووە، ئەمانەش سەرچاوەی ڕۆشنبیریی شاعیر پێك دەهێنن و کاریگەری ئەو دوو کولتوورەش بەئاشکرا لە شیعرەکانیدا دیارن و دەتوانرێت بنەمای ئەو دوو کولتوورە بدۆزرێتەوە و دەستنیشان بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا نەیویستووە ببێتە کۆیلەی هیچ کامیان، ئەمەش جیهانبینی شاعیر دیاری دەکات.

شاعیر ئاگەداری مێژووی گەلی کورد بووە، لە شیعرەکانیدا سوودی لە کولتووری

---

= چەند جارێکیش دوای ژنهێنانی ویستوویەتی تەواوی بکات و ماوەیەکیش لە سانەویی ئێواران دەوامی کردووە، بەڵام بۆی تەواو نەکراوە.

(١) بەهات حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم ٤، ١٩٩٨.

مێژووی گەلەکەی بینیوە، ئەمە جگە لەوەی زمانی عەرەبیی بەباشی زانیوە و هەندێ شیعری بەزمانی عەرەبی نووسیوە،(*) شارەزاییەکی باشی هەبووە لە کولتووری ئەدەبی فۆلکلۆر و نووسراودا، "شێخ حەسیب زمانی کوردیی بە باشی دەزانی و عەرەبییەکی باشی دەزانی و زاکیرەیەکی باشی هەیە، ڕووناکبیرێکی چاکیش بوو، لەو ڕۆشنبیری و ڕووناکبیرییەی سوودی وەردەگرت و لە شیعرەکانیدا بەکاری دەهێنا..."(١)

ئەدەب خاڵی بەیەکگەیشتنی هەموو زانستە مرۆییەکان و لقەکانی مەعریفەیە، هەر ئەدیبێك ڕۆشنبیریی فراوان و هەمەلایەنەی نەبێت، ناتوانێت ئەدەبەکەی بگەیەنێتە خەڵکی و بەرەوداهێنان بچێت و پەرە بە هونەرەکەی بدات، "ئەدەب بەر لە هەرچی بەهرەیەکە (خوا دەیدا)، بەڵام ئەگەر ئەدیب کەلەگی (خلفیە)یەکی ڕۆشنبیریی نەبێ هەرچەند بەهرەشی هەبێ، هەر لە شوێنی خۆیدا دێ و دەچێ و بنێشتی دەمی خۆی و خەڵك دەجوێتەوە، بەپێچەوانەشەوە گەشە دەکا و پێ دەگا"(٢) هەروەك ئاشکرابوو، شاعیر خاوەنی بەهرەی شیعری بووە، بەڵام ئەو بەهرەیەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەشەی کردووە، بەردەوامبوونی شاعیر لە بەرهەمی شیعریدا و زیادە خستنە سەر خەرمانی شیعری و هەنگاونانی بەرەوپێشەوە بە جێهێشتنی خەتی پێشوو و گەڕانی بەدوای ڕەگەزی نوێ و بابەتی نوێدا و خستنەسەر کولتووری هونەری شیعری، ئەمانە خۆیان لە خۆیاندا بەڵگە نەویستن؛ کە شاعیر بەهرەکەی بە ڕۆشنبیری پەرە پێ داوە، "بۆماوە و وەرگیراو دوولایەنی تێکەڵاون، هەریەکەیان مەرجە بۆ دەرکەوتنی ئەوی تریان، نە بۆماوە بەبێ وەرگیراو دەبێت، نە وەرگیراو بەبێ بۆماوە دەبێت، بەتایبەتی ئەو بەهرە بۆماوەیە کە مرۆڤێك هەیەتی، دەتوانێت لە ئێستا و داهاتوودا هەندێ گۆڕانکاریی بەسەردا بکات"(٣)، هەڵبەتە لێرەدا مەبەست لە بۆماوە (بەهرە)یە و لە وەرگیراویش، ئەو زانیارییانەیە کە لە دەوروبەر و لە ژیان وەردەگیرێ، کە دەتوانرێت ناوی بنرێت

---

(*) بڕوانە: فەرهەنگی خەم ٢، دار الحریة للطباعة، بغداد ١٩٨٩، ص٣٢٤-٣٣٣.

(١) گۆواری ڕامان، چاوپێکەوتنێکی تێروتەسەل لەگەڵ شاعیری ناودار (ع.ح.ب)، ئامادەکردنی: ئازاد عەبدولواحید، ژمارە: ٣٣،٥/٣/١٩٩٩، ل ٢٤.

(٢) محەمەد مەلا کەریم، ئەدەبی نوێ و نوێخوازی لە ئەدەبدا، کۆواری بەیان، ژمارە: ٢٨،١٩٧٥، ل ٤٥.

(٣) د. مصطفی سویف، الاسس النفسیة للابداع الفني في الشعر خاصة، ط٣، دار المعارف بمصر، ١٩٦٩، ص ٣١٠.

زانین- معرفة - و ڕۆشنبیری، شاعیریش بەهرە شیعرییەکەی لەگەڵ ڕۆشنبیریی وەرگیراویدا ئاوێتە کردووە و بینای شیعریی لێ پێك هێناوە.

(حەسیب قەرەداغی) لە کۆتاییی ساڵانی چلەکانەوە هاتووەتە مەیدانی شیعرەوە و بەردەوام و بێ پچڕان شیعری نووسیوە، لە زۆربەی کۆوار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا شیعری بڵاو کردووەتەوە، لە ساڵی (١٩٧٠)دا بۆتە ئەندام لە (یەکەیتی نووسەرانی کورد، لقی سلێمانی)، ئەندامێکی چالاکی ئەو یەکەتییە بووە، لە ١٩٧٨/١٠/١٥دا لە بارەگەی یەکەتیی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی هەڵبژاردن بۆ دەستەی بەڕێوەبردنی لق کرا و یەکێك لە پاڵێوراوەکان (حەسیب قەرەداغی) بووە، کە لە کۆی (٦٥) ئەندام، (٥٧) ئەندام لەم هەڵبژاردانەدا بەشدار بووە، لەوانە (٢٢) کەس خۆیان پاڵاوتووە، لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەدا دەرکەوتووە کە (٣٦) دەنگ بۆ شاعیر دراوە، کە سەرجەمی دەنگدەران- جگە لە (٢١) کەسە پاڵێوراوەکە- دەنگیان بۆ داوە.[١] لە میهرەجانی یەکەم و دووەمی شیعری کوردیدا (١٩٧٢/٣/٢١) کەرکووك، ٢٩- ١٩٧٩/٣/٣٠ سلێمانی، بەشداریی کردووە.

شاعیر زیادترین کاتی بە خوێندنەوە و شیعر نووسینەوە خەریك بووە، جگە لە شیعر، چەند بەرهەمێکی ئەدەبی وەکو (چیرۆك، ڕەخنە، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان) هەیە.[٢]

(١) کۆواری نووسەری کورد، ژمارە: ٢، خولی دووەم، ئابی ١٩٧٩، ل ١٢٦-١٢٧.

(٢) ئەمانەی خوارەوە ناوی ئەو بەرهەمانەن کە لە بەردەستیدا بوون و چنگ کەوتوون:

١- چیرۆك: ١- مەلی بەردراو، کورتە چیرۆك، ڕۆژنامەی ژین، ژمارە: ٣١، ساڵی یەکەم، ١٩٧١/٧/١٥، ل ١.

٢- ڕەخنە: ١- شیعر و شاعیر: ڕۆژنامەی ژین، ژمارە: ٧٥، ١٩٧٢/٧/٦، ل ٣.

٢- شێخ سەلامی شاعیر، کۆواری بەیان، ژمارە: ٢١، ١٩٧٥، ل ٢٨-٢٩.

٣- چەند وردە تێبینییەك، کۆواری بەیان، ژمارە: ٢٥، ١٩٧٥، ل ١.

٣- لێکۆڵینەوە: ١- (سالم) لە ڕێبازی کلاسیزمدا، کۆواری بەیان، ژمارە ٧٣، ١٩٨١، ل٨-١٢.

٢ - چەردەیەك لە خەرمانی سۆفێتی ئیسلامی، کۆواری کاروان، ژ:١٨، ١٩٨٤، ل٢١-٣٣

٤- وەرگێڕان: ١- با هەریەك لە ئێمە قووڵ بڕوانێتە خۆی، (وتار)، ڕۆژنامەی ژین، ژ: ٣٨، ٣١٨١٩٧٢، ل ١، لە زمانی عەرەبییەوە ئەم وتارەی لە ڕۆژنامەی (التآخي)، ژ: ١١١٥ی ١٩٨١٩٧٢، نووسینی: یوسف العاني، وەرگێڕاوە. =

٣- له بواری سیاسیدا:

(حەسیب قەرەداغی) لە قۆناغێکی مێژوویی وەهادا لەدایك بووە و ژیانی منداڵی و هەرزەکاریی بەسەر بردووە، کە لە کۆمەڵگەیەکی پڕ لە هەژاری و نەخوێندەواری و دواکەوتوودا و لە ئامێزی خێزانێکی کەمدەرامەت و هەژاردا، تاڵی و تفتیی ئەو ژیانە کولەمەرگییەی چەشتووە... کەف و کوڵی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئازادیخوازانەی ئەو سەردەمەی ناو چینە چەوساوە و خەڵکە خوێندەوارەکەی کوردیش بەگشتی کاریێکی گەورەیان لەسەر پەروەردەکردنی بیر و فیکری پێشکەوتنخوازانەی نیشتمان و نەتەوەیی کوردایەتیی (حەسیب)ی لاو کردووە، بەتایبەتی لە ڕاپەڕینی کانوونی (١٩٤٨)(*)دا، کە یەکێك بووە لەو قوتابییە شۆڕشگێڕانەی بەشداربووی ڕاپەڕین، بە مانگرتن و خۆپیشاندان و ووتبەدان و هیتاف کێشان، لە ئاپۆڕا جەماوەرییەکاندا ڕۆڵی بەرچاو و دیاری هەبووە، ئەوەتا (د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول) ئاماژە بە ڕۆڵی دیاری شاعیر دەکات لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا لەسەر گۆڕی شەهیدان، وەك دەڵێت:

"... لە یەکێك لەو دوو کۆبوونەوەیەدا، نوێنەرانی دارولموعەلمینی ڕیفیی محاویلیش

= ٢- تاوس بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات دەفڕێ، یان بووك و خەسوو، چامەیەکە لە زمانی عەرەبییەوە بە شیعر وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لە (محمد زفزاف، مجلة الاقلام، عدد:٨، ١٩٨٥)وە وەری گرتووە.

(*) لە (١٩٤٨/١/١٩)دا لە بەغدا و شارەکانی عێراقدا - لەناویاندا شارەکانی کوردستان- دەست بە مانگرتن کرا، لە کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراقی ڕۆڵێکی دیاریان هەبوو لە ئامادەکردنی جەماوەری میللەت بۆ ڕاپەڕین لە دژی پەیمانە ئیمپریالییەکەی (پۆرتسمۆث) و هەندێ کێشەی تری. «خۆپێشاندانەکانی ١٩٤٨ تەنیا بەهۆی بەستنی پەیمانی (پۆرتسمۆث) نەبوو، بگرە بەهۆی ئەو کێشە و تەنگوچەڵەمە ئابوورییە بوو کە لەو کاتەدا باڵی بەسەر هەموو عێراقدا کێشابوو، عێراقی خستبووە ژێر باری برسێتییەکی سەختەوە، هەر بۆیە ڕۆژانە خەڵکی دەرژانە سەرشەقامەکان و دەنگی نارەزاییان لێ هەڵدەبڕی بەرامبەر بەسیاسەتی حکوومەتی عێراقی» [د. اسماعیل احمد باغی، تطور الحرکة الوطنیة العراقیة، ١٩٤١-١٩٥٢، مطبعە الارشاد، بغداد، ١٩٧٩، ص ٧٢].

بە کورد و عەرەبەوە هاتبوون، چەپکەگوڵیان بردە سەر گۆڕی مستەفا خۆشناو و محەمەد قودسی و قالە چاوشینی شەهیدی ڕاپەڕینی کانوون (عەبدولقادر غەبدوڵڵا) و گۆڕی نووسەری پێشکەوتنخواز عەبدولواحید نووری... هوتافکێشی دیاری ئەو نوێنەرانەش حەسیب قەرەداخیی شاعیر بوو کە ئەوسا لە محاویل قوتابی بوو".[1]

سەرەتای تێکەڵبوونی شاعیر بە جیهانی سیاسەت، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٤٨) کە لەنێو کاروانی خەباتی نەتەوەییی کورد (پارتی دیموکراتی کوردستان)دا ئینتیمای حزبیی هەبووە، لەنێو ئەم پارتەدا فێری خۆشەویستی و ئەمەکداری و خەمخۆری بۆ گەلە ستەمدیدەکەی و کوردستانی نیشتمانی بووە و لێرەوە ئەو سۆز و خۆشەویستییە ڕەگ و ڕیشە لە ناخیدا دادەکوتێ، شیعرەکانی لەو کاتەوە ڕەنگدانەوەی ئەو سۆز و خۆشەویستی و هەڵگری دروشمی نەتەوایەتی بووە، "... کە لەناو پارتیدا بوو، هۆنراوەکانی زیاتر دروشم هەڵگری نەتەوە و کوردایەتی و خۆشەویستی وڵات بوون...".[2]

شیعری (هەیکەلی ئیخلاص ١٩٥٣/٣/٢٩) بەڵگەی ئەم ڕاستییەیە:

سەرم قوربانی گەنجێ بێ کە بۆ میللەت بە قوربان بێ
سەری بۆ تیری بەدخواهی وەتەن دائیم بە قەڵغان بێ
سەرم، ڕۆحم، دڵ و دینم، بە قوربانی دەماخێ بێ
بەبادەی عیشقی ئینسانی ڕەئیسی جەمعی مەستان بێ

(فەرهەنگی خەم ٣٠٥،٢)

لە ساڵی (١٩٥٣)یش بەملاوە، سەنگەری خەبات و تێکۆشان دەگوێزێتەوە بۆ نێو حزبی شیوعیی عێراقی، پێ دەچێت چوونی شاعیر بۆ نێو ئەم حزبە، بگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك:

١- داکۆکیکردنی حزبی شیوعی لە چینی چەوساوە و جووتیاران و کرێکاران، کە شاعیر خۆی ڕۆڵەی ئەو چینە بووە.

---

(١) کاکەی فەلاح، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ پێشەکیی نووسیوە، مطبعە الحوادث، بەغداد، ١٩٨٠، ل ٥٦، ٥٧.

(٢) بەهات حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم ٤، سلێمانی، ١٩٩٨.

٢- ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ناوچەی (قەرەداغ) لەو سالآنەدا لەنێو ئەو حزبەدا بوون.

٣- لە ڕووی خزمایەتیشەوە، شاعیر نزیك بووە لە ڕابەرەکانی ئەو حزبە، "بەحوکمی ئەوەی کەسانێکی ناوچەکە گەیشتبوونە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی و هەواداری ئەو حیزبە بوون، حەسیبیش وەکو ڕووناکبیرێکی ئەو سەردەمە دەبوا جێگەی خۆی لە ڕیزی خەباتی حزبی شیوعیدا دیاری بکا...".(١)

یاخیبوون لە زوڵم و ستەم و زۆرداری چینی دەرەبەگ و پاڵپشتیکردن لە چینی چەوساوە، بە ئاشکرا لە شیعرەکانیدا دیارن، بۆ نموونە لە پارچە شیعرێکیدا کە لەمێژووی ٢٠/١١/١٩٥٣دا نووسیویەتی دەڵێت:

ئەی کرێکاری نەبەرد و کاکی جووتیاری هەژار
ئەی زەلیلانی چەپۆکی خوێنمژانی شەرمەسار
ئەی کەسانی دیل و بەندی زۆر و سوخرەی بێ شومار
ئەی ڕەفیقانی زەبوونی میری دەشت و حوکمی شار
ماوەیێکە بەشخوراوین سا بەسی بێ کۆششێ
بۆ نەجات و بەختیاری ڕاپەڕینێ شۆڕشێ

[دەستنووس]

وە لە ١٢/١٠/١٩٥٣دا لە قوٚپی- قەرەداغ- لە کۆبوونەوەیەکی جووتیاراندا دەڵێت:

دە نامەردت نەکەن جووتیار برای بەدبەخت و بێچارە
لە ڕەنجی خۆت و خێزانت غەریب و دوور و ئاوارە
وەکو شێری نەبەرد هەڵسە و بناڵێنە و بنرکێنە
قەڵای میر و بەگ و ئاغا و مەزاری شێخ برووخێنە

[دەستنووس]

لە ساڵی (١٩٥٤)دا چوارچێوەی گوندە بچووکەکەی جێدەهێڵێ و لە شاری سلێمانی جێگیر دەبێت، لە شاریشدا زیاتر تێکەڵ بە هاوڕییانی حزبەکەی دەبێت و تەنانەت

---

(١) عەتا قەرەداخی، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە:٢٠،١٠/٤/١٩٩٧، ل ٤.

لەناو خێزانێکی سەر بەهەمان بیروباوەڕدا، هاوسەر بۆ خۆی دیاری دەکات.(*)

لە ساڵانی پەنجاکانیشدا بەشیعر خوێندنەوە و هیتاف کێشان و خوتبەدان لە ئاپۆڕا جەماوەرییەکانی شاری سلێمانیدا، دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی پادشایەتی ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی گێڕاوە، "...یەکێ لە خوتبەبێژە هەرە دیار و ناسراوەکانی خۆپیشاندان و مانگرتنە جەماوەرییەکانی شاری سلێمانی تا شۆڕشی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ بووە"(١)، چەند جارێکیش بەهۆی ئەم هەڵوێستانەیەوە گیراوە و ڕەوانەی زیندان کراوە و پاش ماوەیەك بەربووە، ئەم گرتنانەشی بوونەتە هۆی نان بڕان و

(*) خاتوو (عائیشە کەریم) خۆی و باوك و برای ئەوکاتە لەنێو حزبی شیوعیدا، کاریان کردووە، هۆی تێکەڵبوونی شاعیر بەم بنەماڵەیە جگە لە هۆی عاتیفی هۆی سیاسی بووە، چونکە لەو ساڵەدا -١٩٥٤- شاعیر و خاتوو عائیشە لە یەك شانەی حزبیدا کاریان کردووە (چاوپێکەوتنی خاتوو عائیشە، ٢٠٠١/٢/٢٥، هەولێر)، بەڵگەیەکی تری ئەم ڕاستییە، شیعری (بۆ لێژنەی تەمثیل)ە، کە لەو ساڵەدا نووسیویەتی، بەبۆنەی نمایشکردنی شانۆگەرییەکەوەیە، کە لە سلێمانی پێشکێش کراوە، تێیدا شاعیر ڕوو دەکاتە یەکێك لە ئەکتەرەکان و پێی دەڵێت:

کاکە - برووسکە - هەمرازی دەردم
منیش وەکو تۆ هەناسە سەردم
بەڵام ئومێدم وایە بەم زووانە
وەکو تۆ ببمە خاوەنی لانە
وەکو تۆ بگەم بە ئاواتی خۆم
ئەگەرچی ئێستە لات و ڕەنجەڕۆم
لەژێر سێبەری کۆتری ئاشتییا
لە پال نظامی عەدل و ڕاستییا
ببمە ڕەفیقی ئاشتیی ئاشتیخواز
بەبێ ئاخ و داخ بێ پلە و هەوراز

(فەرهەنگی خەم٢، دار الحرية للطباعة، بغداد، ل ٢٩٨-٢٩٩)

لە بەیتی کۆتاییدا دوو جار ناوی ئاشتیی بردووە، ئاشتیی یەکەمیان مەبەستی لە خاتوو عائیشەیە، کە زۆرجار لە بری ئەم ناوە پێی وتووە (ئاشتی).

(١) کۆواری وڵات، ژمارە:٤١، ١٩٩٧/٣/٢٧، ل ٨.

دەرکردنی لە کارەکەی.

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلاوێژی (١٩٥٨)دا لە پێشەنگی ئەو تێکۆشەرانەدا بووە، کە پێشوازی لە شۆڕش و پشتیوانیی لە دەستکەوتەکانی شۆڕش کردووە،(*) هەندێ لە شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو حەماسەتە جەماوەرییەیە، وەك لە سەرەتایی شیعری (بیرەوەریی یەکەم ساڵی شۆڕشی ١٤ی تەمووز)دا دەڵێت:

ئــەمـڕۆ جــەژنــە جــەژنــی شادی جــەژنــی ئــازادیــی وڵات
جــەژنــی مــایــەی هــەوڵ و کــۆشش دەرد و ئــازار و خــەبــات
جـەژنـی مـیـللـەت کورد و عـارەب جەژنی پیرۆز و بـەهـات
جەژنی خۆشی و بەختیاری جەژنی سەربەستی و نەجات(١)

لە دوای کودەتا خوێناوییەکەی (٨ی شوباتی ١٩٦٣)دا شاعیر لەگەڵ چەندین تێکۆشەرانی تردا دەگیرێت و ماوەیەك لە زیندانی سلێمانی دەهێڵرێتەوە و دواتریش حوکم دەدرێت و ڕەوانەی (نوگرە سەلمان) دەکرێت، شاعیر لەبارەی ئەو ماوەیە و چۆنیەتی ژیانییەوە دەڵێت: «لە دوای ئەوەی کە شۆڕشی ١٤ی تەمووز پێی داچوو کەوت بەملاولادا هەتا بە تەواوەتی ڕۆچوو(**)، منیش وەك خەڵکی تر تووشی گێرمە و

(*) لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا لە ئەنجامی شۆڕشێکەوە ڕێژیمی پادشایەتی هەرەسی هێنا و لە جێیدا ڕێژیمی کۆماری دامەزرا، ئەوە گۆڕانکارییەکی تەواو بوو بۆ هەموو گەلانی ناو عێراق، "کورد زۆر چەوساندنەوە و تۆقانی لە ڕێژیمی کۆنەپەرستی پادشایەتی بینیبوو، بۆیە بەئومێدی هەناسەیەکی ئازادی بەپیر شۆڕشەوە چوو، چاوەڕوان دەکرا لەژێر سایەی ڕێژیمی تازەدا باری کوردیش پێش کەوێ، ئەوەی ڕاستی بێت هۆکاری وا هاتە پێشەوە کە مایەی هیوا و دڵخۆشی کردن بن... لە مادەی سێی دەستووری کاتیی دەوڵەتی کۆماریدا زۆر بە ڕاشکاوی ئیعتیراف دەکرێ بە هاوبەشێتیی کورد لەگەڵ عەرەب لە خاکی عێراقدا و هێما بۆ پاراستنی مافەکانی لە سنووری یاسادا دەکرێت... ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لە جیاتیی پایەی سەرکۆماری دامەزراند بە ناوی ئەنجوومەنی سیادە کە برێتی بوو لە دوو عەرەب و کوردێك".

(د. مەحموود عوسمان– سەرنجێك لە تاقیکردنەوەکانی کورد لەگەڵ ڕژێمی بەغدادا، کۆواری باسکار، ژمارە:١، هاوینی ١٩٩٨، لەندەن، ل١١).

(١) کۆواری هیوا، ژمارە:١١، ١٢، ساڵی:٢، حوزەیران و تەمووزی ١٩٥٩، ل ٥٥.

(**) «لەبەر ئەوەی ڕێژیمی عەبدولکەریم قاسم نەیتوانی لەگەڵ کورددا بگاتە چارەسەرێکی =

کێشە بووم و کەوتمە دەست گرتیگەکان، هەتا لە سەلمان(***) بارم لێ خست، بۆ ساڵێك و دوو مانگ لە شوباتی ١٩٤٦وە هەتا نیسانی ١٩٦٥".(١)

لە دوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨وە تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٩ بەهۆی هەڵوێست و چالاکیی سیاسی و داکۆکیکردن لە مافی هەژاران و لە چینی کرێکاران، چەند جارێك ئاوارە و دەربەدەر و نانبڕاو بووە، لەوانەیش: ساڵێك لە کەرکووك و ساڵێك لە هەڵەبجە و چوار ساڵیش لە بەغدا بووە، تا لە ساڵی (١٩٦٩)دا بەر لێبووردنی گشتی کەوتووە و گەڕاوەتەوە شارەکەی و سەر کارەکەی خۆی.

لە ساڵانی حەفتاکانیشدا لەلایەن ڕژێمی عێراقییەوە چەند جارێك دووچاری سووکایەتی پێکردن و هەڕەشەلێکردن بووە، بۆیە بەناچاری دەستبەرداری کاری حزبایەتی بووە و لەسەر داوای خۆی لە ساڵی ١٩٧٦دا لە حزبی شیوعی دەستی کێشاوەتەوە و وازی هێناوە(٢)، بەڵام دەستکێشانەوەی لە حزبی شیوعی مانای

---

= ڕاستەقینەی مەسەلەکەی و خۆی لە جێبەجێکردنی مادە سێی دەستووری کاتی دزییەوە و ئەمانە و چەند هۆیەکی تر لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١دا شەڕ لە نێوان کورد و ڕژێمی قاسمدا دەستی پێ کرد و ئاگری ئەم شەڕە تا ئێستا درێژەی هەیە و کۆتاییی پێ نەهاتووە بە ئاشتییەکی ڕاستەقینە"

(د. مەحموود عوسمان، کۆواری باسکار، ژمارە:١، ١٩٩٨، ل ١١).

(***) (سەلمان) مەبەستی لە (نوگرە سەلمان)ە.

(١) دەستنووس.

(٢) بەهات حەسیب لەبارەی وازهێنانی باوکی لە حزبی شیوعیەوە وتی: "پاڵەپەستۆیەکی ئێجگار زۆرمان لەسەر بوو– هەموو خێزانەکەمان – لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، هەموو هەڵسوکەوت و هاتوچۆیەکمان لەژێر چاودێریی دائیرەی ئەمن دابوو، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی ڕۆژانە هەر لە بەیانییەوە هەتا ئێوارەیەکی درەنگ دوو ئەمن، بەنۆرە لەژێر درەختێکی بەرامبەر ماڵماندا نۆبەچی بوون، هەر کەسێکمان بچوایە دەرەوە یەکێکیان بە دوایەوە دەبوو تا دەهاتەوە ماڵەوە، هەر میوانێکیشمان بهاتایە کە دەردەچوو دەیانپشکنی و پرسیاریان لێ دەکرد و ناونیشانیان دەنووسی، تا وای لێ هات نە خزم و نە ناسیاو نەیاندەتوانی هاتوچۆمان بکەن، لەو ماوەیەدا بۆ سەلامەتیی هاوڕێیان و برادەران، باوکم داوای دەستکێشانەوەی لە حزبی شیوعی کرد".

«چاوپێکەوتن/٢٥/٥/٢٠٠٠، سلێمانی».

دەستبەرداربوونی نەبووە لە بیروباوەڕی ئەو حیزبە، بگرە تا دوا ڕۆژی ژیانی هەر هەواداری ئەو بیروباوەڕ و حزبە بووە و خۆی بەموڵکی ئەوان زانیوە[1] بێلایەنیی خۆی ڕانەگەیاندووە، بەپێچەوانەوە ئەوەتا دەڵێت: "من شاعیر بەئاوێنەی (ئایدۆلۆجی)یەتێکی تایبەتی دەزانم، هیچ نووسەر و شاعیرێك نابینم کە بە (ئایدۆلۆجی)یەتێکەوە پێوەندی نەبێ، بام هەزار سالّیش خۆی دابماڵێت".[2]

کاریگەری دوو ئەزموونی سیاسی- پارتی و شیوعی-ی شاعیر لە دوو توێی شیعرەکانیدا بەئاشکرا دیارن، بەڵام کاریگەی ئەو دوو ئەزموونە بە ئاوێتەبوویی دەبینرێن، ئەوەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە بەڵگەی ئەوەی کە شاعیر لە چوارچێوەیەکی تەسکی حزبایەتیدا نەبووە، تەوەرەکانی بیر و فیکری (مارکسی)یانەی خستووەتە خزمەت هەست و سۆزی نەتەوەییەوە، دوودڵی و بەربەرەکانی و دژایەتیی ئایدۆلۆجیی پارتە سیاسییەکانی کوردستان لەنێو شیعرەکانیدا بەدی ناکرێت، لەسەر ئاستێکی بەرزدا، دوور لە کۆت و بەندی حزبایەتیی تەسك ڕوانیویەتییە کێشەی نیشتمانی و نەتەوەیی، ئەمەش جیهانبینی شاعیر دیاری دەکات، ئەوەتا لە شیعری (کوردم) کە لە ساڵی ١٩٦٨دا بڵاوی کردووەتەوە، هەست و سۆز و فیکری و نیشتمانی و نەتەوەییەکەی تێدا ئاوێتە کردووە، شەقڵی شیعری سیاسی کوردی و دوو ڕێچکەی- ئەنتەر ناسیونالیزمی و ناسیونالیزمی- بەگرێدراوی تێدا بەدی دەکرێت، وەك لەم کۆپلەیەیدا دەبینرێت:

کوردم، کوردێکی دڵسۆزی کوردان
گرتوومە ڕێگای ڕێبازی مەردان

(١) بەهات حەسیب قەرەداغی لەبارەی هەواداری باوکی بۆ حزبی شیوعی وتی: "لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٩٧دا، واتە چەند ڕۆژێك پێش کۆچکردنەکەی، لە هۆبەی بووژاندنەوەی دڵ، نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کەوتبوو، یەکێك لە خوشکە سستەرەکانی ئەو هۆبەیە لیستێکی ڕەنگاوڕەنگی بەدەستەوە بوو، لە باوکمی پرسی، باشە مامۆستا تۆ کام لەم ڕەنگانەت خۆش دەوێت؟ - مەبەستی لە ڕەنگی ڕەمزی پارتەکانی کوردستان بوو - باوکیشم دەستی خستە سەر ڕەنگە سوورەکە و بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: من هەر ئەم ڕەنگە بووم، هەر ئەم ڕەنگەم خۆش دەوێت...".
(چاوپێکەوتن، ٢٥/٥/٢٠٠٠، سلێمانی).

(٢) حەسیب قەرەداغی، دوو شیعر و لێکۆڵینەوەیەك، ڕۆژنامەی ژین، ژمارە: ٧٤، ١٩٧٢/٦/٢٩، ل ٣.

کـوردم، دڵسۆزی ئـەم کـوردستـانـەم
قـۆچـی قـوربـانـیـی ئـەم نیشتمـانـەم
کـــوردم، ئـــایـــن و بـــاوەڕم دیـــارە
هــاوڕێیـی زۆربــەی کـوردی هــەژارە
دیـنـم وەك دیـنـی جـووتـیـاری کوردە
ڕێگــاشم ڕێگــای زانــیــاری کــوردە
لــەگــەڵ کــارگــەران ئـایـن و بـڕوام
بـیـر و ئـامـانجم یـەکن وەك هـیـوام(١)

حەسیب قەرەداغی هەموو کات و بەدرێژاییی ژیانی بەرژەوەندیی گەلەکەی لەسەر بەرژەوەندی حیزبایەتییەوە داناوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە نزیکەی (٢٣) بیست و سێ ساڵ ئیلتیزامی بە حیزبی شیوعییەوە هەبووە، بەڵام هەرگیز ڕۆحی نەتەوایەتیی سست نەبووە و بگرە ئاوات و هیوای ئەوە بووە کە لەو ڕێگەیەوە خزمەتی نەتەوەکەی بکات و بەشێك لە ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی سەرشانی لەو ڕێگەیەوە، بەئەنجام بگەیەنێ، ئەوەتا لە ساڵی ١٩٧١دا لە شیعری (درەختی پارتی)دا کە بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٢٥) بیست و پێنج ساڵ بەسەر دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا نووسیویەتی و تێیدا ستایشی ڕۆڵی مێژوویی ئەم پارتە دەکات و هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازێت، شایەنی باسە لە کاتێکدا ئەم شیعرەی نووسیوە کە لەناو ڕیزەکانی حزبی شیوعیدا بووە، ئەمەش کۆپلەیەکی ئەو شیعرەیەتی:

چــەنـد جـار تـۆ لـە ڕەگـەوە ئـاگـرت تـێ بـەردرا
چــەنـد بـاخـەوانـی کـەلـەت بـەداری خـوێنـا کـرا
هـــەزار گـڕە و گـەردەلـوول بـەسەر پـۆپـەتـا ڕژا
لــە هــەر گـەڵایـەکـتـەوە، خـوێنـی تـاسەیـەك پـژا
بـەڵام چـونـکـە ڕەگـی تـۆ لـەنـاو دڵـی گـەلا بـوو
بۆ هەر خەمێکی قورست سەد دەستت لەملا بوو(٢)

سەختی و ئاڵۆزیی بارودۆخی نەتەوەی کورد لە کوردستاندا بەدرێژاییی مێژوو وای

(١) ب. خەبات، ڕۆژنامەی برایەتی، ساڵی :٢، ژمارە:٤٢٥، ١٩٦٨، ل ٩.
(٢) ڕۆژنامەی ژین، ژمارە: ٣٦، ١٩٧١/٨/١٩، ل ٣.

کردووه، سیاسەت و واقیع پێکەوە گرێ درابێتن، زۆر ستەمە لە کوردستاندا بژیت و بەپێچەوانەی سیاسەتەوە بیت، چونکە سیاسەت بووەتە بەشێکی سەرەکی و بنچینەیی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی کورد، تێکەڵ بەسەرجەم پێداویستییە ورد و درشتەکان بووە، زۆر ئاسانە مرۆڤێکی ڕۆشنبیری ئەم گەلە دەستبەرداری حزبایەتی بێت، بەڵام زۆر مەحاڵە دەستبەرداری سیاسەت بێت، هەر بەهەمان شێوە شاعیر کە دەستبەرداری حزبایەتی بووە، دەستبەرداری سیاسەت و بیروباوەڕەکەی نەبووە، هەموو کات سیاسەتی کردووە، (دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین) دەڵێت: "حەسیب قەرەداغی حیزبایەتی نەدەکرد، سیاسەتی ئەکرد، سیاسەت بەمانا فراوانەکەی"[1]، شاعیر هەرگیز سیاسەتی وەك ئیلتیزامی حزبایەتیی وەرنەگرتووە، بەچاوی واقیعەوە سەیری سیاسەتی کردووە، شیعرەکانیشی وەك ئامرازێکی سیاسی مولتەزیم بەکار نەهێناوە، بگرە وەك ئامرازی هۆشیارکردنەوە بەکاری هێناوە.

ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانیش لەگەڵ ئەو هەموو پاڵەپەستۆیەدا کە ڕێژیم خستبوویە سەری، ورەی بەرنەداوە و بێهێزی و ترسی نیشان نەداوە، تەنیا وشەیەکیشی بۆ ئەو داوودەزگایە و بۆنەکانیان نەوتووە، بگرە بەپێچەوانەوە هەردەم دژی هەلپەرست و بێ هەڵوێستان بووە، بۆیە شاعیر شایەنی ئەوەیە کە شەرەفی هەڵوێستی پاشەڕۆژ و ڕێزگرتنی گەلەکەی پێ بدرێت، هەروەکو شاعیری گەورەی عەرەب (عبدالوهاب البیاتی) دەڵێت: "ئەو شاعیرەی هەڵوێستی خۆی بەئاشکرا بۆ ئەو ڕۆژگارەی تێدا دەژی دیاری نەکات و لە ڕیزی چەوساوەکانی گەلەکەیدا شوێنی خۆی نەکاتەوە: مافی ئەوەی نییە شەرەفی پاشەڕۆژ و ڕێزگرتنی گەلەکەی بدرێتی"[2]، بەڵگەی تەواوی ئەم ڕاستییەش شیعری (ئەرێ و نەرێ)[*]یە کە لە ساڵانی هەشتاکاندا

(١) چاوپێکەوتن، ٢٧/٨/٢٠٠٠، هەولێر.

(٢) کۆواری نێرگز، چەپکی دووەم، کەرکووك، ١٩٨٥، ل ٢٨.

(*) ئەم شیعرە لە ساڵانی هەشتاکاندا نووسیویەتی، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئازادی و هەڕەشە و تۆقان و ئازاردانی ڕێژیمی عێراقییەوە، نەیتوانیوە بڵاوی بکاتەوە، تا لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١دا بڵاوی کردووەتەوە. ئەم شیعرە ڕەنگدانەوەی ساڵانی هەشتاکانە، کە بەزۆرەملێ خەڵکی دەبرانە سەر شەقامەکان و دروشمی (نعم، نعم)یان پێ بەرز دەکردنەوە بۆ هەڵبژاردنەوە – بیعە–ی سەرۆکی ڕێژیم.

نووسیویەتی، وەك لە بەشێكیدا دەڵێت:

كە وڵاتیٚ هەمووی بوو بە ئەریٚ ئەریٚ
خوا ئەو وڵاتە و چی تیایە، بۆ خۆی بەریٚ
ساڵ بەو عەیام...
خێرەومەندێكی خۆش كەلام
گێڕایەوە:
هەبوو نەبوو، باژێڕێكی وەها هەبوو
كوێخاكەیان هەر بە ئەریٚ گۆش كرابوو
گوێی لای– نەریٚ–ی كپ كرابوو
ئەو قەڵەمەی ئەو زمانەی، یا هەر شتێك
(نەریٚ)ی دەكرد،
دەستیان لە بینی گیر دەكرد...
هەتا دەمرد.(١)

چەندین شیعری تریش كە بەڵگەی هەڵوێستی سیاسیی شاعیرن بەرامبەر بەرێژیمی عێراقی كە لەبارەی (كیمیابارانی هەڵەبجە، ئەنفالەكان، ڕاگوێزانی گوندەكانی كوردستان و سووتاندن و وێرانكردنیان)ەوە نووسیویەتی.

لە بەهاری ساڵی ١٩٩١دا، لە گەرمەی كڵپەی ڕاپەڕیندا بەچەندین چامەی نوێی بەرز بە پیر ڕاپەڕینەوە چووە و پێشوازیی لیٚ كردووە، یەكێك لەو چامانە (من هیچ ناڵێم)ە كە بەبۆنەی ڕزگاركردنی شاری (كەركووك)ەوە لە چنگی ڕژێمیی عێراقی نووسیویەتی و لەو ڕۆژانەدا سەدایەكی بەرزی لە دەنگی ڕادیۆكانی كوردستاندا دایەوە:

هەزار ساڵەی وەجاخ كوێرمان دووگیانە،
سكەكەیشی ئازادییە!
بەری نوشتەی، سالم و شێخ و حاجییە!
باس نەماوە لە دنیادا، باس یەك باسە:

(١) ڕۆژنامەی ڕێگای كوردستان، ژمارە: ٩٦، ساڵی ٤٩، ١٩٩٤/٢/١٥، ل ٨.

وا خەج بووكی سیامەندە و شەم بۆ وەلی و
زین بۆ مەم و غەزالیش بۆ کاکە لاسە!

(فەرهەنگی خەم ٤، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ١٦٨)

لە ساڵی ١٩٩٤یشدا، کاتێك شەڕ لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بەرپابوو، شاعیر وەك ڕووناکبیرێکی دڵسۆز و خەمخۆری گەلەکەی، خامە و فیکر و زمانی نەترساوی تەرخان کرد بۆ دژایەتی و یاخیبوون لەو شەڕە کوردکوژییە، لە کاتێکدا کە زۆر لە ڕووناکبیرانی کورد، لە شەڕی ناوەخۆدا نەیانتوانیوە هەڵوێستی خۆیان وەك پێویست دەرببڕن و ڕۆڵی کاریگەریان بۆ نارەزایی و تووڕەیی و شیکردنەوە و مەترسی و پێشلێکردنی مافی مرۆڤی کورد ببینن، بەڵام (حەسیب قەرەداغی) بە پێچەوانەی ئەو کەسانەوە دەنگی نارەزاییی بەئاشکرا هەڵبڕی، چ بە شیعر و چ بە وتار خوێندنەوە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئەو ساڵانەدا، بانگەشەی ئاشتی و تەبایی دەکرد، بڕوای بەزمانی گفتوگۆ هەبوو، نەك شەڕ و چەك و کوشتار، زۆرجاریش گەیشتووەتە ڕادەی نەفرەت و جنێودان بە شەڕخوازان و هەڵگرانی دروشمی شەڕ، «حەسیب قەرەداغی حەزی بەئاشتی و تەبایی و یەکسانی دەکرد، بڕوای بەزمانی گفتوگۆکردن هەبوو...»[١]، بەلای شاعیرەوە زۆر گرینگ بووە لەو ڕۆژەدا ڕۆشنبیرانی کورد هەڵوێستیان بەرامبەر بەو شەڕە نەگریسە دەربخەن و ڕۆڵی ڕابەر و پێشەنگ ببینن لە بزووتنەوەی ڕزگاریی گەلی کورددا، «... قەرەداغی هەر شاعیر نەبوو، بەهەموو مانای مرۆڤایەتی مرۆڤ بوو، بۆ ئاشتی و خۆشگوزەرانی و برایەتی و تەبایی ڕیزەکانی نێوان نەتەوەکەی مۆمێکی هەمووکات داگیرساوبوو...!»[٢].

حەسیب قەرەداغی زۆر چاك هەستی بەدژواری و مەترسی و سەختیی دۆخی کوردستان و داهاتووی میللەتەکەی کردووە، وەك هەر مرۆڤێکی تر لە دەوروبەرەکەیدا دەژیا و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد، بەڵام جیاوازیی شاعیر لەگەڵ زۆربەی خەڵکی گشتیدا، ئەوەبوو چێتر و زیرەکانەتر و هۆشیارانەتر و گونجاوتر دەیتوانی قەوارەی مەسەلە بایەخدارەکان بکێشێ و لە پێناویاندا بەکار بێ، ئەوەی دەیوت و دەینووسی

(١) د. عەبدوڵڵا ئاگرین، چاوپێکەوتن، ٢٠٠٠/٨/٢٧، هەولێر.

(٢) غەریب پشدەری، حەسیب قەرەداغی لە ڕێی بەهەشتدا، کۆواری ڕامان، ژ: ٨؛ ٥ی شوباتی ١٩٩٧، ل ١١٦.

وەك ئەوە بوو کە بیری لێ دەکردەوە نەك وەك ئەوەی دەیانویست، بۆ گۆڕان و پێشکەوتن و ئـاشتـی و تـەبـایـی دەستـبـەکـار بـوو، لـە دیـاریـکـردنـی چـوارچـێوە و مـانـای شتـە سەرەکییەکاندا هـاوبەشی دەکرد، بەهیچ شێوەیەکیش بەتەنگ دڵدانەوەی دەسەڵاتداران و سیاسەتوانانەوە نەبوو، هەردەم هەڵوێستی ڕەخنە و ناڕەزایی و هەڵوەشاندنەوە و دروستکردنەوەی چێتر و بەرەوپێشتر دەبوو، "... لەگەڵ مەسەلەی کورددا بوو بەگشتی، هـەرچـی دەنـووسی و دەیـگـوت لـە هـەر مـەوقـیـفـێکدا لـەگـەڵـیدا بـووبین یـان لـەگـەڵیدا نەبووبین، لەبەر ئاشتی و ئازادی و بەرژەوەندیی کورد بووە".[١]

لە کاتێکدا کە زۆربەی نووسەران و شاعیران و ڕۆشنبیران، دابەش بووبوونە سەر ئەو دوو پارتە و هەریەکەیان بەتان و پۆی پارتەکەیاندا دەهاتنە خوارەوە و دژایەتیی پـارتـەکـەی تـریـان پـێ دەکـرد و بـەنـزیـنـیـان دەکرد بـە ئـاگری شەڕەکـەدا، (حـەسیب قـەرەداغـی) لـەو کـات و ساتـە دژوارانـەدا تـای تـەرازووی بـەلای هـیـچ کـامـیـانـدا نەدەشکاندەوە و بێلایەنانە وەك کوردێکی خاوەن ئەزموونی سیاسی و هۆشیار و دڵسۆزانە هەوڵی چارەسەری کێشەکانی دەدا، «"بەکردەوەش حەسیب قەرەداغی وەك شاعیر و نیشتمانپەروەرێك خەمی ئاشتی و تەبایی دای گرتبوو و لەم شەڕە ناڕەوا و نەگریسەدا بێلایەنیی خۆی پاراست و تێکۆشەرێکی ڕێگەی ئاشتی و برایەتی بوو..."[٢]

حەسیب قەرەداغی وەك سەرکردەیەکی مێژوویی پاك و دڵسۆز و نەمر سەیری (بارزانی)ی کردووە، لە چەندین شیعریدا ناوی بردووە و کردوویەتییە نموونەی بەرزی سەرکردەی کورد، لە کانگەی دڵیەوە، (بارزانی)ی نەمری خۆش ویستووە، دوور لە بەرژەوەندیی تایبەتی:

تۆ بارزانی کە لە دەرگای مێژووت ئەدا
لەودیوەوە، ئەهریمەن بوون
زەنگی مستی تۆیان: دەکوشت
تۆ (بارزانی) کە لە دەرگای مێژووت ئەدا

---

(١) شێرکۆ بێکەس، چاوپێکەوتن، ٢٠٠٠/٧/٤، سلێمانی.
(٢) ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، حەسیب قەرەداغی ماڵئاواییی لێ کردین، ژمارە ٢٣٥، ١٩٩٧/١/١٥، ل ١.

ئارەقێکی پاکت دەڕشت

تۆ کە سوار بووی، هەر چەندیان کرد دانەبەزیت(١)

شاعیر دڵی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی بوو بۆ نەتەوەکەی، پاڵپشتیی هەموو تێکۆشەرێکی کورد بوو، بێ گوێدانە ڕێباز و ڕەوتی سیاسی و ناوچەگەری، "حەسیب قەرەداغی وەك شاعیرێك داکۆکی لە مافە ڕەواکانی نەتەوەییی کوردی دەکرد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا...".(٢)

«شەرەفکەندی» دەکوژرێت، زامی «قاسملۆ» سوێیە

خەڵکە ئەمن لە کوێدام، ئەم ئازارە لە کوێیە؟!(٣)

بە بۆنەی هێرشبردنە سەر بنکەکانی (پارتی کرێکارانی کوردستان)ی تورکیاوە و بۆردمانکردنیان بە فڕۆکەکانی حکوومەتی تورکیا(*)، شیعری (خۆ تۆ دایکی) بەسەر (تانسۆ چیللەر)ی سەرەك وەزیرانی ئەو کاتەدا وتووە و تێیدا هێرشی بردووەتە سەر:

کە ژن بوو بە دڵەگورگێ

ژیان چەندێ بێ بەهایە؟!

تانسۆ چیللەر! خۆ تۆی ژنیش

دڵەگورگی ئەم سەردەمەی!

تۆش هەر لەنگەی ئەو بەرهەمەی،

کە سیستەمی نوێی جیهانی هێنایە گۆڕ

---

(١) دەستنووس، ئەم دەستنووسە، لە مێژووی ٣/٤/٢٠٠٠دا مامۆستا (کەریم شارەزا) خستییە بەردەستم.

(٢) ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارە ٢٣٥، ١٥/١/١٩٩٧، ل ١.

(٣) کۆواری کوردستان، ئەدەب و هونەر، ژمارە: ٢٤٩، خەرمانانی: ١٣٧٦، سیپتێمبەری ١٩٩٧، ل ١٧.

(*) «لە ٢٨/١/١٩٩٤دا ٥٨ فڕۆکەی شەڕگێڕی تورکیای کەمالی هێرشیان بردە سەر دێهاتی ئارامی کوردستانی باشوور و بنکەکانی (pkk)یان بەشێوەیەکی فاشیستانە، بەفرمانی دڵەگورگی سەردەم تانسۆ چیللەر. سەرۆك وەزیرانی حکوومەتی عەسکەری تورکیا» [کۆواری ولات، ژمارە٢٤١، ٢٧ی ئادار: ١٩٩٧، ل ٨].

بەرهەمێکی بەدفەساڵی
نە ڕەحمیت و نەئامێزی... تۆ کۆسپیت تۆ
پێچاڵی[(١)]

شێخی شاعیران سامانێکی نەتەوەییی کورد بوو لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، کۆچی دواییشی زیانێکی گەورە بوو لە هەموو گەلی کورد کەوت، جێگەشی بەئاسانی پڕ نابێتەوە، بۆیە سەرجەم پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستان بۆی بە داخ بوون و کۆچەکەیان بەزیانێکی گەورە لە قەڵەم دا، جگە لەم خاڵە سەرەکییە هاوبەشەیان، هەریەکەیان بە دۆست و لایەنگری خۆیان داناوە، ئەمەش خاڵی یەکگرتنەوەی زۆربەی زۆریانە، لێرەدا وەك بەڵگە هەندێ لەو برووسکەی ماتەمینی و یادکردنەوەی ساڵانەی مەکتەبی سیاسی هەندێ لە پارتەکان کە لە ڕێگەی ڕۆژنامە و گۆوارە زمانحاڵی پارتە سیاسییەکانەوە بڵاو کراونەتەوە، دەخرێتە ڕوو:

١- مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعیی کوردستان، برووسکەی ماتەمینی:

"هەواڵی کۆچی دواییی شێخ حەسیب لە ناخەوە هەژاندمانی و دڵی سەخڵەت کردین، لەدەستدانی ئەم شاعیرە هەڵکەوتووە، ئەو کەسایەتییە کۆمەڵایەتییە ناسراوە و ئەو هاوڕێ و دۆستە دێرینەی حزبمان زیانێکی گەورەی بە بزاوی ئازادیخوازی گەلەکەمان گەیاند".[(٢)]

٢- مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، برووسکەی ماتەمینی:

"بەبۆنەی کۆچی دواییی شاعیری ناسراوی گەلەکەمان حەسیب قەرەداغی، پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی ئێوە و ڕۆشنبیرانی کورد و سەرجەم گەلەکەمان دەکەین، خوا لێخۆشبوو لە پاڵ ئەوەی کە شاعیرێکی تێکۆشەر و کەسایەتییەکی ناودار بوو لە کوردستاندا، هاوڕێی پارتەکەمان بوو، لە هاوینی ڕابردوودا لە بارودۆخێکی سەختدا بەشداریی ئاهەنگەکانی یوبیلی زێڕینی پارتیمان و تێیدا بەرزترین بەرهەمی پێشکێش کرد، داواکارین لە یەزدان جێگەی بەهەشت بێ".[(٣)]

(١) کۆواری وڵات، ژمارە ٢٤١، ٢٧ی ئادار:١٩٩٧، ل ٨.
(٢) ڕێگای کوردستان، برووسکەی ماتەمینی، ژمارە ٢٣٥، چوارشەم، ١٩٩٧/١/١٥، ل ١.
(٣) جريدة خبات، برقية- الى عائلة المرحوم الاستاذ حسيب القرداغي، عدد ٨١١، جمعة ١٩٩٧/١/١٧. ص٢.

٣- ڕۆژنامەی (کوردستانی نویٚ)ی زمانحاڵی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)یش بەم شێوەیە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شاعیر و ڕۆشنبیران و ئەدیبان دەکات:

«شەوی ٩/١٠ی /١/١٩٩٧ دڵی گەورەی شاعیرێکی خۆشەویست و مرۆڤێکی بەهەڵوێست لە لێدان کەوت، ئەو شاعیرە - حەسیب قەرەداغی - نەمرە کە دەیان ساڵە قەڵەمە پیرۆزەکەی شیعرە دیارەکانی لە خزمەت گیانی پێشکەوتنخوازی و کوردایەتیدایە، لاپەڕەی ئەدەب و ڕووناکبیری زۆر بەداخەوە ئەم هەواڵە دەگەینین، لە کاتێکدا کە حەسیب قەرەداغی ئەو بەردەوام لەو لاپەڕەیەوە دەنگی شیعری و ئینسانیی خۆی بەگوێی هەمواندا دەدا، سڵاو لە گیانی پیرۆزی و سەرخۆشیمان بۆ هەموو کەسوکاری و خۆشەویستانی خۆی و ئەدەبەکەی".[١]

٤- ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران:

دوای بەسەرکردنەوەیەکی خێرای، ژیانی شاعیر، ئەم شێوەیە و ڕاستەوخۆ شاعیر بەدۆست و پشتیوانیی حیزبەکەیان دادەنێ، وەکو دەڵێت: "... حەسیب قەرەداغیی نەمر دۆستێکی گەورە و بەڕێزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، ئەو لە شین و شاییدا یار و پشتیوانی ئەو حیزبە و لایەنگرانی بوو، تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات هەرگیز لە بیریان ناچێ کە مامۆستا حەسیب بەسۆزترین چامەکانی لە ماتەمینیی شەهیدکردنی ڕێبەرانی ئەو حیزبەدا نووسی...".[٢]

برووسکەی ماتەمینیی حیزبەکانی کوردستان - ئەوانەی نیشان دران- دەبنە بەڵگەی بەرزی ئەم مرۆڤە تێکۆشەرە، کە لەسەر ئاستێکی بەرزدا ڕوانیویەتییە کاروانی خەباتی نەتەوەکەی لە ناوەوەی کوردستانی عێراق و دەرەوەیدا، بێ گوێدانە کۆت و بەندی حیزبایەتی تەسك و ڕەوت و ڕێچکەی هەر یەکێك لەو حیزبانە، بۆیە ئەوانیش بە شانازییەوە هەریەکەیان بەموڵك و دۆستی خۆیان داناوە، ئەمە جگە لەوەی کە هەموویان بەڕاشکاوی ددانیان ناوە بەو ڕاستییەدا کە (حەسیب قەرەداغی)ی شاعیر

---

(١) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، (مەرگی شاعیرێکی گەورە) ژمارە: ١٣٧٨، دووشەم، ١٣/١/١٩٩٧، ل ٦.

(٢) ڕۆژنامەی کوردستان، ئەدەب و هونەر، کۆچی دواییی مامۆستا حەسیب قەرەداغی، ژ: ٢٤١، ١٩٩٧، ل ١٨.

مرۆڤێکی دڵسۆز و خەمخۆر و نیشتمانپەروەر و نەتەوەدۆست بووە و شیعرەکانی بۆ خزمەتی نەتەوەکەی و نیشتمانەکەی تەرخان کردووە.

شاعیر هەر لە سەرەتای ئەزموونی شیعرییەوە گیانی نەتەوایەتی و بەرجەستەکردنی باری دواکەوتوویی و نەزانیی و نەبوونی یەکسانیی کۆمەڵایەتی لە نێوان توێژ و چینەکانی کۆمەڵدا جیهانبینی دیاری شیعرەکانی بووە، مێژووی شکست و کەسێتیی بێ ناسنامەی نەتەوایەتیی کورد و خەم و ژانەکانی چینی چەوساوە و زەحمەتکێشی گەلەکەی، هەوێنی داهێنانی بووە، شان بەشانی ئەمانەش جۆرێك لە گیانی یاخیبوون لەداب و نەریتی باوی کۆمەڵگای پێوە دیارە، کە زۆرجار خستوویەتییە هەڵوێستی ڕەدکردنەوە و بەهۆی شیعرەکانیەوە ناتەبایی خۆی لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریدا دەربڕیوە. بەدرێژایی تەمەنی لە یاخیبووندا بووە دژی فەرمانڕەوایەتیی دەسەڵاتدار، چ لە سەردەمی ڕێژیمی کۆنەپەرستی پادشایەتیدا و چ لە سەردەمی فەرمانڕەواییی بەعسیەکاندا... مرۆڤێکی بەهەڵوێست و هەقبێژ و ڕاستگۆ و چاونەترس بووە، زۆرجاریش وتە بێ پەردەکانی بە بەرژەوەندیی لایەنێك لە لایەنەکان نەدەشکایەوە، گلەیی و گازندەیان لێ دەکرد، بەڵام ناتوانرێت نکووڵی لە هەڵوێستی کوردانە و مەردانەی بکرێت، یان وەك مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و دووربین و خەمخۆری داهاتووی چارەنووسی گەلی کورد سەیر نەکرێت، یان نکووڵی لە هەوڵەکانی یەکەتی و ئاشتی و تەبایی و دیموکراتی بکرێت.

(حەسیب قەرەداغی) وەك هەر ڕاستییەکی ڕووگەشی ئەم ژیانە، لە خودی خۆیدا پێویستی بە پاساوهێنانەوە بۆی و داکۆکیکردن لێی نییە، چونکە ئاشکرا و بەڕاستی ئەمرۆ بێ یا سبەی تیشکی خۆی بەجۆرێك بڵاو دەکاتەوە، هەمووان بگەنە ئەو ڕاستییە بەرچاوە کە مرۆڤێکی بەهەڵوێست و دۆست و خەمخۆری گەلەکەی بووە.

من دەروونم ئاوێنەیە بۆ ڕوخسارم، بۆیە ماندووم
گەردن لە کڵپەی ناکامیی سەفەر دەسووم
دەستم لە ڕووڕەشی ڕۆژدا نەبووە و نییە
خەڵکی لە شیعر و شاعیر گلەو بناشتەکەی چییە؟!

(فەرهەنگی خەم ٣، دار الرسالة، بغداد، ١٩٨٩، ل ٢٨)

## ٢

### ١- بنچینە و مانای زاراوەی (غەم)

بۆ دۆزینەوەی بنچینە و مانای زاراوەی (غەم)، گەشتێکمان کرد بەنێو هەندێ فەرهەنگی کوردی و ئەو زمانانەی کە ئەم زاراوەیەیان بەکار هێناوە، لە کاتی پشکنین و گەڕاندا بۆ ئەم مەبەستە، ئەم زانیارییانە چنگ کەوتن:

١- وشەی (غەم) لە بنچینەدا وشەیەکی عەرەبییە.(١)

٢- لە هەندێ فەرهەنگی کوردیدا وشەی (غەم و خەم)(*) بۆ یەك مانا وەك یەك لێك دراونەتەوە، کە ئەویش "خەفەت، دڵتەنگی، پەشێوی، پەرێشانی، کەسەر، مەینەت... هتد".(٢)

---

(١) أ- خليل بن احمد الفراهيدي، العين، ج: ٤، تح: دمهد المخزومي، و د. ابراهيم السامرائي، دار الرشيد للنشر، ١٩٨٢.

ب- ابن المنظور، لسان العرب، مجلد: ١٢، بيروت، بدون تاريخ.

ج- بطرس البستاني، محيط المحيط، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٧.

د- يوسف ضياءالدين خالدي، الهدية الحميدية في اللغة الكردية، مكتبة: لبنان، بيروت:١٩٧٥.

ه- د. محمد معين، فرهنگ فارسي، (د.ق)، جلد: ٢، چاپي:١، ژ: ٣، چاپخانةي: سپهر، تهران، ١٣٥٣.

و- فؤاد افرام البستانى، فرهنگ جديد، ترجمه (منجد الطلاب)، مترجم، محمد بندرگى، چاپى: ١٤، چاپخانەى: حيدرى، زستانى، ٥٧.

(*) ئەم دوو وشەیە لە فەرهەنگەکاندا بەجودا وەرگیراون، بەڵام بەرامبەر هەریەکەیان، مانای ئەوی تریان نووسراوە، واتە ئەم دوو وشەیە هاوواتان و بۆیەك مەبەست بەکار دێن.

(٢) أ- فاضل شیر، فرهنگ مردوخ، جلد، دوم، چاپخانەی ارتش.

ب- گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، چاپی: یەکەم، دەزگای چاپ و =

٣- لە هەندێ فەرهەنگی کوردیدا، تەنیا وشەی (خەم)(**)ی تێدایە و بەرامبەر بەماناکانی "غەم، کەسەر، حەسرەت، دڵتەنگی، پەشێوی،... هتد" نووسراوە[١].

٤- لە هەندێ فەرهەنگی کوردیشدا، دەستنیشانی بنچینەی وشەی (غەم) کراوە، کە وشەیەکی عەرەبییە.[٢]

٥- وشەی (غەم) لە زماندا بەپێچەوانەی (شادی و دڵخۆشی)یە.[٣]

٦- ئەم دوو وشەیە کە لە زمانی کوردیدا بەو مانایەی پێشوو بەکاردێت، بەرامبەر بە وشەکانی "اندوە، غم، دلتنگیی فارسی[٤] و (غم، حزن، کسر، کرب..."ی عەرەبی[٥] و "Sorow"ی زمانی ئینگلیزی[٦](*) و "yem"ی

= بڵاوکردنەوەی: ئاراس، هەولێر، ١٩٩١.

ج- هەژار، هەمبانە بۆرینە، چاپی یەکەم، تهران، سروش، ١٣٦٩.

(**) وشەی (خەم) جگە لەو مانایانەی پێشوو، بەمانایەکی تریش لە زمانی (کوردی و فارسی)دا بەکار هاتووە بەتایبەتی لە زمانی شیعردا، کە ئەویش (لوول، پێچ، کەوان، چەماوە، کۆم، کۆمی پشت). لێرەدا کارمان بەسەر ئەم مانایەوە نییە.

(١) أ- شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، جزمی: دووەم، چاپخانەی: کامەران، سلێمانی، ١٩٦٤.

ب- فازڵ نیزامەدین، فەرهەنگی ئەستێرە گەشە، چاپخانەی الفنون، ١٩٩٠.

ج- گیوی موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، هەولێر، ١٩٧٣.

(٢) أ- فرهنگ مردوخ.

ب- هەمبانە بۆرینە.

(٣) محمد مرتضى الزبيدي: تاج العروس، المجلد: ٩، مكتبة: الحياة، بيروت، لبنان، بدون تاريخ.

(٤) أ- گیوی موکریانی، کۆلکەزێرینە، رنجیرەی: ٥٦، ١٩٦٦.

ب- فرهنگ مردوخ.

ج- هەمبانە بۆرینە.

د- فرهنگ جدید.

(٥) أ- نعمت علی سایە، گەوهەری گەرمەسێر، بەشی دووەم، ١٩٨٨.

ب- گيوي موكرياني، الباكورة-نوبةرة، مطبعة: التعليم العالي، جامعة صلاح الدين،١٩٩٠.

(٦) أ- کۆلکەزێرینە.

ب- T. wahby, C. J. Edmonds, Akurdish- English Dictionary, Ed. Oxford, 1966.

= Dictioniare Robet. Dictionaire De LaLangue Francaire Ed. Suail 1998.

لاتینی[١] بەکار دەهێنرێت.

لە (قورئان)ی پیرۆزیشدا چەند جارێك ناوی (غم) هاتووە، بەمانای (خەم)ی ئەمڕۆکە، وەکو "فنجيناك من الغم، سورة طه، آية: ٤٠، فأثابكم غما بغم، سورة آل عمران، آية: ١٥٣، لايكن امركم عليكم غمة، سورة يونس، آية:٧١"، لە ئایەتەکانی «انبياء: ٨٨، الحج: ٢٢»یشدا ناوی غەم هاتووە.

کەواتە وشەی (غەم) لە بنچینەدا عەرەبییە و لە زمانی کوردی و فارسیشدا بەکار هاتووە بە مانای خەم و پەژارە، چ لە زمانی گفتۆگۆدا، چ لە زمانی شیعردا.

وشەی (غەم) لە زمانی کوردیدا، زیاتر لە زمانی شیعری کلاسیکیی کۆندا بەکار هاتووە، پێ دەچێت بەهۆی کاریگەری شاعیرانی کۆنی کوردی بەشیعری کلاسیکیی فارسییەوە، ئەم وشەیە لە زمانی فارسییەوە هاتبێتە نێو زمانی کوردییەوە، نەك ڕاستەوخۆ لە زمانی عەرەبییەوە، شاعیرانی کلاسیکیی فارسی لەمێژەوە ئەم وشەیەیان لە شیعریاندا بەکار هێناوە، بۆ نموونە (شهید– ابوالحسن شهيد بن حسين، کە لە ساڵی ٩٣٦ زاینیدا مردووە)، لەبارەی (غەم)ەوە دەڵێت:

اگــر غم راچو اتش دود بــودی    جهان تاريك بودی جاو دانه
در ايــن گيتی سراسر گربگردی    خـردمندی نيابی شادمانه[٢]

واتە: ئەگەر غەم وەکو ئاگر دووکەڵی هەبوایە، هەتاهەتایە جیهان تاریك دەبوو، ئەگەر سەرانسەری جیهان بگەڕێیت کەسێکی ژیر نابینیت کە شادمان بێت.

(*) (ئەگەر بەپێی (Sorow)ی ئینگلیزی بێ دەبێ بەرامبەر لاتینییەکەی (Tristis) بێ کە وەك ڕەگێك لەناو گشت زمانە لاتینییەکانی ئەمڕۆدا هەیە وەك(Tristis)ی فرەنسایی کە مانای پڕاوپڕی (غەم و خەم) دەگەیەنێ، بەڵام بۆ ئەم بابەتە دەشێ وشەی (MeLancoly یان MeLancolio ) زیاتر بگونجێ چونکە وەك دەستەواژەیەکی دەروونی زیاتر ئەو مانا ئەدەبییە هەڵدەگرێ، بڕوانە:

(- Le Robert Dictionaric de La Langue Francaise Petite Robert de paul Robert. Sous La Direction de Joselte Rey, Debove et Alain Rey. Ed. Dictionnaires Le Robert, paris 1995).

(١) علی سيدو گورانی، القاموس الكردي الحديث، عمان، اردن، ١٩٥٨.
(٢) د. زبيح الله صفا، گنج سخن، تهران، ١٣٧٤، ل ٨٠–٨١.

(رودكی كه له سالّی ٩٤٠ی زاینیدا مردووه)، دەڵێت:

شـــد ان زمانه كه اوشـــاد بود خرم بـــود

نشاط او به فزون بودغم بنقصان بود[١]

واتـه: ئـەو زەمـانـە چـووكـە ئـەو شاد و دڵـخۆش بـوو، چـالاكـیی ئـەو بـەرەو زیـادی دەڕۆیشت و خەمیش بەرەو كەمی.

زۆربەی زۆری شاعیرانی كۆنی كوردیش ئەم وشەیەیان بەكار هێناوە، وەكو (بابە تاهیری هەمەدانی):

غەمی دەردی دلی مـــوو بی حســـابە

خودا دوونەكی مورغی دل كەبابە[٢]

واتە: خەمی دەردی دڵی من نایەتە ژماردن، خوا دەزانی كە تەیری دڵ (ئارەزووی دڵ) كەبابە.

(مەلای جزیری):

شەرحی حالی غەمی عیشقا تە ژ كو تیتە نویسین

مەدحی ئەوصافی جەمالا تە كو جاتێ ڕەقەمێ[٣]

واتە: شەرحی حاڵی خەمباری ئەوینت چۆن دێتە نووسین، ستایشی جوانیی تۆ نایەتە ژماردن.

**٢- زاراوەی (غەم و خەم) لە زمانی كوردیدا**

لێ وردبوونەوە لە هەردوو وشەكە – غەم و خەم – وەك ناو بەكار هاتوون، ناوێكی سادەی گوزارەی- معنوي- بنجین.

لەنێو ئەو سەرچاوانەی كە لە بەردەستدان، مامۆستایانی زمانی كوردی سەبارەت بە دەنگی (غ) چەند بۆچوونێكی جیاوازیان خستووەتە ڕوو، بۆ زیاتر ڕوونكردنەوە، هێندێك

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.

(٢) باباتاهیر عوریان، وحید دەستگردی، چاپی دووەم، ١٣٣٣، ل ٣٨.

(٣) دیوانی عارفی ڕەبانی شێخ احمد جزیری- مەشهور- بە مەلای جزیری، هەژار شەرحی لێ كردووە، چاپی یەكەم، سروش، تهران، ١٣٦١، ل ٤٧٠ .

لەو بۆچوونانە دەخەمە ڕوو، تا لە ڕوانگەی ئەو بۆچوونانەوە دەرکەوێت؛ بۆچی ئەمڕۆ چ لە زمانی قسەکردن و چ لە زمانی شیعردا زیاتر وشەی (خەم) بەکار دەهێنرێت.

١- (د. محەمەد مەعرووف فەتاح) دەڵێت: "دەستکاری نەکردنی ڕێنووسی وشەی عەرەبی و وەرگرتنی بە دەستووری ڕێنووسی خۆیەوە، هەندێ دەنگی نامۆی (بەتایبەتی دەنگی ع -غ) هێناوەتە ناو زمانی کوردییەوە، بەڵگەشی ئەمانەیە:

١- ئەم دەنگە نامۆیانە تا ئێستا نەچەسپاون و لە کوردیدا گێژاوێکیان لە یاسای دەنگی زمانەکەماندا ناوەتەوە، بەوەدا کە:

أ- جێگۆڕکێ دەکەن لەگەڵ فۆنیمی تردا بێ ئەوەی واتای وشەکە بگۆڕن، وەکو: (باغچە، باخچە...).

ب- تا ئێستا ئەم دەنگانە لە کوردیدا ڕەوشتی فۆنیمی ناتەواویان هەیە، بەم پێیە ئەم دوو دەنگە، تا ئێستاش نامۆن و نەچوونەتە ڕیزی فۆنێمەکانی ترەوە، لەگەڵیاندا مەیانەیان کەمە.

٢- زۆربەی (ئەگەر نەڵێین هەموو) ئەو وشانەی ئەم دوو دەنگەی تێدایە لە بنچینەدا عەرەبین، لە قسەدا زیاتر بەکار دێن و تا ئێستاش لەناو وشەکانی کوردیدا جێی خۆیان نەکردووەتەوە کە لە بنچینەیان دوودڵ بین".(١)

دوکتۆری ناوبراو دەنگی (غ) بە (فۆنیم) دانانێت و پلەی (ئەلەفۆن)ی دەداتێ و داوای چاوخشاندنی تر دەکاتەوە بەڕێنووسی کوردیدا، بۆ ئەوەی نیشانەی (خ) بۆ دەنگی (خ،غ) بەکار بێت و لە خوێندنەوەشدا مرۆڤی کورد بەپێی دیالیکتەکەی خۆی بە (خ) یان(غ) بیخوێنێتەوە.(٢)

٢- (شاکر فەتاح)یش دەڵێت: "پیتی (غ) یەکێکە لەو پیتانەی کە لە ئەلفوبای کوردی دەرمان هاویشتووە، چونکە لە بنچینەدا لە زمانەکەماندا نەبووە و ڕۆژگار تێکەڵی ئەلفوبێکەمانی کردووە".(٣)

---

(١) د. محەمەد مەعرووف فەتاح، ڕێنووسی کوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە، کۆواری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی: ٩، ١٩٨٢، ل ٢٥٩- ٢٦٠.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٢.

(٣) شاکر فەتاح ئەحمەد، گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی و شێوەی چارەکردنیان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣.

٣- (تاهیر سادق ئەحمەد)یش دەڵێت: "پیتی (غ) دەنگی ئەم پیتە بەگوێرەی زمانی کوردیی پەتی و ڕەسەن نییە بە هەڵە لە باتیی دەنگی پیتی (خ) گفتوگۆی پێ دەکرێت، وەك (باخ نەك باغ..." [١]

ناوبراوانی پێشوو ددان بەوەدا دەنێن کە دەنگی (غ) نامۆیە و لە زمانی ترەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوە، بە پێویستی دەزانن چاوخشانێکی تر بکرێت بە ڕێنووسی کوردیدا و ئەو دەنگە دەربهاوێژێ لێی.

٤- لێژنەی زمانی کوردیش سەبارەت بە دیاردەی - دەنگگۆڕکێ- لە زمانی کوردیدا، هێندێك لەو دەنگانەیان وەرگرتووە - لەناویاندا دوو دەنگی (غ، خ)ی تێدایە- کە جێگۆڕکێ دەکەن، دەڵێن: "لێژنە لە لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنی زارەکوردییەکاندا بەو قەناعەتە نەگەیشتووە کە کام دەنگ لە بریی کام دەنگ هاتووە، واتە:

کام دەنگ سەرەکییە و کامیان ناسەرەکییە، چونکە بەڵگەی کۆنی نووسراومان بەدەستەوە نییە و نەبووە و بەڵگەکانمان دەماودەمە و بەپێی سروشتی وشەی کوردی ئەمڕۆیە کە دەیبیستین". [٢]

٥- (د. وریا عومەر)یش سەبارەت بەهەندێ دەنگی نامۆ کە ئەمڕۆکە لە زمانی کوردیدا کاریان پێ دەکرێت، دەڵێت: «... گرینگ ئەوەیە ئێستە بەشێکی بنجیی سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردین، پەیابوونی دەنگی تازە لە زماندا لە ئەنجامی کارتێکردنی زمانێکی تر، دیاردەیەکی سروشتییە و هیچ زمانێك نییە و نەبووە بەسەریدا نەهاتبێ". [٣]

لەو بۆچوونانەی پێشوودا دەردەکەوێت کە ناوبراوان لەسەر ئەوە کۆکن کە دەنگی (غ) لە بنچینەدا کوردی نییە و نامۆیە، لە ئەنجامی کارتێکردنی زمانی تردا هاتووەتە نێو زمانی کوردییەوە، هیچ کامێکیشیان بەڵگەیان بە دەستەوە نییە کە ئەم دەنگە ڕەسەن و خۆماڵییە، تەنیا ئەوەندە نەبێت داکۆکی دەکەن لە ڕێنووسی کوردیی ئەمڕۆ

(١) تاهیر سادق ئەحمەد، ڕێنووسی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠.

(٢) لیژنەی زمانی کوردی، بەراوردکاری لە نێوان زارە کوردییەکاندا، کۆواری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی: ١٠، ١٩٨٣، ل ٣١٠ .

(٣) د. وریا عومەر، ئیملای کوردی و چەند تێبینییەك، کۆواری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی: ٩، ١٩٨٢، ل ٤٤٤.

و دیاردەی دەنگ گۆڕکێ، کە دیاردەیەکی ئاساییە و لە هەموو زمانێکی تردا هەیە.

وشەی (غەم) – وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا – لە بنچینەدا وشەیەکی عەرەبییە و پێدەچێت بەهۆی شیعری فارسییەوە هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە، دەنگی یەکەمی ئەم وشەیەش – غ– دیسانەوە پێ دەچێت بە هۆی وەرگرتنی هەندێ وشەی نامۆ و بەکارهێنانی وەك خۆی لە زمانی کوردییدا، هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە.

**٣– وشەی (غەم و خەم) لە شیعری کوردیدا**

هەروەکو ئاشکرایە شاعیرانی کلاسیکیی کۆنی کوردی زۆر وشەی نامۆیان لە شیعرەکانیاندا بەکار هێناوە، یەکێك لە شەقڵە سەرەکییەکانی قۆناغی ئەدەبی نوێیش گەڕانەوە بوو بۆ سەر زمانی زگماکی و بەکارهێنانی وشەی خۆماڵی لە بریی وشەی نامۆ و دەستبەرداری بەکارهێنانی ئەو وشانە بوون کە شاعیرانی کلاسیکیی کورد بۆ ڕازاندنەوەی ڕووی شیعریان بەکاریان هێناوە. لەم ڕوانگەیەوە بۆ سەلماندنی ئەو گۆڕانکارییە کە بەسەر وشەی (غەم)دا هاتووە و ئەمڕۆ لە بریی وشەی (خەم) بەکار دێت، دیوانی بیست و دوو (٢٢) شاعیری کوردم پشکنی، کە نۆ (٩)یان شاعیری کلاسیکیی کۆن و پێنج (٥)یان شاعیری ماوەی گواستنەوە و هەشت (٨)یان شاعیری نوێ و هاوچەرخن، لەناو دیوان و نامیلکە شیعری ئەو شاعیرانەدا سەرژمێریی وشەی (غەم و خەم)(*)م کرد، ژمارە بەکار هێنراوی هەردوو وشەکەشم لە خشتەیەکدا تۆمارکرد، ئەمەش وێنەی ئەو خشتەیەیە:

(*) لێرەدا مەبەستم لە وشەی (خەم)، تەنیا ئەو وشانەیە کە بەمانای (خەم، خەفەت، پەژارە) لە شیعری ئەو شاعیرانەدا بەکار هاتووە، نەك(خەم) بە مانای لوول و پێچ و کۆم...

| | ز | ناوی شاعیر | ژمارەی وشەی غەم | ژمارەی وشەی خەم | ناوی ئەو دیوان و نامیلکانەی کە سەرژمێرییەکەیان تێدا کراوە – بەکورتی. |
|---|---|---|---|---|---|
| شاعیرانی کلاسیکی کۆن | ١ | بابەتاهیری هەمەدانی | ٦٤ | ٠ | وحیدی دستگردی |
| | ٢ | مەلای جزیری | ١٧ | ٠ | هەژار/ سروش/ ١٣٦١ |
| | ٣ | نالی | ٢٥ | ١ | مەلاعبدالکریمی مودەریس/ چاپی یەکەم/١٩٧٦ |
| | ٤ | حاجی قادری کۆیی | ٢٨ | ١ | سەردار میران و کەریم شارەزا، هەولێر، ١٩٨٦ |
| | ٥ | شێخ رەزای تاڵەبانی | ٦ | ١ | شکور مستەفا ساغی کردووەتەوە/ هەولێر ٢٠٠٠ |
| | ٦ | مەحوی | ٣٤ | ٠ | مەلا عبدالکریم مودەریس/ بەغداد/ ١٩٧٧ |
| | ٧ | وەفایی | ٢٣ | ٠ | محەمەد عەلی قەرەداغی/ بەغداد/ ١٩٧٨ |
| | ٨ | ناری | ٤٥ | ٠ | کاکەی فەلاح/ سلێمانی/ ١٩٨٤ |
| | ٩ | بێخود | ٣٣ | ١ | محەمەدی مەلا کەریم/ بەغدا، ١٩٧٠ |
| شاعیرانی ماوەی گواستراوە | ١٠ | پیرەمێرد | ٤ | ٨ | فائق هوشیار – بەرگی یکەم، بەغدا، ١٩٩٠ |
| | ١١ | شێخ نووری شێخ ساڵح | ٣٥ | ٢١ | ئازاد عەبدولواحید، بەشی دووەم، ١٩٨٩ |
| | ١٢ | گۆران | ٢ | ٤١ | سەرجەم بەرهەمی گۆران / بەغدا/ ١٩٨٠ |
| | ١٣ | سەلام | ٥ | ٢١ | ئومێد کاکەڕەش/ چاپی دووەم/ ١٩٩١ |
| | ١٤ | دڵدار | ٦ | ٢ | چاپی یەکەم/ هەولێر/ ٢٥٧٣ کوردی |
| شاعرانی نوێ و هاوچەرخ | ١٥ | هەردی | ١ | ٣ | رازی تەنیایی، چاپی دووەم، ١٩٨٤ |
| | ١٦ | ع.ج.ب | ٠ | ١٦ | ناسۆری دەروون/ بەغدا/ ١٩٦٨ |
| | ١٧ | دیلان | ٠ | ١١ | عەبدوڵڵا عەزیز خالید/ هەولێر/ ١٩٨٧ |
| | ١٨ | کاکەی فەلاح | ٠ | ٥٩ | د. عیزەدین مستەفا پێشەکیی نووسیوە، بەغدا/١٩٨٠ |
| | ١٩ | حەسیب قەرەداغی | ٢ | ٣٥٠ | هەر چوار بەرگی (فەرهەنگی خەم). |
| | ٢٠ | شێرکۆ بێکەس | ٠ | ٢٧ | تریفەی هەڵبەست/ چاپی یەکەم/ بەغدا/ ١٩٦٨ |
| | ٢١ | لەتیف هەڵمەت | ٢ | ١٢٩ | دیوان/ سلێمانی/ ٢٠٠٠ |
| | ٢٢ | سەعدوڵڵا پەرۆش | ٠ | ٢١ | شەوانی تەنیایی، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، ١٩٨٠ |

بەسەرەنجدان لەم خشتەیە، دەبینین کە شاعیرانی کلاسیکیی کۆن لە ژمارە (١ تا ٩) چوار شاعیریان تەنیا جارێك وشەی (خەم)یان بەکارهێناوە[١]. ئەوانی تریان تەنیا وشەی (غەم)یان بەکار هێناوە.

شاعیرانی ماوەی گواستنەوە لە ژمارە (١٠ تا ١٤) هەردوو وشەکەیان بەکار هێناوە، بەڵام لە کاتی پشکنین و گەڕاندا، بۆم دەرکەوت کە ژمارەی بەکارهێنراوی ئەو دوو وشەیە و زۆری و کەمییان پێوەندیی هەیە بە زۆری و کەمیی شیعری کۆن و نوێی ئەو شاعیرانەوە: گەر شاعیرەکە شیعری کۆنی زیاتر بێت ئەوا وشەی (غەم)ی زیاتر بەکار هێناوە، بە پێچەوانەشەوە گەر شیعری نوێی زیاتر بێت ئەوا وشەی (خەم)ی زیاتر بەکار هێناوە[٢]، واتە لە شیعری کۆنیاندا وشەی (غەم) و لە شیعری نوێیاندا وشەی (خەم)یان بەکار هێناوە.

شاعیرانی نوێ و هاوچەرخی ناو خشتەکە لە ژمارە (١٥ تا ٢٢) دوو شاعیریان نەبێت کە تەنیا دوو (٢) جار وشەی (غەم)یان بەکار هێناوە، ئەوانی تریان وشەی (خەم)یان بەکار هێناوە، یەکێك لەو دوو شاعیرە، (حەسیب قەرەداغی)یە ئەو دووجارە کە شاعیر وشەی (غەم)ی بەکار هێناوە لەو شیعرانەیدایە کە کۆنن و لەسەر ڕەوتی شاعیرانی کۆن نووسیویەتی.[٣]

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە وشەی (غەم) لە شیعری کلاسیکیی کۆندا بەکار هاتووە، شاعیرانی نوێ و هاوچەرخیش وشەی (خەم)یان بەکار هێناوە، واتە ئەمڕۆ لە بریی وشەی (غەم)، وشەی (خەم) بەکار دەهێنرێت، بۆیە لەم باسە بە دواوە، وشەی (غەم) لە نامەکەدا بەکار نەهێنراوە.

---

(١) بۆ زیاتر زانین بڕوانە:

١- دیوانی نالی، چاپی یەکەم، ١٩٧٦، ل ٢٩٤.

٢- دیوانی حاجی قادری کۆیی، سەردار میران، کەریم مستەفا شارەزا، ١٩٨٦، ل ١١٧.

٣- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شوکر مستەفا،٢٠٠٠، ل ١٧.

٤- دیوانی بێخود، محەمەدی مەلا کەریم، ١٩٧٠، ل ٧٥.

(٢) بۆ زیاتر زانین بڕوانە:

١- دیوانی گۆران، سەرجەمی بەرهەمی، ١٩٨٠، لاپەڕەکانی: ٩٦، ١٢٨,١٦٨، ١٧٨.

٢- دیوانی سەلام، ئومێد کاکەڕەش، ١٩٩٠، لاپەڕەکانی: ٦٤، ١١٨، ١٢٢، ١٨٥ .

(٣) بۆ زیاتر زانین بڕوانە: حەسیب قەرەداغی، فەرهەنگی خەم ٢، ل: ٣٠٧، ٣٠٩.

٤- پێناسە و چەمکی هەڵچوونی دەروونی خەم:

خەم هەڵچوونێکی دەروونییە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر چۆنیەتیی هەڵسوکەوت و ڕەوشت و هەست و سۆز و باری دەروونیی مرۆڤ.

خەم هەست و سۆزی مرۆڤ دەهەژێنێت، هێندێ خەمیش هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەگۆڕن، یان لە هەڵسوکەوتی مرۆڤدا ڕەنگ دەدەنەوە، ئەمە بەشێوەیەکی گشتی لای مرۆڤی ئاسایی، لای هونەرمەندانیش لە بەرهەمیاندا ڕەنگ دەداتەوە.

پسپۆڕ و شارەزایانی دەروونناسی (دیاردەی خەم) بە یەکێك لە هەڵچوونە سۆزییە دەروونییەکانی مرۆڤ دادەنێن، هەڵچوونە سۆزییە دەروونییەکانیش بەسەر دوو گرووپدا دابەش دەکەن:

١- خۆشی Happiness

٢- ناخۆشی Un pleasantness[١]

هەڵچوونی دەروونی خەم، یەکێکە لە هەڵچوونە ناخۆشەکان، هەڵچوونێکی ئاساییە[٢]، نەمانی ئەم هەڵچوونە لە هەندێ بارودۆخی تایبەتدا نیشانەی نەخۆشییە.[٣]

هەڵچوونی دەروونی خەم لە ئەنجامی کاردانەوەی لەدەستدانی کارێك ڕوو دەدات و

---

(١) أ- د. محمد علي فراح، د. عبدالستار ابراهيم، د. سلوى عبدالرحمن، دراسات في سلوك الانسان، نظرية علمية، دار قاهرة، دار الكتب الجامعية، ١٩٨٤، ص ٦٨.

ب- د. عبدالرحمن محمد عيسوي، علم النفس ومشكلات الفرد، الاسكندرية، بدون تاريخ، ص ١١٦.

(٢) أ- د. علي كمال، النفس وانفعالاتها وامراضها، الطبعة الرابعة، دار واسط، بغداد، ١٩٨٨، ص ٢٣٦.

ب- دراسات في سلوك الانسان، ص ١١٢.

ج- سدني م، جوراد و تيلا ندزمن، الشخصية السليمة، ترجمة محمد ولي الكربولي و د. موفق الحمداني، مطبعة: التعليم العالي، بغداد، ١٩٨٨، ص ١٤٦-١٤٧.

(٣) دراسات في سلوك الانسان، ص ١١٢.

دروست دەبێت(١)، بێگومـان ڕووداو و كارەساتە نـاخۆشەكان كار دەكەنە سەر دەروونی مرۆڤ و دەیهەژێنن و هەڵچوونی دەروونی خەمی لا دروست دەكەن، بەڵام چەندێتی و چۆنیەتیی ئەم هەڵچوونە دەگۆڕێت، لە ڕووی چۆنیەتییەوە بەپێی چۆنیەتیی هەست و سۆزی خاوەنەكەی دەبێت، واتە لە مرۆڤێكەوە بۆ مرۆڤێكی تر دەگۆڕێت، لە ڕووی چەندێتی و كاریگەریشەوە، بەپێی گەورەیی و بچووكیی ڕووداوەكە دەبێت؛ تا ڕووداوەكە گەورەتر بێت، كاریگەری و هەڵچوونەكەشی زیاتر دەبێت، بەپێچەوانەشەوە تا ڕووداوەكە بچووك بێت، كاریگەری و هەڵچوونەكەشی كەمتر دەبێت(٢)، تەنانەت لە ڕووی بەردەوامبوونیشەوە هەر پێوەندیی هەیە بەگەورەیی و بچووكیی ڕووداو و خەمەكەیەوە، گەر خەمەكە گەورە بوو، ئەوە ماوەیەكی زۆر بەردەوام دەبێت، بەڵام خەمە گچكەكان چەند ڕۆژێك یان چەند ساتێك دەخایەنن و پاش ماوەیەك دەرەوێنەوە و زووتریش لە بیر دەكرێن.

جگە لەوەی كە هەڵچوونی دەروونی خەم كار لە دەروون و هەڵسوكەوت و ڕەوشتی مرۆڤ دەكات، زۆرجاریش بەئاشكرا لەسەر ڕووی مرۆڤدا بەبێزاری و بێ خولقی دەبینرێت و هەستی پێ دەكرێت، وەك زەرد بوون، یان ڕەش هەڵگەڕان و بزركانی پێستی دەموچاو، یان نەمانی ئارەزووی خواردن و كەمبوونەوەی خەو، بەڵام ئەم حاڵەتانەش كاتین و پاش ماوەیەك دەرەوێنەوە و دەچنەوە سروشتی خۆیان.

لەگەڵ ئەو كاریگەرییانەی كە هەڵچوونی دەروونی خەم لەسەر مرۆڤی دروست دەكات هێشتا بە نەخۆشی دانانرێت و دیاردەیەكی ئاساییە، بەپێچەوانەی هەڵچوونەكانی دڵەڕاوكێ – قلق – و خەمۆكی – كآبە – وەیە، كە بەنەخۆشی دادەنرێن و پێویستیان بەچارەسەركردن هەیە.

هۆیەكانی دروستبوونی هەڵچوونی خەم، لە مرۆڤدا زۆرن، هیچ مرۆڤێكیش نییە هەستی بەم هەڵچوونە دەروونییە نەكردبێ، ئەگەر بۆ ماوەیەكی كەم و كورتیش

---

(١) أ– د. عبد علي الجسماني، علم النفس وتطبيقاته التربوية والاجتماعية، بغداد، ١٩٨٤، ص٤٥.

ب– سيجمند فرويد، القلق والالم والحزن، كتاب الكف والعرض والقلق، باشراف د. محمد عثماني نجاتي، الطبعة الثالثة، دار الشروق، ١٩٨٣، ص ١٥٤.

(٢) دراسات في سلوك الانسان، ص٢٤٧.

بووبێ، چونکە یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکی و پێویستەکانی دەروونی مرۆڤی ئاسایی، کە هەر لە قۆناغی منداڵییەوە هەستی پێ دەکرێت و بەدەر دەکەوێت، بەڵام ئەم هەڵچوونە لەلای منداڵێکی ساوا لە چوارچێوەی پێداویستییە تایبەتییەکانی خۆی دایە و تێپەڕ ناکات، لەگەڵ هەڵچوونی تەمەن و گەشەی ژیریدا ئەم هەڵچوونەش گەشە دەکات و دەگۆڕێت.

هەندێ خەم، هۆی دروستبوونی لە سنووری دەسەڵاتی مرۆڤدایە و تەنانەت چارەسەرکردنیشی هەر لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤ خۆی دایە، وەك سەرنەکەوتن لە ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی ژیاندا، ئەم هەڵچوونانەی لە ئاکامی ئەم هۆکارەدا دروست دەبێت، لە کاتی خۆیدا چەند کاریگەرییەکەشی سەخت و گران بێت، هێشتا کاریگەری و بەردەوامبوونی کەمترە لە هەڵچوونی خەمی ئاکامی (مردن)ی یەکێك لە کەسانی نزیك و خۆشەویستانی مرۆڤ، کە چ کاریگەری و چ بەردەوامبوونیشی زیاترە، چونکە لە سنووری دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە و چارەی ناکرێ، مرۆڤ لە ئاستیدا بێدەسەڵات و دەستەوەستانە، بۆیە هەڵچوونی خەمەکەشی گەورەیە و ماوەیەکی زۆریش دەخایەنێت، جاری واش هەیە تا دواڕۆژی مرۆڤ ئازار بەو کۆستەوە دەچێژێت، بەڵام لەگەڵ ئەم ڕاستییەشدا ئەم خەمە لە کات و ساتی خۆیدا چەند کاریگەر و دەروونهەژێن بێت، لەگەڵ ڕۆژگاردا بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، هەڵبەتە ئەمەش سروشتی مرۆڤ و ژیانە و خوای بەخشندەش گەورەترین سەرمایەی داوەتە مرۆڤ کە ئەویش (ئارامگرتن- الصبر و لەبیرکردن- النسیان-ە)، بۆ ئەوەی ڕەوتی ژیان بەردەوام بێت و لە ئاستی ڕووداو و کارەساتەکاندا نەوەستێت.

### ٥- پێوەندی نێوان شاعیر و هەڵچوونی دەروونی خەم

شاعیر مرۆڤێکی ئاسایی نییە[١]، خاوەن هەست و سۆزێکی ناسکە، پتر لە کەسانی

---

(١) سێ ئاستی تەندروستیی دەروونی- الصحة النفسیة- هەیە، کە ئەمانەن:

أ- ئاستی ئاسایی-Normality: بارێکی ئاساییە و زۆربەی کەسانی سادە و ساکاری خەڵکی لەم ئاستەدان.

ب- ئاستی ژێر ئاسایی-Sub- Normality: ئەو کەسانەی لەم ئاستەدان ئەوانەن کە دووچاری نەخۆشییەکانی دەروونی و مێشك بوون و عەقڵیان ناتەواوە.

ج- ئاستی سەرو ئاساییSuper- Normality-: ئەو کەسانەی لەم ئاستەدان =

ئاساییی تر دەکەوێتە ژێر پاڵەپەستۆی خەم و پەژارەوە، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشە و گرفتە بەردەوامانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە و دووچاری شڵەژان و نائارامی و دڵەڕاوکێ و خەم و پەژارەی دەکەن، دووبارەبوونەوەی ئەو کێشانە لە ژیانی ڕۆژانەیدا و دووبارەبوونەوەی هەڵچوونەکان دەیکەنە مرۆڤێکی هەست ناسک و بچووکترین ڕووداو دەروونی دەهەژێنن و خەمباری دەکەن، هەندێ لەو کێشە و گرفتانەی لە ناخیدا حەشار دەدات و وەك نهێنییەك نایاندرکێنێ، ئینجا لەبەر هەر هۆیەك بێت، وەك داوونەریتی کۆمەڵایەتی، یان سروشتی خۆی کە حەز بەدرکاندنی نهێنییە شاراوەکانی ژیانی ناکات، بێگومان نەدرکاندنیشیان زیاتر ئازاری دەدات، ڕەگ و ڕیشەی لە ناخ و دەروونیدا دادەکوتێ و کار لە کەسێتیی دەکات.

ئەو کێشە و گرفتانەش کە شاعیر لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەردەوام ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە سێ بواری پێوەندار بەیەکەوە کۆ دەبێتەوە، کە ئەمانەن:

١– لە ناوەوەی خێزانەکەیدا.

٢– لەناو کۆمەڵدا.

٣– لە بواری هونەریدا.

### ١– لە ناوەوەی خێزانەکەیدا:

شاعیر وەك مرۆڤێکی ئاسایی، لە چوارچێوەی خێزاندا دەژی، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت لێیان داببڕێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەهۆی سەرقاڵی بە هونەرەکەیەوە ژیانی لە جیهانێکی پڕ لە ئەندێشەدایە، زۆرجار یان زۆرترین کاتی لە بێ ئاگایی و دابڕان لە خێزان و ماڵ و منداڵیدا دەژی، بۆیە کەسانی پلەی یەکەمی خێزانەکەی، بەتایبەتی هاوسەری ژیانی – ئەگەر خێزانی پێك هێنابێ– بە کەمتەرخەم و بێ ئاگا و خۆپەرست و هەستنەکردنی بەلێپرسینەوە بەرامبەر بەکاروباری خێزانەکەی دادەنێت، زۆرجار ئەم نارەزایی و سکاڵاکردنە دەگاتە ڕادەی شەڕ و ناکۆکی، ئەم جۆرە

= (فەیلەسووف، زانایان، داهێنەران، ئەدیب و هونەرمەندان)ن، ئەو– شذوذ–ەی کە ئەم کەسانەی پێ وەسف دەکرێت، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەمانە لەم ئاستەدان و سەر و پلەی ئاسایین.

(یوسف میخائیل اسعد، دراسات أدبیة، سیکولوجیة الابداع في الفن والادب، الهیئة المصریة العامة للکتاب، ١٩٨٦،ص ٨٦).

کـێشەیـەش ئـارامـی و ئـاسایشی دەروونـی شاعـیـر دەشێوێنـێ و تـووشی شڵـەژان و دڵـەڕاوکـێ و پـاشانـیش خـەمـبـاری دەکـات، لـەبـەرئـەوەی نـاتـوانێت دەستبـەرداری هونەرەکەی بێت، ئەم کێشەیە ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە شیعر سەرچاوەیەکی – مادی – نییە و گوزەرانیی خێزان بەڕێوە نابات، گەر سوودی مادیشی بێت، ئەوا زۆر کەمترە لە دابینکردنی گوزەران و بژێویی خێزانەکەی و پڕکردنەوەی بۆشایی و کەموکوڕییەکانی ژیانی، ئەم هۆیەش دەبێتە زیادبوونی کێشە و گرفتەکانی و زیاتر خەمباری دەکەن.

٢– لەناو کۆمەڵدا:

لەگەڵ ئەوەشدا کە شاعیر تاکێکی کۆمەڵە و ناتوانێت بەتەواوەتی لێیان جیا بێتەوە، کـۆمـەڵ کـاری لـێ دەکـات و ئـەویش کـاریـان تـێ دەکـات، بـەڵام لـە هـەمـان کـاتیشدا ناتوانێت تیایاندا بتوێتەوە و گونجاندنی کۆمەڵایەتییان لەگەڵدا دروست بکات.

شاعیری ڕاستەقینە مرۆڤێکی هۆشیار و ڕۆشنبیرە – یان دەبێت وابێ – خاوەن هەڵوێست و دید و بۆچوونی خۆیەتی، بەهۆی ئەم سروشتەیەوە دیاردەی چەوت و دزێوی نـاو کـۆمـەڵـەکـەی دەروونـی دەهـەژێنـێت و خـەمـبـاری دەکەن، نـاتـوانێت لـە ئاستیاندا بێدەنگ بێت، بەڵام لەبەرئەوەی دەسەڵات و توانای گۆڕینی واقیعەکەی نییە بۆیە بەناچاری و بێدەسەڵاتی لە کۆمەڵ دوور دەکەوێتەوە و زۆرجار گۆشەگیری بۆ خۆی پەسند دەکات، بێگومان ئەم حاڵەتەش لە ئاکامی بەربەرەکانێ و ململانێی نێوان خۆی و واقیعەکەدا دروست دەبێت، زۆرجاریش ململانێ و بەربەرەکانییەکەشی دەشکێتەوە سەر خۆی و دژی خۆیشی دەوەستێت و دەیخاتە شۆڕشێکی بەردەوامی دەروونییەوە، زۆر بەکەمی تێکەڵ بەکۆمەڵ دەبێت، خۆ ئەگەر تێکەڵاویشی لەگەڵ کردن، ئەوا وەك توێکڵێکی ژیانیەتی و ناوەوەی ژیانی ڕاستەقینەی ناگەیەنێت: ناتوانێت بەردەوام تێکەڵیان بێت و لە هەمان کاتیشدا ناتوانێت بەتەواوەتی دەستبەرداریان بێت و مامەڵەیان لەگەڵ نەکات، ئەمەش هۆی سەرنەکەوتنیەتی لە خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتیدا، بۆیە زۆرجار شاعیریش وەك هەر هونەرمەندێکی تر بە شێت و تووشبووی نەخۆشی دەروونی وەسف دەکرێت. "زیرەکیی هونەرمەند زۆرجار بەشێت وەسف دەکرێت، لەبەرئەوەی کە مرۆڤێکی هۆشیارە – بێگومان هونەرمەندی ڕاستەقینە و ڕەسەن هۆشیار و ڕۆشنبیرە – زۆرجار بەتوندی و تیژی دێتە بەرچاوی

خەڵكی، ناتوانێت تێكەڵ بە كۆمەڵ بێت، یان لەبەر بەرزیی ئاستی هۆشیارییەكەی، یان لەبەرئەوەی هەندێ جار تێكەڵ بە كۆمەڵ دەبێت و هەندێ جاریش خۆی لە تێكەڵیان دەپارێزێ، یان لەبەرئەوەی بارێكی چەسپاوی نییە، – منقلب – یان لەبەر سەیری بۆچوون و لێكدانەوەكانی، كە زۆر جیاوازە لە بۆچوون و لێكدانەوەی كەسانی ئاساییی ترەوە"[١]، ئەمانە وا لە شاعیر دەكەن بێزار بێت و نارەزایی دەرببڕێت و گۆشەگیری بۆ خۆی پەسند بكات.

٣– لە بواری هونەریدا:

زۆرجار شاعیر بۆ حەوانەوەی دەروونی و خەمرەوێنی و هەڵاتن لە كێشە و گرفتەكانی خۆی و كۆمەڵەكەی، ڕوو دەكاتە جیهانە تایبەتییەكەی خۆی، بەهۆی شیعرەوە خەم و پەژارەكانی دەردەكات و دەری دەبڕێت، یان خەم و پەژارەكانی دەخاتە لاوە و سەرقاڵی هونەرەكەی دەبێت، بەڵام ئەم جیهانەش كە پەنای بۆ دەبات، بێ كێشە و گرفت و خەم نییە و كێشە و گرفتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم خەمانەشی دەچێتە سەرباری خەمەكانی تری، ئەو كێشە و گرفتانەی كە لە بواری هونەریدا دێتە ڕێگەی شاعیر و خەمباری دەكەن، دەتوانرێت، لە چەند خاڵێكی كورت و چڕدا بخرێتە ڕوو، كە ئەمانەن:

١– كەموكووڕیی زمانی دەربڕین:

زمان چەند دەوڵەمەند بێت لە وشە و زاراوەدا، هێشتا ناتوانێت ئەوەی شاعیر هەستی پێ دەكات وەری بگرێت، زۆرجار شاعیر دەستەوەستان دەبێت، یان وێڵ دەبێت بەشوێن وشەیەكدا كە پڕ بە پڕی مەبەستی بێت و هەست و سۆز و بیری ناوەوەی دەرببڕێت، بەڵام هەندێ جار چنگی ناكەوێت، بە ناچاری وشەیەكی تری نزیك لە مانای مەبەستەكەی –مرادف– وەردەگرێت و بەكاری دەهێنێت بێگومان ئەو وشەیەش بە تەواوەتی پڕ بەپڕی مەبەستەكەی نابێت و مانای ڕاستەوخۆی ناداتە دەست، بۆیە لەم كاتەدا تووشی شڵەژان و هەستكردن بە كەمووكوڕیی دەربڕینەكەی دەكات و هەست بە لەخۆڕازی نەبوون دەكات، ئەگەرچی ئەم جۆرە خەمە خەمێكی شاراوەی قەوارە بچووكە و كاریگەری و بەردەوامبوونیشی كەمە، بەڵام

(١) یوسف میخائیل أسعد، دراسات أدبیة، ١٩٨٦، ص ١٠١.

دووپـاتـبـوونـەوەی بـێزاری و مـانـدووبـوون و دڵـەڕاوکـێ بـۆ شاعـیر دروست دەکـەن، ئـەمـانـەش دەبنـە هـۆی خـەمبـاری، هـەندێ شاعیر ئـەم خـەمـەی لـە شیعریدا دەربڕیوە، بۆ نموونـە:

(گۆران)ی شاعیر لـەگەڵ ئـەو هـەموو وشە پڕ مـانـا و نـاسك و تـەڕ و پاراوانـەدا کە لـە شیعرەکانیدا بـەکاری هێنـاوە، هێشتا هـەستی بـە لـەخۆڕازی نـەبوون کردووە، ئـەوەتا ڕاستگۆیـانـە دەڵێت:

هـەرچەن ئـەکـەم، ئـەو خـەیاڵـەی پێی مـەستم،
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هـەڵبەستم!
لـــێکـــدانـــەوەی دەروون، قسـەی زمـــانم:
بـۆچـی وەهـا دوورن لـە یـەك؟ نـازانم!(١)

٢- ونبوونی هێندێك لە وێنە زیهنییەکان:

وێنە زیهنییەکانی ناوەوەی شاعیر هێندە بە خێرایی دێن و تێ دەپەڕن و بەسەر یەکتردا هەڵەکە دەبن، شاعیر پێرا ناگات، هـەموویان تۆمـار بکات و بیانگوێزێتەوە سەر زەویی واقیعی هونەری، هێندێکیان پێش تۆمـارکردن لێی ون دەبن، بۆیە هـەست بە ونکردنی بـەشێکی گەوهـەری بنچینـەییی خۆی دەکات، دیسانـەوە هـەست بـە شڵەژان و دڵەڕاوکێ و هـەست بە لەخۆڕازی نـەبوون دەکات.

٣- نەگونجاندن و جیاوازیی شاعیر لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیدا:

شاعـیـر لـە نـێوان دوو هـێزی کـاریگـەردا دەژی، هـەریـەکـەشیـان بـەلای خـۆیدا ڕای دەکێشن، ئەو دوو هێزەش ئـەمـانـەن:

١- سۆز و ئەندێشەی تایبەتی خۆی.

٢- واقیعی کۆمـەڵایـەتیی دەوروبـەری.

بـایـەخدانی شاعیر بە لایەکیان و سەرخستنی بەسەر لایەکەی تردا کەموکوورییەك دەداتە هونـەرەکەی و لایەکی هـاوکێشەکەی لاسەنگ دەبێت، چونکە ناتوانێت لە واقیعی کۆمەڵایەتی دەوروبـەری دابـبڕێت و هونـەرەکەی ڕەنگدانـەوەی ئـەو واقیعە نـەبێت، لە

(١) دیوانی گۆران سەرجەمی بەرهـەمی، ١٩٨٠، ل ١٢١.

هەمان کاتیشدا ناتوانێت دەستبەرداری سۆز و ئەندێشەی خۆی بێت، بۆیە هەوڵ دەدات خاڵی بەیەکگەیشتنەوەی ئەو دوو هێزە بدۆزێتەوە، تا جەمسەرەکانی هاوکێشەکەی یەکسان بێت، بەڵام ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، پێویستی بە ماندووبوون و بیرکردنەوەی قووڵ هەیە، زۆرجاریش سەرنەکەوتن بە دەست دەهێنێ، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە خەم و پەژارە بۆی و تووشی هەرەسهێنانی دەروونی– انهیار عصبي– دەبێت، خۆ ئەگەر سەرکەوتنیش بەدەست بهێنێ – کە ئەمەش لووتکەی داهێنانە – داهێنانیش چەند شاعیر خۆشحاڵ دەکات و گەشەی پێ دەکات، هێندەش خەمی بۆ دروست دەکات؛ دروستبوونی داهێنان لای شاعیر زیاتر هانی دەدات بەشوێن بابەتی تر و داهێنانی نوێدا بگەڕێت، تا لەو ئاستەدا نەیەتە خوارەوە، ئەمەش سووربوون و هەوڵدانە بۆ بەدیهێنانی خەون و خۆزگەی شاعیر کە داهێنانە و خۆی لە خۆیدا دەبێتە خەم و جۆرێکە لە جۆرەکانی خەم.

٤– کێشە و ململانێی نێوان دوو شەپۆل و ڕێباز لای شاعیر:

شاعیر وەك هەر هونەرمەندێکی تر چێژ لە ڕێبازێکی تایبەتی وەردەگرێت، ئارەزووی دەربڕین بەو شێوازە دەکات کە زیاتر شارەزاییی تێدا هەیە و سەرکەوتنی تێدا بەدەست هێناوە، بەڵام پێویستی ڕۆژگار و سەردەم و پێشکەوتنی هونەری ڕاپێچی دەکات و ناتوانێت بەرامبەر بەشەپۆڵێکی نوێ و پێشکەوتووی ڕۆژگار و سەردەمەکەی بوەستێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەوڵ دەدات بەپێی ئەو شەپۆلە نوێیە بڕوات، بەڵام لە ناخیشەوە، هەست بە نامۆیی و پارچەپارچە بوون دەکات، وەستانی لە ڕێبازی خۆیدا و بەردەوامبوونی لەسەری، مانای وەستانی هونەرەکەی و بەرەو مردن بردنی بەرهەمیەتی، بەدواداچوونی شەپۆڵی نوێیش، زۆرجار مانای دەستبەرداربوونی شاعیرە لە ئارەزوو و ویست و چێژوەرگرتنی خۆی، بۆ خۆڕزگارکردنی شاعیر لەم کێشەیە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك، هەوڵ دەدات خاڵی بەیەکگەیشتنەوەی نێوان ئەو دوو ڕێبازە بدۆزێتەوە، کە ئەمەش دیسانەوە، کارێکی سەخت و ئاڵۆز و ماندووکەرە، دۆزینەوە و نەدۆزینەوەی ئەو خاڵەش بەشێکی خەمی شاعیرن.

٥– ڕەخنەی توندوتیژی هەست بریندارکەر:

نووسینی شیعر کارێکی ئاسان نییە، شاعیر ئازار و ژان دەچێژێ تا شیعرێکی لەدایك دەبێ، دوای ئەو ئازار و ماندووبوونەش کەسانێك بەڕەخنەی توندوتیژی

هەست بریندارکەر ڕەخنەی لێ دەگرن و هەندێ جار سووکایەتی پێ دەکەن، ئەم ڕەخنـانـە شاعیـر خـەمبـار دەکـات و بـاری دەروونـیـی تـێك دەدات و هـەنـدێ جـار تووڕەییشی لا دروست دەکات، هێندێك لە شاعیرانی کورد ئەم خەمەیان لە شیعریاندا دەربڕیوە(*).

ئەمانەی پێشتر خرانە ڕوو، ئەو کێشە و گرفت و خەمانە بوون کە لەنێو جیهانە تایبەتییەکەی شاعیردا دێتە ڕێگەی و لە ژیانی ڕۆژانەیدا دووپات دەبنەوە، بۆیە هەست و سۆزی ناسك دەکەنەوە و بچووکترین ڕووداو کاری تێ دەکات و خەمبار دەبێت: ئەو کەسانەی خۆیان لەنێو خەم و پەژارەدا بژین، پتر لە کەسانی تر هەست بە ئێش و ئـازاری کـەسانـی دەوروپشتـیـان دەکـەن و پـتـر لـە خـەڵکـی ئـاسایـی دەکـەونـە ژێر پاڵەپەستۆی خەمەوە.

## ٦- پێوەندیی نێوان ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و هەڵچوونی دەروونی خەم:

مرۆڤی هۆشیار و ڕۆشنبیر خەمی لە مرۆڤی ئاسایی زیاتر و مەزنتر و ڕەسەنترە، چـونکـە بـەهـۆی بـەهـرەکـەیـەوە، زیـاتـر هـەست بـە ئـازار و ئـەشکـەنجـەی ژیـان دەکـات، بـەنـاخـی خـۆی و ژیـانـدا دەچـێتـە خـوارەوە و قـووڵ دەبـێتـەوە، دەگـەڕێت بـە شوێن ڕاستـیـیـەکـانـدا، کـاتێکیش دەگـاتـە ڕاستـی، مـەرج نـییـە هـەمـوو ڕاستـیـیـەکیش شـاد و دڵخۆشی بکات، بگرە زۆرجار بەرەو گێژاو و خەم و پەژارەی تری دەبەن.

مرۆڤی هۆشیار و ڕۆشنبیر چەندە سوود لە شادییەکانی ژیانی دەبینێت هێندەش سوود لە خەمەکانی دەبینێت، بەهۆی هۆشیاری و ژیرییەوە دەگەڕێت بە شوێن ڕەگ و ڕیشەی کێشە و گرفتەکاندا و دیاریان دەکات و چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە.

«ئـەگـەر شادی سوودگـەیـێن و دڵـخـۆشکـەر و ڕۆشنکـەرەوەی ژیـانـی مـرۆڤ بـێت، بەهـەمـان شێوە خـەمیش سوودگەیێن دەبێت بۆی، چونکە دەبێتە هـاندەرێك بۆ تێکۆشان و هـەوڵدان بۆ چـارەسـەرکردن و چـاککردنـەوەی»(١)، بێگومـان سوود وەرگرتنیش لە خەم

(*) یەکێك لەو شاعیرانەی کە بێزاری و خەمباریی خۆی لە ڕەخنەی هـاوڕێیانی دەردەبڕێت کە لە هـەمـان بواردا کار دەکەن هـەمـان ئێش و ئازار دەچێژن؛ کەچی بێ بـەزەییانە پلار و ڕەخنەی لێ دەگرن، حەسیب قەرەداغی شاعیرە کە لە شوێنی خۆیدا تیشکی دەخەینە سەر.

(١) عبدالعزیز البشري، فن الحزن، مجلة الثقافة، عدد: ٤٥، سنة: ١، ١٩١٩، ص ١٧.

بەبێ هۆشیاری و ژیری دروست نابێت.

خەم و پەژارەی زۆر مرۆڤ دروست ناکات؛ بەرزی ناکاتەوە و بیکاتە بلیمەت گەر هۆشیاری و ڕۆشنبیریی لەگەڵدا نەبێت، هەروەك (فروید موسیە) دەڵێت: "هیچ شتێك نامان کاتە، مرۆڤێکی مەزن وەك ئازارێکی سەخت و گران"[1]، هەڵبەتە ناوبراو مەبەستی لە (نامانکاتە)، خۆی و ئەو کەسانەیە کە ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیرییان بەرزە، هۆشیاری و ڕۆشنبیرییان خەمەکانیان دەشکێننەوە بەبارێکی تردا و سوودی لێ دەبینن، بەپێچەوانەی مرۆڤێکی سادە و ساکاری ئاستی ئاساییەوە، کە چەندە خەمی گران و سەخت بێت، شان دەداتە بەری و ئازارەکەی دەچێژێ و بەچۆکیدا دەهێنێ و هەندێ جاریش تووشی هەڵدێر و لادانی دەکات. (سومرست مۆم)ی چیرۆکنووسی گەورەی بەریتانیایی دەڵێت: "بلیمەتی تۆوێکە هەر لە زەویوزاری مەینەتی و کلۆڵی و پەژارەدا چەکەرە دەکات و سەوز دەبێت"[2]، بەپێی ئەو ڕاستییەی پێشتر خرایە ڕوو، ئەم بۆچوونەی ناوبراو کەموکورتیی تێدایە، ئەم بۆچوونەی (مۆم)، (کاکەی فەلاح) وەری گرتووە و دای سەپاندووەتە سەر (گۆران)ی شاعیر، پێی وایە خەم و پەژارەکان (گۆران)یان کردووەتە بلیمەت، بەڵام ئەوەی دەستنیشان نەکردووە، کە (گۆران) خۆی مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و خاوەن بەهرەیەکی بەرز بووە، بۆیە خەمەکانی بەرزتریان کردووەتەوە و کردوویانەتە بلیمەت.[3]

ئەوەی کە زیاتر پێوەندیی نێوان هۆشیاری و خەم دەردەخات، ئەو هەستەیە کە کەسانی خەمبار و خاوەن پەژارە دەرکیان پێ کردووە و دانیان پێ داناوە، بۆ نموونە (گۆران) هۆی خەم و پەژارەی دەروونی خۆی بەستووەتەوە بە ڕادە و ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیارییەوە:

زیاتر سەبەبی عەقڵ و شوعوورە خەفەتی من
بۆ غەفڵەت و نیسیانە هەموو نۆشی شەرابم[4]

---

(١) شفيق الارناؤوط، العاطفة والالم في الادب، مجلة الثقافة، عدد:٧٦، سنة٢، ١٩٤٠، ص ٧.

(٢) کاکەی فەلاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل ١٦.

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥–١٦

(٤) دیوانی گۆران، سەرجەمی بەرهەمی، بەغدا، ١٩٨٠، ل ٦٧.

(هێمن)ی شاعیریش خەم و ژانەکانی دەروونی و ژیانی بەستووەتەوە بە:

١- هونەرمەندێتیی خۆی، کە جگە لە هونەر چ سەرمایەیەکی تری نەبووە.

٢- ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی خۆی.

وەك دەڵێت:

دەزانی بۆچی من هێندە پەرێشان و خەفەتبارم
لە بازاڕی ژیان غەیری هونەر نیمە چ سەرمایە
بەتووتووش تووشی مـــەکتەب بۆ دەهـــاتم مـــن کە زانیبام
خەفەت، مەینەت، کەسەر، حەسرەت، بەشی ئینسانی زانایە(١)

بەپێی ئەو بیروڕا و بۆچوونانەی لێرەدا خرایە ڕوو، کەسانی ڕۆشنبیر و هۆشیار و زانا پتر لە کەسانی ئاسایی دەکەونە ژێر پاڵەپەستۆی خەمەوە، کە ئەمەش ئەو پەیوەندییەی نێوان ڕۆشنبیری و هووشیاری بە خەمەوە دیاری دەکات.

### ٧- پێوەندیی نێوان هەڵچوونی دەروونی خەم و داهێنانی هونەری:

شاعیر مرۆڤێکی هەست ناسکە، ڕووداوە هەست بزوێنەکان دەروونی دەهەژێنن و شوێن پەنجەی کاریگەری لەسەر جێ دێڵن و لە شیعریدا ڕەنگ دەدەنەوە، ڕووداو و هەژان و هەڵچوونەکەش دەبنە هەوێن و ئیلهام و کەرەستەی شیعری، زۆرجاریش هەڵچوونی دەروونی خەمی کاریگەر و گەورە دەبێتە هۆی دروستبوونی داهێنان لەلای، هەروەکو (هینری بیرگسون Henri- Bergson) دەڵێت: "گەوهەری داهێنان هەڵچوونە کە سۆزی مرۆڤ دەهەژێنێت"(٢)، ئەو بەرهەمە ئەدەبییەی داهێنانی تێدا بەدی دەکرێت، دەربڕینێکی ڕاستگۆیانەی دەروون و ویژدانی خاوەنەکەیەتی، ڕاستگۆترین دەربڕینی ویژدانیش خەمە نەك خۆشی و شادی، کەواتە ئەو هەڵچوونە دەروونییەی کە داهێنانی لێ دەکەوێتەوە، زیاتر هەڵچوونی دەروونی خەمە.

نموونەیەکی زۆری شیعری بەرز و نموونەی داهێنان لە بەردەستدایە، کە هۆکاری

---

(١) تاریك و ڕوون، گوڵبژێرێك لە شیعرەکانی هێمن، چاپخانەی: بنکەی پێشەوا، بەغدا، ١٩٧٤، ل ١٣٣.

(٢) عبدالحليم محمود السيد، الابداع والشخصية، دراسة سيكولوجية، دار المعارف بمصر، ١٩٧١، ص ١١٢.

ڕاستەوخۆی دروستبوونی داهێنانەکەیان هەڵچوونی دەروونی خەمە – خەمە گران و کاریگەرەکان – وەك شیعرەکانی: ″(شینی عەنبەر خاتوون)ی مەولەوی، (گڵکۆی تازە لەیل)ی ئەحمەدی کۆماسی، (بازم تەوارەن)ی حەمە ئاغای دەربەندفەقەرە، (شینی گوڵاڵە) و (لەسەرە مەرگی هیوادا)ی گۆران، (کەژاڵی جوان)ی حەسیب قەرەداغی... هتد″، بێگومان توانای بەرزی شاعیران لەگەڵ هەڵچوونی خەمەکانیاندا ئاوێتە بوون و داهێنانیان لا دروست کردوون، ″هەڵچوونە قووڵەکانی مرۆڤ بە بیر و بۆچوون دروست نابن، بگرە خۆیان دەبنە هۆی لەدایکبوونی چەند بۆچوونێك، کە ئەمەش گەوهەری داهێنانە، کانگەی ئەم هەڵچوونە قووڵانەش یەکبوون و یەکگرتنی لووتکەی هۆشیاری و بلیمەتی «العبقریة» و ئەو بابەتەیە کە هەژاندوویێتی″.(١)

**٨– دیاردەی خەم لە شیعری نوێی کوردیدا:**

لەگەڵ ئەوەشدا کە دیاردەی خەم لە شیعری کوردیدا نوێ نییە و هیچ شاعیرێ بەدی ناکرێت بەرهەمی شیعری – زۆر تا کەم – خاڵی بێت لەم دیاردەیە، بەڵام دیاردەی خەم لە شیعری نوێدا بووەتە دیاردەیەکی بڵاو و سەرنج ڕاکێش و لق و پۆپێکی زۆری لێ بووەتەوە و پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە، هەڵبەت هۆی سەرەکیی ئەم زیادبوون و بەرزبوونەوەی ئاوازی خەمبارییەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك:

١– سروشت و شەقڵی شیعری نوێ.

٢– سەختی و ئاڵۆزیی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە تا ئەمڕۆ.

٣– گەشەکردنی هۆشیاریی سیاسی و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری لای زۆربەی شاعیران، بەتایبەتی لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە.

٤– بەشداربوونی زۆربەی زۆری شاعیران لە کاروانی خەبات و تێکۆشانی نیشتمانی و نەتەوەیی و تێکەڵاوبوونیان بەجیهانی سیاسەت.

بایەخدانی ڕێبازی ئەدەبی نوێ، بەتایبەتی ئەدەبی ڕۆمانتیکی بە (خود– ذات)ی نووسەر و جڵەوشکلردن بۆ سۆز و ئەندێشەی نووسەر ئەدیب و خاوەنەکەی بووە نێچیری خەم و پەژارە و ئازارکێشان، ڕەخساندنی هەلومەرجی باش بۆ بەرزبوونەوە

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

و بایەخدان بە خود، شاعیری ڕووبەڕووی ناوەوەی خۆی ئینجا بە جیهانی دەرەوەی کردووە، چەند خودیش گەشە بکات، ئەوەندە گرفتەکان زۆر دەبن(١)، هەڵبەتە جیاوازی و نەگونجاندنی ناوەوەی شاعیر لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی دەوروبەریدا، دووچاری کێشە و گرفت و دوودڵی و دڵەڕاوکێ و شڵەژانی کردووە، ئەمانە بوونە هۆی سکاڵا و ناڕەزایی و بێزاری دەربڕین، چ لە ژیانی خۆی، چ لە ژیانی سەردەم و کۆمەڵەکەی، «خودی ڕۆمانتیکییەکان چەند سروشتێکیان هەیە، بەتایبەتی ناڕەزایی دەربڕین لە ژیان و سەردەم و چەرخەکەیان و دوودڵی و دڵەڕاوکێ لەو جیهانە پڕ لە کارەسات و ڕووداوانە".(٢)

لە ئاکامی جیاوازی و نەگونجاندنی شاعیر لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیدا، زۆرجار شاعیری دووچاری ڕەشبینی و نائومێدی کردووە، بەچاوی ڕەشبینییەوە ڕوانیویەتییە ژیانی خۆی و دەوروبەری، بۆ نموونە (پیرەمێرد ١٨٦٧-١٩٥٠)ی شاعیر هێندە خەمەکانی زۆر و کاریگەر بوون، دەسەڵاتی چارەسەرکردنیشیانی نەبووە، بۆیە بەنائومێدی و ڕەشبینییەوە ڕوانیویەتییە ژیانی:

هەی نائومێدی، هەی نائومێدی
هەی ڕەنجەڕۆیی و دڵ نائومێدی
بەدبەختی وەك من سا توخوا کێ دی
دەردی مەجنونم لێ هاتووەتە دی(٣)(*)

(شێخ نووری شێخ ساڵح ١٨٩٦-١٩٥٨)ی شاعیریش بە هەمان شێوە ڕوانیویەتییە ژیانی:

---

(١) د. عزالدين اسماعيل، الشعر العربي المعاصر، الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٧٢، ص ٣٥٧.

(٢) د. محمد غنيمي هلال، الرومانتيكية، دار الثقافة، دار العودة، بيروت، ١٩٧٣، ص ٥٥.

(٣) پیرەمێردی نەمر، ئامادەکردنی: محمد ڕەسووڵ هاوار، چاپخانەی العانی، بەغدا، ١٩٧٠، ل ١١٤.

(*) هەرچەندە د. عیزەدین مستەفا ڕەسول لە کتێبی (الواقعیە فی الادب الکردی، بیروت ١٩٦٦، ص ٩٢)دا دەڵێت: "ئەم نائومێدییەی شاعیر لە ئەنجامی سەرنەکەوتنی لە ئەزموونی تایبەتی خۆیدا نییە، بگرە دەگەڕێتەوە بۆ هەرەسهێنانی ڕاپەڕینی گەلی کورد - بارزان -١٩٤٥"، بەڵام لە ڕاستیدا پیرەمێرد ئەم شیعرەی بەبۆنەی ڕووخانی کۆماری مەهابادەوە وتووە.

لەناو شەپۆلی خەما سەرنگوون و بێ ئارام
بەکێوی سەختی ژیانا، بە پێ بە چنگەڕێ
خەریکی هەڵمەتی سەرکەوتنە بگاتە سەرێ
لە پڕ نشێوی کولۆڵی بواری لێ ئەتەنێ
بەدوای یەئس و ئەلەم، تاروپۆی لە ئێش و لەزەم(١)(**)

(گۆران ١٩٠٤-١٩٦٢)یش لە سەرەتای دەست پێکردنی شیعری نوێیدا، بەشێوەی ڕەشبینی و نائومێدی ڕوانیویەتییە ژیانی:

تاوێ نەگەڕا چەرخی موخالیف بە حیسابم،
بێ نالە نییە ثانیەیەك تاری ڕوبابم!
هەر لەحظەیەکی مەهدی هەزار گریە بوو ئەفسووس
سالانی منالیم و هەموو عومری شەبابم(٢)

شاعیر دەسەلاتی گۆڕینی واقیعی نییە، ناشتوانێت خۆی لەگەڵیدا بگونجێنێ، بۆیە زۆرجار لەو واقیعە هەڵدێت، پەنا دەباتە بەر- خەون و خەیاڵ- ئینجا خەون و خەیاڵ بە ڕابوردوو یان داهاتوو دەبینێت، لە هەردوو حاڵەتەکەدا خەمەکە هاندەرێکی ڕاستەوخۆیە، بۆ نموونە:

(پیرەمێرد) دوای گەڕانەوەی لە (ئەستەمبۆڵ)ەوە بۆ ئامێزی دایکی نیشتمانی، بەکۆمەڵێك ئاوات و هیواوە گەڕابووەوە، هیوا و ئاواتەکانیشی: پێشکەوتن و سەرفرازی

(١) دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لەسەر نووسینی: ئازاد عەبدولواحید، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، چاپخانەی: الجاحظ، ١٩٨٩، ل ٢٢٩.

(**) "ئەم نائومێدی و بێ هیوایەی نووری دەگەڕێتەوە بۆ موعاناتی خۆی و پێوەندی بە دەوروبەرەکەیەوە، کە کۆمەڵێکی کوردەواریی دواکەوتووی ئەو سەردەمە، کە هێزی دواکەوتن باڵی ڕەشی وەك هەورێکی تاڵ بەسەرا گرتبوو، سەرەڕای ئەم دواکەوتنەش دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکان پێیان لەسەر خاکەکەی توند کردبوو هەموو مافێکی نەتەوایەتی هەبوو پێشێلیان کردبوو"

«خورشید ڕەشید ئەحمەد، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی: الجاحظ، بەغدا، ١٩٨٩، ل١١٠].

(٢) دیوانی گۆران، سەرجەمی بەرهەمی، ١٩٨٠، ل ٦٧.

و خۆشگوزەراننی نەتەوە و نیشتیمانەکەی بوو، بەڵام لە دواکەوتوویی و ناکۆکی و ململانێی نێوان دەستە و تاقمی ئەو سەردەمە چیی تری نەدی، بۆیە خەون و خۆزگەکانی لە پێش چاویدا هەرەسیان هێنا، بەرچاوی ڕەش بوو، خەونی بەڕابردوو و داهاتووەوە دەبینی، دەمێك ڕووی لە چۆڵەوانی دەکرد و وەك سەرگەردانێك دەگەڕا بەشوێن هاودەردێکدا، لە چۆڵەوانیشدا، جگە لە بایەقوش کەسی تر نابینێت، بۆیە بە خەیاڵێکی ڕۆمانتیکییانە، ڕاز و خەم و پەژارەی لا هەڵدەڕێژێ، دەیدوێنێ و بەخۆی دەچوێنێ:

پرسیم: بایەقوش، دۆستی هاودەردم
لە جیهان بێزار یاری چۆڵ گەردم
بۆچی وا چۆڵە ئەم مەرز و بوومە
لە کوێ پەیدا بوو وەیشوومەی شوومە
جوابی دامەوە بە قوڵپی گریان
منیش وا جەرگم بووە بە بریان(١)(*)

یان پەنای بردووەتە بەر ئەستێرەکانی ئاسمان و بەخەیاڵێکی ڕۆمانتیکییانە وەك هاوڕێیەکی دڵسۆز سکاڵا و ناڕەزاییی خۆی لا کردوون و خەمی دڵی بۆ هەڵڕشتوون و بەخۆی چواندوون:

ئەستێرە بەرزەکان ئەدرەوشێنەوە بەشەو
وەك من بەداخەوەن، نە سرەوتیان هەیە، نە خەو
چەند ساڵە ئاشنا شەوی بێداری یەکترین
وەك سەرسەرین، شەوێ سەری ناکەینە سەرسەرین(٢)

جۆرە ئاشنایەتییەك لە نێوان شاعیری نوێ و شەودا هەیە، کە پێشتر ئەو ئاشنایەتییە نابینرێت، ئاشنایەتییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی خەم و پەژارەی شاعیر، چونکە لە شەودا شاعیر هەست بە ئازادی و سەربەستیی گیانی – ڕۆحی–

(١) پیرەمێردی نەمر، هاوار، ١٩٧٠، ل ١١٥.

(*) بۆ خەون بینینی شاعیر بە ڕابردووەوە بڕوانە ل١٢٤ و بۆ خەونی بەداهاتووەوە بڕوانە ل ٨٨ی سەرچاوەی پێشوو.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦.

دەكات، "لە شەودا ڕۆمانتیکییەکان هەست بە ئازادبوونی گیانی دەکەن، چونکە لە شەودا پەردە لەسەر نهێنییەکانی دەروون هەڵدەدرێتەوە، بەهۆی هەڵهاتنی تیشکی خەون و خەیاڵەکان".(۱)

(هێمن ۱۹۲۱– ۱۹۸٦) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە ئاشنای شەو بووە، تێیدا هەگبەی خەم و ژانەکانی بەتاڵ کردووەتەوە، ئەستێرەکانی ئاسمانی دواندووە و خەم و پەژارەی لا درکاندوون، پەنای بردووەتە بەر گریان و خۆی لە زیان و مەترسیی کۆبوونەوەی خەمی دەروونی ڕزگار کردووە:

شەو و بێدەنگی چەند خۆشە، هەمیشە خۆزگە هەر شەو با
وەکو ئاواڵی چاك ئەستێرەکان گوێ ڕادەدێرن بۆم
................................
شەوانە گەر نەکەم ئەو شیوەن و ناڵین و گریانە
دەسووتێنێ وجوودم ئاگری ئەم جەرگە بریانە
بەڵێ گریانی نیوەی شەو دەکا ناسۆری دڵ مەرهەم
کوڵ و کۆم دادەمرکێنێ و بەجێ دێڵێ دڵی من خەم(۲)

وەرگرتنی هەندێ ڕەگەزی سروشت بۆ نواندن و دەرخستنی خەم و ژان، لە شیعری نوێی کوردیدا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە زۆر لە شاعیران وەرزی (پایز)یان وەك ڕەمزێك بۆ خەم و پەژارەیان وەرگرتووە، ئەم وەرزەیان لە هەموو وەرزەکانی تری ساڵ لا پەسندتر و دڵگیرتر بووە، چونکە لەگەڵ ڕەشبینییاندا گونجاوە، بۆ نموونە (گۆران) لە شیعری (پایز)دا خۆی و خەم و پەژارە و دڵتەنگیی چواندووە بەم وەرزە:

پایز! پایز!
بووکی پرچ زەرد
من مات، تۆ زیز:
هەردوو هاودەرد!(۳)

---

(۱) د. محمد غنيمي هلال، الرومانتيكية، ۱۹۷۳، ص ۱۷۵.
(۲) هێمن، تاریك و ڕوون، ۱۹۷٤، ل ۱۱٦.
(۳) دیوانی گۆران، سەرجەمی بەرهەمی، بەغدا، ۱۹۸۰، ل ۱٦۳.

سەختی و ئاڵۆزیی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە و بوونی هەندێ دیاردەی چەوت و دزێوی ورد و درشت و نەبوونی دەسەڵاتی شاعیر بۆ گۆڕینی واقیعی کۆمەڵایەتی و نەبوونی توانا و وزەی هەڵگرتنی ئەو بارە گرانە، وای لە هەندێ شاعیر کردووە بەناچاری و بێدەسەڵاتی لەو واقیعە تاڵە هەڵبێن، هەندێکیان بەرەو سروشت هەڵهاتوون، سروشتیان وەك ڕەمزێك بۆ پاك و خاوێنی وەرگرتووە، لە ئامێزیدا هەستیان بە حەوانەوەی دەروونی کردووە، بۆ نموونە: (بەختیار زێوەر ١٩٠٨–١٩٥٢) لە شیعری (مـن و شوان)دا لە ژیانی شارستانییەتی پڕ لە کۆسپ و خەم و پەژارە بێزار بووە و هەڵهاتووە بەرەو مەڵبەندی سروشت، کە هێشتا دەستی شارستانییەتیی پێ نەگەیشتووە و بە پاکیی خۆی ماوەتەوە، لەو مەڵبەندە خاوێنەشدا (شوان)ی وەك ڕەمزێك بۆ مرۆڤی سادە و ساکاری بێ فرِوفێڵ وەرگرتووە، کە ئەویش وەك مەڵبەندە خاوێنەکەی هێشتا دەستی شارستانییەتیی پێ نەگەیشتووە و بەسروشت و خاوێنی خۆی ماوەتەوە، خۆزگە بەژیانی دەخوازێت کە لە کۆمەڵگەی شارستانییەتەوە دوورە و سەربەست و شاد و خۆشگوزەرانە:

خۆزگەم بە خۆت کــە لە شارستان دووری
سەربەست و دڵپاك و شاد و ڕووسووری[١]

شاعیر دژی پێشکەوتنی شارستانییەت نەبووە، بگرە دژی ئەو دیاردە چەوت و دزێوانەی ناو کۆمەڵگەی شارستانییەت بووە، هەڵهاتنی بەختیاریش لە دەست زوڵم و ستەم و چەوسانەوەی چینی سەرمایەداران و بازرگانە چاوچنۆکەکان بووە کە مافی هەژارانیان پێشێل کردووە.

جیاوازی و نەگونجاندنی دید و بۆچوون و هەڵوێستی تایبەتی شاعیر لەگەڵ دەوروبەریدا زۆرجار شاعیری دووچاری کێشە و ململانێ و بەربەرەکانێی دەروونی کردووە، بۆیە گۆشەگیری و دوورکەوتنەوەی لە کۆمەڵ پەسند کردووە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەی خەمباری و دڵتەنگی و بێزاری و سەرنەکەوتنی شاعیرە لە گونجاندنی کۆمەڵایەتیدا، ئەوەتا (کاکەی فەلاح) ڕاستگۆیانە و بێ پەروایانە بەربەرەکانیی و ململانێی دەروونی خۆی دەردەبڕێت، نەگەیشتنی بەڕاستی کێشەکەی

(١) خورشید ڕەشید ئەحمەد، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی الجاحظ، بغدا، ١٩٨٩، ل٣١٤.

و گومان لە هەڵویستی و مانەوەی بە هەڵواسراوی «معلق» هۆی سەرەکیی کێشەی ململانێی دەروونی شاعیرە:

سەر و دڵ ئێستە ئاسوودەی تەریکی و گۆشەگیریمە
ئەمەم پێ خۆشە نازانم لە شێتی یا لە ژیریمە؟
لە دنیای ڕۆشنا چاکە بنێژم خۆم لە کونجێکا،
لە ساغی وا ئەڵێم، یاخۆ وڕێنەی دەم نەخۆشیمە؟
کە من ژینم لەمەولاوە لە تاوا چۆڵ پەرستی بێ،
ئەپرسم ئاخۆ بەختم باشە، یا بەڵگەی کلۆڵیمە(١)

شەقڵێکی دیار و بەرچاوی شیعری نوێ، دەربڕینی ڕاستگۆیانەی خەم و پەژارەی ناوەوە و ویژدانی خاوەنەکەیەتی، دەربڕینی ڕاستەقینەی ویژدانیش خەمە نەك خۆشی و شادی، "بێگومان ئەوانەی کە پتر لە خەم و پەژارە دەدوێن، ڕاستگۆترین کەسن کە ڕاستی دەروونی –بەگشتی– دەردەبڕن".(٢)

بێگومان لە شیعری نوێشدا شاعیر ئەو هەلومەرجەی بۆ ڕەخساوە کە بێباکانە نهێنییەکانی ناوەوەی بدرکێنێ، هەروەك مرۆڤێکی ڕۆشنبیر خەمەکانی دیاری کردووە و قەوارەکەی دیاری کردووە، "مرۆڤی سادە و ساکاری ئاسایی پێی شەرمە شتە شاراوەکانی ناوەوەی بدرکێنێ و دەریان ببڕێت، بەڵام ئەدیب و هونەرمەند تا دوا پلە کە واقیعی کۆمەڵایەتی دەورووپشتی قبوڵی بکات خەم و پەژارەکانی دەروونی دەردەبڕێت و پەردە لەسەر نهێنییە شاراوەکانی ژیانی و دەروونی هەڵدەداتەوە".(٣)

ڕۆچوونی شاعیر بەناخی ژیاندا و بیرکردنەوەی قووڵی دووچاری کێشەی دژیەکە ناکۆکەکانی نێو ژیان و جیهانی کردووە، تەنانەت هەندێ جار دید و بۆچوونەکانی لەسەر ئەو بنچینە و بنەمایە دامەزراندووە، بیرکردنەوە لە (بوون و نەبوون، ژیان و مردن، خێر و شەڕ، خۆشی و ناخۆشی، دیلی و ئازادی... هتد) شاعیری بەرەو فەلسەفەی وجوودییەت بردووە، ئەوەتا (عەلی فەتاح دزەیی)ی شاعیر لەنێو دژیەکەکانی ژیاندا بەهەڵواسراوی ماوەتەوە:

---

(١) کاکەی فەلاح، بەغدا، ١٩٨٠، ل ٩١.

(٢) یوسف میخائیل اسعد، دراسات ادبیة ١٩٨٦، ص ١٠٩.

(٣) یوسف میخائیل أسعد، دراسات أدبیة ١٩٨٦، ص ١٠٨–١٠٩.

ئینسانێکم،

هەمیشە هەڵواسراوم،

بە یێك داوە دەزووی خاوی هەبوونا

لە لێواری تاریکاییی نەبوونا

گیاندارێکم،

کورتە ماوەی ژیانم

هەرگیز بەسەر حوکمی مەرگا زاڵ نابم،

لە نێوانی،

ئاوات و نائومێدی

مەترسی و دڵنیایی(١)

ئەم جۆرە دەربڕینە، دەربڕینێکی ڕاستگۆیانەی شاعیرێکی ڕۆشنبیرە کە لەناو ئەو ناکۆکانەی کە ئابلۆوقەی هەستی مرۆڤی داوە، لە بازنەی جیهانێکدا کە پێکهاتووە لە خۆشی و ناخۆشی، جیهانێك کە بەردەوام و بێ سرەوت دوو هێزی دژیەك دەیجووڵێنن دەژی، ئەم جۆرە خەمە لە ئاکامی ڕووداو و کارەساتێکدا دروست نەبوون، بگرە ڕادەی بەرزی ڕۆشنبیری و هۆشیاری و بیرکردنەوەی قووڵ لە ژیان دروستی کردووە.

سکاڵا و ناڕەزایی دەربڕین و خەم و پەژارەی شاعیر تەنیا لە ژیانی و سەردەم و چەرخەکەیان نەبووە، بگرە هەمان شەقڵ و سروشت لە شیعری نوێی سۆز و خۆشەویستیدا دەبینرێت، سکاڵا و ناڕەزاییەکان تەنیا لە بێ وەفایی و دابڕان و دوورکەوتنەوە لە یارەکانیان نەبووە، بگرە لە هەندێ دیاردەی چەوت و داوونەریتی کۆمەڵایەتی و جیاوازی چینایەتی بووە کە بووەتە هۆی سەرنەکەوتن و هەرەسهێنانی ئەزموونی خۆشەویستی، "فراوانترین بابەتی شیعری ڕۆمانتیکی سۆز و خۆشەویستییە، شەقڵی گشتیی ئەم بابەتەش خەم و ناڕەزایی دەربڕینە لە بێ وەفاییی دولبەر، زۆر بەدەگمەن باسی چێژ و خۆشی– جنسی– دەکات،...، بەوە بەناوبانگە کە پڕیەتی لە کۆسپ و تەنگوچەڵەمە، یاسا و داوونەریتی کۆمەڵایەتی بەسەریدا زاڵە"(٢).

(١) عەلی فەتاح دزەیی، خرۆشان و ڕامان، چاپخانەی: ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ٨٧٩١، ل١١٠.

(٢) د. محمد غنيمي هلال، الرومانتيكية، ١٩٧٣، ص ١٩٧.

هێندێك لە شاعیرانی كورد، لە پاڵ دەربڕینی سۆز و خۆشەویستیی بێ پایانیاندا بۆ خۆشەویستەكانیان، خەم و پەژارەی جیاوازی چینایەتیی نێوان خۆیان و خۆشەویستەكەیان دەربڕیوە، كە ئەو كێشەیە بووەتە هۆی سەرنەكەوتنی تاقیكردنەوەی خۆشەویستییان، بۆ نموونە (هەردی)ی شاعیر لە شیعری (چەپكە گوڵێك بۆ ست فاتمە و دوو چەشن دڵداری)دا، خەمی كێشەی چینایەتیی نێوان خۆی و خۆشەویستەكەی دەربڕیوە:

گـــەرچی دڵداری لـــە خاكی ئێمەدا، ئەفسانەیە

هەر بە تەنیا بۆ كوڕی خاوەن تەلار و عانەیە(١)

دیاردەی خەم لە شیعری نوێی كوردیدا، تەنیا شیوەن و گریان و لاواندنەوە نییە، كە بێدەسەڵاتی و بەچۆكداهاتنی شاعیر دەردەخات، بگرە هەوڵ و خەبات و تێكۆشانە بۆ گۆڕینی واقیعی كۆمەڵایەتی و هێنانەدی هیوا و ئاواتەكانی مرۆڤی كورد، ئەم جۆرە خەمانەش خەمێكی ڕەسەن و مەزنی مرۆڤی كوردی سەدەی بیستەمن و لە شیعری زۆربەی شاعیرانی كورددا ڕەنگی داوەتەوە، "خەم دەستەپاچەیی و بێدەسەڵاتی نییە ئەوەندەی سووربوون و خۆشەویستی و هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە ژیان و دیاردەكانی،...، شاعیر چەندە پێگەیشتوو بێت، ئەوەندە خەمەكانی ڕەسەنتر و گەورەتر دەبێت".(٢)

زۆربەی زۆری شیعری نیشتمانی و شۆڕشگێڕی، كە سۆز و خۆشەویستیی نیشتمانی و نەتەوەییی لەخۆ گرتووە، یان كەف و كوڵی دەروونی هەڵچووی شاعیر بە شێوازی شۆڕشگێڕی و حەماسی دەربڕاوە، لە ڕوودا دیاردەی خەمی تێدا بەدی ناكرێت، بەڵام خوێنەری ڕۆشنبیری كورد هەست بەو خەمە مەزنە دەكات كە شاعیر نەیدركاندووە و شاردوویەتییەوە، تا ورەی خەڵكی بەرنەدات و هانیان بدات بۆ شۆڕشگێڕی و سووربوون لەسەر خەبات و تێكۆشان بۆ بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجی سەربەستی و ڕزگاریی نەتەوە و نیشتمانەكەیان.

(د. مارف خەزنەدار) لەبارەی شیعری نیشتمانی و شۆڕشگێڕییەوە دەڵێت:

---

(١) ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنیایی، چاپی دووەم، چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتی، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، ١٩٨٤، ل٦٨.

(٢) ئازاد عەبدولواحید، دیاردەی خەم لەلای شاعیری ئەمڕۆ، ڕۆژنامەی هاوكاری، ژمارە: ٥٠٧، ٧/١٠/١٩٨٠، ل ٩.

"خۆشەویستیی بێ پایان بەرامبەر بە نیشتمان، ئارەزووی بەکوڵ بۆ ڕزگارکردنی نەتەوە شیعری شۆڕشگێڕی دێنێتە ناو مێژووی ئەدەبەوە..."(١)، مرۆڤ کاتێك هەست بە سۆز و خۆشەویستیی نیشتمان و نەتەوەکەی دەکات و دەری دەبڕێت، کە هەست بەبوونی مەترسییەك بکات لەسەری و مەترسیی لەدەستدانی بکات، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا خەمی مرۆڤی کورد بووە، هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا ئەمڕۆ، هاندانی بۆ خەبات و سووربوون لەسەر تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی خۆزگە و ئاواتیان، جۆرێکە لە جۆرەکانی خەمخۆری، بۆیە سروشت و شەقڵی شیعری شۆڕشگێڕی و نیشتمانی خەمەکەی شاردووەتەوە و شاعیر نەیویستووە وێنەی بێهێزی و ورە بەردان دەربخات، بەڵام لە ڕاستیدا خەمە سیاسییەکە هاندەری ڕاستەوخۆی ئەو جۆرە دەربڕینە بووە، بۆ نموونە (گۆران) لە شیعری (دەمی ڕاپەڕینە)دا هانی ڕۆڵەکانی گەلەکەی دەدات ڕابپەڕن و خۆیان لە ژیانی پەستی ڕزگار بکەن و چاکی مەردایەتیی لێ هەڵبکەن، ئەم جۆرە هەڵچوونە، کەف و کوڵی دەروونی خەمباری شاعیرە و بە شێوازێکی حەماسییانەوە دەری بڕیوە:

دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین!
هەتا کەی بە سستی و بە پەستی بژین؟
پەلاماردە، ئەی کورد، عەرەق ڕشتنێ!
لە دڵ کرمی ناکۆکی دەرکردنێ(٢)

بە چاوخشاندنێك بەدیوانی شاعیرانی نوێدا، بۆمان دەردەکەوێت کە گەورەترین خەم لە شیعری – زۆربەیاندا– خەمی سیاسییە و بەشێکی زۆری بابەتی شیعریان بۆ تەرخان کردووە، لای هەندێکیان خەمی نیشتمانی و نەتەوەی کورد سەرقافڵەی خەمەکانیانە، بۆ نموونە (دیلان)ی شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی کە خەمی کوردستان و گەلەکەی سەرقافڵەی خەمیەتی و گشت خەمەکانی تری پێ داپۆشیوە... دەستدرێژیکردنی دوژمنانی گەلەکەی بۆ سەر نیشتمانەکەی و وێرانکردنی گەیاندوویەتییە ئەو ڕادەیەی کە (خەیام)ی شاعیر و فەیلەسووف بە سەرشێت دابنێ و

(١) د. مارف خەزنەدار، شیعری سیاسەت –کۆمەڵایەتی– کوردایەتیی نێوان هەردوو جەنگی گێتی ١٩١٨–١٩٤٥، کۆواری ڕۆشنبیریی کوردستانی، ژمارە: ١، مانگی تشرینی دووەمی ساڵی:١٩٩٩، ل ١٢.

(٢) دیوانی گۆران، سەرجەمی بەرهەمی...، ١٩٨٠، ل ٤٠٣.

پێی بڵێ: تۆ لەسەر بایەك کە هەڵی کرد و شووشەی شەرابەکەی شکاندی، کردتە ململانێ و زۆران و سکاڵاکردن لە خوا، دە هەستە وەرە کوردستان و ئێرە ببینە، نەك شووشەی شەراب وا ڕەز و باخی کوردستان سووتێنرا:

تۆ لەسەر باکەی شووشەکەی شکان
لەگەڵ خوادا کردت بەزۆران
هەڵسە بەرەو ئەم ناوە هەڵتووتێ
نەك شووشە شکا وا ڕەز ئەسووتێ(١)

زۆربەی شیعری شاعیرانی سەدەی بیستەم ڕەنگدانەوەی ئێش و ئازاری بارودۆخی ناهەمواری سیاسیی کوردە(*)، تەنانەت لە کاتی دەربڕینی خۆشی و شادیشدا ڕایەڵی خەم و پەژارەیان تێکەڵ کردووە، واتە لەو کاتانەدا خەمیان هەر لە بیر بووە و لە یادیان نەکردووە و بەسەر دەنگە شادەکەدا زاڵ بووە، ئەوەتا (کامەران موکری)ی شاعیر دان بەو ڕاستییەدا دەنێت، کە چ ئاوازێك، گۆرانییەك خۆش بێ، بەهەر شێوەیەك بێت بەخەم پاراو بووە، ئەو بەستە خۆشەی کە بۆ شادی و کامەرانی دەوترێت هێشتا شێوەکەی هەر خەمبار و ماتەمە:

کام ئاواز خۆشە، یا کام گۆرانی
بەهەر جۆرێك بێ پاراوی خەمە
کام بەستە جوانە، بۆ کامەرانی
هێشتا شێوەکەی هەر هی ماتەمە(٢)

---

(١) دیوانی محەمەد ساڵح دیلان، ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا عەزیز خالید، چاپخانەی: سومر، ١٩٨٧، ل ٢٦٨.

(*) (هێمن)ی شاعیر لەبارەی زۆری و چڕیی خەمی نێو شیعرەکانی دەڵێت: "... ئیلهامم لە نەتەوەکەم وەرگرتووە، چ بکەم، وەختێکی من شاعیری نەتەوەیەکی بووم کە هەمووی بۆ خۆی غەم و داخە، منیش هەر غەم و داخم دیوە، لەبەرئەوەی شیعرەکانم هەمووی بۆنی غەمی لێ دێ، زۆر کەمە، هەر نییە لە تەواوی شیعرەکانی مندا خەڵك وە پێکەنین بخەین، هەر بە گریانیان دەخەن".

(٢) کامەران موکری، پێشەکی و پەراوێز نووسینی: عەبدوڵڵا عەزیز خالید، چاپخانەی: ڕۆشنبیری لاوان، سلێمانی، ٧٨٩١، ل ٢٠٥.

ئەوەی سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ لە هەندێك شیعری نوێی کوردیدا، ئاوێتەبوونی خەم و خۆشییە، ئەم ئاوێتەبوونەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتیی دید و بۆچوون و تێڕوانینی شاعیری نوێ بۆ ژیان، ئەم شاعیرانە تێڕوانینێکی گشتی و فراوانیان– شمولی – بەدەست هێناوە، لەناو دەربڕینی شادییاندا، خەمیشیان دەربڕیوە، لە کاتی دەربڕینی خەم و پەژارەشدا گەشبین بوون و شادییان دەربڕیوە، بەڵام دەربڕینی خەمەکە هەرچەندە کەمیش بووبێ، هیشتا ڕەنگی تۆخی، ڕەنگە کاڵەکانی شادییەکەی داپۆشیوە و لە ئەنجامدا تابلۆیەکی شیعری ڕەنگ تەڵخ و تۆخی لێ دەرچووە.(١)

(کامەران موکری) شاعیر لە پارچە شیعرێکیدا بانگەشەی شادی و بەستە و گۆرانی وتنی خۆی دەکات، وا خۆی دەرخستووە کە باوەڕی بەتینە و هیچ خەمێك کاری تێ ناکات، بەڵام دەربڕینەکە خۆی شایەتی ئەوەی لێ دەدات کە چەند خەمبار و نائارامە، ئەو شادییەی لێی دەدوێ کاردانەوەی خەم و پەژارەیەکی قووڵیەتی و ڕەنگدانەوەی ئێش و ژانی مرۆڤی کوردە، کە خەم و پەژارە بووەتە بەشێکی سەرەکیی ژیانی و بووەتە هاوڕێ و هاودەمی و پێی ڕاهاتووە:

کرێوەی ناسۆر، لە کێوی ژینا
لە گیان و دڵی بێهێز و تینا
لوول ئەخوا، لەناو دەمی برینا
گریەم دێتە گوێ لە نەغمەی بینا
بەڵام بەستەی غەم لە دەمم نایە
گۆرانیم تەنیا نەغمەی هیوایە(٢)

ژیانی مرۆڤ پێکهاتووی (خەم و خۆشی)یە، دەربڕینی هەریەکێکیش لەم دووانە، کاردانەوەی ئەوەی تریانە، "خەم شادییەکی هەڵگەڕاوەیە، شادیش خەمێکی

---

(١) ئەم بۆچوونە نووسەر و ڕەخنەگری عەرەب (د. عیزەدین ئیسماعیل) ئاماژەی بۆ کردووە، لەسەر شیعری هاوچەرخی عەرەبی دایسەپاندووە، لەبەرئەوەی بۆچوونەکەی بەسەر هەندێ شیعری نوێی کوردیشدا دەسەپێت، بۆیە سوودم لێ وەرگرت، بڕوانە: (د. عزالدين اسماعيل، الشعر العربي المعاصر، ١٩٧٢، ل ٣٥٣).

(٢) کامەران موکری، پێشەکی و پەراوێز نووسینی: عەبدوڵڵا عەزیز خالید، چاپخانەی: ڕۆشنبیری لاوان، سلێمانی، ١٩٨٧، ل ٢٠٥ .

هەڵگەڕاوەیە، خەم و شادی وەك رووی یەك پارچە دراون"(١)، زۆربەی زۆری ئەو شیعرانەی خەم و پەژارەی ڕۆژگاری رەش دەردەبڕن لە هەمان کاتیشدا هیوا و ئاواتی ڕۆژی گەشی داهاتوو دەردەبڕن، بە پێچەوانەشەوە ئەو شیعرانەی شادی و خۆشی دەردەبڕن لە هەمان کاتیشدا تیشکێك دەخەنە سەر خەم و پەژارەی ڕابردوو.

هۆی سەرەکیی بەرزبوونەوەی ئاوازی خەم لە شیعری نوێدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیانەی پێشتر خرایە ڕوو، لەگەڵ هەندێك هۆکاری تردا کە لێرەدا ناتوانرێت تیشك بخرێتە سەر هەموویان، ئەو هۆیانەی شاعیرانی کوردیان کردووەتە نێچیری ئازار و ژانکێشان و بوونەتە هاوڕێ و هاودەمی خەم و پەژارەی دەروونی خۆیان و ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگە و سەردەمەکەیان، ناتوانرێت نکوڵی لەوە بکرێت کە شاعیرانی سەدەی بیستەم هەڵگری باری قورسی خەم و ژانکێشان بوون، زۆربەیان دەربڕینیان لە ئێش و قورساییی قەوارەی خەمەکانیان کردووە وایان هەست کردووە کەس وەك ئەوان خەمبار نییە، ئەوەتا (هێمن)ی شاعیر وا هەست دەکات گەر خەمی دابەش بکات بەسەر شارەکەیدا، کەسی لێ بێبەش نابێت و هەموویان خەمبار دەبن:

نابینی زەردە لەسەر لێوی کەسێ لەم شارەدا
گەر خەم و دەردی دڵی خۆمیان بەسەردا دابەشم(٢)

(کاکەی فەلاح)یش وا هەست دەکات خەمی هەموو شاعیرانی کوردی لایە:

شاعیرێکم خەمی هەموو
شاعیرانی کوردم پێیە(٣)

بەڵام زۆربەی شاعیرانی کورد خۆیان ئارەزووی دەربڕینی خەم و پەژارەیان بووە، تام و چێژیان لەو ڕەنگە تۆخ و تاڵە وەرگرتووە، تەنانەت خوێنەری کوردیش ئارەزووی بیستنی ئاوازی خەمبار دەکات و ئاشنای بیستنی شیعری خەمبارن؛ بوونی خەم و پەژارەی زۆر هاندەرێکی ئەم تامەزرۆیی و ئاشنابوونەیە، کە خەم وەك هاوڕێ و هاودەمی لێ هاتووە بۆیان، گەر ماوەیەکیش بەجێی هێشتبێتن، هەستیان بە بۆشاییەك کردووە لە ژیانیاندا، ئەوەتا (کاکەی فەلاح) بەڕاشکاوی ئاماژە بەبوونی

(١) یوسف میخائیل أسعد، دراسات أدبیة، ١٩٨٦، ص ١٠٨.
(٢) هێمن، تاریك و ڕوون، ١٩٧٤، ل ١١٥.
(٣) کاکەی فەلاح، بەغدا ١٩٨٠، بەرگی دیوانەکە.

خـەم و بـوونـی پـێوەندیی بـەتـینـی خـۆی لـەگـەڵ خـەمـدا دەكـات، كـە بـووەتـە بـەشێكـی سەرەكیی ژیـانـی و بیٚ خـەم دەروونـی نـاحـەوێـتـەوە و بیری دەكـات:

ئەی تـەمـی ڕەش! ئەی بـادەی خـەم! نـازانـم بۆ، نـازانـم بۆ
وا دام ئەگری دێیت و ئەچی نـاگـەم لـە تۆ، نـاگـەم لـە تۆ؟!
سـەردەمێكـی بـاش ون ئـەبـی، دەروونـم تـاسـەی تۆ ئـەكـا
جـارجـار گـوڵـی بـەهـارەكـەم یـادی هـەنـاسـەی تۆ ئـەكـا.(١)

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٤.

## بەشی دووەم

## دیاردەی خەم لە شیعری حەسیب قەرەداغیدا

### ١

خەمی تایبەتی

١-خەمی سۆز و خۆشەویستی

٢- خەمی وەك مرۆڤێ

أ- خەمی وەك مرۆڤێکی ئاسایی

ب- خەمی وەك مرۆڤێکی هۆشیار و ڕۆشنبیر

٣- خەمی وەك شاعیرێ

٤- لاواندنەوەی تایبەتی

أ- لاواندنەوەی جگەرسووتان

ب- لاواندنەوەی هاوڕێ و خزم و کەسوکار

### ٢

١- خەمی گشتی

أ- خەمی سیاسی

ب- لاواندنەوەی گشتی

٢- سوود بینینی شاعیر لە خەم و پەژارەکانی

٣- فەرهەنگی وشە و زاراوە ماناگەیێنەکانی (خەم)

## ١

### خەمی تایبەتی:

خەمە تایبەتییەکان ئەو خەمانەن کە مرۆڤ خۆی تێیاندا دەژی و تالاّویان دەچێژێ و کاری تیّ دەکەن و زۆرجار لە هەڵسوکەوت و ڕەوشتیدا ڕەنگ دەدەنەوە و بەئاشکرا بەڕوویەوە دیار دەبن و کار لە خەو و خۆراکی دەکەن، ئەم جۆرە خەمانە خەمی خودی مرۆڤ و خەمی کەسانی نزیك و پلە یەکی ئەندامانی خێزان و کەسوکار و هاوڕێیان و خۆشەویستانە کە مرۆڤ لەگەڵیاندا لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەیان بە کێشە و گرفت و ڕووداو و کارەساتەکانیاندا ئازار دەچێژێ و خەمبار دەبێت، بێگومان هیچ خەمێکیش هێندەی خەمی تایبەتی ئازاردەر و کاریگەر نییە، ئەم خەمانە مرۆڤ خۆی لەگەڵیاندا دەژی و ئازاریان دەچێژێ و دەتوانێت دەرك بەهەموو سووچ و کەلێنێکی بکات و سنووری ئازارەکەی دیاری بکات و بڕیاری تەواوی بەسەردا بدات، بەپێچەوانەی خەمە گشتییەکانەوە، کە تەنیا بەهەست کردن دەرك بەمانای خەمەکەیان دەکات و لە یەك ڕووەوە تێی دەڕوانێت، نووسەر و ڕەخنەگری عەرەب (د. عزالدین اسماعیل) لەبارەی جیاوازی خەمی تایبەت و خەمی گشتی دەڵێت:

"جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەوەی خۆت لەنێو کارەساتدا بژیت، وەك لەوەی هەستی پیّ بکەیت، هەمان جیاوازییە لە نێوان خەمباریت و هەستکردنت بەمانای خەم...، چونکە ئەوەی خۆی لەناو خەم و پەژارەدا دەژی هەموو لایەکی خەمەکەی دەزانێت و دیاری دەکات و بڕیاری تەواوی بەسەردا دەدات، بەپێچەوانەی ئەو کەسەوەیە کە تەنیا هەست بەمانای خەمەکەی دەکات، لە یەك ڕووەوە تێی دەڕوانێت و ناتوانێت بڕیاری تەواوی بەسەردا بدات"(١)، مرۆڤ چەندە لە دەرەوەی خۆی و خێزانەکەی ماندوو بێت و کارەسات و ڕووداوێك کاری تیّ بکات، کە هاتەوە ناو ماڵ و خێزانەکەی هەست بە حەوانەوەی دەروونی دەکات و زووتر خەمەکانی دەرەوەی دەڕەوێنەوە، بەڵام گەر خەمەکانی پێوەندییان بە خودی خۆی و خێزان و کەسوکار و

---

(١) د. عزالدین اسماعیل، الشعر العربي المعاصر، الطبعة الثالثة، ١٩٧٢، ص ٣٥٠.

ئازیزانییەوە هەبێت، ئەوا چ لەناو خێزانی و چ لە دەرەوەدا هەست بە حەوانەوەی دەروونی ناکات، کاریگەری ئەو خەمانەش بەپێی قەوارەیان لە هەڵسوکەوت و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیدا ڕەنگ دەداتەوە.

خەمە تایبەتییەکانی (حەسیب قەرەداغی) زۆرن و لق و پۆپێکی زۆریان لێ دەکەوێتەوە، لێرەدا ناتوانرێت بەپێی قەوارە و کاریگەریان خەمەکانی ڕیز بکرێت و پۆلین بکرێن، بگرە بەپێی سەرهەڵدانی ئەو خەمانە ڕیز دەکرێن:

**١- خەمی سۆز و خۆشەویستی**:

حەسیب قەرەداغیی شاعیر مرۆڤێکی هەست و سۆز و ناسکی جوانپەرست بووە، جوانیی ئافرەت سەرنجی ڕاکێشاوە، تامەزرۆی سۆز و خۆشەویستیی ئافرەت و سەرنجدانیان بووە، جوانیی ئافرەت هەوێن و کەرەستەی زۆربەی شیعرین:

هەر کوێیەکت بەدی ئەکەم ئەڵێم ئۆخەی
هەر کوێیەکت بەدی ناکەم ئەڵێم خۆزگە
من بە خۆزگە و ئۆخەی ئەژیم

(فەرهەنگی خەم ، ل ٣٥)

هەر لە یەکەم شیعری شاعیرەوە (سڵاو بۆ یار ١٩٤٩) تا دوایەمین شیعری (ڕووناک ١٩٩٧/١/٥)، بەسەر جوانی و سۆز و خۆشەویستیی ئافرەتدایە، ئەوەی سەرنجی شیعرەکانی شاعیر بدات، بۆی دەردەکەوێت کە چەندە خاوەنی هەست و سۆز و خۆشەویستی بووە بەرامبەر بە ئافرەت، هەر ئەو سۆز و خۆشەویستییەش بەرەو پێشەوەی بردووە و داهێنانی لا دروست کردووە.(*)

(*) شاعیر کە باسی سەرەتای ئەزموونی شیعر و شاعیریی خۆی دەکات، دەڵێت: "... هۆنراوەم بە کچە سادە و ساکارەکانی دێکەماندا هەڵدەدا و گوێیان بۆ شل ئەکردم، و جارجاریش بەنازەوە چەپۆکێ یان مستەکۆڵەیەکم ئاڕاستە دەکرا" (دەستنووس)
پێم وایە لە ڕاستی دوور ناکەومەوە گەر بڵێم: ئەو چەپۆك و مستەکۆڵەیە بۆ مرۆڤێکی جوانپەرست و عاشقی ئافرەت یەکێك بووە لە هاندەرە سەرەکییەکانی هەنگاونانی بۆ نێو جیهانی شیعر و هەوڵدان و بەرەوپێش چوونی.
بەگشتی شاعیرانی ڕۆمانتیکی لە کاتی خەم و پەژارەیاندا – زیاتر– بەرەو سروشت هەڵهاتوون و لە ئامێزی سروشتدا هەستیان بە حەوانەوەی دەروونی کردووە، =

«مرۆڤ نییە سۆز و خۆشەویستی نەبێت، ئەو سۆزەش خودی مرۆڤ بەڕێوە دەبات خەیاڵیش شوێن پێی ئەو سۆزە هەڵدەگرێت و ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەر لەسەر ژیانی مرۆڤ دروست دەکات».(١)

گەر سەرنج بدەینە چۆنیەتی دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی لە شیعری شاعیردا و پێوەندییان بە خەمەوە ئەوا چەند جۆرە دەربڕینێك دەبینین، کە ئەمانەن:

١- هاتنە خوارەوە بە تانوپۆی جوانیی ئافرەتدا.

---

= بەتانوپۆی جوانیدا هاتوونەتە خوارەوە، بەڵام ئەوەی سەرنجی خوێنەر لە شیعرەکانی (حەسیب قەرەداغی)دا ڕادەکێشێت ئەوەیە کە زۆر بەدەگمەن باسی جوانیی سروشتی کردووە، هەروەك شاعیرانی کلاسیکیی ڕەگەزی سروشتی وەرگرتووە و چواندوویێتی و ڕوو و بەژن و بالای ئافرەت، تەنیا شیعرێك لە دیوانەکانیدا نابینرێت بەتایبەتی بۆ جوانیی سروشت نووسیبێتی، یان وەك شاعیرانی ڕۆمانتیکی بەرەو ئامێزی سروشت هەڵاتبێ، هۆی سەرەکیی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زیاتر تام و چێژی لە جوانیی ئافرەت و وەسفیان وەرگرتووە، نەك سروشت، ئەم شەقڵەی شیعری نوێی شاعیر بە کەموکووڕی ناژمێرێت، "هەرچەندە جیاوازیی هەبێت لە نێوان ڕۆمانتیکییەکاندا سەبارەت بە هەڵوێستیان بەرامبەر بەسروشت، بەڵام هەموویان لەسەر خۆشەویستی و پەرستنی ئافرەتدا پێکوکۆکن" (د. محمد غنیمی هلال، الرومانتیکیە، ١٩٧٣، ل ١٨١).

ئەم سروشت و شەقڵەی شیعرەکانی شاعیر لای هەندێ شاعیری عەرەبیش هەیە، ئەوەتا نووسەر و ڕەخنەگری عەرەب (حەسەن تۆفیق) لەبارەی شیعرە ڕۆمانتیکییەکانی شاعیری گەورەی نوێخوازی عەرەب (بدر شاکر سیاب)ەوە دەڵێت: "ئەوەی پێوەندیی هەیە بە مەسەلەی سروشتەوە، ئێمە ئەوە دەزانین کە هەردەم سروشت بەشێوەیەکی گشتی قاسمی موشتەرەکی نێوان شاعیرە ڕۆمانسییەکان بووە، بەڵام من موبادەرە دەکەم و دەڵێم: (بەدر) لە بنچینەدا شاعیری سروشت نەبووە، هێندەی ئەوەی شاعیری خۆشەویستی بووە، وێنە و نەخشاندنی سروشتی هێندە هەست بزوێن و زیندوو نەبووە، وەك لەوەی ئەو هەڵچوونە توندوتیژەی کە هەستی پێ دەکەین، هەست پێکردنێکی بەهێز کە باسی خۆشەویستی دەکات" (حسن توفیق، الرومانسیة عند بدر شاکر السیاب من الفردیة الی الجماعیة، مجلة الطلیعة العربیة، عدد: ٥، السنة: ٤، ١٩٨٥، ص١٤).

(١) شفیق الارناؤوط، العاطفة والالم في الادب، مجلة الثقافة، عدد ٧٦، سنة: ٢، ١٩٤٠، ص ٩٠٧.

٢– دەربڕینی هەست و سۆزی خۆشەویستیی بێ پایان بۆ ئافرەت.

٣– دەربڕینی خەم و پەژارەی خۆشەویستی.

٤– دەربڕینی خەم و پەژارەی تر بە شێوازی شیعری خۆشەویستی.

١– هاتنە خوارەوە بە تانوپۆی جوانیی ئافرەتدا:

هاتنە خوارەوەی حەسیب قەرەداغی بە تانوپۆی جوانیی ئافرەتدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ:

أ– خۆی مرۆڤێکی جوانپەرست بووە، چێژی لە جوانیی ئافرەت بینیوە و ستایشی وەسفی جوانییانی کردووە.

ب– هەڵاتن لە واقیعی سەخت و تاڵیی ژیانی خۆی و سەردەمەکەی؛ بە خەیاڵێکی ڕۆمانتیکییانە بەرەو ئافرەت هەڵاتووە و لە ئامێزیدا هەستی بەحەوانەوەی دەروونی ماندوو و خەمباری کردووە.

سەبارەت بە خاڵی دووەم کە پێوەندیی بە بوونی خەمەوە هەیە، چەند بەڵگەیەکی شیعری شاعیر گەواهیی ئەو ڕاستییە دەدەن، کە ئەوانیش شیعرەکانی (چپەی یاد ١٩٦٤/٣/٢٩، هەموو فێنکی ئێوارەیە بە گوزەرەکەماندا ڕائەبووریٚ ١٩٦٥، وێنەی کچێکی شۆخ ١٩٦٥، لەژێر دوشا ١٩٦٥، قژی چاومەستیٚ ١٩٦٦/١/٤، لە وێنەت کوانیٚ ١٩٦٩/٥/٣، گۆرانی ١٩٦٩، خۆشم ئەوێیت ١٩٦٩)، هەموویان لە ڕوخسار و دەربڕیندا خاڵین لە دیاردەی خەم و وێنەی شیعری خەمبار و وشەی ماناگەیێنی خەم و پەژارە، بەڵام بەپێی مێژووی دانان و نووسینی ئەم شیعرانە، لە گەرمەی خەم و پەژارەی گیران و زیندانکردن و ئاوارەیی و دەربەدەری و دووریی شاعیر لە خێزانەکەیەوە بووە، بۆ نموونە لە سالآنی نێوان (١٩٦٣–١٩٦٥) لەناو زینداندا بووە و لە ژیانێکی سەخت و نالەباردا ژیاوە، دوور لە ماڵ و منداڵ، بیٚ ئەوەی سەرچاوەیەکی گوزەران و ئابوورییانی بۆ جیٚ هێشتبن، لە سالآنی (١٩٦٥ تا ١٩٦٩)یشدا ئاوارە و دەربەدەری دوور لە شارەکەی بووە، وەك خۆی دەڵێت: "...دوایی لە زیندان دەرهاتم بیٚ ئیش و کار خاوەن ماڵ و منداڵێکی بیٚ دەرەتان...، خەڵك و خوایە بیٚ بەزەیی و بیٚ دەروون، ڕووم کردە بەغدا ئیشێکی هەر چۆنم دۆزییەوە و ماوەی سیٚ ساڵ و نیو هۆی ژیانی خۆم و ماڵ و منداڵم بوو، ئەم ئێش و ئازارە ئەو ناپەزێرییەی

لە شارەکەی خۆمدا بەرەنگارم بوو(*)... لەم کات و ساتەدا بۆ تەسەلای دڵی خۆم ئەم هۆنراوەم دەوت:

دوو مەمەکەت ئەی کچەکەی نیم کەچ نیگا
ئەی پەیکەری خوای هونەری چواردە ڕێگا
دوو کۆتری سپی و جوان و باڵەفڕن
خڕ و خنجیلە و خوێنگەرم و سوخمە دڕن(**)

هەروەها چەند هۆنراوەیەك لەم مەبەستانە، بەڵام ئەم ڕێبازەم لە دەست لێ شتنەوە (یأس) نەبووبوو، بگرە لە چوونەوەی ناخی خۆمدا هەڵدەقووڵان"(٢)، هەر چەندە شاعیر خۆی نەیویستووە ددان بەو ڕاستییە دابنێت و بڵێت: ئەمە جۆرە هەڵاتنێك بوو لەو واقیعە تاڵەی ئەو ساڵانەم. بەڵام خۆی هەر چۆنێك ناوی بنێت هەر هەڵاتنە و هیچ مانایەکی تر ناگەیەنێت، بێگومان هەڵاتنەکەشی بەرەو ئەو ئامێزە بووە کە خۆی تامەزرۆی بووە، بۆیە لە خەیاڵی ڕۆمانتیکییانەیدا هەر بەرەو ئەو ئامێزە چووە، خۆشی لە شیعری (ژن ١٦/١٠/١٩٨٧)دا ئاماژەی بەو ڕاستییە کردووە:

بۆچی نـــازانی وا پیاوێك هەیــە کە خەم دەیگرێ
لە کۆشی منا جێگە خۆش دەکا بۆ سەری کاسی!
(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٨٩)

دوای ئەم ڕوون کردنەوەیە دەتوانرێت بوترێ: شیعری خەم یان شاعیری خەمبار ئەو شیعر و شاعیرە نییە کە تەنیا شیوەن و لاواندنەوە و وشەی خەم و وێنەی شیعری خەمبار لەخۆ دەگرن، بگرە زۆر شیعر خاڵییە لەم دەربڕینانە، بەڵام لە ڕاستیدا خەم و پەژارەی زۆر هاندەری زۆرینەی دەربڕینی شادین، کاری ڕەخنەگر و لێکۆڵەریش هەر

(*) لە چاوپێکەوتنی خاتوو (عائیشە)ی خێزانی شاعیر لە ٢٥/٢/٢٠٠١دا وتی: "کە لە سجن هاتە دەرێ، زۆر بۆ ئیش گەڕا بەڵام کە دەیانزانی دەرچووی سجن و شیوعییە، ئیشیان پێ نەدەدا".

(**) ئەم شیعرە، دوو بەیتی شیعری (وێنەی کچێکی شۆخ ١٩٦٥)ە کە لە (فەرهەنگی خەم، ل ١٢٧)دایە و یەکێکە لەو شیعرانە پێشتر هێمای بۆ کرا.

(١) دەستنووس.

ئەوە نییە مەبەستی تەنیا لە ڕووی شیعرەکەدا دیاری بکات، بگرە هەوڵ بدات مانا شاراوەکانیش بدۆزێتەوە و هۆکاری دەربڕینەکەش دیاری بکات.

٢– دەربڕینی هەست و سۆزی خۆشەویستیی بێ پایان بۆ ئافرەت:

زۆربەی شیعرەکانی حەسیب قەرەداغی دەربڕینی توانەوەیە لە سۆز و خۆشەویستیی ئافرەتدا، هۆکاری بایەخدانی شاعیر بەم بابەتە و نهێنیی ئەم جۆرە دەربڕینانەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١– تەسەلنەبوونی ناخ و گیانی شاعیر لە تاقیکردنەوەی خۆشەویستیدا، هەستکردنی شاعیر بە بۆشایی خۆشەویستیی ئافرەت لە قۆناغی ژیانی لاوێتیدا، بەتایبەتی لای شاعیرێکی وەکو حەسیب قەرەداغی دڵتەڕ و جوانپەرست، کە کاریگەری خۆی لەسەری جێ هێشتووە و تا دواڕۆژی ژیانی هەستی بەو بۆشاییە کردووە، کە لە سەردەمی لاوێتیدا تینوویێتیی لێ نەشکاوە، هەڵبەت هۆکاری تەسەلنەبوونی ناخ و گیانی لە سۆز و خۆشەویستیی ئافرەت دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك:

أ– شاعیر دەرچووی حوجرەی مزگەوتەکانە، لەلای مەلای مزگەوت کە باوکی خۆی بووە، دەستی بەخوێندن کردووە، خوێندنی ناو حوجرەکانیش زیاتر بایەخدانە بەلایەنی ئاینی، "شاعیرانی کورد دەرچووی حوجرەی مزگەوتەکانن و لەسەر دەستی مەلای مزگەوتەکاندا فێری خوێندن و نووسین و ڕۆشنبیری ئیسلامی بوون، ئەم ڕۆشنبیرییەش دووریان دەخاتەوە لە ژیانی واقیعی ڕۆژانە و خۆشی و لەزەتی ژیان، بۆیە دەبینین شاعیران زیاتر لە دەوری ئافرەت و جوانی دەسووڕێنەوە و بە بەژن و باڵا و خەت و خاڵی ئافرەتدا هەڵدەدەن، کە ئەمانە تەنیا بۆ دڵخۆشکردن و چێککردنەوەی هەستی پەنگخواردووی ناو دڵ و دەروونیانە".(١)

ب– شاعیر لە سەرەتای لاوێتیدا سەرقاڵی سیاسەتکردن بووە، لەو جیهانەشدا هەرچی توانا و وزەی ناخ و دەروونی بووە تیا سەرفی کردووە، مێشك و فیکری بۆ تەرخان کردووە و نەپەرژاوەتە سەر ئاوڕدانەوە لە ژیانی لاوێتیی خۆی و تام و چێژی لەو

---

(١) بەکر شاکر عەبدوڵڵا، عەلی فەتاح دزەییی شاعیر و نووسەر، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ٦٧.

قۆناغەی وەرنەگرتووە، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا هەستی بەو بۆشاییە کردووە.

لە هەندێ شیعری شاعیردا هەست بە بۆشاییی تەسەلنەبوونی ناخ و گیانی شاعیر لە سۆز و خۆشەویستی دەکرێت وەکو لە شیعری (فەرهەنگی خەم ٢١/٧/١٩٧٧)دا دەبینرێت:

بە تۆ بگەم... نەمبینی... هەتا تامی بچێژم
بەڵام رێی ئـــاوارەییت لـــە خاکما ئەنێژم

(فەرهەنگی خەم، ل ١٩)

یان لە شیعری (ڕوخساری یار ١٣/٣/١٩٧٨)دا دوای دەربڕینی هەست و سۆزی خۆشەویستی بێ پایانی بۆ ئافرەت، هەست بەو بۆشاییە دەکرێت کە چەندە تامەزرۆی بووە و هەناسەی بۆهەڵکێشاوە:

توخـــــوا ســـــاوەکو مـــــەزە مزریی بدە بە لێوم
لە ڕێی ئاخ و ئاواتا، ماندووم، ئێجگار پەشێوم

یـان لـە شیـعری (وەرزەکـان ٢٨/٤/١٩٨٣)دا تـامـەزرۆی خۆی بۆ خۆشەویستی دەربڕیوە، لە بەیتی کۆتاییدا هەستی بەو بۆشاییە کردووە کە ناتوانێت پڕی بکاتەوە و سەردەمی لاوێتی بگەڕێنێتەوە:

خۆزگە ڕۆژێك ئەهاتییە لام
دەستت ئەخستە سەر دڵم
وەکو پەپوولەی لانەواز
ئەتپشکنی گوڵ بە گوڵم
جا ئەتزانی چەند بەتەمام
لەناو دڵما بتگرمەوە
ئەگەر بەگیانی پاکیش بێ
بۆ ئەبەدی بتکڕمەوە
جا من بۆ جورعەی چاوی تۆ
شووشەی دڵم ڕاگرتبێ

دەبا دنیا سەرەوژێر بێ
ئەگەر نۆرەم ڕابوردبێ

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٩٨-٩٩)

یان لە شیعری (گەردەلوول ١٩٨١/١٠/١٥)دا تامەزرۆیی خۆی بۆ خۆشەویستی دەردەبڕێت و ڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە دەکات کە عاشقێکە و تینووی هاتنە دی خەونێکە بێتە دی و شادمانی بکات:

کێ ئەمێنێ، با ئەم ڕازەم لێ وەرگرێ
گێڕانەوەی بخاتە سەر ئەستۆی خۆی و یادم بکات
ئەو عاشقەم هەتا ئێستا تینووی خەونێکی وەها بووم
کە بێتە دی و شادم بکات(*)

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ١٢٩)

ئەم کۆمەڵە شیعرەی بۆ نموونە خرانە ڕوو، لە ڕوویاندا مانای بوونی خەمی تەسەلنەبوونی ناخ و گیانی شاعیر دەگەیەنن، بەڵام دەشێت خەمی شاراوەشیان پێ دەربڕابێت، بۆ نموونە لە شیعری (بەهاری عومرم)دا، شاعیر ڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە دەکات کە لە سەردەمی لاوێتیدا بێبەش بووە لە تام و چێژ و خۆشیی خۆشەویستی:

بەهاری عومرم بێ بارانی بوو
وەرزی دڵداریم هەر گرانی بوو
نەمامی هیوام چرۆی هەڵوەری
گوڵێکی گەشی نەدا لەســــەری

(فەرهەنگی خەم، ل ١٣٩)

ئەم شیعرەی شاعیر مێژووی نووسینی لەسەر تۆمار نەکراوە، بەڵام (بەهات حەسیب) لەبارەی ئەم شیعرەوە دەڵێت: "کودەتا خوێناوییەکەی شوباتی ١٩٦٣ مشتێکی جەرگبڕ بوو سرەوێنرایە جەماوەری گەل لە سەرانسەری عێراقدا و کۆتاییی

---

(*) هەر چەندە ئەم دەربڕینە دەتوانرێ بەجۆرێکی تریش لێك بدرێتەوە و گرێ بدرێ بەهیوا و ئاواتی تری شاعیرەوە، بەڵام لە ڕاستیدا بەشێکی سەرەکیی خەمی ئەو بۆشاییەیە کە ئاماژەی بۆ کراوە.

بەو خەونە کورتە هێنا کە چەندساڵێکی کەم ئاواتەکانیان پێیدا هەڵخستبوو، ئیدی گوڵەکانی ئاوات کەوتنە بەر زوقم و وەیشوومە... شاعیریش کە خەونی شیرینی لە خەونی خەڵکی تر قووڵتر بوو هاواری لێ هەڵسا و داد و بێدادیی خۆی کرد...

هەر یەکەم بەهار گوڵی ئاواتم

کەوتە بەر زوقم و وەیشوومەی هاتم

ئەو پێکەی ویستم بیبەم بۆ لێوم

لێیان شکاندم... بۆ قوڕ نەپێوم(١)

نکووڵی لەوە ناکرێت کە ئەم شیعرە خەمێکی شاراوەی لەخۆ گرتووە، کە ئەویش خەمی هەرەسهێنانی خەون و خۆزگەی هاتنەدی ئاواتی شاعیرێکی خەباتگێڕ و نیشتمانپەروەرە، بەڵام لە هەمان کاتدا خەمی تایبەتی شاعیریش دەگەیەنێت، یەکێك لە شەقڵە شادەمارەکانی شیعری شاعیر ئاوێتەکردنی خەمی تایبەتییە بەخەمی گشتی؛ لە زۆربەی شیعرەکانیدا لە پاڵ دەربڕینی خەم و پەژارەی گشتیدا، خەمی تایبەتی خۆشی دەربڕیوە.

٢- کاریگەری بیروباوەڕی سۆفیزمی لەسەر شاعیر و تام و چێژ وەرگرتن لە شیعری کلاسیکیی کۆنی شاعیرانی سۆفیگەری، بێگومان ئەو کاریگەرییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەوایەی کە شاعیر لە قۆناغی منداڵی و هەرزەکاریدا تێدا پەروەردە بووە، زۆرجار سۆفییەکان جوانی خواوەندیان لە جوانی لەشولاری ئافرەتدا دیوە، یان سۆز و خۆشەویستییان بۆ ئافرەت کردووەتە ڕەمزێك بۆ سۆز و خۆشەویستی خواوەند.

وەرگرتنی ئافرەت وەك ڕەمزێك بۆ پێوەندیی گیانی - ڕۆح - مرۆڤ بەرامبەر بەو مرۆڤەی کە سەرچاوەی هەموو سۆز و خۆشەویستییەکە، ڕەمزی ئافرەت لە شیعردا لە بیر و فیکری مرۆڤدایە، لە ئەفسانە ئاینی و فەلسەفییەکانی مرۆڤدایە، "میسرییە کۆنەکان -ئیزیسیان- پەرستووە، کە خوایەکی مێ و دایکی هەموو خوایەکان بووە، هەموو وڵات لەژێر دەستی ئەوا بووە،- عەشتار- لای سۆمەرییەکان و بابلییەکان و- ناهید- لەلای ئێرانییە کۆنەکان، ئەفرۆید و فیزق و ڤینۆس - لەلای ئەغریقییەکان و ڕۆمانییەکان و یۆنانییەکاندا هەموویان ڕەمزی خوای مێ بوون، کاری چاکە و

(١) بەهات حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم ٤، ١٩٩٨.

ڕاستی و خۆشەویستییان پێ سپێراوە، ئەمە لە حاڵەتی چاکیدا، بەڵام کە تووڕە بوون شتی خراپیان بە مرۆڤ کردووە"(١)، کاریگەری ئەم بیروباوەڕانەش یەکێکە لە هۆیەکانی دەربڕینی سۆز و خۆشەویستیی بێ پایانی شاعیر بۆ ئافرەت بۆ نموونە لە شیعری (ڕووناك ١٩٩٧/١/٥)دا، ڕووناکی کردووەتە ڕەمزێك بۆ نموونەی ئافرەتی بە سۆز و بەزەیی و ڕەحم بۆ سۆز و خۆشەویستی خۆی بەرامبەر بەو مرۆڤەی کە بەدرێژاییی مێژوو ڕەمزی خۆشەویستی بووە لە کاتی خەم و پەژارەدا پەنای بۆ بردووە:

ڕووناك ڕووناکی بخە نێو دڵم
خۆ من عاشقی بەرامەی گوڵم
بەنێو نیگایە دڵم بەیتەوە،
وەڵامی سۆزی خوا ئەدەیتەوە!
تۆ وەك فریشتەی ڕەحمەت و سۆزی
دوای شەختەی ئازار مژدەی نەورۆزی!
..................
کام زامە قووڵە پەنجەت بیگاتێ
سارێژە وەکو هیوا و ئاواتێ.
..................
دەستێ بدەیتە دڵەی زامدارم
هەروا دەزانم سەرداری شارم
خوا بەو چاوانەت مژدەم بداتێ
کە دەستی مەرگم ئیتر نەگاتێ!.(*)
(فەرهەنگی خەم ٤، ل ٤٣)

٣- دەربڕینی خەم و پەژارەی خۆشەویستی:

دەربڕینی خەم و پەژارەی خۆشەویستی و دڵداری لە شیعری حەسیب قەرەداغیدا

(١) د. نافیع ئاکرەیی، ڕەمزەکانی سۆفیگەری لە شیعری کلاسیکیی کوردی ناوچەی بادینانیدا، گۆڤاری بەیان، ژمارە: ٧٩، مانگی مایسی: ١٩٨٢، ل ٢٧.

(*) شایانی باسە ئەم شیعرە دوا شیعری شاعیرە، لە هۆبەی بووژاندنەوەی دڵ – خەستەخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بۆ یەکێك لە خاتوونە سستەرەکانی ئەو هۆبەیەی نووسیوە.

دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی، یەکەمیان تایبەت بە خۆیەتی و دووەمیان پێوەندیی هەیە بەسروشتی شیعری خۆشەویستی کۆن و نوێوە:

١- خۆشەویستییەکی سەرنەکەوتوو:

یەکێك لە هۆیەکانی دروستبوونی خەم و پەژارە، هەرەسهێنان و سەرنەکەوتنە لە ئەزموونی خۆشەویستیدا، "زۆرجار هەرەسهێنان لە تاقیکردنەوەی خۆشەویستیدا دەبێتە هۆی دروستبوونی خەم و پەژارە لای خاوەنەکەی".(١)

لەناو شیعرە کۆنەکانی شاعیردا، (ئەو شیعرانەی کە لە سەرەتای ئەزموونی شیعر و شاعیریدا نووسیونی - شیعری قۆناغی لاوێتی) لە شیعری (زیارەتی ئاسانەی لەیلی دەربەدەر ١٩٥٣/٥/١٠)دا وێنەی خەمباری خۆی دوای دابڕان و دووركەوتنەوە لە یارەکەی و شووکردنی و ماڵی چۆڵی نیشان داوە:

تێپەڕیم ئەمڕۆ نزیکی ماڵی لەیلی دەربەدەر
دیم کە چۆڵە خۆم لە قوڕ نا هەر لە پێ تا تەوقی سەر
بولبولی عەشقی زەبوونم وەك مونادی بانگی کرد
حەسرەتا کوانێ گوڵی من ئەی خوا (أين المفر)
...................
کوانێ لەیلی دڵڕفێنم، کوا خەیاڵی سەر نوێنم
أين من كانت حياتي ثم نوراً للبصر
هات نیدایێ تێی گەیانم لەیلەکەتیان دا بەشوو
...................
چوو لە دەست چوو، هەڵسە ماچ کە شوێنی لەیلت بێ خەبەر
(فەرهەنگی خەم٢، ل ٣٠٣)

هەرچەندە ئەم شیعرەی شاعیر کاریگەری شیعری کلاسیکی کۆنی کوردیی پێوە دیارە، وەك خۆی دەڵێت: «بێگومان ئەو وەختە شیعری نوێ باو نەبوو، شیعری کلاسیکی بوو، هێندێکی هەر چاولێکەری شاعیرانی پێشوو بوو، هەر بە ڕێبازی ئەوانا

(١) د. عزالدين اسماعيل، التفسير النفسي للادب، منشورات دار المعارف، بيروت، ١٩٦٣، ص ٨٧.

شیعر برێتی بوو لە هۆندنەوەی قسە، هۆندنەوەی مەبەست، دووربوو لە ئەندێشە... بێگومان منیش لە خەت و خاڵ و چاوی جوان و ئەم شیعرانە دەستم پێ کرد"[1] بەڵام، پێ دەچێت ئەم شیعرە پێوەندیی هەبێت بە تاقیکردنەوەیەکی خۆشەویستی شاعیرەوە، ئەوەی گومان ناهێڵێ لەم بۆچوونە شیعری (نزایەکی ڕەوا ١٩٧٧/١/١٢)یە، لەژێر ناونیشانی ئەم شیعرەدا نووسیویەتی: بۆ (ن)، کە وەك دیارە، ئەم شیعرە ئاراستەی ئافرەتێکە یەکەم پیتی ناوەکەی (ن) بووە، تێیدا دوعایەکی بەکوڵی لێ دەکات، کە هەرچی بۆ وتووە لە ستایش و پێداهەڵدان و دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی بۆی، بەڵام (ن) گوێی نەداوەتێ، بۆیە شاعیر چواندوویێتی بە (بت) لە ئاستی خۆیدا کە وەك خواوەندێك پەرستوویەتی:

کە تۆم پەرست، وام ئەزانی خواوەندێکی جوان و زیندوویت
ئەی داخ بۆچی من نەمزانی؟ بتی وشك و مۆن و مردوویت

..................

ئەوەندەی من گۆرانیم وت، هیچ عاشقێ نەیوتووە
دەروونی خوام هێنایە جۆش، نەمزانی تۆ نەتبیستووە
هەموو شیعر و ناڵە و زارم، بارانێك بوو، لە بەرد باری
لە دامێنی بتێکی دا، خەندە نەکەوتە سەر زاری!!
بڕۆ بت بە، بێ گیان و هەست، داری وشك و بێ سایە بە
لە دەروونی پڕ لە سۆزما، سەرگەردان و بێ مایە بە
منیش هەرچی گۆرانیم وت، بۆ جوانی بوو جوانی چاوت
وەکو ئاگر بەر ببێتە، ساڵ و مانگ و ڕۆژ و ناوت

(فەرهەنگی خەم، ل ٣٦)

لەبارەی چیرۆکی ئەم شیعرەوە (بەهات حەسیب) وتی: "کاتی خۆی لە سەردەمی لاوێتیدا، باوکم لە ناوچەی خۆیاندا دڵی بە کچێکی ئەو ناوەوە بوو، بەڵام وەك خۆشەویستییەکی یەك لایە، تەنیا لای باوکمەوە بوو، کاتێك هاتووەتە شار بۆ خوێندن ماوەیەك دوور کەوتووەتەوە، کە گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەکەی خۆیان، بیستوویەتی شووی

(١) کۆواری سروە، ژمارە: ٩٠، بەفرانباری: ١٣٧٢، ل ٢٩.

کردووه، له ڕاستیدا ئەم تاقیکردنەوەیە زۆر بچووك بووە و کاریگەری زۆری لەسەر دروست نەکردووە، هەر لە کات و ساتی خۆیدا لە بیری کردووە".[1]

٢- سروشتی شیعری خۆشەویستیی کۆن و نوێ:

دەربڕین و قسەکردن لەبارەی خۆشەویستی و دڵداری، زیاتر قسەکردنە لە لا تاڵەکەی خۆشەویستی نەك لا شیرینەکەی، واتە زیاتر دەربڕینی خەم و پەژارەی (بێ وەفایی، دووری و دابڕان و بۆ یەك نەبوون،...)ە، کە ئەمانە لە ڕوودا دەربڕینی خەم و خەفەتن، بەڵام لە ناخی شاعیرەکەدا زۆر جار حەز و ئارەزوویەکی (مازۆشی)یە، چونکە مازۆشییەکان چێژ لە ئازاردانی خۆیان دەبینن، شاعیرانیش - بەگشتی- چەندە لە بواری تردا هێز و توانا و دەسەڵاتی خۆیان دەرخستووە و شانازییان پێوە کردووە، هێندەش بێهێزی و پەرێشانیی خۆیان لە ئاستی یارەکانیاندا دەرخستووە، وەك کۆیلەیەك لە بەردەمیاندا بەچۆکدا هاتوون و زۆربەشیان خۆشەویستییەکەیان بەرز کردووەتەوە بۆ ڕادەی پەرستن، بەم دەربڕینانەشیان ئاسوودە بوون و شانازییان پێوە کردووە[2]، لەگەڵ ئەوەشدا کە هێندێك لە شاعیرانیش بەتایبەتی شاعیری کۆن بەئەزموونی خۆشەویستیدا تێ نەپەڕیون، کەچی بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتی شیعریان، شیعری خۆشەویستی و دڵدارییان نووسیوە، حەسیب قەرەداغیی شاعیریش سەرەتا بەهەمان شێوەی دەستی پێ کردووە وەك لاسایکردنەوە بۆ نموونە لە شیعرێکیدا کە لە ڕێکەوتی ١٩٥٣/٣/١٦دا نووسیویەتی، وێنەی پەرێشانی و زەبوونیی خۆی و بێ لوتفیی یارەکەی دەرخستووە:

من کە مەجنوون بم ڕەفیقان، لەیل ئەبێ لەیلا نەبێ؟
عەرزی کەن توو چاوی لەیلا، لەیلێیی کەی وا ئەبێ؟
من ئەوا سووتام و برژام بۆ نیگای چاوی ڕەشی
بوخل و بێ لوتفی جەنابیشی هەتا کەی وا ئەبێ؟
..................

(١) چاوپێکەوتن، ٢٠٠٠/٥/٢٥، سلێمانی.
(٢) عبدالله عبدالدائم، الشعر والحلم، نظرية الشعر، ٥- مرحلة، مجلة الشعر، سورية، دمشق، ١٩٦٦، ص ١٧٥.

من هەتاکەی بێ نەوا بم وەك هەتیوی بێ پدەر
ئەو هەتاکەی تەختنشین و حاکمی دنیا ئەبێ(*)
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٣٠٧)

یان لە شیعرێکی تریدا کە لە مێژووی ١٩٥٠/٣/٣٠دا نووسیویەتی، بەئاشکرا شوێن پێ هەڵگرتنی شاعیرانی کۆنی کوردی پێوە دیارە، تێیدا ناڕەزاییی لە خەم و پەژارەی خۆشەویستی دەربڕیوە:

دڵ غەمین و بێ نەوا خۆم دەردەکەم زۆر کارییە
دەردەکەم دەردی بە سۆزی دڵبڕی دڵدارییە
تەن ئەوا جواناو ئەڕێژێ، دەم ئەوا زووخاوی دڵ
وا لە چاویشم بەجارێ ئەشکی خوێنین جارییە
..................
دەردەکەم دەردێکە یاران دەردی عەشقی بێ ئەمەل
نەك قسەی شیرینی نالی و لەف و نەشری نارییە
هەرچی ئاخ و ئۆف و ناڵە و داو و بێدادی ئەکەم
ئەی ڕەفیق بێ سوودە چ بکەم هەر لەبەر ناچارییە(١)
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٣٠٩)

کۆمەڵە شیعرێکی لەم بابەتە، چ لە دیوان و چ لە دەستنووسەکەی شاعیردا هەیە، هەموویان بەشێوازی کۆن نووسراون، خەم و خەفەتێکی زۆری خۆشەویستیی تێدایە، بەڵام دەشتوانرێت بەئاسانی هەست بەوە بکرێت کە هیچ مانایەکی شاراوەیان لەخۆ نەگرتووە، جگە لە لاساییکردنەوەی شاعیرانی پێش خۆی نەبێت، بۆ نموونە لە شیعرێکدا کە لە مێژووی ١٩٥٣/٤/٢٥دا نووسیویەتی، ڕاستەوخۆ شوێنپێی (نالی) هەڵگرتووە و لاسایی کردووەتەوە:

(*) ئەم شیعرەی شاعیر، یەکێکە لە شیعرە کۆنەکانی، لە ڕوو و ناوەڕۆکیدا ڕەگەزی شیعری کۆنی تێدایە، کێشی (ڕەمەڵی هەشتی مەحزوف)ی بەکار هێناوە، سەروای یەکگرتووە، هێندێك لە وشەکانی عەرەبی و فارسین.

(١) کێشی ڕەمەڵی هەشتی مەحزوف و سەروای یەکگرتووە.

لە گردی هۆش و ئەفکارم خەیاڵی شەو هەتا ڕۆژێ
دەمم هێلانەیی تەیری وەی و ئامانە بۆ تۆ
لە بۆ دەفعی بەلا و دەردت وەیا چاوی حەسوودانت
سەرم بێ کولفەت و پارە سەری قوربانە بۆ تۆ
..................
زەمانێکە کە لێم دووری بە جارێ مات و بێهۆشم
دڵ و جەرگم لەگەڵ سینە هەمووی بوریانە بۆ تۆ
قەسەم بەو پەرچەمی ڕەشتە و قەسەم بەو ڕوومەتی گەشتە
موحیبت وێڵ و داماوی کەژ و هەردانە بۆ تۆ(١)

کەواتە دەتوانین بڵێین: ئەم جۆرە شیعرانە، خەم و پەژارەیەکی ڕاستەقینەیان لەخۆ نەگرتووە، تەنیا لاساییکردنەوەی شیعری کۆن نەبێت و پێوەندییان هەیە بەسروشتی شیعری خۆشەویستییەوە.

ئەوەی کە زیاتر گومان ناهێڵێت کە شاعیر لە سەرەتای ئەزموونی شیعر و شاعیریدا سوودی لە شاعیرانی پێش خۆی و هاودەمی وەرگرتووە، شیعری (لەیلی لەخۆبایی ١٩٥٥/٢/٢)یە کە سوودی لە بیرۆکەی دوو شیعری (دوو چەشن دڵداری و چەپکە گوڵێك بۆ ست فاتمە)(٢)ی (هەردی)ی شاعیر وەرگرتووە و تێکەڵەیەکی لەو دوو شیعرە دروست کردووە، تێیدا وێنەی سۆز و خۆشەویستی بێ پایانی کە گەیشتووەتە ڕادەی پەرستن بۆ ئەو یارەی کە ناوی ناوە (ست میم و عەین) دەربڕیوە، لە هەمان کاتدا لە سنووری شیعری ڕۆمانتیکییانەوە چووەتە ناو کێشەی کۆمەلایەتیی جیاوازی چینایەتیی نێوان دوو دڵدار کە بوتە هۆی دابڕانیان:

ڕاستە وا پەرژینی جیایی لەیلەکەم تەنرایە بەین
تۆ بە مردووم نابێ دانێی گیانەکەم هێشتاکە هەین
با زەمانیش بۆم بهاوێ تیری چەنها کەین و بەین
عەیبە باییبوون بە جارێ چاوەکەم ست میم و عەین

(١) دەستنووس. کێشی هەزەجی هەشتی مەحزوف و سەروای چوارینەیە.
(٢) بڕوانە هەردی، ڕازی تەنیایی، چاپی دووەم، ١٩٨٤، ل ٦٨، ٧٠.

..................

گەرچی نۆ غونچەی دەست بووم دانرام وشکم ڕزیم
ئێستە باوی دەوڵەمەندە، لاتی وەك من بۆچ بژیم
من ئەزانم ئێستە تۆ خاوەن مەعاشی و خۆش ئەژیت
پاش دەمێکی تر بە هاوڕێی خاوەنی کۆشکێ ئەبیت
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٢٩٢)

شاعیریش وەك (هەردی) ویستوویەتی لەژێر پەردەی شیعری دڵداریدا ئاوڕ لە کێشەی جیاوازیی چینایەتی بداتەوە، بۆیە لێرەشدا دەتوانرێت، بوترێت: ئەم خەمەی شاعیر لەم شیعرەیدا دەری بڕیوە، خەمێکی ڕاستەقینە نییە، زیاتر پێوەندیی هەیە بەسروشتی شیعری ڕۆمانتیکییەوە، "زۆرجار ڕۆمانتیکییەکان سنووری سۆزی تاکەکەسی دەبەزێنن و دەچنە ناو بابەتی کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەوە، هەر لەبەر ئەمەشە کە خۆشەویستی ڕۆمانتیکی ئاوێتەبوونە لەگەڵ ماناکانی سۆفیگەری و فەلسەفەیی و کۆمەڵایەتی کە لە بیری مرۆڤێکی ئازادەوە دێتە دەرێ"[١]، شاعیری کوردیش لە قۆناغی شیعری نوێیاندا، بەشوێن کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکاندا گەڕاون و لە پاڵ دەربڕینی سۆز و خۆشەویستیدا دەریان بڕیون، هێندێك جار شاعیر باسی ڕووداوێك یان بەسەرهات و دیمەنێك دەکات، هەست و سۆزی خوێنەر دەهەژێنێت، لە کاتێکدا ئەو تاقیکردنەوە و ڕووداوە، ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی خۆی نییە، بەڵام بە هۆی توانا و دەسەڵاتی هونەری و داڕشتن و ڕێکخستنی کەرەستەکەی توانیویەتی هەژان و هەڵچوون لای خوێنەر دروست بکات... ئەم شیعرەی شاعیریش هەمان بۆچوون لەخۆ دەگرێت.

٤- دەربڕینی خەم و پەژارەی تر بەشێوازی شیعری خۆشەویستی:

هەندێ جار شاعیران نەیانویستووە ڕاستەوخۆ خەم و پەژارەیەکی خۆیان یان کۆمەڵگەکەیان دەربڕن، لەبەر هەر هۆیەك بێت، پەنایان بردووەتە بەر بەکارهێنانی ڕەمز و لە پشتیەوە مانا شاراوەکەیان حەشار داوە، (حەسیب قەرەداغی)یش زۆرجار بە ڕەمز خەم و پەژارەکانی دەربڕیوە، یەکێك لەو ڕەمزانەش، ڕەمزی سۆز و خۆشەویستییە

(١) صبيح ناجي القصاب، الشعر بين الواقع والابداع، وزارة الثقافة والاعلام، دار الرشيد للنشر، ١٩٧٩، ص١٩١.

بۆ ئافرەت، کردوویەتییە دەمامك بۆ دەربڕینی نەهامەتی و ناسۆرەکانی، بۆ نموونە لە شیعری (لە سێبەرتا ۱۹۷۷/۱۰/۲۹)دا، بەڕوو و شێوازی دەربڕینەکەیدا دیارە کە شیعرێکی سۆز و خۆشەویستییە، بەڵام لە ڕاستیدا لەژێر پەردەی دەربڕینی تامەزرۆیی بۆ یارەکەیدا، خەمی هاتنە دی خەون و خۆزگەکانی و کردنەوەی گرێی بێ بەختی و گەیشتنی بەشادی و خۆشگوزەرانی دەربڕیوە:

بڵێی دنیای من هەر شەو بێ ئەنگوستەچاو، ڕێ دیار نەبێ
خۆر لە گەرووی تاریکیدا نەیەتە دەنگ، بێزار نەبێ؟!
لێوی شەفەق نەکرێتەوە بە سروودی هەژارەکان
گزنگ لە دڵما هەڵنەکات، ڕۆژم لە شەو بکاتەوە؟!
چاوت لەو قەرزەی لایەتی ماچێکیش بێ، بمداتەوە
(فەرهەنگی خەم، ل ۱۰)

لە شیعری (جێم مەهێڵە ۱۹۷۹/۳/۱۰)دا، هەر لە ناونیشانی شیعرەکەوە وا دەردەکەوێت مەبەستی لە تاکەکەسێك بێت، ئەو کەسەش جێی تایبەتی لای شاعیر هەبێت کە یارەکەیەتی، بەڵام لە ڕاستیدا تەقینەوەی ژان و خەمی فەرامۆشکردن و بایەخنەدانە پێی و دیارینەکردنی شوێنی شیاوی شاعیرە لەنێو کاروانی ئەدەبی نەتەوەکەیدا لەلایەن ئەوانەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەیان لە ئەستۆی خۆیان گرتووە، شاعیر ئەم ژانەی خۆی لەگەڵ ژانی نەتەوە بێبەشەکەی لە مافی ڕەوای خۆی و فەرامۆشکردنیدا گرێ داوە و لەژێر پەردەی خۆشەویستیدا دەری بڕیوە:

«لە هەر کوێیەك ئەڵێن شەیدایەك خەونەکانی هاتووەتە دی من بۆ خۆم ئەگریم!»

..................

ئەوەی کە من پشتگوێ بخا بێ گومانە شەیدا نییە
فێڵبازێکی مفتەخۆرە بێ سروود و بێ دڵدارە
لە کاروانی عاشقاندا بوونی هەر ئێش و ئازارە
من یارەکەم زۆر زۆر سادە و نزیکە ڕێ و بێ هەیهووە
مەرگەوەرە دڵپیسەکان ئەوەند ڕێم لێ تاڵ ئەکەن
لە جێی خۆما کە باوەشی خۆشەویستی بگرمەوە

ئیتر یارە دێرینەکەم خۆی دێتە ناو باوەشمەوە
ڕێم لێ مەگرن ڕێ لێ گرتن هەرگیز خووی پیاو نییە
جێم مەهێڵن، حۆراکی ناو توێشووەکەم بێ ئاو نییە
منداڵدانی دایکی عەشقم بێ زەمین و بێ ناو نییە
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ١٨٠)

شێخی شاعیران جوانی و عیشق و ئەوینی مرۆڤانەی لە عیشق و ئەوینی نیشتمان و نەتەوەکەی جیا نەدەکردەوە، بۆیە دەبینین زۆربەی شیعرەکانی لە سەرەتادا دڵدارین، یان لە ڕووردا دڵدارین و بەهەستی گەرمی خۆشەویستی دەستیان پێ کردووە، تا وردە وردە نێوەڕۆکی نیشتمانی و سیاسی و شۆڕشگێڕانە بەخۆوە دەگرن، ئەوەتا لە شیعری (ڕێگەم بدە ١٩٧٩/٥/٣)دا بە شێوازی شیعری خۆشەویستی ، سۆز و خۆشەویستی گەرمی بۆ نیشتمانەکەی دەربڕیوە:

ڕێگەم بدە دای بهێنم چەپکە خەمی پەرچەمی تۆ
دەروونی من پڕ لە عەشقە، خۆم ئەکەم بە هاوخەمی تۆ
ئەگەر دنیا سایەیەك بێ بۆ ژیانم تۆش لەولاوە
چش لە دینای بێ سەروبن منیش ئەبمە هاودەمی تۆ
..................
لەسەر مێزی خواوەندیش لەگەڵ مەسیحا بانگ کرێم
ئەوەم لەلا پیرۆزترە، چاشتێ ببمە هاوژەمی تۆ
سەرزەمینیش بەهەشتێ بێ جۆگەی هەموو شیر و شەکر
ساوای هەستم خۆی ئەهاوێ بۆ باوەش و بەر مەمی تۆ
..................
ئەی دایکی شەم هەرچی شوێنە هەمووی ببێ بە جێ ژوان
من بە نان و دۆیەك ئەژیم دەستم کەوێ لای شەمی تۆ
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ١٧٥– ١٧٦)

ئەم دەربڕینە بەکوڵەی سۆز و خۆشەویستی بۆ دایکی نیشتمانی، بەتایبەتی لەو ساڵانەدا کە کوردستان و گەلی کورد، لەلایەن ڕێژیمی عێراقییەوە کەوتبووە پاڵەپەستۆ

و فشارێکـی زۆرەوە، هـەستـکـردنـی شاعـیـر بـەنـەبـوونـی ئـازادی و سەربـەستـیـی نیشتمـانەکەی هـاندەرێکی ڕاستەوخۆی ئەم دەربڕینە گەرم و بەکوڵەیە، کە ئەویش خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە جۆرەکانی خەم، خەمی مرۆڤی کورد، خەمێکی ڕەسەن و مەزن، لە شیعری (خاتووزین و ئازار و هیوا ٢٩/١٢/١٩٧٩)دا خاتووزینی کردووەتە ڕەمزێك بۆ نیشتمـانەکەی و سکاڵا و خەم و پەژارە و ناڵەی بردووەتە لای و خەمی خۆی و نیشتمـانەکەی گرێ داوە و ئاوێتەی کردووە:

خاتووزینی دەریای شینی خەیاڵی من،
کەی دێیت ببینی واقیعێ لە حاڵی من؟!
کێ قایلە، کام عاشقەی زۆر عاشقە
بە ئازاری تەنها ڕۆژێ لە ساڵی من
لەو ڕۆژەوە خۆشم ئەوێیت ناڕازی نیم
لەناو بێشکەی ئازارایە مناڵی من
لە ئاگری دووریێیاندا هەر ئەسووتێ
هیوای کەیل و بێ دەرفەت و عەوداڵی من
هەر خۆم لە بۆتەی عەشقتا ئەتوێمەوە
خشتێکی کەش نەچووە دیواری ماڵی من!
سارا و ئاموونی خەڵکی تر فێنك بووە
جەهەنمە سەری ڕەش و بێخاڵی من
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ١٥٧)

لـە شیـعـری (نـایـێمـەوە ١٣/٩/١٩٩٣)دا دیسانـەوە لـە ڕوودا شیـعـرێکـی دڵداری و خۆشەویستییە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا تەقینەوەی خەمەکانی (فەرامۆشکردن و دەستبڕین و ناپاکی و بەڵێن شکاندن و نائومێدی و چاوەڕوانی)ن لەناخێکی قووڵی پڕ لە ئاخ و حـەسرەت و زامــەوە هــاتـوونــەتــە دەرێ، لــەم شیـعـرەدا (١١) جـار (بـۆ بـێمـەوە) و بەناونیشانی شیعرەکەوە (٧) جار (نایێمەوە)ی دووپات کردووەتەوە و (٣) جاریش بــەیــەکــەوە (نــایـێمــەوە... بـۆ بـێمـەوە... نـایـێمـەوە...)ی دووپـات کـردووەتـەوە، ئـەم دووپاتکردنەوانە بەڵگەی حاڵەتی سایکۆلۆجی ماندوو و خەمباری شاعیرە، خوێنەر پەلکێش دەکەن بۆ خرۆشان و ڕامان و هەژان و هاوسۆزی باری دەروونی هەژیوی

شاعـیـر، ئـەو تـێهـەڵـکێشکـردنـەی (نـایـێمـەوە، بـۆ بـێمـەوە)یـەش ئـەو نـاڕەزایـی و ڕووبەڕووبوونەوە توندتر و تیژتر دەکەن و زیاتر هەڵچوونی دەروونی خەم و تووڕەیی شاعیر دەردەخەن:

بۆ بێمەوە...

تۆ ئەو چامەی چەندین خامەم بۆت خستە دەنگ...

کەچی میحرابی چاوی تۆ بۆ نوێژێکم نەیدا لە زەنگ!

...................

بۆ بێمەوە...

چراخان بووی، لە پشتمەوە کوژایتەوە،

وەکو ڕۆمانی (دلداریی بێ قارەمان) بڕایتەوە!

بۆ بێمەوە...

تۆ ئەستێرەی شەوانم بووی من گەڕیدەی ئاسمانی تۆ

من هەر شەوە و لە شارێ بووم، بانگ نەکرامە سەر خوانی تۆ!

بۆ بێمەوە...

تۆ پێت وتم جەژنانەکەم، بۆ ئەم جەژنە، ماچی لێوە

هەر ماچێکیش تامی نەورۆز و باران و، گوڵ و پەیامی وا پێوە!

نە ماچم کرد... نە جەژنانەت کردە کۆشم،

تۆ دەتەوێت، من ئەم عەیبانەت بپۆشم؟

نایێمەوە... بۆ بێمەوە

لە کام تینا بتوێمەوە؟

بۆ کامە شەم بخولێمەوە؟

منی باخی شیعر و بەستە بۆ کام وەرزت بشنێمەوە؟

نایێمەوە... بۆ بێمەوە

(فەرهەنگی خەم ٤، ل ١-٢)

## ٢- خەمی وەك مرۆڤێ

حەسیب قەرەداغی وەك هەر مرۆڤێكی تر لە ژیانیدا ڕووبەڕووی هەندێ كێشە و گرفت و ڕووداو و كارەسات بووە و كاریان تێ كردووە و خەمباریان كردووە، ئەو خەمانەش بوونەتە هەوێن و كەرەستەی شیعری، هەندێكیان پێوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەی خۆی و خێزانەكەیەوە هەیە هەندێكی تریان گیروگرفتی ڕۆژگار و سەردەمەكەیەتی كاریان كردووەتە سەر ژیانی، هێندێكی تریان پێوەندییان هەیە بەدید و بۆچوون و هەڵوێست و فیكری خۆیەوە، هەروەكو (ڕەسووڵ هەمزاتۆف) لە (داغستانەكەم)دا دەڵێت: "هۆزانڤانەكان شیعر دەنووسنەوە بۆ ئەوەی قووڵترین گیروگرفتی دەروون و چەرخ و گیان و ڕۆح و مێژووی خۆیان بگێڕنەوە، هەروەها نڤیشكی بیر و هەستەكانی خۆیان بێننە بەرچاو و ئاشكرای كەن"(١).

خەمەكانی ژیانی شاعیر دەتوانرێت لە ڕوانگەی شیعرەكانیەوە دابەش بكرێتە سەر دوو جۆر:

١- خەمی وەك مرۆڤێكی ئاسایی.

٢- خەمی وەك مرۆڤێكی هۆشیار و ڕۆشنبیر.

### ١- خەمی وەك مرۆڤێكی ئاسایی

هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆ كرا، شاعیر لە سەرەتای ژیانی قۆناغی لاوێتییەوە سەرقاڵی سیاسەت بووە و بەشێكی زۆری ژیانی بۆ تەرخان كردووە، لەنێو ئەو جیهانەشدا تووشی ئازار و ئەشكەنجە و زیندان و نانبڕان و ئاوارەیی ژیانی كۆڵ بە كۆڵی بووە، ئەمانە جگە لەوەی بەهۆی بەهۆی فشار و پاڵەپەستۆی پیاوانی ڕێژێمی پادشایەتییەوە نەیتوانیوە درێژە بەخوێندنی بدات و قوتابخانە تەواو بكات، پاش شۆڕشی (١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨) وای هەست كردووە حكوومەتەكەی (عەبدولكەریم قاسم) دەبێتە سایەی سەری خۆی و شۆڕشگێڕانی نیشتمان و نەتەوەكەی و چی تر ژیانی دەردەسەری و كولەمەرگی نابینێتەوە و بە ئارامی و ئاسایش دەژی، بەڵام هیوا

---

(١) د. نافیع ئاكرەیی، كەلەپوور لە شیعری كوردی هاوچەرخدا، گۆواری نووسەری كورد، ژمارە: ٢، خولی: سێیەم، ئابی ١٩٨٥، ل ٤٣.

و ئاواتەکەی نایەتە دی و سەرلەنوێ دەکەوێتەوە بەر شالاوی دڕندانەی نەیارانی خۆی و شۆڕشگێڕانی ئەو سەردەمە و چەند جارێك دەگیرێت و نانی دەبڕێت و دەربەدەری شاران دەبێتەوە، بۆیە لە شیعری (بەهاری عومرم)دا ناڕەزایی و سکالای خۆی لە دەست ژینی تاڵی خۆی و سەردەمەکەی دەردەبڕێت:

بەیانێك نەبوو گزنگێکی کاڵ
یا پرشنگێکی لێوی ئاسۆی ئاڵ
بدات لە باخم چڵێك هەڵبدات
سەهەنی فێنك لە ڕووی دڵ بدات
..................
پێکی ڕژاوم وا خۆڵ ئەیمژێ
وا چاوەڕوانیم خۆزگە ئەیکوژێ
چۆلەکەی دڵم دا بە دەم باوە
نە پەیامی نارد نە خۆی گەڕاوە
(فەرهەنگی خەم، ل ١٣٩-١٤٠)

شیعری (ئەی دەنگخۆش، نیسانی ١٩٦٣)، یەکێکە لەو شیعرانەی ڕەنگدانەوەی هەرەسهێنانی هیوا و ئاواتەکانی گەلی عێراقە بە کورد و عەرەبەوە بەڕژێمیی (قاسم) و بەلادانی لە هێنانەدیی ئاواتەکانی گەلی عێراق و داننان بەمافی ڕەوای گەلی کورد و پاشگەزبوونەوەی لەو بەڵێنانەی کە بە کوردی دابوون، شۆڕشگێڕانی کوردیش کەوتنە بەر شالاوی گرتن و ئازاردان، لەناو ئەو شۆڕشگێڕە کوردانەشدا، (حەسیب قەرەداغی)یش بەر شالاوی گرتن و ئازاردان کەوتووە، بۆیە سکالا و ناڕەزاییی دەروونی پڕ لە خەمی بردووەتە لای (دەنگخۆش)، تا بە دەنگە بەسۆزەکەی خەمی دەروونی گەرمی بتارێنێ و جۆش بدات بە گیان و ئاوات و هەست و بیر و ژیانی:

سکالامە، برای دەنگخۆش لەلای تۆ
لەلای سۆز و چریکە و لای سەدای تۆ
بەرەو هەر کوێیەك ئەڕوانم زەبەنگە
نە ڕێ دیارە نە کاروانە نە زەنگە

بەری ئاسمانی لێ گرتووم تەمی ڕەش
بەرەو هەر کوێ هەڵی نێم پێ قوڕە و هەش
..................
دەسا سۆزێ، دەسا ئاهێ لە بەرزێ
بەسۆزی تۆ نەمامی من نەلەرزێ
سەدای خۆشی دەروون گەرمان شیفایە
شیفای داخی هەموو دەردێکی تیایە
بڵێ بۆ من بڵێ تۆ خۆت و دەنگت
خۆشی بە، بە قوڵپەی جامی مەنگت
بدا جۆشێ، بدا بەنەشئە بەگیانم
بە ئاواتم بە هەست و بیر، ژیانم(*)
(فەرهەنگی خەم، ل ١٢٤، ١٤٣)

کاتێکیش لەناو زیندانی (نوگرە سەلمان)دا دەبێت، شیعری (ئەی ڕۆژ ١٠/١٢/١٩٦٤)ی نووسیوە، بە شێوەیەکی چڕ ڕەمزی تێدا بەکار هێناوە، دەربڕینێکی ڕەمزیی خەم و پەژارەی ئەو ڕۆژگار و سەردەمەیەتی، ڕۆژ لە پێش چاویدا بووەتە شەو و شەویش پەنگی خواردووەتەوە و باڵی بەسەر زەویدا کێشاوە، واتە ژیانی یەکپارچە بووەتە خەم و پەژارە و شادیی تێدا خنکاوە:

ئەی ڕۆژ شەوی تار پەنگی خواردەوە
ئاسۆی دەم کەلی ئەوا شاردەوە،
پەنجەرەی لەسەر شاری سەد ئاوات
وا داخستووە کە وازی نەکات

(*) بیرۆکەی ئەم شیعرە زۆر نزیکە لە بیرۆکەی شیعری (دەروێش عەبدوڵلا)ی (گۆران)ی شاعیر، (گۆران) پەنای بردووەتە بەر (دەروێش عەبدوڵلا) تا بە ئاواز و دەنگی خرۆشی خەمی بڕەوێنێ... لەگەڵ ئەم ڕاستییەشدا ناتوانرێت بوترێ وێنەی دووەمی شیعرەکەی (گۆران)ە بگرە دەشێ سوودی لێ وەرگرتبێ و بە شێوازی خۆی دای ڕشتبێ.

وا باڵی ڕەشی خۆی داهێشتووە

توێ بە توێ ئەرزیش تامی چێشتووە

...................

ئەی ڕۆژ ئەم شەوە درێژەی کێشا!

جەستەی ژیانی سڕ کرد لە ئێشا

کام خەوی خۆشە شەوەیە و هالە

کام پێکی مزرە، ژاراوی تالە

(فەرهەنگی خەم، ل ١٣٥، ١٣٧)

ئەو کەسەی ئازار دەکێشێ و خەمێکی هەیە، خەو لە چاوی دەزڕێت، وا هەست دەکات شەوی درێژە و ڕۆژیشی بە زەحمەت لێ هەڵدێت، هەڵبەتە شاعیر لێرەدا تەنیا ئەوەندەی مەبەست نەبووە، بگرە (ڕۆژ)ی کردووەتە ڕەمزێك بۆ هاتنەدیی خۆزگە و ئاواتەکانی چەند ساڵەی ژیانی خۆی و گەلە ستەمدیدەکەی، (شەو)یشی کردووەتە ڕەمزێك بۆ ڕۆژگاری ڕەش و پڕ مەینەتی:

زۆر لە شاعیرانی کورد گرتیگەیان وەك قوتابخانەیەك داناوە، کە تێیدا بیروباوەڕیان پتەوتر بووە و شانازییان بە زیندانکردن و ئازاردانیانەوە کردووە و بەخەڵاتیان زانیوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا – هەندێکیان– وێنەی ژیانی تاڵی ناو گرتیگەیان نیشان داوە و وێنەی باری دەروونی و ئێش و ئازار و خەمی ناو گرتیگەیان دەرخستووە، شاعیریش لە شیعری (لە ڕۆژێکی تاریکا ١٥/٤/١٩٦٤) وێنەی ژوورە تاریکەکەی گرتیگەی نیشان داوە، وێنەی باری دەروونی ماندوو و ئاڵۆزی و خەون بینینی بە ماڵ و منداڵییەوە، خەون بینینی بە ڕۆژی ئازادبوونی و ڕزگاربوونی نیشتمانەکەی لە زوڵم و زۆرداری، وێنەی ئەو ساتەی کە یەکێك لە پاساوڵەکانی گرتیگەی هەواڵی هاتنی یەکێك لە منداڵەکانی(*) پێ ڕاگەیاندووە، وێنەی باری دەروونی ئەو منداڵەی خۆی کاتێك باوکی بەم شێوەیە دیوە، وێنەی کەشوهەوای ئەو ڕۆژە کە ڕۆژێکی زۆر سارد و تەڕ و تووش بووە و پاشان وێنەی خۆی نیشان دەدات کە سواری ئۆتۆمۆبێلی گرتیگەیان کردووە و بەرەو شوێنێکی تریان گواستووەتەوە و لەو

(*) ئەو منداڵە (خەبات)ی کوڕە گەورەی شاعیر بووە، لە ڕێی قوتابخانەوە چووە سەردانی باوکی کردووە (ئازا حەسیب قەرەداغی، چاوپێکەوتن، ٢٠/٤/٢٠٠١، هەولێر).

ساتەدا منداڵەکەی بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە ڕوانیویەتییە باوکی:

..................

کەلەپچەیان کردە دەستم

هەر ئەڕۆم و ڕائەوەستم

دیم هاتەوە... لە دوورەوە

بە ڕوومەتێکی سوورەوە

تەڕ و بڕ و گیان قوڕاوی

بە باز ڕەقەی خۆی ئەهاوی

ڕوانی پیاما، بێدەنگ وەستا

هەرکە بینی

من کەلەپچەم وا لە دەستا

شان بە شانم

بەرەو پاسە شکاوی شڕ

هەنگاومان نا

وەك کاس و وڕ

با توند ئەبوو

منیان ئاخنییە ناو پاسە

لام کردەوە

هەڵی کێشا یەك هەناسە

ملی کز کرد، بەرەو دواوە

هەر ئەڕۆیی و ئاوڕێکی

لێم ئەداوە

(دەستنووس)

ئەم شیعرەی شاعیر وێنەی ناو ئەندێشە و خەیاڵی خۆی نییە، بگرە چیرۆکی بەسەرهاتی یەکێك لە ڕۆژەکانی گرتیگەیەتی، بۆیە هەر بە شێوەی (چیرۆك)یش دای ڕشتووە، تا لە ڕوو و دەربڕینیدا وێنە خەمبارەکەی تەواو بێت.

لە ساڵی (١٩٦٤)دا ڕەوانەی زیندانی (نوگرە سەلمان) کراوە، لەوێوە لە نامەیەکدا بۆ خێزانەکەی پارچە شیعرێکی نووسیوە، تێیدا وێنەی خەمباریی هاوسەرەکەی هێناوەتە بەرچاوی، دڵخۆشیی دەداتەوە کە ئەو ڕۆژەی گوێبیستی بەیانی سەرکەوتن و ئازادیی نیشتمانەکەی دەبێت، کفنی گۆڕە تاریکەکەی دەدڕێت و بیروباوەڕی بەتینی پیرۆزی وەك گوڵێك پێشکەشی دەکات و لە ژیانی هەژاری و پڕ لە دەردەسەری ڕزگاری دەکات:

کەسم سوێندم بە خەمباریت، بە ناوت
بە دڵسۆزیت، بە ڕووی مەنگت، بە چاوت
کە کفنی خۆم دڕی لەم گۆڕە تارە
کە ڕزگار بووم لەژێر ئەم دار و بارە
بەیانێك ڕۆژی ئازادی لە ئاسۆ
گزنگی دا لە تاریکی کەژ و کۆ
بە کوێراییی خەم و دووری و هەژاری
دڵی باوەڕ بەتینم وەك دیاری...
بە تۆی پێشکەش ئەکەم، ئەوساتە جوانە
گوڵی هەوڵ و وەفا و وڕك و ژیانە

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٢٨٤)

دوای دەرچوونی لە زیندان و گەڕانەوەی بۆ نێو ماڵ و شارەکەی، دیسانەوە نەهامەتیی بێ ئێشی و ژیانی کولەمەرگی یەخەی دەگرنەوە، بە تایبەتی کە نەیانهێشتووە بچێتەوە سەر کارەکەی خۆی و لە هیچ شوێنێکی شارەکەیدا ئیشی چنگ نەکەوتووە، ئا لەو کاتە سەخت و دژوارەدا شیعری (هۆنەر ئەگری ١٩٦٥/١٢/٧) نووسیوە و تێیدا ئێش و ئازاری خەمی چەند ساڵەی نیشان داوە، ئەم شیعرە ڕەنگدانەوەی باری دەروونی ماندوو و خەمباری شاعیرە و خۆی تێدا لاواندووەتەوە:

دەسا ڕێگەم بدەن خەڵکە لەگەڵ خۆما کەمێ بدوێم
وەکو فرمێسکی چاوی خەم بەسەر دڵما کەمێ بڕژێم
کەمێ بڕوانمە ئەو ڕێچکەی کە پێم تیا گرت و پیا هاتم
هەتا ئێستاش سەری نەیدا لە دەرگای شاری ئاواتم

مەتاڵای کەم، پەڕەی مێژووی ژیانی تاڵی ڕابوردووم
هەموو عومری بە ناسۆر و، هەموو ڕۆژێکی بابردووم
..................
بەهارێکی نەبوو ژینم بڵێم خۆشە بەهار وا بێ،
لەگەڵ بووکی هیوا خۆزگەم نەدی جارێ بەزاوا بێ،
بەرەو هەر چاوگەیەك؛ چووبم لە تینوانا دەمێ تەڕکەم
لەبەر شاڵاوی گورگ و سەگ نەشمتوانیوە ڕێ دەرکەم
لەسەر ڕێما نەبوو دارێ، لە سێبەریا، هەتا تاوێ
وچانێ با، لەشی ماندووم کەمێکیش لێك بنێم چاوێ
..................
دەسا، ئەی خەم، دەسا هاوڕێی شەو و ڕۆژ و هەموو ساتم
دەست، ڕابگرە بۆ دەستم، زەبوونم ڕووبەڕووت هاتم
لە مەیخانەی شەوا، با، بێ، مەیی خەستی هەزار ساڵە
لە تالاوا... وەهام گێژ کە، نەزانم عومری خۆم تاڵە(*)

(فەرهەنگی خەم، ل ١٣٣–١٣٤)

(*) ئەم شیعرەی شاعیر کاریگەری شیعری (تاوێ نەگەڕا)ی (گۆران)ی شاعیری پێوە دیار بێت، کە تێیدا (گۆران) سکاڵا و ناڕەزایی لە ژیانی خۆی هەر لە سەردەمی منداڵییەوە تا تەمەنی لاوێتی دەربڕیوە:

تاوێ نەگەڕا چەرخی موخالیف بە حیسابم،
بێ ناڵە نییە ثانیەیەك تاری ڕوبابم!
هەر لەحظەیەکی مەهدی هەزار گریە بوو ئەفسووس،
سالانی مناڵیم و هەموو عومری شەبابم!

(دیوانی گۆران، سەرجەمی بەرهەمی، ١٩٨٠، ل ٦٧)

تەنانەت (گۆران)ی شاعیریش لە دوا بەیتی ئەم شیعرەیدا پەنای بردووەتە بەر ساقی و داوای پیاڵەی مەی لێوڕێژی لێ دەکات:

ساقی بەفیدای دیدەیی مەخموورت ئەکەم دین!
لێوڕێژم ئەوێ پیاڵەیی مەی ئەجری ثەوابم!

(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧) =

لەم شیعرەدا کۆمەڵێك وێنەی شیعری خەمباری وەکو (فرمێسکی چاوی خەم، شاری ئاوات، مێژووی ژیانی تاڵ، عومری بەناسۆر، ڕۆژی بابردوو، بووکی هیوا، خۆزگەی زاوا، شاڵاوی گورگ و سەگ، شەتڵی عومری ناکات)ی بەکار هێناوە، ئەم وێنانە ڕەنگدانەوەی باری دەروونی ماندوو و بێ ئارام و بێ ئومێدی شاعیرن و ئەوەی لەم شیعرەدا ڕاستەوخۆ هەستی پێ دەکرێت، تەقینەوەی خەم و پەژارەی سەرانسەری ژیانی شاعیرە، خەمی خۆی و خەمی ڕۆژگار و سەردەمەکەی و خەڵکانی دەوروپشتییەتی، تێڕوانینێکی واقیعییانە و ڕاستگۆیانەی شاعیرە بەرامبەر بەخۆی و دەوروبەری، هەستکردنی بەو ڕۆژگارە تاڵە کە کەسانێك وەك گیانلەبەری دڕندەدەنێنێت[١] شاڵاوی بۆ دێنن و ناهێڵن بە ئاسوودەیی و ئارامی بژی، تەنیا ڕێگەیەکیش لە بەردەمیدا پەنابردنە بۆ مەیخانە و مەینۆشی، تا بەهۆی تاڵیی مەیەکەوە، تاڵی ژیانی لە بیر بکات.

لە یەکێك لە شیعرە چوارینەکانیدا، هەمان سکاڵا و ناڕەزایی دەردەبڕێت، وێنەی بێ بەختی و نەحەوانەوەی خۆی و وێنەی کەسانێك کە بوونەتە ڕێگر لە بەردەم حەوانەوەی و ژیانی ئارامی و خۆشبەختیدا:

بۆ هەر دارێ چووم بچمە سێبەری
گڕەیەك لێی دا و گەڵای هەڵوەری

---

= گەر سەرنجی دوو بەیتی کۆتاییی شیعرەکەی (حەسیب قەرەداغی)یش بدەین، دەبینین هەمان پەنابردنە بۆ مەیخانە و بەشێوازی تایبەتیی خۆی دای ڕشتووە، بەڵام گەر ئەمە سوود وەرگرتن بێت، ئەوا شاعیر سەرکەوتووە لە سوود وەرگرتنەکەیدا، کە توانیویەتی لە شیعرەکەی (گۆران)ی دوور بخاتەوە و نەیکاتە وێنەی دووەمی شیعری (تاوێ نەگەڕا).

(١) (عبد بدوی)ی مامۆستای زمانی عەرەبی لە زانکۆی کوێت، لەبارەی شیعرێکی (صلاح عبدالصبور)ی شاعیرەوە کە تیایدا مرۆڤی وەك (سەگ، پڵنگ، ڕێوی) سەیر کردووە، دەڵێت: «زۆر ئاساییە و تێڕوانینێکی واقیعیانەیە کە شاعیر کەسانێك وەك دڕندە و گیانلەران ببینێ،... لە کولتووری عەرەبیشدا دەبینین هەندێك مرۆڤیان وەك (کەر، مانگا، سەگ، مەیموون) سەیر کردووە، (صلاح عبدالصبور)یش بەم ڕێبازەدا هاتووە، بەو ڕێگەیەی کە دەگونجێ لەگەڵ دید و بۆچوونی تایبەتیی خۆیدا، بۆیە گیانلەبەرانی خستووەتە سەری مرۆڤەوە و بەو چاوە سەیری کردوون...»

(عبد بدوي، ظاهرة الحزن في شعر صلاح عبدالصبور، المجلة العربية للعلوم الانسانية عدد: السادس، المجلد الثاني، ١٩٨٢–ص: ٥٣)

بۆ هەر کانییەك چووم دەمم تەڕکەم
لە جیاتیی سەگێ، هەزار پێم وەڕی
(فەرهەنگی خەم، ل ٧٥)

ئەم چوارینە تەنیا هەڵچوونی دەروونی خەمی شاعیر نیشان نادات، بگرە هەڵچوونی تووڕەییشی پێوە دیارە، شالاوێکە بۆ سەر ئەو کەسانەی وەك دڕندە ڕێگری خێر و خۆشی بوون.

ئەوەی ئاشکرایە خەمی سیاسی دەچێتە خانەی خەمی گشتییەوە، واتە ئەو خەمانەیە کە بەهەستکردن بە مانایان مرۆڤ خەمبار دەکەن، بەلام گەر ئەو خەمانە ڕاستەوخۆ پێوەندییان هەبوو بەسەریەوە و کاریان کردە سەر ژیانی ڕۆژانەی، ئەوا بێ شك دەچنە خانەی خەمی تایبەتییەوە، وەك شیعری (یاد و خۆشەویستیی ١٩٧٣/٧/٢١)(*)ی شاعیر کە دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی بێ پایانیەتی بۆ نیشتمانەکەی و خەم و پەژارەی ڕۆژگاری تاڵ و سەختی بارودۆخی نیشتیمان و نەتەوەکەیەتی، لە هەمان کاتدا ئەو سۆز و خۆشەویستییە بووەتە مایەی دەردەسەری و ماتەمینی بۆی:

ئەی نیشتمان...
هەر ئاگرێ هات هەڵی کرد لەسەر دڵت سووتاندمی
لە میکرۆفۆنی دەم پیسا...
هەر شالاوێ هاتە دەرێ، برژاندمی
لە کارگەکان... چەرخی چەمەر، سەرمی ئەبرد
لە کێڵگەکان... یاسای چارەی کشتوکاڵیان...،
لەناو چاوما پڕ خوێ ئەکرد
دیوارەکان شەقامەکان
دەمی جنێو پێدانم بوون
مارشی تەرمی ڕاکێشراوی تەشتی نخوونی نانم بوون

(*) مێژووی نووسینی ئەم شیعرە هەڵەیە لە شیعرەکەدا دەردەکەوێت کە باس لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٤٧ دەکات نەك ١٩٧٣.

پیتی زلی مانشێتەکان، ئەیانحەپان
گازیان ئەگرت لە وتارم
قەپیان ئەگرت لە ڕۆژگارم
شالاوی دڕیان ئەهێنا بۆ تەتەری ڕێی ئازارم
(فەرهەنگی خەم، ل ٦٩)

ئەم خەمانەی کە شاعیر دەری بڕیون، خۆی لەنێویاندا ژیاوە و تاڵی و تفتییانی چەشتووە، پاڵپشتیکردنی لە چینی چەوساوە و هەژاران و بەشداریکردنی لە ئاپۆڕا جەماوەرییەکانی ساڵانی پێش شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ و سزادانی لە پێناوی نیشتمان و نەتەوەکەیدا بووەتە هۆی نانبڕین و خەم و پەژارەی، هەڵبەتە شاعیر ویستوویەتی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەو ڕۆژگارە تاڵەی خۆی و گەلەکەی گرێ بدات لەگەڵ ساڵانی حەفتاکاندا، ساڵی (١٩٧٤) کە ئەم شیعرەی تێدا نووسیوە، بەشێکی زۆری گەلی کورد ماڵ و حاڵ و شارەکانیان جێ هێشتبوو و ئاوارەی دێهات و ئۆردوگاکانی سەر سنووری عێراق بووبوون، ئەوەتا لەم شیعرەدا ئاماژەی بەو خەمەی کردووە:

کۆڵانی ناو گەڕەکەکان
وەك سەگی هار پێم ئەوەڕین
دەرگای خانووە چۆڵەکانیان لێ ئەگرتم
..................
(فەرهەنگی خەم، ل ٦٩)

لە شیعری (کۆڵ بەکۆڵین)دا، وێنەی ژیانی نائارام و کۆڵ بەکۆڵی خۆی و گەلەکەی دەردەخات، کە دەمێ ساڵە بەردەوام و بێ حەوانەوە تێ دەکۆشن و خەبات دەکەن و هەردەم ژیانیان نائارام و دەربەدەری بووە:

کۆڵ بەکۆڵین... برا ماندووین
ماندوویەکی سەفەر دوورین
دەمێ ساڵە ڕێ لەبەرین
دەمێ ساڵە بێ سێبەرین

تێنووی خەوێکین بۆ شەوێك

بە ئاگری قاتیی ساڵی، مەلاشوی هەڵنەدرێتەوە

(فەرهەنگی خەم، ل ٦٥)

لە شیعری (وەرزەکان ١٩٨٣/٤/٢٨)دا هەڵچوونی خەم و تووڕەی تێکەڵ بووە، ژانەکانی ژیانی دەردەبڕیت و هێرش دەباتە سەر ڕۆژگار کە خەونەکانی تێدا نەهاتووەتە دی:

ئای لەم عومرە ناکامەمدا

ئازار و سوێ چووە ناخم

مەینەت ئەگەر شاخ بڕوێنێ

من جەنگەڵی هەزار شاخم

ڕۆژگار، دیواری لەعنەتیت

با بڕووخێ لە ڕێگەما

با خەونەکانم بێنە دی

ئازاد ببن لە جێگەما

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ١٠١)

لە کورتە شیعرێکیدا، هەمان ناڕەزایی دەردەبڕێت و ئاماژەی بەوە کردووە کە (٣٥) ساڵە خەون دەبینێت و چاوەڕوانی ڕۆژی شادی و جەژنە، خەمی لێ هاتووە کە ئەو ڕۆژەی نەهاتووەتە دی:

٣٥ ساڵە خەو دەبینم... چۆن سەیر نییە

خەونێکی خۆش نەهاتە دی!

٣٥ ساڵە دڵم وا لە ڕوانگەدا،... چۆن دەرد نییە

مانگی جەژنێ ناکاتە دی!

(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٧)

لە شیعری (لە بیرەوەریی دووسەد ساڵەی شاری سلێمانی ١٩٨٤/٣/١٥)دا کە بەبۆنەی یادکردنەوەی دووسەد ساڵەی دامەزراندنی شاری سلێمانییەوە نووسیویەتی، پاش بەسەرکردنەوەی مێژووی سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و شارستانییەتیی ئەم

شاره پێداهەڵدان و ستایشکردنی، لە دوو بەیتیدا ئاماژەی بۆ ژیانی کولەمەرگی و بێ نان و ئاوی خۆی کردووە و گرێی داوە بە خۆشەویستی زێد و شارەکەیەوە:

ئەی شارەکەم
لەو ڕۆژەوە خۆشم ئەوێی
نانم هەبێ ئاوم نییە
ئاوم هەبێ نانم نییە
دیواری ماڵ و حاڵێکم هەتا ئێستەش بانم نییە

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٦٢)

ساڵانی هەشتاکانیش هێندەی تر خەمەکانی شاعیر چڕتر و زۆرتر بوون و کاریان لە دڵ و دەروونی کردووە، خەمی جگەرسووتانیشی چووەتە سەر خەمەکانی تری(*)، ئەوەتا لە شیعری (خونچە و خاك ١٩٨٦/٣/٢٣)دا وێنەی بێ بەختی و کلۆڵیی خۆی نیشان داوە:

دەبمە خونچە لەسەر لقێ...
وەیشوومە دێ و دەمتەزێنێ
ڕق ئەستوورە ئەم چەپگەردە
هەر دەیەوێت بمبەزێنێ!
دەبمە لقێك لە درەختێ
ڕەشابەیەك تێم بەردەبێ
دەڵێی ئەگەر منی تیابم
ئەم جیهانە بێ فەڕ دەبێ!
دەبمە درەخت لە باخێکدا
گەرداوێك دێ هەڵم کەنێ
سەرمایە، بایە، گەرداوە

(*) لێرەدا باسی ئەو شیعرانە ناکەم کە تایبەتە بە لاواندنەوەی جگەرگۆشەکانیەوە، چونکە باسێکی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە.

هەرچۆنێك بێ ڕێم نەدەنێ

دەبم بە باخ لە خاکێکدا

دەڵێم باخ بۆ بەروبوومە

دەڵێن کە باخ بەری داهێشت

سەرمان دەخوا، ئێجگار شوومە

(فەرهەنگی خەم ٣، ل٣١)

هەستکردن بە تەنیایی و نامۆیی و پارچە پارچەبوون، جۆرێکن لە جۆرەکانی دیاردەی خەم و پەژارە، هەستکردنی (حەسیب قەرەداغی)یش بەنامۆیی و تەنیایی لە ئاکامی دوورکەوتنەوە لە نیشتمان و کەسوکاری نەبوو، بگرە لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی خەم و پەژارەیەکی زۆر بووە کە بەدرێژاییی تەمەنی هاوڕێ و هاودەمی بوون و بەجێیان نەهێشتووە، ئەوەتا لە شیعری (ئەودیوی شووشە ١٩٨٥/٨/٧)دا هەست بەتەنیایی و نامۆیی و بزربوونی خۆی دەکات و خۆی دەچوێنێ بە مەلێکی لانەوازی هێلانە بزرکردوو، تەنیا لەگەڵ خەمەکانیدا دەژی و کەس شك نابات هاودەمی بێت، جگە لە خەونە خۆشەکانی کە ڕابەریی دەکەن:

من مەلێکی لانەوازم، وێڵی دوای هێلانەمم

من نمەی بارانی ئەودیو شووشەکەی وێرانەمم

من غەریبم خۆم ئەزانم ئەم ژیانە لایە لێم

تۆ نەبی ئەی خەونی مەستم کێ دەزانێ ڕوو لە کوێم

(فەرهەنگی خەم ٣، ل ١٣)

ئەو کەسەی بەشی زۆری ژیانی لە خەم و پەژارەدا دەباتە سەر زۆرجار تووشی هەڵچوونە دەروونییەکانی دڵەڕاوکێ و خەمۆکیش دەبێت، خەمی داهاتووش لە دەروونیدا سەر هەڵدەدات و بە گومانەوە دەڕوانێتە ژیانی داهاتووی، هەمان بۆچوون لەسەر شاعیر دەسەپێت، ئەوەتا لە شیعری (ئەی هاودەرد ١٩٨٦/٤/٣)دا گومانی تووشبوونی بە خەمی داهاتووی دەکات و داوا لە هاودەردەکەی دەکات کە پێی ڕاگەیەنێت سبەینێی چۆن دەبێت و چ کارەساتێك یەخەی دەگرن:

ئەم پرسیارەش هەرچەند کۆنە

هەر دەپرسم سبەی چۆنە؟

چ ڕووداوێك ئاخۆ لە پڕ
چاوی ڕۆژم دەكاتەوە
...................
هاودەردەكەم ئەمشەو ئێجگار حاڵم بەدە و پەرێشانە
ترس و پەژارەی سبەینێ وەك تاشەبەرد
بوونەتە باری سەر شانم
ماڵی دەروونی ئاشیفتەم خەڵوەی خەم و بێ چرایە
هاودەردەكەم ئاگر بنێ بەم خەڵوەوە وەك برایە
ئەمشەو هەر تۆ ئەم وەڵامە پڕ لە سیحرەم دەدەیتەوە
ئەمشەو هەر تۆ وەك فریشتە
ئەم تەلیسمە دەكەیتەوە!
(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٣٦)

هەژاری و كەمدەرامەتی یەكێكن لە هۆیەكانی دروستبوونی خەم و ماندووبوونی دڵ و دەروون، هەرچەندە ئەم خەمە لای شاعیر یەكێك بووە لە خەمە بچووكەكان و زۆر بەكەمی دەری بڕیوە، لە هەندێ شیعریدا بەشێوەی گاڵتەئامێز لە هەژاری و دەستكورتی خۆی دواوە، وەك لە شیعری (گیپە)دا دەڵێت:

گیپەكەم هێشتا هەرچەند خەیاڵە
ئاواتی خۆشی خەونی چەند ساڵە!
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٣٢٣)

یان لە شیعری (مریشكی سوورەوەكراو ١٩٦٥)دا وێنەی تامەزرۆی خۆی بۆ ئەو مریشكە سوورەوەكراوە هەڵواسراوانەی سەرەڕێگەكەیدا دەرخستووە، كە وەك دەردەكەوێت توانای مادی شكاندنی تامەزرۆییەكەی نەبووە:

خۆزگە گیرفانم پڕ ئەبوو
لە بەنكەنۆت و لە دراو
هەموو ڕۆژێ سێ چوار كەڕەت
یا هیچ نەبوایە ناو بەناو

تێر خوتووکەی ڕان و سنگم

ئەدایت... بە لێو بە دەم بە چاو

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٢٧٩)

لە هەندێ شیعریشدا باری ئابووریی ناهەمواری خۆی و چینی هەژارانی کۆمەڵگاکەی بەستووەتەوە بە بارودۆخی نیشتمانەکەیەوە، ئەوەتا لە شیعری (بەشی بێ بەش ٥/١٠/١٩٨٦)دا دوعای بە کوڵ دەکات لەوانەی لەژێر سایەی داوودەزگایەکدا خوێنی میللەت دەمژن و بەرووبوومی دەخۆن و بەرماوەکەشیان بەشی چینی هەژارانە:

ئەوەی لەسەر باڵەخانە کەڵەشێرەی شووتی دەخوا و

پاشماوەکەی فڕێ دەداتە خوارەوە

بەدەردی بێ بۆی قووت نەچێ

ئەگەر بەشی من ئەوەبێ

توێکڵەکانی هەڵگرمەوە و بیانهێنم بە لاڕانما و

ئەوسا بیانکرێنمەوە

با کفرەحمەد دڵنیا بێ

ئاگر دەنێم بەو بەشەوە...

(فەرهەنگی خەم٣، ل ٥٧)

لە شیعری (بەرنامەی چالاکی ڕۆژانەم ٢/١١/١٩٩٥دا). هێرشێکی توندوتیژی کردووەتە سەر ئەو کاربەدەستانەی کە خوێنی هەژاران دەمژن و باری ئابووریی کوردستان دادەتەپێنن، لەم شیعرەدا وێنەی برسێتی و سەرما و ژیانی کولەمەرگیی خۆی دەرخستووە:

بەیانییان، هەڵشاخینە بەسەرمادا

چێشتەنگاوە و چاوەڕوانیی

نیوەڕۆیە و برسێتییە.

عەسر کاتی جنێودانە بەوەی هەیە و

بەوەی نییە!

ئێوارەیە... دۆش دامانە،

گەدەم بڵندگۆی پێچدانە!
شەوە و ئیتر لە ئامێزی لێفەیێکی زۆر ماندوودا
هەڵدەکورمێم...
خەو دەبینم...
شلە و برنجی پڕ لە گۆشت،
ڕانە مریشك خزیوەتە نێو سینگی قەل!
وەك مەنسوولان، کوردایەتی...
دەخەمە نێو زەربولمەسەل!
ڕادەچڵەکێم و بانگ دەڵێ:
حي على رصد الاجل!!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل ٧٠)

نان و داهێنان دوو جەمسەری هاوتای پڕۆژەی ژیانی مرۆڤی بەهرەدارن، لەلای هەندێ دەبن بە دوو جەمسەری دژ بەیەك و لای هەندێ کەسی تر دەبنە تەواوکەری یەکتری و پێوەندییەکەیان ڕاستەوانەیە، هەندێ لەو بڕوایەدان کە تا مرۆڤ سکی تێر نەبێت بیر لە پلە و پایە و داهێنان ناکاتەوە، "نان و برسیەتی و چەوسانەوە سەرچاوەی داهێنانن! بەڵام برسێتی و نەبوونی لە وڵاتانی تردا نەك لای ئێمە، چونکە لەوڵاتانی تردا ئەگەر مرۆڤ هەژار و بێکار بێت، دەوڵەت نیمچە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ دابین دەکات، مووچەیەکی دەداتێ کە بە ئاسانی بژی"[1]، (حەسیب قەرەداغی)ی شاعیریش لە شیعری (ژیان ٣/١١/١٩٩٦)دا هەموو بەلایەك کە ڕووی کردووەتە مرۆڤی کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ باری ئابووری کزی، دواکەوتوویی بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیریی گەلی کوردی بەستووەتەوە بە دابیننەبوونی گوزەران و بژێویی ژیانی ڕۆژانەیان، دوای خستنەڕووی دید و بۆچوونی خۆی لەم بارەیەوە ڕووی پرسیاری پڕ لە نارەزایی و سکاڵای کردووەتە بەرپرسانی دۆخەکە و دواتریش لە ناچاریدا هاواری بردووەتە لای خوا:

---

(١) کەریم شارەزا، بێ نانی و برسێتی، قەڵەمی لە کارخستوون، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژ: ١٨٥، ١٩٩٥، ل٤.

خۆراك نەبێ خەو خەیاڵە، بیر مناڵە...
خۆراك نەبێ دەستنوێژ و نوێژیش بەتاڵە!
خۆراك نەبێ نیشتمانیش،
ئەم سەرەوسەر گۆڕاوایە...
..........................
خۆراك نەبێ كتێب پەیژەی دزەكانە...
تیۆر تریاكی ئازارە
باوەڕ بەهای دوای قەتارە
خۆراك نەبێ حیزب، پەچەی بێ ئاژەڵە،
خۆراك نەبێ شیعر مشكی بن باخەڵە!
خۆراك نەبێ شەرەف كۆنەی كەم بەهایە.
خۆراك نەبێ نەوسیش سەگی بەرەڵایە!
خەڵكە بەخوا هەر هەژاری...
ئەسبابی كوللی بەڵایە!
كوردایەتی! تۆ پێم بڵێ،
ئەم ژیانەت لا ڕەوایە؟!
پرسیاری من بەرەو خەڵكە...
هاواریشم ڕووی لە خوایە!
(فەرهەنگی خەم ٤، ل ٢٠٠، ٢٠١)

شاعیریش هەروەك مرۆڤێكی ئاسایی لە ژیانی ڕۆژانەیدا تووشی كێشە و گرفتی كەسانی نزیكی دەبێت، بەپێی ڕادەی ئەو كێشانە ئازار دەچێژێ و خەمبار دەبێت، هەرچەندە ئەو كێشە و گرفتانە هەندێكیان ڕووداوێكی تایبەتی ڕۆژانەن و زوو كۆتاییان پێ دێت، بەڵام لە كات و ساتی خۆیدا شاعیر دەهەژێنێت و زۆرجار دەبنە كەرەستەی شیعرێك (ئەمە یەكێكە لە شەقڵەكانی شیعری نوێی – واقیعی– كە كەرەستەی خاو لە ژیان وەردەگرێت) ئەوەتا شاعیر لە شیعرێكیدا كە لە مێژووی (١٩٨٠/٤/٣٠)دا نووسیویەتی، وێنەی باری دەروونی شڵەژاوی دەردەخات كاتێك

هەواڵێکی ناخۆشی بیستووە، ڕێگەی بڕیوە و شاران گەڕاوە، سەری کردووەتە دەیان کۆشەوە، دواتر دەستی داوەتە بەر ئەژنۆی و بە گریان خەمەکەی دەربڕیوە... هتد:

خەبەرێکی لە ناکاتدا
وا دەروونمی هێنایە کوڵ،
جۆشا، جۆشا
ڕێگەم بڕی، شاران گەڕام،...
سەرم کرد بەدەیان کۆشا
زەوی، هەمووی هەڵگەڕاوە و
بوو بە باری پشت و شانم،
هەرچی ئەشك و ئاهم هەبوو
بە دوو سێ قوڵپی ڕژاندم،...
دەستم دایە بەر ئەژنۆم و
خۆم خواردەوە
هەرچی خەمی قورسم هەبوو،
لەولامەوە ئەمشاردەوە
تەنها خەمی ئەو خەبەرە...
ئەیدا لە دەرگای گیانم و
ئەیوت: ڕێگە هەر خەتەرە.

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٣٤)

ئەم هەواڵەی کە دەروونی شاعیری هێناوەتە کوڵ و جۆشەوە، هەواڵێکی ڕاستەقینەی ڕووداوی گیرانی کچێکی خزمی شاعیرە لەلایەن داوودەزگای ئەمنیی ڕێژیمی عێراقیەوە بێ سەروشوێن کراوە، شاعیر لەگەڵ کەسوکاریدا بۆ دۆزینەوەی شاران گەڕاون و سەریان کردووەتە دەیان کۆشەوە، بەڵام هیچ وەڵامێکیان چنگ نەکەوتووە و نائومێد بوون.(*)

(*) ئەم کچە کچی ئامۆزای شاعیرە، بەڵام بەهۆی بەهێزیی پێوەندیی خزمایەتیی =

لە شیعری (دڵ! ١٩٨٩/١/٢٥)دا خەمی ئاکامی ڕووداوێکی ڕۆژانەی تایبەتی چوارچێوەی خێزانی شاعیر دەبینرێت، شاعیر وێنەی پەرێشانیی باری دەروونی خۆی نیشان داوە، ئەو دڵەی کە پێی وابووە هیچ شتێك نییە هێندەی ئەو خۆشەویست بێت، ئەوا لەم ڕووداوەدا دەیکاتە بەرتیل بۆ بەربوونی کەسێکی بێ تاوان، هەرچەندە ئەم بەرتیلدانەی بەسەردانەواندن دەزانێت، هێندەش گەورەی کردووە وا هەست دەکات گەر بکرێت بەنارنجۆك و بخرێتە ناو تەنووری – بووخینفاڵد – کە نازییەکان مرۆڤیان تێدا دەسووتان، ئەوا ئەوێش هەڵدەتەکێنێ:

دەمگوت نییە... شتێك نییە

لەگەڵ دڵما بیانخەمە تای بەراورد

کەچی ئێستە – بڕواتان بێ – وەکو بەرتیل

دەیخەمە دەستی جەللادێ

کە دەرگەی خەو بکاتەوە لە گیراوێکی بێ تاوان

مننەتیشە لەسەر شانم، هەر دەمێنێ

ئەگەر بیکەن بە نارنجۆك...

تەنوورێکی – بووخینفاڵد – هەڵتەکێنێ

(فەرهەنگی خەم ٣، ل ١٣٧)

ئەم شیعرە لە ئاکامی هەڵچوونی خەمێکی گرانی گرتنی (بەهات)ی کوڕی لەلایەن داوودەزگای ئەمنیی ڕێژیمی عێراقییەوە نووسیوە(*)، ئەو ڕێژیمەی کە هەرگیز شاعیر

= عەشایرییەوە، وەك کەسێکی زۆر نزیك بووە بۆ شاعیر، ئەم ئافرەتە لەسەر سیاسەت گیراوە پاش ماوەیەکی زۆر بێ سەروشوێنکردن و ئازاردانێکی زۆر بەربووە.

(ئازا حەسیب قەرەداغی، چاوپێکەوتن، ٢٠/٤/٢٠٠٠، هەولێر)

(*) «داوودەزگای ئاسایشی ڕێژێم دایان بەسەر ماڵماندا و دوای پشکنین و داواکردنی پێناسە، بەتایبەتی لە ئافرەتەکانی ماڵەکەمان، کە پاشتر بۆمان دەرکەوت بەشوێن ئافرەتێکی خزمی باوکمدا دەگەڕان کە هەواڵەکە وا گەیشتبوو پیان لە ماڵی ئێمەیە، چونکە ئەو ئافرەتە خێزانی پیاوێکی پێشمەرگە بوو، بەڵام خۆشبەختانە ئەو ڕۆژە ڕۆیشتبووەوە، بۆیە لە بریی ئەو (بەهات)ی برامیان گرت، کە لە پیاوەکان تەنیا ئەو لە ماڵەوە بوو». (ئازا حەسیب قەرەداغی،٢٠/٤/٢٠٠٠، هەولێر).

ئامادە نەبووە ڕوویان تێ بکات، ئەوا بەهۆی جەرگەکەیەوە پەنایان بۆ دەبات و دڵی خۆی دەخاتە بەردەستیان...

(مەی و مەینۆشی) زۆر لە شیعری شاعیراندا باس کراوە، بەتایبەتی بۆ دەربڕینی خەم و پەژارەیان، ئەوانەی پابەندی بیروباوەڕی سۆفیزمی بوون، یان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەو بیروباوەڕەوە، گەلێك جار باسی (مەی، شەراب، پێك، جورعە، ساقی... هتد)یان کردووە، حەسیب قەرەداغیی شاعیریش زۆر باسی مەی کردووە، هەڵبەت هۆی باسکردنیشی دەگەڕێتەوە بۆ:

١– خۆی حەزی بە خواردنەوەی مەی کردووە.

٢– کاریگەری شاعیر بە بیروباوەڕی سۆفیزمی بە شاعیرانی کلاسیکی کە باسی مەی و مەینۆشیان زۆر کردووە، بەتایبەتی شاعیرانی سۆفیگەری.

بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا خەم و پەژارە هاندەری شاعیر بوون بۆ پەنابردنە بەر مەی و خۆ مەستکردن، چ بە کردەوە و چ بە دەربڕین.

لە شیعری (جوانی مەیگێڕ ١٩٨٦/٢/١٨)دا لەسەر ڕێچکەی شاعیرانی کلاسیکیی کۆن، داوای مەی لە جوانی مەیگێڕ دەکات، تا پیاڵەی مەی بۆ سەرڕێژ کات و بەناچاری دەردی بێ دەرمانی پێ چارە بکات، لەم شیعرەدا دوو خەمی خستووەتە ڕوو، یەکەمیان خەمی دووجار جگەرسووتانی و دووەمیان سووتانی ڕەز و باخەکانی گوند و دێهاتەکانی کوردستان و ڕاگوێزان و دەرکردنی گوندەکانی نیشتمانەکەیەتی، پێی وایە زامی قووڵی دەم کراوەی تەنیا بە مەی چارەسەر دەکرێ، بەگڕی مەی گڕی ناخی دەبڕێت و تاڵاویشی تێکەڵ بەتاڵاوی خەمەکانی دەبێت و دای دەپۆشێ:

ئەی ڕەزی ئەو شاخە بەرزە کوانێ خوێنی جەرگی تۆ
جەرگی من دووجار براوە بۆچ ببینم مەرگی تۆ؟!
قڵپەقڵپی قورگی شووشە سۆز و هاواری منە
ڕەنگی ئاڵت بێتە بەرچاو، چاوی بیماری منە
ئایەتی ئەم سۆز و ڕەنگە بۆ منە و کەس دەنگ نەکات
خێرە یا شەڕ قایلم پێی کەس بەشی خۆی تێ نەخات
پڕکە پیاڵە جوانی مەیگێڕ قەت یەك و دووی لێ مەکە

خەست و خۆڵ بێ گڕ لە کۆڵ بێ چۆڕێ ئاوی تێ مەکە
زامی قووڵی دەم کراوەم هەر گڕی تۆی چارەیە
ئاگری تۆ تین و تاوە، کێشی بۆ ئەم بارەیە
ئاگرت ئاگربڕێکە دەردی دڵ بێدەنگ دەکات
خەم کە دەریای تاڵ و ژاڵە پەی بە تالاوی دەبات

(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٢٩)

لە شیعری (زامی سووتاو ١٩٨٩/١٠/١٦)دا دیسانەوە ئاماژە بەوە دەکات کە خەم و پەژارە چڕەکانی شەویان خەست کردووەتەوە و زامەکانی سەریان تێ کردووە و پەنای بردووەتە بەر شیعرەکانی، کتێب، کڵێسا و مزگەوت، بەڵام دڵی ئۆقرەی نەگرتووە، بۆیە پەنای بردووەتە بەر مەیخانە و لە دەرگەی داوە و داوای لە مەیدێر کردووە و دەستەودامانی بووە جامێ مەی بداتێ:

ئەمشەو شەوم لێ هاتە یەك
ئاسمان تەپی، زەوی ڕۆچوو
هەناسەی سارد لە سینەما هاتە کوڵ و
چکیشی کرد.
بۆ زریانی ئەندێشەکان پەنام دەبرد
کەچی شەوم هەر خەست دەبوو
کەچی دڵم هەر پەست دەبوو
هەستام گەڕام بەناو شیعرا
بە کتێبدا
بە نەزەرگە و کۆچەرێدا
بە کەنیسە و بەمزگەوتا
لە هیچ کوێیە ئۆقرەم نەگرت
کە تروسکەی مەیخانەم دی، لە دەرگام دا:
– من میوانم
.................................

مەیدێر دەستم بەداوێنت

با زامەکەیشم نەسووتێ بێنە جامێ

(فەرهەنگی خەم ٣، ل ١٣٦)

**٢- خەمی وەك مرۆڤێکی هۆشیار و ڕۆشنبیر:**

حەسیب قەرەداغیی شاعیر مرۆڤێکی هۆشیار و ژیر و ڕۆشنبیر بوو، خاوەنی دید و بۆچوون و هەڵوێستی تایبەتی خۆی بووە، زانین و بیرکردنەوەی قووڵ و ڕۆچوونی بەناخی خۆی و ژیاندا و گەڕانی بە شوێن ڕاستییەکاندا لەگەڵ هەست و سۆزی ناسکیدا ئاوێتە بوون و زیاتر نیگەران و خەمباریان کردووە.

نەگونجاندنی دید و بۆچوون و هەڵوێستی شاعیر لەگەڵ ڕەوشت و هەڵسوکەوتی کەسانێکی ڕۆژگار و سەردەمەکەیدا ماندوو و خەمباریان کردووە، ئەوەتا لە شیعرێکیدا کە لە مێژووی (١٩٨١/٢/٢٣) نووسیویەتی تیایدا هێرشی بردووەتە سەر ئەوانەی کە (لنگەوقووچ)ن و دژی هەڵوێست و بۆچوونین و بوونەتە کۆسپ لە ڕێگەیدا و هەوڵیان داوە ئەمیش وەك خۆیان بژی:

چوومە شاری لنگەوقووچان

ویستم وەك خۆم تیایا بژیم

دەموچاوێ لە بەرپێما

بەزمانی

پاشقولێکی وەهای لێ دام

هەردوو قاچم کەوتە حەوا

سەرم بردە لای سەریەوە

هەر تف مابوو لەناو دەمما

هەموویم دا بە ڕووی ئەوا

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٢٥)

لە شیعرێکی تریدا لە مێژووی ١٩٨١/٧/١٢ دا نووسیویەتی، تیایدا سەرهەڵدانی هێزی خراپەکاریی بەستووەتەوە بەسەر هەڵدانی موڵکدارێتی- تملوك- کە بووەتە

هۆی داکەوتنی ململانێ و دووبەرەکی و ناکۆکی و دابەشبوون، خۆشی بە بێلایەن و سەربەخۆ دەبینێت کە نەبووەتە کۆیلەی هیچ لایەکیان، لە دوورەوە ڕوانیویەتییە کێشە و گرفتی ناکۆکەکان، هەڵی سەنگاندوون ڕەوا و ناڕەوایانی لەپێش چاو بووە، بەڵام بەشدارینەکردنی لە کێشە و ململانێ و دووبەرەکیدا بووەتە پێشێلکردنی مافی شیاوی، بۆیە هێرش دەباتە سەریان و دەڵێت:

پرسیم:... شەیتان کەی پەیدا بووی؟
– لەو ڕۆژەوە (هی من)،(هی تۆ)
هاتە گۆڕێ
(هی منەکان) بوون بە (ئێمە)
(هی تۆ)کانیش بوون بە (ئێوە)
کێبەرکێیەك لە نێوانە
لەم سەرەوە (ئێمە) ڕەوا،
(ئێوە)ش زۆردار،
لەو سەرەوە (ئێوە) ڕەوا
ئێمەش زۆردار
هەر خۆم بە (من)ی مامەوە
جێگەم کەوتە لای سەرووی شار
تەشتی (هی)یەکانم لایە
هەرچی ڕەوا و ناڕەوایە...
لەو ڕۆژەوە تیا سەودایە،
بۆ تۆماری دوایین بڕیار
کێیە؟ کە (من) پێشێل ئەکا
کێ ئەبێتە چڵکاوی شار؟!

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٢٣)

لە شیعرێکی بێ ناونیشانیدا لە مێژووی ١٩٨٣/١١/٢٧دا نووسیویەتی، تێیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە (خوێنەری بێ ئینجیل) و (دەروێشی بێ پیر)ە، واتە خۆی

خـۆی پـێگـەیـانـدووە و سوودی لـە ڕۆژگـار و ئـەزمـوونـی ژیـانـی تـاڵـی پڕ لـە خـەمـی وەرگرتووە، لەژێر سایەی ئەو بەرهەمانەیدا دەیەوێت بژی و ڕۆژگاری تاڵی پێ بەرێتە سەر:

خەڵکە با گوێتان لێ بێ، نەفامییە یا ژیرم
خوێنەری بێ ئینجیل و دەروێشێکی بێ پیرم
ئەو شەرابەی گرتمەوە لە هێشووی عومری تاڵم
خەست و خۆڵ و گەییوە، ڕەنگی بە ئەشکی ئاڵم
وا دانیشتووم پێك بەپێك بیخۆمەوە بێ هەرا
شەویشی پێ بەرمە سەر بێ هەنسك و بێ چرا
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٧٧)

نکووڵی لەوە ناکرێت کە زانین و هۆشیاری خۆیان دەبنە هۆی دروستبوونی خەم، بەڵام لە هەمان کاتدا خەم خۆی هاندەرە بۆ قووڵبوونەوە بەناخ و بەژیاندا و گەڕان بە شوێن ڕاستییەکاندا و شیکردنەوەی شتەکانی دەوروپشت و زیاتر گەشە بەفیکر و هۆشی مرۆڤ دەدەن و لە هەمان کاتیشدا خەمی تری لای دروست دەکەن... ئەوەتا شاعیر لە ڕوانگەی خەمەکانیەوە ڕوانیویەتییە ڕۆژگار و سەردەمەکەی، سکاڵا و ناڕەزایی دەربڕیوە لەو ڕۆژگارەی کە تەنیا بە بۆچوونی سەرپێیی دەڕوانرێتە خەم و پەژارەکان و شیکردنەوە و ڕۆچوون بزربوون و سەیری لەو زانا و هوشیار و ڕۆشنبیرانە هاتووە کە (ڕێکەوت و بەخت) دەکەنە پێوەری هەڵسەنگاندنەکانیان و پشت نابەستن بە شیکردنەوە:

لە پەنجەرەی برینمەوە دەڕوانمە ئەم ڕۆژگارە
شیکردنەوە هەر نەماوە
ئەوەی هەیە هەر بۆچوونە
کاتێ برین دەبێ بەچاو خەندە دەبێ بە شەوەزەنگ
هەزار حەکیمی دانشمەند...
ئا لەوانەی یەکیان یەکە و دوویان دووە
یەك و دوویان کەس نازانێ دەکاتە چەند!

ڕێکەوت و بەخت بەم ڕۆژگارە شیکردنەوە ڕیسوا دەکەن
دەیکەن بە پەند

(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٢٦)

شاعیر مرۆڤێکی هۆشیار و خاوەن تێڕوانینێکی واقیعی ڕاستەقینەی ناخی خۆی و سەردەمەکەی بووە، بۆیە زۆر ئاساییە کەسانێك لە ڕوانگەی ئەوەوە وەك گیانلەبەرێك ببینێت، کە لە ڕەوشت و هەڵوێستی مرۆڤانە دەرچوون، بگرە لە گیانلەبەرێکی دڕندە خراپتریان دەبینێ، وێنەی ڕاستەقینەی ئەو کەسانە دەردەخات کە ڕەوشت نزم و بێ نرخن، بەخۆهەڵواسین لەژێر سایەی کەسانێکی چەپەڵ و چەوتدا گەیشتوونەتە پلە و پایەی بەرز، بۆیە لە بەگەکانیان خراپتر دەیانبینێ و کورد واتەنی ڕەحمەت لە کفن دزیان لێ دەکات، ئەم جۆرە کەسانە هەڵسوکەوت و سەرداریان لە کۆمەڵدا شاعیریان خەمبار و تووڕە کردووە، بۆیە بەشێوەیەکی توندوتیژ و هەر بەزمانی ئەوان هێرش دەباتە سەریان:

کاتێ مرۆڤ دەبێ بە سەگ
هاوار بۆ حاڵی سەگەکان
چڵکاوخۆری دیوەخانێك دەبێ بە بەگ
هەزار ڕەحمەت لە بەگەکان
کە ئاوی چاوم دابێت و دڵم پڕکەن لە فرمێسك و
گوێچکەم بکەن بە کولانە
هیچ دوور نییە لە دەممدا زمان ببێ بە گەماڵ و دانەکانیش بە تووتەڵە و
لیکیش ببێ بە ڕووپایی
ژیان خۆی و چەمکەکانی لەپێش چاوی برینمدا
دەبن بەشینە بۆشایی

(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٢٦)

نەمانی نرخی مرۆڤ و پێشێلکردنی مافی و نەمانی نرخی ئابڕوو و ڕەوشت لای کەسانێك بوونەتە مایەی خەمباری و تووڕەیی، بۆیە بیروباوەڕی ئاوەژووی سەردەمەکەی ڕەت کردووەتەوە و نەفرەت لە سەردەم و خۆراکی دەکات، نایەوێت درۆ

لەگەڵ خۆی و کەسانی دەوروبەری بکات و بیانخەڵەتێنێ، شتێك دووربێت لە دید و بۆچوونیەوە بیڵێت، خەڵات و پاداشتی هەڵسەنگاندنی خەڵکی بۆی ڕەت دەکاتەوە و خۆی دەستنیشانی هەڵوێست و ڕەوشت و خەمەکانی دەکات و بە پەندێکی کوردی وێنەی خۆی و خەمەکانی دەردەخات.

نرخ و ڕێزم لا دەبێتە ئەو خواردنەی
وەك قوزەڵقورد دەچێتە ناو گەروومەوە
بەپێلەقەی شکاندنێك، ڕاچڵەکینی هەر ناکاوێك
بە ترشاوی دەیرێژمە ناو ئاودەستی مەفاهیمی سەردەمەوە
خۆراکی خەم خەپلە دەکەم، تف لە سەردەم و خۆراکی
لە خومخانە....
لە پێ وە تا تەوقی سەرت هەڵبکێشێ لە خومی شین
کێ یێت دەڵێ پیاوی چاکی؟!
بۆچی دەبێ هەرچی بکەم، مەرج بێ خەڵکی بڵێن باشە
خەڵکی ئاگای لە من نییە سەرم ماشە و ژێرم ئاشە
(فەرهەنگی خەم٣، ل ٢٦)

شاعیر ژیانی کولەمەرگی و هەژاریی خۆی لا پەسندتر بووە لەوەی سەر دانەوێنێت بۆ ڕێژیمێکی فاشست و زۆردار و لەژێر سایەیدا تێر و پڕ بژی، هێرش دەباتە سەر ئەوانەی لە بەردەم زۆرداراندا بەچۆکدا دێن و کڕنووشیان بۆ دەبەن:

کە تەشتێ نان بوو بەچڵکی دەستی کەسێك
ئای ئای مرۆڤ دەبن بە سەگ
ڕیشی درێژ دەتاشرێت و سمێڵ دەکرێ بە بۆیەدا
ئای دەم هەڵبەست، ئای دەست هەڵبەست
دەبنە فرمایش و ئایەت
ئای کە بتیش دەکرێت بەخوا!!
(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٢٧)

لەگەڵ ئەوەشدا کە شاعیر نەیتوانیوە، یان نەیویستووە ڕاستەوخۆ بەڕاشکاوی هۆی ئەم هەڵچوونە توندوتیژەی خەم و تووڕەییەی بدرکێنێ، بەڵام پێ دەچێت هەڵچوونەکەی کاردانەوەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی عێراق بێت، کە لەو ساڵانەدا گەلی عێراق بەناڕەوا بەگشتی تووشی شەڕی (عێراق–ئێران) هاتبوون و لە ژێر باری قورس و نەهامەتیی ئەو شەڕەدا دەیانناڵاند، ڕێژیمی عێراقیش پاڵەپەستۆیەکی زۆری خستبووە سەر توێژی ڕۆشنبیران و ئەدیبان تا لە ڕێگای بەرهەمەکانیانەوە پاساو بۆ هەڵوێست و سیاسەتی ڕێژیم بهێننەوە و ستایشی سەرۆکی فەرماندە بکەن و پلە و پایەی بەرز و پیرۆزی دیاری بکەن، تەنانەت وەك کەسایەتییەکی پیرۆزی ئاینی ناویان دەبرد بە (خوا بیپارێزێ) و هەوڵی ئەوەیان دەدا لە ڕێی مزگەوتەکان و وتاری هەینییەوە پروپاگەندە بۆ ڕێژیم و سەرۆکەکەی بڵاو بکەنەوە، کەسانێکیش لەو ساڵانەدا بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان ویژدان و ڕەوشت و گەلەکەیان خستبووە لاوە و بەپێی ئەو پرۆگرامە نەخشە بۆکێشراوە دەڕۆیشتن و ستایشی سەرۆك و داوودەزگاکەیان دەکرد.

**٣- خەمی وەك شاعیرێ**

شاعیر وەك هەر هونەرمەند و ئەدیبێکی تر لە بواری هونەرەکەیدا تووشی کێشە و گرفت دەبێت، هەندێك لەو کێشە و گرفتانە لە شیعریدا ڕەنگ دەداتەوە و دەری دەبڕێت، بێگومان دەربڕینیش خۆی لە خۆیدا بەڵگەی کاریگەری ئەو کێشانەیە کە باری دەروونیان شڵەژاندووە و خەمباریان کردووە، (حەسیب قەرەداغی)یش بێبەش نەبووە لە کێشە و گرفتی تایبەتی بە هونەرەکەی، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ خەمی ئاکامی کێشە و گرفتی بوارەکەی دەربڕیوە، لە ڕوانگەی شیعرەکانیەوە دەتوانرێت بەپێی قەوارە و کاریگەرییان خەمەکانی ئەزموونی شیعر و شاعیری پۆلین بکرێت و هەریەکەیان بەجیا تیشکی بخرێتە سەر:

١- فەرامۆشکردن و ئاوڕدانەوە لە شیعر و شاعیری.

٢- ڕەخنەی توندوتیژی هەست بریندارکەر.

٣- کۆسپە سیاسییەکانی ڕێگەی شیعر و شاعیری.

٤- نەمانی نرخی شیعر و شاعیر.

٥- جیاوازیی بۆچوون و هەڵوێستی شاعیر لەگەڵ هەندێ شاعیری تردا.

١- فەرامۆشکردن و ئاوڕدانەوە لە شیعر و شاعیری:

حەسیب قەرەداغیی شاعیر دەنگێکی ڕەسەنی شیعری کوردییە و خاوەن شەقڵێکی تایبەت بەخۆیەتی[(١)]، هەر لە کۆتاییی ساڵانی چلەکانەوە هاتووەتە نێو مەیدانی شیعرەوە، لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکانیشدا جێپەنجەی خۆی لەنێو کاروانی خەبات و تێکۆشانی نیشتمانی و نەتەوەییدا، چ بەشیعر و چ بەکردەوە دیاری کردووە، «حەسیب قەرەداغی بەر لە شۆڕشی ١٤ی تەمووز شیعری گوتووە و شیعرەکانی لە ڕۆژەکانی یەکەمی شۆڕشدا جەماوەریان هێناوەتە جۆش و خرۆش و لە کۆبوونەوە و خۆپێشاندانی کۆمەلانی خەڵکدا شیعری خوێندووەتەوە... خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ساڵانی ٥٨-٦٢[(٢)] کە ئەو حەلە شیعری کوردی ڕێچکەی شێوازی دروشمی گرتبوو بەدەگمەن چاوت بەشیعرێکی قووڵ و بە پێز دەکەوت، شیعرەکانی حەسیب ئەو کاتەش تام و بۆ و دارشتنێکی وایان تێیدا بوو، کە ئەوە بگەینێت حەسیب شاعیرە و خاوەن بەهرەیە، بۆی هەیە ببێتە شاعیرێکی کارامە و لێهاتوو».[(٣)]

بێگومان شاعیر لە دوای هاتنە نێو جیهانی شیعرەوە بەردەوام بووە و دانەبڕاوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەنگاوی بەرەوپێشەوە ناوە، شیعرەکانی لەلایەنی هونەرییەوە هیچی کەمتر نەبووە لە شیعری شاعیرانی هاودەمی خۆی، وەکو (هەردی، ع. ح. ب، دیلان، کاکەی فەلاح، کامەران موکری... هتد) بەڵام ئەوەی جێی داخ و سەرسوڕمانە ئەو بایەخەی دراوە بەو شاعیرانە و ئاوڕ لە شیعریان دراوەتەوە و لێکۆڵینەوە لەبارەی شیعر و شاعیریانەوە کراوە، هیچ بایەخێکی بەو شێوەیە یان کەمتر بەشیعرەکانی حەسیب قەرەداغی نەدراوە، « ... ئەگەر ڕازی تەنیایی و ست فاتمەی (ئەحمەد هەردی) نەبوونایە، شیعرەکانی (حەسیب قەرەداغی) جێگەی ئەوانی دەگرتەوە... ئەوەندەی بایەخ بە کامەران و دیلان و شاعیرانی تر دراوە و شیعرەکانیان لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی کوردیدا جێگیر

(١) (پرۆفیسۆر کامل حەسەن بەسیر) ویژەی کوردی و ڕەخنەسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی: الجاحظ، بەغدا، ١٩٩٠، ل ١٨٩-٢٤٢.

(٢) لە سەرچاوەکەدا ساڵانی (٨٥-٦٢) نووسراوە، ئەم زانیارییە هەڵەی چاپە، ڕاستییەکەی ساڵانی (٥٨-٦٢)وە.

(٣) کەمال غەمبار، (فەرهەنگی خەم)م خوێندەوە، کۆواری بەیان، ژمارە: ٧٤، ١٩٨١، ل ٣٨.

بوون ئەوەندە بایەخ نەدراوە بە هۆنراوەکانی «حەسیب قەرەداغی».[1]

لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکاندا هەندێ لە ڕۆشنبیران و ئەدیبانی کورد لێکوڵینەوەیان لەبارەی شیعر و شاعیرانی کوردەوە کردووە، یەکێك لەوانە (کاکەی فەلاح)ە، کە لە ساڵی (١٩٧٩)دا کتێبی (کاروانی شیعری نوێی کوردی) بەچاپ گەیاند و تێیدا لێکۆڵینەوەی لە شیعری (٩) شاعیری نوێخوازی کورد کرد، کە یەکێکیان خۆی بووە، نکووڵی لە ڕەنج و ماندووبوونی ناوبراو و نرخ و بەهای بەرزی کتێبەکەی ناکرێت، کە لەو ساڵانەدا ڕۆشنبیران و قوتابیانی زانکۆ سوودیان لێ بینیوە و تا ئەمڕۆش لێکۆڵەران و ڕەخنەگران و ڕۆشنبیرانی کورد سوودی لێ دەبینن، وەك سەرچاوەیەکی باش بەکاری دەهێنن، بەڵام یەکێك لە کەموکووڕییەکانی فەرامۆشکردنی (حەسیب قەرەداغی)ی شاعیرە، کە دەبوایە لەنێو ئەو کاروانەدا جێی بۆ دیاری کردایە و مافی خۆی بدایەتێ، بە تایبەتی کە شاعیر لە ڕووی سنووری مێژوویی و سروشتی شیعرییەوە گەر لە هەندێکیان تێپەڕی نەکردبێ ئەوا لەوان کەمتر نەبووە، یان ئەگەر لەو کاتەدا دیوانی چاپکراوی نەبووبێ، ئەوا لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو ساڵانەدا شیعرەکانی بڵاو کردووەتەوە و چەندین شیعری بەرز و بەپێزی هەبووە کە شایانی دان پیانان و لێکۆڵینەوە بێت، (کەمال غەمبار) لەبارەی ئەم کەموکووڕییەوە دەڵێت: "لەگەڵ ئەوەدا نین کە خۆی لەناو ئەو شاعیرانەی وەری گرتووە تێیدا بووایە، باشتر وابوو ئەم کارەی بۆ کەسانی تر جێ هێشتبایە...، وام بە پێویست دەزانی شاعیرێکی تر جێگەی خۆی بگرتایە، وەك (حەسیب قەرەداغی)ی شاعیر کە بەرەوپێش چوونی ڕێچکەی گۆرانە و هیچی کەمتر نییە لە هەندێ لەو شاعیرانەی کە باسی کردوون، خاوەنی سەرمایەیەکی -رصید- باشی شیعرییە، هەقی خۆی بوو هەڵوێستەیەك لە ئاستی شیعرەکانیدا وەك شاعیرانی تری بکرێت».[2](*)

(١) کەمال غەمبار، فەرهەنگی خەم، فەرهەنگی ژان و هەژان، کۆواری ڕامان، ژ: ٢٦، ١٩٩٨/٨/٥، ل ١٩.

(٢) كمال غمبار، قافلة الشعر الكردي المعاصر، جريدة العراق، عدد ١٠٧٣، ١٦ أيلول، ١٩٧٩، ص٣.

(*) لەگەڵ ئەو بۆچوونەی مامۆستا (کەمال غەمبار)دا نیم کە پێی وایە نەدەبوو (کاکەی فەلاح) باسی خۆی بکردایە و ئەو کارەی بۆ کەسانی تر جێ هێشتبایە، بگرە کارێکی =

ئەم فەرامۆشکردنەی (کاکەی فەلاح)، بووەتە نیگەرانی و خەمباریی شاعیر، ئەوەتا (کەمال غەمبار)، دەڵێت: «بەرگی یەکەمی فەرهەنگی خەمی چاپ کرد دانەیەکی پێشکێش کردم تێیدا نووسیبووی (بۆ مامۆستای ئەدیب و هاوڕێی خۆشەویستم کاك کەمال غەمبار پێشکێش بێت، لەگەڵ هەموو ئەم خەم و خەفەتەی کاکەی فەلاح نای بەدڵمەوە)... کاکەی فەلاح ساڵی ۱۹۷۹ بەرگی یەکەمی (کاروانی شیعری نوێی کوردی) چاپ کرد، لەناو شاعیراندا (حەسیب قەرەداغی)ی فەرامۆش کردبوو، منیش کە لەسەر کتێبەکەیم نووسی وەك ئەمانەتێکی ئەدەبی و مێژوویی پەنجەم بۆ ئەم خاڵە برد بە کەموکوورِییەکم دایە قەڵەم، چونکە نووسەر لەسەر چەند شاعیرێکی نووسیبوو (حەسیب قەرەداغی)یش لە رووی چوارچێوەی مێژوویی و سروشتی بەرهەمی شیعرییەوە، گەر لە هەندێکیان تێپەڕی نەکردبێ لەوان کەمتر نەبووە، بۆیە پێشنیازم کردبوو ئەگەر بۆ (کاکەی فەلاح) لوا ڕۆژێك لە ڕۆژان کتێبەکەی چاپ بکاتەوە ئەم ڕاستییەی لە بەرچاو بێ، مافی شیاو بە شاعیر و شیعرەکانی بدات"(۱).

شاعیر خۆشی لە دەستنووسێکیدا کە بۆ (د. شوکریە رەسووڵ)ی ناردووە، تێیدا سکاڵا و ناڕەزایی دەردەبڕێت لەبارەی فەرامۆشکردنی لەلایەن هەندێ لە رەخنەگران و نووسەرانەوە، وەك دەڵێت: "... ئا لێرە پرسیارێك دەکەم، ئاخۆ ئەوانەی کە لە شیعر ئەگەن، کە هەستیان هەیە، کە ئینسافیان هەیە، کە قەڵەم لە دەستیاندا خۆی دەگرێ، بۆ و لەبەر چییە یەکێکیان هەر بۆ خێریش نە بەچاك نە بەخراپ ئەم ئەشکەنجە و ئازار

= خراپ نییە گەر هونەرمەندان و شاعیران خۆیان باسی خۆیان و ئەزموونی شیعر و شاعیریان بکەن، رەخنەگران و لێکۆڵەرانیش ئازادن چۆن رەخنە لە قسەکانیان دەگرن، ئەوەی کە (کاکەی فەلاح) لە کتێبەکەیدا لەبارەی خۆی و شیعرەکانییەوە نووسیویەتی وەك دەستنووسی شاعیران وایە، کە ئێمە متمانە دەکەینە سەری بۆ لێکۆڵینەوە و نامە ئەکادیمییەکانمان، کاکەی فەلاحیش لەژێر ڕۆشنایی هەندێ دەستنووسی شاعیراندا– ئەوانەی وەری گرتووە – لێکۆڵینەوەکەی ئەنجام داوە، دەبا باسەکەی خۆشی هەر لەو ڕوانگەیەوە سەیر بکرێت، بەڵام گەر مامۆستای ناوبراو مەبەستی لەوە بێت شوێنی خۆی تەرخان بکردایە بۆ شاعیرێکی وەك (حەسیب قەرەداغی) ئەوا منیش لەگەڵ ئەو پێشنیاز و بۆچوونەدام، چونکە لە ڕووی ئاستی شاعیرێتی و بەرزیی هونەرییەوە، (حەسیب قەرەداغی) بەپێشکەتووتر دەزانم.

(۱) کەمال غەمبار، کۆواری ڕامان، ژمارە: ۲٦، ۱۹۹۸، ل ۱۹.

و دەردەی منیان نەخستەبەر تیشکی ڕووناکی بیر و هۆشی خۆیان، نە بە کلاسیکی نە بە ڕۆمانسی، نە بەواقیعی نە بە هیچ ڕەنگ و ناوێك نەیاندام لە قەڵەم، لەبەر ئەوە بوو دیوانم نەبوو؟ لەبەر ئەوە بوو خاوەن بیروڕای پێشکەوتنخوازانە نەبووم لەبەر ئەوە بوو دەستم لە بەرۆکی زمان و ئەدەبی میللەتەکەم بەرنەدا؟ لەبەر ئەوە بوو...؟(*)...، ئەوانەی دەق و دراسە و بیبلۆگرافیا دەنووسن منیان نەدەناسی؟ ها؟ شیعری منیان نەخوێندبووەوە؟ من ناڵێم پێشەوای شاعیرانم، بەلاَم هەرگیز لە کاروان دوا نەکەوتووم، وە هێشتا بەروبوومدارم، بیانەوێ و نەیانەوێت تەنیا دنیای کەوا بخۆر بێ و تاقم تاقم، دنیا دنیای لە جێگەی بازان کۆڕەوازان بێت..."(١).

لە دەستنووسێکیشدا کە بۆ (د. کامل حەسەن بەسیر)ی نووسیوە، هەمان گلەیی و خەمی درکاندووە، وەك دەڵێت: ".. بەلاَم ئەوەی شیاوی باسە و من لەبەرئەوەی خۆم بێ دەست و ژیان بە ئاشووب و کوێرەوەری بووم نەمتوانی هەتا ئەم ساڵانەی دوایش کە کۆمەڵە شیعرێ یا دیوانێ بلاَو بکەمەوە، خوا سەلامەتیان کات ڕەخنەگران و دیراسەنووسان و ئوترووحەبێژەکانیشمان منی فەقیر و هەژاریان بە خەیاڵدا نەهات و نە لە کاروانی شیعری کوردی کاکەی فەلاح و نە لە واقیعییەکەی د. عیزەدین و نە لە

(*) ئەم دەستنووسە بەقەڵەمی جافی ڕەنگ شین نووسراوە، هەر بەهەمان قەڵەم و هەمان ڕەنگ سکالاَ و ناڕەزاییی فەرامۆشکردنی نووسیوە، بەلاَم ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ، لەو بۆشاییییەی کە هێمای بۆ کراوە (...*...) چەند دێڕێك هێڵی بەسەردا هاتووە و کوژێنراوەتەوە، پێ دەچێت شاعیر دوای تەواوبوونی لە نووسینی دەستنووسەکە پێیدا چووبێتەوە و پەشیمان بووبێتەوە لە ناوبردنی تاکە کەسێك، یان حەزی بە بلاَوبوونەوەی ئەو زانیارییە نەکردبێ کە درکاندوێتی یان سکالاَ و ناڕەزاییەکەی تەنیا لە یەك کەس نەبێ... بۆیە هەوڵم دا هەر چۆنێك بێت ئەو چەند دێرە هێڵ بەسەرداهاتووە بخوێنمەوە و سەرەداوێکی خەم و پەژارەکەیم بۆ دەرکەوێت، نائومێد نەبووم توانیم بیخوێنمەوە، ئەمەش ئەو چەند دێرە کوژاوەکەیە "ئەی پێم بڵێن: دوکتۆر عیزەدین کە پەڕاوی واقیعییەکەی دانا نەیدەزانی کە من هیچ لە زۆربەی نموونەکانی لە دواوەتر نەبووم، فلاَن فسارکە دەق و دیراسە..." لێرەدا چەند وشەیەکم بۆ نەخوێندرایەوە و دەشێ درێژەی بە سکالاَکەی نەدابێ و لێرەدا بەو چەند وشەیە کۆتاییی پێ هێنابێ، ئەمە جگە لەوەی بەهەمان قەڵەمی ڕەش سەهمێکی بۆ سەرەوەی دێرەکە کردووە و نووسیویەتی: (جگە لە مامۆستای شاعیر شێرکۆ بێکەس).

(١) دەستنووس.

هیچ لایەکی تریشەوە ناومان بە چاکە و خراپە نەبرا، کە ئەمەش ناڕەوا و نادروستە، چونکە ئەو شاعیرانەی کاکەی فەلاح ریزی کردوون لە کتێبەکەیدا – گۆرانی– لێ بەدەر لە هەموویان خۆم بە شاعیرتر نەزانم بەکەمتر نازانم، هیچیشیان ڕێیان بەمن نەبریوە و نەهێشتووم هەتا ئەم ساتەیش... ئەوەی تاکە پێلاوێکی لە دیواندا هەبوو کۆوار و ڕۆژنامە نەبوون بە ڕاست و بە چەپا پێیاندا هەڵنەدەن و شیعر و نووسراوی ئێمەمانانیش بۆ سەبەتەی خۆڵ ئای ڕۆژگار چەند بەدکاری!".(١)

(د. کامل حەسەن بەسیر) هۆی فەرامۆشکردنی شیعر و شاعیری (حەسیب قەرەداغی) دەگەڕێنێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی:

١– سەرقاڵی ڕەخنەگران بە کێشەی نێوان شیعری ڕەسەنی کوردی و هەروەك خۆی ناوی ناوە (هۆنراوەی کوردی دەستکرد بۆ بەرپەرچدانەوەی بەرهەمی ڕەسەن و لێهاتووی کوردی).

٢– کاریگەری زۆربەی شاعیرە لاوەکان بە ڕۆشنبیری و ئەدەبی بێگانەوە و دەنگدانەوەیان لە جیهانی ئەدەبیدا و باوەش گرتنەوەی نووسەرانیش بۆ ئەم شاعیرانە و بەرگریکردن لێیان.(*)

دوابەدوای ئەم دیاریکردنەش دەڵێت: جا دیسانەوە زۆر چاوەڕێ کراوە کە بەرهەمی هەستیارێکی ڕەسەن وەکو مامۆستا حەسیب قەرەداخی لەم بوارەدا ببێ بە ژێرپێوە و تەپوتۆزی بێگانەپەرستی ئەستێرەکەی دابپۆشێ.(٢)

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم خەمەی شاعیر لە شیعری جێم مەهێڵە ١٩٧٩/٣/١)(**)دا دەبینرێت کە تیایدا گلەیی و گازندەی فەرامۆشکردنی دەکات و

(١) کامل حەسەن بەسیر (پرۆفیسۆر)، ویژەی کوردی و ڕەخنەسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی: الجاحظ، ١٩٩١، ل ٢٠٨–٢٠٩.

(*) ئەم دوو خاڵە بەکورتکراوەیی و بەشێوازی نووسینی خۆم خراونەتە ڕوو نەك وەك ئەوەی سەرچاوەکە، چونکە لە سەرچاوەکەدا زۆر درێژتر بوون.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١١.

(**) لەم شیعرەدا کۆمەڵێك خەمی دەربریوە، یەکێك لەو خەمانە، خەمی فەرامۆشکردنی خۆی و شیعرەکانیەتی، بۆیە لێرەدا ئەوەی پێوەندیی بە باسەکەوە هەیە، نموونەی شیعری لێ خرایە ڕوو، ئەو کۆپلانەی پێوەندیی بە خەمی ترەوە هەیە، لە شوێنی خۆیاندا ئاماژەیان بۆ دەکرێت.

ئاماژە بەوە دەکات کە چی تر قایل نابێت چاوەڕێی بکات کەسانێك بەسەری بکەنەوە، پاشان خۆی دەستنیشانی هەڵوێستی نیشتمانیپەروەریی خۆی دەکات و بە مافی ڕەوا و شیاوی خۆی دەزانێت کە لە کاروانی خەباتی ئەدەبی میللەتەکەیدا بەسەر بکرێتەوە و جێی دیاری بکرێت و جێی نەهێڵن و بزری نەکەن:

بۆچی ئەبێ چاوەڕوان بم تا ئەم دنیا بەهار ئەگرێت
تا ئەو ساتە گومان نییە سەد بەهاری تەمەن ئەمرێت
جێم مەهێڵە، هەر چۆنێك بێ منیش خاکی بێ ڕێگە نیم
ڕێگەکانیش لەسەر ڕەقی هەڵکەنراون گوم ناکرێن
سەریان ڕەقە و لەشیان پتەو بە ئاسانی بانادرێن
جێم مەهێڵە، ڕێگەم هەیە جێگەم هەیە مرۆڤیشتم
مرۆڤێکم ئێجگار شەیدا، جێم مەهێڵە، کەڕوو ئەگرم
هەزار جۆرە موتوربەم کەن کە هاتمە بەر بەڕوو ئەگرم
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ١٧٩)

ئەم جۆرە گلەیی و سکاڵایە لە کەسانێکی خاوەن هزر و ویژدان دەکات، بۆیە هەڵچوونەکەشی هێمنانەیە و سکاڵایەکی دەروونی ویژدانییە.

لە کورتە شیعرێکیدا کە لە مێژووی **١٩٧٩/١٠/١٧دا** نووسیویەتی، تیایدا هێمای کردووە بۆ شیعری (جێم مەهێڵە)، کە تانەت ئەم شیعرەش کە بۆ مەبەستی ئاوڕدانەوە و فەرامۆشکردنی نووسیویەتی، ئەویش وەك خۆی فەرامۆش کراوە و بەتەنیایی ماوەتەوە:

ڕۆژێك منیش لە خۆمەوە بۆ خۆم گریام
لە پڕ شیعرێك لەدایك بوو هاواری کرد
– جێم مەهێڵە(*)...

= (*) پێ دەچێت مەبەستی لە بەکارهێنانی (جێم مەهێڵە) لەم کورتە شیعرەدا بۆ دوو مەبەست بێ: کە یەکەمیان، مانای ڕاستەوخۆی – جیهێشتن– بێت و دووەمیان: ئاماژە بێت بۆ شیعری (جێم مەهێڵە ١٩٧٩/٣/١)، ئەوەی کە گومان ناهێڵێت مێژووی نووسینی ئەم کورتە شیعرەیە، کە دوای چەند مانگێك لە شیعری (جێم مەهێڵە) لە مێژووی **١٩٧٩/١٠/١٧دا** نووسیویەتی ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە لە چەند شیعرێکی تریدا هەمان ڕستەی بەکار هێناوە بۆ هەمان مەبەست، وەك لە شیعرەکانی (دەستنیشانێکی =

مەرۆ، مەرۆ

لەم سەر ئەرزە منیش تەنیام،

لەم سەر ئەرزە منیش خولیام،

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٤١)

یەکێك لە خەسڵەتە شادەمارەکانی شیعری شاعیر ئەوەیە: زۆرجار خەمی تایبەتی خۆی لەگەڵ خەمی کۆمەڵگە و سەردەمەکەیدا ئاوێتە کردووە، یان خەمە تایبەتییەکەی خۆی گرێ داوە بە خەمی گشتییەوە؛ لە شیعری (خاتووزین و ئازار و هیوا ١٩٧٩/١٢/٢٩)دا لە پاڵ خەمی نیشتمانە بێ بەختەکەیدا کە سەربارى ئەو هەموو زوڵم و ستەم لێکردنە، دەنگوباس و هەواڵی کپ دەکرێت و ئاژانسی دەنگوباسەکان لە ئاستیدا بێدەنگن و لە نێوان دەوڵەتە باڵادەستەکاندا هەرچی مامەڵە و ململانێی نێوانیانە لەسەر حیسابی نیشتمانەکەی دەکرێت، خەمی تایبەتی فەرامۆشکردنی و نەبیستنی هەواڵ و ئازارەکانی خۆی دەرخستووە:

من هەر باڵی شیعرم هەیە لە دنیامدا

مەیپێچنەوە توخوا شڕ و شیتاڵی من

ئاهم بگاتە ئاسمان و هەر کوێ بەرزە

کێ ئەبیسێ دەنگوباس و هەواڵی من؟!

بۆ ئاسۆگەم وا خەمناکە و سزا دێنێ

بە گەردنی کام ڕۆژە بێ ئۆباڵی من؟!

لەسەر دوکانی خەڵکی تر مشتومڕە

مامەڵەیە بۆ کڕینی کووتاڵی من!

ئەچمە هەر کۆڕ و مۆبەدێ هەموو شتێ...

سەروبنە، هەموو چاڵی پێچاڵی من

هەرچی تۆز و گەرد و خەشە ڕوو ئەکاتە...

چاوی پاکی ئاسمانەکەی ساماڵی من

---

= تازە ١٩٨٠/٢/١٢، کەرنەڤالی تاوان ١٩٩٣/٥/١٥)، کە لە شوێنی خۆیاندا ئاماژەیان بۆ دەکرێت.

ئەم دەساودەس ئەیگۆڕن و تێکی ئەدەن
تێکی ئەدەن کووپەی خومی زۆر تاڵی من
ئەمێستاکە ئاشیانەکەم وێران ئەکەن
لادیوارێ ناهێڵنەوە بۆ پاڵی من
(فەرهەنگی خەم ۲، ل ۱۵۸)

لە کورتە شیعرێکی تری کە لە مێژووی ۱۹۸۰/۱۰/۲دا نووسیویەتی، دیسانەوە خەمی فەرامۆشکردنی لەگەڵ خەمی فەرامۆشکردنی میللەتەکەیدا گرێ داوە، ئاماژەشی بەوە کردووە کە لەوەتەی پێی گرتووە خەمخۆری خەڵکییە و لە تاریکیدا چرای ڕۆشنی جوانی بۆ هەڵکردوون، کەچی وەك میللەتە چەوساوەکەیەتی کە سەدان ساڵە مافی پێشێل دەکرێت و کەس بە تەنگ خەم و ژانەکانیەوە نایەت:

ئەوەتی من پێم گرتووە خەمی خەڵکم لە کۆڵایە
کە ڕۆژ هەڵدێ تا ئێوارە
هەمووی هەر لە باوەشمایە
بۆ تاریکە چرایەکی وا هەڵئەکەم
لە ڕەنگی جوانی دنیایە
کەچی هەر سەیر لەوەدایە
من شاعیری میللەتێکم
سەدان ساڵە بەری خۆری لێ ئەگیرێ و
وەکو پێویست کەسێك بە خەمیەوە نایە!
(فەرهەنگی خەم ۲، ل ۲۵)

بەلام لە شیعری (دەستنیشانێکی تازەتر ۱۹۸۱/۳/۱٤)دا زیاتر خەمە تایبەتییەکەی فەرامۆشکردنی دەردەکەوێت و پتر لە خەمی فەرامۆشکردنی میللەتەکەی دەنوێنێ:

منم لەسەر خەرمانی خەم خوێ شەن ئەکەم
هەموو ڕۆژێ دوێنێ و سبەی بەپەن ئەکەم

خوای هیچ شارێ..
چەتەوڵی شارەکەمی بەرپەڵ نەدا
مەستێك لە چاوی چاوەڕێم
دوا چۆڕی پێکی هەڵنەدا
شیعرێکی کەس بە بەستەوە لە ئازارما هەڵنەقووڵی
ئەوەش دڵی لەسەر پشت بوو
لە هەزاران خورپەی دڵم خورپەیەکی نەچووە دڵی.

***

کەسم نەدی لە شەوێکما
تەنها مۆمێ لە ڕێگەما هەڵکاتەوە
کەسم نەدی لەسەر خوانە وێرانەکەم
چۆڕێك خەمم بۆ تامیش بێ بخواتەوە...
ئای گەڕیدەی شیعرەکانم لە شاراندا لە دەرگای دا
کەسێك نەبوو لادەرگایەك بکاتەوە
کەسم نەدی بڵێ ئەمەش بەندەی خوایە،
خەمی (کاوەی) لە کۆڵدایە.

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ١٤٧–١٤٨)

شاعیر لە پەنا دەربڕینی خەم و پەژارەی پێشێلکردنی مافی و فەرامۆشکردنیدا پەیامی خۆی ئاشکرا کردووە، کە خاوەنی هەڵوێستی جوامێرانەیە و چاوپۆشی لە زوڵم و ستەمی نەیارانی نەتەوەکەی ناکات و، دوێنێ و سبەینێ بەپەن دەکات خەمە تایبەتییەکەی خۆی کردووەتە ڕەمز بۆ دەربڕینی خەم و پەژارەی پێشێلکردنی مافی نەتەوەکەی و فەرامۆشکردنی لەلایەن ئەو گەل و نەتەوانەی کە میللەتی کورد هاوخەمیان بووە و پاڵپشتیان بووە، هەروەك چۆن خۆی مافی خوراوە و فەرامۆش کراوە، کاردانەوەی هەشی خەمە پەنگخواردووەکەی تەقینەوەی هەڵچوونی تووڕەییە، بۆیە بڕیاری داوە چیی تر بەردەوام نەبێت لە پاڵپشتی و هاوخەمیی کەسانی تر:

ئەمجارەیان بڕیارێکە، هەرچی خەتام بێ تیا نییە
بام جەمیلە بدرێت بە دەم کارەباوە
بام ئەنجیلا لە هەزاران دەم وەربدرێ و
بڵێن دایکی بەند و باوە
هەرچی قولە لەم دنیادا، لووتیان بکرێ بە زنجیرا
هەرچی ناوی گیڤارایە، بکرێت بەسەر نووکی تیرا
هەر پەنجەیەك تارێ لێ دا داشی دامەی جەنەراڵێك بن
هەرچی نیرۆدا و غەسانە ئاوارەی ڕێی بێ ماڵێك بن
نایەمە دەنگ
نای لەخشێنم فرمێسکی مەنگ
ئا لەم ڕۆوە حەرفێکم دا
دووانم لە جیاتیدا ئەوێ
ئەینا من و ئازاری خۆم قەزای کەسم لێ نەکەوێ
ڕۆژگار مێژوو، ئەم بڕیارە
پاڵفتەی عومرێك شەوگارە
کێش هەڵگوردێ ئازارە
هەتا دەرگای شاری خەڵکم لێ داخرێ
هەتا مێژوو پێی بەدبەختیم لێ داگرێ
هەتا لە نەخشەی دنیادا جێی ناوەکەم نەدرێتەوە
هەتا چرۆی لێوی هیوام
بە هەڵبەستی ئازادیخواز، لە بەستەدا نەکرێتەوە
ئەم بڕیارە هەر بڕیارە
قوفڵی دەرك و دەری شارە
با هیچ نەبێ دوژمنێکم وا بزانێ
بەڵێن لەناو عاشقاندا هەتا ئێستا مەعنای ماوە

کوپەی مانەفێستی عەشقیش

دەستی پیسی بۆ نەبراوە

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ١٤٨-١٤٩)

گەر بە وردی سەرنجی ئەم شیعرەی شاعیر بدەین، دەبینین شاعیر بە شێوازی تاك دەدوێ، بەڵام لە هەمان کاتدا خوێنەری کورد تەنیا هەست بە ئازاری تاکە کەسێك ناکات، بگرە ئازاری گەلی کوردە، کە بە درێژاییی مێژوو خەمی میللەتانی تری سەر ئەم زەوینەی خواردووە و هاوخەمی هەموو ئازار و ژانێکیان بووە، پاڵپشتیی ئازادیخوازانی جیهان بووە؛ هاوخەمی گەلی جەزائیری تێکۆشەر بووە، (جەمیلە)ی پاڵەوانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی، ڕەش پێستەکان، کەسایەتییە شۆڕشگێڕە ئازاردراوەکان، کەچی هێندەی ئەم خەمخۆرییە، کەسێك لەوان هاوخەمی گەلی کورد نەبووە.

دەتوانرێت تاك دواندنی شاعیر بە خەمە تایبەتییەکە دەستنیشان بکرێت و ئەو کۆیەتییەش کە هەستی پێ دەکرێت لە ناوەڕۆکی شیعرەکەدا دەنگی ئازار و خەمی گەلەکەیەتی و بە خەمی گشتی دابنرێت، ئەم ئاوێتەکردنە خۆی لە خۆیدا بەڵگەی هەست و سۆزی نیشتمانپەروەریی شاعیرە و لە هەمان کاتدا توانا و بەهرەمەندی شاعیرە، کە توانیویەتی خەمی تایبەتی خۆی ئاوێتە بە خەمی گشتیی گەل و نیشتمانەکەی بکات، یان خەمی تایبەتییەکەی خۆی بکاتە ڕەمزێك بۆ دەربڕینی خەم و پەژارەی گەلەکەی و سنووری تەسك و تایبەتی تاکە کەسێك دەرکردووە و بوعدێکی گشتی و فراوانی- شمولی- پێ داوە و کردوویەتییە نموونەیەکی بەرزی بەهێزی بیروباوەڕی مرۆڤی ستەمدیدە، بەرامبەر بە زوڵم و زۆرداری لە هەموو کات و شوێنێکدا.

ئەو کەس و کەسایەتییە ئەدەبی و شۆڕشگێڕانەی شاعیر لەم شیعرەدا بەکاری هێناون وەکو: (جەمیلە، ئەنجیلا، ڕەشپێستەکان، گیڤارا، نیرۆدا، غەسان)، هەموویان کەسانێکی خاوەن هەست و سۆز و ویژدان و زوڵم لێکراون و جێ پەنجەیان لە مێژووی سیاسی و ئەدەبیدا دیارە، شاعیر خۆشی یەکێکە لەو شاعیرانەی هاوخەمی گەلانی ستەمدیدە و زوڵم لێکراوان و ئەو کەسایەتییە ناوبراوانە بووە، لە هەندێ شیعریشدا پاڵپشتیی لێ کردوون و هاوخەمێتیی بۆیان دەرخستووە، بۆیە لە ئاکامی ئەم

هەڵچوونە دەروونییەدا بڕیاری داوە چیی تر لەسەریان نەیەتە دەنگ، ئەم بڕیارەش خۆی لە خۆیدا مانای قایل نەبوون و ڕەتکردنەوەی زوڵم و زۆرداری و فەرامۆشکردنە، بەتایبەتی لە ڕوانگەی شاعیرەوە کە لە ئازاری خۆیەوە و ڕوانیویەتییە کێشەکە، دیارە شاعیر لەو ساتانەدا کەوتووەتە ژێر پاڵەپەستۆی هەڵچوونێکی توندوتیژەوە بۆیە یاخی بووە و هەڵگەڕاوەتەوە لە هەڵوێستی پێشووی.

هەمان خەمی فەرامۆشکردن لە شیعری (خونچە و خاك ١٩٨٦/٣/٢٣)دا دەبینرێت:

شیعرەکانم بارگە و بنەن
تۆماری چیرۆکی خەمن
بە داخەوە هەتا ئێستەش
نەیانزانی زۆرن کەمن؟

(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٣٢)

لە شیعری (ئەی هاودەرد ١٩٨٦/٤/٣)دا بەڕاشکاوی تامەزرۆییی خۆی بۆ ئاوڕدانەوە لە شیعرەکانی دەردەبڕێت، بەشێوەی پرسیار (کێ) هاتووەتە گۆ، ئەم شێوازە بەڵگەی گومانی شاعیرە لە نەبوونی یان شکنەبردنی ئەو کەسەی بەنێو شیعریدا بگەڕێ و ڕاز و خەمەکانی بکاتە وێردی سەر زمانی:

..........
کێها عاشق...
ئەم ڕازەی من دەکا بەسەرمەشقی خەمی؟
کام دێوانە...
ئەم ڕازەی من دەبێ بە ویردی سەر دەمی؟
کام دەروێشی بێ پەروا دێ...
سەوزەم بکات بە مەزارێ،
چەند وەرز دەبێ چاوەڕێ کا بارانێکی لێ ببارێ؟
کە بوو بە شەخصی عاشقان...
کام کیژی جوان بۆ نەزری خۆی

لکی لەچکی پێ دەبەستێ؟
کام ڕێبواری ئێجگار ماندووی ڕێگەی ئەوین،
بۆ پشوویەك تیا دەوەستێ؟
(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٣٦، ٣٧)

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ لە هەندێ شیعری شاعیردا – بە تایبەتی ئەوانەی دەربڕینی خەمن – شاعیر لە کاتی خەم و پەژارە دەربڕیندا ئەو وشانەی بەکار هێناوە کە لە شیعری سۆفیگەریدا بەرچاو دەکەون، لەم شیعرەی پێشووشدا وشەکانی (عاشق، دێوانە، دەروێش، ئەوین)ی بەکار هێناوە، کە دەروێش و سۆفییەکان بەمەبەستی سۆز و خۆشەویستیی خوایی بەکاریان هێناوە.

وەك لە شیعرەکانی شاعیردا دەردەکەوێت، خەمی فەرامۆشکردن و پێشێلکردنی مافی ڕەوای شیعر و شاعیرێتی تا دوا ساڵەکانی ژیانی شاعیر درێژەی کێشاوە و هۆکارەکانی ئەم پێشێلکردن و فەرامۆشکردنەش گەورەتر بوون و گرێ دراون بە بارودۆخی سیاسییەوە؛ لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) بە دواوە، دوای کشانەوەی حکوومەتی مەرکەزی لە کوردستان و دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پیادەکردنی سیستەمی پەنجا بە پەنجای نێوان دوو پارتە بالادەستەکەی کوردستان، هەروەکو دابەشبوونی دەسەلات لە نێوان ئەو دوو پارتەدا، زۆربەی زۆری ڕۆشنبیران و ئەدیبان و شاعیران دابەش بوونە سەر ئەو دوو پارتە و بەرهەمیان تەرخان کرد بۆ پڕوپاگەندەی پارتە لایەنگیرەکەیان، کەسانێکیش لەنێو ئەو دوو پارتەدا لایەنگری و پاڵپشتییان لێ دەکردن، تا ئەمڕۆش ئەم دیاردەیە بلاوە، چ لە ناوەوەی کوردستان چ لە دەرەوەی کوردستان، ئەگەر ئەم دیاردەیە سوودی هەبێت بۆ کولتووری سیاسیی ئەو دوو پارتە، ئەوا هاوکات زیانێکی ڕاستەوخۆش بە کولتووری ئەدەبیی گەلی کورد دەگەیەنێت، ئەو دوو زیانەش ئەو کاریگەرییەیە کە لەسەر ڕۆشنبیران و ئەدیبانی بێلایەن و سەر بە ئایدیۆلۆجیەتێکی جیاواز لەو دوو پارتە دروست بووە، بایەخدانی ئەو دوو پارتە بە ڕۆشنبیرانی لایەنگریان بووەتە کۆسپێك لە بەردەم ئەوانەی تردا [هەڵبەتە لێرەدا نامەوێت لە سوود و زیانی ئەم دیاردەیە بدوێم، بگرە ئەوەی پێوەندیی بە خەمی شاعیرەوە هەیە تیشکێکی کەمی بخەمە سەر].

حەسیب قەرەداغیی شاعیر یەکێك بووە لەو کەسایەتییە ئەدەبییانەی کە باجی

زیانی ئەم دیاردەیەی داوە و کاردانەوەیەکی زۆری لەسەر دروست کردووە؛ بێلایەنیی شاعیر لەو دوو پارتە، هێندەی تر شاعیریان فەرامۆش کردووە و خەمەکەیان زیاتر کردووە، باشترین بەڵگەش کە وەك دەقێکی بڕوا پێکراو بخرێتە بەرچاو چامەی نوێی (کەرنەڤالی تاوان ۱۹۹۳/۵/۱۵)ە کە تەقینەوەی ژان و خەمی فەرامۆشکردنی شاعیرە لەگەڵ هەندێ خەمی گشتیی بارودۆخی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە ئاوێتە بوون.

لەم چامەیەدا شاعیر پێشەکییەکی بۆ نووسیوە، ئەو پێشەکییە وەك خۆی دەخەمە ڕوو ، کە خۆی دەبێتە شیکردنەوەی خەم و پەژارەکانی و دواتریش ئەو کۆپلە شیعرییانەی پێوەندییان هەیە بە باسەکەوە دەیخەمە ڕوو:(*)

«پێشەکییەکی پێویست

کە ئەمەك نەما، کە ئەدەب نەما، کە هەموو شتێك بوو بە قارچاخەڕێی بۆنە و تەما، کە ڕاستی ئاوەژوو کرا، کە شاعیرێك هەر شاعیرێك هەموو عومری کرد بە قوربانی هەڵوێستی، پێگەیی شەرەف و شکۆمەندی لە دنیای ئەندێشە و خەما و کەسانێك بێن بە دەم و لەوسێکی نامۆوە بیانەوێ ئاسەواری، شوێنپێی لە پاشا ڕێگەی ئەدەبی کورددا بسڕنەوە، ڕۆڵی گوم کەن و ناوی پشتگوێ خەن و زاریان ببێ بە شەریکە تاوانی چاویان، ئەمیان نەبینێ و ئەویان بچێتە کلیلە، ئەلبەتە لە هەستی ئاوا شاعیرێکا کە هێشتا لە گۆڕەپاندایە و نووچی نەداوە، هەر بۆ ئەوەی ئێجگاری نەیکوژێ، ئاوا چامەیێك لەدایك دەبێت:

شتێکی تر هەیە دەبێ بیڵێم: ئەم چامەیە ئاڕاستەی کەسێکی تەنیا نییە، دەمڕووتەکەیەك نییە، بەڵکو ئەنجامی خوێندنەوەی (استقرا)ی گەلێك ڕووداو و دیاردە و هەڵوێست و لووتبەرزییەکە لەم ڕۆژانەی

---

(*) ئەم چامەیە، تا ئێستا بڵاو نەکراوەتەوە، بە دەستنووسی شاعیر خۆی بەڕێز (بەهات حەسیب) لە مێژووی ۲۰۰۰/۵/۲۵ دا خستییە بەردەستم.

هەر کۆپلە شیعرییەکی لەم چامەیە لێرەدا نیشاندراوە، لەژێریدا نووسراوە (کەرنەڤالی تاوان)، بۆ تێکەڵ نەبوون لەگەڵ ئەو شیعرانەی کە لە دەستنووسی تردا وەرگیراوە.

ژیانماندا سەریان هەڵداوە، (من)ی شاعیریش هەر حەسیب قەرەداغی نییە، بەڵکو دەیان حەسیبە و پشتگوێ دەخرێن بەناڕەوا و بەدەستی قەسدی (ألا تبت یداهم) دەبا دەستیان وشك بێ و دەمیان بچێتە کلیلە».

ئیمزای شاعیر

١٩٩٣/٥/١٥

چامە شیعری (کەرنەڤاڵی تاوان) هەر لە ناونیشانەکەیەوە دەردەکەوێت کە زوڵم و ستەمکردنەکە هی تاکەکەسێك نییە، بگرە چەندین کەسان و کۆمەڵێکن، سەرەتای هەر کۆپلە شیعرێکی ئەم چامەیەی بە (بێ بمکێڵە کێ دەمکێڵێ، بێن بمکێڵن) دەستی پێکردووە، کە (١٥) جار (بێ بمکێڵە) و یەك جاریش (کێ دەمکێڵێ) و(بێن بمکێڵن)ی دووپات کردووەتەوە، کە کۆی دووپاتکردنەوەیان (١٧) جارە و (٢) جاریش (جێم مەهێڵن)ی تیا بەکار هێناوە، مەبەستی ئەوەیە: جێی شیاوی پێ بدرێت و لە کاروانی ئەدەبی نەتەوەکەیدا جێ نەهێڵرێت و بەسەر بکرێتەوە، لە هەمان کاتیشدا هێمایەکە بۆ شیعری (جێم مەهێڵە ١٩٧٩/٣/١)ی کە بۆ هەمان خەمی نووسیویەتی.

لە سەرەتای ئەم چامەیەدا، شاعیر بە شێوازی پرس (کێ دەمکێڵێ) دەستی پێ کردووە، وەك ئەوەی گومانی بێت لە نەبوونی کەسێك، دواتریش بە شێوازی سووربوون– تحدی – و بێ باکانە، بە نیمچە شانازیکردنێك بە خۆی و شیعریەوە خۆی وەڵام دەداتەوە و ئامادەیی خۆی نیشان دەدات و دەڵێت: (بێ بمکێڵە)، تەنیا مەرجێکی ئەوەیە بەجێی نەهێڵن و بەسەری بکەنەوە، بێ گومانە لەوەی وەك کێڵگەیەکە بەروبوومی چاکی تێدا ڕواندووە، کێڵانی کێڵگەکەشی – مەبەستی لە ڕەخنەگرتنە لێی سوودی هەیە و بەئاکامێکی چاك دەشکێتەوە سەری و ڕاستی بە توانایی و لێهاتوویی دەردەخات، بەروبوومی کێڵانەکەش ئەو گوڵە سوورانەن – مەبەستی لە شیعرەکانیەتی – کە شایانی ئەوەن وەك گوڵ بدرێن لەسەر:

کێ دەمکێڵێ... بێ بمکێڵێ

تەنها مەرجم هەر ئەوەیە جێم نەهێڵێ

بێ، بمکێڵە... هەر زەوییەك بەبێ کێڵان هیچ ناهێنێ،

درەختێکی فرمێسکینم ڕواندووە... بیهێنە بەر،

سوورە گوڵێك کە دەیگریێ بیکەرەوە و بیدە لە سەر

(دەستنووس، کەرنەڤاڵی تاوان)

یەکێك لە هۆیەکانی فەرامۆشکردن و بایەخنەدان بەشیعری شاعیر، بایەخدانی هەندیێ لە نووسەران و ڕۆشنبیرانە بە ئەدەبی بیانی و کاریگەرییان بە ئەدەبی هاوچەرخی بیانییەوە و فەرامۆشکردنی ئەدەبی ڕەسەنی نەتەوەکەیانە، بە تایبەتی نەوەی نوێی ئەم سەردەمە، ئەوەتا شاعیر سوێندی ئەو کەسانە دەدات، کە ئەگەر شاعیرێکی بیانی بوایە وەك ئێستا تەماشای دەکرا؟:

توو شەرەفتان ئەگەر ئێستە جاکیێ بوایەم جۆنیێ بوایەم...

هەروەك ئێستە دەتان ناسیم؟

(دەستنووس، کەرنەڤاڵی تاوان)

پاشان ئاماژە بەوە دەکات کە شاعیران و نووسەرانی کوردستان لەم ڕۆژەدا گەر سەر بەدەسەڵاتێکی سیاسی نەبن، ئەوا ئەگەر خاوەنی داهێنانیش بن هەر لە ناخی خۆیاندا دەبێت و بەس، بایەخیان پیێ نادرێت و فەرامۆش دەکرێن و هەر لە دۆخی خۆیاندا دەمێننەوە:

ئەگەر ئێستە من و ئێوە هاولەگەنی نێو بارەگای حزبیێ بواین...

ئاخۆ لە چی دەتانتاشیم؟

ئێستە منیش ئەستێرەیەکی کە نەبووم؟

ئێستە منیش ڕاوێژکاری دیکتاتۆری کەرنەڤاڵی تاوان نەبووم؟

ئێستە منیش برا گەورەی گویێ ئاگری باوان نەبووم؟

لەناو دەریای تەریقەتی هەر کەسێکدا...

لە وانەکان، دوو وان نەبووم؟

توو شەرەفتان، توو شەرەفتان، هەر کامێکتانن چۆپیکێش

دەبیێ تاوانی من چی بیێ، کە تەشتێکی پڕ نان نەبووم؟!!!(*)

---

(*) (حەسیب قەرەداغی) وەك لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت، مرۆڤێکی خۆڕاگر و بە ئارام و =

(دەستنووسی، کەرنەڤاڵی تاوان)

ئـەم خـەمـە لای شاعـیـر لـەگـەڵ هـەڵکشانـی تـەمـەنیدا ڕۆیشتـووە و کۆتـاییـی پـێ نەهاتووە، لە ناخیدا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە و جێپەنجەی لەسەر شیعرەکانی بەجێ هێشتووە، لە زۆربەی بابەتە جۆربەجۆرەکانی خەم و پەژارەیدا ئاماژەی بۆ کراوە... وەك لـە شیـعـری (ژن و خـاك و مـن ١٩٩٦/١/٦)دا لـە پـاڵ دەربـڕینـی خـەمـی خۆشەویستیدا دەری بڕیوە:

وتیان: خۆ تۆ لەم سەر خاکە، ڕۆژێك ئەمەکێکت نەدی

کەسێك نەبوو ئافەرینێك بکات بە میداڵی یەخەت!

.................................

وتیان: خۆ تۆ لەم سەرخاکە، کێشەیێکی بێ ئەنجام بووی

چامەیێك بووی،

کەسێك وەهای نەخوێندییەوە کە خودایشی لێ ڕازی بێ

(فەرهەنگی خەم ٤، ل ١١٣– ١١٤)

بەداخەوە شاعیر تا لە ژیانیدا بوو ئەو ئاواتەی نەهاتە دی، کەسانێك ئاوڕ لە ئەزموونی شیعر و شاعیری بدەنەوە، وەك (د. حەسەن جاف) دەڵێت: "تا لە ژیاندا بوو چـیـمـان بـۆ کـرد؟ کـێ بـە دەنـگـیـیـەوە هـات؟! ئـەم پـرسـیـارە لـە گـوێـی هـەمـوو خـاوەن ویـژدانـێکدا دەزرنگێتـەوە... بـەداخـەوە شاعـیـر لـەنـاو مـیـللـەتـەکـەمـانـدا، هـەروەك لـەدایك

= گەشبین بووە، لە گەرمەی ناسۆرەکانیدا ورەی بەرنەداوە و بێ ئومێد نەبووە و دووربین بووە، بەڵام لەم چامەیەدا تروسکاییی گەشبینی و ئارامی و ئومێدی تێدا بەدی ناکرێت، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، خەم و پەژارەکەی گەیشتۆتە لووتکە و هەژاندن و هەڵچوونێکی توندی کاریگەری لا دروست کردووە، بە ڕادەیەك کاری تێ کردووە کە زاڵ بووە بەسەر هۆش و فیکریدا ئارامی لێ هەڵگرتووە و دووربینیی نەماوە، چونکە ئەم بارودۆخەش کۆتایی دێت و کێشە و گرفتەکانیش بنبڕ دەبن و هەموو شتێ دەچێتەوە دۆخی سروشتی خۆی و ڕۆژێك دێ ڕاستییەکان دەرکەون و هەڵوێست و بۆچوونە ئاوەژووکراوەکانیش دەگۆڕێت و حەسیب قەرەداغی و ئەوانەی وەك ئەون شوێنی شیاوی پڕ بە قەوارەی خۆیان لەنێو کاروانی ئەدەبی گەلی کورددا وەردەگرن.

نەبووبێ وایە بە تایبەتی لەم قۆناغەدا".[1]

٢- ڕەخنەی توندوتیژی هەست بریندارکەر

پێش ئەوەی دیاردەی خەمی ڕەخنەگرتن لە شاعیر و کاریگەری ئەم خەمە لە شیعرەکانیدا دیاری بکەین، پێویستە چەند شەقڵ و سروشتێکی شاعیر خۆی و شیعرەکانی بخرێتە ڕوو، تا لە ڕوانگەیانەوە هۆی ڕەخنەگرتن لە شاعیر و خەمباربوونی بە ڕەخنە ڕوون بێتەوە:

١- شاعیر مرۆڤێکی هەست و سۆز ناسك و خاوەنی مەزاجێکی ڕۆمانسییانە بووە، دڵی پڕ بووە لە سۆز و خۆشەویستی بۆ هەموو کەسێك، لە هەمان کاتدا زۆر زوو هەڵچووە و تووڕە بووە و خەمی خواردووە، ئەم سروشتەی شاعیر وەك لایەنێکی دەروونی، هۆی هەڵچوونی بووە لە ڕەخنەگرتن، بە تایبەتی ڕەخنەی توندوتیژ.

٢- بوونی هەندێ دژیەك و ناکۆك لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی شاعیردا ڕەنگیان داوەتەوە و بوونەتە هۆی ڕەخنەگرتن لە شاعیر، ئەو دژیەك و ناکۆکانەش ئەمانەن:

أ- بوونی دوو کولتووری جیاوازی دژیەکی ئیسلامی و کۆمۆنیزمی و نەگەیشتنی شاعیر بە یەقین و مانەوەی لە نێوانیاندا بە هەڵواسراوی و هەوڵدانی شاعیر بۆ کۆیلەنەبوونی بەرامبەر هیچ کامیان.

ب- کاریگەری شاعیر بە ئەدەبی کۆن و لە هەمان کاتدا بەدواداچوونی شەپۆلی نوێ و گەڕانی بەشوێن نوێخوازیدا و هەندێ جار داڕشتنی ناوەڕۆکی نوێ بە قاڵبی کۆن، هەندێ جار لەگەڵ ئەو هەموو هەنگاوە نوێیانەدا کە ناویەتی گەڕاوەتەوە بۆ قاڵبە کۆنەکە و تام و چێژ وەرگرتنی لە ڕێبازی کۆن... ئەم سروشتەی شاعیر و شیعرەکانی بوونەتە هۆی ڕەخنەگرتن لێی وەك خۆی دەڵێت: "... لای هەندێکیان جارەجارە دەیکەن بە کەرەستەی تەشەر لێدان لە من گوایا من هێشتا، شەرابی ڕەنگاوڕەنگی گوڵڕەنگی نابی ئەم سەردەمە، لەناو کاسەی کوردایەتێیدا پێشکێش دەکەم...".[2]

---

(١) د. حەسەن جاف، لە یادی خوا لێخۆشبوو حەسیب قەرەداغیدا، کۆواری بەیان، ژمارە ١٧٩، ١٩٩٧، ل ٩.

(٢) کۆواری سروە، ژ: ٩٠، بەفرانباری، ١٣٧٢، ل ٢٩.

هەڵبەتە شاعیرێکی بەهرەمەند و لێهاتووی وەك حەسیب قەرەداغی هەرگیز لە ڕەخنەی بنیاتنەرانە نیگەران نەبووە و هەڵنەچووە، بگرە بەپێچەوانەوە پێشوازیی لەم جۆرە ڕەخنانە کردووە و گەر بە پێویستیشی زانیبێ وەڵامی داوەتەوە، بەڵام ڕەخنەی توندوتیژی هەست بریندارکەری تازەهاتوانی ناو مەیدانی شیعرەوە خەمباریان کردووە و هەندێ جار تووڕەشی کردووە و هێرشی بردووەتە سەر ئەوانەی هەستیان بریندار کردووە.(*)

لە وتارێکدا کە ئاڕاستەی نووسەری گۆشەی (بەکورتی)، ڕۆژنامەی هاوکاری، (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)ی کردووە، لەبارەی گۆشەی ژمارە (٩٩٦ی ١٩٨٨/٨/٨) گلەیی و گازندە دەکات لەوانەی سووکایەتی بەشیعری ڕەسەنی کوردی دەکەن و تانە و تەشەر دەدەن لەوانەی لەسەر ڕەوتی شاعیرانی کۆن دەنووسن، وەك لە بەشێکیدا دەڵێت: "... ئەگەر شاعیرێکی بەدبەختی کورد شیعرێکیان لا بخوێنێتەوە کە بۆنی بەرهەمی نالی و مەحویی لێ بێ لێوی لێ هەڵدەقرچێنن و دەڵێن چاولێکەرییە، دواکەوتووە، لەگەڵ ڕۆژ و بۆچوون و ئارەزووی ئەمڕۆی ئەوان گەل و میللەتدا ناگونجێن!. جاری واش هەیە داوای شیعری کۆنکرێتی و شەشپاڵوویی و سێگۆشەیی و بێ خەت و خاڵبەند و وشەی پوواو و سوواو دەکەن! ئای شیعری کوردی چەند بێ بەخت و بێ چارەی، کراویت بە میزەڵدان و هەر ناشی و ناکارێك دێت بە گوێرەی مەزاجی خۆی فووت تێدەکا و دەتخاتە بەر چەکوشی میرازکردن و داپڵۆسین، ئەوەی کە ناشێ ناوی شیعری لێ بنرێ لەسەر تۆی حیساب دەکەن، جۆران کۆلەنانی پەیدا

(*) هەرچەندە لەنێو ڕۆژنامە و کۆوارە کوردییەکاندا گەڕام بەشوێن ڕەخنەگرتن لە شاعیر، بەڵام هیچ ڕەخنەیەکی توندوتیژی هەست بریندارکەرم نەدی، جگە لە ڕەخنەیەکی (شێرکۆ بێکەس) نەبێ کە لە دوو شیعری شاعیری گرتووە لە ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە: ١٣-١٦ی ساڵی ١٩٧٢ بڵاوی کردووەتەوە، شایانی باسە کە ئەم ڕەخنەیەش ڕەخنەیەکی نەرمونیانی بنیاتنەرانی زانستییانەیە و شاعیر خۆشی وەڵامی ئەم ڕەخنەیەی هاوڕێی داوەتەوە و سوپاسی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەکەی کردووە و لە ڕۆژنامەی ژین، ژمارە: ٧٤ی ١٩٧٢/٦/٢٩دا بڵاوی کردووەتەوە، واتە ڕەخنەکە هەستی بریندار نەکردووە، کەواتە دەتوانرێت بوترێ ئەو هەڵچوونە توندوتیژەی سەبارەت بەڕەخنەگرتن لێی لە شیعرەکانی شاعیردا دەردەکەوێت، ئاکامی ڕەخنەی هاوڕێ و برادەرانی بووە چ لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبییەکاندا، یان لە مەجلیسی خۆیاندا بووبێ.

دەبن و لە جۆرانی توورەکەت دەئاخنن و دەتدەن بەسەر شاندا، کوچە بە کوچەی شارت پێ دەکەن و ئینجا دێن سەروگوێت دادەگرنەوە و بە خامە ڕەنگینەکانیان و بە وتار و کاریکاتێر و شتێکیش موکافەئەی لەسەر وەردەگرن، ئادەی مامۆستایانی شەیدای خاك و خۆڵی ڕووت و ڕەجاڵ و میحرابی ساردوسڕ کام شیعرە دەکەوێتە سەر زاری موبارەکی ئێوە؟!

دەتانەوێ شاعیری کورد وەکو (نالی) و (مەحوی) شیعر بڵێ؟ دەسوێند بخۆن نایدەنە بەر تانە و تەشەر، ئەی خۆ ئێوە نە بەشیعری ئاراگۆن و نە بەشیعری نێرۆدا و نە بەشیعری مایکۆفسکی شارەزا نین، تا بڵێین ئێوە مەلەوانی ناو ئەو دەریا مەزنانەن و ناتوانن لە ئاوی تانجەڕۆی دەم وشك و سیروانی سەرلێشێواودا مەلە بکەن. یا ئێوەی بەڕێز بەو پەندە سواوە گۆش کراون کە دەڵێ: ئەوەی نەیێتە ماڵی مامۆم ئەوا منیش پێی نامۆم!

کاکە ئەحمەد دووبارە ئەملا و ئەولات ماچ دەکەم و تکام وایە لە گۆشەی (بەکورتی)دا ئەم کورتە وەڵامەم بڵاو بکەیتەوە. بەزەییتان بە چاوی کز و فرمێسکی گەرم و هەناسەی ساردی ئێمەماندا بێتەوە. وا بەجارێکیش ڕەنجمان بە با نەدەن و تەمەنمان بێ سوود نەکەن"(١)

لە شیعری (جێم مەهێڵە)دا بە شێوەیەکی بانگەواز و ئاگەدارکردنەوەی (هۆ خەڵکینە) پەیامی خۆی ڕاگەیاندووە، کە مانای بوونی مەترسییەك دەگەیەنێت، گومانی تێ نەگەیشتن لێی و تانە و تەشەر لێدان لێی دەکات، شاعیر خۆی زانیویەتی کێ لێی تێ دەگات و کێ لێی تێ ناگات، کێ هەست بە ئازاری دەکات و بە ئەزموونی شاعیرێتیدا تێ پەڕیوە:

هۆ خەڵکینە لێرە هەستان شیعرەکانم یەخسیر مەکەن
وا بە توانجی بێ سەروبەر وشەکانم دڵگیر مەکەن
دایکەکانتان بە ئێوەوە ژانگرتنی هەردوو سات بوو
شاعیر هەموو عومری ژانە ژان ئەیگرێت هەموو ساتێ
بەڵکو تولفی شیعری ببێت دەنگی گریان بتانگاتێ!

---

(١) ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، بە کورتی، ڕۆژنامەی هاوکاری ، ژمارە: ١٠٠٢، ١٩٨٨/٨/٢٩، ل ٣.

جێم مەهێڵن(*) منی شاعیر تەوژم و تینی کاروانم
لە نوێژی گشت نەورۆزێکا قەسد و تەکبیر و قورئانم
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ١٨٤)

ئەگەر هەڵچوونێکی هێمنانە بەم شیعرەوە دیاربێت ئەوا لەبەرئەوەی کە تەنیا گومانکردنە لە توانج و ڕەخنە لێدان و دەستپێشخەرییە، بۆیە هەڵچوونەکەشی بەپێی بۆچوونەکەیەتی، بە پێچەوانەی شیعری (دەستنیشانێکی تازە ١٩٨٠/٢/١٢)وەیە کە تێیدا هێرشێکی توندوتیژ دەباتە سەر ئەوانەی بە ناڕەوا ڕەخنەیان لێ گرتووە:

لەعنەت دەکەم لەو مێژووەی نووسیویەتی:
کە تا ئێستا کەس بە بانگی بەیانییانم هەڵنەساوە،
کە تا ئێستا ئەسپێکی شێی پڕمەدارم تاو نەداوە،
کە تا ئێستا نیوەم خۆرە و نیوەم سێبەر،
کە تا ئێستا دەستم وا بەکلاوەوە
کە تا ئێستا خوێی دوو ڕێیان ئەکەم بەئێش و زامەوە
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ١٥١)

لە کورتە شیعرێکیدا کە لە مێژووی ١٩٨٣/٣/١٢دا نووسیویەتی، تێیدا وەك پەتایەکی بڵاو دەڕوانێتە دیاردەی تانە و تەشەر و ڕەخنەی توندوتیژی کەسانێکی نێو کۆمەڵگەکەی:

هەرچی ئەبینی گیرفانی،
پڕ لە تانە و تەشەر ئەکا...
وەکو خڕکە بەرد ئەیهاوێ و
سەروگوێلاك ئەکوتێتەوە
هەرچەند گیزەی تەشەرێك دێ بەلای سەرما
ئەڵێم خوایە: ئەم پەتایە

(*) لە سەرچاوەکەدا (جێم مەهێڵین) نووسراوە، بێگومان ئەمە هەڵەی چاپە و ڕاستییەکەی (جێم مەهێڵن)ە.

چۆن داکەوت و

داخوا بڵێی ببڕێتەوە؟!

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ١٦)

زۆر لە شاعیران تانە و تەشەری هەندێ لە ڕۆشنبیران و ڕەخنەگرانیان چوواندووە بە بەرد، کە هەست و سۆزیانی بریندار کردووە، ئەوەتا شاعیر لە هەندێ شیعریدا هەمان چوواندنی بەکار هێناوە، تەنانەت خۆشی بۆ وەڵامی ئەوانەی ڕەخنەیان لێ گرتووە (بەرد)ی کردووەتە ڕەمزێك بۆ وەڵامدانەوەی توندوتیژی بۆیان:

خۆ ئەگەر ڕەخنە لە شیعرم بەربدەن بەردم هەیە

تۆوی خۆم ناکەم بە جاڕا، پایزە و وەردم هەیە

ڕەخنەباز ڕسوا دەبێ خۆی دەست بخاتە کاری من

دەستی ئەو وێڵ و زەبوونە چۆن دەگاتە داری من؟!

(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٣٠)

شاعیر وەڵامی ئەو کەسانەی داوەتەوە کە ڕەخنەیان لێ گرتووە، بەڵام وەڵامدانەوەیەکی لە جێی خۆی، سەری شانازیی بەرز کردووەتەوە و سەری دانەنەواندووە بۆ ئەو کەسانە، کە لە خۆی بە کەمتر زانیون.

لە شیعری (من و بێسارانی ٥/١٠/١٩٨٦)دا پەنای بردۆتە بەر جنێودان و سووکایەتی کردن بەوانەی هێرشیان کردووەتە سەری، بە هەڵچوونێکی تووڕەییەوە خەمەکەی دەربڕیوە:

ئەوەی جامم گڵاو دەکات

ئەسکۆی لە کووپەی وەردەدەم

ئەوەی ڕێ لە چاوم بگری...

سەگی جوێنی تێ بەردەدەم

(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٥٨)

یەکێك لە خەسڵەتە دیارەکانی شیعری شاعیر لە کاتی هەڵچوونی تووڕەبوونیدا پەنابردنە بۆ جنێودان و سووکایەتیکردنی بەوانەی هۆی هەڵچوونی خەمی بوون و

خەمبارییان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە شیعرەکانی شاعیر گەواهیی ئەو ڕاستییە دەدەن کە دڵی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی بووە بۆ خەڵکی و دەوروبەری بەڵام لە هەمان کاتدا چەکی دەستی بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی و بەرپەچدانەوەی نەیارانی و یاخیبوون لێیان شاڵاوی هێرشی بێ پەردە بووە... لە شیعری (ئەو کەسانە ١٩٩١/٧/٤)دا هێرشی توندوتیژی تێکەڵ بەستایش و پیاهەڵدانی شیعری کردووە:

هەرکە دەگریم، ئەو کەسانەی گریەخۆرن خڕ دەبن

چەشنی شەیتان ئاوسانن، وا لە شیعرم پڕ دەبن!

هەر وەکو گای گێرەشێوێن مل دەنێنە ناو خەمم،

تا بە ڕەخنە و هاتوهووت و حەوتە حەوتیان مڕ دەبن!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل ٤٢)

شاعیران لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەردەوام دووچاری کێشە و گرفتی پێوەندار بەجیهانی هونەری شیعرییان بوون، هەرچەندە ئەو کێشە و گرفتانە بچووکیش بووبێتن و کاریگەریشیان کەم بووبێ، بەڵام بە دووپاتبوونەوەیان و ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوامیان بوونەتە خەمێکی گران و کاریگەر، خەمی ئاکامی ڕەخنەگرتن و هەست بریندارکەر لای حەسیب قەرەداغیی شاعیریش کاریگەرییەکی زۆری هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی لە شیعرێکی لاواندنەوەی (کەژاڵ)ی کچیدا دانی ناوە بەوەدا کە خەمی جگەرسووتانی وەك ئاگرێك خەمەکانی پێشتری سووتاندووە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە گەرمەی شینیدا بۆ جگەرگۆشەی لەدەستچووی ئاماژەی بۆ خەمی تانە و تەشەری (ڕەقیب)ی کردووە:

وام لە ماڵی کاولا بێ دەفر و بێ دەرامەت

ڕەقیب ئەڵێ: ئەفەندی، کوانێ بۆن و بەرامەت؟!

ئەو ڕەقیبەی زمانی زۆر پیسترە لەو شیرە

سەری (حوسەین)ی بڕی و ئێستە لە ناخم گیرە

....................................

لێدەن بە چەپ و ڕاستا مەرجیش تێڵای ئەستوورە،

یا تەشتی پڕ لەنانە، یا چاوی سوێر و سوورە

ئەوەی دەردم ئەزانێ هەر ئەو لە شیعرم ئەگات
هی تر چەنەبازێکە بە ڕاست و چەپما ئەدات
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٧٤-٧٥-٧٦)

نوێخوازی لای (حەسیب قەرەداغی) گوزارشت لە خەون و خۆزگەی ئێستا و داهاتووی مرۆڤایەتی دەکات، مرۆڤ پەلکێش ناکات بۆ بێ ئاگایی، لای ئەم شاعیرە شیعر هەڵقوولاوی هەست و سۆزی خۆیەتی و ڕەنگدانەوەی ئێش و ئازاری خۆی و میللەتەکەیەتی، بە پێچەوانەی شیعری زۆربەی شاعیرە لاوەکانی ئەمڕۆی کوردەوە، کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەدەبی ئەوروپاییەوە، لای زۆربەیان وەهەم بەرجەستە دەبێ و بێ ئاگایی هەموو سنوورێك دەبەزێنێت و هۆش و ئەقڵ دەکەوێتە پەراوێزەوە و بگرە زۆرجاریش فڕێ دەدرێت...

ئەم دیاردە شارستانییەتە مۆدێرنزمە بۆ ئەم سەردەمەی گەلی کورد زۆر ستەمە پیادە بکرێت، یان بکرێتە پێوەرێك شیعری ڕەسەنی کوردی پێ بپێورێت، ئەوەتا شاعیر لە چامەی (کەرنەڤاڵی تاوان)دا ئاماژە بەوە دەکات کە لاوانی کورد - هەندێکیان- دەیانەوێت بە پێوەری هزرەکانی بنیاتگەری- بنیوي- شیعرەکانی بپێون و بیخەملێنن:

بێ، بمکێڵە... گۆڕەپانم
(فۆکۆ) شەن و کەوی پێیە و شیعرەکانم بە با دەکا
وا دەزانێ من شەوگەرێکی (پۆلۆنیا)م...
لە (شانزلیزێ)دا دەنووم، بورجی (ئیڤڵ) منارەمە
خۆ من خەڵکی ئەم شارەمە
وام لە تونێلی (ئەنفال)ێکی رووخاوا
پێم لە خانووە قوڕەکانە و سەرم وا لە قەرەجاوا
ئەو ئازادی و ئەم خەباتی کرد بە داوا(*)
[دەستنووس، کەرنەڤاڵی تاوان]

---

(*) فۆکۆ Foucholt: یەکێکە لە خاوەن هزرەکانی ڕێبازی بنیاتگەری- بنیوی-
پۆلۆنیا: مەبەستی لە دارستانی (بوولۆن)Boulogne – لە شاری (پاریس)
شانزەلیزێ: شەقامێکە لە (پاریس)، بورجی (ئیڤل)یش لە شاری پاریسە.
خانووە قوڕەکان و قەرەجاوا: دوو گەڕەکی میللیی شاری سلێمانین، زۆربەی

هەر لە هەمان چامەدا هێرشێکی بێ پەردە دەکاتە سەر ڕەخنەگرێکی لاوی تازە هاتووی نێو جیهانی ئەدەبەوە، کە ویستوویەتی ڕەخنە لە شیعری شاعیر بگرێت و سووکایەتیی پێ بکات و ناسنامەی شیعر و شاعیرێتیی لێ وەرگرێتەوە:

دوێنێ دەمڕووتێکیان هێنا(...)(**)
دەم و پلی خۆی هەڵداوە...
بایێکی دا، خولێکی دا، لە بەرپێما تلێکی دا
دەستی هێنا بەرگی شیعرم لێ کاتەوە
وای دەزانی پەچەم هەیە، ویستی پەچەم هەڵباتەوە
بورکانی تف لە منەوە وەها دەرچوو...
دەمی بوو بە شیلاوگێ، پڕ بوو لە گوو.

(دەستنووس، کەرنەڤاڵی تاوان)

هەر بەهەمان شێوە لە شیعری (پێشکەشە بەهەر شاعیرێك)دا هێرش دەکاتە سەر شاعیرانی تازە پێگەیشتوو، ئەوانەی بە شیعر تانە و تەشەریان لێ داوە، لە پاڵ هێرشەکەشیدا شانازی بە شیعر و شاعیرێتیی خۆیەوە دەکات:

شیعری ڕەها... باسم مەکە
هێشتا سەروعوزرشۆر نیت
بام خامەی هەرزەکاریت تێ بەرنەدەم
شەرابی تازە(***) گیراوەی...
با من کەوچکی هەڵپەمت تێ وەرنەدەم
بەسەر کێڵگەی تازە تووتا... ڕەهێڵەیێکم دابکا
گەرد و گوڵت بە با دەدا(١)

= دانیشتوانەکەیان خەڵکی هەژارن. لەو ساڵانەی دواییدا گۆڕا بۆ (ئازادی و خەبات).

(**) ئەم بۆشاییيە (...) ڕستەیەکی بێ پەردەیە، نەتوانرا لێرەدا تۆمار بکرێت.

(***) لە سەرچاوەکەدا (نازە) نووسراوە، پێم وایە ئەمە هەڵەی چاپە و وشەکە (تازە)یە.

(١) حەسیب قەرەداغی، پێشکێشە بەهەر شاعیرێك، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژ: ١٩٧، ١٩٩٥/١١/٢٦، ل٣.

٣- کۆسپە سیاسییەکانی ڕێگەی شیعر و شاعیری

نەبوونی ئازادیی بیروڕا دەربڕین لە عێراقدا، هەڕەشە و تۆقاندنی ڕۆشنبیران و ئەدیبان لەلایەن داوودەستگا یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، بەتایبەتی ڕێژیمی عێراقی هەردەم کۆسپ بوون لە بەردەم نووسەران و ئەدیباندا، چەندین ڕۆشنبیر و نووسەریش بوونە قوربانیی وتەی ڕەوا و ڕەخنەیان لەو ڕێژیمە، ئەوانی تریش بێبەش نەبوون لە ئازاردان و هەڕەشە لێ کردن و تۆقاندن، ئەگەر یەکێك لە شاعیران شیعرێکی دژی هەڵسوکەوت و بیروباوەڕی ئەو ڕێژیمە بنووسیایە، ئەوا بەشاراوەیی دەیهێشتەوە، ئەوەتا شاعیر لە بەیتە شیعرێکیدا کە لە مێژووی ٢٠/١٠/١٩٨٥دا نووسیویەتی تێیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە سی ساڵ زیاترە وەك پشیلە کوناوکونی بە شیعرەکانییەوە کردووە، تا دوا جار سووتاندوونی:

وەك پشیلە ٣٠ ساڵ زیاتر کوناوکونم پێ دەکـــردن
جێگە نەما، ئەمجارەیان بۆ ناو گەرووی گڕم بردن

(فەرهەنگی خەم ٣، ل٦٦)

لە بەیتە شیعرێکی تریدا، زیاتر مەبەستەکەی ڕوون بووەتەوە، ئاماژەی بەوە کردووە کە کتێب و شیعرەکانی لای دوژمنانی کە بە (جانەوەر) ناوی بردوون، دەبێتە بەڵگەی تاوانی و دەبێتە هۆی سووکایەتی پێکردنی و ئازاردانی:

کاتێك پەڕاو لای جانەوەر بەڵگەی تاوان و مردن بێ
داهێنەر و دانەرەکان بەشیان هەر تف لێ کردن بێ

(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٦٦)

ساڵانی هەشتاکان زۆرجار لە ناکاو پیاوانی ڕێژیمی عێراقی دەیان دا بەسەر گەڕەك و کۆڵانەکانی شاردا و ماڵەکانیان دەپشکنی، هەرچییەکیان چنگ کەوتایە لە کتێب و نووسراو کە جێی شك و گومان بووایە دەیانبرد و دەیانکردە بەڵگەی تاوانباری خاوەن ماڵەکە و ئازارێکی زۆریان دەدا، تا وای لێ هاتبوو خەڵکی نەیاندەوێرا ئەو کتێبانە بەئاشکرا لە ماڵەکانیاندا دابنێن کە دەبنە مایەی سەرێشە و ئازاردان بۆیان، خۆ هەندێ جار کە لە ناکاودا پیاوانی ڕێژیم دەستیان بە پشکنین دەکرد، ئەوەی لە ماڵەکاندا بوو، خێرا دەسووتێنرا و لەناویان دەبرد، ئەم دیاردەیە بووبوو بە

دیاردەیەکی دیار و ئاشکرا، ئەوەتا شاعیر لە شیعری (سەفەر و سۆناتاکانی ١٥دا ئاماژەی بەوە کردووە کە پێویستە توونی حەمامەکانی نێو ماڵەکان هەموو کات ئاگری تێدا بێت، تا کتێب و نووسراوەکان لە کاتی پێویستیدا ببنە خۆراکی ئاگرەکە:

توونی حەمام پێویستە، توونی حەمام با قووڵ بێ

هەمیشە ئاگریش بێ

ئاگر و توونی حەمام، کتێب و شیعر و هەناو

دیاردەیەکی تازەن ئیتر گەرماو هەی گەرماو

(فەرهەنگی خەم ٣، ل ١٩)

ساڵانی دەسەڵاتداری ڕێژیمی عێراقی لە کوردستاندا، پیاوانی ئەو ڕێژیمە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان دەیانویست نووسەران و ڕۆشنبیرانی گەلی کوردیش وەك سەرجەمی گەلی عێراق بە مادە بکرن تا ستایشی ڕێژیمەکەیان بکەن، هەرچ نووسەر و ڕۆشنبیرێکیش خۆی نەدایە دەست ویست و مەبەستیان بەرەو دۆزەخی ئازار و ئەشکەنجەیان دەبرد، ئەوەتا شاعیر لە شیعرێکیدا کە لە مێژووی ١٩٧٩/١٠/٣٠دا نووسیویەتی، هەمان کێشە و گرفتی ڕێگەی شاعیرانی گەلەکەی دەردەبڕێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم شیعرەی لە ساڵانی ڕێژیمی عێراقی- بەعسی-دا نووسیویەتی و بڵاوی کردووەتەوە، نەیتوانیوە ڕاستەوخۆ هێمای بۆ ئەو سەردەمە بکات بۆیە بەشێوەی (ساڵ بەو عەیام) دەستی پێ کردووە، تێیدا وێنەی شاعیرێکی خۆڕاگر دەردەخات، کە بەمادە ویژدانی خۆی نەفرۆشتووە، وێنەی ئەو ئازار و ئەشکەنجەیە دەردەخات کە سزایان پێی داوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم شیعرە دەربڕینی ئازارێکی تەنیا کەسی نییە و دەتوانرێت بەخەمی گشتی دابنرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئازاری تایبەتی شاعیرێکی، خاوەن هەمان هەڵوێستە کە شاعیر خۆیەتی:

ساڵ بەو عەیام...

شاعیرێك بوو، ویستیان بیکڕن

هەر خۆی نەدا بە دەستەوە

لە نێرینەی شەوەزەنگی شاری کپا

پل بە پلی هەموو لەشیان، بە شیپی قەمچی بەستەوە

بەر لە بەیان،
شیعرێك لەناو دەروونیەوە
خۆی هەڵبڕی تا سەرشانی
خوێندی خوێندی هەتا توانی
لە دڵۆپی خوێن بەولاوە،
کەس بەم ئازارەی نەزانی

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٣٨)

یان لە شیعری (من شاعیرم ٢٢/٧/١٩٩١)دا کە دوای ڕاپەڕینی بەهاری **١٩٩١** نووسیویەتی خەمی سالآنی ڕێژیمی عێراقی دەردەبڕێت، کە چۆن مامەڵەیان لەگەڵیدا کردووە و لەسەر بوونی شاعیرێتی چۆن ئازاریان داوە و سووکایەتییان بە شیعری کردووە:

زەمانێك پێش... هەرکە وتم: من شاعیرم،
پەنا بەخوا پەڵ دابارێ!
گەردەلوولی ناتۆرەی ڕەش، دای بەسەرما
وەکو خوێ بم، کرابمە زامیانەوە،
بێ، یەك و دوو، بەدەفتەرما ڕشانەوە!
شەرمی وشە نەیگرتبوون، تا ئەو ساتەش کشانەوە!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل ٨١)

**٤- نەمانی نرخی شیعر و شاعیر**

لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و نووسەران جێگەیەکی تایبەتییان هەیە و لەنێو کۆمەڵگەکەیاندا بە چاوی ڕێزەوە تەماشا دەکرێن، لە کاتێکدا ئەم توێژە کە پێشەنگی گەلی کوردن و هەردەم ژیانی خۆیان تەرخان کردووە بۆ پێشکەوتن و سەرفرازیی گەلەکەیان بە هەمان چاوی ڕێزەوە تەماشا ناکرێن و وەك مرۆڤێکی ئاسایی سەیر دەکرێن، "... شاعیر لەناو میللەتە خوا پێداوەکاندا، تا لە ژیاندایە، لە بەهرەی بەهرەمەندییان دەخۆن و بەئەرزش و حورمەتەوە دەژین، کە کۆچیان کرد، لە گۆڕستانی هەڵکەوتوو و گەورە پیاواندا

دەیاننێژن"[1].

شاعیر لە شیعرێکیدا کە لە مێژووی ١٩٨٠/٩/١دا نووسیویەتی، تێیدا دەرکی بەو ڕاستییە کردووە، کە ئەدیب تا لە ژیاندایە وەك پێویست ڕێزی لێ ناگیرێ و بایەخی پێ نادرێت، بۆیە بە پێویستی دەزانێ کە مردن لە جێی خۆیاندا بکێشرێن و بنێژرێن.

ئەدیبێ مرد،
دراوسێکان کۆ بوونەوە،
چۆن بەرێی کەن!،
بۆ کام ئاسمانی هەڵبرن؟!...
دەنگێك وتی:
لە جێی خۆیدا بۆ نایکێشن؟
لە جێی خۆیدا بۆ نایینێژن؟!

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٣٣)

لە شیعری (نالی، گۆران، قانع، سیاب... ١٩٨٤/٩/١٧)دا تێیدا ئەو شاعیرانەی کردووەتە ڕەمزێك بۆ دەربڕینی خەم و پەژارەی ڕێزنەگرتن لەو شاعیرە هەڵکەوتووانەی کە لە ژیانیاندا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان هەبووە، بەڵام پاش بەسەرچوونی ماوەیەك بەسەر کۆچیاندا دەبنە خۆراکی سەردەم و قەڵەمی ڕەخنەگران و ڕۆشنبیران، لە کاتێکدا ئەوانە تا لە ژیاندا بوون بە برسێتی و هەژاری ژیاون، لە دوای مردنیشیان – لە ڕوانگەی شاعیرەوە – لێکۆڵینەوە و باسکردنیان بۆ گەدە تەسەلکردن دەبێت:

کاتێ کە مرد هیچ دەنگ نەبوو
باری هیچ کەس لاسەنگ نەبوو
ڕۆژگار هات و ڕۆژگار ڕۆیی...
کەوتە سەردەم،
بوو بە خۆراکی سەد قەڵەم!
ئەیانبرد و ئەیانهێنا،

(١) د. حەسەن جاف، لە یادی خوا لێخۆشبوو حەسیب قەرەداغی، کۆواری بەیان، ژمارە: ١٧٩، ١٩٩٧، لاپەڕە ٨.

لە گشت باس و سەرباسێکا ڕەوا بوایە یا ناڕەوا
ئەیانچێنا!
هەر زمان بوو پێی تیژ ئەبوو،
هەر گەروو بوو ئەکرایەوە
لە چاوانی برسێتیی ئەو...
هەر گەدە بوو تەسەل ئەبوو هەر کاسە بوو ئەخورایەوە(*)

(فەرهەنگی خەم ٤، ل ١٦٤)

ئەم چوار شاعیرەی کە (حەسیب قەرەداغی) وەری گرتوون و کردوونیەتە ڕەمزێك بۆ دەربڕینی خەمەکەی، ئەو شاعیرانەن کە ئاشنا بووە بەشیعریان و کەوتووەتە ژێر کاریگەری بەشیعرییانەوە، هەڵبەت شاعیر ئەزموونی شیعر و شاعیریی خۆی و سەردەمەکەی لەواندا بینیوە بۆیە کردوونیەتییە ڕەمزێك بۆ دەربڕینی خەم و ژانەکەی.

یەکێك لە شیعرە هەرە بەرزەکانی شاعیر کە تەقینەوەی خەم و ژانی نەمانی نرخی شیعر و شاعیرە، شیعری (هەوەڵ مەزات ٢٦/٣/١٩٧١)ە(**) کە تێیدا قێز دەکاتەوە لە خەڵکی و لەو ڕۆژگارەی کە نرخی شاعیر و شیعریان لا نییە و بەبێ بایەخ سەیریان دەکرێت، بۆیە شیعرەکانی تێدا مەزات دەکات:

هەوەڵ مەزات، هەوەڵ مەزات
شیعر و وتار

(*) ئەم شیعرە لە (فەرهەنگی خەم ٢، ل١٠)دا بڵاو کراوەتەوە، بەڵام بەهۆی خراپیی چاپەوە هەندێ تیپی وشەکان دیار نین، وەك (چێنا)، کە لە سەرچاوەکەدا ڕۆشن نییە بۆیە لە (فەرهەنگی خەم ٤، ل ١٦٤) دووپات کراوەتەوە و هەندێ گۆڕانکاری بەسەر دێرە شیعرەکانیدا هاتووە، هەندێ دێرە شیعری لە سەرچاوەی یەکەمدا سەربەخۆ نووسراون، لە سەرچاوەی دووەمدا خراونەتە یەك دێرە شیعرەوە.

(**) ئەم شیعرە، شاعیر لە میهرەجانی یەکەمی شیعری کوردی، لە ساڵی ١٩٧٢دا لە (کەرکووك) خوێندوویەتییەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ڕێیان پێ نەداوە لەسەر شانۆی ئەو هۆڵەدا بیخوێنێتەوە، لەناو خەڵکەوە بەزۆرەملێی خۆی هەستاوە و خوێندوویەتییەوە، لەو ڕۆژەدا سەدایەکی بەرزی لەنێو جەماوەری هۆڵەکەدا داوەتەوە و بەچەپڵەی زۆر دەستخۆشییان لێ کردووە.

حەرفی چنراو
دێری بە فرمێسك هەڵكراو
كیسەی بیری چاك ئاخنراو!
هەوەڵ مەزات، هەوەڵ مەزات...
گوێم لێ بگرن، خەڵكی وڵات...
هۆنراوەی كۆن،
هۆنراوەی نوێ،...
دوا چۆڕی ئامانجی هۆشم
وا بە هەرزان...
وا بە تاڵان
ئەیفرۆشم!
هەوەڵ مەزات، هەوەڵ مەزات
دەنگم بۆچی بەكەس ناگات!
لە شیعر و حەرف و دێری ڕووت
هەرچی هەمە
نرخی كەمە!
هەوەڵ مەزات
ئەوا ئاوی ئەژنۆم داهات...

(فەرهەنگی خەم، ل١٠٥-١٠٦)

شاعیر لەم شیعرەیدا باری ڕۆشنبیری سەردەم و ڕۆژگارەكەی نیشان داوە و هەڵی سەنگاندووە، هەڵسەنگاندنێكی واقیعی بێ پێچوپەنا، ئاماژەی بەوە كردووە، كە خەڵكی وڵاتەكەی بایەخ نادەنە هونەری ڕەسەن و هونەرمەندی ڕەسەنی خۆیان كە هەڵگری دروشمی هیوا و ئاواتی گەلەكەیانە، بگرە زۆربەی ڕۆشنبیرانی گەلەكەی كەوتووەتە ژێر كاریگەری بەڕۆشنبیریی ئەوروپاییەوە و هێندەی بایەخ دەدەن بە هونەرمەندێكی بیانی، هێندە بایەخ نادەنە هونەرمەندێكی ڕەسەن و هەڵقووڵاوی ئێش و ئازاری نەتەوەكەیان، ئەمە لەلایەك؛ لەلایەكی ترەوە مەستی زاراوەی هاوچەرخی ڕەق و وشكی

دوور لە واقیع بوون... شاعیر خۆشی گۆشکراوی شیعری ڕەسەن و لەناو تاقیکردنەوەی تاڵی ڕۆژانەی گەلەکەیەوە هەڵقووڵاوە، ئەم خەم و ژانەی دەری بڕیوە لەناو ئەندێشە و خەیاڵیدا چەکەرەی نەکردووە، بگرە وێنەی ڕاستەقینەی خەم و ژانی باری ڕۆشنبیریی سەردەمەکەیەتی و لە ناخیدا بزواوە، وەك مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و پابەند– ملتزم– بە کۆمەڵەکەیەوە، خاوەن پەیامێکی ڕاستەقینەیە و لە ئاستی لێپرسینەوەدایە، بۆیە بەمجۆرە بە تەنگ کێشە و گرفتی باری ڕۆشنبیری گەلەکەیەوە هاتووە.

هەر لەهەمان شیعردا بۆ دەرخستنی قەوارەی خەمەکەی سوودی لە کولتووری ئاینی وەرگرتووە و ناوەکانی (توور، گوێرەکەی سامری)[1] کە لە قورئانی پیرۆزدا ناویان هاتووە و چیرۆکی حەزرەتی مووسا (د.خ) پێغەمبەرە لەم شیعرەدا بەرجەستەی کردوون و کردوونیەتە ڕەمزێك بۆ دەربڕینی خەمەکەی و لادانی لە ڕاستی:

هەتا پەڕتووك و پەڕاوم
ئاهێکی گەرمی تیا ماوە
هەتا لە (توور)
ڕووم وەرنەگێڕاوە لە ژوور
تا بۆ (گوێرەکەی)ی (سامری)ی
دەستەونەزەر نەوەستاوم
هەتا لێلاییی ئاخ و داخ
نەیتەنیوە بەری چاوم
بێن بمگەنێ... هەوەڵ مەزات

(١) "دەربڕینی گوێرەکەی (سامری)ی پێوەندیی بە نیشانەی (توور)ەوە هەیە، چونکە کە پێغەمبەر مووسا (د.خ) هەق و خواپەرستیی بە خەڵکی وڵاتەکەی ناساند، تووشی شکستییەك بوو، پاش ئەوەی بۆ ماوەیەك لە بەرچاوی خەڵکی وڵاتەکەی ئاوابوو، ئەم شکستییەش ئەوەیە کە سەرمایەدار و خاوەن بەرژەوەندەکان بینییان هەق ناسین زیانیان پێ دەگەیەنێ و ئاوابوونی مووسا (د.خ)یان بەهەل زانی و کابرایەکیان بەناوی (سامری)یەوە هەڵخەڵەتاند و گوێرەکەیەکیان لە زێڕ پێ دروست کرد و بەزۆرەملێ خەڵکیان هان دا ئەو گوێرەکەیە بپەرستن».
(پرۆفیسۆر کامل حەسەن بەسیر) وێژەی کوردی و ڕەخنەسازی، ١٩٩٠، ل ٢٣٧).

هـەتـا هـەر کوێ دەنگم ئەگات

هـەوەڵ مـەزات

(فەرهـەنگی خـەم، ل ١٠٧)

شاعیر لێرەدا ویستوویەتی ئاماژە بەوە بکات: کە ڕێگەی ڕاستەقینەی بۆ خەڵکی وڵاتـەکـەی دۆزیـوەتـەوە، کـە ئـەویش لانـەدا لـە ڕێگـەی ڕاسـتـەقـیـنـەی هـەق، پـەیـامـی بەدیهێنانی ئەو ژیانە ڕاستەقینەیە ئامانجیەتی، نایەوێت پاشگەز بێتەوە لە کۆڕی خەباتی گەلەکەی و ملکەچ بێت و چۆك دابدات، بەرهەمی شیعریش بکاتە هۆیەك بۆ ڕووپاییکردن و بەدواکەوتنی دروشمی زەق و وشك و دوور لە واقیع و هەر بۆ هەمان مەبەست پەنای بردووەتە بەر کتێبی (ئاوێستا) و لێکدانەوەکانی:

(پازەند) و (زەند) و (ئاوێستا)م

بۆ مـەزاتـە...

خەڵکینە بڕوام پێ بکەن

مـاوەی مـەزات بۆ یـەك سـاتـە!

(فەرهـەنگی خـەم، ل ١٠٨)

شاعیر لە پاڵ دەربڕینی خەمەکەیدا، شانازیی بە شیعرەکانیەوە کردووە و بەرزی کردوونەتەوە و وەك ئەو کتێبە پیرۆز و بەنرخانە هەڵی سەنگاندوون، ئەو سێ کتێبە ئاینییەی کردووەتە ڕەمزێك بۆ شڵەقاندنی گۆمی پەنگخواردووی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی سەردەمەکەی و کۆمەڵگەکەی و چاندنی ئەو بنەڕەتییانەی کە لە سروودەکانی ئاوێستا و لێدانەوەکانیدا هاتوون، هاندانی خەڵکی بۆ ڕۆیشتنیان لەسەر ڕێچکەی کرداری بەرز و جوان و پڕ لە خۆشەویستی و دڵپاکی و برایەتی و هەقپەرستی.

لە شیعری (من و شیعرم ٤/١٠/١٩٧١)دا دیسانەوە خەمی نەمانی نرخی شیعر و شاعیری دەربڕیوە، وێنەی قێزهاتنەوەی لەو ڕۆژگارە کە (درۆیەك نرخی سەد شیعرە) دەرخستووە، ئاماژەشی بەوە کردووە، کە شیعر نرخی نەماوە:

لە بازاڕی ژیانمانا درۆیەك نرخی سەد شیعرە!

بە گوێرەی باوە پەرداخی... دەمێ زەردە و دەمێ ئاڵە

بلێ بۆ وس نەبم ئیتر نە من شیعر و نە شیعریش من
هەمووی ورد کەم ناکا چایەك دەسا ئیتر ئەمەش حاڵە!!
(فەرهەنگی خەم، ل ٩٧)

لە شیعری (سەفەر و سۆناتاکانی)دا وێنەی خەڵکی کۆمەڵگەکەی دەرخستووە کە نرخی شاعیر و شیعریان لا نییە و بە (دەهۆڵە کۆنی جاران) فێرن و نەفرەت لە شاعیر دەکەن و دوو گۆرانیی میللیی کردووەتە ڕەمز بۆ دابەزینی ڕادەی ڕۆشنبیریی خەڵکی و تێ نەگەیشتن لە شیعر و شاعیر:

دەهۆڵ کوتی لای ئێمە
هەر بە دەهۆڵەکۆنی جاری جارانمان فێرن
لەعنەت دەکەن لە شاعیر
بۆ دانەری (فەتەڕۆ)، سێ پێیی (بەیتی بلە)
هەزار ڕەحمەت دەنێرن
(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٢٠)

بێگومان شیعر دانان هونەرێکی ئاسان نییە، پێویستی بە بەهرە و بیر و ئەندێشەی فراوان هەیە، هەموو کەسێك دەرەقەتی نایەت و ناتوانێت ببێتە شاعیر گەر ئەو ڕەگەزانەی تێدا نەبێت، ئەوە جگە لەوەی کە شیعر پێویستی بە خۆراکی ڕۆشنبیری هەیە بۆ پەروەردەکردن و گەشەکردنی بەهرەکە... شاعیر لە هەمان شیعریدا وێنەی ڕۆژگارەکەی نیشان داوە کە تیایدا نرخی شیعر و ئەدەبی تێدا نەماوە و هەرچی هەڵدەستێ خۆی پیایاندا هەڵدەواسێ و لافی هونەرمەندێتی لێ دەدات، بە هەڵچوونێکی دەروونی تووڕەییەوە ئەم خەمەی دەربڕیوە:

مێژوو بوو بە(...) و هەرچی هەڵسێ (...)(*) تێ دەکا
شیعریش کرا بە میزەڵدان هەرچی(**) هەڵسێ فووی تێ دەکا
نرخیش بووە بە پێڵاوێ
ئەوی پارە و پوولی هەبێ لە پێی دەکا

(*) ئەم دوو بۆشاییە (...)، دوو ناوی ناشیرنن و بێ پەردەن، بۆیە نەتوانرا تۆمار بکرێت.
(**) لە سەرچاوەکەدا (هارچی) نووسراوە، پێم وایە ئەمە هەڵەی چاپە و ڕاستییەکەی (هەرچی)یە.

جرت بۆ کتێب، جرت بۆ ڕۆمان

جرت بۆ ئەوان، جرت بۆ خۆمان

ڕێگە هەمووی پێدزکێیە و جرت و فرتە

ئاواز هەمووی بای گەدەیە و ماوەی کورتە

(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٢٨)

٥– جیاوازیی بۆچوون و هەڵوێستی شاعیر لەگەڵ هەندێ شاعیری تردا

هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا حەسیب قەرەداغی خاوەنی هەڵوێستی نەمرانەی نیشتمانپەروەری و نەتەوەدۆستی بووە و شاعیرێکی پابەند – ملتزم– بووە بەگەل و نیشتمانەکەیەوە و لە ئاستی لێپرسینەوەدا بووە، خۆشی بۆ دەرخستنی ناسنامەی خۆی ئاماژەی بەم ڕاستییە کردووە:

من دەروونم ئاوێنەیە بۆ ڕوخسارم، بۆیە ماندووم

گەردن لە کلپەی ناکامیی سەفەر دەسووم

دەستم لە ڕووڕەشی ڕۆژدا نەبووە و نییە

(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٢٨)

شیعر لای شاعیر هۆیەك بووە بۆ ئاگەدارکردنەوە و ڕێنوێنیکردنی خەڵکی و یاخیبوون لە زوڵم و زۆرداری لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا:

ئای کە حەیفە نیوەشیعرێك

دنیا نەکات بە ئاگر و

ڕووی دووڕووان نەسووتێنێ

نیوەکەی دی ڕەهێڵەیەك

بۆ سەر پەڵەی شارانی خەم

نەبارێنێ

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٨)

یان دەڵێت:

ئەگەر شیعریش...

سۆزێ نەدا بە دەروون و

چێژێ نەدا بە زمان و

گورێ نەدا بە تێکۆشان

مستێ وشەی بێ بەهایە(*)

(فەرهەنگی خەم ۲، ل ۱۲)

شاعیر وەك مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و بەهەڵوێست و خەمخۆری هونەر و گەلەکەی یاخیبوونی خۆی لە هەڵوێستی نابەجێی کۆمەڵە شاعیرێکی سەردەمەکەی ڕاگەیاندووە؛ هەڵوێستی هەلپەرستی و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیان کە بە گوێرەی شەپۆلی ڕووداوەکان نییە و نزیك ناکەونەوە لە کێشە و گرفتی نیشتمانی و نەتەوایەتیی ڕۆژگار و سەردەمەکەیان و دوور دەکەونەوە و خۆیان لە ئاگرە سوورە دەپارێزن، هەڵوێستی بێدەنگیان لە ئاستی کەموکوورپی نێو کۆمەڵگەکەیان و چۆپی کێشان بۆ شتی بێ بەها و دوور لە واقیعی کۆمەڵەکەیان، ئەمانە وایان لە شاعیر کردووە دەنگی نارەزایی لێ هەڵبڕێت و بە پەند و ئامۆژگاریکردن خەمەکەی دەرببڕێت، وەك لە شیعری (شاعیرەکان ۱۲/۱۲/۱۹۷۲)دا دەبینرێت:

شاعیرەکان...!

کە بوون بەپرد...

بۆ ناو لرفەی چەم هەر چەمێ چۆك دامەدەن.

شاعیرەکان...!

کە چوونە سەر شانۆی شەکەت...

هەر شانۆیەك،

خۆ بامەدەن

شاعیرەکان...

هەر ئەکتەرێ لەسەر شانۆ فووی کردە خۆی

سەر دامەخەن.

(*) ئەم سێ پارچە شیعرە، تەنیا بۆ دەرخستنی هەڵوێست و بۆچوونی شاعیر و ناساندنی ناسنامەی شاعیر خرانە ڕوو، تا پاشتر بۆ باسەکە ببێتە دەروازەیەك و خەمەکانی ڕوونتر کاتەوە.

بە شەپۆلی چەپڵەی بێ پێز
لەبەر پێدا، پێی هەر کەسێ
خۆ رامەخەن!
..............................
شاعیرەکان...!
لە رێی خوادا...!
بەپێکی ئاڵ کووپەی شەراب دابەش بکەن
شاعیرەکان...!
کە سەرخۆش بوون...
لەناو کۆڕا، تف لە بۆیەی رووکەش بکەن...!
(فەرهەنگی خەم، ل ٧٣-٧٤)

لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا یەك دەگرمەوە کە دەڵێت: "مەسەلەی- خەم - پێوەندیی هەیە بە هەڵوێستی فیکری شاعیر، زیاتر لە تاقیکردنەوە شیعرییەکەی، ئەم هەڵوێستە فیکرییەش تێگەیشتن و بۆچوونەکانی شاعیر دیاری دەکات بەرامبەر بە ژیان و رووداوەکانی..."(١)، هەڵوێستی هۆشیارانەی فیکری شاعیر بووەتە هۆی دروستبوونی ئەم خەم و پەژارەیە کە لەم شیعرەدا بینرا.

لە شیعرێکی تردا کە لە مێژووی (١٩٨٤/١١/١٧)دا نووسیویەتی، تێیدا قێز لەو شاعیرانەی کردووەتەوە کە بەپێی پرۆگرامێکی رەنگ بۆ رێژراو و بەمەبەستی چەپڵە لێدان بۆیان لەسەر شانۆی رۆژگار خۆیان بادەدەن و خۆیان و کۆمەڵگەکەیان دەخەڵەتێنن، بەشێوەی هەڵچوونێکی توندوتیژی تووڕەیی هێرشی بردووەتە سەریان و سووکایەتیی پێ کردوون:

شاعیرێکی رەنگ بۆ رێژراو
لەناو لەپی چەپڵەیەکدا
خۆی بائەدا

(١) ئازاد عەبدولواحید، دیاردەی خەم...، رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە: ٥٠٧، ١٩٨٠/١/٧، ل ٩.

شەنی لێ گرت بە دەستەوە

کاودانی خۆی بەبا کرد و

زێرابی ماڵە گەورانە،

دەم و کەپووی خۆی ڕائەدا.

....................

بۆیە وتم

کورە کابرا ئەتۆ ئاگات لەخۆ نییە

لە دەربـاری زۆردارانـدا

لە بـازاڕی بێ بـاراندا

وشەکانت وا خەریکن، (...)(*) دائەکەنن

ئەیدەن بەسەرشانی تۆدا!

هەروا زوڵە و فرتەیان دێ

لەناو نوێنی ژانی تۆدا.

(فەرهەنگی خەم ٢، ل٨)

ئـەم جـۆرە خـەمـانـە پـێوەنـدیـیـان هـەیـە بـە هـەڵـوێستی فیکری شاعیر و ڕادەی ڕۆشنبیریی بەرزییەوە، "... شاعیر چەند لەناو ژیان و مرۆڤ قووڵ بێتەوە، ئەوەندە خەمەکانی خەست و قەتمەتر دەبێ، بە قووڵی بیرکردنەوە و چوونە ناو ژیان لە دەرگە تەسکەکانەوە، واتە چەکەرەبوونی خەمێکی قووڵ لەلای ئەو... بۆیە زەردەخەنەکانیش تەعبیرە لە خەمێکی ڕەسەن".(١)

لە شیعری (ئاخر زەمان ١٩٨٩/٢/١٠)دا، وێنەی کۆڕێکی شیعریی نیشان داوە، کە تێیدا کۆمەڵێك لاوی تازە هاتووی نێو مەیدانی شیعرەوە کە هیچ ئەزموونێکی شیعرییان نەبووە، شیعریان ڕیسوا کردووە، بۆیە قێزی لێ کردوونەتەوە و وتەکانیانی بە شتی بێ نرخ چواندووە:

چوومە کۆڕێك... شیعریان دەکوشت

ئەندێشە و کاری ئەندێشە

(*) وشەیەکی بێ پەردە بوو، نەتوانرا تۆمار بکرێت.

(١) ئازاد عەبدولواحید، دیاردەی خەم...، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە: ٥٠٧، ٧١١٩٨٠، ل٩ .

بەناو دەست و پێی نەزاندا هەڵیان دەڕشت

........................

بەبێ ژان و بەبێ مامان
گەلە زۆڵیان دەخستەوە
بێ هەودا بوون، خوری نەبوو
پەتکە کۆنی عەمارەپۆی دەمی خۆیان دەڕستەوە
نە لە کۆڕ و نە لە کۆڕگێر...
– منیش وەکو یارانی خەم –
پەیڤێکی ئەو بەرێزانەم هەر بۆ نەکرا بەڕستەوە!
(فەرهەنگی خەم ٣، ل ١٣٨)

**٤- لاواندنەوەی تایبەتی**

هونەری لاواندنەوە -بەشێوەیەکی گشتی- جۆرێکە لە جۆرەکانی هۆنراوەی گۆرانی-لیریك-ی بۆنەی ناخۆش، وەك دابڕان و دوورکەوتنەوە و پرسە، کە لە ئەدەبی فۆلکلۆرەوە هاتووەتە ناو ئەدەبی نووسراوەوە.

هونەری لاواندنەوەی پرسە، دەربڕینی هەست و سۆزی لاوێنەرە بۆ کەسانی (مردوو)ی نزیك و ئازیز و ئەو کەسانەی جێگەیەکی تایبەت و دیار و بەرچاویان هەبووە لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی میللەتدا. "... هونەرێکە لاوێنەر یان شاعیر هەست و سۆز و خۆشەویستیی بەرامبەر بە مردووەکە بەگریان و شیوەن دەردەبڕێت و هەموو سروشتە جوانەکانی مردوو دەژمێرێ، وێنەی ژیان و مردنی مردووەکە نیشان دەدات"(١).

لاواندنەوەی شین لەمێژەوە دابەش کراوەتە سەر دوو بەش:

– لاواندنەوەی تایبەتی
– لاواندنەوەی گشتی

---

(١) أ- مظفر عبدالستار غانم، الرثاء في الشعر العربي العباسي الاول، بغداد، ١٩٨٤، ص ١١٢.
ب- علي بوملحم، فنون الادب، بيروت، ١٩٧٠، ص ٨٣.

لەگەڵ بیستنی وشەی لاواندنەوەدا یەکسەر (مردن)مان بە بیردا دێت، مردنیش ئەو کارەساتە ترسناك و سامناکەیە کە مرۆڤ لە ئاستیدا بێدەسەڵاتە و چارەی بۆ ناکرێت و ناتوانێت خۆی لێ ڕزگار بکات، ئەو کاتانەی مرۆڤ کەسێکی نزیك و خۆشەویستی لێ دەمرێت، هەست بە ئازارێکی سەخت و بۆشاییەکی فراوان لە دڵ و دەروونیدا دەکات، کەسانێك بەشیوەن و گریان ئەم خەمەیان دەردەبڕن و دای دەماڵن، کەسانێکیش لێیان دەبێتە گرێکوێرەیەك و بەدرێژاییی تەمەنیان لەناو ئازار و ژانیدا دەژین، شاعیرانیش لە کاتی وادا پەنا بۆ شیعریان دەبەن و بەشیعری لاواندنەوە خۆیان و مردووەکەیان دەلاوێنن.

لاواندنەوەی تایبەت: شیوەن و گریانە بۆ مردووی کەسانی نزیك و خۆشەویستی وەك (باوك، دایك، خوشك، برا، کوڕ، کچ، خزم و کەسوکار و هاوڕێ).

دوای پشکنین و گەڕان بەناو شیعرەکانی حەسیب قەرەداغیدا دوو جۆرە لاواندنەوەی تایبەتیم بەرچاو کەوت:

أ– لاواندنەوەی جگەرسووتان(*)

ب– لاواندنەوەی خزم و کەسوکار و هاوڕێ

### أ– لاواندنەوەی جگەرسووتان

لاواندنەوەی جگەرگۆشە، گەوهەری ڕاستەقینەی لاواندنەوەیە، شاعیر لە کانگەی دڵی پڕ لە کڵپە و بڵێسەی ئاگرەوە، ئازارەکەی بە وشەی پڕ لە سۆزی ڕاستەقینە دەردەبڕێت، خۆی و جگەرگۆشەی لەدەستچووی دەلاوێنێتەوە، زۆرجار ئەم لاواندنەوەیە تەقینەوەی هەموو ناسۆرەکانی ژیانی لاوێنەر یان شاعیرە، "... ئەم لاواندنەوەیە سۆزێکی ڕاستگۆیانە و ڕاستەقینە دەگرێتە خۆی، چونکە دەربڕین لە کارەساتێکی ناخۆش دەکات، کە لاوێنەر پێوەی دەناڵێنێ".(١)

حەسیب قەرەداغیی شاعیریش سەرباری خەمەکانی تری، لە ماوەی نێوان نزیکەی ساڵێك و سێ مانگدا، دوو کچی لە تەمەنی گوڵی بەهارییاندا کۆچی دواییان کردووە، مەرگی (کەژاڵ و بەهار) کۆستێکی جگەربڕ و کاریگەرییەکی زۆریان کردووەتەوە سەر

(*) بۆیە لێرەدا ناونرا (جگەرسووتان) چونکە شاعیر چەندین جار لە شیعرەکانیدا ناوی جگەرسووتانی بردووە و خۆی ناو ناوە جگەرسووتاو.

(١) د. شوکریە ڕەسووڵ، ڕێوڕەسمی شین و لاواندنەوەی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٧.

دڵ و دەروونی شاعیر و جێ پەنجەیان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی شاعیر جێ هێشتووە.

یەکەم شیعری لاواندنەوەی جگەرسووتانی– لە دیوانەکانیدا – کە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و لەگەڵ خوێندنەوەی هەر دێڕێکیدا هەست بەهەژان و هەڵچوونی دەروونی خەم و بەزەیی هاتنەوە بە شاعیردا و هەستکردن بە مانای ئەو ئازار و ژانە سەختەی کە جگەرسووتان لای شاعیر دروستی کردووە دەکات، چامەی نوێی (کەژاڵی جوان ١٩٨٣/٧/١٨)ە کە لە دوای تێپەڕبوونی (٣١) سی و یەك ڕۆژ بەسەر مەرگی (کەژاڵ)ی کچیدا نووسیویەتی.

هەر لە ناونیشانی چامەکەوە هەست بە جیاوازییەك دەکرێت لە نێوان ئەم چامەیە و شیعری لاواندنەوەی کەسانی پلە یەکەمی ئەندامانی خێزانی شاعیرانی ترەوە، کە شیعری لاواندنەوەی تایبەتییان– زیاتر ناونیشانەکەی ئاماژەی ڕاستەوخۆی لاواندنەوەی مردووە، کەچی ئەم شیعرەی شاعیر بەناونیشانەکەیدا وا دەردەکەوێت بۆ ئافرەتێکی جوان نووسرابێ کە ناوی ناوە، یان ناوی (کەژاڵ) بووە.

لە ناوەڕۆکیشدا بەتایبەتی لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەم شیعرەدا بەهەمان شێوە جیاوازییەکی تر بەدی دەکرێت، کە ئەویش ئەوەیە شاعیر نەیویستووە سەرەتای چامەکە بە شیوەن و لاواندنەوەی ڕۆڵەی لەدەستچووی دەست پێ بکات، وەك ئەو شیعرانەی کە زیاتر بەو شێوازە دەستیان پێ کردووە، ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە بە شێوازی نووسینی چیرۆك(*) دەستی پێ کردووە و دەستنیشانی کات و شوێنی ڕووداوەکەی کردووە، تا تابلۆ خەمبارەکەی لە ڕووخسار و دەربڕینیدا تەواو گونجاو بن، ڕووداوەکانیشی لە چەند تابلۆیەکدا دەرخستووە.

ئەوەی سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ بلیمەتی و لێهاتوویی ئەم شاعیر و باوکە جگەرسووتاوەیە، کە لە سەرەتای چامەکەوە تا کۆتاییی تابلۆی سێیەم نەیهێشتووە یان نەیویستووە هەڵچوونی خەمی جگەرسووتانی دەربخات و هەستی پێ بکرێت، بەهەمان شێوە خوێنەریش هەست بەهیچ جۆرە هەڵچوونێك ناکات، تا ڕوودانی کارەساتەکە لە تابلۆی چوارەمدا دەست پێ دەکات.

---

(*) مەبەست شێوازی چیرۆك ئەوەیە: کە هەندێ ڕەگەزی چیرۆك لەم شیعرەدا بەرچاو دەکەوێت ئەویش ئەوەیە جگە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە، کات و شوێنیشی دیاری کردووە.

لە یەکەم تابلۆدا سەرەتا دەستنیشانی ڕێکەوتی ڕۆژ و مانگ و ساڵ و ساتی کردووە [ئەو ڕۆژەی کە (کەژاڵ) دەمەوبەیانی خۆی ئامادە کردووە بەرەو هەولێر بچێت بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی]، سەرەتا وێنەی شۆخ و شەنگی (کەژاڵ)ی نیشانداوە، ئینجا کۆمەڵێك وێنەی باری دەروونی ڕۆڵەکەی نیشان داوە کە ئەوانیش ئاماژەن بۆ: (چاوەڕوانی، شڵەژان، نائارامی، دڵەڕاوکێ، بێ ئاگایی لە دەوروبەر، نقومبوون لە خەیاڵدا)ن:

چوارشەم ١٥ی حوزەیرانی ١٩٨٣ دەمەوبەیانی:

کەژاڵی جوان

کەژاڵی شۆخ، دێت و دەچێت،

چاوەڕێیە

ژیان وەکو ساوایەکی بەرمەمکانە

لە باوەشی چاوەکانیا پێ ئەکەنێ،

خۆی نەئەگرت

بەرەو یەخەی دایکە بەیان

دەستەکانی بەگوڕ ئەبرد

کە خۆر هەڵهات بەرەو (هەولێر) گەرووی ڕێگە هەڵی کردن

کەژاڵ بەرەو ئاوات ئەچێ، باڵ ئەهاوێ

کەژاڵ دنیای لە دڵدایە، کەسی ناوێ

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٨٣)

ئەم وێنانەی کە شاعیر لێرەدا نیشانی داون وێنەی واقیعی ئەو بەیانییە کە لەبەرچاویدا ڕۆڵەکەی بەرەو هەولێر بەڕێ کەوتووە بەڵام لە دووەم تابلۆدا وێنەکان وێنەی ناو ئەندێشەی شاعیرن، سەرەتا دەستنیشانی کاتەکەی کردووە، کە دوا نیوەڕۆی هەمان ڕۆژە، بەخەیاڵی خۆی (کەژاڵ)ی بینیوە، کە شادمانە بەسەرکەوتنی لە ئەزموونی قوتابییەتیدا و بڕوانامەکەی وەرگرتووە و دەیەوێت بە خێرایی بگەڕێتەوە شارەکەی و مژدەی سەرکەوتنی بگەیەنێت، چواندوویێتی بەمەل و بڕوانامەکەشی کردووەتە باڵ و ڕێگەی نێوان (هەولێر – سلێمانی)ی چواندووە بەکاسێتێکی گۆرانیی تازە تۆمارکراو، لە خەیاڵی خۆشیدا منداڵانی نێرگزفرۆشی ئەمبەر و ئەوبەری

ڕێگەکەش، کە شاعیر ناوی ناوە (ڕێی تەمەن) لە پێشوازیی ڕۆڵەکەیدان و ئاهەنگی سەرکەوتنی (کەژاڵ) دەگێڕن، بە چەپڵەڕێزان پێشوازیی لێ دەکەن، [مەبەستی شاعیر لە بەکارهێنانی (ڕێی تەمەن) ئەوەیە: بە کۆتایهاتنی ڕێگەکە، لە نزیك شاری سلێمانییەوە کارەساتەکە ڕووی داوە و ئۆتۆمۆبێلەکەیان وەرگەڕاوە] بۆیە شاعیر لە دوا دێری ئەم تابلۆیەدا دەڵێت: (عومرت پەسەن کارت پەسەن):

دوای نیوەڕۆی ١٥ی حوزەیران
کەژاڵی جوان وەکو مەلێ
بڕوانامەی کرد بەباڵ و بەرەو شاری سلێمانی
ڕێگەی کرد بەشریتێکی تازە تۆماری گۆرانی
لە پێشوازیی چاوەکانیا ئەمبەرە و بەر
ڕاوەستابوون نێرگزفرۆشی ڕێی تەمەن
چەپڵەڕێزان:
کەژاڵی جوان عومرت پەسەن، کارت پەسەن
(فەرهەنگی خەم ٢، ل٨٤)

لە سێیەم تابلۆدا، ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئێوارەی هەمان ڕۆژە، وێنەی خۆی لەو ئێوارەیەدا دەرخستووە، وەك باوکێکی چاوەڕوان لە بەردەرگا ڕاوەستاوە، چاوەڕێی هاتنەوەی کەژاڵە، وێنەی ئەو بارە دەروونییەی نیشان دەدات کە لە دڵەڕاوکێدایە، بەگەیشتنی هەواڵی کارەساتەکە کۆتاییی بەم تابلۆیە هێناوە:

لای ئێوارە ١٥ی حوزەیران
کات ئەمێستە خۆراوایە
لە بەردەرگا ڕاوەستاوم...
کەچی دەنگی کەژاڵ نایە!
چی قەوماوە؟!...
– کارەساتێکی خوێناوی
لە ڕێی کەژاڵدا ڕووی داوە –
(فەرهەنگی خەم ٢، ل٨٤)

ئەم شێوازەی کە شاعیر لەم چامەیەدا پیادەی کردووە – گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە بەشێوەی چیرۆك – ئەگەر لە شیعری لاواندنەوەی نووسراودا تا ڕادەیەك نوێ بێت ئەوا لە هۆنراوەی لاواندنەوەی فۆلکلۆریدا نوێ نییە، زۆربەی زۆری هۆنراوەی لاواندنەوەی فۆلکلۆری گەورە پیاوانی مێژووی سیاسی باسی داستانی قارەمانێتیی ئەو کەسانە دەکەن کە لە ژیانیاندا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان هەبووە و گیانی خۆیان کردووەتە قوربانی بۆ گەلەکەیان، واتە بەشێوازی داستان و ڕۆمان و چیرۆك دارێژراون، ئەوەتا (د. عادل جاسم البیاتي) دەڵێت: "لاواندنەوە بابەتێکی فراوانە و لق و پۆپێکی زۆری لێ دەبێتەوە، لەوانە هەتا دەتوانین ڕەگەزی بابەتی جۆرەکانی داستان و دراما و چیرۆکی تێدا بەدی بکرێت، ئەمەش شتێکی سەیر نییە بۆ هونەری لاواندنەوە، چونکە گەورەترین داستانی عەرەبی و بیانی لە بنچینەدا لاواندنەوە بوون و بۆ شارە داماو و وێرانکراوەکان و پاڵەوانە کوژراوەکان و چارەسەری فیکرەی مردن کە زاڵ بووە بەسەر مرۆڤ و هەموو گیانلەبەراندا نووسراوە".(١)

حەسیب قەرەداغیی شاعیریش شارەزای ئەدەبی فۆلکلۆری بووە، بۆیە لەم چامەیەدا سوودی لە شێوازی شیعری لاواندنەوەیان وەرگرتووە و بەشێوازی بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی– چیرۆك– ڕووداوەکەی گێڕاوەتەوە و لاواندنەوەکەی دەست پێ کردووە.

لە چوارەم تابلۆدا گۆڕانکاری کەوتووەتە ناو شیعرەکە، هەست و سۆزی شاعیر بەپێی ڕووداوەکە ڕۆیشتووە، خوێنەریش لەگەڵیدا پلە بەپلە هەست بەئازار و ژانەکەی دەکات، شوێنی گواستووەتەوە بۆ ناو (خەستەخانە) لەوێدا وێنەی ڕاستەقینەی بەرچاوی خۆی گواستووەتەوە نێو چامەکەوە، سەرەتا وێنەی ئەو چرپایەی نیشان داوە کە بە خوێنی جگەرگۆشەکەی داپۆشراوە و ڕەنگی مەرگی لێ نیشتووە، لەسەر چرپاکەش وێنەی ئافرەتێکی گیان پێ نەماوی نیشان داوە کە جگەرگۆشەکەی لە ئامێز گرتووە:

خەستەخانە
چرپایەك، خەڵتانی خوێن،
ڕەنگی مەرگی لێ نیشتووە

(١) د. عادل جاسم البیاتي، رثاء الإبطال في الادب العربي قبل الاسلام، مجلة اداب المستنصرية، جامعة المستنصرية، كلية الاداب، عدد: ٦، ١٩٨٢، ص ٢٢١.

ئافرەتێکی گیان پێ نەماو
کەژەی لە باوەش گرتووە
(فەرهەنگی خەم ٢، ٨٤– ٨٥)

دوا بەدوای نیشاندانی ئەم وێنە و دیمەنە، رووی وێنەگرتنەکەی گوێزاوەتەوە لای خۆی، وێنەی باری دەروونی ئەو ساتەی دەرخستووە، وێنەکان بوونەتە وێنەی زیهنی ناوەوەی شاعیر، وێنەی خوازراوی بەکار هێناوە بۆ دەرخستنی قورساییی ئەم کارەساتە لەسەر دڵ و دەروونی، ئەو شەوەی خەستەخانەی چواندووە بە لادیوارێکی رووخاو بەسەر سینگیدا، دواتر وێنەی باری دەروونی ئاڵۆز و بەگومانی نیشان داوە؛ وێنەی سەرهەڵدانی کۆمەڵێك گومان لە راستیی رووداوەکە، هەستی چواندووە بە شەقامی شاری خەم و کارەساتەکەشی چواندووە بە هاتنی سوپای مەغۆل و ئاگر تێبەربوونی چواندووە بە ئاگری رۆما – ئەم وێنە خوازراوانەی شاعیر بەکاری هێناون زمانی لاواندنەوەیە وەك (د. شوکریە رەسووڵ) دەڵێت: ″زمانی لاوانەوە پڕە لە خوازە″.(١)

شەوێکی تاڵ وەك لادیوار
شانی لەسەر سینگم دانا
وەکو ئاسۆ رەش داگەڕام،
بڵێی وابێ؟!...
بڵێی رێکەوت ئەم گۆبەندەی وا گێڕابێ؟!...
بڵێی بەندەری هەستی من،
لەم شەوەوە بێ چرا بێ!
بڵێی شەقامی شاری خەم
سوپای مەغۆل تێی رژابێ؟
بڵێی ئاگری رۆما بێ و لە ناخی من بەردرابێ
بڵێی ئەم گەرداوە گڕەی قەڵای هیوام ئەلەرزێنێ

(١) د. شوکریە رەسووڵ، رێ و رەسمی شین و لاوانەوەی کوردی، هەولێر، ١٩٩٧، ل ٤.

لەناو دڵما تەقێنرابێ؟...

بڵێی... بڵێی؟!...

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٨٥)

ڕەنگە خوێنەری ئاسایی وا هەست بکات کارەساتە مێژووییەکانی (هێرشی درندانەی مەغۆلەکان و ئاگر تێبەربوونی شاری ڕۆما) زۆر لە کارەساتێکی تایبەتی تاکەکەسی گەورەتر بن و شاعیر بۆ گەورەکردنی سنووری هەڵچوونی خەمەکەی بەکاری هێنابێتن، بەڵام لە ڕاستیدا شاعیر بە زمانێکی پڕ لە ڕاستگۆیی کاریگەری ئەو کارەساتەی لەسەر دەروونی دیاری کردووە و مانای زیادەڕەوی و قەوارە گەورەکردن ناگرێتە خۆی، لە ناخی بریندار ئەوەوە دەبێت سەیر بکرێت، کە باوکێکی دۆش داماوی سەر سوڕماوە لە بەردەم ڕۆڵەی نیمچە مردوویدا، ئەو کارەساتانەی وەری گرتووە و چواندوویێتی بەگڕی ناخی سووتاویەوە، لە ڕوانگەی کەسانی ترەوە چەندە گەورەتر بێت، ئەوە لای ئەو باوکە و لەو ساتە سەخت و تاڵەدا هاوسەنگ دەوەستن و وەك یەك دەیانبینێ.

لە پێنجەم تابلۆدا، ڕۆژی دوای کارەساتەکەی نیشان داوە، جارێکی تر وێنەی ڕۆڵەی بێ هۆشی نیشان داوە، وێنەی بێدەنگی و بێ ڕەنگی، ئەم وێنە سەرسامە وای لە شاعیر کردووە ڕووی وێنەگرتنەکە بکاتەوە خۆی و وێنەی باری دەروونی ئەو ساتەی نیشان بدات، سۆزی خۆی لە ڕابردوودا چواندووە بە ڕووباری شێت، بەڵام ئێستا لە ئاستی ئەم کارەساتەدا لە ترساندا مەنگ بووە، ئینجا ڕووی کامێراکەی کردووەتە دەوروپشتی و ئەوانەی لەوێدا بینیونی وێنەیانی گرتووە، ترسی لە چاوی هەموویاندا بینیوە، سەرەتا وێنەی دایکی (کەژاڵ) کە چۆن دەستی لەسەر دڵی داناوە نیشانی داوە ئینجا وێنەی ئەو خەڵکە ناسیاو و خزمانەی هاتوونەتە لای بۆ دڵخۆشی دانەوە و ویستوویانە سەبووریی خەمەکەی بدەنەوە و ورەی بەرز بکەنەوە، بەڵام ترسەکەی زۆر لەو وتە ئەهۆنکەرەوانە گەورەتر بووە، تۆزقاڵێکی لێ نەڕەویوەتەوە:

١٦ی حوزەیران

کەژاڵی جوان هەر بێدەنگە،

کەژاڵی جوان زۆر بێ ڕەنگە

ڕووباری شێتیی سۆزی من لە ترسانا ئێجگار مەنگە

دایك دەستی لەسەر دڵە

خەڵکوخوا دێن، دەڕۆنەوە

هەرچی بەیتی سەبوورییە تۆزقاڵێ ترس

لە سیپاڵی هەناوی من ناشۆنەوە

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٨٦)

دوا بەدوای ئەو وێنانەی پێشوو دیسانەوە وێنەی باری دەروونی لە شەوی دووەمی خەستەخانەی نیشان داوە، «بەڵام وەك شاعیرێکی کلاسیکیی کۆن کە زیاتر ناڕەزایی دەربڕین بووە لە هاتنی شەو و دوورکەوتنەوە و دابڕانیان لە یارەکانیان، نەك شەو لای شاعیرێکی ڕۆمانتیکی، کە ئاشنای بووە و تیایدا هەستی بە حەوانەوەی دەروونی کردووە"، ئەو شەوە لای شاعیر ئارامی لەبەر هەڵگیراوە، درێژیی ئەو شەوە و قورسایی لەسەر دڵ و دەروونی وای لێ کردووە بەیتە شیعرێکی (مەولەوی) بە بیر بێتەوە، کە ئەو دەربڕینەی (مەولەوی) لەگەڵ ئەو سات و خەمبارییەدا تەواو دەگونجێ، تێیدا ناوبراو سکاڵا و ناڕەزاییی درێژی شەوەکەی دەکات کە بەکۆتا نایەت و ڕۆژی لێ هەڵنایەت، خۆزگە بە مردنی دەخوازێت:

شەو هاتەوە...

ئەم شەو ئێجگار بێ ئامانە

لە دیوانی (مەولەوی)وە شیعرێك هاتە خەستەخانە،

ئەم شەو وەهەرحاڵ شەو وە ڕۆژ بەروو

خوا سا مەرگێ سەحەر چێشکەروو

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٨٦)

مرۆڤ لە کاتی بینینی دیمەنی سامناك و ترسناکدا هەست بەشڵەژان و وشکبوونی گەروو و ئابڵەقبوون و نەمانی وزەی دوان و دەربڕین دەکات، خۆ ئەگەر ئەو دیمەنە سامناکە لە ڕووی کەسێکی نزیك و خۆشەویستی مرۆڤدا ببینرێت کە لە نێوان مەرگ و ژیاندایە، دەبێ چ کاردانەوەیەك لەسەر مرۆڤ دروست بکات و چۆن دەری بڕێت؟ ئەوەتا شاعیر لە بەرەبەیانی (١٧) حوزەیراندا، لە ژوورسەری جگەرگۆشەی بێ هۆشی نێوان ژیان و مەرگی ڕاوەستاوە و ڕوانیویەتییە دیمەنێکی سامناك، ئەم دیمەنە هێندە کاریگەری لەسەر شاعیر دروست کردووە، کە نەیتوانیوە بەشیعر وەك خۆی دەری

ببڕێت، هەست بە دەستەپاچەی و دەستەوەستانی خۆی کردووە و خامەکەی بەلاڵ چواندووە، وا هەستی کردووە هەرچی وشەیەکیش بدرکێنێ تەڵخ و تاڵە:

١٧ی حوزەیران کاتی سەحەر

سەحەر چوومە لای سەرینی

من چیم بینی... خوا چیم بینی؟!

دەستەوسانم، خامەم لاڵە(*)

هەرچی وشە و دەربڕینە

لەسەر زمانی تەڵخی من ژەهری تاڵە

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٨٦)

ئەندامانی خێزان وەك ئەندامانی لەشی مرۆڤ وان، گەر یەکێکیان تووشی ئازارێك بن، ئەوانی تریش ئازار دەچێژن، هەمان چواندن بەسەر ئەو خێزانەدا دەسەپێت، کە یەکێکیان تووشی کارەساتێك بووبێ و لە نێوان مەرگ و ژیاندا بژی، ئەوا باقیی خێزانەکە شێوازی ژیانیان تێك دەچێت و خەو و خۆراکیان کەم دەبێتەوە، ئاڵۆزی و نائارامی و پەشێوی دڵ و دەروونیان دادەگرێت و ماتەمینی باڵ بەسەر ماڵەکەیاندا دەکێشێت، ئەوەتا شاعیر لەو ڕۆژانەیدا، وێنەی ماڵ و منداڵەکانی نیشان داوە، کۆمەڵێ وێنەی سادە و ساکاری نیشان داوە، وەك ماڵی چۆڵ و خەم لێ نیشتوو، منداڵی بێ

(*) (مەولەوی)ی شاعیریش لە یەکێك لە بەیتە شیعرەکانی لاواندنەوەی (عەنبەر) خاتوونی هاوسەریدا هەست بە کەموکووڕیی زمانی دەربڕینی دەکات و نووکی خامەکەی بەشکاو دادەنێت:

ئەدای پەشێوی حالاّتی جەســـتەم

دوورە جە تەحریر خامەی شکستەم

(دیوانی مەولەوی، سید عبدالرحیمی معدومی، لەلایەن محەمەد ئەمینی ئەردەڵانییەوە لە هەورامییەوە گۆڕاوە بۆ زاراوەی سۆرانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی منیر، بەغدا، ١٩٩١، ل ١٣٠).

واتە: دەربڕین و باسکردنی باری گیانی ماندووم، زۆر دوورە لەوەی بتوانم بەنووکی قەڵەمی شکاوم دەری بڕم. هەرچەندە لە سەرچاوەکەدا (حالاّت) نووسراوە، دەبوایە (حالاّتی) بنووسرایە، کە لە ڕووی کێشی (ە.ە)وە ڕاستترە.

جێگە نووستوو، کەژاڵی تۆراو(*)، شەو و ڕۆژی شێواو:

مـاڵی چۆڵی خەم لێ نیشتوو
منداڵی بێ جێگە نوستوو
هـەستن ڕۆڵە وا بـەیانە
کەژاڵ لـە ئێمـە تۆراوە
شەو و ڕۆژمـان لێ شێواوە

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٨٧)

ئەو ساتـەی مرۆڤ هـەواڵی مـەرگی یـەکێك لـە ئەنـدامـانی خێزانـەکـەی پێ دەگات، هێز لـە گیـان و ئـەژنـۆیدا نـامێنێت و هـەست بـە گڕ تێ بـەربوون لـە هـەنـاوی دەکات و جۆرە شڵەژانێکی دەروونیی بەسەردا دێت، کەوتن و هـەڵسانـەوە و گڕ تێ بـەربوون و بـە چۆکدا هـاتن و هـەندێ دیـاردەی نزیك لـە شێتبوون و تێکچوون و بێ ئـاگـایـانـە دەنـوێنێ، پـاش مـاوەیـەك بـە خۆدا دێتـەوە و دەست بـەنـاڵانـدن و هـاوارکـردن و دەستگرتن بـە سك و پشت و سەریەوە دەکات، ئەوەتا شاعیر وێنەی تەواو و ڕاستەقینەی بـاری دەروونی شڵەژاو و ئـارام لـەبـەر هـەڵگیراوی ئەو ساتـەی کـە هـەواڵی مـەرگی جگەرگۆشەکەی پێ گەیشتووە نیشان داوە:

بـەنـاو هێڵی تەلەفۆندا ڕۆڵەڕۆیەك گەیشتە لام
وەکو داری سەر لووتکەیەك گەرداو لێی دا(**)
ئەژنۆم شکا و خۆم هەڵدێرام
ئەی خەڵکینە چەند گران بوو، لەو کاتەدا هەڵسانەوە!

---

(*) ئەم وتـەیە لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا، لە کاتی لاواندنەوە و شینی مـاتـەمینیدا زۆر بـەکار دەهـێنرێت بـەتـایبـەتی لـە شیـنی ئـافرەتـانـدا بـۆ مـردووەکـانـیـان، بۆ نموونـە (د. شوکریە ڕەسووڵ)، لە پەخشانێکی چیرۆك ئامێزدا کە بەناوی ″پێشکێش بە (بەداو)ی جوان و شۆخ و شەنگ″ کە لاواندنەوەی خوشکە جوانەمەرگەکەیەتی: دەڵێت:
″خوشکە لێ تۆراوەکەم...″ (د.شوکریە ڕەسووڵ، ڕێوڕەسمی شین و لاواندنـەوەی کوردی، هـەولێر، ١٩٩٧، ل٤١).

(**) بێهێزییەك لەم وێنەیەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە: داری سەر لووتکە ناکەوێتە ناو گەرداو و گێژاوی ئاوەوە.

هەرچی ئازاری عومرم بوو هەموویم گرت بەشانەوە
بۆ پێشوازیی تەرمی کەژاڵ،
هەردوو دەستم بە قژمەوە گیرسانەوە
چراخانی تەمەنی ئەو بیست و یەك بوون کوژانەوە
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٨٧)

مرۆڤ کاتێك خەمی دەگاتە لووتکە پەنا بۆ لای خەڵکی دەبات، خۆ ئەگەر چاوەڕێی یارمەتیشیان لێ نەکات، ئەو تەنیا دەربڕین و درکاندنی خەمەکەی لایان دەبێتە هۆی حەوانەوەی دەروونی، بۆیە شاعیر بە شێوەی (ئەی خەڵکینە) پەنای بردووەتە لای خەڵکی تا گوێ بۆ خەمەکەی بگرن و بیهێننە پێش چاویان، کە بارێکی قورس کەوتووەتە سەرشانی، خەمی جگەرسووتان و خەمی هەموو ژیانی لەو ساتەدا تێکەڵ بوون، سەیری ئەم وێنە کاریگەرە کە شاعیر نیشانی داوە، هەموو ئازاری عومری گرتووە بە شانیەوە و بەرەو پێشوازیی تەرمی ڕۆڵە خێرنەدیوەکەی چووە، بارێکی دەروونی سەخت و ئاڵۆزی وەك ڕنینەوەی قژی و دەستگرتن بەسەریەوە، ئەمانە لەگەڵ ناوبردنی تەمەنی ڕۆڵەی لەدەستچووی کە (بیست و یەك) ساڵ بووە، هەڵچوونێکی دەروونی خەم و بەزەیی لای خوێنەر دروست دەکەن، ئەم وێنە شیعرییانەی شاعیر بەکاری هێناون، وێنەی واقیعی و ڕاستەقینەی ئەو ساتەن و توانیویەتی وەك خۆی بیانگوێزێتەوە ناو چامەکە، بۆیە هەمان کاریگەری و هەژانیش لە دڵ و دەروونی خوێنەردا دروست دەکات، بەتایبەتی کە مرۆڤ گوێبیستی مەرگی گەنجێکی تەمەن بیست و یەك ساڵان دەبێت، هەست بە خەم و پەژارە دەکات، چونکە ئەم تەمەنە سەرەتای چێژ و خۆشی وەرگرتنە لە ژیان، بۆیە شاعیریش دوا بەیتی ئەم تابلۆیەی پێ کۆتایی هێناوە.

بێگومان سەرکەوتنی شاعیر لەم چامەیەدا لەوەدایە توانیویەتی واقیعی ڕووداوەکە وەك خۆی بگوێزێتەوە بۆ زەویی هونەری و بەرهەمێکی ئەدەبیی لێ دروست بکات و هەمان کاریگەری و هەڵچوونیش لای خوێنەر دروست بکات، "دروستکردنی بەرهەمی ئەدەبی لە واقیع، هەزار جار گرانترە لە دروستکردنی لە خەیاڵدا، ئەو کەسەی لە ڕووداوێکدا دەژی و دوایی ئەو ڕووداوە دەگێڕێتەوە، لە دەروونی خەڵکیدا هەمان کاریگەری سەر خۆی لەواندا دروست دەکات، هونەرمەندێکی ڕاستگۆ و بەتوانایە".[١]

(١) توفيق الحكيم، الواقع والخيال، مجلة الثقافة، عدد: ٢٣، السنة الاولى، ١٩٣٩، ص ٥.

یەکێك لە سروشتەکانی مرۆڤ ئەوەیە: زۆر حەز بە ژیان دەکات، بە هەموو شێوەیەك بەرگری لە ژیانی دەکات و هەوڵی درێژەدان بە ژیانی و مانەوەی دەدات و خۆی لە مردن دەپارێزێت، بەڵام کاتێکیش دووچاری کێشە و گرفتی گەورە دەبێت، یان ڕووبەڕووی خەمێکی گەورەی ئاکامی کارەساتە گەورە و کاریگەرەکەیان دەبێتەوە، ژیان لەلای بەها و چێژی نامێنێت و خۆزگە بە مردنی دەخوازێت، یان کاتێك کەسانێکی نزیك و خۆشەویستی دەمرێت، خۆزگە بە مردن لە بریی ئەو کەسەی دەخوازێت، چونکە وا هەست دەکات مردنی تەنیا چارەیەك بێت بۆ ڕزگاربوونی لە ژیانی پڕ لە دەردەسەری و ژان کێشانی و مردن بە حەوانەوەی دەروونی خەمباری دەزانێت.

ئەوەتا (حەسیب قەرەداغی) کە هەرگیز ماندوویێتی و بێ ورەیی و بێهێزی و بێزاری و کۆڵدانی خۆی نیشان نەداوە و لەناو ناخۆشییەکانیدا چێژ و خۆشیی بۆ خۆی پچڕیوە و نەمامی گەشبینی و ئومێدی لەناو تاڵییەکاندا ناشتووە، دوای مەرگی (کەژاڵ) خۆزگەی مردن لە بری دەخوازێت، تا وەك ئێستای خۆی (کەژاڵ) لەسەر گڵکۆی باوکی باوکەڕۆی بکردایە:

لە ١٧ی حوزەیرانی شوومەوە هەتا ئەو ساتەی ئەمرم
هەر ئەیڵێم و ئەیڵێمەوە
خۆزگە ڕۆڵە...
مۆتەکەی مەرگ لە جیاتیی تۆ دەستی لە بینی من نایە
لەسەر گڵکۆم وەك ئێستەی خۆم
تۆ باوکەڕۆت بکردایە...

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٨٧)

شاعیر وەك هەر هونەرمەندێکی تر خەم و پەژارەکانی بەهونەرەکەی دەردەبڕێت و لە کاتی خەم و پەژارەکانیدا پەنا بۆ جیهانە تایبەتییەکەی دەبات و تێیدا هەست بە حەوانەوەی دەروونی دەکات، «ڕزگاربوونی شاعیر لە ئازار و زامەکانی بەڕێگەی دەربڕین، دەبێتە هۆی حەوانەوەی دەروونی دوای دەرکردنی خەمەکەی بەشیعر».[١]

(١) صبیح ناجي القصاب، بین الواقع والابداع، وزارة الثقافة والاعلام، دار الرشید، ١٩٧٩، ص ٨٨.

ئەوەی پێویستە لێرەدا تیشکی بخرێتە سەر و لەگەڵ دەربڕینێکی شاعیردا گرێ بدرێت ئەوەیە: پرۆسەی دانانی شیعر لە کاتی بوونی خەمێکی قورس و کاریگەریدا کارێکی ئاسان نییە، تەنیا بەرەگەزەکانی (بەهرە، بیر و ئەندێشە، سۆز) پێك بێت، بەتایبەتی لە چرکە و ساتەکانی سەرەتای دەست پێکردندا کە هێشتا شاعیر پێوەندیی بەجیهانی دەرەوە ماوە و عەقڵ ڕابەرێتی و چاودێریی دەکات هەڵبەتە کۆمەڵێك پرسیار لەو ساتانەدا لە ناخیدا دروست دەبێت و تێکەڵ بەدەروونی ئاڵۆز و ماندوو و خەمباری دەبێت و تا ڕادەیەك دانانی شیعرەکەی دوا دەخات و ئاڵۆزی دەکات؛ پرسیارەکانیش لە چوارچێوەی (چۆن دەست پێ بکات و چۆن بچێتە ناو ناوەڕۆکەوە، چ وشە و زاراوەیەکی پڕ بەمەبەست و ویستی بەکار بهێنێ کە پڕ بەپڕی ئازار و ژانەکەی بێت، چۆن سەرکەوتن بەدەست بهێنێ؟) دەسووڕێتەوە، کە ئەوانە لە ڕاستیدا عەقڵی دەرەوە و ویست و ئارەزوو – طموح–ی شاعیرانەیە، بێگومان بەرەخساندنی هەلومەرجێکی باش بۆی، داهێنانی هونەری دروست دەکات، (بە لە بەرچاوگرتنی کێشەی خەمەکە کە خۆی لە خۆیدا – ئیحایەك–ی پێ داوە و هاندەرێکی ڕاستەوخۆی تەقینەوەی ناخی شاعیرە)، ئەو سەرکەوتن و داهێنانەیەش کە شاعیر دەیەوێت بەدەستی بهێنێت پێویستی بەئاوڕدانەوە و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی شاعیرانی تر هەیە، بەتایبەتی ئەو شاعیرانەی کە خۆی تیایاندا دەبینێتەوە، یان کاریگەرە بەشیعریان، لەم ڕوانگەیەوە دەڕوانمە (حەسیب قەرەداغی) و دەست پێکردنی دانانی چامەی – کەژاڵی جوان– کە تەقینەوەی خەم و پەژارەی جگەرسووتانیەتی، لە هەمان کاتیشدا لووتکەی داهێنانی تێدا بەدەست هێناوە، وەك لە دەربڕینی ئەم چامەیەدا دیارە بەهەمان قۆناغی ئاڵۆزی دانان و دەست پێکردندا تێ پەڕیوە، لەگەڵ بوونی بەهرەیەکی بەرزی شیعر و بیر و سۆز و ئەندێشەی بڵاو و فراوانی شاعیر و خەمەکەش کە خۆی بووەتە دروستبوونی– ئیحاء– دا هێشتا بەدوای– ئیلهام–ی شاعیرانەدا گەڕاوە، تا وەك دەرگەیەك بە ڕوویدا بکرێتەوە و ویستوویەتی سوود لە ئەزموونی شاعیرانی هاوخەم و ئاشنای شیعریان وەربگرێت، لەناو ئەو شاعیرانەشدا (مەولەوی و گۆران)ی هەڵبژاردووە، کە هەردووکیان بەهەمان ئەزموونی تاڵی خەم و پەژارەی مەرگی ئازیزان و کەسانی ئەندامی خێزانەکەیاندا تێ پەڕیون و شیعری لاواندنەوەشیان بۆ مردووەکەیان نووسیوە، بۆیە شاعیر شیعرەکانی (شینی عەنبەر خاتوون و شینی گوڵاڵە)یان هێناوەتەوە بیری و ئازار و ژانەکانی نێو ئەو دوو شیعرەش تێکەڵ بە ژانی

جگەرسووتانی خۆی بووەتەوە:

ئەو ئاگرەی تێم بەربووە
شالاوێکی بێ ئامانە
هەموو ڕێیەك لە بەردەمما پێچاڵێکە و ئاگردانە
ئەی ڕۆڵە گیان خەم بڕیمی و پەنا ئەبەم بۆ دەفتەرم
بۆ دیوانم، بۆ سەفەرم
بۆ وەلامی پرسیارێکم
بۆ چیرۆکی ئازارێکم
دەستم چزا بە داماویی دەربڕینا
دوام لە تەك هەزار چامەی ماتەمینا
من دەروێشی مەولەویم و
شەیدای شیوەنی گۆرانم
کەچی ڕۆڵەم– کەژاڵی جوان– وا کۆلیلی گەرمەشینت
مەرگی "گولالە" و " عەنبەرخان" دێنێتەوە بەرچاوانم
هەموو ئەبن بە ئێشێك و ئەڕۆن هەتا سەر ئێسقانم
(فەرهەنگی خەم٢، ل ٨٨)

شاعیر کاتێك خەم و پەژارەیەکی گرانی دەردەبڕێت، دەیەوێت وێنەیەکی تەواو و پڕ بەپڕی خەمەکەی بگوێزێتەوە و بیگەیەنێتە گوێگر، بەلام زۆرجار زمانی دەربڕینەکەی لەوە کەمترە کە لە ناخیدا پەنگی خواردووەتەوە و ناتوانێت وێنەی تەواوی بگوێزێتەوە مەیدانی شیعرەکەی، لەم کاتانەدا شاعیر هەست بە لەخۆڕازی نەبوون دەکات، هەروەکو (توفیق حکیم) دەڵێت: «من یەکێکم لەو کەسانەی کە وێنەیەکی زۆر بچووکی ئەو شتانە دەگوێزمەوە زیهنی خەڵکی کە لە بیر و خەیاڵمدا دێن و دەچن و هەستیان پێ دەکەم".[١]

(حەسیب قەرەداغی)یش بە هەستێکی لە خۆڕازی نەبوون و خۆ بەکەمترزانەوە، ڕووی کردووەتە چامەی ماتەمینی ئەم دنیایە و شیعرەکەی خۆی خستووەتە تای

(١) توفیق الحکیم، الواقع والخیال، مجلة الثقافة، عدد ٢٣، ١٩٣٩، ص٥.

تەرازووەوە و بەراوردی کردووە، لە گەڵیاندا، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە ڕووی هونەرییەوە تای تەرازووەکەی بەلای ئەواندا شکاندووەتەوە، بەڵام هاوکات لە ڕووی کێش و کاریگەری سوێیەکەی نێو دڵ و دەروونیەوە، تای تەرازووەکەی بەلای خۆیدا شکاندووەتەوە، کە ئەم دەربڕینەش دوو مانا لە خۆی دەگرێت:

١- بێ فیزی و سادە و ساکاری و خۆ بەکەمترزان و خۆهەڵنەکێشانی شاعیر (بێگومان ئەم سروشتانەش، سروشتی مرۆڤی دانا و هۆشیار و ڕۆشنبیرە).

٢- کاریگەری و جێ پەنجەی ڕەشی ئەم کۆستە لەسەر شاعیر.

وەك دەڵێت:

ئەی هۆنراوەی ماتەمینیی ئەم دنیایە
ئەگەرچی من دەربڕینی وام بۆ نایە!
بەڵام ئەو سوێی وا لە دوو توێی ئەم سۆزەما
کەی لە کێشی ئێوە دایە؟!...

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٨٨)

بۆ دەرخستنی کاریگەری و کێشی کۆستی جگەرسووتانی، هەرجارە بەخەمێکی تر بەراورد و هاوسەنگ و ئاوێتەی کردووە، ئەمجارەیان بە نیشتمانە بێ بەخت و پڕ لە خەم و جگەرسووتاوەکەی، پەنای بۆ بردووە و بانگی کردووە، تا لە نزیکەوە ئاگەداری ئێش و ژانەکەی بێت، چۆن بە گڕی ئەم شاخەمەی خەمەکانی تر سووتاندووە، دواتر ئاماژەی بەوە کردووە کە هەر دڵۆپە فرمێسکێکی و هەر ناڕەزاییەکی کە دەری بڕیوە، هی خۆی و نیشتمانەکەیەتی، کە لە ناچاریدا بەم شێوەنە دەری بڕیوە:

جگەر سووتاوی خاکی خەم وەك تۆم بەڵام بێ و بزانە
چ ئێشێکم لە دڵدایە و چ ئێشێکم لەسەر شانە؟!
بە ئاگری ئەم شاخەمەم، خەمەکانم ئەسووتێنم
هەموو دڵۆپە فرمێسکێ کە ئەیڕێژم
ناڕەزاییی خۆم و خۆتە بەم شیوەنە ئەیدرکێنم
دەستەوسانی، دەستەوسانی

هەتا ئەمڕۆ،
لە شیعریشا بە قورساییی تۆم نەزانی
بێ چارەم و دەستەئەژنۆ،
سەر سوورماوم

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٨٩)

زۆر لە شاعیرانی کورد – لەناویاندا حەسیب قەرەداغی، نیشتیمانیان چواندووە بە دایك و، خۆیان و ڕۆڵەکانی گەلەکەیان، بەڕۆڵەی ئەو دایکە داناوە، شاعیرش بە هەمان شێوە، ئەم ڕاستییەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دووپات کردووەتەوە، لەم کۆستی جگەرسووتانەی خۆیەوە ڕوانیویەتییە کۆستی دایکە نیشتمانی، کە چەندان ساڵە ڕۆڵەکانی سەری دەکوژرێن، لە دوای جگەرسووتانی خۆیەوە بە قورسایی کۆستی دایکە نیشتمانی زانیوە.

لە گەرمەی کۆستی جگەرسووتانیدا هەست بە شکاندنەوە و لەناوچوونی پێوەندیی نێوان شاعیر و هەموو هەست و سۆز و ڕابردوو دەکرێت، تەنیا پێوەندییەکی زیندوو کە وەك خۆی ماوەتەوە، هەست و سۆز و خۆشەویستی و دڵسۆزییەتی بۆ خاك و زێدی باوك و باپیرانی، کە ئەمەش بەڵگەی تەواوی نیشتمانپەروەری شاعیرە، "نەمریی شیعری ئەو شاعیرانەش لە نەمریی بیری نەتەوایەتی و مرۆڤایەتییانەوە هەڵدەقووڵێ کە باوەڕیان پێیەتی و ئەم بیر و بۆچوونانەیان لە دڵ و دەروونیدا دەچەسپێ و بە زیندوویەتی دەمێنێتەوە، بۆیە گرینگییان پێ دەدرێ و نەمرن، هەر ئەوانە پاڵەوانی فیکر و ئەدەب و خاوەن واقیعیەتی مرۆڤایەتی و سەرکردەی بیری داهێنانن"(١).

هەر لە هەمان شیعردا، دووپاتی هەڵویستی نیشتمانپەروەری دەکاتەوە و جگەرگۆشەی لەدەستچووی دەسپێری بەدایکە نیشتمانەکەی کە تاوێرێکی ناگۆڕێتەوە بە (تەختی ڕۆم و تاجی عەجەم)، ئەم بانگەشە و هەڵکردنی دروشم و دەرخستنی پێناسەیەی کردووەتە چەقڵێ و چەقاندوویەتییە چاوی نەیارانی نیشتمان و نەتەوەکەی، "لەو هەڵویستە دەگمەنە دژوارەی، شیشی سورەوکراوەی داخی جگەرسووتانی حەسیبدا، بە مردنی کەژاڵی کیژە لاو و دلۆڤان و بەهرەمەند، شاعیر

---

(١) نوري حمودي القيسي، الاديب والالتزام، مطبعة دار الحرية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٧٩، ص ٩٧.

کەسی کەسانی بەخاکی شیرینی نیشتمانی دەسپێرێت، لەم بێوڵەتییە کسپەژانەدا، نەیاران و دوژمنانی داگیرکەری بیر ناچێتەوە، تالاوی دووکەڵی گرژی، بە گەروویاندا کوورەی مووشەدەمە پێ دەکات"(١). هەروەکو دەڵێت:

ئەی ڕۆڵە گیان بەڕێم کردی
سپاردمیت بە خاکی خەم
ئا ئەو خاکەی تاوێرێکی ناگۆڕمەوە
بە تەختی ڕۆم، تاجی عەجەم

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٩٠)

لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا کەسانێك بڕوایان وایە کە مرۆڤ دوای مردنی لە خاکدا دەحەوێتەوە و چیی تر ماندووێتی و خەم و پەژارە ناچێژی، یان مردوو چاوی ڕەحمەتی لە کەسوکار و خێزانەکەیەتی و ئاگای لە هەموو هەڵسوکەوتێکیانە، ئەم بیروباوەڕە بڵاوە لە دوو توێی ئەم دوو بەیتە شیعرەی شاعیردا دەبینرێن، کە پێی وایە دایکی هەموو ئاواتەکانی– مەبەستی لە کەژاڵە – لە خاکدا دەسرەوێت و چاوی لە باوکە کۆست کەوتووەکەیەتی، کە چەندە لە دەستی ڕۆژگاری نالەبار بێزارە:

بەڵکو لەوێدا بسرەوێ دایکی هەموو ئاواتێکم
بەڵکو لەوێ چاو هەڵبڕی بەرەو ئاستی گشت ساتێکم
ببینیت ئەم باوکە شێتەت بەم کۆچەی تۆ چەند خەمبارە!
لە دەستی باری نالباری ئەم ڕۆژگارە چەند بێزارە!(*)

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٩٠)

---

(١) محەمەد ساڵح سەعید، خولیای شێخی شاعیران و سۆزی خەمەکانی، کۆواری ڕامان، ژ: ٢٦، ١٩٩٨/٨/٥، ل ١٧.

(*) (گۆران)ی شاعیریش لە شیعری (شیوەنی گوڵاڵە)دا بە هەمان شێوە خۆی و ڕۆڵەی لەدەستچووی دەلاوێنێتەوە:

کـــچم خۆ تۆ نەماوی تا ببینی،
کە باوکت چەن بەناسۆرە برینی!

(دیوانی گۆران، سەرجەمی بەرهەمی، ١٩٨٠، ل ٩٨)

پێ دەچێت شاعیر سوودی لەم بەیتە شیعرەی (گۆران) وەرگرتبێ.

شاعیر نەیویستووە خەڵکی لۆمەی شین و گریانی بکەن و کۆستەکەی بەسادە و ساکار تەماشا کەن، بۆیە دڵی ویرانەی خۆی چواندووە بە خاکە ویران و پڕ لە خەم و خوێنەکەی:

خەڵکە ئێوە لۆمەم مەکەن، کۆستەکەی من زۆر گرانە(**)
تەنها خاکی خەم و خوێنە وەکو دڵی من ویرانە
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٩١)

هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، شاعیر مرۆڤێکی هەست ناسکی ڕۆمانسییانە بووە، زۆر زوو هەڵچووە و بچووکترین ڕووداو کاری تێ کردووە، ئەی دەبێ کارەساتێکی دڵتەزێنی جگەرسووتان چ کاریگەرییەکی لەسەر دروست کردبێ و ئەو هەڵچوونە دەروونییەی ئاکامی لەدەستدانی ئازیزترین و نزیکترین کەسی چۆن بووبێ؟:

ئۆف ڕۆڵە گیان دێم و دەچم، سەرمۆرگێڕی ئەم ماتەمەم،
هەر وام، لە ڕێی گەرمەشینا،
خۆم بووم بە خوێ و ئەکرێمەوە بەسەر ناسۆری برینا
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٩٠)

هەڵبەتە کارەساتێکی وەها بۆ مرۆڤێکی هەست ناسك دەبێتە هۆی لەناوبردنی هەموو هەست و سۆزێکی پێشووی، بە تایبەتی کە هێشتا لە گەرمەی شینیدایە و ڕۆژگارێکی زۆر بەسەر کۆستەکەیدا ڕانەبوردووە:

ئۆف ڕۆڵە گیان، ئەمڕۆ هاتم
دەرگای دڵم خستە سەرپشت

(**) (مەولەوی)ی شاعیریش بەهەمان شێوە لە لاواندنەوەی کوڕێکیدا دەڵێت:

مەنعم مەکردێ گرانە دەردم
ئەرشێویا بۆ قافییەی فەردم

(دیوانی مەولەوی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ١٩٩١، ل ١٣٦)

واتە: لۆمەم مەکەن، دەردەکەم گرانە، بۆیە قافییەی فەردم شێواوە.

ئەگەر سەیری نیوە بەیتی یەکەمی شیعری هەردوو شاعیری ناوبراو بکەین، دەبینین هەمان دەربڕینە، بەڵام لە نیوە بەیتی دووەمدا، جیاوازن پێ دەچێت ئەم دەربڕینەی (حەسیب قەرەداغی)یش کاریگەری ئەو دەربڕینەی (مەولەوی) بێت، سوودی لێ وەرگرتبێ.

هەرچی هەست و نەستم هەبوو
هەموویم کوشت، هەموویم ڕشت
کە من دڵم شووشەی تۆ بوو لەگەڵ تۆدا ئەویش شکا
دوا دڵۆپی خەم و نازم ئەویش ڕژا، ئەویش تکا
(فەرهەنگی خەم ٢، ل٩٠–٩١)

مرۆڤ تا خۆی لەنێو کارەسات و خەمێکدا نەژی و نەیچێژێ ناتوانێت بڕیاری تەواوی بەسەردا بدات و قەوارە و کێشی بخەملێنێ. زۆرجار مرۆڤ وا هەست دەکات لە کارەسات و ڕووداوەکانی ناو ژیان گەورەترە و دەتوانێت زاڵ بێت بەسەریاندا و هیچ کاریگەری لەسەری جێ نەهێڵن، کە ئەمە تەنیا بڕیاردان و بۆچوونێکی سەرپێیی دوور لە ڕاستییە، چونکە هەندێ کارەسات ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر دەروونی خاوەنەکەی و جێ بە پەنجەی ڕەشی لەسەر دیاری دەکەن، هەمان بۆچوون لەم دوو بەیتە شیعرەی شاعیردا دەردەکەوێت، شاعیر خۆی دان بەو ڕاستییەدا دەنێت کە پێشتر وای زانیوە کە شاعیرێکە لە هەموو کۆستێ گەورەترە، کە خۆی ئاگر بێت، چۆن ئاگری تێ دەچێت، بەڵام دوای چەشتنی ژانی جگەر سووتان، خۆی لە قوڕێکی خەستدا دەبینێت و خەریکە ناونیشانی دەسڕێتەوە:

وام ئەزانی وەك شاعیرێ لە گشت کۆستێ گەورەترم
ئاگر لە من چۆن بەرئەبێ، کە من لە خۆما ئاگرم
کەچی ڕۆڵە وا مەرگی تۆ لە قوڕێکی خەستی ناوم
خەریکە ئەیسڕێتەوە هەموو پێناسێکی ناوم
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٩١)

دان پێدانانی بە بۆچوونی هەڵە و هەستکردنی بەهەڵە لە پێش مەرگی کەسانی نزیکدا لەلایەن لاوێنەرەوە، دەربڕینێکی ڕاستەقینەی ئاساییە، چونکە بۆچوون و هەستکردن و بڕیاردان بەسەر ڕووداو و خەمێکدا، تێڕوانینێکی یەك لایییە و زۆر جیاوازە لە تێڕوانینی مرۆڤێك لە خۆی لەناو کارەسات و ڕووداوەکەدا دەژی، بۆیە لەو کاتەدا هەندێ بۆچوونی شی دەکاتەوە وە لە هەندێکیان پەشیمان دەبێتەوە.(*)

(*) ئەوەتا (مەولەوی)ی شاعیریش لە شیعرێکی لاواندنەوەی هاوسەرەکەیدا دان بەو ڕاستییەدا دەنێت، کە پێشتر دوورکەوتنەوە و دابڕانی بەهیچ زانیوە، بەڵام ئێستا دوای مەرگی =

شاعیر وێنەی باری دەروونیی بێ ئارام و پەرێشانی خۆی نیشان داوە، خۆی چواندووە بە وێڵێکی سەرلێشێواو و بە ڕێبوارێکی توێشوو ڕژاو، ئینجا وێنەی بە کوڵ گریانی دەردەخات، کە کردوویەتییە پیشەی هەموو ساتێکی:

بەرەو هەر داد و ئامانێك هەنگاو ئەنێم
وێڵێکی سەر لێشێواوم
ڕێبواری توێشوو ڕژاوم
کوڵی گریانم ناسرەوێ ساتم هەمووی ساتی ئەوە

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٨٩)

زۆرجار شاعیران بۆ گەورەکردنی ڕادەی خەمەکانیان، کارەسات و ڕووداوی گەورەیان وەرگرتووە و چواندوویانە بە خەمەکەیان، یان هێندێ جار وایان داناوە سروشتیش لەگەڵیاندا خەمبارە، یان ڕەگەزەکانی سروشتیان وەرگرتووە و چواندوویانە بە خەمەکەیان، شاعیر لەم دوو بەیتەی خوارەوەدا ڕەگەزەکانی سروشتی وەك (ڕەهێڵە، شەستە، تۆف) کە هەرسێکیان ئاوەڵناون بۆ خوڕی و زۆریی باران بەکار دەهێنرێن، وەری گرتووە و چواندوویێتی بەفرمێسکی خوڕی، لێرەدا قەوارەی فرمێسك ڕشتنەکەی پێ گەورە کردووە:

ئۆف ڕۆڵە گیان، ئۆف ڕۆڵە گیان
زاراوەی زارم هەر ئۆفە
بارانی ئەشکی حەسرەتکێش
ڕەهێڵەیە، شەستە، تۆفە

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٨٩)

لە بەشی یەکەمی نامەکەدا تیشك خرایە سەر هەندێ سروشتی هەست و سۆزی

---

= ئازیزەکەی دەناڵێنێ و دەروونی جۆشی سەندووە و سەبر و ئارامی لەبەر هەڵگیراوە:

هیچران بالاش وەهیچ مەزانای
ویت وەساحێب سەبر و تاقەت مەوانای
سا ئیسە، ها، دەرد دووریش ئاوەرد جۆش
سەبر ئەر ئازان بما نۆشنۆش

(دیوانی مەولەوی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ١٩٩١، ل ١٠٨)

شاعیر، کە لە کاتی خەم و پەژارەدا پەنای بۆ گریان بردووە، لەو چەند بەیتە شیعرەی پێشوودا ئەو ڕاستییە دەرکەوت، لەم چەند بەیتەی خوارەوەشدا، ڕەدی ئەو بۆچوون و بیروباوەڕە کۆنەپەرستە باوەی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری دەداتەوە، کە پێیان وایە گریان بۆ پیاو نەشیاوە و شوورەیییە، ئاماژەشی بەوە کردووە کە پێشتر باوکی سۆز و خەم بووە، ئەو سۆز و خەمانەی کە هۆگریان بووە و وەك منداڵ و کۆرپەی بوون، ئێستا ئاگری جگەرسووتانی گڕی بەرداوەتە خەمەکانی، ئیتر چۆن خۆی ڕاگرێ و نەگری و نەناڵێنێ:

ئۆف ڕۆڵە گیان، ئۆف ڕۆڵە گیان
کولیلەکەم ئێجگار گەرمە
بۆ خۆی ئەڵێ ئەوەی ئەڵێ گریانی وا بۆ پیاو شەرمە!
کە من باوکی سۆز و خەم بووم،
ئاگر چووە خەمەکانم
ڕێی خۆڕاگرتنی درۆ چۆن بزانم، هەر نایزانم
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٨٩–٩٠)

دووپاتکردنەوەی وتەکانی (چۆن بزانم، هەر نایزانم)، بەڵگەی سووربوون و نەمانی گومانە، ڕاستگۆییی شاعیرە، بێ پەرواییيە لە لۆمە و سەرکۆنەی خەڵکی، هەڵکردنی دروشمی تایبەتی خۆیەتی و دەرخستنی ناسنامەیەتی، دەربڕینێکی واقیعییانەی باری دەروونی تووشهاتوویەتی، بۆیە خوێنەریش زیاتر چێژ لە دەربڕینەکەی دەبینێت، "ئەو شتەی کە هونەر و ئەدەب لە چێژ و جوانیدا دەبڕێت و دەیکاتە گەمەکردن بە وشە... دووربوونیەتی لە واقیع، درۆکردنە بە واقیعەوە، نوقمبوونیەتی لە جیهانی تەڵخ و تۆخ".(١)

لە کورتە شیعری (گریان ١٩٨٤/٩/١٧)(*)دا تیایدا، بە شێوەی گریان و شیوەن، خەم و پەژارەی جگەرسووتانی دەربڕیوە، وەرزی بەهاری وەرگرتووە؛ (کە زیاتر

---

(١) غائب طعمة فرمان، ادب الصدق وادب الخداع، مجلة الثقافة، عدد: ٥٨٢، سنة: ١٢، ١٩٥٠، ص ١٧.

(*) لێرەدا لە شیعری (کەژاڵی جوان) پچڕام، لەبەرئەوەی باسەکە پێوەندیی بە گریان و دان پیانانی ئەو ڕاستییەوە هەیە.

شاعیران بۆ ڕەمزی شادی و جۆش و خرۆشی ئەویندارانە بەکاریان هێناوە) لێرەدا مەبەستی شاعیر لە وەرگرتنی ئەم وەرزە ئەوەیە کە وەرزی گوڵانە، گوڵی کردووەتە ڕەمزێك بۆ (کەژاڵ)ی جوانەمەرگی و خۆشی چواندووە بە بولبولێکی عاشقی گوڵ و بڕیاری داوە لەو وەرزەدا گەر بمێنێ بچێتە سەر گڵکۆی جوانەمەرگەکەی و بەسەریدا بگری و بناڵێنێ:

ئەم بەهارە کە هاتەوە
ئەگەر بێتو من بمێنم
لەسەر گوڵێك لەو سەیوانە(**)
هەتا فرمێسك لە چاوما بێ،
هەتا هەنسك لە دڵما بێ،
هەر ئەگریم و هەر ئەخوێنم

(فەرهەنگی خەم ۲، ل ۱۳)

مردن هەقە– حەتمییەتێکی– ژیانی سەرجەم زیندەوەرانی سەر ڕووی زەوییە، مردنی (کەژاڵ)یش لە ئاکامی کارەساتێکی تایبەتی ڕۆژانەدا بووە و مردنەکەی قەزاوقەدەر بووە و دەستی تاوانی کەسی تێدا نەبووە، بۆیە شاعیر واقیعبینانە ڕوانیویەتییە ئەم کارەساتە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دان بەو ڕاستییەدا دەنێت کە کەس ئەم تاوانەی ئەنجام نەداوە، تا بۆ سەبووریی دڵی هێرشی بباتە سەری و تۆڵەی لێ بکاتەوە و یەخەی بگرێت، یان عەرشی بلەرزێنێ، بۆیە کاردانەوەی کاریگەری خەمەکەی بۆ خۆی گەڕاندووەتەوە، تەنیا کەسێك کە بە تاوانباری بزانێت خۆیەتی و دەبێت یەخەی خۆی بگرێت و دای دڕێت:

ئۆف ڕۆڵە گیان بۆ سەبووریش
یەخە نەبوو ڕای تەکێنم

(**) گردی سەیوان: "ناوی گردێکە کەوتووەتە ڕۆهەڵاتی شاری سلێمانییەوە، لەگەڵ دروستبوونی شاردا ئەو گردە کراوە بە گۆڕستان، چەندان کەڵەپیاوی مێژوویی و ئەدەبیی لە ئامێز گرتووە، ناوی ئەم گردە بە ناوی (سەیوان و کەیوان)ەوە ناونراوە کە جووتە قارەمانێك بوون دەڵێن دلێرانە جەنگاون دژی هێرشی تورکە عوسمانییەکان بۆ سەر شاری سلێمانی، لە گردی سەیوان نێژراون و گردەکە بەناوی یەکەمیانەوە ناونراوە" [ئازاد عبدولواحید، دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، بەشی دووەم، ۱۹۸۹، ل ۳۰۲].

عەرشێ نەبوو بیلەرزێنم(*)
گڕ گڕ بۆ خۆم گەڕامەوە
با یەخەی خۆم دادڕێنم
(فەرهەنگی خەم ۲، ل ۹۱)

شاعیر هاتووەتە سەر ڕوونکردنەوەی تاوانبارییەکەی و وتە بڵاو و بەناوبانگە ڕەشبینییەکەی شاعیری گەورەی عەرەب (ئەبوعەلای مەعەری)(**) بە بیر هاتووەتەوە و کردوویەتییە نموونە بۆ خۆی، سەرکۆنەی خۆی کردووە، کە نەدەبوو ئەو تاوانە بکات و منداڵی ببێت و ڕۆژی بەم ڕۆژە بگات و ببێتە پەندی پێشینانی مرۆڤی ئەم سەردەمە.

وەك "معری" ئەبوو نەبمە هۆی ئەم خەتا بێ سەرجەمە
نەبمە پەندی پێشینانێ بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە(***)
(فەرهەنگی خەم ۲، ل ۹۱)

---

(*) (ئەم چەند بەیتەی شاعیر کاریگەری شیعری (شیوەنی گوڵاڵە)ی (گۆران)ی پێوە دیارە، کە دەڵێت:

ئەجەل داد! ئاسمان داد، عەرشی خوا داد!
حەکیم، عیلمی بەشەر، دەرمان، دەوا داد
........................
نە تۆی پێ دێتەوە، نە عەقڵی ئەبڕێ،
لەسەر تۆ کام یەخە، کام ئەستۆ بگرێ؟
(دیوانی گۆران، سەرجەمی بەرهەمی، ۱۹۸۰، ل ۹۷-۹۹)

بەڵام حەسیب قەرەداغی گۆڕانکارییەکی بچووکی خستۆتە ناو شیعرەکەیەوە؛ داد و هاوار و پەنای نەبردووەتە لای کەس، تاوانەکەی گەڕاندووەتەوە بۆ خۆی و یەخەی خۆی دادەدڕێنێ.

(**) کاکەی فەلاح دەڵێت:

(ئەبوعەلای مەعەری) ئەم بەیتە شیعرەی بۆ سەر کێلەکەی داناوە:
ئەم گۆڕەم نیشانەی تاوانی باوکمە
بۆیە منیش تاوانی وام نەکرد
(کاکەی فەلاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ۱۹۷۸، ل ۲۱).

(***) (گۆران)ی شاعیریش لە شیعری (بۆ هیوای کوڕم)دا بەهەمان شێوە دانی بەتاوانی =

"بیرکردنەوە لە خەم و ئازارکێشان هاندەرێکە بۆ بیرکردنەوە لە ڕاستیی ژیان، لە مردن کە زاڵە بەسەر ئەستۆی مرۆڤدا، لە مانا فەلسەفییەکانی پەند و ئامۆژگاری، لاواندنەوەش زیاتر شیوەن و گریانە بۆ ژیانی کورت، وێنە گرتنی کارەساتی مرۆڤە کە ڕووبەڕووی مردنی هەق دەبێتەوە، دان نانێکە بەلاوازیی مرۆڤ بەرامبەر بەو هێزە کاریگەرەدا کە مردن کاریگەرترین و گەورەترین ژان و ئازاریەتی".(١)

ئەم بۆچوونە تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ئەم کۆپلە شیعرەی شاعیردا یەك دەگرێتەوە، کە بەهۆی ئازارکێشانی جگەرسووتانیەوە بیری لە هەندێ دیاردە و چەمکی (مردن) کردووەتەوە و لەو باوەڕەدایە کە مرۆڤ گەیشتووەتە شیکردنەوەی و لێکدانەوەی زۆربەی زۆری دیاردەکانی ژیان، بەڵام لە ئاستی دیاردەی (مردن)دا دەستەوەستانە و پەی بە قووڵایی نەبردووە:

ئۆف ڕۆڵە گیان
هەزار کەلێن و دیاردە هەتا ئەمڕۆ لێکدراوە
هەر دیاردەی ئەم مردنە
نهێنییەکی لاسارە و دەرگای لەسەر داخراوە
هەتا ئێستەش لای هیچ کەسێ
پەی بە قووڵایی نەبراوە

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٩١-٩٢)

حەسیب قەرەداغیی شاعیر عاشق و ئەوینی جوانی ئافرەت و کاریگەری بە شیعری سۆفیگەری و بیروباوەڕی سۆفیزمی کە سۆفییەکان جوانیی خوایان لە جوانیی

---

= باوکێتی داناوە:

حەقت بوو بێ وچان بگری بەسەر تاوانی باوکیما،
بەحر پڕکەی لە تف بیدەی بەناوچەوانی باوکیما!...

(دیوانی گۆران، سەرجەمی بەرهەمی، ١٩٨٠، ل ٢٠٢)

ئەم بەیتە شیعرەی (حەسیب قەرەداغی) کاریگەری ئەو بەیتە شیعرەی (گۆران)ی پێوە دیارە.

(١) انور ابوسویلم، مرثاة الخنساء الانسانية، الموت، الثأر، الخلود، مجلة ابحاث اليرموك «سلسلة الآداب واللغويات»، عدد: ١، مجلد: ٤، ١٩٨٦، ص ٨.

ئافرەتدا دیوە، لەم ڕوانگەیەوە ڕووی جوانی (کەژاڵ)ی لە هەموو کیژێکی شۆخ و شەنگ و جواندا دیوە:

ئۆف ڕۆڵە گیان
بۆ کوێ ئەڕۆم هەر شێوەی تۆم لە بەرچاوە
هەرچی کچێ دێت و دەچێ
نیگای گوڵتی لە خۆداوە(*)

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٩٢)

شاعیر دڵی بەوە دانەکەوتووە کە تەنیا بەشێوەیەکی سادە و ساکارانە خۆی و

(*) پێ دەچێت حەسیب قەرەداغی سوودی لەم شیعرەی (مەولەوی) کە بۆ لاواندنەوەی (عەنبەر خاتوونی هاوسەری) نووسیویەتی وەرگرتبێ:

هەرچی بوینوون شێوەی تۆ پێشەن
دڵ وە هەتیتەی حەسرەتدا کێشەن
هەر ماهێ ئەو بۆ حاڵم پەشێوەن
چون هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆش پێوەن
نە شەو ڕاحەتم، نە ڕۆ دڵشادم
شەو: زولف و، ڕۆ: ڕووت، مەزۆ ئەو یادم

(دیوانی مەولەوی، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، ١٩٩١، ل ١١٠)

واتە: هەرچی ببینم شێوەی تۆی تیا بێت، دڵم حەسرەت دەکێشێ، مانگی نوێی هەڵاتوو شێوەی برۆی تۆی پێوەیە، نە شەو ڕاحەتم، نە ڕۆژیش دڵشادم چونکە شەو زوڵفی ڕەشی تۆم بە بیر دێنێتەوە، ڕۆژیش ڕووی جوانی تۆم بیر دەخاتەوە.

کاریگەری و لێکچوونی شیعرەکەی (حەسیب قەرەداغی) و (مەولەوی) زیاتر لە نیو بەیتی یەکەمدایە، ئەم سوود وەرگرتنەی شاعیر لەم دێرەی (مەولەوی) زیرەکانە نەیهێشتووە کاریگەرییەکە دەربکەوێت و توانا و زەوقی شاعیرانی خۆی تێکەڵ کردووە و لە وێنە بنچینەیییەکەی دوور خستووەتەوە، چونکە جیاوازییەك هەبووە لە نێوان زەوقی ئەو دوو شاعیرەدا، (مەولەوی) چێژی لە جوانیی سروشت وەرگرتووە و لە شیعرەکانیدا ستایشی جوانیی سروشتی کردووە، بۆیە جوانیی هاوسەرەکەی لە جوانیی سروشتدا دیوە، بەڵام (حەسیب قەرەداغی) چێژی لە جوانی ئافرەت دیوە زۆربەی شیعرەکانی باسی جوانی ئافرەت دەکات، بۆیە جوانی (کەژاڵ)ی لە جوانیی ئافرەتی تردا دیوە.

جگەرگۆشەی لەدەستچووی بلاوێنێ و وێنەی باری دەروونی خەمبار و تووشهاتوویی و کاریگەری خەمەکە لەسەر دەروونی دەربخات، بەڵکو ویستوویەتی بەجوانترین و بەسۆزترین شێوە و زمان خەمەکەی دەرببڕێت، بە سۆزترین زمانی دەربڕینیش لای شاعیر کە هەر لە قۆناغی منداڵی و هەرزەکارییەوە گوێبیستی بووە و تام و چێژی لێ وەرگرتووە و ڕەگ و ڕیشەی لە دەروونیدا داکوتاوە، زمانی شیعری کلاسیکی سۆفیگەری بووە، بۆیە لێرەدا بەو شێوازە زمان و دەربڕینە، هەڵچوونی خەمی جگەرسووتانی دەربڕیوە، هەڵبەتە لەو ساتەدا وای هەست کردووە، کاریگەری ئەم شێوازە چەند لەسەر خۆی بووە، هێندەش کار دەکاتە سەر گوێگر و خوێنەر و زیاتر بەرزی و نەمری دەداتە شیعرەکەی:

ئۆف ڕۆڵە گیان، جامی ئەشکم لەسەر دەستم ڕاگرتووە
لێمی مەگرە وەك دێوانە پەنام بۆ ساقی بردووە،
داوای جورعەی دوایی ئەکەم،
ببم بە مەستی سەردەستە
نەکوو وا زوو بکوژێتەوە تروسکاییی ئەم هەڵبەستە
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٩٢)

ئەو زاراوە سۆفیگەرییانەی لەم شیعرەدا بەکار هاتوون (جام ، ساقی، جورعە، مەست، دێوانە)ن کە زۆربەی شاعیرانی سۆفی بەکاریان هێناون، جام: واتە دڵی عارف (دڵی دێوانە) کە پڕە لە خواناسی، ساقی: ڕابەری تەریقەت، یاخۆ مەبەست لە خواوەندە، کە سۆفییەکان بەخەیاڵی خۆیان خووەندا خۆی ساقی بووە و پێکی مەی و شەرابی بۆ پڕ کردوون، جورعە: دوا ئامۆژگاری، زانیارییەکانی خوا کە ڕابەرەکەیان پێشکێشی کردوون، مەست: مەستی شەرابی خوایی، دێوانە: مەبەست لەو کەسانەیە کە لە سۆزی خواییەوە بوونەتە دێوانە(١).

شاعیر بە خەیاڵی خۆی چووەتە نێو جیهانی سۆفییەکی ڕاستەقینەی خواییەوە، پێکی ئەشکی لەسەر دەستی ڕاگرتووە، نایەوێت ڕۆڵەکەی لێی وەربگرێت بگرە پەنای بردووەتە بەر ڕابەرەکەی، تا دوا ئامۆژگاریی بکات و زانیاریی تەواوی خوایی بداتێ، بەو ئامۆژگارییانە مەست ببێت لە عەشق و ئەوینی خوادا، وەك دێوانەیەکی مەستی

(١) د. سيد جعفر سجادي، فرهنگ اصطلاحات و تعبيرات عرفاني، چاپ چهارم، تابستان، ١٣٧٨.

تواوە لە عەشقی ڕاستەقینەدا، تا لەو پلە و مەقامەدا بەو سۆز و ئەوینە زمانی بکرێتەوە و ئەوینی ڕاستەقینە دەرببڕێت، شیعرەکەشی بەو دەربڕینە بەرز و پڕ سۆزە بەهادار بکات و نەمری ببەخشێتە شیعرەکە.

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە حەسیب قەرەداغی سۆفی نەبووە، بەڵام کاریگەری بیروباوەڕی سۆفیگەری لەسەر بووە، هەڵبەتە ئەوەش پێوەندیی هەیە بەو کەشوهەوایەی کە تێیدا گەورە بووە، «هەلومەرج و کەشوهەوای ژیانی ئەو گوندە شێخنشینە، کە جێی شێخ عەبدولقادر– شێخی قەمچی ڕەش– بووە، کاریگەرییەکی زۆر گەورە و ئاشکرای بەسەر بنیاتی ئەقڵی و ڕۆحی حەسیبی منداڵەوە هەبووە... مزگەوت و کۆڕی مەلا و فەقێیان، مەجلیسی شێخان... زیکر و تەهلیلە و ئەڵقەی دەروێشان... هەموو ئەو کەشوهەوایە بەردی بناغەی هۆش و سۆزی (حەسیبی منداڵ و هەرزەکاریان) داناوە پاشانیش کەم تا زۆر لە هەموو قۆناغەکانی تری ژیانیدا ڕەنگیان داوەتەوە و سەدایان لە دوو توێی دێرە شیعرییەکانیدا دەبیسترێت... بەتایبەتی لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە، بگرە تا دواین شیعری شاعیر لە ١٩٩٧/١/٥دا، زۆر بەئاشکرا ئەو کەشوهەوایە دێتە بەرچاو و حزووریان هەیە».[١]

لەم زانیارییەدا مەبەست لە ناوەڕاستی هەشتاکان، کارەساتی جگەرسووتانیەتی، کە لەگەڵ ڕوودانی ئەم کارەساتەیدا شاعیر گەڕاوەتەوە بۆ جیهانی منداڵی و هەرزەکاری، نەك بۆ یادکردنەوەی ئەو شادییانەی لەو قۆناغەی ژیانیدا دیویەتی، بگرە بۆ ئەم تام و چێژەی لەو جیهانەدا وەری گرتووە و ڕەگ و ڕیشەی لە ناخیدا داکوتاوە، جیهانی پڕ لە سۆز و خۆشەویستیی ڕاستەقینەی خوایی و بیروباوەڕی سۆفیگەری، لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانکارییەدا کە بەسەر ژیانیدا هاتووە؛ جێهێشتنی گوندەکەی و ژیانی لەنێو شاری شارستانییەت و کارکردنی لەنێو حزبێکی کۆمەنیستیدا، کە ڕەدی ئەو بیروباوەڕە و ئەو جیهانە دەداتەوە، هێشتا ئەو کاریگەرییەیان لە ناخی شاعیردا نەسڕیوەتەوە، هەر چەند ماوەیەك کز بوو، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی یەکەم کارەساتی جگەرسووتانیدا سەریان هەڵداوەتەوە و بەهەمان شێواز و زمانی سۆفییانەی خەمەکەی دەربڕیوە، «گەڕانەوە بۆ ڕابردوو وەك یارییەکە کە هەموو مرۆڤێك دەیکات، لە هەموو شوێن و کاتێکدا، بۆ سارێژکردنی ئەو خوێن

(١) بەهات حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم ٤، ١٩٩٨.

بەربوونەی کە لە خوێنبەری دەڕوات... یادگارەکانی دێنێتەوە یادی تا لە سێبەریاندا بمرێت».(١)

شاعیر خۆشی لەبارەی دەربڕینی خەمەکانی بەشێوازی سۆفیگەری دەڵێت: «زۆر لە خەڵکی پێم دەڵێن، کاریگەری بیروباوەڕی تەسەوف بە شیعرەکانتەوە دیارن، بەڵێ ئەمە ڕاستە، من لە منداڵیمەوە تا تەمەنی بیست و سێ (٢٣)ساڵیم، لەناو کەشوهەوایەکی پڕ لە مەجلیسی سۆفی و دەروێشاندا پەروەردە بووم بەردەوام لە کۆڕ و مەجلیسەکانیاندا ئامادە بووم لە نزیکەوە گوێبیستی بیروباوەڕ و هەست و سۆزیان بووم، ئەمە جگە لەوەی کە لە گوندەکەماندا پیاوێکی دەنگخۆش بوو، ناوی (خەلیفە حەمە غەریب) بوو، ژنی ئەو پیاوە شیری دابوو بەمن، واتە باوکی شیریم بوو، دەفژەنێکی چاك بوو، دێوانەیەکی مەجذووب بوو، شیعری زۆربەی شاعیرانی کۆنی بە ئاوازی بەسۆز و بەدەف لێدانەوە دەگوت، زۆر ئاشنای دەنگ و ئاواز و شیعرەکانی بووم، بۆیە منیش لەو کاتەوە ئاشناییی شیعر و بیروباوەڕی سۆفیگەری بووم، ئەو بیروباوەڕە ئێستا بووەتە کەرەستەی شیعرم و وەك ڕەمزێك بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و خەمەکانم بەکاری دەهێنم».(٢)

لە دوای ئەم دەربڕینە پڕ لە سۆز و ئاوازی خەمە، خوێنەر دەرك بەوەستان و هەڵوێستەی شاعیر دەکات، هەست بەوە دەکات کە ئەم شێوازە دەربڕینەش دادی شاعیر نەهاتووە، وا هەست دەکات نەیتوانیوە پڕ بە پڕی هەژان و هەڵچوونەکەی دەری بڕێت، بۆیە جارێکی تریش کەوتووەتە سکاڵا و ناڕەزایی دەربڕین لە نەبوونی زمان وشەکە خۆشی دەستپێشخەری لۆمە و سەرکۆنەی خوێنەر لە کەموکووڕیی زمانی دەربڕینەکەی کردووە:

ئۆف ڕۆڵە گیان
بۆ دادی من زمان کوانێ، وشە کوانێ

---

(١) جلال الخیاط، الشعر والزمن، دار الحریة، بغداد، ١٩٧٥، ص ٤٢.

(٢) حەسیب قەرەداغی، چاوپێکەوتن، تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان، کەناڵی کۆیە، ساڵی ١٩٩٤، ئەم چاوپێکەوتنە لەسەر کاسێتێك تۆمار کراوە، بەڕێز (ئازا حەسیب) خستییە بەردەستم.

ئۆف ڕۆڵە گیان

کێ چەردەیەك ئا لەم ڕازەی من ئەزانێ؟

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٩٢)

شاعیر لەم چامەیەدا (١٧) جار دەستەواژەی (ئۆف ڕۆڵە گیان)ی بەکار هێناوە، زۆربەی زۆری کۆپلە شیعرییەکانی پێ دامەزراندووە، هەڵبەتە دووپاتکردنەوەی ئەم دەستەواژەیە بەو ژمارە زۆرە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك:

١- ئەم دەستەواژەیە، مانای هەڵکێشانی هەناسەساردی و حەسرەتە بۆ خەم و خەفەتی منداڵ لەلایەن دایکان و باوکانەوە، یان ئەندامانی خێزان و خزمانەوە بەکار دەهێنرێت.

٢- یەکێکە لەو دەستەواژە باو و بڵاوانەی لاواندنەوەی مردووی گەنج و لاو، وەك ڕەگەزێکی بنچینەیی لاواندنەوەی منداڵ یان جگەرگۆشە بەکار دەهێنرێت، چ لە کاتی شین و لاواندنەوەی تەعزیێی ژناندا و چ لە شیعری لاواندنەوەدا.

٣- پێوەندیی بەتینی نێوان مانای ئەم دەستەواژە دووپاتکراوەیە و باری دەروونی شاعیر، «بەچاوخشاندنێك بە دەربڕینە دووپاتکراوەکاندا کە شاعیر بەکاری هێناون، پێوەندیی بەهێزی نێوان باری دەروونی تووشهاتووی شاعیر و مانای ئەو وتە دووبارەکراوانە دەردەکەوێت، ئەم پێوەندییە گرێدراوەش بەڵگەی زیندووی ئاوێتەبوونەکەیە».(١)

٤- ژمارەی بەکارهاتووی ئەم دەستەواژەیە، هەمان ژمارەی ڕێکەوتی کۆچی-کەژاڵ-ی جگەرگۆشەی لەدەستچوویەتی کە لە حەڤدەی حوزەیراندا کۆچی کردووە، بڕوام وایە ئەم ژمارەیە کە کۆ بووەتەوە لە بێ ئاگایی و ڕێکەوتەوە دروست نەبووبێ، بگرە بە ئەنقەست هێندە جار ئەم دەستەواژەیەی بەکار هێنابێ، بەتایبەتی لەوانەیە دوای پێداچوونەوەی شیعرەکە ئەم ژمارەیە ڕێکی خستبێ لەگەڵ ژمارەی مێژووی ڕۆژی مردنی (کەژاڵ)دا، ئەوەی کە زیاتر ئەم گومانە دروست دەکات ئەوەیە لە دوای ژمارە حەڤدەوە جارێکی تر (ئەی ڕۆڵەی گیان)ی بەکار هێناوە، پێ دەچێت نەیویستبێ ژمارەکە بکاتە هەژدە جار، بۆیە وشەی

---

(١) د. نوري حمودي القيسي، الخنساء، ظاهرة فنية جديدة في الشعر، مجلة آداب المستنصرية، العدد: الاول، السنة: الاولى، بغداد: ١٩٧٦.

یەکەمی گۆڕیبیێ و کردبێتییە (ئەی)، کە هاوکات ماناکەی دەگۆڕێت، لە ئازارکێشانەوە زیاتر دەبێتە ئاگەدارکردنەوە.

شاعیر ئاماژەی بەوە کردووە کە جگە لەم وتەیە هیچی تری شك نەبردووە خەم و پەژارەی کۆستەکەی پێ دەرببڕێت:

ئۆف ڕۆڵە گیان
هەرچەندە من سەر ئەبەم و سەر ئەهێنم
لەم دوو کەلیمە بەولاوە
پێشانگەیەك نابینمەوە خۆمی وەك خۆم تیا بنوێنم
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٩٣)

کۆستە گەورە و کاریگەرەکان نەك هەر مرۆڤ دەکەنە یەخسیری ماتەمینی و خەمباری، بەڵکو زۆر جار دای دەبڕن لە جیهانی دەرەوە و بەرەو جیهانی بیرکردنەوەی قووڵی دەبەن، لەو جیهانەدا بە ناخی خۆیدا دەگەڕێت، ڕۆژگاری ڕابردووی دێنێتەوە یاد، بیر لە ڕابردووی دەکاتەوە، لە هەڵوێست و بۆچوون و هەڵسوکەوت و لە گەلێ شتی تری دەڕوانێت و گرێی دەدات لەگەڵ کۆستە نوێیەکەیدا، ئاکامی ئەم جۆرە بیرکردنەوانە هەندێ جار بڕیاردانە، بڕیاردانێکی کاتی ئاکامی کاریگەری ئازار و ژانەکەیەتی و زۆرجار بڕیارەکە سەرپێیی دەبێت، ئەوەتا شاعیر لەم ساتە دڵگەرمەیدا، بەناخی خۆیدا چۆتەوە و لەگەڵ کۆستەکەیدا گرێی داوە، لە ئاکامدا بڕیارێکی کاتیی سەرپێییی ڕاگەیاندووە، بڕیارەکەش دەستبەرداربوونیەتی لە هەست و سۆزی ئەویندارانەی کە بەشێکی خەمەکانی بوون و گەوهەری تام و چێژ و هەوێنی زۆربەی شیعرەکانی بووە، دڵداران و ئەویندارا ن بەنێویدا گەڕان و خۆیان تێیدا دۆزیوەتەوە:

وا پێشانگەم کردۆتەوە، دروشمی خۆم هەڵکردووە
پەنام بۆ ئێش و ئازاری وێرانە خاکان بردووە
دەمی دیوانم دائەخەم
با فەرهەنگی خەم نەمێنێ
دڵی هەزار مەجنون و مەم بۆ خەمێکم دابمێنێ
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٩٣)

(فەرهەنگی خەم)، ناوی دیوانە شیعرییەکانی شاعیرن، وەك جگەرگۆشەی خۆی

سەیری کردوون و بەناو فەرهەنگی زماندا گەڕاوە و وشە و زاراوەکانی ماناگەیێنی خەم و خەفەت و ژانی لێ هەڵبژاردوون، لە کاتی دڵگەرمیدا بڕیاری داخستنی ئەم دیوانەی داوە، لە هەمان کاتدا شانازیی پێوە کردووە کە وەك باخچەیەك بووە بۆ ئەویندارن و تێیدا بۆ خەمەکانیان گەڕاون، بڕیاردانەکە نیمچە تووڕەبوونێکی پێوە دیارە، تووڕەبوونەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەرسامبوونی لە جیاوازیی تێڕوانینی خۆی و خەڵکی بۆ خەم و پەژارەکانی، لە کاتێکدا کە خۆی خەمەکانی لا گران بووە کەچی خەڵکی بەخیلییان پێ بردووە، وەك ئەوەیساڵیان ساڵی خەم بڕان بووبێ:

بەخیلی من لە خەمدایە
من خەمی خۆم لا گرانە
دنیای ئەمێستە زۆر سەیرە
ئەڵێی ساڵی خەم بڕانە
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٩٣)

دەستنیشانکردنی دیاردەی خەم لە شیعردا تەنیا دەستنیشانکردنی زاراوەی خەم و وێنەی شیعری خەمبار نییە، بگرە زۆرجار دیاردەی خەمەکە بەچاو نابینرێت، بگرە هەستی پێ دەکرێت، بۆ نموونە لەم شیعرەی شاعیردا جگە لە دەربڕینە ماناگەیێنەکانی خەم و پەژارە، تێیدا هەست بەهەندێ دیاردەی سەرنج ڕاکێش دەکرێت؛ وەك گۆڕینی شێوازی دەربڕین لە نێوانی زۆربەی کۆپلە شیعرییەکاندا، پچڕان و وەستان لە نێوانیاندا، هەندێ جار بەشێوەیەکی سادە و ساکارانەی زمانی لاواندنەوەی سادە و ساکاری خەڵکی، هەندێ جار بەشێوەی بەرزی هونەری وەك زمانی شیعری کلاسیکی و سۆفیگەری خەمەکەی دەربڕیوە، بڕیاردان و لە هەمان کاتدا پەشیمانبوونەوە، و لەبیرکردنی ئەو بڕیارە، پەشیمانبوونەوە لە هەڵوێستی پێش کارەساتەکە و ڕۆژانی ڕابردوو و بەخۆداچوونەوە، بەسەرکردنەوەی کێشەیەکی تری لابەلا و گەڕانەوە بۆ سەر دەربڕینی خەمە سەرەکییەکە... هتد، ئەمانە بەڵگەی باری دەروونی ماندوو و ئاڵۆز و دڵگەرمی شاعیرن و بەئاشکرا هەست بەشڵەژان و نائارامی و هەڵچوونی دەروونی شاعیر دەکرێت، هەڵپەی وێنەگرتنی باری دەروونی و گواستنەوەی وێنە زیهنییەکانی ناوەوەی و گۆڕینی زمانی دەربڕین و پچڕان و دەست پێکردنەوە و جیاوازیی نێوان دەربڕینەکان، ئەمانە هەموویان دیاردەی خەمی شاراوەی ناو شیعرەکەین.

دوای دەربڕینی خەم و پەژارەیەکی پێوەندار بەئەزموونی شیعر و شاعیری؛ جارێکی تریش گەڕاوەتەوە سەر دەربڕینی خەم و پەژارەکەی بەشێوازی سۆفیگەرییانە و باسی (یەکیەتیبوون) دەکات و بیروباوەڕی سۆفیگەریی کردووەتە ڕەمزێك بۆ:

١– دەرخستنی کاریگەری بیروباوەڕی سۆفیزمی لەسەری.

٢– بەرزکردنەوەی شێوازی دەربڕینی شیعرەکەی و دەربڕینی خەمەکەی بەو زمانە و بەو بیروباوەڕە:

ئەی ڕۆڵە گیان
من باوەڕی وەحدەی وجوود گێژی پێ دام
کاتێ کە هۆشم کردەوە
لەناو گۆمی مەنگی تۆدا، شەخڵی لێ دام(*)
تۆ منیت و منیش تۆم و تابلۆیەکین نابین بە دووان
ئەبوو جامی هەردووکمان بێ
ئەگەر مانە و ئەگەر نەمان

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٩٣)

شاعیر ویستوویەتی ڕای گەیەنێت کە پێش ئەم کارەساتە لە جیهانێکی لاهوتدا ژیاوە و بێ ئاگا بووە لە جیهانی مادە، بەڵام کارەساتەکە وەك شەخڵێ لێی داوە و بەئاگای هێناوەتەوە، کە یەکێتیبوونەکەی لە نێوان خۆی و جگەرگۆشە لەدەستچووەکەیدا بووە، هەستی کردووە وەك یەك تابلۆ لەناو یەکتریدا ئاوێتە بوون، (هەرچەندە مەرگ ئەم تابلۆیەی شێواندووە و لە یەکتری جیا کردوونەتەوە)، بەڵام شاعیر وای هەست کردووە کە لە ژیان و مردندا وەك یەك جامی وێنەن و نابێت لە یەکتری جیا ببنەوە.

دوای ئەم شێوازە دەربڕینە جارێکی تریش گەڕاوەتەوە سەر دەربڕین بەزمانێکی سادە و ساکارانەی باوی لاواندنەوەی خەڵکی، نیگای چاوێکی ڕۆڵەکەی لە سامانی سەر ڕووی دنیا بە بەهاتر داناوە و سامانی و شیعرەکانی و خەمەکانی کردووەتە شاباشی و سەفەری ڕۆڵەکەی بەنەهاتی و بێ کاتی داوەتە قەڵەم:

---

(*) پێم وایە، (لێ دام) هەڵەیە، یان هەڵەی چاپە، (لێی دام) ڕاستترە.

کلووری ئەم سەر زەمینە
نیگای چاوێکی تۆ نەبوو
سامانی من، شیعر و خەمم
شاباشت بوو هەرچیم هەبوو
ئەم سەفەرەت نەکاتی بوو، ئەم سەفەرەت نەهاتی بوو

(فەرهەنگی خەم ۲، ل ۹٤)

وتەکانی (ڕۆڵەڕۆ، باوکەڕۆ) یەکێکن لە ڕەگەزە سەرەکی و بنچینەییەکان کە زیاتر لە شین و شەپۆڕی ماتەمینی و لاواندنەوەی نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا بەکار دەهێنرێت، ئەم وتانە لە شیعری لاواندنەوەشدا بەکار هاتووە، ئەوەتا شاعیر دوا بەیتی شیعرەکەی بەم وتەیە کۆتاییی پێ هێناوە:

وا ڕووی هەناسەی ساردی من بەرەو ڕێگەی چۆڵی تۆیە
ئەو نامەیەی لە ڕەش سواری مەرگ بەجێما...
تۆمارێکی ڕۆڵەڕۆیە.

(فەرهەنگی خەم ۲، ل ٤۹)

دیمەنی بەفربارین، دیمەنێکی هەست بزوێن و سەرنج ڕاکێشە، بۆیە سەرنجی هەندێ لە شاعیرانی ڕاکێشاوە و هەستیانی بزواندووە و ئیحایەکی داوە پێیان و بووەتە هەوێنی شیعریان، هەندێ جار بەفریان کردووەتە ڕەمزێك بۆ خێر و خۆشی و جوانی و پاکی و بێگەردی، بەڵام بینینی دیمەنی بەفربارین لای حەسیب قەرەداغی بە پێچەوانەی شاعیرانی ترەوە بەندە بەحاڵەتێکی تراجیدیی لەبیرنەکراو و تێکەڵ بە یەکێك لە یادگارەکانی سالآنی پێش مەرگی (کەژاڵ) بووە، بە ڕادەیەك ئەو یادگارییە لە ناخی شاعیردا چەسپاوە، تەنانەت گومانی بەفربارینیش خەمێکی لا دروست کردووە، ئەوەتا لە چامەیەکی نوێی بێ ناونیشاندا کە لە مێژووی **۱۹۸۳/۱۱/۲۷دا** نووسیویەتی، واتە لە سەرەتای زستانی ساڵی **۱۹۸۳دا** گومانی بەفربارینی ئەو ساڵە خەمێکی گەورەی لا دروست کردووە و برینی جگەرسووتانی کولاندووەتەوە:

بڵێی زستانی ئەم ساڵ بەفر بباریٚ وەك پار؟
برووخێنێ بە سەرما، دیواری یاد و یادگار!

(فەرهەنگی خەم ۲، ل ۷۳)

سەرەتای دەستپێکردنی چامەکە بەشێوەی پرسیارێکی گومان دەستی پێ کردووە، کە ئەمەش سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و بەدوای نهێنیی ئەو گومانەدا وێڵ دەبێت، لە دێڕی دووەمدا سەرەداوێکی ئەو گومانە دەست دەکەوێت و هەست بەپێوەندییەکی تاڵی نێوان بارینی بەفر و یادگارییەکی شاعیر دەکات کە وەك دیواری ڕووخاو بەسەریدا چواندوێتی، پاشان پچڕاوە لە ڕوون کردنەوەی گومان و یادگارییەکەی، پاش (٢٠) بەیتە شیعر کە تێیدا خەمی جۆرەوجۆر و لەناویاندا شا خەمەکەی دەربڕیوە، ئینجا گەڕاوەتەوە سەر دەربڕینی خەمی گومانی بەفربارین و ڕوونکردنەوەی ئەو یادگارییە:

خەڵکە سبەی زستانە، چین چین بەفر ئەباری

سەرپۆشەکەی ئەزمریش بەسەریا دێتە خواری

منی جگەرسووتاویش هەر چاوەڕێی "کەژاڵ"م

کەی دێتەوە لە (هەولێر) بەری ڕێی بۆ بماڵم؟

لە بەردەرکی ماڵەوە دوو تۆپەڵی تێ گرم

جانتای ماندووبوونی ڕێی بەخەندەیەك لێ گرم

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٧٥)

ئەو یادگارییەی شاعیر تێکەڵی شیوەن و لاواندنەوەکەی کردووە، یادکردنەوەی ڕۆژێکی زستانی سەرەتای مانگی شوباتی ساڵی (١٩٨٣)یە کە پشووی نیوەی ساڵی خوێندنی (کەژاڵ) بووە لە زانکۆی سەلاحەدین، لە هەولێرەوە هاتووەتەوە بۆ شاری سلێمانی، (شێخ حەسیب)ی باوکی لە بەردەرگە چاوەڕێی هاتنەوەکەی کردووە، کاتێك هاتووەتەوە، بۆ پێشوازی یاری شەڕەبەفری لەگەڵدا کردووە.

بێ گومان یەکێك لە ڕەگەزەکانی لاواندنەوە بەسەرکردنەوەی یادگارەکانە لەگەڵ مردووەکەدا، کە لاوێنەر بەدەم شیوەن و گریانەوە بەسەریان دەکاتەوە، هەروەکو (د. شوکریە ڕەسووڵ) دەڵێت: "... لێرەدا لاوێنەر فرمێسك و بیرکردنەوەی تێکەڵاوی یەك دەبێ و یادگار و شێوە و ئاکامی جوانی مردووەکە دێنێتە بەرچاوی".[١]

ئەم یادگارییە هێندە لە ناخی شاعیردا جێگیر بووە لە یادی نەچووە، لە زستانەکانی سالانی دوای مەرگی (کەژاڵ)دا یادی کردووەتەوە، لەگەڵ بارینی هەموو بەفرێکدا گڕ

---

(١) د. شوکریە ڕەسووڵ، ڕێوڕەسمی شین و لاواندنەوە، ١٩٩٧، ل ١٦.

چووەتەوە دڵ و دەروونی و نەیتوانیوە دەری نەبڕێت... ئەوەتا نزیکەی شەش ساڵ دوای مەرگی جگەرگۆشەکەی، لە شیعری (بەفر و یادی گڕگرتوو ١٩٨٩/١/٣)دا وێنەی باری دەروونی خۆی نیشان داوە، کە لە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەیدا ڕاوەستاوە و دەڕوانێتە دیمەنی بەفربارین، کڵۆ بەفرەکان دەژمێرێ و بە باڵی ئەندێشەدا گەڕاوەتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٣و هەمان یادی شەڕەبەفری بە بیردا هاتووەتەوە:

پەنجەرەکە بوو بە دەرگا و
لە سەرساڵی هەشتا و سێیە
کات ئەم کاتە و لە بەردەرگەم و وەستاوم
چاوم لێیە
ئەوا (کەژاڵ) گەڕایەوە و
جانتایەك و سێ چوار تۆپەڵ بەفری پێیە
– هۆۆۆی هەولێری...
تۆ بە بابی خۆت دەوێری؟
نەك تۆپەڵێ یا دووان و سیان
جانتایەکیش بەفرت پێ بێ دەتگلێنم
لەم جەنگەدا دەتبەزێنم!
تۆپەڵێکی تێ گرتم و بەرەو ڕووم هات
وام دەزانی بەچکەشێرە و پەلاماری نێچیر دەدات!
کە باوەشمان گەیشتە یەك...
لەناو بەفرا تلاینەوە
بووین بە شێرەبەفرینەیەك بەرەو دەرگە خولاینەوە
خولامەوە... خولامەوە
بۆ خۆم هاتم بە ئاگادا
....................
منیش منی شپرزەی خەم

جا سەرلەنوێ ئەشكم ڕژاند
هەچی گەڵای زەردوامی ئەندێشەم بوو
هەمووم وەراند
كۆست كەوتووم و یادم گڕی گرتۆتەوە
(فەرهەنگی خەم ٣، ل ١٣٤–١٣٥)

هەمان یادگاری لە پاش تێپەڕبوونی نزیكەی (١٠) ساڵ بەسەر ئەو یادگارییەدا لە شیعری (هاتیتەوە ١٩٩٢/١/١٥)دا بەسەر كردووەتەوە، ئەم ماوە زۆرە بەڵگەی زیندوویێتیی ئەو یادگارییەیە لەنێو دڵی شاعیردا، لە سەرەتای ئەم شیعرەدا، شاعیر بەفری وەك زیندوویەك وەرگرتووە و مامەڵەی لە تەكدا كردووە، بەشێوەی پرسیاركردن لێی دەستی پێ كردووە، وێنەی باری دەروونی تووشهاتووی ئاكام بینینی دیمەنی بەفر، كە وەك دوژمنێك سەیری كردووە نیشان داوە:

هاتیتەوە... ئەم زستانەش هەم هاتیەوە؟
ئەم زستانەش بەری دەرگات پێ گرتووم و بەر پەنجەرەم
لێ دەگریت و هاتیتەوە؟
ئەم زستانە، نەك تۆپەڵێ، دە تۆپەڵم تێ دەگریت و هاتیتەوە!(*)
وادیارە تۆ، هەتا دەمرم هەرگیز لە من نابیتەوە؟
هەرچەند باڵای چەرمووی كەوتووت بەدی دەكەم،
گیانم هەمووی دێ بەیەكا و گەردەلوولێ لە ناخمدا،
هەرچی ئازاری یاد هەیە...
هەڵی دەگرێ، دەیدا بەدەم هەناسەوە...
هاوار دەكا، تۆفان دێنێ و
ڕوو دەكاتە دەرگای خەمی سەر كلۆمم

(*) لەوانەیە، ژمارە (دە)ی كردبێتە ڕەمزێك بۆ ئەو (دە) ساڵەی كە بەسەر ئەو یادگارییەدا تێپەڕ بووبێ، واتە بۆ هەر زستانێ تۆپەڵە بەفرێكی دانابێ، كە زستانی ئەو ساڵە دابێتی بەسەر دڵ و دەروونیدا و یادی ئەو ڕۆژەی كە شەڕەبەفری تێدا كردووە لەگەڵ (كەژاڵ)دا هێنابێتەوە یاد. ئەمەش تەنیا بۆچوونێكە و مەرجیش نییە وابێت، لەوانەیە ڕێكەوت بێت.

دەڵێ: منم بمناسەوە!
خۆ جێگەی من کەس نایگرێ،
ئەوە بەفرە کلوو کلوو دێتە خوارێ و
ئەوە منیش بووم بە ئاسمانێکی تر و،
نازانم چیم لێ دەبارێ!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل ٢٧)

دیارە شاعیر زانیویەتی هەتا دەمرێت بەفربارین لە کۆڵی نابێتەوە و هەموو زستانێ دێتەوە و برینی دەکولێنێتەوە، وەك گەردەلوولێ یاد و بەفربارین تێکەڵ دەبن و کار لە ناخی دەکەن و ڕاپێچی دەکەن بۆ گەڕانەوە بۆ هەمان یادگاریی ڕۆژی بەفربارینی مێژووی (٢/٢/١٩٨٢):

گەردەلوولی یاد و بەفرە، خۆیان دەکەن بە ئاپۆڕای خەمەکانما...
جێ پێکانیان دەپشکنن، ملی ڕێگەی ئەم کۆچەیان،
بەرەو دواوە گرتە بەر و... وا ساڵ ساڵی هەشتا و سێیە
زستان ساردە و نیوەی ساڵە، ئەندێشەمان هەر کەژاڵە!
دووی شوباتی هەشتا و سێیە...
لەناو بەفرا دادەبەزێ، جانتایەکی ڕەشی پێیە
باوکی کەژاڵ، دایك و خوشك و برای کەژاڵ، لەو بەربەفرە
چاوەڕوانن...
چاوەڕوانی و بەفر و کەژاڵ، کێ دەزانێ کامیان جوانن؟
دیمەن هێندە دڵتەزێن بوو، تۆپەڵ هێندە قورس و سارد بوو
گیانم لا بوو بە هێڵەك و عومری خامۆش چەشنی ئارد بوو!
من ڕاچەنیم و زستان کۆکی
دەرگای خەمی سەرکلۆمم کەوتە سەرپشت...
بە دوو دڵۆپ فرمێسکی گڕ، ناسکە شیعرێکی خۆمم کوشت!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل ٢٨)

بەفری زستان ئەو حاڵەتەی لای شاعیر ڕەخساندووە کە بەندە بە هاتنەوەی (کەژاڵ)

و مەرگی ناوەختی، ئاوێتەبوونی چاوەڕوانییەکی خۆش و کارەساتێکی دڵتەزێنە، کە هەموو خەونە خۆشەکانی پووچەڵ کردووەتەوە، دوو حاڵەت و دوو جەمسەری دژی یەك، دیمەنێکیان ئاهەنگ ئامێز بە خەیاڵی چاوەڕوانی و پێشوازی لێکردن و شەڕەبەفرە، دیمەنێکی هێندە دڵتەزێنی بەرچاو کە تۆپەڵە بەفرەکان ئەوەندە قورس و سارد بوون، دیمەنە ئاهەنگ ئامێزەکەیان گۆڕیوە و کردوویانەتە حاڵەتێکی تراجیدیی مەرگی ناوەخت:

ئاخۆ تاکەی دەمێنم و گشت زستانێ،
بەفرباری، من ئاگرم تێ چێتەوە؟!
کەژاڵ بووکی مەرگی ناوەخت، بەرەو باوانی بێتەوە؟!
توخوا خەڵکە، کە من مردم... بەفر باری لە بیرتان بێ:
نیوەی سالان لە (کۆیە)(*) وە، کەژالی من،
هەولێر دەخاتە پریاسکە و هەڵدێتەوە!
(فەرهەنگی خەم ٤، ل ٢٩)

شاعیر پەنای بردووەتە لای کەسانی خاوەن ویژدان تا ئەم یادگارییە تاڵەی ئەمڕۆی بخەنە سەر خەرمانی خەمەکانی، بەشێوازی پرسیارکردن هاتووەتە گۆ بۆ

(*) ئەوەی ئاشکرایە لای هەمووان، دوو ڕێگە هەیە لە نێوان شاری (هەولێر–سلێمانی)دا ئەوانیش:
١– ڕێگەی هەولێر– کەرکووك– سلێمانی.
٢– ڕێگەی هەولێر– کۆیە– سلێمانی.
لە ڕووی نزیکییەوە، ڕێگەی یەکەمیان نزیکترە... لە سالانی هەشتاکاندا زیاتر شۆفێرەکانی نێوان هەولێر – سلێمانی لە خەتی یەکەمەوە هاتوچۆیان دەکرد بەڵام قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین ئەوانەی خەڵکی سلێمانی بوون، لە وەرزی بەهاراندا لەو ڕۆژانەی بەفر بباریایە، بۆ خۆشی و شادیی خۆیان پارەیەکی زیاتریان دەدا بە شۆفێرەکان تا لە خەتی دووەمەوە بگەڕێنەوە شارەکەیان، لە ڕێگە بەتایبەتی دوای چیای (هەیبەت سوڵتان) دادەبەزین و یاریی شەڕەبەفریان دەکرد و وێنەیان لەنێو ئەو سروشتە جوانەدا دەگرت. پێم وایە، شاعیر مەبەستی لە بەکارهێنانی شارۆکەی (کۆیە) ئەو جۆرە سەفەرکردنانەی (کەژاڵ)ی مەبەست بووبێ، چونکە (کەژاڵ) لە زانکۆی سەلاحەدین قوتابی بوو لەو سالانەی کە تازە زانکۆ گوێزرابووەوە بۆ هەولێر.

دەرخستـنـی وێنـەی بـاری دەروونـی تـووشهـاتـووی و کـارکـردنـە سەر خـوێنـەر و دروستـکـردنـی هـەژان و هـەڵچـوون لایـان، کـە ئـەمـەش لـە ڕاستیدا خـاڵێکی گـرینگـە؛ هـەژاندن و هـەڵچوونی شاعیر بەتەنیا بەس نییە گەر خوێنەر یان گوێگریش لەگەڵیدا هـەست بەهـەمـان هـەڵچوون نەکات:

ژین و مەرگ و فەلسەفە و شیعر و جگەرسووتانم
خەون و خۆراك و خەم و بەفری شەوی زستانم
کێ بۆم ئەکات بە کۆکتێل، کێ دێتە سەر خوانەکەم
کێ بۆم کۆ ئەکاتەوە بەروبوومی ژانەکەم؟!
سەرژمێریی ڕۆژی ڕەش، عومرم نایگرێتەوە
باری لێوی حەسرەتم هیوایش نایسرێتەوە
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٧٦)

گەر سەرنجی داڕشتنی تان و پۆی بەیتی یەکەم بدەین، دەبینین خەمەکانی لە شێوەی دووانەدا ڕیز کردووە، کە یەکێك لەو دووانانە خەمی بارینی بەفرە، (ژین و خەون، مەرگ و خۆراك، فەلسەفە و خەم، شیعر و بەفر، جگەرسووتان و شەوی زستان)، واتە: ژینی بریتییە لە خەونە نەهاتووەدیەکانی و مەرگ بووەتە خۆراکی ژینی و فەلسەفەی لە خەمەکانیەوە وەرگرتووە و ناوەڕۆکی ئەم شیعرەشی یادی بەفربارینە و جگەرسووتانیشی شەوی بێداریی زستانە.

دوای بەسەرکردنەوەی ئەو شیعرانەی کە پێوەندییان بە یادگاریی بەفربارینەوە هەبوو، دەگەڕێمەوە سەر چامە شیعرییە بێ ناونیشانەکەی مێژووی ١٩٨٣/١١/٢٧، ئەم چامەیە تەقینەوەی سەرجەم خەم و پەژارەکانی ژیانی خۆی و سەردەمەکەیەتی، شاعیر شاخەمەکەی کردووەتە دەمامکێ بۆ دەربڕینی خەم و پەژارەی تر، بەتایبەتی خەم و پەژارەی ڕۆژگارە تاڵەکانی ساڵانی حەفتاکان و سەرەتای ساڵانی هەشتاکان. ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ لەم چامەیەدا، ئەوەیە کە بە شێوازی دەربڕینی شیعری سۆفیگەری داڕێژراوە، شاعیر لەناو ئەندێشەی خۆیدا، وەك سۆفییەکی تۆبەکردوو خۆی هێناوەتە بەرچاو، کە پەیمانی وازهێنانی لە جیهانی کاتی سەر زەوی دابێ و تۆبەی کردبێ لە چێژ و خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانی، بەڵام دوای جگەرسووتانی وزەی لـەبـەر بـڕاوە و نـەیـتـوانـیـوە بـەردەوام بـێت لـەسەر تـۆبـەکـەی، ڕووی خـۆنیشاندانی

ڕابەرەکەشی نییە، بۆیە هەواڵی پەشیمانبوونەوەکەی بەکەسانی تردا ڕەوانە کردووە:

خەبەر بەرن بۆ شێخم تەوبەکەیم کوشتووە
پەشیمانم، پەشیمان، هەر مەیێکم ڕشتووە!
باری تەوبە گرانە و منیش شانم سوواوە
هیچ شەرم و شۆی پێ ناوێ بڵێم وزەم نەماوە
گەڕیدە بووم لە عیشقا: عیشقی هەوێنی ئاوات
حیکمەت ئەڵێ بیبڕە دارێك بەرت پێ نەدات

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٧٣)

لە دێری کۆتاییی ئەو کۆپلەیەدا ئاماژەی بۆ پەندی پێشینانی (داری بێ بەر بۆ بڕین چاکە)، کە مەبەستی لە خۆیەتی و بە شێخەکەی ڕادەگەیەنی، کە وەك دارێکی بێ بەری لێ هاتووە و تۆبەی شکاندووە و لای داوە لە ڕێبازی پێشووی، وا چاکە ئەویش دەستبەرداری بێت و وازی لێ بهێنێ.

لە دوای ئەم ددان پێدانانە بە ئیدیۆمێکی کوردی (گەنم گرد و جۆ بڵاو) وێنەی باری دەروونیی خۆی و بەدبەختیی خۆی دەرخستووە:

لەسەر لووتکەی ئازارم بە دەنگ و بانگ و سەڵاوە
گەنم گرد و جۆ بڵاو ئەکەوت و هەڵئەساوە

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٧٣)

شاعیر لێرەدا بەچەند شێوەیەك وێنەی خەمباریی خۆی دەرخستووە، دەنگی بانگ و سەڵای گریان و شیوەنی لێ هەڵبڕیوە، ئەو بەرهەمەی چەند ساڵ ڕەنجی بۆ داوە و کۆی کردووەتەوە ئێستا بەم کۆستەی ڕەنجەکەی بە فیڕۆ چووە.

سۆفیی ڕاستەقینە بەو کەسە دەوترێ کە خۆی لە بیر بکات کێیە و کوڕی کێیە، هەنگاو بنێت بۆ ماڵینی هەموو ناونیشان و ڕەوشت و سامانێکی ئەم دنیایەی، وێنەی خۆی نەبینێ لە شتەکانی دەوروبەریدا، تەنیا وێنەیەك کە شایانی بینین بێت لە هەموو شتێکدا، وێنەی خوایە، ئەمانە وەك پەند و ئامۆژگاریی ڕابەری تەریقەتەکان پێشکێشی دەروێشانی خۆیانی دەکەن، هەڵبەتە شاعیر لەنێو ئەو جیهانەی منداڵی و هەرزەکاری ناو گوندەکەیدا گوێبیستی ئەم پەند و ئامۆژگارییانە بووە، بۆیە لێرەدا بە ڕابەرەکەی ڕادەگەیەنێ: تاکەی لەنێو ئەو پەند و ئاموژگارییانەدا نوقم بێت و وێنەی خۆی نەبینێ

و لە بیری کات کێیە و کوڕی کێیە، لە کاتێکدا کەوا هەست دەکات لە ناخەوە دەهەژێت و دەسووتێ:

ئەی پێشڕەوی ئایننم، ئەی مەبەستی ئەوینم
تاکەی لە خەرمانەتا عەکسێکی خۆم نەبینم؟!
لە ناخەوە ئەسووتێم، لە ناخەوە ئەژەنرێم
کێ ئەزانێ ئەمن کێم، کێ ئەزانێ کوڕی کێم؟
(فەرهەنگی خەم ۲، ل ۷۳)

شاعیر دێتە سەر وێنەگرتنی ئەو تۆبەیەی کە کردوویەتی و تۆبەکەی چواندووە بە تێشووی سەفەرێکی بێ ئەندازەی دوور و درێژ کە بە درێژاییی تەمەنی بڕوات و دەستبەرداری نەبێت، کەچی خەمەکانی وەك مێردەزمە ئەو خەونەیان شێواندووە و ئێستا هیچ سەنگ و پێوەرێك نەماوە بۆ کێشان و پێوانەی:

تەوبەیەکم کردە کۆڵ: توێشووی ڕێگەی سەفەر بێ
سەفەر بگاتە خێرێ لە ئەندازەبەدەر بێ
ئەوەندە مێردەزمە خەو و خەمیان شێوانم
سەنگ و مەنێك نەماوە بۆ کێش و بۆ پێوانم
(فەرهەنگی خەم ۲، ل ۷۳–۷٤)

کاریگەری کارەساتی جگەرسووتان هێندە جێ پەنجەی لەسەر شاعیر جێ هێشتووە، کە هەست بە پارچە پارچەبوونی ناخی خۆی و نامۆبوونی کردووە، چەند ناوێکی وەرگرتووە و چواندوونی بە خۆی وەك (دەریا، دەوار، پەلاس، بێژنگ)، ئەم ناوانە بەتەنیا مانای خەم نابەخشن، بەڵام بە بەکارهێنانی وشەی (بووم) لەپێش هەریەکەیانەوە، ڕاستەوخۆ هەست بەبوونی خەم و دیاردەی خەمباری دەکرێت، بەتایبەتی لەناو شیعرەکەدا زیاتر مەبەستی خەمباری و ئاڵۆزیی دەروونی تەنگ و ماندووی ڕوون دەبێتەوە:

بووم بە دەریای دوورییەك ناخودایێ نایبڕێ
بووم بە دەواری شەوێك چێشتەنگاو نایدڕێ
بووم بە پەلاسی خەمێك خەیاڵ ئەپێچێتەوە
بووم بە بێژنگی عومرێك ئازار ئەبێژێتەوە

ڕێبوارێکم کەوتوومە جەنگەڵی تاریکی خۆم
لەناو زەبەندی ڕێما نازانم بۆ کوێ ئەڕۆم!
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٧٧–٧٨)

شاعیر بەردەوامە لە دەرخستنی وێنەی باری دەروونی، پارچە پارچەبوونی و مانەوەی بەهەڵواسراوی لە نێوان ڕێچکەی پێشووی و ڕێچکەی ئەو ڕۆژ و ساتانەی کە خەمی جگەرسووتان زاڵ بووە بەسەر دەروونیدا شێوازی ژیانی گۆڕیوە، چەند وێنەیەکی شیعریی بەکار هێناوە کە هەموویان ئاماژەن بۆ کاریگەری ئەو خەمە لەسەری و تێکچوونی باری دەروونی، وەك (دوورڕێیانی عەشق، گەنم تۆوی ناو دڕك، جۆلە عەمارەخڕە، سەری زڕکە تاڵ، دەمی وەك گیرفانی پڕ).

خۆی بینیوە لە بەردەم دوو ڕێگەدا، یەکەمیان ڕێگەی پێشووی کە ڕێگەی عەشق و سۆزی خواییە، دووەمیان ناڵاندن و شیوەن و گریان بۆ جگەرگۆشەی لەدەستچووی و بەدواکەوتنی خەمەکانی، لە نێوان ئەم دوو ڕێگەیەدا ماوەتەوە، نەیزانیوە لەسەر کام ڕێگەیان بەردەوام بێت، بەروبوومی چەند ساڵەی سۆز و عەشقی خوایی چاندووە بە جۆی کۆکراوەی ناو عەمبار، لە دوای جگەرسووتانیشەوە، بەروبوومەکەی بە (گەنمی تۆوی ناو دڕك) و سەری بە زڕکەتاڵ و دەمیشی بە گیرفانی پڕ چواندووە، کە یەکەمیان هێمایە بۆ بەتاڵیی سەری و نەمانی سۆز و عەشق تێیدا و دووەمیان هێمایە بۆ زۆربڵێیی:

خەبەر بەرن بۆ شێخم، تەوبەکەیم پێچاوە
لە دوورڕێیانی عەشقا دەروێشەکەت تێ ماوە
ئاخ دوورڕێیان لە دەستت، چەندێ داخت گرانە
ئەگەر مەردیت خۆت وەرە ئێستا ڕێگەت بزانە
گەنم تۆوی ناو دڕك، جۆ لە عەمارا خڕە
سەریش زڕکێکی تاڵە و دەمیش گیرفانی پڕە
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٧٤)

(کەژاڵ) لای (شێخ حەسیب)ی باوکی لە پێودانی (کەماڵ)ی تەسەوفدایە،[*] بۆیە

---

(*) شاعیر خۆی لە پەراوێزی ئەم چامەیەدا ئاماژەی بەو ڕاستییە کردووە.

پرسی دەرنەکەوتنی لە ڕابەرەکەی کردووە، لە کاتێکدا کە خۆی دەبینێت لە دەرکی پیریدایە، کەچی هێشتا بەو پلەوپایەیە نەگەیشتووە، بۆیە خۆزگە بەمردنی دەخوازێت، بەڵام مردنی ئەو کاتەی مەبەست نییە، بگرە مردنی سەردەمی منداڵی و بێ ئاگایی لە خەم و پەژارە و جگەرسووتان:

ئەی شێخەکەم، کوا "کەژاڵ" وام لە دەرگەی پیرییا
خۆزگە عومریشم ئەکەوت لەگەڵ دانی شیرییا
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٧٦)

خەمەکەی شاعیر زۆر لەوە گەورەتر بووە بتوانێت دان بە خۆیدا بگرێت و بەردەوام بێت لەسەر واقیعبینی پێشووی و هێرش نەباتە سەر کەس و کەس بەتاوانبار نەزانێ، لێرەدا پاڵەپەستۆی ئەو خەمە زۆری بۆ هێناوە و جڵەوی لە دەست داوە و سنووری خۆڕاگریی بەزاندووە و بۆ سەبووری و خەمڕەوێنی هێرشی بردووەتە سەر مردن و تاوانەکەی لە ئەستۆی خۆی داماڵیوە:

تف لە ڕووخساری مردن، تف لە ناوەڕۆکی ئەو
"کەژاڵ"ی لێو ئاسۆی من ئەخاتە ناو گەرووی شەو
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٧٥)

ئەم نەفرەتکردنە لە مردن و ناوەڕۆکی، تۆڵەکردنەوەیە لە مردن کە ڕۆڵەی لێ وەرگرتووەتەوە، تۆڵەکردنەوەش تام و چێژێك دەداتە دەروونی سووتاوی و هەست بە ڕەوینەوەی ئازارەکەی دەکات، «چێژ و خۆشیی تۆڵەکردنەوە، ئازار و خەم دەرەوێنێت».(١)

ئەو هۆکارە ڕاستەقینانەی کە دەبنە هۆی کەڵەکەبوونی خەم و پەژارە و هەستەکانی نامۆبوون و تەنیایی و پارچە پارچەبوون دەبزوێنن، گەر شاعیرێك توانای دەربڕینێکی پڕ بە باری دەروونی تووشهاتووی نەبێت، ئەوا توندی و تیژیی کارتێکردنیان نامێنێ، خوێنەر و گوێگریش هەست بەو ئازار و ژانە ڕاستەقینەیە ناکات و هەست بەمانای هەڵچوونی خەمەکەی شاعیر ناکات، "ئەو مرۆڤەی ژان و ئازاری هەستەکانی نامۆبوونی و دابڕانی بەشێوەیەکی کاریگەر و بەشێوازێك کە

(١) رسائل اخوان الصفاء وخلان الوفاء، دار بيروت للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٥٧، ص ٦٠.

دەتوانێت دەری ببڕێت و کار بکاتە سەر کەسانی تر، ئەو مرۆڤە هەستیار و هۆشیارە، مرۆڤێکە دەتوانێت جێ پەنجەی ئازارەکەی دیاری بکات، شەقڵی هەستی بەشێوەیەکی ڕۆشن و پرشنگدار بەدرێژاییی مێژوو بەجێ بهێڵێ، توانایەکی فراوانیش دەداتە لێکۆڵەران و توێژەران...".(١)

(شێخ حەسیب)یش لەو جۆرە شاعیرانەیە کە توانیویەتی جێ پەنجەی ژان و خەمەکانی بەشێوەیەکی هونەریی بەرز دیاری بکات، بە هەموو جۆرە شێوازێك هەست و سۆزی هەڵچووی دەربڕیوە، کە لە ڕاستیدا لە هەموویاندا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، چونکە بەزمانێکی ڕاستگۆیانە و دوور لە گەورەکردنی سنووری خەمەکەی توانیویەتی وەك خۆی بیگوێزێتەوە نێو شیعرەکانی... ئەوەتا لە دوای دەربڕینی هەندێ سکاڵا و نارەزایی کە لابەلا پێوەندییان هەبووە بەم خەمەی شاعیرەوە و سنووری خەمی جگەرسووتانیان گەورەتر کردووە، خۆی بە خۆیدا چووەتەوە و بەئاگا هاتووەتەوە و دانی بەو ڕاستییەدا ناوە، کە ئەم کارەساتە پێوەندیی نییە بەکێشە و گرفتی ترەوە، بگرە ئەم کێشەیە لە خۆیدایە و خۆی بەرپرسی ئەم بارە دەروونییەیە، (بەروبوومی دانەوێڵەی تازە سەوزبووی ئاودراوی خۆی چاندوویێتی، بەڵام تا ئاوری داوەتەوە لق و پۆپی خوراوە) واتە شاعیر پێی وایە ئەم کێشەیە خۆی بۆ خۆی دروست کردووە، ڕۆڵەی چاندووە بە بەروبوومی تازە پێگەیشتووی، مەرگیش هاتووە و بردوویێتی، ئیتر هەر نارەزایی و سکاڵایەکیش کە دەیکات وەك زۆڵێکی درە، پێم وایە ئەمەش هەر گەڕانەوەیە بۆ تاوانی باوکایەتیی خۆی و هێمایەکە بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵەیەی خستوویەتییەوە و پەروەردەی کردووە، تا لە سێبەریدا بحەوێتەوە، بەو ئامانجە نەگەیشتووە، ئەمە کێشە سەرەکییەکەیەتی و هەرچییەکی تر بڵێت، لە جێی خۆیدا نییە:

کێشە لە خۆماشینە، قەرسیلێکە بەراوە
تا ڕێی ئاور خۆش ئەکەم، لق و پۆپی خوراوە
دژواری من دژێکە بە خۆم ئاوس و پڕە
وەلیای ئەم کێشەکێشە زۆڵێکە ئێجگار دڕە
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٧٤)

---

(١) د. نوري حمودي القيسي، الخنساء، ظاهرة فنية جديدة في الشعر العربي، مجلة آداب المستنصرية، عدد: ١، سنة: ١، بغداد، ١٩٧٦، ص ٢٢٠.

هونەری لاواندنەوە، بابەتێکی فراوانە، تەنیا دەربڕینی شیوەن و گریان و وێنە دارشتنی ژان و ئازارکێشان و باری دەروونی خەمبار نییە، بگرە هەندێ ڕەگەزی تری شیعریشی تێکەڵ دەبێت، لەوانە، پێداهەڵدان و ستایش و هەڕەشەکردن و داشۆرین و شانازیکردن... هتد، هەروەکو (د. عادل جاسم البياتي) دەڵێت: "لاواندنەوە دەرگایەکی فراوانە تەنیا بە ڕووی گریان و ناڵاندن و ئازار دەربڕیندا ناکرێتەوە، بگرە بە ڕووی شانازی و حەماسەت و هەڕەشە و بەڵێندان و داشۆرین و ستایش و پێداهەڵدان و پەند و ئامۆژگاریش دەکرێتەوە"(١)، ئەوەتا حەسیب قەرەداغیی شاعیریش لەگەڵ ئەو هەموو دەربڕینە پڕ لە خەم و ناڵاندن و شیوەن و گریانەدا، لە گەرمەی شینیدا لە هۆش خۆی نەچووە، وەك شەقڵێکی شادەمار بۆ دەروازەیەك گەڕاوە خۆی پێ هەڵسێنێتەوە، ملی بۆ چەرخی چەپگەرد دانەواندووە، لەو گەرمە ئازارەیدا سەری شانازیی بەرز کردووەتەوە، بۆن و بەرامەی بۆکڕوزی جگەرسووتاوانی تری هەڵمژیوە، ویژدانی خۆی خستووەتە تای تەرازووی پاکانی جیهانەوە:

لەسەر پەنگاوی خەمی من،
چەرخی چەپگەرد، کوا دەرگایە؟
با سەربکا و هەڵی ڕێژم هەرچییەکم لە دڵدایە!
........................
کە دەردەکەم وا گرانە و سەقامگیرە لە ناخمدا
ئەشیا ببم بە قەقنەس و ئیتر نووزەم نەهاتایە
لە جیاتیی وەی بە باوکی خەم بانگم بکا
ئەبوو گەردوون
لە کۆچەرێی ئەم عومرەما
گۆبەندی وای نەگێڕایە
لە دوای مردن، دەست لێ شتن،
ئەدات بەسەر بیر و هۆشا،

(١) د. عادل جاسم البياتي، رثاء الابطال في الادب العربي، قبل الاسلام- مجلة آداب المستنصرية، العدد:٦، ١٩٨٢، ص٢٢١.

بەڵام جێگەی شانازیمە،
دەستەچێلەی خەمەکانم
لە ئاگردانی پاکانی ئەم دنیایە
بۆن و بەرامەی ئازاری،
جگەرسووتاوانی تیایە،
پەیامی سۆز و ئەشکەنجەی هەموو مەسیحێکی لایە!
(فەرهەنگی خەم ۲، ل ۷۹–۸۰)

نکووڵی لەوە ناکرێت کە مەرگی (کەژاڵ و بەهار)ی کیژانی شاعیر، کاریگەرییەکی گەورەیان کردووەتە سەر دڵ و دەروونی (شێخ حەسیب)ی شاعیر و ڕەوتی ژیان و بیر و هۆش و شیعریان گۆڕیوە، لە هەندێ شوێنی شیعرەکانیدا هەست بەشکاندنەوەی شاعیر دەکرێت، بەڵام شاعیر زۆر لەوە گەورەتر بووە توانیویەتی لەم کۆستانەش سوود وەربگرێت و بیکاتە چقڵێك لە چاوی ئەوانەی بچەقێنێ کەوا هەستیان کردووە کۆستی جگەرسووتان بەچۆکیدا دێنێت و وزە و توانای نامێنێ و هەرچی بڵێت بایەخی نابێت و پەلەکوتێی کوێرانەیە:

کە تۆ ڕۆییت گومانبەران
لایان وابوو
ئیتر دڵم وێرانەیە
شەن و کەوی لەشیان کردم،
وتیان تەواو...
هەرچیش بکات پەلەکوتێی کوێرانەیە
ئەو گەوجانە، نەیانزانی
بەهای خەمی کۆچی سوورت
گەورەترین شیعرانەیە!
(فەرهەنگی خەم۲، ۱۷)

(سارتەر بەناوی ئۆریسەوە) دەڵێت: "ژیانی مرۆڤ لە کەناری تری نائومێدیدا

دەست پێ دەکاتەوە".(١)

گەرم خەم و پەژارەی مردنی کەسانی نزیك، دەست لێ شتن و بەچۆکدا هاتن و کەوتن و لادان لای کەسانی ئاسایی و بێهێز و بێ ورە دروست بکات، ئەوا لای مرۆڤێکی بە توانا و خاوەن کەسێتییەکی بەهێز و بەهرەمەندێکی وەك حەسیب قەرەداغی بووەتە هۆکاری هەڵسانەوە و تەقینەوە بە ڕووی ژیان و هەموو ناسۆرەکانی تریدا و کردوویەتییە چەکێکی بەرگری و–تەحەدی– بەرامبەر بەدوژمنانی خۆی و نیشتمان و نەتەوەکەی:

دڵەڕاوکێ و بێزاری دڵی شاعیر تاو ئەدەن
تۆوێکی دی ئەچێنن دەست لێ شتن قاو ئەدەن
باری ژیان تامەکەی وا لە پێ هەڵکەوتنا
(سیزێف)(*) خلۆر ئەبووەوە لە چرکەی سەرکەوتنا!

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٧٨)

شاعیر دەرکی بەو ڕاستییە کردووە کە گەر خەمەکەی لای کەسانی تر دەرببڕێت، کەس بەدەنگییەوە نایەت و باری شانی سووك نابێت، چونکە تەنیا خۆی لەنێو خەمەکانیدا دەژی و تاڵاویان دەچێژی، کەسانی تر گەر هاوبەشیی خەمەکەشی بکەن، ئەوا تەنیا هەست بەمانای خەمەکەی دەکەن:

جار جار ئەشڵێم
با خەمی خۆم هەر بۆ خۆم بێ
خۆ کەس بە دەنگمەوە نایە

(فەرهەنگی خەم، ٢، ل ٧٩)

وەك مرۆڤێکی خاوەن هەست، نەیویستووە کەس بەخەمەکانیەوە دڵتەنگ بکات و خەمی کۆستکەوتنی لایان بدرکێنێ، گەر بە ناچاریش لایان درکاندبێتی، لێیانی

---

(١) ریتشارد شاخت، الاغتراب، ترجمة: كامل يوسف حسين، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٠، ص: ٢٨.

(*) سیزێف: کەسێتییەکی ئەفسانەیییە، نموونە و هێمایە بۆ مرۆڤی کۆڵنەدەر و خەباتکەر، شاعیریش بۆ هەمان مەبەست بەکاری هێناوە.

وەرگرتووە و نەیهێشتووە ئازاریان بدات:

ئەگەر هاتی، شیعرێك هەیە پێشکەشت بێ بیخوێنەوە

ئەگەر هاتی، خەمم لاتە قەرزی کۆنە بیهێنەوە...(*)

(فەرهەنگی خەم ٢ – ل ٨٣).

هەڵبەتە شاعیر پێی وابووە تەنیا جگەرسووتاوێکی تر لە ژان و ئازاری جگەرسووتانی دەگات و هەستی پێ دەکات و خۆی تێدا دەدۆزێتەوە، ئەو خەمانەی کە پێشتریش دەری بڕیون، وەك قەرزێك لە خەڵکی وەردەگرێتەوە، کە ئەم دەربڕینەیش خۆی لە خۆیدا بەڵگەی تەواوی بچووکبوونەوەی خەمەکانی ڕابردوویەتی لە چاو کۆستکەوتنی جگەرسووتانیدا.

یەکێك لەو شێوازە دەربڕینانەی کە شاعیر پێی ئاشنا و هۆگر بووە و تام و چێژی لێ وەرگرتووە، دەربڕینی خەم و پەژارە بووە بە شێوازی شیعری سۆز و خۆشەویستی، بۆ نموونە لە شیعری (گەوهەری تاك ٣٠/١٠/١٩٨٤)دا خەم و پەژارەی جگەرسووتانی بۆ (بەهار)ی کچی بەشێوازی شیعری سۆز و خۆشەویستی دەربڕیوە، ئەم شیعرە لە دوای تێپەڕبوونی (٢٧) ڕۆژ بەسەر مەرگی (بەهار)دا نووسیویەتی، لە ناونیشانی شیعرەکەوە تا دوا وشەی کۆتای ئەم شیعرە، خوێنەر وا هەست دەکات (گەوهەری تاك) مەبەست لە یارەکەی، یان سۆز و خۆشەویستیی ئەویندارانە بێت بۆ ئەو یارەی کە ڕۆژگاری ناهەموار گەرداوی کردووەتە سەری، یان دەربڕینی خەم و پەژارەی ئەزموونی خۆشەویستییەکی سەرنەکەوتوو بێت، بەڵام لە دوا وشەی شیعرەکەدا دەردەکەوێت (گەوهەری تاك) مەبەستی لە (بەهار)ی کچیەتی کە لە دوای مەرگی (کەژاڵ)ەوە بۆتە گەوهەری تاکی و ڕۆژگاری ناهەمواریش ئەو گەوهەرەی لێ سەندووەتەوە، بۆیە بانگ و سەڵای (باوکەڕۆ و بێ ئەوینی و بێ شەرابی و بێ بەهاری)ی لێ بەرز بووەتەوە:

هەتا تۆ تاکە گەوهەر بووی،

لە فەرهەنگی ئەوینمدا...

منیش بۆ خۆم دڵنیا بووم

لە هەر کۆییەك کەرنەڤاڵی

---

(*) ئەم بەیتە شیعرە وەك پێشەکییەك لەپێش چامەی (کەژاڵی جوان)دا نووسیویەتی.

ئەویندارانی هەڵکرایە...
منی تیا بووم
کە تۆ ڕۆژگاری ناهەموار
گەرداوی خۆی کرد بەسەرتا
منیش خۆم و شیعر و بەستەم
هەر چەند داد و هاوارمان کرد،
وەکو تویشوو پێچراینەوە لە کەمەرتا(*)
بانگم هەڵدا: ئەی باوکەڕۆ
من بێ یارم...
ئەی باوکەڕۆ
بێ ئەوینم، بێ شەرابم، بێ بەهارم(**)

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٩)

هێشتا شاعیر لە گەرمەی ژانی مەرگی ناوەختی (کەژاڵ)دا بوو، پاش ماوەیەکی کەم مەرگی (بەهار)ی کچی خێرنەدیوی هاتە سەر و زامی جگەرسووتاوی قووڵتر کردووە، بۆیە جارێکی تر بە شیوەن و گریان خۆی و جگەرگۆشە لەدەستچووەکانی لاواندووەتەوە، بەشێوەیەکی سادە و ساکارانەی لاواندنەوەی باوی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری، وەك باوەڕهێنان بەو بیروباوەڕەی کە خەڵکی ئاسایی پێیان وایە مردوو یەکێك لە خۆشەویست و ئەندامانی خێزانەکەی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، تا بێ هاودەم و تەنیا نەبێت:

ئەی مەرهەمی سەربرینی باوکە جگەرسووتاوەکەت
(بەهار)ەکەم تۆ بۆ مردیت؟

(*) لە سەرچاوەکەدا (کەرمەرتا) نووسراوە، پێم وایە ئەمە هەڵەی چاپە، ڕاستییەکەی (کەمەرتا)یە.

(**) ئەو شیوەنە بەکوڵەی بۆ (کەژاڵ) لە شیعرەکانی شاعیردا دەبینرێت، بۆ (بەهار) بەو شێوەیە بەرچاو ناکەوێت، هەڵبەت هۆی سەرەکیی ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ سیوابوونەوەی شاعیر لەگەڵ ئازار و ژانی جگەرسووتاندا، پێم وایە مرۆڤ یەکجار ئازارێکی ئاوەها قورس و کاریگەر دەچێژێ، دوایی پێی ڕادێت، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە خۆشەویستییان لە دڵی شاعیردا جیاوازیی هەبووبێ.

(کەژاڵ)ی جوان بێ هاودەم بوو وا بۆ لای خۆی
بەم پایزە بانگی کردیت؟!
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٨٠)

بەکارهێنانی وەرزی (پایز) لەم شیعرەدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ:

١- (بەهار) لە مانگی تشرینی یەکەمدا، واتە لە وەرزی پایزدا کۆچی کردووە.

٢- وەك ڕەمزێك بۆ ماتەمینی و خەمباری بەکاری هێناوە.

گەرچی خەم و پەژارەی جگەرسووتانی شاعیر یەکەم خەم و نۆبەرەخەمی نەبووە، بەڵام کاریگەرترین و قووڵترین خەمی بووە و تا دوارۆژی تەمەنی پێوەی ناڵاندووە، ئەوەتا خۆی دانی بەو ڕاستییەدا ناوە: "جگەرسووتان ئازاری برینێکە کە مرۆڤی خاوەن هەست تا مردن پێوەی دەناڵێنێ"(١)، بێگومان لە شیعرەکانیدا ئەو کاریگەرییە ڕەنگی داوەتەوە، لە هەندێ شیعری بابەتی جیاجیادا ئاماژەی بۆ خەمی جگەرسووتانی کردووە و خەمی کۆستی مەرگی (کەژاڵ و بەهار)ی تێکەڵ کردووە، لە شیعری (سەفەر و سۆناتاکانی)دا کە دەربڕینی زۆربەی زۆری خەمەکانیەتی، بەتایبەتی خەمی سیاسی و بارودۆخی نیشتمانەکەی لە ساڵانی هەشتاکاندا و لەناو ئەو خەمانەیدا ژانی جگەرسووتانی تێکەڵ کردووە:

ئەی مەینەتی ئەم عومرەم ئەی سەفەری دوورەڕێ
هەتاکو کوێ لە دووت بێم؟
تا کەی بەستەت بۆ بێژم:
کێش و قافیەی شیعرم بەکام بەستە دێتە زار
چۆن بۆ (کەژاڵ)م بگریم، کام بالۆرە لەبەر کەم بۆ ساڵەڕۆژی (بەهار)؟
(فەرهەنگی خەم ٣، ل ١٧)

جگەرسووتان لای شاعیر بووەتە دەستەواژەی سوێندخواردن، چ شتێکی تری شك نەبردووە، سوێندی پێ بخوات تا خۆشەویستەکەی بڕوای پێ بهێنێ کە لە بۆتەی عەشقی ئەودا تواوەتەوە:

---

(١) حەسیب قەرەداغی، چاوپێکەوتن، تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان، کەناڵی کۆیە، ١٩٩٤.

سوێندم بە جەرگی سووتاوم...
هەر لە بۆتەی عیشقی تۆدا دەتوێمەوە
ڕووبارێکم بەرەو هەر کوێ ڕاپێچم کەن
بەلای تۆدا دەشکێمەوە

(فەرهەنگی خەم ٣، ل٨٧)

(گردی سەیوان) کە گڵکۆی دوو جگەرگۆشەکەیەتی، لای شاعیر بووەتە (کەعبە):

گریانی من بەکوڵە و چ بکەم نابڕێتەوە
کەعبەم (گردی سەیوان)ە و بۆم پاك ناکرێتەوە

(فەرهەنگی خەم ٣، ل٢٣)

یان دەڵێت:

مەتافی کەعبەی سۆزی من(*)
وا لەو گردی سەیوانەتە

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٦٠-٦١)

لە شیعری (مەسەلەیەك ١٩٨٦/٨/٩)دا، بەشێوەیەکی وردبینانە ڕوانیویەتییە دیاردە سروشتییەکانی دەوروبەری و لەگەڵ خۆیدا بەراوردی کردوون، چووەتە بنج و بناوانی سروشتی (درەخت)ەوە، کە ڕەگەکانی لە خاکدایە و لق و پۆپە و گەڵاکانی کردووەتە ساباتی سەری، بەڵام خۆی بە پێچەوانە بینیوە، لق و پۆپەکەی -مەبەستی لە دوو جگەرگۆشەی لەدەستچوویەتی- بەرەو خاك گەڕاوەتەوە و ڕەگ و ڕیشەی خۆی کەوتوونەتە سەر زەوی - واتە: لە سێبەری جگەرگۆشەکانیدا نەحەواوەتەوە و کاریگەری خەمی کۆچیان ڕەگ و ڕیشەی لە خاکدا دەرکێشاوە:

---

(*) پێم وایە ئەم دوو بەیتە لەژێر کاریگەری بەیتە شیعرێکی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا نووسیویەتی کە دەڵێت:

.................................................................................

مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو

(دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ساغکردنەوە و شەرحی شوکر مستەفا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٠، ل ٨٧).

چوومە بنج و بنەوانی مەسەلەیەك:
درەخت ڕەگی لە خاکدایە و لق و پۆپەی
وەکو چەتر بۆ هەڵداوە
بەدبەختیی من لەوەدایە
لق و پۆم بەرەو خاکە و ڕەگ و ڕیشەم بە حەواوە؟
(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٤٧)

**ب- لاواندنەوەی خزم و کەسوکار و هاوڕێ**

لاواندنەوەی خزم و کەسوکار و هاوڕێ جۆرێکە لە جۆرەکانی لاواندنەوەی تایبەتی و بە هەمان شێوە شیوەن و گریان و دەرخستنی وێنەی خەمباری لاوێنەر و باری دەروونی تووشهاتوو و ستایشکردنی مردووەکە و بەبیرهێنانەوەی یادگارییەکان و بەدەرخستنی ڕەوشت و کرداری جوانی مردووەکەیە.

شیعرەکانی (حەسیب قەرەداغی)یش بێبەش نییە لەم جۆرە لاواندنەوەیە. یەکەم شیعری لاواندنەوەی ئەم بابەتە لە دیوانە چاپکراوەکانیدا شیعری «شیوەنی جوانە مەرگمان (جمال)ی حاجی شێخ کەریمی قەرەداخی، مانگی پێنج، **١٩٧٠**»یە تێیدا شیوەنێکی بەکوڵ دەکات بۆ (جەمال)ی خزمی و وێنەی خامەکەی دەرخستووە کە چۆن فرمێسکی ڕشتووە و حەرفەکانی براڕۆیانە و هەست و هەناویشی شینی ناوبراو دەکەن، وێنەی کاریگەری ئەو خەمە لەسەر ناخ و دەروونی دەرخستووە و تا ڕادەیەکی زۆریش سنووری خەمەکەی گەورە کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە کە لە فرمێسکی چاوی جۆگەلەی هەڵبەستووە:

خامە فرمێسك ئەڕێژێ حەرفم براڕۆیەتی
هەست و هەناو و چاوم... (جەمال)... شینی تۆیەتی
لە ناخی جەرگ و دڵما مەرگت کسپەی خستەوە
لە فرمێسکی بە قوڵپەم جۆگەلەم هەڵبەستەوە
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٢٤٧)

وەك لە شیعرەکەدا دەردەکەوێت (جەمال) لە تەمەنی لاوێتیدا کۆچی کردووە، هەڵبەتە مەرگی لاوێك کاریگەری لەسەر هەموو مرۆڤێکی خاوەن هەست و سۆز دروست دەکات، بۆیە شیوەنەکەی شاعیریش زۆر بە کوڵە و لە چەند بەشێکیدا

لاوانـدنـەوەکـەی زیـاتـر لـە چـوارچـێوەی شیـوەن بـۆ تـەمـەنـی گـەنـجـێتـیـی ئـەو لاوە خێرنەدیوەیە:

هێشتا تامی خەوی خۆش لەسەر لێوت بزەی بوو
هێشتا ڕازی ئاواتت تافی گەرمیی وزەی بوو
..........................
شیوەن و کۆلیلمە بۆ گوڵی کەم بەهارت
بۆ ئەو کەژاوە ئاڵەی گەیشتە سەر مەزارت
.......................
هەتا سەر ئەنێمەوە ئەی جوانەمەرگی هەژار
بۆ کۆچی ناوەختی تۆ شیوەن ئەکەم بەرەفتار

(فەرهەنگی خەم ٢، ٢٤٧–٢٤٨)

یەکێك لە سروشت و شەقڵەکانی شیعری لاواندنەوە، بەتایبەتی لاواندنەوەی تایبەتی بە سەرکردنەوە و دەربڕینی کارەساتی مردنەکەیە – ئەگەر مردنەکە پێوەندیی هەبێت بە ڕووداوێکەوە– لاوێنەر بۆ حەوانەوەی دەروونی خۆی و چێژوەرگرتن لە تۆڵەکردنەوە، هێرش دەباتە سەر هۆکاری مردنەکە، بۆ نموونە لە شیعری (بۆ چلەی ئەرجومەندی جوانە مەرگ)دا(*) کە چل ڕۆژ دوای خنکانی ئەم لاوەی خزمی شاعیر لە ئاوی دیجلەدا نووسیویەتی، تێیدا دوعای بە کوڵ دەکات لە ئاوی دیجلە کە ئەو لاوەی ڕاپێچ کردووە و دواتریش وێنەی باری دەروونی خۆی تێکەڵ بە دوعا و نزاکەی کردووە:

ئەی ئاوی دیجلە ئەی چاڵە مەرگی بێ پەی و بێ جێ
شۆڕەسوارەکەم تێ گلا، ئاخۆ هەتا کوێ ئەچێ؟!
ئاگر بەربێتە دەروونت وەك من، وشکاییت دابێ
کەی بووە ڕەحمەت وا بێ فرسەت بێ، وا بێ پەنا بێ
شەپۆلی لێڵت بوو بە قوڕاو و، کردمان بەسەردا
چاوی کۆلیلمان، لە پەرچ و گۆم و لە بێخت بەردا

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ١٦٠)

(*) ئەرجومەند، لە دایکەوە خزمی شاعیر بووە برای خوا لێخۆشبوو (د. سەرتیپ کاکەیی)یە لە ئاوی دیجلەدا خنکاوە.

هەندێ جار لاوێنەر دەستنیشانی مێژووی کۆچی مردووەکەیان و چەند ڕۆژ بەسەر کۆچیدا تێ پەڕیبێ دەکات، هەندێ جاریش قسەی ئەو کەسانە دووپات دەکاتەوە کە لە کاتی شین و ماتەمەکەیدا کەسانێك بۆ ڕەواندنەوەی خەمیان و سەبوورییان ئامۆژگاریی پێ کردوون، دووپاتکردنەوەکەش یان بۆ مەبەستی یەکگرتنەوە لەگەڵ وتەکانیاندا یان بۆ بەرپەرچدانەوەی وتەکان و پووچەڵکردنەوەی بیروڕایەکەیان دەبێت، ئەوەتا شاعیر دەستنیشانی ژمارەی ئەو ڕۆژانەی کردووە کە بەسەر مەرگی (ئەرجومەند)دا تێ پەڕیوە، بۆ دەرخستنی وێنەی باری دەروونی و بەکوڵ گریانی لەو ماوە دەستنیشانکراوەدا، هاوکات وتەکانی- واعظ- یاخۆ مەلای ناو پرسەکەیان دەخاتە ڕوو کە بۆ سەبووریی دڵی کەسوکاری ناوبراو وتوویەتی: (دنیا فانییە)، هێرش دەباتە سەر دنیا و فانی و نەفرەتیان لێ دەکات، کە ئەو... لاوەیان بردووە و لە ماڵ و منداڵیان کردووە:

ئەمڕۆ چل ڕۆژە دەنگی براڕۆ، نەغمەخوانییە
بۆ دڵخۆشیمان واعظ هەر ئەڵێ دنیا فانییە
تف لە ڕووی دنیا تف لەم فانییەی تۆی بۆ فەنا برد
تۆی لە (سەردار)ی کۆرپەی نازدار و لە (میدیا) کرد
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ١٦١)

ناوبردنی کەسانی نزیکی مردووەکە، بەتایبەتی ئەو کەسانەی لەژێر سایەی کۆچکردووەکەدا ژیاون و پێویستییان بە ژیانی بووە و سەرچاوەی خێر و خۆشی و گوزەرانیان بووە، شەقڵێکی تری باو و بڵاوی لاواندنەوەیە و زیاتر هەڵچوونی خەمەکە دەردەخات، خوێنەر و گوێگریش بەبیستنی ناوی ئەو کەسانە زیاتر دەهەژێن و هەست بەمانای خەمەکەی لاوێنەر دەکات.

ئەو چەند نموونە شیعرەی کە پێشتر خرایە ڕوو، مێژووی نووسینیان، یاخۆ مێژووی مردنی ئەو دوو لاوە پێش مردنی کیژە جوانەمەرگەکانی شاعیر بووە، ئەوەی لە شیعرەکانی لاواندنەوەی (تایبەتی و گشتی) دوای جگەرسووتانی شاعیردا سەرنج ڕادەکێشێ، تێهەڵکێشکردنی خەمی جگەرسووتانی شاعیرە بە خەمی کۆچکردووەکانی نێو شیعری لاواندنەوەی، بێگومان شتێکی ئاسایی و سروشتییە، بۆ مرۆڤێکی دڵگەرمی جگەرسووتاو لاواندنەوەی خۆی و جگەرگۆشەکانی تێکەڵ بەلاواندنەوەی کەسانی تر

بكات، و کەمێکیش بۆ خۆی بگری و بلاوێنێتەوە، ئەوەتا لە شیعری (بۆ ساڵرۆژی– مەلا عەزیز–ی مەلا خالیدی مەحوی)(*)دا وێنەی باری دەروونی خەمباری خۆی نیشان دەدات، پێش لاواندنەوەی (مەلا عەزیز)ی ئاشنا و خزمی:

خۆ ئەگەر خەمی باری شانی من باری کێوان بێ
خۆ ئەگەر جۆگەی ئەسرینی سوێرم بۆ قورپێوان بێ
کاکی عەزیزم کێو بە دوای کێودا هەرەس دەهێنێ
خەمباری دنیا بێن قورِ بپێون هێشتای دەمێنێ

(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٢٥)

لێرەدا شاعیر خەمی باری شانی و فرمێسکی چاوی هێندە گەورە کردووە، تا قەوارەی خەم و پەژارەکەی دیاری بکات، بێگومان یەکێك لەو خەمانەی کە باری شانی شاعیریان لەو ساڵەدا گران کردووە، خەمی کۆچی (کەژاڵ)ی کچیەتی و تێهەڵکێشی لاواندنەوەکەی کردووە – هەرچەندە ناوی نەبردووە– بەلام لەبەر نزیکیی ماوەی نێوان مەرگی (مەلا عەزیز و کەژاڵ) هەر ئەو مانایە هەڵدەگرێت، پاش دەرخستنی وێنەی خەمباریی خۆی ئینجا وێنەی خەمباریی خۆی بۆ دۆست و ئازیزە کۆچکردووەکەی دەردەخات و ستایشی ئەو پیاوە دەکات و گردی سەیوان ڕادەسپێرێ چاوی خێری لەو میوانە ئازیزەی کە نەوەی (مەحوی)ی شاعیرە بێت:

کە یادی ساتێك دەکەم لەگەڵ تۆ سالانم شینە
پلەی ڕێزی من بۆ تۆ بە مەرگت پلەی ئەوینە
ئەی خاکی سەیوان عەزیزی ئێمە لێرە میوانە
حەفیدی مەحوی عزیز النفس و عزیز الشانە

(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٢٥)

مرۆڤ تا خۆی ئازار نەچێژێت، هەست بە ئازاری کەسانی تر ناکات، پێشینان

(*) مەلا عەزیز: باوکی د. عەبدوڵڵا ئاگرینە، لە ساڵی ١٩٨٤دا کۆچی دوایی کردووە، ناوبراو لەگەڵ شاعیردا ئاشنایەتییەکی بەتینییان هەبووە، هۆگر و ئاشنای دێرینی یەکتری بوون، ئەمە جگە لەو پێوەندییە خرمایەتییەی کە لە نێوانیاندا بووە. وەك لە د. عەبدوڵڵا ئاگرینم بیست، هێشتا چەند مانگێك بەسەر مەرگی (کەژاڵ)دا ڕانەبوردبوو، باوکی کۆچی دوایی کردووە.

واتەنی (تێر ئاگای لە برسی نییە)، هەریەکەش لە ئازاری خۆیەوە دەڕوانێتە ئازاری کەسانی تر، حەسیب قەرەداغیی جگەرسووتاویش خۆی لەناو ئازار و ژانی جگەر سووتاندا ژیاوە، دەرکی بەهەموو سووچ و کەلێنێکی ئازاری جگەرسووتان کردووە، بۆیە توانیویەتی وێنەی باری دەروونی جگەرسووتاوێکی تر بکێشێ وەك خۆی نەوەك وەك ئەوەی تەنیا هەست بە مانای ژانەکەی بکات و لە یەك ڕووەوە تێی بڕوانێت، خەم و پەژارەی خۆی لەنێو خەم و پەژارەی جگەرسووتاواندا دیوەتەوە و ئازارەکەی تێکەڵ بە ئازاریان کردووە، ئەوەتا لە شیعری (بۆ «محمد»ی جوانەمەرگ، بۆ باوکی «حەمە»دا وێنەی کاریگەری خەمی کۆچی (محەمەد) لەسەر دەروونی خۆی دیاری کردووە، بەڵام ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە، لە سەرەتادا ویستوویەتی قەوارەی کاریگەری خەمی مەرگی ئەو لاوە گەورە بکات، بەڵام وەك خۆی ئاماژەی بۆ کردووە لە نیوەی ڕێدا بۆی گەڕاوەتەوە، واتە دانی بەو ڕاستییەدا ناوە کە هیچ خەمێکی تر هێندەی خەمی جگەرسووتانی خۆی کاریگەری نییە، هاوکات وێنەی هاوخەمێتیی خۆی لەگەڵ باوکی (حەمە)ی هاوڕێیدا نیشان داوە کە هەردووکیان بەهۆی جگەرسووتانیانەوە خۆیان و خەمی جگەرسووتانیان زیاتر لە یەکتری نزیك کردوونەتەوە:

ئازیز خەمی تۆ هێندە گران بوو
بە چۆکا هاتم، بۆی شکامەوە
خەریك بوو خەمی خۆم لە بیر بچێ
لە نیوەی ڕێدا بۆی گەڕامەوە
هۆ... باوکی "حەمە" من چاوم لێت بوو،
چۆن ئەسووتایت و چۆن ئەتوایتەوە!
وەك برینەکەی حەڤدەی حوزەیران
لە ناخی دڵما هەڵئەکرایتەوە
تۆ باوکی "حەمە" من بابی " کەژاڵ"
عومری ئازار و، ئازاری عومرین
خەممان وەك خۆمان هۆگری یەك بوون
خەم تۆمار ئەکەین هەتاکو ئەمرین
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٦٤)

لە شیعری (بۆ کۆچی مامۆستا و هاوڕێم د. کامیل بەسیر ٢٨/١٠/١٩٨٧)دا، پێش شیوەن و لاواندنەوە بۆ هاوڕێ و خزمی (د. کامیل)(*)، یادی ڕۆژی مەرگی (بەهار)ی کچی کردۆتەوە و دەری خستووە کە یەکێك لە هاوخەمە نزیکەکانی لەو ڕۆژەدا دوکتۆری ناوبراو بووە:

ئەو ئێوارەم هەر لە بیرە لە بەردەرگەی ماڵەکەتا
"بەهار"ی من لە تەرمێکا بووکی مەرگی کەژاوە بوو
فرمێسکی تۆ تێکەڵاوی فرمێسکی گەرمی من دەبوو
باڵای بەرزت بەسەر منا وەکو داری چەماوە بوو
من دەگریام بۆ بەختی خۆم تۆش دەگریای بۆ دڵی من
گڕی دڵی تۆم خۆش دەکرد بە شیوەن و بە ڕۆڵەڕۆ
نە تۆ بێدەنگ دەبووی بەمن نە من وازم هێنا لە تۆ
ئەوا دیسان مانگ ئەو مانگە وەرزیش هەمان وەرزی ڕەشە
ئەوا دیسان ماڵ ئەو ماڵە ڕازی مەرگت لەناودایە
ئەمجارەیان من دەگریم و دەنگی هەنسکی تۆ نایە
(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٩١)

پاشان وێنەی باری دەروونی خەمباری بۆ هاوڕێ و خزمی کۆچکردووی دەرخستووە:

چ تیرێ بوو دڵی پێکام لە نوێوە؟
لە کوێوە هات لە ناکاوا لە کوێوە؟
دڵم دنیایەکی بەرتەسکە یاران
خەمی گەورەی وەها چۆن هات لەوێوە؟
نە فرمێسکم وەکو جارانی جۆرە
وەکو ئەوسام نە خۆیشم وام بە پێوە

(*) جگە لە پێوەندیی هاوڕێیەتی و ئاشنایەتیی نێوان شاعیر و دوکتۆر کامیل، بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە، بوونەتە خزم.

ئەوەن بگریم لە سێلاوی سروشکم(*)
چەمی سیروانی لێ پڕ بێ بەزێوە
(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٩١-٩٢)

پاشان دێتە سەر ستایشکردنی دوکتۆر و ئاکارەکانی:

چ عومرێکی کەمت هێنا چ زامێکت هەبوو گەورە!
چ باڵایەکی سەربەرز و سامێکت هەبوو گەورە!
سوارچاکێکی بێ وەی بووی لە مەیدانێکی زۆر سەختا
سەرت نەیدا بە بەردێکا، دەجەنگای تۆ لەگەڵ بەختا
کەسێ نەیدیت بە چۆکا بێیت، کەسێ نەیوت بزرکاوی
لە گۆڕی سەد وشەی بۆرا وەکو خۆری لە بەرچاوی
دەبا ڕۆژگار لە بەرپێتا ببێتە پردی ئامبازت
دەبا مێژوو پەڕەی پڕ کا بە بەیتی عومری بێ نازت
چ زیرەك بووی چ دانا بووی؟
پەیامبەر بووی بە توانا بووی
(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٩٢-٩٣)

(*) لە سەرچاوەکەدا (سورشکم) نووسراوە، پێم وایە ئەمە هەڵەی چاپە بۆیە ڕاستم کردووەتەوە و (سروشکم) نووسیوە.

٢

### ١ - خەمی گشتی

لە ڕوانگەی خەمە گشتییەکانی نێو شیعرەکانی حەسیب قەرەداغیی شاعیرەوە، خەمەکان دابەش دەبنە سەر دوو بەش:

**أ- خەمی سیاسی**

**ب- لاواندنەوەی گشتی**

**أ- خەمی سیاسی**

خەمی سیاسی ئەو خەمانەیە کە لە ئاکامی سەختی و ئاڵۆزی و ناهەمواریی بارودۆخی سیاسییەوە دروست دەبن، لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە شیعری کوردی ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی سیاسیی گەلی کورد بووە، بێگومان گەشەکردنی ڕادەی ڕۆشنبیری و هۆشیاریی سیاسی لای زۆربەی شاعیرانی کورد، زیاتر خەم و پەژارە دەربڕینی کردە دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێش، شاعیران وەك توێژێکی ڕۆشنبیر و هۆشیار پتر لە کەسانی ئاسایی هەستیان بە کێشە و گرفتی ڕۆژگار و سەردەمەکەیان کردووە و خەمبار بوون، ئەو خەمانەش لە شیعریاندا ڕەنگی داوەتەوە، «دیارترین سیمای شیعری هاوچەرخی کوردی تێکەڵاوبوونیەتی لەگەڵ خەمی مرۆڤی کورددا، دیارترین شەقڵی مرۆڤی کوردیش لە سەدەی بیستەمدا، خەمە سیاسییەکەیەتی».(١)

حەسیب قەرەداغیی شاعیریش لەدایکبووی قۆناغێکی مێژووی سەخت و ئاڵۆز بووە، کە کۆمەڵگای کوردەواری لە قۆناغی دواکەوتوویی و کەمدەرامەتیدا ژیاون، خۆشی لەنێو ئامێزی خیزانێکی هەژاردا پەروەردە بووە، بۆیە هەر زوو لە کاروانی خەبات و

(١) د. دڵشاد عەلی محەمەد، محەمەد فازڵ مستەفا، شیعری سیاسیی کوردی لە کرمانجیی خوارووی کوردستانی عێراقدا ١٩٤٥–١٩٥٨، کۆواری زانکۆ، ژمارە: ١٠، ساڵی ٤، ٣ حوزەیرانی ٢٠٠٠، لاپەڕە: ٢٥.

تێکۆشانی نەتەوەیی و نیشتمانیدا جێگەی خۆی کردووەتەوە، لەناو ئەو جیهانەشدا ڕووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجە و خەم و پەژارە بووەتەوە.

لێرەدا باس لە شاعیرێك دەکرێت کە ئاشکرا و ڕوون لە ناوجەرگەی ڕووداوی شۆڕشگێڕی تێکۆشانەوە هاتووەتە ناو جیهانی شیعرەوە، هەڵسوکەوتی لەگەڵ شیعردا هەڵسوکەوتی جووڵان و ئەندێشە و هەڵچوونی دەروونی ئاشکرای تێدا دیارە و شەقڵی کێشە و ئەندێشەی کەسیی پێوە دیارە، با هەندێکیشیان لە خانەی خەمی گشتیدا بێت و خەمی گشتی بن.

شاعیر هەر لە سەرەتای ئەزموونی شیعرییەوە ڕۆحی نەتەوایەتی و بەرجەستەکردنی باری دواکەوتوویی و نەزانی و نەبوونی یەکسانیی کۆمەلایەتی جیهانبینی دیار و ئاشکرای شیعرەکانی بووە، مێژووی شکست و کەسێتیی بێ ناسنامەی نەتەوەکەی و ژانەکانی چینی زەحمەتکێشان هەوێنی زۆربەی زۆری شیعرەکانی بووە، ئەمانە و جگە لە یاخیبوونی لە داوونەریتی باوی کۆمەڵگایەکی عەقڵ خێڵەکی پێوە دیارە، بەدرێژایی ژیانی هەموو کات دژی فەرمانڕەوایی و دەسەلاتداران بووە، چ لە سەردەمی ڕێژیمی پادشایەتیدا و چ لە سەردەمی ڕێژیمی بەعسییەکاندا... ئەم هەڵوێستانە بەئاشکرا لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، زۆربەی شیعرەکانی دەربڕینی گیانی بەرەنگاربوونەوە و دژە وەستانی ڕێژیمی داگیرکەر و سیاسەتە نامرۆییەکانە، بۆیە شوێنی شاعیر لەسەر نەخشەی شیعری کوردی لە ڕووی جیهانبینییەوە دەکەوێتە سەر سنووری گوتاری سیاسیی کوردییەوە.

شاعیر لە سەردەمی ڕێژیمی پادشایەتیدا، دەنگێکی دیار و بەرچاوی ناو شاعیرانی شاری سلێمانی بووە، کە بەشیعر و بەکردەوە بەشداریی خەبات و تیکۆشانی دژی ئەو ڕێژیمەی کردووە، بێگومان زۆربەی شیعرەکانی ئەو سالانەی دەربڕینی خەم و پەژارەی باروداخی سیاسیی نیشتمانی و نەتەوەییە، شیعرەکانی (هەیکەلی ئیخلاص ١٩٥٣/٣/٢، نابەزم ١٩٥٤، شاعیر کێیە؟ ١٩٥٤، بەختیار ١٩٥٥/٧/١٥، ئەی گەل ١٩٥٥/١١/٢٥، دەوری نامەردانە ١٩٥٥/٢/٢٥) بەڵگەی هەست و سۆزی نیشتمانپەروەری و خەمخۆری بۆ گەل و نیشتیمانەکەین، ئەم شیعرانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ مانای هاندانی خەڵکی بۆ ڕزگار بوون لە چنگی ئەو ڕژێمە دەبەخشن، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا مانای بوونی خەم و خەمخۆری دەگەیەنێت، بەلام نەك بەشێوازی شیوەن و گریان و نالاندن کە مانای بێ دەسەلاتی و کەم بڕوایی دەبەخشن،

بگره خەمی مرۆڤێکی لە ئاستی لێپرسینەوە و هۆشیارە، بەتایبەتی ئەو شیعرانەی کە خەمی کێشە و گرفتی بارودۆخی سیاسی دەردەبڕن و دەچنە خانەی شیعری سیاسییەوە، سروشتی شیعری سیاسیش – کە دەبێت وابێ– وڕەی خەڵکی بەرز کاتەوە و خەڵکی هان بدات بۆ یاخیبوون و شۆڕشگێڕی، بێگومان ئەم سروشتەش خەمەکە دەشارێتەوە، یان شاعیر بەبارێکی تردا خەمەکەی دەشکێنێتەوە، بەتایبەتی ئەو شیعرانەی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی ناوەڕۆکیانە، ئەوەتا شاعیر لە شیعری (ئەی گەل ١٩٥٥/١١/٢٥)دا، خەم و پەژارەی ژێردەستەیی سەرجەم خەڵکی عێراق و زوڵم و ستەمی ئەو ڕێژیمە لێیانی شکاندووەتەوە بەبارێکی تردا و ڕووی کردووەتە سەرجەم گەلی عێراق و هانی داون ڕاپەڕن بەڕووی دوژمنیاندا و پەردەی بێ ئاگایی و سەرکزیی خۆیان بدڕێنن و ڕەگی ناتەبایی لە نێوانیاندا هەڵکێشن و چیی تر زوڵم و ستەم قبووڵ نەکەن:

با خەوی غەفڵەت بەسی بێ ئەی گەلی مەردی عێراق
ڕۆژی یەکبوونە دەخیلە لابەرە کینە و نیفاق

................................

بەسیەتی تا کەی قوبوولتە دەرد و ئازار و سزا
کاری بێ کارانە ئەی گەل ئاخ و ناڵە یا نزا

..............................

بەسیەتی دیلی و زەبوونی بەسیە ئابڕوو نەمان
چاوەڕێی و خۆزگەخواستن بەسیە وەك دایکی خەمان

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٢٨٨)

نەگونجاندنی هەڵوێست و دید و بۆچوونی شاعیر لەگەڵ ڕەوشت و هەڵوێستی کەسانێکی ناو کۆمەڵگەکەیی و دەوروبەریدا بووەتە مایەی خەمباریی شاعیر، بەشیعر هەڵوێستی چەوتیانی خستووەتە ڕوو، ئەو کەسانەی کە لە بەردەم دوژمناندا بەچۆکدا هاتوون و پاکانەیان کردووە و پاشگەز بوونەتەوە لە بیروباوەڕ و هەڵوێستیان، ئەوەتا لە شیعری (دەوری نامەردانە ١٩٥٥/١٢/٢٥)(*)دا بەشێوەیەکی توندوتیژ هێرشی

(*) بیرۆکەی ئەم شیعرە زۆر نزیکە لە بیرۆکەی شیعری (تەپڵی بەتاڵ)ی (هەردی)ی شاعیر پێ دەچێت: =

بردووەتە سەریان:

چەند بوێژم دی وەکو گا هەرکە ئەیبۆڕان بەتین
بابڕووخێ زۆر و زۆردار گەل ئەبێ سەربەست بژین
ئێستە وەك (...) ملی خۆی شۆڕ ئەکا بۆ (...)(**)
ئەو زەمانە شێت و کەر بووم ئێستە وا من بووم بەپیاو!

(فەرهەنگی خەم ۲، ل ۲۸۷)

لە ساڵانی شەستەکاندا، بەتایبەتی لە دوای ئاوارەبوون و نیشتەجێبوونی لە شاری (بەغدا)دا، لەوێش دیاردەی زوڵم و ستەم و چەوسانەوەی خەڵکی لەلایەن ڕێژیمی ئەو ساڵانەوە شاعیری خەمبار و دڵتەنگ کردووە، ئەو خەمبارییەشی لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، شیعرەکانی (شاری کپ ١٤/٢/١٩٦٦، مەلی ناوداو ١٤/٧/١٩٦٦، گۆرانیی هۆنەر ١٤/١١/١٩٦٧، پێکی ڕەش ٢٠/٢/١٩٦٨، ئەم شەقامە ٨/٤/١٩٦٨، دێوەڕەشی لاڵ ٢/٦/١٩٦٨، بای بەرەکۆن ٢٢/٩/١٩٦٨، باران ٢٥/١٠/١٩٦٩)(***) بەڵگەی بوونی خەم و پەژارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و

= ١– سوودی لە بیرۆکەی شیعرەکەی (هەردی) وەرگرتبێ، کە لە ساڵی (١٩٥١)دا نووسراوە،
٢– یان لەو ساڵانەدا دیاردەی پڕکردنەوەی وەرەقەی پاکانە – براءت– لە کاتی گرتنی سیاسییەکانی کە ڕێژیمی پادشایەتی لەژێر پاڵەپەستۆ و هەڕەشە لێکردن و ئازارداندا پێیانی پڕ کردبێتەوە، هەندێ لە شاعیرانی ئەو سەردەمە وەك (هەردی، کاکەی فەلاح) لەبارەی ئەم دیاردەیەوە شیعریان نووسیوە، بڕوانە:
أ– ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنیایی، چاپی دووەم، ١٩٨٤، ل ٧٢.
ب– کاکەی فەلاح، د. عیزەدین مستەفا پێشەکیی نووسیوە، شیعری (بڵقی سەر ئاو)، ل: ١٨٥.

شاعیر لەگەڵ ئەم دوو شاعیرەدا ئەو ساڵانە سەر بە هەمان ئایدۆلۆجیەتی کۆمۆنیستی بوون و یەك بیروباوەڕیان بەرامبەر بەکەسانی خۆفرۆش و هەڵگەڕاوە بووە.

(**) ئەم دوو بۆشاییە، وشەی بێ پەردە بوون بۆیە تۆمار نەکراون.

(***) مێژووی نووسینی شیعری (شاری کپ) لە دەستنووسی شاعیردا (٨/٤/١٩٦٨) کە جیاوازە لەگەڵ مێژووی ناو دیوانەکەی، بەهەمان شێوە مێژووی نووسینی شیعری (ئەم شەقامە) لە دەستنووسەکەدا (٢٠/٢/١٩٦٨) نووسراوە، بەڵام لە دیوانی شاعیردا ئەم مێژووە جیاوازە، بەداخەوە دەستنووسی شاعیر لە بەردەستدا نەبوو، کاتێك ئەم نامەیە =

سیاسیی ئەو ساڵانەن، بۆ نموونە لە شیعری (شاری کپ)دا کە بەشێوەیەکی چڕ ڕەمزی تێیدا بەکار هێناوە و نەیویستووە ڕاستەوخۆ باسی بارودۆخی ئەو سەردەمەی شاری (بەغدا) بکات، کە هەر سات ناساتێك لە ناکاو سوپا و چەتەوڵەکانی ڕێژیمی ئەو سەردەمە داویانە بەسەر گەڕەك و کۆڵان و شەقامەکانی ئەو شارەدا و ئازاری خەڵکیان داوە، دوای دەرخستنی ئەو وێنانە، پەنای بردووەتە بەر (عیسا – د.خ)، عیسای کردووەتە ڕەمزێك بۆ کەسانی خاوەن باوەڕ و بەویژدان و هەوڵدەر و بەرپەرچدەرەوەی چەوتی و زوڵم و ستەم، تا بە هانای زوڵم لێکراوانەوە بێت و لووتی زۆرداران بشکێنێ و بەچۆکیاندا بهێنێ:

عیسا...
سا تۆ کەی هەڵئەسی!...
لە زەنگ بدەی
شاری کپم بۆ دەنگ بدەی!
زڵە بخەیتە گشت لایە
لە هەر کوێیە ئەیبینی
پزیسکی ئاگری تیایە
....................................
چەتەوڵی ڕۆما مۆڵدەی
لووتی بەرزیشی بشکێنی
داخی گوڵی هەڵوەریوی
پێ بڕژێنی

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٢٦٦–٢٦٧)

لە شیعری (پێکی ڕەش)دا، خەمی میللەتێکی بێ ئاگا و بێدەنگ دەخوات، کە وەك سەرخۆش بینیونی، لە ئاستی ئەو ڕێژیمە چەپەڵە زۆردارەدا بێدەنگ و بێ هەڵوێست

= نووسرا، دەستنووسەکان بە مەبەستی چاپکردنەوەیان درابوونە دەستی لێپرسراوان، بۆیە نەتوانرا بەراورد بکرێن و دەستنیشانی هەڵەکە بکرێت، پێشنیاز دەکەم بۆ ئەو کەسەی سەرپەرشتیی چاپی سەرجەم شیعرەکانی شاعیر دەکات، ئاگەداری ئەم جیاوازییە بێت و هەوڵی ڕاستکردنەوەی بدات.

بوون، له كاتێكدا ئەو ڕێژیمه بەهەموو شێوەیەك چەوساندوونیەتییەوە و بە ژینی كولەمەرگی ڕازی بوون و سەریان كز گرتووە و لەناو خۆیاندا پێیان بەسەر یەكتری داناوە و سەرقاڵی دووبەرەكی بوون:

هەڵئەچقێین لە سەرمانا
پشت ئەبەستین لە برسانا
ڕائەچڵەكێین لە ترسانا
كەچی،!
هەر لەو پێكە خەستە
كۆمەڵ ئەكەین دەستە دەستە
هەر نووچ ئەبەین لە ڕۆیینا
بەلادا دێین
تەكان ئەدەین
پێ بەسەر یەكا ئەنێین(١)

هەروەك ئاشكرایە هیچ ڕێژیمێك لە عێراقدا دانی بە مافی كورددا نەناوە و مافی ڕەوای پێشێل كردووە، گەلی كوردیش لە زوڵم و ستەمی ڕێژیمێك ڕزگاری نەبووە كەوتووەتە چنگی ڕێژیمێكی بەدتر و زاڵمتر، ئەوەتا شاعیر لە یەكێك لە چوارینەكانیدا (پێ دەچێت لە دوای شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨ دوای سەقامگیربوونی ڕێژیمی بەعسییەكان نووسیبێتی)(*) تیایدا ڕاستەوخۆ ئاماژەی بەو ڕاستییە كردووە، كە كەوتوونەتە ژێر چنگی بەدترین (زومرە)، بانگەشەی ئارامبوون و گەشبینیی كردووە، بە پەندی پێشینانی (سەگی هار چل ڕۆژی عومرە) دڵخۆشیی گەلەكەی داوەتەوە:

كەوتینە گێژی بەدترین زومرە
خەفەتی ناوێ ئارامێ بگرە

(١) ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٤٢٧، ساڵی: ٢، ٩/١١/١٩٦٨، لاپەڕە: ٩.
(*) ئەم چوارینە لە ڕۆژنامەی: ژین، ژمارە: ٢٧، ساڵی: ١، ١٩٧٤، ل: ١ دا بڵاو كراوەتەوە، كە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە لە دوای سەقامگیربوونی ڕێژیمی بەعسییەكان نووسیبێتی.

تاقیکراوەی ڕۆژگار و ژینە
هەر سەگێ هار بوو چل شەوی عومرە
(فەرهەنگی خەم، ل ٧٥)

شاعیر وەك مرۆڤێکی هۆشیار هاوخەمی گەلانی ستەمدیدەی جیهان بووە و ئەڵقەکانی ئەو خەمانەی لەگەڵ خەم و پەژارەی گەلەکەیدا گرێی داوە و ئاوێتەی کردووە، لە هەندێ شیعری ساڵانی حەفتاکانیدا خەمخۆری بۆ چارەنووسی مرۆڤایەتی نیشان داوە، «خەمخۆریی شاعیر بۆ چارەنووسی مرۆڤایەتی و دواڕۆژی نادیاری تووشی خەم و دوودڵی دەکات"(1). بێگومان ئەوەی وەفا و خۆشەویستیی بۆ گەلەکەی خۆی نەبێت، بۆ گەلانی تریشی نابێت، بەهەمان شێوەش ئەوەی هەست بەئازاری گەلانی تر نەکات؛ هەست بەئازاری گەلەکەی خۆیشی ناکات.

لە شیعرەکانی (بۆرانی ڕەش، سروودێك بۆ ڤێتنام ١٩٧٢، پەیمانی فرمێسك ١٩٧٢/٨/٢٨، فەلەستین ١٩٧٥/٦/٨، ئاڵای بەرز ١٩٧٥/٨/١٧)ی شاعیردا کە دەربڕینی ئازار و خەمی گەلانی ستەمدیدە و چەوساوەی جیهانە، لە هەندێکیاندا هاتووە ئەو خەم و ئازارانەی لەگەڵ خەم و ئازاری گەلی کورددا گرێ داوە؛ بۆ نموونە لە شیعری (ئاڵای بەرز ١٩٧٥/٨/١٧)دا، (لۆمۆمبا)ی(**) تێکۆشەری (کۆنغولی)، کە بووەتە ڕەمزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی جیهانی سێیەم لەگەڵ (قازی محەمەد)ی تێکۆشەردا خستووەتە یەك تای تەرازووەوە و دوژمنانیشیانی بە یەك چاو سەیر کردووە:

هەرچی لۆمۆمبا و قازییەك بیانەوێ سەربەنەوە
لە ترسانا بڕۆنەوە...
هۆ ... گورگەکان، گورگەکانی نوێژی شێوان

---

(1) ئازاد عەبدولواحید، دیاردەی خەم لەلای شاعیری ئەمڕۆ، ڕۆژنامەی: هاوکاری، ژمارە: ٥٠٧، ١٩٨٠/١/٧، ل: ٩.

(**) (لۆمۆمبا): لۆمۆمبا پاتریس ١٩٢٥–١٩٦١ سیاسییەکی کۆنغۆلییە، داوای سەربەستی و ئازادیی وڵاتەکەی کرد، لە ساڵی (١٩٦٠)دا یەکەم سەرکردەی وڵاتەکەی بوو، لە شاری (کاتا کومیمە)ی ویلایەتی (کاسایی) لەدایك بووە، لە (کاتانڤا) کوژراوە.
(المنجد في اللغة والاعلام، الطبعة ٢١، بيروت، ١٩٧٣).

چەند ناپیاون
دنیا، دنیای گورگ و بەنگکێش
دنیا دنیای دز و دەروێش
.......................
کێیە، کێیە، هەی باوکەڕۆ؟!
هەی باوکەڕۆ، ئینسان گورگە؟!
(فەرهەنگی خەم ، ل ٥٧)

بێگومان یەکێك لە شەقڵەکانی شیعری نوێ بەگشتی، بایەخدان و ئاوڕدانەوەیە لە کێشەی مرۆڤایەتی و بەشداریکردنە لە کێشەی مرۆڤایەتیی جیهانیدا، «یەکەم شەقڵی شیعری نوێ، بەشداریکردنە لە کێشەی مرۆڤایەتیدا»(١)، شاعیری نوێ بەگشتی و هاوچەرخ بەتایبەتی هەموو ڕووداو و کارەساتەکانی چەرخ و سەردەمەکەی کۆ کردووەتەوە و لەگەڵ ڕووداو و کێشەی دەوروپشتیدا گرێی داوە، چونکە بەکێشەی هەموو مرۆڤێکی ئەم جیهانەی دادەنێ، بەم شێوەیە ئەم ڕووداو و کێشانە ئاوێتە دەبن بە یەکدا و ڕەنگی یەکتری دەگرن، ئا لێرەوە کێشەی درامای مرۆڤی هاوچەرخ دروست دەبێت، «ئێمە ئێستا تەنیا لە کێشەی خۆماندا ناژین، چونکە ئەوە نەما کێشەکانمان نە لە شوێن و نە لە کاتدا جیاواز بن، لە کێشەی هەموو مرۆڤێك»(٢)، حەسیب قەرەداغیی شاعیریش لە ڕوانگەی خەم و ژانەکانی گەلەکەیەوە ڕوانیویەتییە خەم و ژانی گەلانی جیهان، لە کاروانی خەبات و تێکۆشانی ئەوانەوە ڕوانیویەتییە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەی و بەهەمان شێوە دوژمنانی گەلانی جیهان بەدوژمنی خۆی و گەلەکەی زانیوە.

لە ساڵانی هەشتاکاندا میللەتی کورد لە سایەی ئەو ڕووداو و کارەساتە گەورانەی لەو ماوەیەدا کە سەرتاسەری کوردستانی گرتبووەوە، ڕووبەڕووی واقیعێکی زۆر سەخت و ناڵەبار بووبووەوە، کارەساتەکانی ئەنفال و وێرانکردن و سووتاندنی گوندەکان و کیمیابارانی شارۆکە و گوندەکان و ڕاگوێزان و بە کۆمەڵ کوشتن

(١) محمود امين العالم، الشعر المصري الحديث، نظرية الشعر، ٥- مرحلة مجلة شعر، القسم الاول، المقالات، تحرير وتقديم: محمد كامل الخطيب، سوريا، دمشق، ١٩٩٦، ص٢٠١.
(٢) د. عزالدين اسماعيل، الشعر العربي المعاصر، بيروت، ١٩٧٢، ص ١٥.

(جینۆساید) و چەند کارەساتێکی تر، هێندەی تر مرۆڤی کوردی خستە ژێر باری قورسی خەم و ئازارکێشانەوە.

هەڵبەتە شتێکی ئاشکرا و دیارە هێندەی بەسەردا تێ نەپەڕیوە کە ڕێژیمی عێراقی پاڵەپەستۆیەکی تۆقێنەرانەیان خستبووە سەر ئەدیب و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان، تا نەتوانن بەرەنگاری هەڵسوکەوت و ڕەوشتی دڕندانەیان ببنەوە و پەردە لە ڕووی تاوانبارییان هەڵبماڵن، بۆیە هەندێك لە شاعیران و نووسەرانی کورد لەو ساڵانەدا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و بە بەکارهێنانی ڕەمز و تەمومژی خەم و پەژارەی بارودۆخی کوردستانیان نیشان داوە.[١]

حەسیب قەرەداغیی شاعیر لەو ساڵانەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خەم و پەژارەی بارودۆخی سیاسیی زێد و نیشتمانەکەی دەربڕیوە، بۆ نموونە لە شیعری (لە بیرەوەریی دووسەد ساڵەی شاری سلێمانی)دا کە لە مێژووی ١٥/٣/١٩٨٤دا نووسیویەتی، تەقینەوەی گشت خەم و پەژارەی مێژووی سیاسیی شاری سلێمانییە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مێژووی ڕابردووی گەلەکەی بەستووەتەوە بە سەردەمەکەیەوە، تێیدا نەیارانی کورد و پاڵپشتەکانیانی ڕیسوا و مەحکوم کردووە، هەر لە نەیارانی دەرەوەی گەلەکەی هەتا کەسانی نەفس نزم و خۆفرۆشی ناو کورد، وێنەی بێبەشی میللەتەکەی

(١) (د. پەرێز سابیر) لەبارەی ئەدەبی هەشتاکانەوە دەڵێت: «چاوەڕوان دەکرا لەو ماوەیەدا شاعیر و نووسەرانی کورد بە دەنگ داواکانی ژیانی ئەو قۆناغەوە بچن و کارەساتی ئەنفال و وێرانکردن و سووتاندنی گوندەکان و کیمیاباران و شەهیدکردنی هەڵەبجە و سیاسەتی ڕاگوێزان و بەکۆمەڵ کوشتن و دەیان کارەساتی تر بکەن بە هەوێنی بەرهەمەکانیان و ئەرکی خۆیان لە گەیاندنی ئەو ناوەڕۆکە گەورەیەی لەو سەردەمەدا هاتبووە پێشەوە بەجێ بگەیەنن، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج ڕاکێشانە ئەوەیە کە دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە گەورەیە لە ئاست ئەو تەکان و هەژانە قووڵەدا نەبوو کە ئەو کارەسات و ڕووداوە دڵتەزێنانە دروستیان کردبوو، بگرە بەدەنگەوەهاتنی شاعیر و نووسەرانی کورد بۆ دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە بە شێوەیەکی گشتی جۆرە کزییەکی پێوە دیار بوو". (پەرێز سابیر محەمەد، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، نامەی دوکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٨، ل: ٥٣٠).
هەڵبەتە نەبوونی ئازادیی دەربڕین و سزادان و تۆقاندن و پاڵەپەستۆی ڕێژیم هۆکاری سەرەکیی بێدەنگی و کزیی دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە گەورەیەیە.

لە مافی ڕەوای تێدا دەرخستووە:

لەو ڕۆژەوە سوورەی چاوکاڵ...
هاتە گۆڕێ، لەم وڵاتە
کێشمەکێش و هات و باتە
وتمان بەشکوو
پشکۆیەکی گەش و بەتین
بخەیتەوە کوانووی بەبە
وزە بدەی بە هەتاو و
کووچەی بەستووت پڕ کاتەوە
هەموو کەسێك لە عاستی خۆی
پێکی خەمت بخواتەوە
.................................
مامە خەمەی ڕێی بێ بەشیت
ڕووی کردە ئەو هەندەرانە
مافی گەلانیان بەش ئەکرد
ڕووی خۆیان و باو و باپیریان تیا ڕەش ئەکرد
تفی کرد لە (ئەگەرەکان) کە بۆ تۆیان داڕێژابوو

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٥٥–٥٦)

لە شیعری (داربەڕوو ١٩٨٦/٦/١٤)دا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هێرشێکی توندوتیژی کردووەتە سەر ئەو کەسانەی کە داربەڕوو دادەپاچن و دەیسووتێنن، (پێ دەچێت شاعیر مەبەستی لە هەژارانی گوندەکانی کوردستان نەبێت کە بۆ بژێوی و گوزەرانیی خۆیان دار و دارستانەکانی چیاکانیان دەبڕییەوە و بۆ فرۆشتن و بۆ سووتەمەنی بەکاریان دەهێنا)، بەڵکو مەبەستی لە (جاش)ە کوردەکان بێت، کە پێشی سوپای عێراقی دەکەوتن و گوندەکانیان دەسووتان و وێرانیان دەکرد، یان گڕیان بەردەدا لە دار و دەوەنی چیاکان، تا پێشمەرگە خۆی تیا حەشار نەدات، بۆیە نەفرەت و دوعا دەکات لەو کەسانە و دەڵێت:

هەزار تف و لەعنەتیشم لەو کەسانەی
دەیسووتێنن، دای دەپاچن
خۆرە بگاتە ناو دڵیان بۆچی وەها کوێر و کاسن
ئەی بۆ هاوڕێ دێرینەکەی باب و باپیریان ناناسن؟!(*)

(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٣٨)

یەکێك لە دیاردە نامرۆییەکانی ڕێژیمی عێراقی لە عێراقدا بەگشتی و لە کوردستاندا بەتایبەتی دیاردەی قەدەغەکردنی هاتوچۆ– ممنوع التجول–بوو، کە ناو بەناو لە ناکاو بانگەوازی قەدەغەکردنی هاتنە دەرەوەی خەڵکیان ڕادەگەیاند و بەشێوەیەکی دڕندانە دەیان دا بەسەر گەڕەك و کۆڵان و شەقامەکاندا و کەلوپەلی ناومالْ و خەڵکیان دەپشکنی و چەندین لاویان دەستگیر دەکرد و لەگەڵ خۆیان دەیانبرد و بەرەو چارەنووسی نادیار ڕەوانەیان دەکردن، بەتایبەتی لە ساڵانی هەشتاکاندا، کە زۆربەی لاوەکان لە خزمەتی سەربازی هەڵهاتبوون، یان پێوەندییان پێوە نەکردبوو، لەنێو ماڵەکانیاندا یان لە دەرەوەی ماڵەکانیاندا خۆیان حەشار دەدا، ئەم هەلاّتنەشیان ژیانی خۆیان و کەسوکاریان خستبووە مەترسییەوە، بەتایبەتی لەو ڕۆژانەدا کە پیاوانی ڕێژیم دەیان دا بەسەر گەڕەك و ماڵەکانیاندا، چەندان لاوی کوردیش بەر ئەو شالآوانە کەوتن و شەهید کران، ئەوەتا شاعیر لە شیعری (جەردە و گەڕەك ١٩٨٦/٩/٩)دا وێنەی ئەو شالآوانە و مەترسیان لەسەر خەڵکی نیشان داوە، کە خوێنەری کورد بەئاسانی مەبەستی شاعیر تێ دەگات و وێنەکە دێنێتە بەرچاوی، چونکە خۆی لەناو ئەو کارەساتانەدا ژیاوە و بەچاوی خۆی ئەو دۆخەی دیوە:

کە ڕەشەبا بۆنی جەردە دێنێ بەسەر ماڵەکاندا
خۆ مات دەکەن
ترسنۆکی دووپات دەکەن
چ بکەن کاکە... شار بێ قۆڵە
شاری مردوو هەر وا چۆڵە
شار ڕزقێکی مفت و مۆڵە

(*) لە سەرچاوەکەدا (ناناس) نووسراوە، پێم وایە، ئەمە هەڵەی چاپە و ڕاستییەکەی (ناناسن)ە.

جێگە کنەی جەردەکانە و هەر مڕ نابن
کونە ماری گەزندەیە و هەر سڕ نابن
دوێ شەو کە ڕووم کردە گەڕەك
لێویان وشك و هەڵوەری بوو
تومەز نەکوو هەر جەردەیەك(*)
ڕەوە گورگێ دابەزی بوو
(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٥٢)

شاعیر تەنیا خەمی شاڵاوی دڕندانەی ڕێژیمی نییە، بگرە خەمی بێ خاوەنیی گەلەکەیەتی، مەبەستی لە سستیی چالاکیی هێزی پارتەکانی دەرەوەی شارە، کە لە ڕوانگەی شاعیرەوە بەرپەچی ئەو تاوانبارانەیان نەداوەتەوە، یان نەیانتوانیوە کۆنترۆڵی ئەو بارودۆخە سەختە بکەن (پێ دەچێت ئەم بۆچوونەی شاعیر لە حاڵەتێکی هەڵچوونی تووڕەییدا لەدایك بووبێ، چونکە خۆی باش ئەو ڕاستییەی زانیوە، کە هەرگیز پیاوانی ڕێژیم لە کوردستاندا ژیانیان ئارام و ئاسایش نەبووە و هەردەم لە مەترسیدا بوون و چالاکییەکانی پارتیزانی پێشمەرگەی کوردستانیش کەمتەرخەم نەبوون).

یەکێك لە کارەساتە دڕندانە نامرۆییەکانی ڕێژیم لە ساڵانی هەشتاکاندا ژاراویکردنی گوند و شارۆکەکانی کوردستانە بەچەکی کیمیاوی و پیادەکردنی سیاسەتی- جینۆساید-بوو، یەکێك لەو کارەساتە گەورە و دڵتەزێنانەش کارەستانی ژەهراویکردن و کیمیابارانی شارۆکەی (هەڵەبجە) بوو لە مێژووی (١٩٨٨/٣/١٦)دا و شەهیدکردنی پێنج هەزار مرۆڤی بێ تاوان و بریندارکردنی پتر لە دە هەزار کەس و ئاوارەبوونی سەرجەم خەڵکی هەڵەبجە و شارەزوور و هەورامان.

ئەم کارەساتە دڵ و دەروونی هەموو مرۆڤێکی خاوەن هەست و ویژدانی هەژاند، هێندەی تر مرۆڤی کوردی بەرەو خەمباری و ڕق و کینەی زیاتر بەرامبەر بە ڕێژیم و هاوکارانی برد:

حەسیب قەرەداغیی شاعیریش بەم کارەساتە سەرلەنوێ برینی کۆن و نوێی هاتەوە ژان و ڕق و کینەی بەرامبەر بەڕێژیمی عێراقی و سەرجەم دوژمنانی گەلانی ستەمدیدە

(*) لە سەرچاوەکەدا (جەوەیەك) نووسراوە، ئەمەش هەڵەی چاپە و (جەردەیەك)ە.

گەیشتە لووتکە، بە چامەی نوێی (هەڵەبشیما ١٩٨٨/٣/١٩) کە سێ ڕۆژ دوای کارەساتەکە نووسیویەتی، تێیدا هەست بەتەقینەوەی خەمێکی گەورە دەکرێت، باشتر وایە لە ڕوانگەی چامەکەوە، بەچەند خاڵێك دەربڕینی خەمەکەی بخرێتە ڕوو:

١- گۆڕینی ناوی هەڵەبجە لەلایەن شاعیرەوە.

٢- ستایشی شاری (هەڵەبجە).

٣- وێنەگرتنی سەرگەردانی و ئاوارەبوونی خەڵکی ناوچەکە.

٤- گرێدانی ژەهراویبوونی گوندەکانی (قەرەداغ) بەژەهراویبوونی هەڵەبجەوە.

٥- نیشاندانی تێڕوانین و وێنەی هەڵچوونی دەروونی خەمی شاعیر.

٦- هەڵسەنگاندنی ڕێژیمی عێراقی و هێرشبردنە سەر ئەو ڕێژیمە و داروودەستەکانی.

٧- ئاوێتەکردنی خەمی جگەرسووتانی بەم کارەساتەوە.

**١- گۆڕینی ناوی هەڵەبجە لەلایەن شاعیرەوە:**

ناونیشانی چامەکە (هەڵەبشیما)یە، کە شاعیر تێکەڵەیەکی لە نێوان (هەڵەبجە و شاری (هێرۆشیما)(*)ی یابانیدا دروست کردووە، (هەڵەب+شیما)، واتە دوو بڕگەی یەکەمی شاری (هەڵەبجە) و دوو بڕگەی کۆتایی (هێرۆشیما)، ئەم گرێدانە، خۆی لە خۆیدا سەرنجی خوێنەر و گوێگر ڕادەکێشێ، هەڵبەتە شاعیر ویستوویەتی هاوسەنگییەك لە نێوان دوو کارەساتی ژەهراویکردنی (هەڵەبجە) و بۆمببارانکردنی (هێرۆشیما)دا دروست بکات و یەك پلەی زوڵم و ستەم لێکردنیان بۆ دابنێ و لە هەمان کاتدا ڕێژیمی عێراقی و ڕێژیمی هاوسەنگ کردووە لە تاوانباری و سیاسەتی نامرۆییاندا:

(وا هەڵەبجە بوو بە شاری هەڵەبشیما)

(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ٩٩)

**٢- ستایشی شاری (هەڵەبجە):**

شاری هەڵەبجە و دەوروبەری خاوەنی سروشتێکی جوان و هەست بزوێنە، جێگە و

---

* هێرۆشیما: شارێکە کەوتووەتە باشووری دوورگەی (هۆشنۆ) لە وڵاتی (ژاپۆن) لە مێژووی ١٩٤٥/٨/٦دا، ئەمەریکا بە بۆمبای ئەتۆم لێی دا و نزیکەی هەشتا هەزار مرۆڤی بێ تاوانی لێ شەهید کردن و حەفتاوپێنج هەزار کەسیشی لێ بریندار کردن.
(المنجد في اللغة والاعلام، طبعة:٢١، بيروت، ١٩٧٣)

شوێنی لەدایكبوونی چەندین شاعیری هەڵكەوتووی كوردە وەكو (تایەر بەگی جاف، ئەحمەد موختار بەگی جاف، گۆران)، سروشتی جوانی ناوچەكە ئیلهامگەیێنی شاعیران بووە... ئەوەتا شاعیر لەم لایەنەوە ستایشی شاری هەڵەبجە و ڕۆڵی ئەدەبی و سروشتە جوانە دڵگیرەكەی كردووە و سنووری جوگرافیایی دیاری كردووە و بە (دایك)ی داناوە و لاواندوویەتییەوە:

با ئەندێشەم ژان بیگرێ و
داوای دایكە هەڵەبجە كا
دایكە هەڵەبجە مامانی شاعیرانی شۆڕەسوارە
دایكە هەڵەبجە دایانی كۆرپەی شیعرە هی بەهارە!
دایكە هەڵەبجە هاوسەری بالانبۆیە و
شارەزووری لە بەردایە...
دایكە هەڵەبجە شۆخێكە وا لە جیاتیی پۆیلە و كلاو،
هەورامانی لەسەردایە!
دایكە هەڵەبجە گوارەی زەڵم و سیروان لە گوێیدایە
دایكە هەڵەبجە بەهەشتە و (ئەحمەد موختار) لە توێیدایە!
شیعر لە كوێ خۆی بناسێ دایكە هەڵەبجەی تێدایە
دایكە هەڵەبجەی بالابەرز، تاجی سەری ستەمكاری لە پێدایە!
(فەرهەنگی خەم ٤، ل ١٠٠)

### ٣- وێنەگرتنی سەرگەردانی و ئاوارەبوونی خەڵكی ناوچەكە:

بێگومان ئەوەی پتر هەست و سۆزی مرۆڤی كوردی هەژاند، دوای دەرخستنی كارەساتەكە لە كەناڵەكانی تەلەڤزیۆندا(*) و گێڕانەوەی ڕزگاربووانی ناوچەكە بوو، نەك هەر كوشتاری زۆری خەڵكەكە، بگرە چۆنێتیی سەرگەردانی خەڵكی ناوچەكە و سەرلێشێواندنیان و گومانەكانی: (بەرەو كوێ هەڵبێین؟ كوێ ئارامتر و بێ مەترسییە؟

(*) لێرەدا مەبەست لە كەناڵەكانی تەلەڤزیۆنی وڵاتانی دەرەوەی عێراقە، بەتایبەتی كە یەكەم كەناڵی تەلەڤزیۆنی (ئێران) بوو، وێنەی كارەساتەكەی دوای ڕۆژێك لە كارەساتەكە نیشان دا.

کویٚ مەرگ پەخەیان ناگریٚ و ژاراوی نابن؟ منداڵ و پیر و پەککەوتەکانیان بۆ کویٚ بەرن؟ بەرەو چیا، یان بەرەو دەشت، یان بەرەو رووباری سیروان و زەڵم؟)... ئەوەتا شاعیر ویٚنەی ئەم سەرگەردانییەی نیشان داوە، ویٚنەی دایکیٚکی دوو کۆرپە بەشانی هیٚناوەتەوە ناو چامەکەوە، کە نازانیٚت بەرەو کویٚ پەنا بەریٚ، لەو بەهارەدا کە پتر لە بەهارانی تر باران باریبوو و ئاوی زیٚیەکان زۆر بووبوون، ریٚگەی هاتوچۆی خەڵکی و پەراندنەوەیانی ستەم و نارەحەت کردبوو، گوندە ویٚرانکراوەکانیش شویٚنی حەوانەوەیان تیٚدا نەمابوو:

کریٚوەیە، ریٚ شەختەیە.
(ئەی دایکە کورد)– بۆ کویٚ دەرۆی؟!
کویٚرە ریٚکان کوژانەوە
دەخیلت بم، بۆ کویٚ دەچی، تۆ و دوو کۆرپەت بەشانەوە
دڵی گەرمت ئەم دوو کۆرپە دەگریٚتە خۆی؟
دادە، ئەی تۆ بەرەو دڵی گەرموگوری...
چ گوندیٚکی ویٚران دەرۆی؟
(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ١٠٣–١٠٤)

نیشاندانی ئەم ویٚنانە، لەگەڵ هەڵچوونی دەروونی شاعیردا، کە دەری بریوە، زیاتر ویٚنە خەمبارەکە دەردەخات و دەبیٚتە گریٚدانی گونجاو و تەواوی تابلۆ خەمبارەکەی و زیاتر خویٚنەر، خویٚنەری نەوەی نویٚ و داهاتوو(**) دەهەژیٚنیٚت و ویٚنەی ئەو کارەساتە کاریان تیٚ دەکات.

لە بەشی کۆتاییی ئەم چامەیەدا، ویٚنەی کارەساتی هەڵەبجە و شەهیدبوونی خەڵکە بیٚ تاوانەکەی نیشان داوە، ویٚنەکانیش ویٚنەی واقیعی رووداوەکەن و وەك خۆیان نیشانی داونەتەوە:

---

(**) ئەم رووداوە، ئەوانەی لەم سەردەمەدا دەژین، خۆیان کارەساتەکەیان دیوە و رەگ و ریشەی لە ناخیاندا داکوتاوە و ستەمە لە بیرکردنی، بەڵام بۆ نەوەی دوارۆژ، کاریگەر دەبیٚت، کە ئەو رووداوە بەهۆی دەستگای راگەیاندنەکانەوە دەبینیٚت و دەیهیٚنیٚتەوە بەرچاوی.

دایك ژەهر سووتاندوویە
ساوای، مەمکی لە دەمدایە!
ژێرزەمینێ، جمەی دەهات
هەموویان دەستە و دۆعا بوون،
کە پریشك و پارچەی بۆمبا...
بەسەریانا مەرگ هەڵنەدات
لە چرکەیەکی کاتێکدا
باڵی چاویان هەڵپرووکا...
وزەی بینین کەوتە خوارێ
نەیانزانی هەوری مەرگە و بەسەریاندا دائەبارێ!
لافاوی مەرگ، بەسەر شاری بێ باواندا تلی ئەدا
ڕۆژی ڕەشی عاجباتییە
ژیان، بوو بە، دژواری مەرگ

(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ١٠٧)

بێگومان هۆی سەرەکیی حەشاردانی خەڵکی لە ژێرزەمینەکانی شاری هەڵەبجەدا دەگەڕێتەوە بۆ: بۆردومانکرنی هەڵەبجە، لە ڕۆژی کارەساتەکەدا (١٩٨٨/٣/١٦)، کە یەکەم جار لە «سەعاتی (١١،٣٠)ی بەیانی پێش نیوەڕۆ، هەشت فڕۆکەی جۆری –میراج– شاری هەڵەبجەیان بۆرودمان کرد... سەعات (٢،١٥)ی پاش نیوەڕۆ بۆ جاری دووەم شارەکەیان بۆردمان کرد، لە سەعات (٣،١٥) جارێکی دی بەچەکی کیمیاوی هێرش کرایە سەری و بۆردومانی ئەمجارە تەواوی شاری گرتەوە، سەعات (٤) بۆ جاری سێیەم هەڵەبجە کیمیاباران کرا، کاتژمێری (٦،٣٠) بۆ چوارەمین جار شاری هەڵەبجە کەوتە بەر شاڵاوی کیمیاباران و لە ئەنجامدا پتر لە پێنج هەزار (٥٠٠٠) هاووڵاتی بەگەورە و بچووکەوە شەهید بوون و پتر لە دوو هەزار (٢٠٠٠)یش بریندار و ژەهراوی بوون...»[١][*].

(١) پەرۆش، لە یادی هەڵەبجەی شەهیدا، گۆڤاری هەرێم، ژمارە: ٢٤٤، ئاداری ٢٠٠٠، ل ٢.
(*) بەپێی ئەو ئامارانەی کە دواتر کراوە و لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاوکراوەتەوە، ژمارەی بریندارەکان پتر لە دە هەزار کەس بوون.

بێگومان بۆردمانکردنی دووجاری یەکەمی شار، هۆی سەرەکیی خۆشاردنەوەی خەڵکەکە بوون و چاوەڕێی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نەبوون، بۆیە شاعیریش وێنەی شەهیدبوونی ئەو کەسانەی ژێرزەمینەکانی ماڵانی هەڵەبجەی نیشان داوە.

**٤- گرێدانی ژەهراویبوونی گوندەکانی (قەرەداغ) بەژەهراویبوونی هەڵەبجەوە:**

بێگومان گرێدانی ژەهراویبوونی گوندەکانی کوردستان بەژەهراویبوونی شارۆکەی (هەڵەبجە)وە، هەر یەك بابەتە و هەر یەك تاوانباریش نەخشەی بۆ دارشتووە... هەڵبەتە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، یەکەم کارەسات نەبووە، بگرە پێشتریش ڕێژیمی عێراق بەپێی پرۆگرامێکی نەخشە بۆکێشراو، بۆ مەبەستی لەناوبردنی گەلی کورد و بێهێزکردنیان و نەمانی مەترسی لێیان، چەکە نوێیە کیمیاوییەکانی لە مرۆڤی کورددا تاقی کردەوە و هەزاران گوندی کوردستانی پێ وێران کرد و سووتاندنی.

شاعیر لە پاڵ دەربڕینی خەم و پەژارە و لاواندنەوەی بۆ هەڵەبجە، شیوەنی وێرانبوونی گوندەکانی ناوچەکەی خۆی (قەرەداغ) دەکات، وەکو گوندەکانی (سێوسێنان، جافەران، دووکان)، ئەوەتا هەست و سۆزی هەڵچوونی بۆ ئەو گوندانە دەردەخات و ڕادەی هەڵچوونی سۆزی دەروونییەکەی هێندە بەرز بووەتەوە، بەسەر فیکر و هۆشیدا زاڵ بووە و سکاڵا لە (خوا) دەکات لەم کارەساتە:

ئەی بۆ، گوندی (سێوسێنان)(*) و دێی (دووکان)و
جافەرانیش، ژاری مەرگیان لێ بار بووە؟
(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ١٠١)

لە شیعری (تێهەڵکێشێکی دی)دا، کە تەواوکەری چامەی (هەڵەبشیما)یە ڕادەسپێرێ بە (گۆران)ی شاعیر بڵێن، با جارێکی تر گەشتێك بکات بۆ قەرەداغ و ئەو دیمەنە دڵفرێنانەی کە لە شیعری (گەشت لە قەرەداغ)دا باسی کردبوون، بیانبینێ ئێستا چۆن ئاوەژوو بوونەتەوە و گوندەکانی کە باسی کردبوون چییان بەسەر هاتووە؟!:

(*) لە مێژووی ١٩٨٨/٣/٢٣دا ڕێژیمی بەعسی گوندی سێوسێنانی کیمیاباران کرد و زیاتر لە (٦٠) کەس شەهید بوون.

بە گۆرانی، شاعیر بڵێن گەشتێ بکا بۆ قەرەداخ؛
هەتا دەگاتە- دووکان-ی
گوندی شۆڕەبی و ئاو و باخ...
شمشاڵژەن سۆزی هەر باوکەڕۆیە.
چۆپیکێش تۆزی هەر باوکەڕۆیە.
تاعوون دەبارێ و، دێی شێواو هەی ڕۆ!
سۆز و هاواری لە ناکاو، هەی ڕۆ...
مەستی بێ شەراب هەرزەکار، هەی ڕۆ!
پیری دار بەدەست، کەفتەکار، هەی ڕۆ
زاوای بەردەرگای چاوەڕوان، هەی ڕۆ...
بووکی ڕازاوە، پێ و پاوان، هەی ڕۆ!
ئەڵقەی چۆپی ڕۆ، شمشاڵ لێدەر، ڕۆ...
ئاسمان، ئەستێرە، دێ، دەشت و دەر، ڕۆ...!
لە کلکەی -کەڵوەش- بەڕاستا واسە
لە سێوسێناندا ئاخۆ چ باسە؟!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ١٠١-١٠٢)

لە ڕاستیدا ئەم وێنانە، گەر بەراورد بکرێ لەگەڵ وێنەی شیعری ناوبراوی-گۆران-دا، هەمان دیمەنە جوانەکانە کە ناوبراو دوای گەشتی بۆ (قەرەداغ) باسی کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی ئاوەژوو، لە بری شادی و شایی، دیمەنەکە ئاوەژوو بۆتەوە بۆ ماتەمینی، ئەوەتا شاعیر ئاماژەی بەو (شاییە) کردووە، کە گۆران و هاوڕێکانی بانگ کرابوون بۆی و ئامادەی بووبوون و گۆران باسی دیمەن و شادیی ئەو زەماوەندەی کردووە، (حەسیب قەرەداغی)یش، هەمان بەستە و گۆرانیی ئەو زەماوەندەی وەرگرتووە، بۆ دوای وێرانبوونی ناوچەکە و ماتەمینیی لێ دروست کردووە، وەك دەڵێت:

باوکەڕۆ لە جێی ئامان لەرزانە...
سەرمۆری شینی بالابەرزانە!

سەری بێ پووشین لە قوڕ گیراوە،
ئەڵقەی شیوەنە و لە پڕ گیراوە،
نقێم بێ ورشە و هەیاسە سوورە
سەرەتای تاعوون لە شارەزوورە!
ڕێبواری مانووی چۆپی و ڕمبازی،
بە مەرگی خودای ناو جێگە ڕازی
وا دەتلێتەوە لە ژەهروژارا
بەرەو دەشتایی و لەبەر بنارا!
ڕێگەی ڕاکردن هەر تاعوون سوارە،
ڕێی گەڕانەوەیش هەر مەرگ و ژارە!
گۆڕ هەڵتەکێنە بنوارە – گۆران–
هەڵپەڕکێ و شمشاڵ، چاوجوانیش تۆران!
ئیتر تا ماوی، ڕابورد... سێوسێنان...
پیشانی تۆی بات، هەڵپەڕکێی چاوجوان!
(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ١٠٢–١٠٣)

**٥– نیشاندانی تێڕوانین و وێنەی هەڵچوونی دەروونی خەمی شاعیر:**

کارەساتی هەڵەبجە، بەشێوەیەك هەست و سۆزی مرۆڤی کوردی هەژاند کە زیاتر سۆز و هەستی بەسەر هۆشی و عەقڵیدا زاڵ بێت. بەتایبەتی لە سەرەتادا – بۆیە شیکردنەوە، هەڵسەنگاندنەکان تا ڕادەیەك لە سنووری هەست و سۆزی هەڵچوونی هونەرمەندان و ئەدیبان دابوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە سۆزی مرۆڤ سنووردار نییە و ناتوانرێت بەرگریی لێ بکرێت، بەڵام لە کات و ساتی وا دژوار و سەخت و ناسۆردا سۆزی مرۆڤ بە تەنیا چی پێ ناکرێت و دەربڕینی بێ سوودە، گەر بە بیرکردنەوەی قووڵ و دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی کێشە و ڕووداوەکاندا نەچنە خوارەوە و هەوڵی چارەسەری بنچینەی نەدرێ، ئەوا لە بازنەیەکی داخراودا دەسووڕێنەوە و چارەسەری بنبڕکردنی کێشەکە ناکرێت. ڕاستییەکی دیار و ئاشکرایە کە حەسیب قەرەداغیی شاعیریش هەردەم مرۆڤێکی هۆشیار و ژیر و ڕۆشنبیر بووە، لە ڕاستیی ژیان و

دەوروبـەری و کـۆمـەڵگەکەی و کێشە و گرفتـەکـان گەیشتووە، هـەوڵـی ڕاسـتـەقـیـنـەی چارەسەری کێشەکانی داوە، بەڵام لەگەڵ ئەم ڕاستییانەشدا هێندە دڵی ناسك بووە و زوو هەڵچووە و لە ئاکامی ئەو هەڵچوونەشدا – هەندێ جار – بڕوای بەژیان و چـەمـکـەکـانـی نـەمـاوە – ئـەگـەرچـی ئـەو هـەسـتـانـە لای شـاعـیر کـاتـی بـوون و زوو ڕەوینەتەوە ئەوەتا لە گەرمەی کارەساتی (هەڵەبجە)دا هێندە پلەی هەڵچوونەکەی بەرز بووەتەوە، سۆزی بووەتە ڕابەری و مانا و نرخی چەمکی ئاینی و فەلسەفیی لا نەماوە:

وەڵام چییە، گەر بپرسین:

لە ئاین و لە فەلسەفە، تڵپە نەبێ ئیتر چی ما؟

(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ٩٩)

کارەساتی هەڵەبجە، هێندە کاری کردووەتە سەر شاعیر، کردوویەتی بەکێش و پێوەرێك بۆ تێڕوانینی لەمەودوای چ بەرامبەر بە خەڵکی و چ بەرامبەر بە خوا:

لە هەڵەبجەوە ئیتر لەمەودوا،

دەڕوانینە خەڵك، دەڕوانینە خوا!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ١٠٦)

پێم وایە ئەمە لووتکەی هەڵچوونی شاعیرە کە زۆر بەڕاشکاوی و بێ پەروایانە دید و بۆچوونی خۆی دەربڕیوە و نەیویستووە درۆ لەگەڵ خۆیدا بکات و وێنەیەکی دوور لە ڕاستیی ناخ و دەروونی هەڵچووی دەرببڕێت.

ئەوەی کە هێندەی تر شاعیری خەمبار کردووە و سۆزی هەڵچوونی بەرز کردووەتەوە، بێدەنگی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بوو لە کاتی کارەساتی هەڵەبجەدا، ڕێژیمی عێراقیش وەك شا سروشتی، بـۆ دامـاڵـیـنـی تـاوانـی پـیـادەکـردنـی سیـاسـەتـی–جـیـنـۆسـاید– و ژەهراویکردنی شارۆکەی هەڵەبجە و لادانی لە یاسا مرۆییەکان، دەستی چەوری بە دەوڵەتانی دراوسێی سڕی و کۆماری ئیسلامیی ئێرانی تاوانبار کرد بەو کارەساتە و پـاڵـەپـەسـتـۆی خستـە سەر مـامـۆسـتـایـانـی ئـایـیـنـیی مزگەوتـەکـان، تـا لـە وتـاری ڕۆژی هـەیـنـییـانـدا، ئـامـاژە بـەو کـارەسـاتـە بکـەن کـە ئێـران پـێی هـەڵساوە، هـەنـدێك بـەم کـارە هەڵسان و مەرامی ڕێژیمیان بەجێ گەیاند، ئەمە جگە لە بڵاوکراوەکانی ڕێژیمی ئەو سەردەمە و دەستگای ڕاگەیاندنەکانی کە هەمان بانگهێشتنیان بڵاو دەکردەوە، ئەوەتا شاعیر هەمان خەم دەردەبڕێت و هێرش دەکاتە سەریان:

وا هەڵەبجە بوو بەشاری هەڵەبشیما و

خەبەر لێمان بێ خەبەرە...

(مؤذن)ی منارەکان، هەڵەوەڕیی ئیستگەکان...

های هیتلەرە، های هیتلەرە!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ٩٩)

شاعیر لەم چامەیەدا، خۆی دانی بەو ڕاستییەدا داناوە، کە کارەساتەکە هۆش و هەستی (جام) کردووە، ڕێی بیروباوەڕی لێ گرتووە:

من کوردێکم کارەساتێك هۆش و هەستی

جام کردووم و

ڕێی باوەڕ و ئایدۆلۆجیای لێ گرتووم و

(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ١٠٤)

بێدەنگیی ئاژانسی دەنگوباسی جیهانی لە ئاستی ئەم کارەساتەدا، شاعیری گەیاندووەتە ئەوپەڕی نائومێدی و گومانەوە، گومان لە بیروباوەڕ و ئایدۆلۆجیای پێشووی، بە مێژووی شارستانییەتی ناوچەکەدا چووەتە خوارەوە، وێنەی ڕەگ و ڕیشەی دێرینی کورد و ئازایەتییانی دیاری کردووە، کە لە ڕوانگەی شاعیرەوە، گەل و نیشتمانێك خاوەنی ئەم سەرمایەیە بن، دەبێ بۆچی مافی ڕەوایان پێشێل بکرێت و ببنە خۆراکی تاوانباران؟ بۆیە چەمکی ئاینی و فەلسەفی لای مانایان نەماوە و بەشێوەی گومان، پرسیاری بوونیانی کردووە:

سەردەم ئێجگار نامەردانە

دەست و پێی لێ هەڵبڕیوە

دوا دواییە،

گلبوونەوەی بێ باییە...

ماتریالی... ئایدیایە!...

ئایدیایشی، بێ بەهایە!

هەرچی وا لە توێی کتێبی... زەرد و سوورا،

لە عاستی ئەم کارەساتە

هەڵمی ناو دەرپێی (وەعضێکی) ناڕەوایە!
هەزاران گیان لە هەڵەبجە...
بوون بەگەردی دەم ڕەشەبا.
دەنگوباسی سێوسێنان و گۆپتەپەیشی نەخرایە سەر
دە پێم بڵێن، کوانێ خەبەر؟!
ئەو گوندانەی (نارامسین) و (لۆلۆ) و (گۆتۆ)
ڕەشبەڵەکیان تێدا دەگرت.
ئەو گوندانەی ئەسکەندەر و هۆلاکۆیان دایە بەر بەرد!
لەناو گەرووی ئەم خاکەدا...
بوون بە هەناسەیەکی سەرد!
کەسیش نییە لێی بپرسین، کوا ئاین و کوا فەلسەفە؟
(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ١٠٨)

شاعیر ویستوویەتی وێنەی دەروونی هەڵچووی دەربخات، پەنای بۆ شیعر نووسین بردووە، تا لەو ڕێگەیەوە، بەشێکی خەمەکەی دەربخات و وێنەی خەمباریی خۆی و کارەساتی هەڵەبجە و (سێوسێنان) دەربخات، بەڵام لێرەشدا هەستی بەکەموکووڕی دەربڕینەکەی کردووە، دانی بەوە داناوە، کە وزە و توانای دەربڕینی کارەساتێکی وا گەورەی نییە، بەتایبەتی لەم بارە دەروونییە ئاڵۆز و خەمبارەیدا:

دەستم دایە، یەخەی خامە...
ڕەنگە بتوانێ ئازارێك لە هەڵەبجە دەرباز بکا...
من، بای ئیفلیجی لێی داوم
بەشکو ئەوێم بۆ باس بکا!.
لێوم وشکە و، چاوم بوو بە چەمی بێ ئاو
شیعر و هیوا و باوەڕیشم،
بوون بە شووشەی پڕ و شکاو
هەرچی ئەشکی ئەم دنیایە کۆی کەنەوە و من بیڕێژم،

هەرچی وشەی ئەم دنیایە ببێ بە بەیتی شیوەن و
من بیبێژم...
بۆ منالێ لە سێوسێنان
بۆ نۆبووکی هەڵەبجەمان...
هێشتا هیچە و هێشتا کەمە!
(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ١٠٤-١٠٥)

**٦- هەڵسەنگاندنی ڕێژیمی عێراقی و هێرشبردنە سەر ئەو ڕێژیمە و دارودەستەکانی:**

ڕێژیمی عێراقی لە سایەی سامانی نەوتەوە، چەك و جبەخانەکانی خۆی دەوڵەمەند کرد، ئینجا بەهەستی لەخۆبایبوونەوە پەلاماری (ئێران)ی دا و دوای هەشت ساڵ شەڕکردن دۆڕا و تێك شکا، بۆ تۆڵەکردنەوە، پەلاماری گەلی کوردی دا، کیمیابارانی هەڵەبجەش هاوکات بوو لەگەڵ تێکشکاندنەکەیدا... حەسیب قەرەداغیش لەم ڕوانگەیەوە ڕوانیویەتییە، ڕێژیمی عێراقی و بارودۆخەکە، پاش هەڵسەنگاندنی عەقڵییەتی هەمەجییانەیان و لەخۆبایبوونی (نەوت و پرچەکییان)، مێژووی تێکشکاندنیانی گرێ داوە بە دۆخەکەوە:

جانەوەرێك سەرە ڕێگەی دوا هەنگاوی
سەدەی بیستی لێ گرتووین و...
حیکمەتەکانی تەئریخی لەلا بایە!
لە کۆچەڕێی خەلیقەتدا لە هەر کوێیەك
زێراب هەیە،
مەفاهیمی ئەمی تیایە!
هەر چۆنێك شی بکەیتەوە، یەك ئەنجامە
پرسی ئێمەیش هەمان پرسە...
ستەم زۆڵی نەوت و چەکە،
بەری ئەم دۆخ و بارەیە...
(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ١٠٩)

پاشان هێرشی بردووەتە سەر بەناو کوردە خۆفرۆشەکان کە ویژدان و زێد و نیشتیمانیان بە مادە گۆڕیوەتەوە و چاویان تێر نەبووە:

گەدەی کوردی خۆفرۆشیش...

کیسەی بێ بنی پارەیە!!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ١٠٩)

کورد واتەنی (جام کە پڕ بوو لێی دەڕژێ)، ڕێژیمی عێراقی بە پیادەکردنی سیاسەتی جینۆساید لە هەڵەبجە و لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا بەکاری هێنا، پلەی ڕق و کینەی دوژمنانەی بەرامبەر مرۆڤایەتی بەگشتی و کورد بەتایبەتی گەیاندە ئەوپەڕی بێ سنووری، زۆر مەحاڵە ڕۆژێك لە ڕۆژان مرۆڤی کوردی بەویژدان و هەر پارتێکی سیاسیی کورد بتوانێ بە دڵێکی ساف و بێ کینەوە پێوەندیی ئاشتی و یەکەیتی لەگەڵدا دروست بکاتەوە، تاوانەکانی ڕێژیم زۆر لەوە گەورەترن کە دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵی تریش مرۆڤی کورد لە یادیان بکات... ئەم جۆرە تێڕوانینەیە کە وای لە شاعیر کردووە، بەرد بارانی ئەو پێوەندییە (کە ناوی بە پرد بردووە) دەکات کە لە نێوان گەل و ستەمکاردا دەمێنێتەوە، یان دروست دەبێت:

لە نێوان گەل و هەر ستەمکارێ

ئەگەر پردێ ما، بەردی لێ بارێ!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ١٠٦)

شاعیر لێرەدا ئەو وتە باوەی (گەر دوژمن بوو بە پرد بەسەریدا مەپەڕێوە) بە شێوەی کورتکراوە بەکاری هێناوە.

**٧- ئاوێتەکردنی خەمی جگەرسووتانی بەم کارەساتەوە:**

مێژووی ڕوودانی کارەساتی هەڵەبجە لەگەڵ کۆچی دواییی دوو جگەرگۆشەی شاعیردا هێندەیان نێوان نەبووە، چەند ساڵێکی کەمی بەسەردا ڕابردووە، هێشتا شاعیر لە بازنەی خەم و ژانی جگەرسووتانیدا بووە، کە خەمی هەڵەبجەشی هاتووەتە سەر، بۆ شاعیرێکی دڵگەرمی وەك ئەم باوکە کۆستکەوتووە، جگەرسووتانی باوکان و دایکانی هەڵەبجەش برینی جگەرسووتانی نوێ کردووەتەوە، ئەوەتا لەم بەیتە شیعرەدا خەمی ئەو دایکە دوو کۆرپە لەسەر شانە سەر لێشێواو و ئاوارەیە سۆزی مەرگی دوو

جگەرگۆشەکەی خۆی هەڵگیرساندووەتەوە:

خەونەکانت کام بن بەردێ، دەکات بە دەفتەر و دیوان؟

تۆ، بەم کۆچەت سۆزی مەرگی (کەژە و بەهار)ت هەڵگیرسان

(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ١٠٤)

هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، مرۆڤی دڵگەرم کاتێك هەلی دەربڕینی خەم و پەژارەی تری بۆ دەرەخسێت، خەمی دڵی خۆشی هەڵدەڕێژێ، بۆیە شاعیریش بۆ دایکانی هەڵەبجە دەگری و شیوەنی جگەرسووتانی خۆشی کردووەتە بەشێکی شیوەن و لاواندنەوەکەی.(*)

ڕژێمی بەغدا لە دوای ئەنجامدانی کارەساتی هەڵەبجە و ناوچەکانی دەوروپشتی، بە ماوەیەکی کەم پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکانی کوردستانیان خستە بواری عەمەلییەوە، بەناو (قورئان)ی پیرۆزدا گەڕان و سوودیان لە سوورەتی (ئەنفال) وەرگرت بۆ پرۆسەکەیان و شاڵاوی دڕندانەی سەر گوندەکانی کوردستانیان ناونا (ئەنفال)، ئەمەش پێوەست لەگەڵ ئەو ناوەی لە (قورئان)ی پیرۆزدا هاتووە، کە لە کاتی خۆیدا ئەم پرۆسەیەیان لەگەڵ کافرەکاندا ئەنجام داوە.

(ئەنفال) شاڵاوی دڕندانەی هەزاران چەکداری گاردی کۆماری و هێزی تایبەت و ئەمن و ئیستیخبارات بوو بۆ سەر گوندەکانی کوردستان و سەرانسەری کوردستانی گرتەوە، ڕاپێچکردن و دەستگیرکردن و بێ سەروشوێنکردنی هەزاران منداڵ و گەنج و ئافرەت و پیاوی کورد و خاپوورکردنی هەزاران گوندی کوردستان و بەتاڵانبردنی سەر و سامان و پاشەکەوتی ئابووری و وێرانکردنی شارستانییەتی هەزاران ساڵەی گەلی کورد بوو.

پرۆسەی ئەنفال چ وەك تیۆر و چ وەك پراکتیك گرێدراوییەکی ڕاستەوخۆی بەبنیاتە گشتییەکانی شیکردنەوەی بەعسەوە هەیە، بۆ شێواندنی سروشتی گشتیی بنەما کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی گەلی کورد، بیرکردنەوەیەکی قووڵی هەمەجییانەش بوو بۆ تەفروتووناکردنی کورد لە بازنەیەکی نەخشە بۆکێشراودا، کە پێی دەوترا ئەنفال.

---

(*) لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم شیعرە و تێهەڵکێشەکانی لاواندنەوە نین، بگرە زیاتر پێوەندیی هەیە بە بارودۆخی سیاسی و شیعری بۆنەن، بەڵام ڕایەڵی لاواندنەوەشی تێکەڵ کردووە بۆیە لە بەشی لاواندنەوەی گشتیدا، ئاماژەم بۆ نەکردوون و دووپاتم نەکردوونەتەوە.

پرۆسەی ئەنفالە بەدناوەکان، لە ساڵی (١٩٨٨)وە دەستی پێ کرد، شەرمەزارترین و درندانەترین پرۆسە بوو دژی مرۆڤی کورد، ئەنجام درا، تاوانی بێ سەروشوێنکردنی سەد و هەشتا و دوو هەزار مرۆڤی کورد لە منداڵ و ژن و پیر و پەککەوتە و برسیکردن و تینووکردنیان و ئازار و ئەشکەنجەدانیان و زیندانیکردن و بینینی پارچەکانی لاشەی کەسوکاریان لەنێو کەڵبەی سەگە هارەکانی نێو بیاوانەکانی خوارووی عێراقدا و جیاکردنەوەی منداڵی شیرەخۆرە و کۆرپەکان لە سنگی گەرمی دایکیان و جیاکردنەوەی کچە جەحێڵ و جوانەکان و زەفەربردن پێیان و کوشتنی لاوە گەنجەکان و چەندین تاوانی تر کە مێژووی مرۆڤایەتی لە هیچ سەردەم و ڕۆژگارێکدا بەخۆیەوە نەدیوە، لەلایەن هیچ ڕێژیمێکی خوێنڕێژ و تاوانبارە مێژووییەکانەوە پەیڕەو نەکراوە، دیکتاتۆری عێراق بەسەر خەڵکی بێ تاوانی کورددا هێنانی... ئەم کارەساتەش بووە سەرباری دڵتەنگی و خەم و پەژارەی خەڵکی کوردستان و ڕق و کینەیانی ئەستوورتر کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێژیم پاڵەپەستۆی زۆری خستبووە سەر توێژی ڕۆشنبیران و ئەدیبان و هونەرمەندان، بەڵام هەرگیز مۆرکی تاوانباری لە تەوێڵی نەسڕاوەتەوە و هەموو مرۆڤێکی کوردی بە ویژدان و خاوەن هەست و سۆز ئەو داخەی لە دڵدا ماوەتەوە و بەسەرهەڵدانی ئازادی و ڕاوەدوونانی پیاوانی ڕێژیم و کشانەوەیان لە دوای ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی گەلی کوردستان و سەقامگیربوونی دۆخەکە، سەرلەنوێ خەمی ئەنفالەکان تەقییەوە و برینی کۆنی شاعیران و نووسەران هاتەوە ژان و بە بەرهەمیان ئەو تاوان و خەمەیان دەربڕی... حەسیب قەرەداغیی شاعیریش، خەمی کارەساتی (ئەنفال) لە دڵ و دەروونیدا بە زیندوویێتی ماوەتەوە و لە یادی نەکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە سات و کاتی خۆیدا نەیتوانیوە ئەو خەمەی دەرببڕێت، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە، سەرلەنوێ برینی کولاوەتەوە و چوار شیعری بۆ (ئەنفال) نووسیوە، کە ئەمانەن:

(ئەنفال لە حەوت وێنەدا یان لە حەوت قیرائەتا ١٩٩٦/١٠/٦، ئەنفال ١٩٩٤، شیعر بۆ مێردمنداڵان، لەعنەت، لەعنەت ١٩٩٦) تیایاندا وێنەی هەڵچوونی دەروونی خەم و تووڕەیی خۆی دەرخستووە، ئەمە جگە لەوەی لە چەند بابەتێکی جیاجیادا، وەك ڕایەڵەیەك ئەم خەمەی تێکەڵ کردووە و دووپاتی کردووەتەوە و وێنەی تاوانباری ڕێژیمی عێراقی تێدا دەرخستووە... لە ڕوانگەی ئەم چوار شیعرەوە، دەتوانرێت

هەڵچوونی شاعیر لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا کۆ بکرێتەوە، کە ئەمانەن:

١- پێناسینی چەمکی ئەنفال و گرێدانی بەدوژمنانی کوردەوە.

٢- وێنەگرتنی کارەساتی ئەنفال.

٣- نەفرەتکردن لە ئەنفالیستەکان و ئەوانەی لە ئاستی ئەم کارەساتەدا بێدەنگ بوون.

١- پێناسینی چەمکی ئەنفال و گرێدانی بە دوژمنانی کوردەوە:

شاعیر لە ڕوانگەی خۆیەوە ڕوانیویەتییە چەمکی ئەنفال و دوژمنانی کورد، کە بەدرێژاییی مێژوو بەناوی پاراستنی کوردستان و دانیشتوانەکەیەوە ویستوویانە کورد بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، شاعیر نەیویستووە یەکسەر بچێتە ناو کێشەکەوە و خەمی شاڵاوی دڕندانەی ڕێژیمی عێراقی لە (ئەنفال)ەکاندا دەربخات، بگرە گەڕاوەتەوە بۆ ڕابردوو لە سەرەتای سەرهەڵدانی هێرشی ئەنفال بۆ سەر گەلەکەی چەمکی ئەنفالی دۆزیوەتەوە:

ئەنفال... ئەنفال
قەپی دڕندەی ئاشتییە
وتەیێکی بێ باییە
شمشێرێکی زۆر ڕزیوە
خوێنی گەلانی مژیوە
سەدە بە دوای سەدە و چەرخا هاتە خوارێ
ئەتوت تاعوونێکی ڕەشە و، دادەبارێ
گەرمیانی دی، کوێستانی دی
بەسەر بادینانداتەپی
وشەی کوردی خستە ژێر کەڵبەی قەپی(١)

لە شیعری (ئەنفالەکان لە حەوت وێنەدا یان حەوت قیرائەتا ٦/١٠/١٩٩٣) بەزمانی مرۆڤێکی کوردەوە، دەنگی ویژدان و فیکری خۆی لەبارەی دوژمنانی گەلی کوردەوە کە بە درێژاییی مێژوو دەستیان لە چەوسانەوەی کورددا هەبووە،

---

(١) ڕێگای کوردستان، ژمارە: ١٠٣، ساڵی : ٤٩، سێشەم، ١٢/٤/١٩٩٤، ل ٣.

دەستنیشانی کردووە، ئەوانیش ڕێژیمە یەك لە دوای یەکەکانی (عەرەب و فارس و تورك) بوون:

ئەمن کوردم، زۆر لەمێژە، ئەنفالێك هات...
وتی″ (أنی) ڕابەرتانم!
ئەنفالێك هات، وتی (مەن) (خودی مەن) پدەرتانم!
ئەنفالێك هات، خۆی وتی: (بەن) تاك و سوڵتان و سەروەرتانم!
(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ٩٣)

شاعیر ویستوویەتی بەشێوەیەکی گشتی پێناسەی (ئەنفال) بکات و گرێی بدات بە شالاوی ئەنفالی ڕێژیمەوە، وەك دەڵێت:

ئەنفال... ئەنفال
بوو بەژەهر کرایە ناو بێشکەی مناڵ
لەناو ناخی زیندوواندا بوو بە قەپ و چنگ و چەتاڵ
وەکو لەکە خۆی کرد بەناو ڕووسووریا
خۆی کرد بەناو باخ و گوڵا
ئاگری ڕەشی، ئاگری خەشی، ئاگری فاشی نوێ بوو
واتە سەدام، واتە کوشتار، واتە بەعسی فاشی ڕەفتار
واتە لەعنەتی ئەم گەلەی، ئەم ئازارەی لە دڵدایە
چاوی لە تەخت و ئالایە
لە ئازادیی بیروڕایە(١)

لە شیعری (شیعر بۆ مێردمندالان)دا، پێناسەی (ئەنفال)ی کردووە و پاشان مەحکومی ئەو تاوانەی کردووە:

هۆ دادەکەی لەچك ڕەش و فرمێسك لە چاو!
ئەنفال دەردی بێ ئامان بوو...
پەتا و درم و شێرپەنجە بوو،

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کڵپەی گڕی نێو زامان بوو...
وشکاییی شیری مەمان بوو!
ڕچەشوێنی هەوارگەی خزم و خێزان و باوان بوو!
خیانەت بوو، جینایەت بوو.
(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ٦٦)

٢- وێنەگرتنی کارەساتی ئەنفال:

لە شیعری (ئەنفالەکان لە حەوت وێنەدا...) شاعیر کارەساتی ئەنفالی لە حەوت وێنەدا دەرخستووە، وێنەکان بە شێوەی گێڕانەوەی کارەساتەکەیە، لە زمانی (ژنێك، مێردێك، دایکێك، باوکێك، گوندێك، کوردێك)ەوە، کارەساتەکە دەگێڕێتەوە، گەر سەرنجی شاکەسەکانی- ناو ئەو وێنانە بدەین، دەبینین پێنج کەسی یەکەمیان، کەسانی ناو خێزانن، شەشەمیان سروشتی وێرانکراوی کوردستانە و حەوتەمیان ویژدانی مرۆڤی کوردە، واتە شاعیر لە خانەیەکی بچووکی ناو کوردستانەوە کە (خێزان)ە بەرەو سنوورێکی گەورەتر چووە، هەڵبەتە شاعیر ویستوویەتی بەم شێوە داڕێژراوە، وێنەی تەواوی کارەساتەکە لە زاری خێزانێکەوە وەربگرێت و دواتر گوندێك و ئینجا کوردێك کە ڕەمزە بۆ سەرجەمی دانیشتوانی کوردستان، بەم شێوەیە (خێزان، گوند، کوردستان)، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بوعدێکی فراوانتری بەخشیوەتە کارەساتەکە و وێنەی پڕ بەپڕی ئەو کارەساتەی گوێزاوەتەوە زیهنی خوێنەر و نەوەکانی دوارۆژ... لە ڕاستیشدا بەناخی هەریەکە لەو کەسانەدا چووەتە خوارەوە و وێنەی تەواوی باری دەروونی شڵەژانی کۆمەڵایەتی دەرخستوون، بۆ نموونە لە وێنەی یەکەمدا، ئافرەتێکی کوردی وەرگرتووە، بەزمانی ئەوەوە ناسۆری لێك ترازانی لەگەڵ مێردەکەیدا دەرخستووە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا کێشەیەکە، هەتا ئەمڕۆ خێزانی- ژن ئەنفالکراوەکان پێوەندیی دەناڵێن و یەکێك لە مەبەستەکانی ڕژێم ترازاندنی پێوەندیی کۆمەڵایەتیی گەلی کورد بوو، وێنەی هەناسەساردی ئەو ژنە مێرد ئەنفالکراوەی پیشان داوە، کە نائومێد بووە لە ژیان و توانا و وزەی بەرزکردنەوەی ئاه و هەناسە ساردی بۆ بارەگای خواش نەبووە، ئەمەش لووتکەی نائومێدی و دەست شتنە لە ژیانی ئەمڕۆ و سبەی:

١– من ژنێکم، ئەنفال هات و مێردەکەمی لەبن دەست نا و
بردی و بردی...
لە هاوارێك... لە گەرووما بەتاساوی گەڕایەوە –
زیاتر منیش چم پێ نەکرا.
پێشم وابوو ئەو هەناسەم بۆ بارەگای خودایش نەبرا!
(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ٩٠)

پێ دەچێت شاعیر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بەوە کردبێ، کە تا ئێستا خێزانی ئەنفالکراوەکان، چارەنووسیان ساغ نەبووەتەوە و بەهەڵواسراوی ماونەتەوە، بۆیە هێندە نائومێد بوون لە ژیان و دەستیان لە خۆیان شتووە.

لە وێنەی دووەمدا، شاعیر وێنەی پیاوێکی (مێرد) ژن ئەنفالکراوی دەرخستووە لە ناخی پیاوێکی کوردەوە و ڕوانیویەتییە کارەساتەکە، کە ژنەکەی لە سایەی ئەودا ژیاوە و ژیانی بۆ دابین کردووە، ئێستا دوای چاوەڕوانیی زۆر خەمی خواردن و خواردنەوە و دەست بەئاوگەیاندنی دەخوات، لەناو دڕندەکانی ڕژێمدا:

٢– من مێردێکم، ئەنفال هات و ژنەکەمی وەکو سێوێ
لە درەختی باوەشمەوە خستە خوارێ...
بەیانی بوو... چاوەڕێم کرد تا ئێوارێ...
نەهاتەوە
نەمدەزانی ئاخۆ چلۆن نانێ دەخوات؟!
ئەی چۆن ئاوێ دەخواتەوە!
لەناو نێرە گورگی شەڕا چۆن لە ڕووی دێ،
کە ناچار بوو، کراسی خۆی هەڵبداتەوە؟!
(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ٩٠)

لە وێنەی سێیەمدا وێنەی باری دەروونی دایکێکی کوڕ ئەنفالکراوی نیشان داوە، وێنەی وشکایی هاتنی فرمێسکی چاوی دەردەخات و لە زمانی ئەو دایکەوە دەڵێت:

٣– من دایکێکم، ئەنفال هات و
کوڕەکەمی پەلکێش کرد و لێی دابڕیم...

زووتر فرمێسك لە چاومدا هەڵدەقووڵی...

وشکایی هات!

چاوم چووە تەوقی سەرم، ڕێگەی بیناییی لێ بڕیم

(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ٩١)

لە وێنەی چوارەمدا، وێنەی باری دەروونی باوکێکی کچ ئەنفالکراوی نیشان داوە، لە زمانی باوکێکی کوردەوە، کە ئابڕوو و شەرەفی کەوتووەتە دەستی بێ ڕەوشتەکانی ڕێژیمەوە، سەری لە مانی خۆی سوڕماوە، بۆ زیاتر هەژاندن و هەڵچوونی دەروونی خوێنەر، ستایشی جوانیی لەشولاری کچەی کردووە:

٤- من باوکێکم، ئەنفال هات و کچەکەمی پێچایەوە.

کچ چ کچ بوو: سینگ و مەمکی هەڵگڕابوو.

چرای خۆزگەی دەیان لاوی لەبەر پێدا هەڵکرابوو!

چەتەوڵێکی چڵکن بوو، (سوورە)ی ئەنفالی لەبەر بوو،

عوگلی عورووبەی لەسەر بوو!

بردی و بردی...

ئێستەش هەر خۆم بە خۆم دەڵێم:

باوکی نەگبەت! چۆن نەمردی؟!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ٩١)

لە وێنەی پێنجەمدا، لە زمانی لاوێکەوە ڕوانیویەتییە کارەساتەکە و چۆنیەتیی هاتنی دڕندەکانی ڕێژیم بۆ سەر گوندەکەیانی دەرخستووە، کە لەو کات و ساتەدا منداڵ بووە و بێ ئاگا بووە لەو دۆخە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێك شیکاری تاوانباری و بێ ئابڕوویی ئەوانەی لەژێر ناوی (عروبە)دا هاتوون چارەنووسی خەڵکی گوندەکەیان بەرەو نادیار بردووە و سووکایەتییان بە ئابڕووی گەنجەکانیان کردووە، بۆیە نەفرەتی لەوان و لە هاوکارانیانی کردووە:

٥- منداڵێك بووم... لای بەیانی،

ئەنفال ڕووی کردە دێکەمان...

دەرگای ڕۆژی لێ داخستین

باوەشی جاش و عەسکەری بۆ ڕاخستین.
کام کچ جوان بوو،
کام ژن، نەرمە گۆشتی ڕان بوو...
کام کوڕ(...)(*) بە ئێسقان بوو...
دایاننەبەر
تا ڕووخاننە نێو پێچاڵی دوایین تەماشای ڕاگوزەر!
ئەوان لە من بێ ئاگا بوون،
منیش لە باسیان بێ خەبەر...
وەك ڕووداوێکی بێ تەتەر
بوون بە لەعنەت بۆ سەرچاوەی زشتی قەدەر!
(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ٩١–٩٢)

لە وێنەی شەشەمدا، لە زمانی گوندێکی گەرمیانەوە، وێنەی کارەساتەکە و بە هەمان شێوەی پێشوو شاڵاوی دڕندانەی ڕێژیم بۆ سەر ئەو گوندەی دەرخستووە، ئەوەی نوێ بێت تیایدا، تێڕوانینی ڕێژیمە بۆ مرۆڤی کورد کە وەك کافر سەیری کردوون و هێرشەکەیان بە– غەزا– داناوە:

من گوندێك بووم لەو گەرمیانە...
بەیانییەك بە تیشکی خۆر چاوی خۆم ڕشت...
شەوێکی کەی ترس و خەمم پێچایەوە،
دەمی ڕێ و بان کرایەوە.
لەو شوێنەوە کە خۆر هەڵدێ،
لەو خەتەوە کە قیبلەیان بۆم شەخڵ کرد...
ڕمووزنی ئەنفالەکان سەریان کێشا،
وەکو غەزای پێشینانیان، وەکو زریانی خوێناوی...
هەرچیم تیا بوو ڕایان ماڵی...

(*) ئەم بۆشاییە وشەیەکی بێ پەردە بوو نەتواندرا تۆمار بکرێت.

نێر و مێیان دا بە کۆڵا!
ڕێچکەی خوێنیان کرد بە خۆڵا!
ئێستە من شوێنپێی تاوانم...
نوغرۆیەکم ناوی زامانم نازانم!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ٩٢-٩٣)

٣- نەفرەت کردن لە ئەنفالیستەکان و ئەوانەی لە ئاستی ئەم کارەساتەدا بێدەنگ بوون:

لە شیعری (ئەنفالەکان لە حەوت وێنەدا، یان لە حەوت قیرائەتدا)، لە وێنەی حەوتەمدا لە زمانی کوردێکەوە (وەك دەردەکەوێت لە شیعرەکەدا ئەم تاکەکەسە زمانحاڵی نەتەوەی کوردە) نەفرەتی لە ئەنفالیستەکانی نێو مێژووی نەتەوەکەی کردووە، ئیدانە و مەحکومی تاوانبارییانی کردووە، ئەم هێرشەی لەگەڵ هەندێ وێنەی کارەساتی ئەنفالدا ئاوێتە کردووە و تانە و تەشەر لە مێژوو و بێدەنگی لە ئاستی ئەم کارەساتەدا داوە:

ئەنفالەکان!
هەر هەمووتان لەعنەتین و قێزەونن...
ئێوە بە قەولی کتێبان لەناو مەڵاسێکا ونن
ئێوە هەر بەچ دەخەنەوە،
ئێوە توونێکی بێ بنن!
نەوسنێکی چاو لە منن!
کوا سەرپۆشی ڕەشی دایە!
سوخمە و کراسی دادڕاو؟
(...............)(*)
مێژوو باسی لە چیدایە...
بۆ ئەم ڕۆژگار و دنیایە؟!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ٩٣)

(*) ئەم دێرەش هێندێ وشەی بێ پەردەی تێدا بوو بۆیە تۆمار نەکرا.

یان لە شیعری (لەعنەت، لەعنەت ١٩٩٦)دا بەژمارەی ئەنفالەکان نەفرەت و جنێوی داوە بە ئەنفالیست و ئەوانەی لە ئاستی کارەساتی ئەنفالدا بێدەنگ بوون:

سەد و هەشتا هەزار لەعنەت...
سەد و هەشتا هەزار جنێو!
هەرچی قسەی سووك و سوێری ئەم دنیایە
لە هەمووتان... ئەنفالیست و
لە هەمووتان... ئەی ئەوانەی
بۆ باسی ئەم کارەساتە
بۆڵەیەکتان لێوە نەهات، نقەیەکتان لێوە نایە!!
لە هەمووتان ئەی ئەوانەی بۆ ئێمەی کورد
بڵندگۆیەك ناهەژێنن!
مناڵێکی چاو ئێشاومان بەلانکەیێك
ناخەوێنن!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ٨٥)

ئەم شاڵاوە بەدناوانەی (ئەنفال) کە ڕێژیمی عێراقی لە دوای کیمیابارانی (هەڵەبجە)وە ئەنجامی دا، لە ئەنجامی ئەو هێز و دەسەڵاتە بوو کە لە سایەی سامانی نەوتدا پەیدای کردبوو و گەیاندبوویە ئەوپەڕی ڕادەی لە خۆباییبوون و لە ئەنجامدا دوو شەڕی وێرانکاریی لەگەڵ (ئێران و کوێت)ی بەدوا هات، کوردیش تیایاندا تووشی نەهامەتی و ماڵوێرانی و هەڵمەتی جینۆساید بوو، لەم ناوەدا گەلی کورد بەکافر و لە دینبەدەر و یاخیبوو لە قەڵەم درا و، چەکە کیمیاوییەکانیان پێ تاقی کردەوە، ڕاپێچی (ئەنفال و ئەنذال) کرا و ژینگەی ژەهراوی کرا، حەسیب قەرەداغیش لە شیعری (مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت مەرحەبا ٣/٢/١٩٩١)(*)دا، کە بەبۆنەی شەڕی (عێراق و

(*) ناونیشانی ئەم شیعرە، لە شیعری (بەبۆنەی بۆمبای ئەتۆمەوە)ی (بێکەس)دا وەرگیراوە کە بەبۆنەی بۆمبای ئەتۆمەوە کە ئەمەریکا لە هیرۆشیما و ناکازاکی بەکاری هێنا، نووسیویەتی و دەڵێت:

تف لە عیلم و سنعەت و صەد کارەبا
مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت مەرحەبا

(دیوانی بێکەس، سلێمانی، ١٩٩٩، ل: ١٣٠) =

کوێت)ەوە نووسیویەتی و تیایدا ئەو شەڕەی مەحکوم کردووە، خۆزگە بەو ڕۆژگارانەی پێشوو دەخوازێت کە (کەر) هۆکاری هاتوچۆ و کار ڕاپەڕاندن بووە، تف لە پێشکەوتنە بەناو ژیارییەکان و شۆڕشی تەکنەلۆجیا دەکات، ئەو پێشکەوتنەی کە لە عێراقدا هاتە گۆڕ و لە ئاکامیدا هێرشەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالەکان ئەنجام درا، لە پاڵ ئەو دەربڕینانەدا هێرشی بردووەتە سەر ئەنجامدەرانی پرۆسەی ئەنفال:

بە ژمارەی هەموو پیتی ئایەتەکان،
کچ، سەرنگووم، کوڕ، سەرنگووم...
ژن سەرنگووم، پیاو سەرنگووم...
بە ژمارەی پیتی هەموو ئایەتەکان فرمێسکی سوێر
بینایی کوێر...
مەفاهیمی سەر بەرەوژێر!
ئەنفال هێشتا مارشی جەنگە و لوولەی تۆپان لەبەریانە،
ئەنفال بوو بە کڵاو ئاسن، حەزارەتیش(*)... لەسەریانە.
قیرائاتی تیسعە دێنن بۆ سوورەتی:
سەبعەی ئەنذال
موفەسرین، حازریەکەن، هەزار قیل و هەزاران قال!
ئایەتەکان بهۆننەوە، قەطعی ڕەحم و قەطعی ئەوصال
ئەنذال، دەبن، بەمامۆستا و ئەنفال دەکەن بە مەدرەسە(**)
مێژوو وەکو سەگ ڕاودەنێن، بۆ ژێر هاڕەی ئەم هەرەسە!
(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ٣٦)

= (بێکەس) لەم شیعرەدا مەحکومی پلەی ژیاری و شۆڕشی تەکنەلوجیا دەکات، کە مرۆڤ لە سایەی پێشکەوتنەوە، گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بۆمبای ئەتۆم بۆ قڕکردنی خەڵکی دروست بکات.

(*) ئەم وشەیە لە سەرچاوەکەدا (حەزاڕەتیش) نووسراوە، بێگومان ئەمە هەڵەی چاپە و ڕاستییەکەی (حەزارەتیش)ە.

(**) هەرچەندە ئەم دوو شیعرەی پێشوو، لەناو ئەو چوار شیعرەدا نییە، کە ئەو سی خاڵەی پێشووی لێ هەڵهێنجرا و لە بابەتێکی تردا وتراوە، بەڵام لەبەرئەوەی پێوەندیی هەبوو بە بەباتەکە و بەخاڵی سێیەمەوە، بۆیە لێرەدا ئاماژەی بۆ کرا.

سالانی هەشتاکان، سەختترین سالانێك بوو کە گەلی کوردی پێدا تێپەڕ بوو، زامێکی سارێژ نەبووە، زامێکی نوێی هاتووەتە پاڵ، بوونی کۆمەڵێك کارەساتی لە دوای یەکی دڵتەزێن وای لە شاعیر کردووە کە بەرگێکی ماتەمینی بەزۆربەی شیعرەکانی ئەو سالانەیدا بپۆشێت، لە شیعری (سوجدەی ستایش ۱۹۸۹/٦/۹)دا کۆمەڵە پەیڤ و وێنەی شیعری وەك (بێ خەڵوەتی، وێرانە ژوان، وەیشوومە، گەردەلوول، خەمخواردنی دڵداران، بورجی ڕەشەبا، یاری بێ ئاڵ و والا، بازاڕی بێ کالا، سیمرخی باڵ شکاو، مەرگەوەڕ، خەنجەری کول)ی بەکار هێناوە کە هەموویان ڕێگر و بەربەستی سەرفیرازی و ئاسوودەین، ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەو بارودۆخە سەختە سیاسییەی گەلی کوردی تێدا تێ پەڕیوە:

گەردەلوولە، بورجیش بورجی ڕەشەبایە

یارم بێ ئاڵ و والایە

بازاڕی ئەم کۆلیلەیشم وا دیارە بێ کالایە

مەلی- سیمرخ- باڵ شکاوە

(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ٥)

ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ۱۹۹۱ لووتکەی تەقینەوەی ژان و ئەشکەنجەی چەندین ساڵەی گەلی کورد بوو بە ڕووی ڕێژیمی عێراقیدا و لە چەند ڕۆژێکی کەمدا زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لە ژێر چنگی ئەو ڕێژیمەدا ڕزگار کرا، حەسیب قەرەداغیی شاعیریش چەندین ساڵ بوو خەونی بەو ڕۆژەوە دەبینی و ئاواتەکەی هاتە دی، لە گەرمەی ڕاپەڕیندا بەجوانترین و بەرزترین چامەیی نوێی (من هیچ ناڵێم ۱۹۹۱/۳/۱۵)(*) پێشوازیی لە ڕاپەڕین کرد، کە دەربڕینی خۆشی و شادی و کاردانەوەی سەرجەم خەمی چەند ساڵەی بوو و تەقینەوەی ژان و ئەشکەنجەی زوڵم و ستەمی ڕێژیمی عێراقی بوو... بەلام هێندەی نەخایاند لە سەرەتای مانگی نیسانی هەمان ساڵدا، گەلی کورد ڕووبەڕووی گەورەترین ڕووداو و کارەسات بووەوە، کە

(*) لەبەرئەوەی لە ڕوودا هیچ جۆرە دیاردەیەکی خەمی پێوە دیار نییە، بۆیە نموونەی شیعریم لێ وەرنەگرت، بەلام لەبەرئەوەی ڕەنگدانەوەی تامەزرۆیی و بەئاوات گەیشتنی و مانای لەناوچوونی خەمە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی گەلی کورد و نیشتمانەکەیەتی، بۆیە بەکورتی باسی لێوە کرا.

ئەویش (کۆڕەو)ێکی سێ ملیۆنی کوردی دەربەدەر بەرەو سنووره دوژمن کردەکان، دەستی پێ کرد، (شێخ حەسیب)یش خۆی و ماڵ و منداڵی ڕێی هات و نەهاتی دە شەو و ڕۆژیان گرتە بەر، بە پێ و بەناو قوڕ و لیتەوە لەژێر لێزمەبارانی ئەو بەهارەدا، بەناو ڕێگە مینڕێژەکانی ڕێژیمدا، ڕۆشتن تا گەیشتنە (سەردەشت)ی کوردستانی ڕۆهەڵات، پانۆرامای ئەم گەشتە کارەساتاوییە، لە چامەیەکی نوێی کەم وێنەدا دارِشتووە و کردوویەتییە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی بۆ نەوەکانی دوارِۆژی کورد، کە ئەویش چامەی (شەو و گریان و مەرگ)ە، لە (سەردەشت) لە مێژووی ٢١/٤/١٩٩١دا دەستی بەنووسینی کردووە، دوای گەرانەوەی بۆ شاری (سلێمانی) لە مێژووی ٩/٦/١٩٩١دا پێشەکیی بەشیعر بۆ نووسیوە و لە مێژووی ١١/٦/١٩٩١دا پاشەکیی بۆ نووسیوە، ئەم چامەیە بەپێشەکی و پاشەکییەکەیەوە، برێتییە لە: سەد و حەفتا و یەك دێرە شیعر، کە هەندێك لە کۆپلەکانی بە (دەگریم، بگرین) دەست پێ کردووە و (١١) جار دووپاتی کردووەتەوە، نرخ و بەهای بەرزی ئەم چامەیە لەوەدایە کە هەر لە ئێوارەی ٣-٤/٤/١٩٩١) کە دەنگوباسی هاتنی سوپای ڕێژیم بەرەو کوردستان لە شاردا بڵاو بووەوە، جموجۆڵی خەڵکی و خۆپێچانەوەیان بۆ ڕەو و بەجێهێشتنی شار و ماڵ و کەلوپەلی ژیانیان، هەتا دەرخستنی وێنەی تەواوی کۆڕەوەکە و ڕێگە دژوارە پڕ لە مەترسییەکان و دەرخستنی باری دەروونیی خەڵکەکە و هاوار و ناڵە و پەنابردنیان بۆ وڵاتان و بۆ خوا و پێغەمبەران و ئەفسەری بێگانە و دێهاتەکانی ئێران:

پەنا، پەنا، ئەی وڵاتان کوا پەنامان؟

ئێوە وەرن بە هانامان

ئێمە گەلی پەناهەندەین، هەزار ساڵە...

مێژوومان هەر تاڵە و ژاڵە.

بەری ڕێگامان... پێ چاڵە!

خاوەن خاکێکی بێ وارین...

..............................

پەنا، پەنا خوایە، پەنا!

ئێمە پەنا، بۆ کوێ بەرین؟

هەزار ساڵە شەوێك بێ خەم، سەرمان نەنایە سەر سەرین

پەنا ئەفسەری بێگانە، سا پەنایە،
بێ سەر دەڕۆین.
نە سەر ماوە لە سەرمانا و نەمایە!
..........................

پەنا (سنجوێ) پەنا (بێژوێ) پەنا (سەردەشت)!
پەنا، پێغەمبەری ئێمە، پەنا، عیسا، مووسا، زەردەشت!
قورئان، ئینجیل، هۆ تەورات و هۆ ئاوێستا!
دەست و پێمان جەمام بووە،
خوێن لە لەشمانا ڕچیوە.
........................

(فەرهەنگی خەم ٤، ل:١٧٨-١٧٩)

شایەنی باسە (١٨) جار زاراوەی (پەنا)ی دووپات کردووەتەوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا مانای ئالۆزی باری دەروونیی بێ ئارامی و شلۆقی دەگەیەنێت... بەتایبەتی کە کۆڕەو و بەجێهێشتنی ماڵ و نیشتمانی و چۆڵکردنی سەنگەر و زەوینە خۆشکردن بۆ هاتنی سوپای عێراقی هەرگیز لە بەرنامەیدا نەبووە، بەڵام دوای بڵاوکردنەوەی پارتەکان و ئامادەیان بە چۆڵکردنی شار و کۆڕەو و لەژێر پاڵەپەستۆی ماڵ و منداڵیدا شارەکەی بەجێ هێشتووە(*)، ئەم ڕەوە کارێکی زۆری کردووەتە سەر دەروونی شاعیر و ئەوەتا بەیەکێك لە سەرسوڕهێنەرەکانی جیهانی داناوە، ئەم ڕەوەی خۆی کردووەتە (عاجباتی هەشتەم)ی ئەم جیهانە کەوا هەشت شەوە بەرێوەیە و هێشتا ماوە و نەمردووە، پێی وایە ژیانی هێندە خۆش و لا بەنرخ نەبووە، سزای وای بۆ بچێژێ و شارەکەی بەجێ بهێڵێ، لەم کەشوهەوا سارد و باراناوییەدا و لەژێر لق و پۆپی داراندا بژی و سەری بێزاری بۆ لای خوا بەرز بکاتەوە:

(*) «لە شەوی کۆڕەوەکەدا باوکی خەبات ڕازی نەبوو شار بەجێ بهێڵێ و زۆری لا ستەم بوو ڕێ بۆ سوپای ڕێژیم خۆش بکرێت، بەڵام دوای چۆڵبوونی شار و گەڕەکەکەمان و لەژێر پاڵەپەستۆی من و منداڵەکاندا، سەعاتی سێی ئەو شەوە لەگەڵماندا هات و بە پێ بەرەو ئێران کەوتینە ڕێ».
(خاتوو عائیشە، چاوپێکەوتن، ٢٠٠١/٢/٢٥، هەولێر)

دەگریم، بگرین
شەوی هەشتەم بوو بە عاجباتی هەشتەمی،
ئەم دنیایە،
چۆن من ئەمێستا زیندووم و بە پێوەوەم؟
هێشتا مەرگ نەیگرتووم و بە رێوەوەم!
گوایا ژیان هێندە خۆش بوو ئەم سزایەی بۆ بچێژم؟
گوایا ژیان هێند بە نرخ بوو...
ئەو گشت ئەشکەی بۆ برێژم؟
چ سیحرێ بوو، منی وەها کەمەنکێش کرد
شاری خامۆشم جێ هێڵم،
پشتێنی خۆم بجەرێنم...
لە بارانا... لەژێر لق و پۆپی دارانا
بە رووی خودا سەری بێزاری هەڵبرم؟!!!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ١٨٠–١٨١)

لە شیعری (دایە حەوا)دا کە دیسانەوە بەبۆنەی کۆڕەوی ساڵی **١٩٩١**ەوە نووسیویەتی، تێیدا لە شێوەی گفتوگۆیەك لە نێوان (سەردەشت) و ئاوارەکانی کۆڕەوەوە سکاڵا و نارەزایی بێ بەختی نەتەوەکەی دەربڕیوە:

– سەردەشت وتی: ئاوارەکان!
ئێوە لە کوێوە هاتوون و بۆ کوێ دەچن؟!
وتیان: لە خاکی خەمەوە کۆڵ بە کۆڵین
مردن توێشووی سەفەرمانە
ئەشك و دووکەڵ دەخۆینەوە
تەن لە گێژاو بۆرانی کۆچی رەشدا دەشۆینەوە
دەچین بۆ لای دایکە حەوا
لێی دەپرسین:

– لە میراتی باوە ئادەم ئێمە چیمان پێ براوە؟!
سەردەشت وتی: هەر مەپرسن
داوی ستەم لەو ڕۆژەوە ئەو دەیرێسێ و
لەسەر ئێوە هەڵکراوە!(١)

لە دوای دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پیادەکردنی پرۆسەی پەنجا بە پەنجا و سەرهەڵدانی گیروگرفتی نوێ و دیاردەی چەوت و دزێو بڵاوبوونەوەی دووبەرەکی و ململانێ و کێبەرکێی نێوان پارتەکان، قەڵەمی خۆی تاو دایەوە و بووە سەرقافڵەی هەموو بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە یاخیبوون دژی ناپەسندەکان، ئەم جۆرە هەڵوێستانەی شێخی شاعیران خۆی لە خۆیدا بەڵگەی خەمباری و خەمخۆرییە، ئەوەتا لە شیعری (بۆ ڕاپەڕین ١٩٩٣/٣/٧)دا (ئاماژەیە بۆ ڕۆژی ڕاپەڕینی جەماوەری شاری سلێمانی لە ١٩٩١/٣/٧ گەیشتووەتە ئەوپەڕی دڵشکاوی، کە ئاکامی خوێنی شەهیدان وا بەرەو هەرەسهێنان دەچێت و دیاردە ناپەسندەکان دەبنە ڕێگری ئاکامی ئازادی و سەرفیرازیی گەلی کورد، نەفرەتی کردووە لەو دیاردە بڵاوانەی سەرلەنوێ شەهیدەکان دەکوژنەوە:

بەڵێن کوانێ؟
فرمێسك دەڵێ من بۆ خەسار قوڵپم داوە؟
دایك دەڵێ من بۆ خەسار قوڕی خەستم لەسەر ناوە
ئەو پیرانەی بە دوای هێلنجی ئەنفالا ژیانەوە
عەرزوحاڵیان وەرگرتەوە... دەڵێن هانێ
بەڵێن کوانێ؟ دڵشکاون ئەوان مردوو ئێوە ماون
نوێژی غائب مزگەوت دەرگای لەسەر داخست
هەزار لەعنەت لەو پەتایەی لە کوردستانی ئازادا شەهیدی کوشت!!
پێی دایە بەر پێی ڕاپەڕین،
..........................
هەزار لەعنەت لەو پەتایەی، ڕاپەڕینی خستە جێگا

(١) کۆواری سروە، ژمارە: ٤٣،ساڵی: ٧، ڕەزبەری ١٣٧٠، ل ٤٠.

شەهید لە گۆڕ وەدەر دێنیٚ، دەیکا بەقوڵی سەر ڕێگا
دەیکا بەقوربانی حیزب و پراکتیك و پرەنسیپ و هەندیٚ پێگا![(١)]

لە شیعری (هەوراز)دا کێشەی دەروونی شاعیر قووڵتر و ڕوونتر بووەتەوە، لە کێشەی گشتییەوە کردوویەتییە کێشەی تایبەتی خۆی، سەختی و ئاڵۆزیی باری ئابووریی ساڵانی دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکوومەتی هەرێم و سەرقاڵی حزبەکان بەکێشەی ململانیٚ و قۆستنەوەی ئەو هەلە لەلایەن کەسانێکی کەم ڕەوشت و بیٚ ویژدانەوە، هێندەی تر شاعیری خەمبار کردووە، تەنانەت هەموو پەیڤ و شیعرەکانی کە بۆ مەبەستی یەکسانی و تەبایی و ئاشتی وتبووی وا هەستی کردووە چ سوودێکیان نەبووە، بۆیە زۆر بەتوندی هێرشی بردووەتە سەر ئەوانەی خەونی خۆشیان لیٚ تێك داوە و باری گوزەرانیان داتەپاندووە:

نامەردینە، حەرف و پەیڤ و شیعر و وتار
کە، داهێنرام ڕەنگە بکرێن بە دارتەرمم
ڕەنگە بکرێن بە پەلاسێکی بیٚ بایەخ بۆ سەر شەرمم
ڕەنگە ساردی بکەنەوە جواناوی لالێوی گەرمم
ڕەنگە بمکەن بە نەفخی هەر خوداوەندێك
بمکەنە زاری مریەمیٚ

..........................

داری واوەیلای ئاپۆڕای خەم و خوێنم
زۆر دەمێکە–سالە شێت –ی(*) نێو بازاڕی پەڵ و جوێنم
بێن و تەماشای دەورم بکەن دەپێم بڵێن کیٚ بدوێنم؟
ئەشکم بەسەر کام هەناسەی ساردی خۆما هەڵوەرێنم؟![(٢)]

شێخ حەسیب هەردەم بەترسەوە لە کێشە و گرفتە ناوەخۆیییەکانی نێو گەلەکەی ڕوانیوە و ترساوە ببنە هۆی درز پێبردنی کەسییەتی نەتەوەی کورد و لەوێشەوە گەرای

(١) ڕۆژنامەی: ڕێگای کوردستان ، ژمارە: ٥١،، ساڵی: ٤٨، سیشەم، ١٩٩٤/٣/٣٠، ل: ٣.
(*) سالە شێت، شێتێکی شاری سلێمانی بووە لە ساڵانی پەنجاکان و شەستەکاندا، بەسەر شەقامەکانی سلێمانیدا گەڕاوە و بەردی گرتووەتە خەڵکی و جنێوفرۆش بووە.
(٢) ڕۆژنامەی ئالای ئازادی، ژمارە: ١٠٣، ١٩٩٣، ل: ٥.

دووبەرەکی و ئاژاوە زاووزێ بکا و کیانی یەکەتی و تەبایی کرمۆڵ ببن و هەرەس بەو کەسێتییە بهێنن، کاتێك شەڕی نێوان (پارتی و یەکێتی) لە ساڵی (١٩٩٤)دا دەستی پێ کرد، قەڵەم و فیکر و زمانی نەترساوی تەرخان کرد بۆ دژایەتیکردنی ئەو شەڕە کوردکوژییە و چەندین هەوڵی دا بۆ گەڕانەوەی ئاشتی و تەبایی و زاڵبوون بەسەر عەقڵێتیی تەسکی حزبایەتی لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا... لە کاتی ئەو شەڕەدا خەم و ئازارەکانی شاعیر تا دەهات زیاتر دەبوون، خەونەکانی لەپێش چاویدا هەرەسیان دەهێنا، ئەم خەم و ژانانەی لە چەند شیعرێکیدا بەئاشکرا دەردەکەوێت، وەك شیعرەکانی (ناکۆکەکان ١١-١٥/٦/١٩٩٤، خەڵکی نیشتمان جێ دەهێڵن، من نیشتمان بەجێی هێشتووم ١٠/٢/١٩٩٥، وەرن ١٣/٧/١٩٩٥، کێڵگەی زامان ١٩/٩/١٩٩٥، هۆنراوەیەکی سادە ١١/١١/١٩٩٦، نیشتمانم لە تەمەنی دوو هەزار و حەوتسەد ساڵیدا ٢٢/١١/١٩٩٦، بۆ ئەو بێ نازانەی تەنها لە سوێنی درۆدا بەسەریان دەکەینەوە ٢٦/١٢/١٩٩٦)، دەتوانرێت لە ڕوانگەی ئەم شیعرانەوە خەم و پەژارەی شاعیر لە چەند خاڵێکدا دەستنیشان بکرێت:

١- وێنەی باری دەروونی شاعیر و دەربڕینی خەمەکەی.

٢- هەڵسەنگاندنی شەڕی ناوەخۆ.

٣- مەترسیی گەڕانەوەی ڕێژیم.

٤- هاندانی خەڵکی بۆ یاخیبوون لە شەڕ.

٥- هێرشبردنە سەر شەڕخوازان.

### ١- وێنەی باری دەروونی شاعیر و دەربڕینی خەمەکەی:

یەکێك لە شەقڵە سەرەکی و بنچینەییەکانی زۆربەی دەربڕینی خەم و پەژارە لە شیعری حەسیب قەرەداغیدا، دەرخستنی وێنەی باری دەروونی تووشهاتوویەتی، یەکێك لە خەمە قووڵەکانی شاعیریش کە کاری کردبووە سەر دڵ و دەروونی خەم و پەژارەی شەڕی ناوەخۆی نێوان (پارتی و یەکێتی) بووە، لە شیعری (خەڵکی نیشتمان جێ دەهێڵن من نیشتمان بەجێی هێشتووم ١٠/٢/١٩٩٥)دا ئاماژەی بەوە کردووە کە شەڕی خوێناویی ناوەخۆ هاندەرێکی سەرەکیی ئاوارەبوون و هەڵهاتنی مرۆڤی کوردە بەرەو هەندەران، بەڵام خۆی لەناو نیشتمانەکەیدا کە هەرگیز بیری لەوە نەکردووەتەوە

بەجێی بهێڵێ هەست بەنامۆیی دەکات، سۆز و خۆشەویستیشی بۆ نیشتمانەکەی نەیهێشتووە هاواری لێ هەڵسێ، لەگەڵ کۆچی دایکیدا کە نیشتمانە بچووکەکەیەتی، دایکە نیشتیمانە گەورەکەشی کۆچی کردووە و بەجێی هێشتووە، لە سۆزی هەردوو دایکی بێبەش بووە، بێ نازیی نیشتمانەکەی گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کەس خۆی بەخاوەنی نازانێت و هەر کەس بۆی لوا جێی دەهێڵێ، تەنیا شاعیر نەبێت، وێڕای نامۆیی و بێکەسی دانی بەخۆیدا گرتووە و جێی نەهێشتووە:

ئای دایە گیان... نیشتیمانم، بە جێی هێشتووم...
ئای دایە گیان... تۆش هاوارت لێ نەبیستووم؟
ئەی بۆچ نە تۆ و نە نیشتیمان نایەنەوە؟
پەردەی یەکەم دادەنەوە
نمایشی ئەم چیرۆکە خوێناوییە،
ماری ئەم گۆرە ئازارە– درۆیان کرد– وتیان مارێکی ئاوییە!
ئای دایە گیان، ئای نیشتیمان!
لە نوێ مەلاشووی خەمەکان هەڵبەنەوە
(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ٢٥–٢٦)

لە شیعری (وەرن ١٩٩٥/٧/١٣)دا، وێنەی باری دەروونی خەمباری نیشان داوە کە تێدا ماوە نازانێت بۆ کێ بگری و سەری بۆ کێ شین بکات، سکاڵا و ناڕەزایی بۆ لای چ لایەکیان بەرێت، لە کاتێکدا کە لە هەردوولا کوڕی کوردە خوێنی دەرژێت بەدەستی هاوڕەگەزی خۆی:

خەڵکە وەرن...  دەپێم بڵێن بۆ کێ بگریم؟
بۆ کێ سەرم لە زۆنگاوی ئەم خومەدا شین بکەم؟
نۆمای ئەندێشەی زامارم بەرەو کام لایە زین بکەم؟
بۆ کێ جەرگی حەرفەکانم پڕ لە ژیلە و برین بکەم؟
ئەو بەر کوردە... شێرە کوڕێکە کوژراوە...
ئەم بەر کوردە... شێرە کوڕێکە پێکراوە
(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ١٨)

لە شیعری (کێڵگەی زامان ١٩/٩/١٩٩٥)دا بەقووڵاییی دەروونی خۆیدا چووەتەوە، بەراوردی کردووە لەگەڵ ئەو واقیعە تاڵەدا، کە بیروباوەڕ و ئایدۆلۆجیای تێدا ئاوەژوو بووەتەوە، ئەم جیاوازییە شاعیری خستووەتە گومانەوە، بۆیە دانی بەساویلکەییی خۆیدا ناوە کە بەقسە و بەڵێنی ئەوانە خەڵەتاوە کە وتوویانە بۆ گەل دەژین و لە پێناویدا دەمرین، بەڵام ئەو دۆخە دەمامکی دەموچاوی لاداون و ڕاستیی ڕوو و ناوەڕۆکی چەپەڵیان دەرکەوتووە:

برینەکەم!... ئەی هاوسەری دەیان ساڵم!
دان پیانانە من هێشتاکە ئەو مناڵەم...
وام دەزانی پیاو، کوتەکە،
حەق، شەتەکە.
وەهام دەزانی ڕاست دەکات، ئەوەی دەڵێت: تا پەتەکە!
کاتێ تەماشای دۆزم کرد؛
کاتێ تەماشای دۆخم کرد؛
سۆسیاڵ تێڵا چوو بە گژما...
ناسیۆناڵی دیموکراسی دای گرتمەوە!
مێژووم لێ بوو بە سەگی هار...
لەم ناوە دووری خستمەوە.
دزان، جڕتیان تێ دەگرتین...
جڕتێك بۆ من، دوو جڕت بۆ تۆ!
سەد، بۆ، کوردایەتی، درۆ!...

(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ١١-١٢)

(د. فەرهاد پیربال) لەبارەی ئەدەبیاتی دوای شەڕی ناوخۆی **١٩٩٤**وە دەڵێت: «لەگەڵ یەکەمین تەقەی شەڕی ناوخۆی نێوان حیزبە کوردستانییەکان لە **١٩٩٤دا** قۆناغێکی نوێی (ئەدەبی ڕاپەڕین) دەست پێ دەکات، قۆناغی دابەشبوونی کولتووریمان، قۆناغی بەتاڵبوونەوەی شۆڕشگێڕی و نائومێدبوونی ئایدۆلۆجی، شەڕی ناوەخۆی نێوان حیزبەکان لە کوردستاندا، بەتایبەتی جەنگی نێوان یەکێتی و

پـارتـی لـە سالّـی ١٩٩٤ بـەمـلاوە یـارمـەتیدەر بـوو بـۆ بـەتـالّکردنـەوەی تێگـەیشتنـی حزبـایەتی و ئـایدۆلۆجیانـە بۆ داهێنـان دوا بـە دوای دەستپێکردنی شـەڕی نـاوەخۆ، هونـەرمەند و نووسـەر و ڕۆشنبیران گـەیشتنە ئـەوەی کە شەڕ تـەنیا لـە بـەغداوە نـایەت، مـەرگەسات تـەنیا لـەلایـەن بێگانـە و دیکتـاتۆرییـەت تـەنیا لـەلایـەن ڕێژیمی مـەرکـەزییەوە نـاچەسپێتە سەر میللەت، بگرە ئەو شەڕ و مەرگەسات و دیکتـاتۆرییە ئـەوەتا وا لـەنێو خودی خۆشمـانـەوە دەستـەویەخـەی میللـەت دەبێتـەوە»،[1] ئـەم شیکردنـەوە و بۆچوونـەی دوکتۆری نـاوبراو لـەگەڵ دید و بۆچوونی شاعیر لـەو شیعرەی پێشوودا یـەك دەگرنـەوە.

### ٢- هـەڵسـەنگاندنـی شـەڕی نـاوەخۆ:

حـەسیب قـەرەداغی هـەرگیز لـەگەڵ شەڕدا نـەبووە و نـەیویستووە بـە چـەك و کوشتـار کێشە و گرفتـەکـان چـارەسـەر بکرێت، پێی وا بووە کە شەڕ هـەرگیز خزمـەتی مرۆڤـایـەتیی نـەکردووە و نـایکات، ئـەوەتا لـە شیعری (نـاکۆکـەکـان ١١-١٥/٦/١٩٩٤)دا ڕووی تکـای وەستـانی شـەڕی کردووەتـە هـەردوو سـەرۆکی پـارتی و سکرتێری یـەکێتی و شـەڕی نێوانیـانی مـەحکوم کردووە و زیـانی ئـەو شـەڕە نـەگریسـەی دیـاری کردووە:

هۆ مـامی خۆم! هۆ کـاکی خۆم!
ئـەم شـەڕەتـان نـاڕەوایـە،
ئـەم شـەڕەتـان سـەرەندیبی شێخ مـەحمـوودە و...
ڕێی چوار چرای پێشەوایە،
نسکۆی دووەمی لـە دوایە!
ئـەم شـەڕەتـان مـەشخـەڵـەکـەی زەکی ئـاڵکـان خـامۆش دەکـا
ڕێی لێ دەگرێ تـا، نـەگاتـە لووتکـەی چیـا
ئـەم شـەڕەتـان موحـاکـەمـەی شـەهیدانـە...
بۆچی خۆیـان دا بـەکوشت و بـەرگی ئـاڵیـان بـەکێ شیـا؟!!

(فـەرهـەنگی خـەم ٤، ل: ١٣١)

شـاعیـر لـەگـەڵ ئـەوەدا نـەبـووە پـارتـەکـانـی کـوردستـان پشت بـە هـێزە دەرەکـییـەکـان

---

(١) د. فـەرهـاد پیربـاڵ، ئـەدەبیـاتی دوای ڕاپـەڕین، کۆواری ڕۆشنبیری کوردستـان، ژمـارە: ١، تشرینی دووەم، ١٩٩٩، ل ٢٨.

ببەستن و هیوا لەسەر زەردەخەنەی زەردیان هەڵچنن و بڕوا بە بەڵێنی درۆ و ساختەی ژەهراوییان و فریوخواردن و تەڵەکەبازییان بهێنن، بڕوای وا بووە هێزە دەرەکییەکان بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان وازی بە کێشە و گرفتەکانی ناو کوردستان دەکەن، ئەمانە خەم و پەژارە و دڵەڕاوکێیان لە دڵی شاعیردا دروست کردبوو، ئەوەتا لە شیعری (هۆنراوەیەکی سادە ١٩٩٦/١١/١١)دا ئاماژە بەوە دەکات کە دوژمنانی نەتەوەی کورد، ئێستا بۆ مەرامی تایبەتیی خۆیان بوونەتە ناوبژیکەر و خەمخۆری کورد:

بێن بمکوژن سەددام پەنای ناوبژییە
چیلەر خەمی ئێمە دەخوا، تەنگەتاوە
ئایەت جامانەی کوردانی لەسەر ناوە!
بێن بمکوژن هەر چیمان وت بێ سەمەر بوو
ئاگری خەش لە ئازارمان بێ خەبەر بوو
بێن بمکوژن تەماشا کەن دنیا چۆنە
لە قوڕاومان هەڵدەکێشن وەکو دەڵێن
باکمان نییە چووینەتە ناو پێستی سۆنە!(١)

هەر لەم شیعرەدا هۆکاری سەرەکیی شەڕەکە دیاری دەکات، کە ململانێی دەسەڵاتە و چارەنووسی کوردیش خراوەتە مەزاتەوە، سنووری جیاکەرەوەی زمان و ڕەنگ لە نێوانیاندا ڕەنگی بۆ ڕێژراوە:

کوردایەتی بوو بە قوربانی دەستەڵات
دۆزی کوردیش کەوتە ناو بازاڕی مەزات(٢)

### ٣- مەترسیی گەڕانەوەی ڕێژیم:

یەکێك لە خەم و پەژارە سەرەکییەکانی خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، لە شەڕی ناوەخۆدا، مەترسیی گەڕانەوەی ڕێژیم بوو بۆ کوردستان و هەڵقۆستنەوەی ئەو ناکۆکییە و تۆڵەکردنەوەیە لە کورد، شاعیریش هەمان مەترسی دەردەبڕێت و دەڵێت:

---

(١) ڕۆژنامەی: ڕێگای کوردستان، ژمارە ٢٣٩، ساڵی: ٥٢، چوارشەم، ١٩٩٧/٢/١٩، ل ٣.
(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کوڕە کاکە لەوبەرەوە، کوڕە لالۆ لەمبەرەوە!
ئەو شەپۆڕەی دەینێنەوە، لافاوی سەر ئەم ناخەیە...
لرفەی زێرابی بەدبەختیی ئەم چاخەیە.
دەست هەڵبڕە، ئەها دوژمن لەو سەر سنوورە وەستاوە!
هەر چاوێکی هەزار چاوە... هەزار نێزەی تۆڵە و داخی تیا گڕداوە!
(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ١٦)

**٤- هاندانی خەڵکی بۆ یاخیبوون لە شەڕ:**

حەسیب قەرەداغی کەموکووڕییەکانی دەبینی و هەستی بە بێزاری و نەگونجاندن دەکرد، هەروەك خەسڵەتێکی بنچینەیی لەو مرۆڤەدا نەیدەتوانی بێدەنگ بێ و چاوپۆشی بکات، هاواری دەکرد و دروشمی یاخیبوونی بەرز دەکردەوە، "... یاخیبوونی ئێمە دوا پلەی دڵسۆزیمانە بۆ کوردایەتیی هاوچەرخ و دیوی ئەودیو هاوچەرخیش".(١)

لە شیعری (وەرن)دا، شاعیر ڕووی بانگەوازی کردووەتە خەڵکی و (٩) جار (خەڵکە وەرن)ی دووپات کردووەتەوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا مانای پەنابردنە بۆ جەماوەری خەڵك، تا بە ڕووی شەڕخوازاندا بتەقێنەوە و دژی ئەو شەڕە بوەستن، چی تر چارەنووسی گەل بەرەو نادیار نەبەن و ئەزموونی چەندین ساڵەی گەل لە دەست نەدەن، بەرپەرچی ئەو چەکبەدەستانە بدەنەوە و نەفرەتیان لێ بکەن:

خەڵکە وەرن... نۆرەتانە، دەست هەڵبڕن!
شەقام پڕ کەن بڵێن بەسە!
هۆ هۆ چەکە بێ شەرمەکان، وا مەزانن
دایکی ئەم خەمە نوێیەمان جگەرسووتاوی بێ کەسە!
ئێمە مێژووین... ئەو لەعنەتەی دەیدەین بە ڕووی شەڕخوازاندا،
بۆ پشتاوپشت، دەبێ بە بەیت!

(١) عەبدولسەلام محەمەد، خەو و هۆنراوە و یاخیبوون، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ: ٢٩، ١٩٧١/٨/٢١، ل ٦.

چەکی شەرمن!... وەکو تاوان دەتناسنەوە،
ڕوو لە کێوی قافیش بکەیت!
(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ٢٠)

**٥- هێرشبردنە سەر شەڕخوازان:**

یەکێك لە سروشتەکانی شیعری شاعیر، پەنابردنە بەر جنێوە و بەهۆیەوە هەندێ جار خەم و پەژارەی دەرکردووە، ئەوەتا ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە شەڕخوازان دەکات، گەر کۆتا بەم شەڕە نەهێنن، لە (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)ی شاعیر خراپتر دایان دەشۆرێ:

ئەم ئاگرە بکوژێننەوە، وا ئابڕووشمان هەر چك دەکا...
دۆستی دوور و نزیکیشمان، لە نەمانی بێ شك دەکا...
بیکوژێننەوە، با زمانم تیژتر نەبێ
ئەوەی دەیڵێم نایڵێمەوە،
بەسەر باڵای شێخ ڕەزایشا، دەشکێمەوە!
(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ١٢٧)

شاعیری (فەرهەنگی خەم)، کە پێشتر بەناو فەرهەنگەکاندا گەڕاوە و گوڵبژێری وشە و زاراوەی ماناگەیێنی تێدا کردوون و دیوانەکەی پێ دەوڵەمەند کردووە، ئەوا لە شەڕی ناوخۆدا، بەناو فەرهەنگی جنێو و داشۆرێندا دەگەڕێت و وشە و زاراوەی جنێویان تێدا هەڵدەبژێرێ و دەیکاتە چەکی دەستی و هەڕەشەی پێ لە شەڕخوازان دەکات:

ئەم ئاگرە بکوژێننەوە، هاوار گەروومی دڕیوە...
مافی مرۆڤ پێشێلکردن، شیعرەکانیشمی سڕیوە.
بیکوژێننەوە، با فەرهەنگی جنێوەکان نەکەمەوە،
بە سڵاوی تەرازووەکەی شێخ ڕەزامان
بە ڕووتاندا نەدەمەوە!
با فەرهەنگی جنێوەکان ڕێگەی لێشاو نەکەنەوە،
با فەرهەنگی جنێوەکان گرەوی گشت خەمەکانم نەبەنەوە!
بەکوێرایی شەڕخوازەکان ئاڵای ئاشتی هەڵکەنەوە!
(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ١٣٠)

### ب- لاواندنەوەی گشتی

هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا بابەتی هۆنراوەی لاواندنەوە و شیوەن لەمێژەوە، لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا باو بووە و پشتاوپشت بۆ ئێمە ماوەتەوە بۆ ئەو کەسانە وتراوە کە جێگەی ئومێدی نەتەوە بوون و جێگەیەکی تایبەتییان لەنێو دڵ و دەروونی کەسانی دەوروبەر و گەلەکەیاندا بەجێ هێشتووە، چونکە لە ژیانیاندا خزمەتی گەل و نیشتمانەکەیان کردووە، کاتێکیش کۆچی دواییان کردووە خەڵکی بۆیان بەداخەوە بوون و شاعیران بە هۆنراوەی لاواندنەوەی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی ماڵئاواییان لێ کردوون، "... ئەو سۆزەش وەك کامێرایەکی هەست بزوێن و هەڵوێست و ژیان و ڕەوشت و خزمەت و چۆنیەتیی مردن و مێژووی کۆچکردنی دیاری کردوون، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بایەخێکی گەورەی مێژوویی هەیە و، دەتوانین لەبەر ڕۆشناییدا لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی و مێژووی نەتەوەکەمانی پێ بڕازێنینەوە، بەتایبەتی ئەگەر کۆچکردووەکە لەو مرۆڤە تێکۆشەر و خەباتگێڕانە بێت کە خۆی کردبێ بەقوربانیی نیشتمانی و سەری لە پێناوی گەلەکەیدا دانابێت، ئیتر ئەو هۆنراوەیە ڕۆڵێکی تایبەتی دەبینێ و هەموو جارێ وێنە و دیمەنی ئەو مەرگ و کارەساتە دڵتەزێنە دەهێنێتەوە بەرچاومان، ئەگەرچی هەندێ لەو هۆنراوانە چەسپاونەتە ناو قالبی هۆنراوەی نیشتمانییەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هۆنراوەی شیوەنن و بۆ بۆنەیەکی نەتەوایەتی داڕێژراون".(١)

شیعری حەسیب قەرەداغیی شاعیریش بێبەش نییە لەم هونەرە، شیعری لاواندنەوەی بۆ گەورە پیاوانی مێژووی سیاسی و ئەدەبیی گەلەکەی وتووە، لە ڕوانگەی ئەو شیعرانەوە دەتوانرێت شێوازی دەربڕینی خەمەکەی بە چەند خاڵێك بخرێتە ڕوو:

١- ستایشی ڕەوشت و بەرهەم و هەڵوێستی کۆچکردووان.

٢- نیشاندانی وێنەی باری دەروونی خەمباری.

٣- دەربڕینی خەم و پەژارەی بارودۆخی سیاسی لە پاڵ لاواندنەوەدا.

٤- خەمخواردن بۆ لەدەستدانی ئەزموونی ڕابردوو و پەند وەرگرتن لەو ئەزموونانە.

٥- لاواندنەوەی جگەرسووتانی لە پاڵ لاواندنەوەی گشتیدا.

---

(١) ئومێد کاکەڕەش، هۆنراوەی سەرکێلی گڵکۆی ئازیزان، کۆواری بەیان، ژمارە: ١٦٠، ١٩٨٩، ل ١٩.

١- ستایشی ڕەوشت و بەرهەم و هەڵوێستی کۆچکردووان:

یەکێك لە شەقڵە دیارە بنچینەییەکانی شیعری لاواندنەوە و، ستایشی خو و ڕەوشت و بەرهەم و هەڵوێستی کۆچکردووەکەیە کە لە ژیانیدا هەیبووە، «هیچ جیاوازییەك لە نێوان ستایش و لاواندنەوەدا نییە، تەنیا لە درکاندن نەبێ کە هەندێ وشە و زاراوە هەن نیشانەی ستایش دەدەی و هەندێکی تریشیان تایبەتن بە لاوانەوە...».[١]

حەسیب قەرەداغی لە شیعری (بێکەس ١٩٧٠/١١/٨)دا ستایشی ئەزموونی شیعر و شاعیر و هەڵوێستی ئازایانە و یاخیبوونی لە دیاردەی چەوت و دزێوی نێو کۆمەڵگەکەی و پەردە هەڵدانەوەی لە ڕووی دوژمنانی گەلەکەی و بێ پەروایی لە گرتن و ئازاردان و بەکارهێنانی شیعری وەك هۆیەك بۆ ئاگەدار و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی کردووە:

بـــە ڕووی دوژمـنـا گـرِی ئەهـاوی شیعـر و وتـاری
ئەی خستە لەرزین دڵ و هەناوی زنجـــیر و داری
..............................
بێکەس بوو شۆڕش گەیشتە سەری بە تـانە و تـەشـەر
تفی کردە ڕووی ئاغا و نۆکـــەری وەك تیری قەدەر[*]
(فەرهەنگی خەم، ل: ١٠٩، ١١٠)

لە شیعری (بۆ داربەڕووی شیعر ١٩٨٦/١٢/١٥)دا کە بەبۆنەی کۆچی دواییی

(١) د. شوکریە ڕەسوول، ڕێوڕەسمی لاوانەوەی کوردی، هەولێر، ١٩٩٧، ل ٢٣.

(*) هەندێك لە شاعیرانی کورد، وەك (گۆران، کاکەی فەلاح) لە شیعری لاواندنەوەی (بێکەس)یاندا ستایشی ئەو هەڵوێستە ئازا و شۆڕشگێڕییەی (بێکەس)یان کردووە کە بەرامبەر بە (ئەدمۆنس)ی ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوەخۆی ئینگلیز، شیعری (بیست و حەوت ساڵە)ی خوێندووەتەوە و هێرشێکی توندوتیژی کردووەتە سەر. بڕوانە: (دیوانی گۆران، سەرجەمی بەرهەمی، ١٩٨٠، ل ٨٤) و (کاکەی فەلاح، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ پێشەکیی نووسیوە، ١٩٨٠، ل ١١٥-١١٦).
هەرچەندە حەسیب قەرەداغی لەو شیعرەدا ڕاستەوخۆ هێمای بۆ ئەو شیعرەی (بێکەس) نەکردووە، بەڵام بەئاشکرا دیارە ستایشی ئەو هەڵوێستەی شاعیری کردووە.

(کامەران موکری)ی شاعیرەوە نووسیویەتی و لە کۆڕی چلەی ماتەمینی شاعیردا خوێندراوەتەوە، تیایدا ستایشی شاعیری کردووە؛ هەر لە ناونیشانی شیعرەکەوە کە شاعیری چواندووە بە داربەڕوو، هەتا ناوەڕۆکی شیعرەکە، کە ستایشی هەڵوێستی نیشتمانپەروەری شاعیر و ڕەنگدانەوەی لە شیعریدا کردووە و ستایشی هەڵوێستی ئازایانە و چاونەترسی کە لەسەر گڵکۆی (بێکەس)ی شاعیردا، دەنگی نارەزایی و یاخیبوونی خۆی لە داوودەزگای پادشایەتیی ئەو سەردەمە ئاشکرا کرد و بانگەشەکردنی ئازادی و سەربەستیی بۆ گەلەکەی کردووە:

لە بیرت دێ لەسەر گڵکۆی (فائق بێکەس) چۆن نرکانت؟
ئەو ڕۆژە تۆ تەپڵژەنی لەشکری ڕێی ئازادی بووی
........................
ئەو ڕۆژە تۆ گڕکانێکی تەقیوە بووی
گڕی سۆزت دەگەیشتە تەختی بەرزی زاتی خووا
وەکو نووری حەقیقەتێ جێی خۆی گرت و لەوێ ڕووا
(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٧٤)

لە شیعری لاواندنەوەی پێشەوا و سەرکردەی شۆڕشی کوردیدا، شاعیران ستایشی هەڵوێستی سیاسی و گیانی خۆبەختکردنی ئەوانەیان کردووە، کە ڕووبەڕووی دوژمنانی کورد وەستاون و یاخیبوون لە زوڵم و ستەمی دامودەزگای دەسەڵاتداری نەیاری نەتەوەکەیان و هێرشیان بردووەتە سەر ناحەزانیان و نەفرەتیان لێ کردوون، ئەوەتا شاعیریش لە شیعری (بۆ پێشەوا دوکتۆر قاسملوو)دا ستایشی بیروباوەڕی بەرز و هەڵوێستی سیاسی (دوکتۆر قاسملوو)ی کردووە و دوعای بە کوڵی لە بکوژانی کردووە و بەنەمری لە قەڵەمی داوە:

کە تۆیان کوشت– دەستیان شکێ– دەیانزانی چاوی کوردی؟
دەیانزانی تۆ قەندیلی، پیرەمەگروونی، هەڵگوردی؟
لەم دنیادا چ نەفامێ وا تێ دەگات تۆ مردوویت؟!
دوژمن دوژمنی داخ لە دڵ، چاوی کوێر و ئەستۆی وردی
نە کورد گەلێکی بێ چاوە، نە کێوانیش هەڵدەکەنرێن،
ئەی ڕابەری تێکۆشەران، تۆ ئیلهامی دەستوبردی،

ڕۆژێك کە ئاڵای ئازادی ئاسۆی هیوا دەنەخشێنێ

دنیا هەمووی پێ دەزانێ ئەی قاسملوو تۆ نەمردی[1]

(بارزانی)ی نەمر بووەتە ڕەمزی پێناسی کورد و ڕابەرێکی تێکۆشەری پاك و بێ خەوش و ماندوونەناسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، حەسیب قەرەداغیش لە شیعرێکی لاواندنەوەی (بارزانی)ی نەمردا، ستایشی هەڵوێستی جوامێری و شۆڕشگێڕی و کۆڵنەدان و سووربوون لەسەر خەباتی ئەو مرۆڤە نەمرەی کردووە و کردوویەتییە کێش و پێوانە بۆ هەموو تێکۆشەرێکی نەتەوەکەی:

تەنیا کەسێك لە شیعرتا، دەبێتە کێش و پێوانە

(بارزانی)یە پاك و بێگەرد، وەکو سەرچاوەی دێوانە

تۆ (بارزانی) کە لە دەرگای مێژووت ئەدا

لەودیوەوە، ئەهریمەن بوون

زەنگی مستی تۆیان: دەکوشت

تۆ (بارزانی) کە لە دەرگای مێژووت ئەدا

ئارەقێکی پاکت دەڕشت

تۆ کە سوار بووی، هەر چەندیان کرد، دانەبەزیت

سواربوونی تۆ، وەکو مشکی و جامانەکەی شێخی نەمر بوو بە نەریت![2]

**٢- نیشاندانی وێنەی باری دەروونی خەمباری:**

دوو جۆر شیعری لاواندنەوەی گشتی هەیە، یەکێکیان ئەو شیعرانەن کە لە کاتی مردنی ئەو کەسانەدا نووسراوە، دووەمیان ئەو شیعرانەیە کە دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێك بەسەر مردنەکەدا نووسراون، هەڵبەتە لێرەدا چۆنێتیی باری دەروونی خەمباری لاوێنەریش پێوەندیی بە دووری و نزیکیی ماوەی مردنەکەوە هەیە؛ ئەگەر مردنەکە کاتێکی زۆری بەسەردا تێ نەپەڕیبێ ئەوا وێنەی باری دەروونی لاوێنەر زیاتر خەمباریی پێوە دیارە، بە پێچەوانەشەوە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەسەر

(١) کۆواری کوردستان، ئەدەب و هونەر، ژمارە: ٢٤٩، ١٩٩٧، ل ١٧.

(٢) دەستنووس، ئەم شیعرە بە دەستنووسی شاعیر خۆی لای مامۆستا (کەریم شارەزا) بوو، بەڕێزیان لە (مێژووی ٢٣/٤/٢٠٠٠، هەولێر)دا خستییە بەردەستم.

مردنەکە باری دەروونی خەمباری لاوێنەر بە لاواندنەوەکەوە کەمتر یان هەر دیار نابێت، بۆ نموونە حەسیب قەرەداغی لە شیعری (بێکەس ٨/١١/١٩٧٠)دا کە دوای تێپەڕبوونی نزیکەی (٢٢) ساڵ نووسیویەتی، تیایدا وێنەی باری دەروونی خەمباری شاعیر نابینرێت، بەپێچەوانەوە ڕەدی (خەم) خواردنی داوەتەوە و تەنیا یادی کردووەتەوە و ستایشی هەڵوێستی نیشتمانپەروەری و ئەزموونی شیعر و شاعیر (بێکەس) کردووە و بەنەمری داوەتە قەڵەم:

گەر خەم ئەخۆم خەم ناڕەوایە بۆ هەستی بەتین
قەڵەمی ئازا گریانی نایە ڕووی کردە نووسین
(فەرهەنگی خەم، ل ١٠٩)

یان لە شیعری (گۆران)دا کە لە یادی هەشتەم ساڵەی کۆچی گۆرانی نەمردا نووسیویەتی خەمی لەدەستچوونی ئەو شاعیرە گەورەیەی گەلەکەی و پێشەنگی خۆی بەستایشکردنی شیعر و هەڵوێستی نیشتمانپەروەری دەربڕیوە، داوای لە ڕۆشنبیران و شاعیران کردووە لە یادی نەکەن و بەفرمێسك و وشە و شیعر وێنەی بەرزی و پرشنگداری ئەو مرۆڤە مەزنە بگرن:

لەسەر گڵکۆی، خەمی بیرچوونی هەشت ساڵەی لە ڕوو بسڕین
بە فرمێسك و وشە و هەڵبەست، هەزار وێنەی گەشی بگرین
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٢١٢)

بەڵام لە شیعری (بۆ داربەڕووی شیعر)دا کە لە کاتی مردنی (کامەران موکری)ی شاعیردا نووسیویەتی، تیایدا بەشێوەی هەڵچوونی تووڕەیی و حەماسی و شۆڕشگێڕی خەمی کۆچی شاعیری نیشتمانپەروەری کوردی دەربڕیوە، نەك بەشێوەی شیوەن و گریان.(*)

(*) لێرەدا پێویستە هۆی سەرەکیی دەربڕینی خەم و پەژارەی کۆچکردنی (کامەران)ی شاعیر بەشێوەی تووڕەیی و حەماسی شۆڕشگێڕانە لەلایەن حەسیب قەرەداغییەوە ڕوون بکرێتەوە؛ (کامەران) و بنەماڵەکەی بەدرێژاییی تەمەنیان لە خزمەتی نەتەوەییی کورددا بوون و لە نێو کاروانی خەباتی نەتەوەیی (پارتی دیموکراتی کوردستان)دا دەستبەکار بوون و لەو ڕێگەیەوە خزمەتی نەتەوەکەیان کردووە و هەردەم چقڵی چاوی ڕێژیمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بوون، مردنی (کامەران)یش لە ساڵانی هەشتاکاندا بووە، لە گەرمەی زوڵم و زۆرداری ڕێژیمی عێراقیدا بووە، بۆیە شاعیر خەمی لەدەستچوونی =

تف لە ڕووخساری چەپگەردی ئەم ڕۆژگارە
کە تۆ ڕۆژێ بەکامی خۆت بەیانیت بردە ئێوارە؟!
ئەگەر نازناوی کامەران، ڕێی لە بانگم نەگرتایە
کاکە حەمە، دەموت باوە خەمەی کوردی

(فەرهەنگی خەم ۳، ل۷۳)

لە شیعری (لە شەهیدبوونی دکتۆر شەرەفکەندی و هاوڕێکانیدا ۱۹۹۲/۹/۱۸)(**)دا، لە گەرمەی شینی ناوبراواندا، وێنەی باری دەروونی تووشهاتووی دەرخستووە و بەشیوەن و گریانی بەکوڵ خەمەکەی دەربڕیوە:

ئەمشەو هەر خۆم دەزانم من چەندێ بارگرانم
ئەمشەو قورسایی قەندیل بووە بە باری شانم
ئازاری ماندووبوونم بوو بە پۆرکی ئێسقانم
بە تەنیا جێم مەهێڵن، خەڵکە من زۆر بێ هەستم
خەڵکە ئەژنۆم شکاوە، بۆ دەست نادەنە دەستم؟!
................................
ئەمشەو خەم و خەفەتم بەقەد گشت کوردستانە
ئەمشەو بەهاری شیعرم وشك و باران بڕانە(۱)

**۳- دەربڕینی خەم و پەژارەی بارودۆخی سیاسی لە پاڵ لاواندنەوەدا:**

هەندێ لە ڕۆشنبیران و ڕەخنەگران ئەو شیعرانەی بە هەست و سۆزی

---

= ئەو شاعیرە نەتەوەپەروەرەی بەشێوازی تووڕەیی و شۆڕشگێڕی دەربڕیوە، هەڵبەتە نەیویستووە لەو ساڵانەدا بەشیوەن و گریان خەمەکەی دەرببڕێت، بگرە کۆچی ئەم شاعیرەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، کردوویەتییە دەمامك بۆ دەربڕینی خەم و پەژارەی نیشتمان و نەتەوەکەی و بە ڕووی ڕێژیمدا تەقیوەتەوە.

(**) لە مێژووی (۱۹۹۲/۹/۱۷) (د. سادقی شەرەفکەندی) سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ سێ هاوڕێی تری لە بەرلین شەهید کران.

(۱) ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ۲٤۹، خەرمانانی ۱۳۷٦، سپیتامبەری ۱۹۹۷، لاپەڕە ۱۷.

نیشتمانپەروەری نووسران و دەربڕینی شیوەن و گریانە بۆ شەهیدان و گەورە پیاوانی مێژووی سیاسی دەخەنە خانەی شیعری نیشتمانپەروەری و شیعری سیاسییەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم جۆرە شیعرانە لە بنچینەدا شیعری لاواندنەوەن و بەشێکن لە شیعری سیاسی، چونکە دەربڕینی دید و بۆچوون و بیروڕای لاوێنەر یان شاعیر خۆیەتی، زۆرجار لە پاڵ لاواندنەوەکەدا بیروباوەڕی شاعیر بەرامبەر بەڕووداو و کارەساتەکان دەردەبڕێت و بەچاوی ڕەخنەوە هەڵیان دەسەنگێنێ، بۆیە دەتوانرێت ئەم جۆرە لاواندنەوانە بەلاواندنەوەی سیاسی ناوببرێت، «لاواندنەوەی سیاسیش هەروەکو شیعری سیاسییە».(١)

دوای پشکنین و گەڕان بەناو شیعرە لاواندنەوە گشتییەکانی حەسیب قەرەداغیی شاعیردا دەرکەوت سەرجەم شیعرەکانی ئەم بابەتەی شیعری (لاواندنەوەی سیاسی)ن و لە پاڵ هەر یەکێ لەو شیعرانەیدا بیروباوەڕ و هەڵوێستی سیاسیی خۆی و خەم و پەژارەی نیشتمانی و نەتەوەی دەربڕیوە.

لە شیعری (بۆ داربەڕووی شیعر)دا ستایش و پاڵپشتیی هەڵوێستی مرۆڤانەی (کامەران موکری) دەکات کە هەستی بەئازاری گەلانی تری جیهان کردووە و لێرەوە شیعری بۆ (جەمیلە)ی کچە شۆڕشگێڕی خەباتی گەلی عەرەبی (جەزائیر)ی ناردووە و پاڵپشت و هاوخەمی شۆڕش و خەباتیان بووە، شاعیر لێرەدا مەبەستی ڕەچاوکردنی هەڵوێستی مرۆڤایەتیی گەلی کوردە، کە هاوخەمی گەلانی ستەمدیدەیە و کەچی کەس لەوان بە دەم ئازاریەوە نایەن و نەبوونەتە هاوخەمی و ئاژانسی دەنگوباسیان لە ئاستی هەواڵی گەلە ستەمدیدەکەیدا هەردەم کەمتەرخەم و بێدەنگ بوون. بۆیە شاعیر بەشێوەیەکی توندوتیژ هێرشی بردوونەتە سەر و تاوانباری کردوون:

تۆ لێرەوە شیعرت دەنارد بۆ جەمیلە
دەمی ئاژانسی ئەم دنیاش لە باسی تۆ
هەموو چووبوونە کلیلە
لەو ڕۆژەوە ئاژانسەکان دەعەجانێی کەروڵاڵن

(١) مظفر عبدالستار غانم، الرثاء في العصر العباسي الأول، رسالة ماجستير، جامعة بصرة، كلية الآداب، ١٩٨٤، ص ٥٩.

لە ئەحوالّی ئێمەمانان، دەبەنگێکی بیّ هەوالّن

لەناو کولانەی درۆدا، شەمشەمەکوێرەی بیّ بالّن

(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٧٤)

لە شیعری (بۆ شاعیری جوانەمەرگ – محمد حسین– هەڵەبجەیی)دا لە مێژووی ١٩٨٩/٦/٢٧دا نووسیویەتی، لە پاڵ دەربڕینی خەم و پەژارەی لەدەستچوونی ئەو شاعیرەدا، خەم و پەژارەی وێرانبوونی شارۆکەی (هەڵەبجە)ی تێدا دەربڕیوە:

خۆ هەڵەبجە وێرانەیە و باخی میریشی خنکاوە،

کانییەکەی عاشقانیش بیّ عاشقە و... لادیواری خەم و خوێنی تیّ ڕماوە!.

(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ٩٨)

لە شیعری (لە چلەی دکتۆر فازیل قەفتان)(*)دا، لە پاڵ دەربڕینی خەمی لەدەستچوونی مرۆڤێکی ڕۆشنبیری گەلەکەیدا، چەندین خەم و پەژارەی پێوەندار بە بارودۆخی سیاسیی کوردەوە – لە دوای ڕاپەڕین و لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوەخۆدا– دەربڕیوە، لەوانە: (پەرەسەندنی دیاردەی کۆچکردن بۆ هەندران، بەتایبەتی چینی ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و ئەدیبان، داتەپینی باری ئابووریی کوردستان و نەمانی نرخی مرۆڤ و پێشێلکردنی مافی ڕەوای و نەبوونی ئازادیی دەربڕین و زاڵبوونی بیری تەسکی حزبایەتی و بڵاوبوونەوەی دیاردەی مادەپەرستی و زاڵبوونی بەرژەوەندیی تایبەتی بەسەر گشتیدا و بڵاوبوونەوەی دیاردەی سەنگەر گۆڕین و نەمانی نرخی بیروباوەڕ لای کەسانێك):

..........................

فاضل برۆ، برۆ فاضل خۆ تۆ قەڵەم... داردەستت... بوو،

تۆ لە سفری ئەندێشەدا ئامۆژگاری بووی، نووسرا بووی.

حیزبایەتی نەیخوێندییەوە!

..........................

بازاڕ سەیرە بازبازێنە، لەم سفرەوە بۆ ئەو سفرە!

(*) د. فازیل قەفتان، مامۆستای کۆلێجی ئابووری و بەڕێوەبردنی زانکۆی سەلاحەدین بوو، لە ساڵی (١٩٩٤)دا چووەتە هەندەران و لەویّ لە ساڵی (١٩٩٦)دا بەنەخۆشی کتوپڕ کۆچی دوایی کردووە.

سەنگەر گۆڕینە... هەرایە

..........................

ئێمەمانان بۆ گورگان خوارد، هەڵخراوین، وەکو مێگەلی بێ شوان!

تۆ وڵاتت بەجێ هێشت و منیش وڵات بەجێی هێشتووم.

هەردووك ئاوارەین و نامۆین.

خەڵکە! ئێمە تابلۆیەکی سریالیزمی و هەمبانەبۆرینەی پڕی!

دەیان چەشنە ناوی (سواڵین)!

..........................

کێشی مرۆڤ فیشەکێکە، کێشی قەڵەم لاقرتییە...

هەرچی دەتکێشێ هەرچییە!! بەڵێن پەلکی شۆڕەبییە.

لە هەر کوێوە با هەڵبکات دەشنێتەوە

بە ڕەخنەیەکی زۆر بچووك، دەمی حیزبێك دەکرێتەوە!

................................

منیش لێرە وا هەست ئەکەم پرسیارێکم بەبێ وەڵام

فهذا بث لحزني اشکوه یارب الانام!

رضیت بقسمتي عودي یاحمامة السلام!

نیشتمانی خاك و خۆڵ و گڵکۆی تازە!

نامەم بەرە بۆ کاك و مام

من نازانم... وڵات، ڕۆژگار، یان کۆمەڵمان بێ ئەمەك بوو،

(فەرهەنگی خەم ٤، ل: ٣١–٣٤)

لە شیعری (بۆ جوانەمەرگەکانی گوندی قڕگە)(*)دا کە لە مێژووی ١٩٩٢/٨/٥دا

(*) ئەم شەهیدانە کە لە خوارەوە ناو و تەمەنیان تۆمار کراوە، لە شەوی ٢٨/٢٩ی ١٩٨٣/٦دا بۆ چالاکییەکی پارتیزانی هاتبوونە ناو شاری سلێمانییەوە، دوای ئەنجامدانی کارەکەیان بەسەرکەوتوویی، لە ڕێگەی گەڕانەوەیاندا بۆ دەرەوەی شار، لە نزیك گوندی (قڕگە)دا کە نزیکەی دە دەقیقەیەك لە شاری (سلێمانی)یەوە دوورە – کەوتنە بۆسەی جاشە کوردەکانی ڕێژیمی دیکاتۆرییەتەوە و شەهید کران، لە بەرەبەیانی ١٩٨٣/٦/٢٩دا =

نووسیویەتی، سەرەتا ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ، مێژووی نووسینی ئەم شیعرەیە، کە دوای تێپەڕبوونی پتر لە نۆ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا، شاعیر ئەو شەهیدانەی لاواندووەتەوە و ستایشی ئازایەتی و سەربڵندییانی کردووە، بێگومان مەبەستی سەرەکی لە نووسینی ئەم لاواندنەوەیە، دەربڕینی خەم و پەژارەی بارودۆخی سیاسیی کوردستانە لە دوای ڕاپەڕینەوە، ئەو کێشە و گرفت و دیاردە چەوت و دزێوانەی کە زۆربەی خەڵکی کوردستان، چاوەڕێیان نەدەکرد، دوای ئازادبوونی زۆربەی زۆری شارەکانی کوردستان لە چنگی داوودەزگای ڕێژیمی عێراقی دووچاری گرفت و کێشەی سەیر و نامۆ بن، شاعیریش وەك مرۆڤێکی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەر کە بەدرێژایی تەمەنی خەونی بەو ڕۆژەوە دیوە، کە کوردستانەکەی بەئازادبوویی ببینێت و دانیشتوانی بەئاسوودەیی و تەبایی و یەکسانی بژین، بەڵام لەگەڵ ئەو دەستکەوتە مەزنەدا کە ڕاپەڕینی گەل بەخوێنی شەهیدان بەدەستیان هێنا، بینی کۆمەڵێکی هەلپەرست بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان ئاکامی شۆڕش و ڕاپەڕین بەرەو پووچەڵکردنەوە و هەڵدێر دەبەن و خوێنی شەهیدان بەفیڕۆ دەدەن:

= لەلایەن ڕێژیمەوە تەرمەکانیان گوێزرایەوە بۆ گردی شەهیدانی سلێمانی و لە بەردەم ئەو گردەدا بە شۆفڵ چاڵیان بۆ هەڵکەندن و بەریز کران بە ژێر گڵەوە، لە ڕاستیدا خۆیان شازدە پێشمەرگە بوون، بەڵام لە ڕێگەی گەڕانەوەیاندا شوفێرێکی تراکتۆریان بە تراکتۆرەکەوە لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، لە پشتی سەرقەبرانی (گردی سەیوان)ەوە چاوەڕێی دەکردن، لە کاتی کەوتنە بۆسەکەدا، ئەویش لەگەڵیاندا شەهید کرابوو، بۆیە بە حەڤدە شەهیدەکە ناو دەبرێن، لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١یشەوە کەسوکاری ئەو شەهیدانە، هەر لە جێگەی خۆیاندا قەبرەکانیان هەڵبەستن و یەك چەرداغیان بۆ کردن، شایەنی باسە دووان لەو شەهیدانە بران، کە ئەمەش ناو و ساڵی لەدایکبوونیانە: (ئایار عەبدوڵڵا محەمەد ١٩٦١، تەها عەبدوڵڵا محەمەد ١٩٥٥، ڕەحیم عوسمان ١٩٥٦، بەکر نەسرەدین عەزیز ١٩٦٥، خەبات غەریب کاوان ١٩٦٦، نەوزاد محەمەد تاهیر ١٩٦٣، شێخ محەمەد شێخ ئیبراهیم ١٩٦٣، سالار فەتحوڵڵا گوڵ ١٩٦٣، ئاراس محەمەد عەزیز ١٩٦١، ئاگری شێخ نووری ١٩٦٦، محەمەد کەریم سالح ١٩٦٦، محەمەد عەبدولڕەحمان ئەحمەد ١٩٦٥، بەکر عەبدوڕەحمان ١٩٦٢، عیسا غەفور محەمەد ١٩٦٧، ئازاد ڕەشید عارف ١٩٥٦، عومەر شەریف مستەفا ١٩٥٩، هاوڕێ عەبدوڵڵا شەریف ١٩٦٥).

تێبینی: (فریا ئەسعەد)ی برام لەسەر کێلی قەبرەکانیان ئەم ناوانەی بۆ تۆمار کردم.

شۆڕش ئاواتی گەلمانە،
گۆڕەپانی شەهیدانمان، جێگەی دز و دەخەڵمانە...
نمایشی تێدا دەکەن، خۆ بادەدەن،
پارە پێوەر و بەهایە...
دەسیان لە بان دەسی خوایە؟
پێشی دوژمنمان چۆڵ دەکەن
لەسەر گۆڕی ئێوەی ئازیز، های خۆڵ دەکەن!
گیرفانێکیان ئاوەدان بێ...
گەڕەکێکمان پێ چۆڵ دەکەن!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل ١٥٩)

یەکێك لەو دیاردە چەوتانە، خۆهەڵواسینی کەسانێکە بەپارتە سیاسییەکانی کوردستاندا، کە پێش ڕاپەڕین مۆرکی تاوان بەتەوێڵیانەوە دیار و ئاشکرا بوو، دەستیان بەخوێنی شەهیدان سوور بوو، دوای ڕاپەڕینیش لەژێر سایەی خوێنی شەهیداندا بەئاسوودەیی دەژین و لافی کوردایەتی لێ دەدەن، ئەوەتا شاعیر ڕووی کردووەتە شەهیدەکان و پێیان دەڵێت:

شێ سوارەکان!! دەسا گۆڕتان هەڵتەکێنن،
خوێنتان سەدا و مامەڵەیە.
ڕێتان زڵە و زایەڵەیە.
ئەوەی دەستی خوێناوی بوو،
خۆی دەپپرسی...
نێچیری من چەن بایی بوو
ئەوسا و ئێستە... خۆی بادەدا...
هەمان چەمچەی عوفوونەتە،
ئێستێکەش خۆی پێ ڕادەدا!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل ١٦١)

هەڵبەتە لە هەموو سەرەتای قۆناغێکی نوێی ڕزگاریی نەتەوەییدا، میللەت تووشی

پاشەگەردانی دەبێت و کۆمەڵێك کێشە و گرفت و کەموکووڕی و چەوتی سەرهەڵدەدات، کە ئەمانە بەگشتی ئاکامی ڕاپەڕین و قۆناغی نوێیە، لە دوای دامەزراندنی کیانی سیاسی و بەخۆداچوونەوە و دامەزراندنی حکوومەتی نوێ و دامەزراندنی پەرلەمان و پیادەکردنی یاسا، لەگەڵ ڕۆژگاردا ئەو کێشە و گرفتانە دەرەوێنەوە و بەرەو نەمان دەچن، بەڵام لە کوردستاندا لەگەڵ ئەوەی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین زۆر لە کێشە و گرفتی ئاسایی گچکە گەورەتر بوو، بەڵام کارەساتی میللەتی کورد لە ناوچە ئازادکراوەکاندا، دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دابەشبوونی دەسەڵات لە نێوان دوو پارتە باڵادەستەکەدا دەستی پێکرد، کە لە بریی ڕەوینەوەی کێشە و گرفتەکان بەرەو زیادبوون چوو، کێشە و گرفتی نوێیش سەری هەڵدا، کێشەی ململانێ و کێبەرکێ و دووبەرەکی دروست بوون، ئەمانە و هەندێ هۆکاری تر بوونە هۆی دروستبوونی مەترسیی گەڕانەوەی ڕێژیم، بەتایبەتی کە لەو دیو سنووری ناوچە ئازادکراوەکانەوە ڕێژیمی عێراقی چاوەڕێی هەل قۆستنەوەی دەکرد ئاکامەکانی ڕاپەڕین بەرەو لەبارچوون بەرێت و ڕق و کینە و تۆڵەی زیانەکانی بکاتەوە.

حەسیب قەرەداغیی شاعیریش نەیتوانیوە لە ئاستی کەموکووڕی و کێشەکاندا بێدەنگ بێ، هەندێ جار وەرەی بەرداوە و هێرشی کردووەتە سەر ئەوانەی بەرپرسی کەموکووڕییەکانن، ئەوەتا لەم شیعرەدا هێرشی کردووەتە سەر ئەوانەی خوێنی شەهیدان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان بەفیڕۆ دەدەن و دەستکەوتەکانی ئاکامی خەبات و شەهیدبوونی ئەوان لەبار دەبەن:

تف لەو کەسەی خوێنی شەهید دێنێتە ناو بازاڕەوە،
دەیکاتە شووشەی باڕەوە!
خوێنی شەهید تەنها مافی چارەنووسە،
نە خۆشبێژە و... نە زۆربێژە و نە چابلووسە!
خوێنی شەهید، کوردستانی ئاوەدانە
خوێنی شەهید ئازادییە...
خوانی برایی پڕ نانە!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل١٦٣)

هەڵبەتە هەموو کەموکووڕی و کێشەیەك کە لە دوای ڕاپەڕینەوە گەلی کورد

دووچـاری بـووه و دەبـێت، دەکـەوێتـە ئـەستـۆی پـارتـەکـانـی نـاو کـوردسـتـان و ئـەوان بـەرپـرسـی ڕاسـتـەوخـۆی ئـەو دۆخـە ئـاڵـۆزەن، بـۆیـە شـاعـیـر لـە زۆربـەی شـیـعـرەکـانـیـدا، بەتـایبەتی شیعری سیاسی ڕووی سکاڵا و نـاڕەزایی و هـەندێ جار پەند و ئـامۆژگاریی کردووەتە سەرکردە و پـارتـەکانی کوردستـان، ئـەوەتـا لە کۆتـاییی ئەم شیعرەدا – ڕووی تکا و ئـامۆژگاریی کردووەتە پارتەکانی (شیوعی، سۆشیالیست، یەکێتی، پارتی) و بەردەقـارەمـانی کردووەتە ڕەمزی شوێنێکی پیرۆزی کوردستـان و پێیـان ڕادەگەیەنێ کە خوێنی شەهیدان بەفیڕۆ نەدەن و بەردەقـارەمـان شەرمـەزار نەکەن:

منیش داوام ئەو داوایە؛

کە بۆ بـاڵای شەهیدانمـان ڕێکوپێکترین کـاڵایـە:

ئەمجارەیان بـەردەقـارەمـان شەرمن بێ، مردن چاکە!

گوێتـان لێ بێ...  هـاوڕێ هـەڤاڵ، مـامـە، کاکە!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل ١٦٣)

حەسیب قـەرەداغیی شاعیر هـەردەم لە ئـاستی لێپرسینەوەدا بووە، یـاخیبوونی خۆی لە دیاردەی چەوت و دزێوی ورد و درشت ئـاشکرا کردووە، لە – سنووری دەسەڵاتی خۆیدا– هـەوڵی داوە چارەسەری کێشە و گرفتەکانی دەوروبـەری بکات، زۆرجاریش ڕەگ و ڕیشەی کێشەکانی دۆزیوەتەوە و گرێی داوە بەکێشە سەرەکییەکانەوە، هـەندێ جار سکاڵا و نـاڕەزایی لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە گەیاندووەتە گوێی لێپرسراوان، بۆیـە شیعرەکانی هـەردەم ڕەنگدانەوەی خەم و ژان و کێشە و گرفتی ڕۆژگار و سەردەمەکەی بـوون، کـە ئـەمـانـە خـۆیـان دەبـنـە بـەڵگـەی ئـیـلـتـیـزامـی تـەواوی شـاعـیـر بـە ژیـان و بـە کۆمەڵەکەیەوە.

شاعیر شارەزای مێژووی نەتەوەکەی بووە، هـەوڵی داوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە سیاسییەکان، سوود لـە ئـەزموونی مێژووی نەتەوەکەی وەربگیرێ، ئـەوەتـا لـە شیـعـری (بـۆ شێخ مـەحـمـوودی نـەمـر ١٩٩٢/١١/١)دا دوای ستـایشی هـەڵوێست و ڕەوشتـی هـەڵـچوونـی تونـدوتـیژیی شێـخـی نـەمـر بـەرامـبـەر بـەنـەیـارانی گەلی کورد و دەرخستـنـی وێـنـەی شۆڕشەکـەی دژی داوودەزگـای ئـیـنـگـلـیـزەکـان، کـە نـاوی نـاون (سوورەی چـاوکاڵ) و نەفرەتکردنی لە (مشیر) ئەو کەسەی کە خیانەتی لە شێخ کرد و دەستی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا تێکەڵ کردبوو... لە ڕوانگەی شاعیرەوە هـەمـان ئەزموونی

سیاسی دووپات بووەتەوە، بۆیە سکاڵا و ناڕەزاییی دەربڕیوە، کە لەو ڕۆژەوە شێخی نەمر کۆچی کردووە، هێشتا کەسێك وەك پێویست ڕێچکەی شێخی نەگرتووە، لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ کەسانێك وەك (مشیر) لە بەردەم دوژمنانی کورددا– مەبەستی لە ڕێژیمی عێراقییە– بەچۆکدا دێن و خیانەت لە گەلەکەیان دەکەن:

لەو ڕۆژەوە خەنجەرەکەی شێخی نەمر وەکو پێویست،

هیچ کەس نەیکرد بە بەرۆکا

لەو ڕۆژەوە هەر موشیرە و لە بەردەمی داگیرکەرا دێ بە چۆکا

لەو ڕۆژەوە دامودەزگا، بە هیمەتی چاوکاڵەکان،

دەمەزەردی تەوران دەکات...

لەو ڕۆژەوە داخم سەد داخ...

تەوری کلك داربەڕووە، لق و پۆپی داران دەخات!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل ٧٤)

بە درێژاییی مێژوو، نەیارانی گەلی کورد هەوڵیان داوە، تۆوی دووبەرەکی لەنێو ڕیزەکانی گەلدا بچێنن، لەناو ئەو گەلەدا کەسانێکی نەفس نزم بکەنە داردەستیان و بەو چەکە دوژمنایەتییان بکەن بۆیە شاعیر خەمی بەدڕەوشتیی ئەو کەسانەی خواردووە.

هەر لەم شیعرەدا شاعیر ویستوویەتی لە پاڵ لاواندنەوەی شێخی نەمردا پەل بهاوێ بۆ مەترسیی لەبارچوونی ڕاپەڕین و دەستکەوتە مێژووییەکەی گەلی کورد و درێژەدان بەخەباتی (بارزانی)ی نەمر، ئەم وتانە وەکو ئامۆژگارییەك داویەتی بەگوێی ڕابەران و تێکۆشەرانی ئەو ڕێگەیەدا، کە بەردەوام بن لە کۆشش و خەبات و پشتوێنی ماندووییان نەکەنەوە، دووبەرەکی و خۆپەرستی و ململانێ و کێبەرکێی بخەنە لاوەوە و زەمینە خۆش نەکەن بۆ گەڕانەوەی ڕژێم:

لە دەفتەری داستانمانا، کۆڕێ گیرا بۆ بارزانی

منیش خۆم و کەشکۆڵ و دەف بووین بەکەسێك لە میوانی...

ڕووم کردە گشت سوارەکانی هەڵەت و بەردی ئەم ڕێیە،

وتیان ئاخۆ، کاکی دەورێش چ بەزمێکی تازەی پێیە؟!

هـاوارم کرد دامەبەزن... دامەبەزن ترسم هەیە،
بوومەلەرزە لە ڕێتاندا سەر باتەوە!
کێ بارزانی بەرابەری خۆی دەزانێ، جارێ پشتێن نەکاتەوە!
خۆپەرستی و منمنانێ لە دڵیا بەچ نەخاتەوە!
(فەرهەنگی خەم ٤، ل ٧٤)

**٤- خەمخواردن بۆ لەدەستدانی ئەزموونی ڕابردوو و پەند وەرگرتن لەو ئەزموونانە:**

هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، هونەری لاواندنەوە، تەنیا شیوەن و گریان و ناڵاندن نییە، بگرە هەندێ جار: شانازی، ستایش، داشۆرین، دوعا و هەڕەشەکردن، بەڵێندان، پەند و ئامۆژگارییە.[١]

حەسیب قەرەداغی لە پاڵ لاواندنەوەی گەورە پیاوانی مێژووی سیاسی گەلی کورددا، هەوڵی داوە ئەزموونی سیاسیی پڕ شکۆی مێژووی گەلی کورد ڕەچاو بکرێت و سوود لە ئەزموونی سەرکردە مێژووییەکانی گەلی کورد وەربگیرێ، نەوەکانی ئێستا و داهاتوو پەند لە سەرکردەکانی ڕابردوو وەربگرن و گەلی کورد بەرەو هەڵدێر و نشوستی نەبەن:

دەرس وەرگرن، پێشڕەوەکان...
مەبن بە باسی کەوەکان!
مەبن بە ڕازی ڕەوەکان...
ڕەوێك و دوان، ڕەومان ناوێ...
هۆ باوە شێخ مەلیك مەحموود!...
ئەگەر شیعرێ بە داستانی بەردە قارەمان نەکێشرێ
سەنگین نییە!
هەر تابلۆیێك خەنجەرەکەی تۆی تیا نەبێ، ڕەنگین نییە!
..........................

(١) د. عادل جاسم البياتي، رثاء الابطال في الادب العربي، مجلة: آداب المستنصرية، العدد: ٦، ١٩٨٢، ص٢٢١-٢٤٤.

هەر نەوەییێك مێزەرەکەت لەسەر نەکات، بێ ڕابەرە!
هەر مێژوویێك پاکنووس بکەین... جێ دەستی تۆی تیا نەمێنێ،
بێ خەبەرە...
بێ دەبەرە...!!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل ٧٦–٧٧)

لە شیعرێکیشدا کە لاواندنەوەی (بارزانی)ی نەمرە، دوای ستایشی ڕۆڵی مێژوویی (بارزانی)، نەوەکانی هان دەدات سوود لە ئەزموونی ڕابەرەکەیان وەربگرن، بەتایبەتی لە دوای ڕاپەڕینەوە، کە مەترسیی گەڕانەوەی هێزەکانی ڕێژێمی هەیە، تا ڕەچاوی مەترسیی تۆڵەی دوژمنان بکەن:

هۆ خەڵکینە
خەنجەرەکەی (بارزانی)مان لەلای کێیە؟
خەنجەرەکەی (بارزانی)مان، نابێ کێلان کولی بکات.
بەدەستەوە گەوهەردارە
ئەسپەشێکەی (بارزانی)مان کێ سوارییە، بێ تا سەری شار دانەبەزێت
پەیکی ڕێگەی ئازادی بێ و نامە بەرێت
بۆ سەری شار زۆری ماوە
ئەسپەشێکەی (بارزانی)مان، زینێکی نوێی لێ کراوە
کێ خۆی دەگرێ لەسەر پشتی
ژیان بکا، بە نیگارێ پێشکەشی کات بە هەژارێ؟!
کێ (بارزانی) وەکو چرا لە دەروونیا هەڵکراوە؟
دەرس وەرگرێ، دوژمن هێشتا چاوی سوورە
مەملەکەتی تاوانی ئەو، هەموو ڕۆژێ هەر عاشوورە
بەڵێنی ئەو، ژیلەی ماتی بن تەنوورە(١)

---

(١) دەستنووس، ئەم شیعرە بەدەستنووسی شاعیر خۆی لای مامۆستا (کەریم شارەزا) بوو، ئەویش خستیە بەردەستم.

**٥- لاواندنەوەی جگەرسووتانی لە پاڵ لاواندنەوەی گشتیدا:**

هـەروەك ئـاشكـرایـە حـەسیب قـەرەداغـی خـۆی مـرۆڤـێكـی دڵـگـەرم و دووجـار جگەرسووتاوە، پێشتریش ئاماژە بەوە کرا، کە مرۆڤی دڵگەرم حەز بەدەربڕینی خەم و پەژارەی دڵ و دەروونی دەکات لە پاڵ دەربڕینی خەم و پەژارەی تردا، شاعیریش خۆی ئاماژەی بەوە کردووە، کە لە دوای کۆچی دوو کچەکەیەوە فێری گریان و شیوەن بووە: «شیعری منیش فێری شیوەن و گریان بوو».[1] هەڵبەتە شاعیریش وەکو هەر مرۆڤێکی ئاسایی تر، نەك هەر لە شیعریدا، بگرە لە هەموو بۆنەیەکی ناخۆش و ماتەمینیدا برینی کولاوەتەوە و ئەو فرمێسکەی کە ڕشتوویەتی، بەشێکی زۆری بۆ جگەرسووتانی خۆی بووە، وەك شاعیرێکیش لە شیعری لاواندنەوەی کەسوکار و خزم و هاوڕێیان و شیعری لاواندنەوەی گشتیدا، ئەو هەلومەرجەی بۆ ڕەخساوە کەمێکیش بۆ خۆی و جگەرسووتانی بلاوێنێتەوە، ئەوەی دەبێتە بەڵگەی ئەم ڕاستییە، شیعری لاواندنەوەی گشتی دوای مانگی حوزەیرانی (١٩٨٣)یە، دوای کۆچی (کەژاڵ)ی جوانەمەرگی، لە چنینی تانوپۆی ئەو شیعرانەیدا ڕایەڵی خەمی جگەرسووتانی تێکەڵ کردووە، ئینجا بە هەر شێوەك بووبێت، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، پەیوەندی هەبووبێ، یان نەبووبێ، ئەو خەمە تایبەتییەی خۆی تێکەڵ کردووە، بۆ نموونە لە شیعری (بۆ داربەڕووی شیعر)دا پـێوەنـدی نـێوان جـگـەرسووتـانـی و کۆچـی (کـامـەران)، گـردی (سـەیوان)ە کـە تـەرمـی (کـەژاڵ، بـەهـار، کـامـەران مـوکـری) تێدا نێژراوە، بـۆیـە خـەمـی جـگـەرسووتـانـی خـۆی تێکەڵی لاواندنەوەکەی کردووە:

سەیوان مۆڵەتی شاعیرە؟!
ئارامگەمان هەر مەزارە؟
وا لەم گردە بێ نازەدا- کامەران-ی شاعیری کورد
مامی- کەژاڵ و بەهارە-

(فەرهەنگی خەم ٣، ل ٧٥)

لە شیعری (بۆ شاعیری جوانەمەرگ- محەمەد حسین هەڵەبجەیی)دا کە لە مێژووی ١٩٨٩/٦/٢٧دا نووسیویەتی، هەڵقەی پێوەندیی کۆچی (کەژاڵ)ی جوانەمەرگی و

(١) (فەرهەنگی خەم ٤، ل ١٥٣).

(محەمەد)ی شاعیر ساڵانی هەشتاکانە، کە شاعیر بەساڵانی سەخت و ڕەشیان دادەنێ– مەبەستی لە ئاڵۆزی و سەختی و بارودۆخی سیاسیی کوردستانە– لەو ساڵانەدا و کۆچەکەیانی چواندووە بەیەکتری:

هۆ... برالەی هەڵەبجەیی کاکە حەمە!

ئەم کۆچەی تۆیش چەشنی کۆچەکەی (کەژاڵ) بوو...

کۆچی ڕۆژێکی تاریك و کۆچی ساڵێکی ناساڵ بوو.

(فەرهەنگی خەم ٤، ل ٩٨)

بێگومان مێژووی ڕۆژ و مانگ و ساڵی کۆچی کەسانی ئازیز و خۆشەویست، بەتایبەتی کەسانی نێو خێزان زۆر بەدەگمەن لە یاد دەکرێت، بەتایبەتی لەلای مرۆڤی خوێندەوار، خۆ ئەگەر کۆچکردووەکە گەنجێکی خێرنەدیو بووبێت، ئەوا تا ماوەیەکی زۆر هەموو ساڵێك لەو ڕۆژەدا یادی دەکەنەوە و برینیان دەکولێتەوە، لای حەسیب قەرەداغیی جگەرسووتاویش مێژووی کۆچکردنی کچەکانی لە ناخیدا ڕەگ و ڕیشەیان داکوتاوە و ژمارەی ئەو ڕۆژە لە ناخیدا حاڵەتێکی تراجیدیی ناخۆشی دروست کردووە، بەتایبەتی ژمارە (١٧) و مانگی حوزەیران کە مەرگی (کەژاڵ)ی بە بیر هێناوەتەوە، ئەو ژمارەیە لە ناخیدا بووەتە ڕەمزی ژمارەیەکی شووم و بەبیستنی هەڵسڵەمیوەتەوە و تاس بردوویەتییەوە و مەرگی کیژەکەی بە بیر هێناوەتەوە، ئەوەتا لە شیعری (بۆ جوانەمەرگەکانی گوندی قرگە)دا بەهۆی ژمارەی ئەو جوانەمەرگانەوە کە (١٧) حەڤدە شەهید بوون، مەرگی کچەکەی بە بیر هاتووەتەوە، لە سەرەتای ئەم شیعرەدا وێنەی جگەرسووتانی بۆ (کەژاڵ)ی کچی دەرخستووە و تێکەڵی لاواندنەوەی ئەو شەهیدانەی کردووە:

خۆزگە و خەمێك لە دڵما بوو، دام بە ژنێك،

لای ئەو بوو بە کەژاڵی جوان

کەژاڵ، نامەخوا زۆر جوان بوو...

گوڵەستێرەی کوردستان بوو!

حەڤدەی حوزەیرانی ڕەش بوو،

کەژاڵی جوان...

بەکلی چاوی سەیوان بوو،
شیعری منیش فێری شیوەن و گریان بوو...
لەو ڕۆژەوە من لە حەڤدە ڕادەچڵەکێم،
هەموو حەڤدەی مانگەکانی ساڵی خۆمان،
تینی تاسێ دەمباتەوە...
دەرگای گەرووی خەمەکانم دەکاتەوە،
کفنی کەژەم زەرد نەبووبوو،
حەڤدە بەروار و ڕۆژ نەبوو...
حەڤدە سوار بوون!
حەڤدە هیوا و حەڤدە بڕوا!
حەڤدە چەکی شۆڕشی سوور...
حەڤدە کوێستان، حەڤدە گەرمیان!

(فەرهەنگی خەم ٤، ل ١٥٣)

**٢- سوودبینینی شاعیر لە خەم و پەژارەکانی ژیانی**:

گەر سەرنجی شیعرەکانی حەسیب قەرەداغی بدەین دەردەکەوێت: لەگەڵ ئەو هەموو خەم و پەژارانەدا کە لە ژیانیدا تووشی بوون و لە شیعریدا ڕەنگیان داوەتەوە و زۆرجار سکاڵا و ناڕەزایی لە ژیانی پڕ لە خەمی کردووە، بەڵام هێشتا بەئاشکرا هەست بەوە دەکرێت کە خەمەکانی بەسەریدا زاڵ نەبوون و نەیان شکاندووەتەوە و بەچۆکیاندا نەهێناوە و کز و بێ ئومێدیان نەکردووە، بگرە توانیویەتی بەسەریاندا زاڵ بێت و بەبارێکی تردا بیانشکێنێتەوە و خۆی و کەسانی تر سوودی لێ ببینن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەی خۆڕاگری و زیرەکی و هۆشیاریی شاعیر دەگەیەنێت.

خەم لای شاعیر بووەتە هەوێن و کەرەستە و ئیلهامی شیعری، وەك لە شیعری (تەیمانی فرمێسك ١٩٧٢/٨/٢٨)دا، ئاماژەی بەو ڕاستییە کردووە کە خەم و پەژارە و فرمێسکەکانی تینیان داوەتە شیعرەکانی و نەیانهێشتووە چاوی لێك بنێت و برینە کۆنەکانی سارێژ بێت:

ئەو فرمێسکەی لە چاوم دێ تینێ ئەدا بە وتارم

نایەڵێ چاو لەیەك بنێ برینی پار و پێرارم

(فەرهەنگی خەم ، ل ٧٨)

شاعیر کەرەستەی خاوی شیعری لە ژیانی وەرگرتووە، ژیانیشی سەرتاسەر خەم و پەژارە بووە، بۆیە کەرەستەی شیعرەکانی لەو خەم و ژانانەی وەرگرتووە، وەك لە شیعری (ڕاز و گلەیی ١٩٧٧/٧/٦)دا ئاماژەی بەوە کردووە کە خەمێکی لە خەمێکی تری موتربە بووە و بوونەتە بەرهەم:

من ئەو عاشقەم ئەم خەم لەو خەمم

موتربە ئەبێ و ئەبنە بەرهەمم

(فەرهەنگی خەم، ل ٢١)

بوونی خەمێکی زۆر لە ژیانی شاعیردا و کەڵەکەبوونیان بەسەریەکدا هاندەرێکی ڕاستەوخۆ بوون بۆ دەربڕینی خەم و پەژارە و گەڕانی شاعیر بەدوای وشە و زاراوە ماناگەیێنەکانی خەم و ئەشکەنجەکێشان و خڕکردنەوەیان لە دیوانە پڕ لە خەم و ژانەکەیدا، ئەوەتا لە شیعری (فەرهەنگی خەم ١٩٧٧/٧/٢١)دا(*) کە دیوانەکانیشی

(*) کاکەی فەلاح لە شیعری (شیعریش ئەگری)دا کە بەبۆنەی کۆچی (بەهاری)ی کچی (حەسیب قەرەداغی)یەوە نووسیویەتی و پێشکێشی کردووە بەشاعیر، تیایدا بیرەوەریی ناونانی ئەم شیعرەی شاعیری تێدا بەسەر کردووەتەوە:

ئەی شاعیری فەرهەنگی خەم!

نازانم لە بیرت چۆتەوە؟!

کەوا چەن ساڵێ لەمەوبەر

لە باخچەکەی نووسەرانا

دەمەودەمی ئێوارەیەك

ساوایەکی شیعری خۆتت

لە کۆشا بوو

کە تازە لەدایك بووبوو

هێشتا ناوت لێ نەنابوو

شیعرێ بوو کە هەردوو چاوی =

بەناوی ئەم شیعرەوە ناو ناوە، خۆی ئاماژەی بەو ڕاستییە کردووە:

فەرهەنگەکان ئەهێنم وشەی خەمیان خڕ ئەکەم
بەم دەسکەوتە، دەفتەری دەردم تەواو پڕ ئەکەم
لەبەر سەرمەشقی چاوت جامی شەفەق ئەهێنم
پەیتا پەیتا بەستەی خەم لە خەمباران ئەسێنم

(فەرهەنگی خەم، ل ١٩)

لە شیعری (خەم و خەیاڵ ١٩٧٧/٣/٢٨)دا ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەم خەم و ژانانەی سوێیان کردووەتە دڵی و بوونەتە خۆراك بۆ خەیاڵی و پانتاییی خەیاڵیان

=

فرمێسکی تیا قەتیس مابوو
ڕووی دەمی تکات کردەمن
ناوێك لەو ساوایە بنێم
منیش بە دەم سەرنجەوە
وشە بە وشەیم مژی
وەك گوڵەباخێکی تازە
بەگلێنەی چاو بۆنم کرد
چرپانم بە گوێی تاسەتا:
ئەو (فەرهەنگی خەم)ە چاکە.
کە هەوێنی ئەم شیعرەتە
کە خوێنی ئەم ساوایەتە
تۆش دەستبەجێ،
وەکو مەسەلەی (هەنگ و دار)
ناوت لێ نا (فەرهەنگی خەم)
..........................
بۆیە چەپکە گوڵی شیعری
یەکەم باخچەی گەشاوەتان
وەکو شیعرە ساواکەتان
سەرجەم ناونا (فەرهەنگی خەم)

(کاکەی فەلاح، (شیعریش ئەگری)، پێشکێشە بە کاك حەسیب قەرەداغی، کۆواری کاروان، ژمارە: ٢٩، ١٩٨٥، ل ٣٥،٣٤).

فراوان کردووە:

ئەو دەردانەی ئەمهەژێنن، سوێ لە دڵما دائەچێنن

نانە بەرەی پڕ لە خۆراك بۆ ڕێی خەیاڵم ئەهێنن

(فەرهەنگی خەم، ل ٣٢)

شاعیر لە هەندێ شیعریدا شانازیی بەزۆری خەمەکانییەوە کردووە و کردوویەتییە چقڵێك و لە چاوی نەیارانی چەقاندووە و پێی ڕاگەیاندوون کە خەمەکانی خەیاڵی خۆش دەکەن و هیوای پێ نۆش دەکەن:

تۆ خەم دڵت دێنێتە یەك، من خەم خەیاڵم خۆش ئەکا

خەم، دەرد ئەکا بەگەرووتا، من خەم هیوام پێ نۆش ئەکا

(فەرهەنگی خەم، ل ٣٣)

یان لە شیعری (دەستنیشانێکی تازە ١٩٨٠/٢/١٢)دا دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە کە خەم ناخی شیعری پاراو کردووە و شانازیی پێوە کردووە:

من بە ماچی لێوەکانی چەخماخەی خەم ناخی شیعرم پاراو ئەبێ

دارستانی وشەکانم دێن بەیەکا و

خنجەر ئەکەن بە بەرۆکا...

خرم، خرم... بەپێی خۆیان ئەدەنە پاڵ

ئەگەنە ڕۆژ ئەگەنە ساڵ

کە وەرزی ژان هاتە گۆڕێ...

بە شووڵ ئەدەن لە دایکی هاڵ

(فەرهەنگی خەم٢، ل ١٥٥)

زۆر ئاساییە کە مرۆڤ بەردەوام لەگەڵ دیاردەیەکدا ژیا و بەشی زۆری ژیانی لەگەڵدا بردە سەر، گەر ماوەیەك ئەو دیاردەیە ون بێت و بەجێی بهێڵێ هەست بە بۆشاییەك بکات، چونکە ئەو دیاردەیە دەبێتە بەشێکی سەرەکیی ژیانی و ڕەگ وڕیشەی لە ناخیدا دادەکوتێ، ئەو دیاردەیەی کە لە ژیانی حەسیب قەرەداغیدا هەردەم هاوەڵ و هاودەمی بووە، دیاردەی خەم بووە، خەم و حەسیب وەك دووانەیەکیان لێ هاتووە، زۆر ستەمە جیاکردنەوەیان، بۆیە خۆشی گەر ماوەیەکی کورت و کەم، بێ

خەم بووبێ هەستی بە بۆشایییەك كردووە، شاعیر هێندە هۆگری خەم بووە لە كاتی بێ خەمیشدا وێڵی دوای خەم بووە، بەڵام نەك خەمێكی گرانی دڵشكێن، بگرە خەمێكی ناسك و بەتام و چێژی سۆزی ئەویندارانەی تێدا بووبێ، هیوایەك ببەخشێت پێی، ئەوەتا لە شیعری (كە بەهارمان نەبوو دەبا گوڵەپایزە بچنین)دا تامەزرۆی خەمێكی نوێی ناسكی دڵنەشكێنە كە هیوای بداتێ:

تاڵیی ڕۆژگار تاڵیی خەمی لەناو دڵما

لەمێژەوەیە بۆی كوشتووم!

دەسا خەمێك كە خەمەكان نوێ كاتەوە

جامی دڵیشم نەشكێنێ

ئەگەر خەمی هیوا نەبێ ئیتر دڵدار

لەم ڕۆژەدا چۆن ئەمێنێ؟!

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ١١٥)

خەم لە ڕوانگەی شاعیرەوە ئەو هیوایە بووە كە پێی ژیاوە و تام و چێژی داوەتە ژیان و بەرهەمی، بۆیە چواندوویێتی بەبووكی ناو پەردەی چاوەڕوان و خۆیشی بە زاوای شۆڕەسوار:

بووكی خەمم لە پەردەدا چاوەڕوانە

تۆ شۆڕەسواری زاوا بی

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ١١٥)

لە چەند شیعرێكی تریشدا پەنای بردووەتە بەر خەمی هاوڕێی تا بە دەنگییەوە بێت و جێی نەهێڵێ:

دەسا ئەی خەم دەسا هاوڕێی شەو و ڕۆژ و هەموو ساتم

دەست ڕابگرە بۆ دەستم زەبوونم ڕووبەڕووت هاتم

(فەرهەنگی خەم ٢، ل ٢٠٠)

ئەم پێوەندییە بەتینەی شاعیر بەخەمەكانییەوە خۆی لە خۆیدا بەڵگەی سوودوەرگرتنی شاعیرە لە خەمەكانی بۆیە وا بەپەرۆش بووە بۆیان و شانازیی پێیانەوە كردووە و وای نیشان داوە كە حەز ناكات هیچ دیاردەیەكی تر جێگەی خەمی

بگرێت، وەك لە شیعری (کۆچێکی ڕەشپۆش ۲۰/۱/۱۹۸۲)دا دەڵێت:

وەرە ئەی خەم لەسەر لێوم... لەسەر چاوم
نەبا غەریبێ جێت بگرێ!

(فەرهەنگی خەم ۲، ل ۱۰۹)

لە شیعری (عیشقی ڕاستیی ۲۵/۸/۱۹۸۷)یشدا ڕاستەوخۆ ددان بەوە دادەنێت کە گەر ژەمێك بێ خەم بێ، ئەوا بە ژەمی دانانێ:

پێکی هەر کەس پوخت و پڕ بێ چاترە...
ئەو ژەمەی گەر بێ خەمی بێ کەی ژەمە؟!

(فەرهەنگی خەم ۳، ل ۸۳)

لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا کە خەم خۆی یەخەی مرۆڤ دەگرێت و تووشی دەبێت و کەس بە دوایدا ناگەڕێت و هۆگر و ئاشنای نابێت و ئارەزووی بەردەوامبوونی ناکات، بەڵام ئەم خەسڵەتە لای شاعیر پێچەوانە بووەتەوە و خەمەکانی ژیانی زۆریان بۆ هێناوە و پەیوەندییەکی ڕۆحییان لەگەڵ شاعیردا دروست کردووە، بۆیە هۆگریان بووە و بەئاسایی سەیری کردوون و زۆر جاریش شانازی پێوە کردوون، ئەوەتا لە کورتە شیعرێکیدا کە لە مێژووی (۱۲/۳/۱۹۸۳)دا نووسیویەتی شانازیی بەوە کردووە کە دوژمنانی لە ئارامی شاعیر پشتیان شکاوە، لە کاتێکدا کە لە گەرمەی خەم و پەژارەدا بووە و خەمەکانی وەك برینێك خوێنیان لێ تکاوە:

کە ڕوانیم بەجەستەی خۆمدا
برینەکان وەکو گوڵی کراوە بوون،
خوێنیان دەتکا...
کاتێ ڕوانیمە دوژمنان...
لەژێر باری ڕقی خەستیان لە ئارامم
پشتیان دەشکا

(فەرهەنگی خەم ۲، ل ۱۵)

ئەم شانازیکردنەی شاعیر بەخەمەکانیەوە، وەنەبێ تەنیا کۆمەڵە وشەیەکی دوور لە ڕاستی بن و مانای خۆهەڵکێشان و خۆ خستنە بەرچاو لە خۆبگرن، بگرە لە کانگەی

دڵـیـەوە شانـازیـی بـەو خـەمـانـەیـەوە کـردووە، بـاشتـریـن بـەڵگـەش شیـعـری (بـۆ کـەژاڵ ٨/٤/١٩٨٤)ە کە تیایدا بـەزمـانێکی ڕاستگۆیـانـەی پڕ لـە سۆز و هـەژان، شانـازیـی بـەوە دەکـات، کـە کـۆچـی سووری جگـەرگـۆشەکـەی نـرخـی شیـعـری بـەرز کـردووەتـەوە و کردوویەتییە چقڵێك و چەقاندوویێتییە چاوی ئەوانەی کە پێیان وا بووە دوای کۆچی جگـەرگـۆشەکـەی هـێز و تین و وزەی تـێدا نـامـێنـێ و بـەچـۆکدا دێت و هـەرچـی بـڵـێ پەلەقاژێی کوێرانەیە:

کە تۆ ڕۆییت گومانبەران
لایان وابوو
ئیتر دڵم وێرانەیە
شەن و کەوی لەشیان کردم،
وتیان تەواو...
هەرچیش بکات پەلەکوتێی کوێرانەیە
ئەو گەوجانە، نەیانزانی
بەهای خەمی کۆچی سوورت
گەورەترین شیعرانەیە!.(*)
(فەرهەنگی خەم ٢، ل ١٧)

**٣- فەرهەنگی وشە و زاراوە ماناگەیێنەکانی خەم لە چوار بەرگی (فەرهەنگی خەم)دا:**

حەسیب قەرەداغیی شاعیری خەم و ژانکێشان، خۆی لە چەند شیعرێکیدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە بەنێو فەرهەنگی زماندا گەڕاوە و وشە و زاراوەی ماناگەیێنی خەمی تێدا گوڵبژێرکردووە و دیوانەکەی پێ دەوڵەمەند کردووە:

فەرهەنگەکان ئەهێنم وشەی خەمیان خڕ ئەکەم
بەم دەسکەوتە، دەفتەری دەردم تەواو پڕ ئەکەم
(فەرهەنگی خەم، ل ١٩)

(*) ئەم شیعرە جارێکی تریش لە نامەکەدا دوویات کراوەتەوە، پێویستی وای لێ کردم جارێکی تر ئاماژەی بۆ بکەمەوە.

من ئەمەویٚ بێم و بچم بەناو وشەی کوردستاندا وەکو خامە
من ئەمەویٚ بیدۆزمەوە هەرچی پیتی ئێش و زامە
(فەرهەنگی خەم ۲، ل ۱۹۹)

بۆیە بەپێویست زانرا، لەنێو فەرهەنگی خەم و ژانی شاعیردا فەرهەنگێکی ئەو وشە و زاراوە ماناگەیێنیەکانی خەم بکرێت، تا لە ڕوانگەی ئەو وشە و زاراوانە و ژمارەی دووپاتکراوەیانەوە بڕوانرێتە چڕی و پڕیی خەمەکانی شاعیر، وشە و زاراوە و ژمارەی دووپاتکردنەوەیان لە خشتەیەکدا تۆمار کران، هەندیٚ لەو وشە و زاراوانە ڕاستەوخۆ مانای خەم و پەژارە دەبەخشن و لە بنچینەدا بۆ هەمان مانا و مەبەست بەکار دێن، بەڵام هەندێکی تریان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مانای خەم و پەژارە دەدەن یان مانای بوونی خەم دەدەن، ئەمەش خشتەکەیە:

| ژ | وشه زاراوەکان | ژمارەی بەکارهاتوویان | ژ | وشه زاراوەکان | ژمارەی بەکارهاتوویان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئاخ | ١٣ | ٢٩ | بێ زار – بێزار بێ | ١٢ |
| ٢ | ئازار | ٩٤ | ٣٠ | بێ لانە | ١ |
| ٣ | ئاگر | ١٢ | ٣١ | بێ مایە | ١ |
| ٤ | ئاشفتە | ٥ | ٣٢ | بێ ناز | ١٦ |
| ٥ | ئاوارە | ١٢ | ٣٣ | بێ نەوا | ٤ |
| ٦ | ئاه | ٢٢ | ٣٤ | بێ هەست | ١ |
| ٧ | ئەحزان | ١ | ٣٥ | پەرێشان | ٣ |
| ٨ | ئەسرین | ٣ | ٣٦ | پەڕەوازە | ١ |
| ٩ | ئەشك | ٨ | ٣٧ | پەژارە | ٣ |
| ١٠ | ئەشکەنجە | ٨ | ٣٨ | پەژموردە | ٣ |
| ١١ | ئوفتادە | ١ | ٣٩ | پەست | ٥ |
| ١٢ | ئۆف | ٢٠ | ٤٠ | پەشێو | ٤ |
| ١٣ | باوکەڕۆ | ٢٠ | ٤١ | پرسە | ١ |
| ١٤ | بەدبەخت | ٤ | ٤٢ | تاساو | ١ |
| ١٥ | بەلا | ١ | ٤٣ | تاڵ – تاڵی | ٣٦ |
| ١٦ | براڕۆ | ٣ | ٤٤ | تالاو | ٧ |
| ١٧ | برین | ٥٩ | ٤٥ | تەم | ٧ |
| ١٨ | بیمار | ٢ | ٤٦ | تراجیدیا | ١ |
| ١٩ | بێ ئازار | ٢ | ٤٧ | تفت | ٢ |
| ٢٠ | بێ ئەمەل | ١ | ٤٨ | جگەرسووتاو – جگەرسووتان | ١٠ |
| ٢١ | بێ ئۆقرە | ١ | ٤٩ | جوانەمەرگ | ٥ |
| ٢٢ | بێ باوان | ٢ | ٥٠ | حەسرەت | ٢ |
| ٢٣ | بێ پەنا | ١ | ٥١ | خەفەت | ٢ |
| ٢٤ | بێ تین | ١ | ٥٢ | خەم | ٣٥٠ |
| ٢٥ | بێ چارە | ١ | ٥٣ | خەمبار | ٨ |
| ٢٦ | بێ خەو | ١ | ٥٤ | خەمخواز | ٢ |
| ٢٧ | بێ داد | ٢ | ٥٥ | خەمگین | ١ |
| ٢٨ | بێ دار | ١ | ٥٦ | خەمناك | ٢ |

| ژ | وشە زاراوەکان | ژمارەی بەکارهاتووییان | ژ | وشە زاراوەکان | ژمارەی بەکارهاتووییان |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥٧ | داخ | ٤٢ | ٨٥ | شین | ٧ |
| ٥٨ | داماو | ٢ | ٨٦ | شیوەن | ١٤ |
| ٥٩ | دەرد | ٦٦ | ٨٧ | شێواو | ١٣ |
| ٦٠ | دەستەئەژنۆ | ١ | ٨٨ | غەریب | ١ |
| ٦١ | دژوار | ١١ | ٨٩ | غەم | ٢ |
| ٦٢ | دڵشکاو | ٢ | ٩٠ | غوربەت | ٢ |
| ٦٣ | دیل | ١ | ٩١ | فرمێسک | ٦٦ |
| ٦٤ | دێوانە | ٢٠ | ٩٢ | قورپێوان، قوڕاو | ٩ |
| ٦٥ | ڕەنجەڕ | ١ | ٩٣ | کارەسات | ٣ |
| ٦٦ | ڕۆ، ڕۆیە | ٩ | ٩٤ | کەمەندکێش | ١ |
| ٦٧ | ڕۆڵەڕۆ | ٣ | ٩٥ | کلۆڵ | ٢ |
| ٦٨ | زاری | ٣ | ٩٦ | کۆست | ٤ |
| ٦٩ | زام، زامان | ٦٤ | ٩٧ | کۆلیل | ٦ |
| ٧٠ | زامار، زامدار | ٧ | ٩٨ | گەرداو | ٧ |
| ٧١ | زەبوون | ٨ | ٩٩ | گەردەلوول | ١٨ |
| ٧٢ | زەخم | ١ | ١٠٠ | گەرمەشین | ٢ |
| ٧٣ | زەلیل | ٢ | ١٠١ | گریان | ٧٣ |
| ٧٤ | زووخاو | ٤ | ١٠٢ | گرینۆك | ١ |
| ٧٥ | ژاراو | ٣ | ١٠٣ | گڕگرتوو | ١ |
| ٧٦ | ژاکاو | ١ | ١٠٤ | گێژاو | ٤ |
| ٧٧ | ژان | ٣٧ | ١٠٥ | لانەواز | ٤ |
| ٧٨ | سەراب | ١ | ١٠٦ | لێو بەبار | ١ |
| ٧٩ | سەرگەردان | ٤ | ١٠٧ | مات | ٤ |
| ٨٠ | سەرلێشێواو | ٢ | ١٠٨ | ماتەم، ماتەمین | ٤ |
| ٨١ | سروشك | ١ | ١٠٩ | ماندوو | ١٨ |
| ٨٢ | سوێ | ١١ | ١١٠ | مەرگ | ٥٩ |
| ٨٣ | سووتاو – سووتان | ٢ | ١١١ | مەزلووم | ٢ |
| ٨٤ | شڵەژاو | ١ | ١١٢ | مەلوول | ١ |

| ژ | وشە زاراوەکان | ژمارەی بەکارهاتوویان |
|---|---|---|
| ١١٣ | مردن | ٢٨ |
| ١١٤ | مەینەت | ١٧ |
| ١١٥ | نائومێدی | ٢ |
| ١١٦ | ناسۆر | ٤ |
| ١١٧ | ناکام، ناکامی | ١٢ |
| ١١٨ | ناڵە، ناڵاندن | ١٧ |
| ١١٩ | نامراد | ١ |
| ١٢٠ | نامۆ | ٤ |
| ١٢١ | ناهەموار | ١ |
| ١٢٢ | نەهاتی | ٦ |
| ١٢٣ | واوەیلا | ١ |
| ١٢٤ | وەیشوومە | ٩ |
| ١٢٥ | وێران، وێرانە | ٣٦ |
| ١٢٦ | وێڵ | ١٢ |
| ١٢٧ | هاوار | ٢١ |
| ١٢٨ | هاوخەم | ١ |
| ١٢٩ | هاودەرد | ٨ |
| ١٣٠ | هەڵقرچاو | ١ |
| ١٣١ | هەناسەسارد | ١ |
| ١٣٢ | هەنسك | ٦ |
| ١٣٣ | یەخسیر | ١ |
| | کۆی گشتی | ١٦٤٧ |

کۆی سەرجەم ژمارەی بەکارهاتووی وشە و زاراوە ماناگەیێنەکانی نێو هەر چوار بەرگی فەرهەنگی خەم (١٦٤٧) هەزار و شەش سەد و چل و حەوت وشە و زاراوەی ماناگەیێن خەمن.

## ئەنجام

دوای هەر لێکۆڵینەوەیەك، چەند بیر و بۆچوون و ئەنجامێك لای لێکۆڵەر گەڵاڵە دەبێت، ئەم بابەتەش وەك هەر لێکۆڵینەوەیەکی تر دوای هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژیانی پڕ لە دەردەسەری و نەهامەتی و خەم و ئەشکەنجەی (حەسیب قەرەداغی)ی شاعیر و گەڕان و پشکنین بەنێو شیعرەکانی شاعیردا و شیکردنەوە و گرێدانی بەخەمەکانیەوە، ئەم چەند ئەنجامەی خوارەوە گەڵاڵە بوون:

١- حەسیب قەرەداغی لەدایکبووی قۆناغێکی مێژووی سەخت و دژوارە، کە کۆمەڵگەی کوردەواری بەژیانی پڕ لە دواکەوتوویی و دەردەسەری و کولەمەرگیدا تێ دەپەڕی، شاعیر خۆشی لەنێو ئامێزی خێزانێکی هەژاردا پەروەردە بووە، لەناو چینی چەوساوەی کورددا تاڵی و تفتیی ژیانی چەشتووە، بۆیە هەر لە سەرەتای ژیانی لاوێتیدا خەباتی سیاسی و مەیدانی تێکۆشانی نیشتمانی و نەتەوەیی کردووەتە گرینگترین بنەما بۆ چاککردنی ئەو ژیانە و ڕزگاربوون لە ژیانی ناهەمواری، وەك مرۆڤێکی خەمخۆر و ڕۆشنبیری گەلەکەی تام و چێژی ژینی لاوێتیی وەلاوە ناوە و لەگەڵ خەم و ژانی چینە چەوساوەکانی گەلەکەیدا مامەڵەی کردووە و زۆر بە لێهاتووانەیش خاڵە گرینگەکانی ئێش و ئازاری چەرمەسەریی ناو کۆمەڵی نیشان داوە، لەناو ئەو ژان و ئەشکەنجانەدا و لە نێو ڕیزی خەباتی تێکۆشاندا هاتووەتە نێو جیهانی شیعرەوە بۆیە شیعرەکانی هەر لە سەرەتای ئەزموونی شیعرییەوە ڕەنگدانەوەی ژان و ئەشکەنجەی خۆی و گەلەکەیەتی و وەك هۆیەك بۆ گۆڕینی ژیانی کۆمەڵ و بەرەو ئاسۆیەکی گەشتر و کۆمەڵێکی نموونەیی بەکاری هێناون، بنەماکانیشی لەسەر بنچینەی یەکسانی و تەبایی و ئاسوودەیی دامەزراندووە.

٢- شاعیر هەر لە سەرەتای ئەزموونی شیعرییەوە گیانی نەتەوایەتی و بەرجەستەکردنی باری دواکەوتوویی و نەزانینی و نەبوونی یەکسانیی کۆمەڵایەتی لە نێوان توێژ و چینەکانی کۆمەڵدا جیهانبینی دیاری شیعرەکانی بووە، مێژووی شکست و کەسێتیی بێ ناسنامەی نەتەوایەتیی کورد و خەم و ژانەکانی چینی چەوساوە و زەحمەتکێشی گەلەکەی، هەوێنی داهێنانی بووە، شان بەشانی ئەمانەش جۆرێك لە گیانی یاخیبوون لە دابوونەریتی باوی کۆمەڵگەی

پـێوە دیـارە، کـە زۆرجـار خستـوویـەتـییـە هـەڵـوێستـی ڕەدکـردنـەوە و بـەهـۆی شیعرەکانیەوە ناتەبایی خۆی لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتووریدا دەربڕیوە.

٣- شاعیر بەهەموو مانایەکەوە، مرۆڤێکی ریالیست و شاعیرێکی واقیعبین و بەرچاوڕوون بووە، ئەزموون و تاقیکردنەوەی ئەدەبیی خۆی لە ژیان و مێژووی پڕ لە مەینەت و ئەشکەنجەی نەتەوەکەیەوە هەڵهێنجاوە، تامەزرۆی داهاتوو و پاشەڕۆژی ڕۆشن و پڕ لە خۆشگوزەرانی بووە، بۆیە زاڵبوونی دیاردەی خەم لە شیعریدا لەخۆوە دروست نەبووە، بگرە زادەی ئەو بارودۆخە پڕ لە ئێش و ئازارە بووە، کە خۆی و گەلەکەی پێیدا تێ پەڕیوە لە خەبات و تێکۆشان و شۆڕش و هەرەسهێنانی خەون و ئاواتی چەندین ساڵەی نەهاتووەدی و شکستی بەردەوامی خەباتی گەلەکەی.

٤- خەمەکانی حەسیب قەرەداغی ڕاستەقینەن و دوورن لە خەمی دەستکرد، هێندێکیان پێوەندییان هەیە بەخودی شاعیر و ژیانی نێو چوارچێوەی خێزان و کۆمەڵگە و گەلەکەیەوە، هێندێکی تریشیان پێوەندییان هەیە بەمەسەلەی فیکر و دید و بۆچوونی شاعیرەوە و نەگونجانی لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیی سەخت و دژواردا، ناسۆرەکانی دەروون و ژیانی پڕ لە کارەسات و ئەشکەنجەی شاعیر لەگەڵ ئێش و ئازاری گەلەکەی و چارەنووسی نیشتمانەکەیدا ئاوێتە بوون، بۆیە زۆرجار خەمەکانی چەمکێکی گشتییان بەخۆوە گرتووە، خەمی تایبەتی و خەمی گشتی لە یەك تابلۆ شیعریدا بەجۆرێك ئاوێتە بوون زۆر زەحمەتە لێك ترازانیان، هەروەکو چۆن لە ڕوانگەی ژان و ئەشکەنجە و خەباتی گەلەکەیەوە ڕوانیویەتییە ژان و ئەشکەنجە و خەباتی گەلانی جیهان، هەر بەو شێوەیەش لە خەم و پەژارە و زامەکانی خۆیەوە ڕوانیویەتییە خەم و ناسۆرەکانی گەلەکەی، لە گەرمەی کۆستکەوتنی جگەرسووتانیدا هەست و سۆزی نیشتمانپەروەریی لە یاد نەکردووە و خەم و ژانی گەلەکەی تێکەڵ بە خەم و ژانی جگەرسووتانی کردووە.

٥- حەسیب قەرەداغی مرۆڤێکی دڵپاك و بێگەرد و خاوەن هەست و سۆزێکی ناسك بووە، کاتێك گەردێك لە دڵی نیشتووە، بەئاشکرا پێوەی دیار بووە، بەرگەی زریان و کارەساتی نەگرتووە، ناخۆشی و ڕووداوەکان لە ناخ و دەروونیدا گینگڵیان خواردووە و لە ناخەوە هەژاندوویانە، بۆیە دەروونی کردووەتە بنەوماکی ئازار و

ژانکێشان، هۆشیاری و ڕادەی ڕۆشنبیریی شاعیریش لەگەڵ ئەو سروشتەدا ئاوێتە بوون، قووڵبوونەوەی بەناخی ژیان و کێشە و گرفتەکانی ڕۆژگار و سەردەمەکەی هێندەی تر شاعیریان کردووەتە نێچیری خەم و ژانکێشان، زادەی ئەم ژان و ئەشکەنجانەش فەرهەنگی خەمەکانی شاعیرە؛ فەرهەنگی خەم داستانی خەم و دەرد و ناسۆرەکانیەتی، خەمنامەیە زایەڵەی ژیانی مرۆڤێکی ڕەنجەڕۆی بەدبەخت و خێرنەدیوی هەناسەساردە، فەرهەنگی زۆربەی زۆری وشە و زاراوەی ماناگەیێنەکانی خەم و ئەشکەنجەیە، وشەکانی بۆکڕوزی دووکەڵی هەناسەی ناخێکی سووتاوی لێ بەرز دەبێتەوە، لێ قەومای کۆستکەوتووی دووجار جگەرسووتاوی بێبەش لە مافی شیاوی خۆی و پێشێلکردن و فەرامۆشکردن، لەگەڵ خەمی گەلە خێر نەدیوەکەیدا بوونەتە فەرهەنگێکی خەم و ژان و ڕەنگی ژیانی پڕ لە ناسۆری شاعیریان لێ نیشتووە.

٦- شاعیر ئەدەبی وەك ئەزموونێکی مرۆڤانە وەرگرتووە و بەژیانی خۆی و خەڵکی و کۆمەڵ و بارودۆخی مێژووی گرێ داوە و کردوویەتییە ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بۆیە دیارترین شەقڵ و سروشتی شیعری ئەو تێڕوانینە نوێیەیە کە تێیدا شیعری لە سیاسەت دانەبڕیوە و کاریگەری تیۆری ئەدەبی واقیعی کە هەندێ جار بەئەدەبی سروشتی ناودەبرێت پێوە دیارە، سیاسەت و ئەدەب لای شاعیر دوو پایەی ژیانی شاعیریان پێك هێناوە، لە ڕاستیدا توانیویەتی خاڵی بەیەکگەیشتنەوەیان بدۆزێتەوە و هیچ لایەکیان نەکاتە کۆیلەی ئەوی تریان، یەکێك لە دیاردە درەوشاوەکانی شیعری سیاسی لای شاعیریش ڕازاندنەوەی فیکری سیاسییە لە بەرگی ڕەنگینی لیرکی دڵداری و خۆشەویستیدا، بەم داهێنانەش جۆرێك لە لیرکی سیاسی ناسك و تەڕ و پاراوی پڕ لە واتای پێشکێش بەجیهانی شیعری نوێی کوردی کردووە.

٧- یەکێك لە زامە قووڵە کاریگەرەکانی ژیانی شاعیر کۆستی دووجار جگەرسووتانیەتی، کاریگەری ئەو کۆستە بەئاشکرا بەشیعرەکانیەوە دیارە، کارەساتی جگەرسووتان لای شاعیر بووەتە خاڵی وەرچەرخانی ناوەڕۆکی شیعری و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بنیاتی ئەقڵ و فیکر و هەست و سۆز و زمانی شیعری، ئەزموونی ژیانی پڕ لە مەینەتی و کارەساتی جگەرسووتانی هۆیەکی ڕاستەوخۆی بالابوونیەتی لە هونەرەکەیدا بەرەو داهێنانی نوێ و لووتکەی

بردووه، لەگەڵ ئەو هەموو کارەسات و نەهامەتییانەدا کە دووچاری بووە و بەشیعرەکانی دەری بڕیون و سکاڵا و نارەزایی لە ژیانی بەدبەختیی خۆی کردووە، هێشتا مرۆڤێکی خۆڕاگر و بەئارام بووە و جڵەوی بەرنەداوە و بەچۆکدا نەهاتووە، توانیویەتی هەڵسێتەوە و سوود لە هەموو خەم و پەژارەکانی ببینێت و لەناو ئەو تاڵی و تفتییانەی ژیانیدا تۆوی گەشبینی و هیوا و ئاواتی نوێی چاندووە.

٨- شین و لاواندنەوەی گشتیی شۆڕەسواران و تێکۆشەرانی مێژووی سیاسی و ئەدەبیی گەلی کورد لای شاعیر بەپێچەوانەی شین و لاواندنەوەی وێنەی مەرگەساتی ڕۆمانتیکی کۆنەوەیە کە زیاتر شیوەن و گریان و ئەژنۆ لە باوەش گرتنە بۆ کۆچکردووان، لای شاعیر دەربڕینی ستایش و هەستێکی واقیعانە و ڕاستەقینەی مرۆڤانەی تێدا بەدی دەکرێت، یاخیبوون لە دیاردەی دزێو و چەوت و ناهەمواری نێو کۆمەڵگا و هاندانی خەڵکی بۆ بەگژداچوونی واقیعی چەوت و تاڵ و بنیاتنانی بناغەیەکی نوێ و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ڕابردوو و سووربوون و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی خەون و خۆزگەی گەلەکەیەتی.

## سەرچاوەکان

**قورئانی پیرۆز**

سورەتەکانی: «انبیاء، آیة:٨٨، الحج، آیة:٢٢، آل عمران، آیة:١٥٣، طه، آیة:٤٠، یونس، آیة:٧١]

**یەکەم: بە کوردی**

**أ- کتێب:**


(١) ئەحمەد حەسەن عەزیز، ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنیایی، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤.

(٢) بابا طاهر عوریان (دیوان)، وحید دستگردی، چاپی دوم، تهران، ١٣٣٣.

(٣) بەهات حەسیب قەرەداخی، بەسەرکردنەوەیەکی خێرایی وێستگەکانی حەسیب قەرەداخیی نەمر، فەرهەنگی خەم ٤، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

(٤) بێخود (دیوان)، کۆکردنەوە و ڕێکخستن و لەسەر نووسینی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی سلمان الاعظمی، بەغدا، ١٩٧٠.

(٥) بێکەس (دیوان)، ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

(٦) پیرەمێرد (دیوان)، کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و بەراوردکردن و ئامادەکردن و پەڕاوێز نووسینی فایەق هۆشیار، مستەفا ساڵح کەریم، ئەحمەد زرنگ مستەفا، بەرگی ١، چ ٢، سلێمانی، ٢٠٠٠.

(٧) پیرەمێردی نەمر (دیوان)، بەرگی یەکەم، ئامادەکردنی محەمەد ڕەسووڵ هاوار، چاپخانەی العاني، بغدا، ١٩٧٠.

(٨) حاجی قادری کۆیی (دیوان)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران، کەریم شارەزا، پێداچوونەوەی مەسعوود محەمەد، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتیی گشتیی لاوانی ناوچەی کوردستان، ١٩٨٦.

(٩) حەسیب قەرەداغی، فەرهەنگی خەم، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی، ١٩٧٩.

(١٠) حەسیب قەرەداغی، فەرهەنگی خەم ٢، چ ١، چاپخانەی دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٨٩.

(١١) حەسیب قەرەداغی، فەرهەنگی خەم ٣، چاپخانەی دار الرسالة، بغداد، ١٩٨٩.

(١٢) حەسیب قەرەداغی، فەرهەنگی خەم ٤، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ، سلێمانی، ١٩٩٨.

(١٣) کامیل حەسەن بەسیر (پرۆفیسۆر)، وێژەی کوردی و رەخنەی کوردی، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغداد، ١٩٩٠.

(١٤) خورشید رەشید ئەحمەد، رێبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی الجاحظ، بەغدا، ١٩٨٩.

(١٥) سەعدوڵڵا پەرۆش، شەوانی تەنیایی، چاپخانەی شارەوانیی هەولێر، ١٩٨٠.

(١٦) سەلام (دیوان)، چاپی دووەم، ئامادەکردن و پێداچوونەوە و پێشەکی بۆ نووسینی ئومێد کاکەرەش، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٩٠.

(١٧) شوکریە رەسووڵ (دوکتۆر)، رێورەسمی شین و لاوانەوەی کوردی، چاپخانەی هەولێر، ١٩٩٧.

(١٨) شێخ ئەحمەدی جزیری (دیوان)، مەلای جزیری، هەژار شەرحی لێ کردووە، چ ١، سروش، تهران، ١٣٦١.

(١٩) شێخ رەزای تاڵەبانی (دیوان)، ساغکردنەوە و شەرحی شوکر مستەفا، ئامادەکردنی کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠.

(٢٠) شێخ نووری شێخ ساڵح (دیوان)، کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لەسەر نووسینی ئازاد عەبدولواحید، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، چاپخانەی الجاحظ، بغدا، ١٩٨٩.

(٢١) شێرکۆ بێکەس، تریفەی هەڵبەست، چاپی یەکەم، چاپخانەی سلمان الاعظمی، بەغدا، ١٩٨٦.

(٢٢) عەلی فەتاح دزەیی، خرۆشان و رامان، چ ١، چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٧.

(٢٣) کاکەی فەلاح، د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ پێشەکیی نووسیوە، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٠.

(٢٤) کاکەی فەلاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.

(٢٥) کامەران موکری (دیوان)، پێشەکی و پەراوێز نووسینی عەبدوڵڵا عەزیز خالید،

چاپخانەی ڕۆشنبیری لاوان، سلێمانی، ١٩٨٧.

(٢٦) کامل حەسەن بەسیر (پرۆفیسۆر)، وێژەی کوردی و ڕەخنەسازی، چ. دار الجاحظ، بەغداد، ١٩٩٠.

(٢٧) گۆران (دیوان)، سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، محەمەدی مەلا کەریم، کۆی کردۆتەوە و، ئامادەی کردووە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، چ. کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠.

(٢٨) لەتیف هەڵمەت (دیوان)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

(٢٩) مەحوی (دیوان)، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧.

(٣٠) مەولەوی (دیوان)، لەلایەن محەمەد ئەمینی ئەردەڵانییەوە لە هەورامییەوە گۆڕاوە بۆ زاراوەی سۆرانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی منیر، بەغدا، ١٩٩١.

(٣١) محەمەد ساڵح دیلان (دیوان)، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە و پێشەکی و پەراوێز نووسینی عەبدوڵڵا عەزیز خالید، چاپخانەی سومر، بغدا، ١٩٨٧.

(٣٢) محەمەد شێخ حوسێن بەرزنجی، ع.ح.ب، ناسۆری دەروون، چ. سلمان الاعظمی، بەغدا، ١٩٦٨.

(٣٣) ناری (دیوان)، کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لەسەر نووسین و پێشەکیی کاکەی فەلاح، چاپخانەی کاکەی فەلاح، بەغدا، ١٩٨٤.

(٣٤) نالی (دیوان)، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم و پێداچوونەوەی محەمەدی مەلا کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

(٣٥) وەفایی (دیوان)، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.

(٣٦) هێمن، چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز، چاپی یەکەم، بنکەی ئەدەبی گەلاوێژ، سلێمانی، ١٩٩٧.

(٣٧) هێمن، تاریك و ڕوون، گوڵبژێرێك لە شیعرەکانی هێمن، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ١٩٧٤.

ب- كۆوار و ڕۆژنامە:

(١) ئازاد عەبدولواحید، دیاردەی خەم لەلای شاعیری ئەمڕۆ، ڕۆژنامەی هاوکاری (ئەدەب و ژیان)، ژ: ٥٠٧، ٧/١/١٩٨٠.

(٢) ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، بە کورتی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ: ٢ ١٠٠، ٢٩/٨/١٩٨٨، ل: ٣.

(٣) ئومێد کاکەڕەش، هۆنراوەی سەرکێلی گڵکۆی ئازیزان، کۆواری بەیان، ژ: ١٦٠، ١٩٨٩.

(٤) پەرۆش، لە یادی هەڵەبجەی شەهیدا، کۆواری هەرێم، ژ: ٢٤٤، ئاداری ٢٠٠٠، ل: ٢.

(٥) پەیڤ، هۆزانڤانێ مەزن حەسیب قەرەداغی وەغەرکر، ژ:٤، ١٩٩٧، بەرگی یەکەم ناوەوەی.

(٦) حەسەن جاف (دوکتۆر)، لە یادی خوا لێخۆشبوو حەسیب قەرەداغیدا، گۆڤاری بەیان، ژ: ١٧٩، ١٩٩٧، ل: ٨. حەسیب قەرەداغی.

(٧) ئەرێ و نەرێ (شیعر)، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژ: ٩٦، ساڵی: ٤٩، ١٥/٢/١٩٩٤.

(٨) ئەنفال، ئەنفال (شیعر)، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژ: ١٠٣، ساڵی: ٤٩، ١٢/٤/١٩٨٤.

(٩) کوردم (شیعر)، ب- خەبات، ڕۆژنامەی برایی، ژ: ٤٢٥، ساڵی: ٢، ١٩٦٨.

(١٠) با هەر یەکێك لە ئێمە قووڵ بڕوانێتە خۆی (وتاری وەرگێڕاو)، ڕۆژنامەی ژین، ژ: ٣٨، ٣١/٨/١٩٧٢.

(١١) بۆ پێشەوا دوکتۆر قاسملوو (شیعر)، ڕۆژنامەی کوردستان، ئەدەب و هونەر، ژ ٢٤٧، پووشپەڕی ١٩٩٦.

(١٢) بۆ ڕاپەڕین (شیعر)، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژ ٥١، ساڵی: ٤٨، ٣٠/٣/١٩٩٣.

(١٣) بیرەوەری یەکەم ساڵی شۆڕشی ١٤ی تەمووز (شیعر)، کۆواری هیوا، ژ: ١١، ١٢، ساڵی: ٢، حوزەیران و تەمووزی ١٩٩٥.

(١٤) پێشکەشە بە هەر شاعیرێك (شیعر)، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژ: ١٩٧، ٢٦/١١/١٩٩٥.

(١٥) پێکی ڕەش (شیعر)، ڕۆژنامەی برایی، ژ ٤٢٧، ساڵی: ٢، ٩/١١/١٩٦٨.

(١٦) تانسۆ چیللەر (شیعر)، کۆواری وڵات، ژ:٢٤١، ٢٧ی ئاداری ١٩٩٧.

(١٧) تاوس بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات دەفڕێ، یان بووك و خەسوو (وەرگێڕان)، کۆواری بەیان، ژ: ١٦٠، ١٩٨٩.

(١٨) چەردەیەك لە خەرمانی سۆفێتیی ئیسلامی (لێكۆڵینەوە)، كۆواری كاروان، ژ: ١٨، ١٩٨٤،

(١٩) چەند وردە تێبینییەك (ڕەخنە)، گۆڤاری بەیان، ژ: ٢٥، ١٩٧٥.

(٢٠) دایە حەوا (شیعر)، كۆواری سروە، ژمارە: ٤٣، ساڵی: ٧، ڕەزبەری، ١٣٧٠.

(٢١) درەختی پارتی (شیعر)، ڕۆژنامەی ژین، ژ: ٣٦، ١٩٧١/٨/١٩.

(٢٢) دوو شیعر و لێكۆڵینەوەیەك، ڕۆژنامەی ژین، ژ: ٧٤، ١٩٧٢/٦/٢٩.

(٢٣) (سالم) لە ڕێبازی كلاسیزمدا (لێكۆڵینەوە)، كۆواری بەیان، ژ: ٧٣، ١٩٨١.

(٢٤) شێخ سەلامی شاعیر (ڕەخنە)، كۆواری بەیان، ژ: ٢١، ١٩٧٥.

(٢٥) شیعر و شاعیر (ڕەخنە)، ڕۆژنامەی ژین، ژ: ٧٥، ١٩٧٢/٧/٦.

(٢٦) لە شەهیدبوونی دكتۆر شەرەفكەندی و هاوڕێكانیدا (شیعر)، ڕۆژنامەی كوردستان، ئەدەب و هونەر، ژ: ٢٤٩، خەرمانانی ١٣٧٦ سیپتەمبری ١٩٩٧.

(٢٧) مەلی بەردار و (كورتە چیرۆك)، ڕۆژنامەی ژین، ژ: ٣١، ساڵی: یەكەم، ١٩٧١/٧/١٥.

(٢٨) هەوراز (شیعر)، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژ: ١٠٣، ١٩٩٣.

(٢٩) هۆنراوەیەكی سادە (شیعر)، ڕۆژنامەی ڕێگای كوردستان، ژ: ٢٣٩، ساڵی: ٥٣، ١٩٩٧/٢/١٩.

(٣٠) حەمەفەریق حەسەن، هێشتا زوو بوو یاشێخ، ڕۆژنامەی ڕێگای كوردستان، ژ: ٢٨٥، ساڵی: ٥٢، چوارشەممە: ١٩٩٨/١/١٤.

(٣١) دڵشاد عەلی محەمەد (دوكتۆر) و محەمەد فازڵ مستەفا، شیعری سیاسیی كوردی لە كرمانجیی خوارووی كوردستانی عێراقدا، ١٩٤٥–١٩٥٨، كۆواری زانكۆ، ژ:١٠، ساڵی: ٤، ٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٠.

(٣٢) ڕێگای كوردستان، حەسیب قەرەداغی ماڵئاواییی لێ كردین، ژ: ٢٣٥، ١٩٩٧/١/١٥.

(٣٣) سروە، وتووێژ دەگەڵ مامۆستا حەسیب قەرەداغی، ژ:٩٠، بەفرانباری ١٣٧٢.

(٣٤) شاكر فەتاح، گیروگرفتەكانی ڕێنووسی كوردی و شێوەی چارەكردنیان، كۆواری كۆڕی زانیاری كورد، بەرگی: ٩، ١٩٨٢.

(٣٥) شێركۆ بێكەس، دوو شیعر و لێكۆڵینەوەك، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ: ١٣، ١٩٧٢.

(٣٦) تاهار سادق ئەحمەد، ڕێنووسی كوردی، كۆواری كۆڕی زانیاری كورد، بەرگی: ٩، ١٩٨٢.

(٣٧) ع. ح. ب، چاوپێکەوتنێکی تێروتەسەل لەگەڵ شاعیری ناودار (ع.ح.ب)دا، ئامادەکردنی ئازاد عەبدول واحید، کۆواری ڕامان، ژ: ٣٣، ١٩٩٩/٣/٥.

(٣٨) عەبدولکەریم شێخانی، دیوانەکەی شێخ حەسیب و فەرهەنگی خەم، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژ: ٢٨٥، ساڵی: ٥٣، چوارشەممە، ١٩٩٨/١/١٤.

(٣٩) عەبدولسەلام محەمەد، خەو و هۆنراوە و یاخیبوون، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ: ٢٩، ١٩٧١/٨/٢١.

(٤٠) عەتا قەرەداخی، نیو سەدە لە ئۆف و ئاخ، خەرمانێك لە هەڵوێستی نیشتمانی و داهێنان!، ڕۆژنامەی برایەتی، پاشکۆی ئەدەب، ژ: ٢٣٠٩/٢٠، پێنج شەممە: ١٩٩٧/٤/١٠.

(٤١) غەریب پشدەری، حەسیب قەرەداغی لە ڕێی بەهەشتدا، کۆواری ڕامان، ژ: ٨، ٥ی شوباتی ١٩٩٧.

(٤٢) فەرهاد پیرباڵ، ئەدەبیاتی دوای ڕاپەڕین، کۆواری ڕۆشنبیری کوردستان، ژ: ١، ت ٢ی ١٩٩٩.

(٤٣) کاکەی فەلاح، شیعریش ئەگری (شیعر) پێشکەشە بە کاك حەسیب قەرەداخی شاعیر، کۆواری کاروان، ژ: ٢٩، ١٩٨٥.

(٤٤) کەریم شارەزا، بێ نانی و برسێتی، قەڵەمی لە کار خستوون، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژ: ١٨٥، ١٩٩٥.

(٤٥) کەمال غەمبار، -فەرهەنگی خەم، فەرهەنگی ژان و هەژان، کۆواری ڕامان، ژ: ٢٦، ١٩٩٨/٨/٥، ل: ١٩- ٢٦.

(٤٦) کەمال غەمبار، "فەرهەنگی خەم"م خوێندەوە، کۆواری بەیان، ژ: ٧٤، ١٩٨١.

(٤٧) کوردستان، (ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)، کۆچی دوایی مامۆستا حەسیب قەرەداغی، ژ: ٢٤١، بەفرانباری ١٣٧٥.

(٤٨) کوردستانی نوێ، مەرگی شاعیرێکی گەورە، ژ: ١٣٧٨، دووشەممە، ١٩٩٧/١/١٣.

(٤٩) لیژنەی زمانی کوردی، بەراوردکاری لە نێوان زارە کوردییەکاندا، کۆواری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی: ١٠، ١٩٨٣.

(٥٠) مارف خەزنەدار (دکتۆر)، شیعری کوردی سیاسەت -کۆمەڵایەتی- کوردایەتی نێوان هەردوو جەنگی گێتی ١٩١٨- ١٩٤٥، کۆواری ڕۆشنبیری کوردستانی، ژ: ١، تشرینی دووەمی ١٩٩٩.

(٥١) محەمەد ساڵح سەعید، خولیای شێخی شاعیران و سۆزی خەمەکان، گۆڤاری ڕامان، ژ: ٢٦، ساڵی: ٣، ئابی ١٩٩٨.

(٥٢) محەمەد مەعروف فەتاح (دکتۆر)، ڕێنووسی کوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی: ٩، ١٩٨٢.

(٥٣) محەمەدی مەلا کەریم، ئەدەبی نوێ و نوێخوازی لە ئەدەبدا، گۆڤاری بەیان، ژ: ٢٨، ١٩٧٥.

(٥٤) محمود عوسمان (دوکتۆر)، سەرنجێك لە تاقیکردنەوەکانی کورد لەگەڵ ڕژێمی بەغدا، گۆڤاری باسکار، ژ: ١، هاوینی ١٩٩٨، لەندەن.

(٥٥) نافیع ئاکرەیی (دوکتۆر)، ڕەمزەکانی سۆفیگەری لە شیعری کلاسیکیی کوردی ناوچەی بادینان‌دا، گۆڤاری بەیان، ژ ٧٩، مایسی ١٩٨٢.

(٥٦) نافیع ئاکرەیی (دوکتۆر)، کەلەپوور لە شیعری کوردی هاوچەرخدا، کۆواری نووسەری کورد، ژ: ٢، خولی سێیەم، ئابی ١٩٨٥.

(٥٧) نێرگز، چەپکی دووەم، کەرکووك، ١٩٨٥.

(٥٨) وریا عومەر (دوکتۆر)، ئیملای کوردی و چەند تێبینییەك، کۆواری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی: ٩، ١٩٨٢.

(٥٩) وڵات، کورتەیەك لە ژیاننامەی شێخی شاعیران پیری عاشقان (حەسیب قەرەداغی)، ژ: ٢٤١، پێنجشەممە، ٢٧ی ئاداری ١٩٩٧.

**دووەم: بە عەرەبی**

**أ- کتێب:**

(١) اسماعيل احمد باغي، تطور الحركة الوطنية العراقية، ١٩٤١-١٩٥٢، مطبعة الارشاد، بغداد، ١٩٧٩.

(٢) جلال الخياط، الشعر والزمن، دار الحرية، بغداد، ١٩٧٥.

(٣) رسائل اخوان الصفاء وخلان الوفاء، المجلد: ٣، دار بيروت للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٥٧.

(٤) ريتشارد شاخت، الاغتراب، ترجمة: كامل يوسف حسين، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٠.

(٥) سدني م، جوراد وتيلاندزمن، الشخصية السليمة، ترجمة: محمد ولي الكربولي و د. موفق الحمداني، مطبعة التعليم العالي، بغداد، ١٩٨٨.

(٦) سيجموند فرويد، القلق والالم والحزن، كتاب الكف والعرض والقلق، باشراف دكتور محمد عثمان نجاتي، الطبعة الثالثة، دار الشروق، ١٩٨٣.

(٧) صبيح ناجي القصاب، الشعر بين الواقع والابداع، وزارة الثقافة والاعلام، دار الرشيد للنشر، ١٩٧٩.

(٨) عبدالله عبدالدائم، الشعر والحلم، نظرية الشعر، ٥– مرحلة مجلة الشعر القسم الاول، المقالات تحرير وتقديم محمد كامل الخطيب، سوريا، دمشق، ١٩٩٦.

(٩) عبد الحليم محمود السيد، دراسة سيكولوجية، دار المعارف بمصر، ١٩٧١.

(١٠) عبدالرحمن محمد عيسوي (دكتور)، علم النفس ومشكلات الفرد، الاسكندرية، بدون تاريخ.

(١١) عبد علي الجسماني (دكتور)، علم النفس وتطبيقاته التربوية والاجتماعية، بغداد، ١٩٨٤.
عزالدين اسماعيل (دكتور)

(١٢) التفسير النفسي للأدب، منشورات دار المعارف، بيروت، ١٩٦٣.

(١٣) الشعر العربي المعاصر، الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٧٢.

(١٤) عزالدين مصطفى رسول، الواقعية في الادب الكردي، منشورات المكتبة العصرية، صيدا، بيروت، ١٩٦٦.

(١٥) علي بوملحم، فنون الادب، بيروت، ١٩٧٠.

(١٦) علي كمال (دكتور)، النفس وانفعالاتها وامراضها، طبعة: ٤، دار واسط، ١٩٨٨.

(١٧) محمد علي فراح (دكتور)، عبدالستار ابراهيم (دكتور)، سلوى عبدالرحمن (دكتور)، دراسات في سلوك الانسان، نظرية علمية، دار القاهرة، دار الكتب الجامعية، ١٩٨٤.

(١٨) محمد غنيمي هلال (دكتور)، الرومانتيكية، طبعة: ٤، دار الثقافة ودار العودة، بيروت، ١٩٧٣.

(١٩) محمود امين العالم، الشعر المصري الحديث، نظرية الشعر، ٥– مرحلة مجلة الشعر، القسم الاول، المقالات، تحرير وتقديم محمد كامل الخطيب، سوريا، دمشق، ١٩٩٦.

(٢٠) مصطفى سويف (دكتور)، الاسس النفسية للابداع الفني في الشعر خاصة، الطبعة الثالثة، دار المعارف بمصر، ١٩٦٩.

(٢١) مظفر عبدالستار غانم، الرثاء في الشعر العباسي الاول، بغداد، ١٩٨٤.

(٢٢) نوري حمودي القيسي (دكتور)، الاديب والالتزام، مطبعة دار الحرية للطباعة والنشر،

بغداد، ١٩٧٩.

(٢٣) يوسف ميخائيل أسعد، دراسات أدبية، سيكولوجية الابداع في الفن والادب، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٦.

ب- گۆوار و ڕۆژنامە:

(١) انور ابو سويلم، مرثاة الخنساء الانسانية، (الموت- الثأر- الخلود)، مجلة ابحاث اليرموك، مجلد:٤، عدد: ١، ١٩٨٦.

(٢) توفيق الحكيم، الواقع والخيال، مجلة الثقافة، عدد: ٢٣، السنة الاولى، ١٩٣٩، ص: ٥-٦.

(٣) حسن توفيق، الرومانسية عند بدر شاكر السياب من الفردية الى الجماعية، مجلة الطليعة العربية، عدد: ٥، السنة: ٤، ١٩٨٥.

(٤) خە بات، برقية الى عائلة المرحوم الاستاذ حسيب القرەداغي، عدد: ٨١١، جمعة، ١٩٩٧/١/١٧.

(٥) شفيق الارناؤوط، العاطفة والالم في الادب، مجلة الثقافة، عدد: ٧٦، سنة: ٢، ١٩٤٠، ص ٩٠٧-٩٠٨.

(٦) عادل جاسم البياتي (دكتور)، رثاء الابطال في الادب العربي- قبل الاسلام- مجلة آداب المستنصرية، عدد: ٦، ١٩٨٢.

(٧) عبدالعزيز البشري، فن الحزن، مجلة الثقافة، عدد: ٤٥، سنة: ١، ١٩٣٩، ص١٧-١٨.

(٨) عبده بدوي، ظاهرة الحزن في شعر صلاح عبدالصبور، المجلة العربية للعلوم الانسانية، العدد: ٦، المجلد: ٢، ١٩٨٢.

(٩) غائب طعمة فرمان، ادب الصدق وادب الخداع، مجلة الثقافة، عدد: ٥٨٢، سنة: ١٢، ١٩٥٠.

(١٠) كمال غمبار، قافلة الشعر الكردي المعاصر، جريدة العراق، عدد:١٠٧٣، ١٦ ايلول، ١٩٧٩.

(١١) نوري حمودي القيسي (دكتور)، الخنساء، ظاهرة فنية جديدة في الشعر العربي، مجلة آداب المستنصرية، العدد: ١، السنة: الاولى، بغداد، ١٩٧٦.

سێیەم: بە فارسی

کتێب:

(١) زبيح الله صفا (دكتور)، گنج سخن، تهران، ١٣٧٤.

چوارەم: نامەی ئەکادیمی (دکتۆرا و ماجستێر)

أ- کوردی:

(١) بەکر شاکر عەبدوڵڵا، عەلی فەتاح دزەیی شاعیر و نووسەر، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٠.

(٢) پەرێز سابیر محەمەد رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٨.

ب- عەرەبی:

(١) مظفر عبدالستار غانم، الرثاء في شعر العصر العباسي الاول، رسالة ماجستير، جامعة بصرة كلية الآداب، ١٩٨٤.

پێنجەم: فەرهەنگ

أ- کوردی:

(١) T. wahby, G. J. Edmonds, Akurdish- English Dictionary, Ed. Oxford, 1966.

(٢) شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، جزمی: دووەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی. ١٩٦٤.

(٣) علي سيدو گوراني، القاموس الكردي الحديث، عمان، اردن، ١٩٨٥.

(٤) فاضل شير، فرهنگ مردوخ، جلد: دوم، چاپخانەی ارتش.

(٥) فازل نیزامەدین، فەرهەنگی ئەستێرە گەشە، چاپخانەی الفنون، ١٩٩٠.

گیوی موکریانی

(٦) فەرهەنگی کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ١٩٩١.

(٧) فەرهەنگی مەهاباد، هەولێر، ١٩٧٣.

(٨) کۆڵکەزێڕینە، زنجیرەی: ٥٦، ١٩٦٦.

(٩) نعمت علی سایە، گەوهەری گەرمەسێر، بەشی دووەم، ١٩٨٨.

(١٠) هەژار، هەمبانە بۆرینە، چاپی یەکەم، تهران، سروش، ١٣٦٩.

(١١) يوسف ضياءالدين الخالدي، الهدية الحميدية في اللغة الكردية، استانبول، ١٣١٠.

**ب- عەرەبی:**

(١) ابن المنظور، لسان العرب، مجلد: ١٢، بيروت، بدون تاريخ.

(٢) المنجد فى اللغه والاعلام، الطبعه: ٢١، المطبعه الكاثوليكيه، دار المشرق، بيروت، ١٩٧٣.

(٣) بطرس البستانى، محيط المحيط، مكتبه لبنان، بيروت، ١٩٧٧.

(٤) خليل بن احمد الفراهيدى، العين، المجلد: ٤، التحقيق: د. مهد المحزومى و د. ابراهيم السامرائى، دار الرشيد للنشر، ١٩٨٢.

(٥) فؤاد افرام البستانى، فرهنگ جديد، ترجمه «منجد الطلاب»، مترجم: محمد بندرگى، چاپى: ١٤، چاپخانەی حيدری، زستانى: ٧٥.

(٦) گيو موكريانى، الباكوره – نۆبەره، مطبعه التعليم العالى، جامعه صلاح الدين، ١٩٩٠.

(٧) محمد مرتضىٰ الزبيدى، تاج العروس، المجلد: ٩، مكتبه الحياه، بيروت، لبنان، بدون تاريخ.

**ج- فارسی:**

(١) سيد جعفر سجادى (دكتور)، فرهنگ اصطلاحات وتعبيرات عرفانى، چاپ ٤، تابستان، ١٣٧٨.

(٢) محمد معين (دكتور)، فرهنگ فارسى، ج:٢، چ: ١، ژماره: ٣، چاپخانەی سپهر، تهران، ١٣٥٣.

**د- فرەنسی:**

(١) Le Robert. Dictionarie deLa Langue Francaise. Petite Robert de Paul Robert, Soula birection de JoseLte Rey. Debove et Alain Rey, Ed, Dictionares Le Robert, Paris. 1995.

**شەشەم: دەستنووس**

**حەسیب قەرەداغی**

(١) کورتەیەك لە ئەزموونی شیعر و شاعیری حەسیب قەرەداغی، ئەم دەستنووسە لە مێژووی (٢٠٠٠/١/١٧، لە هەولێر)، بەڕێز دوکتۆرە شوکریە رەسووڵ خستییە بەردەستم.

(٢) کەرنەڤاڵی تاوان (شیعر)، ئەم دەستنووسەی شاعیر، لە مێژووی (٢٠٠٠/٥/٢٥ لە

سلێمانی) بەڕێز بەهات حەسیب قەرەداغی خستییە بەردەستم.

(٣) شیعرێکی بێ ناونیشان (لاواندنەوەی بارزانیی نەمرە)، ئەم دەستنووسەی شاعیر، لە مێژووی (٢٠٠٠/٤/٢٣ لە هەولێر). بەڕێز کەریم شارەزا خستییە بەردەستم.

(٤) مومتاز حەیدەری، وتەی کۆڕی چلەی ماتەمینی، لە هەولێر، لە مێژووی ١٩٩٧/٢/١٠، ئەم دەستنووسە بەڕێز مومتاز حەیدەری لە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٢/٥، لە هەولێر خستییە بەردەستم.

حەوتەم: بەڵگەنامە

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسیب قەرەداغی، تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان، کەناڵی کۆیە، ١٩٩٤، ئەم چاوپێکەوتنە لەسەر کاسێت تۆمار کراوە، لە ڕێگەی بەڕێز ئازا حەسیب قەرەداغی لە مێژووی٢٠٠٠/٤/٢٠ دەستم کەوت.

**هەشتەم: دیدار و چاوپێکەوتن**

| | |
|---|---|
| (١) ئازا حەسیب قەرەداغی (کوڕی شاعیر) | ڕۆژی ٢٠٠٠/٤/٢٠ هەولێر. |
| (٢) بەهات حەسیب قەرەداغی (کوڕی شاعیر) | ڕۆژی ٢٠٠٠/٥/٢٥ هەولێر. |
| (٣) شێرکۆ بێکەس (شاعیر) | ڕۆژی ٢٠٠٠/٧/٤ سلێمانی. |
| (٤) عائیشە کەریم غەفوور (هاوسەری شاعیر) | ڕۆژی ٢٠٠٠/٢/٢٥ هەولێر. |
| (٥) عەبدوڵڵا ئاگرین (دوکتۆر) | ڕۆژی ٢٠٠٠/٨/٢٧ هەولێر. |
| (٦) عەلی عەبدوڵڵا شەونم (ع. ع. شەونم) (شاعیر) | ڕۆژی ٢٠٠٠/٨/١٠ سلێمانی. |
| (٧) غەریب پشدەری (شاعیر) | ڕۆژی ٢٠٠٠/٨/١٥ هەولێر. |